# لاكێشە ڕووناکەکان و
# ئەوانی تر

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

***

ناونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# لاکێشە ڕووناکەکان و ئەوانی تر

عەبدوڵڵا سەڕاج

ناوی کتێب: لاکێشە ڕووناکەکان و ئەوانی تر
نووسینی: عەبدوڵڵا سەڕاج
بڵاوکراوەی ئاراس – ژمارە: ٥٩٦
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: سەنگەر عەبدولقادر
دەرهێنانی بەرگ: حەمید ڕەزا ئازموودە
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
چاپی یەکەم، هەولێر – ٢٠٠٧
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٥٢٦)ی ساڵی ٢٠٠٧ی دراوەتێ

# لاکێشە ڕووناکەکان

# ماسی

دەرگا فانتازییەکەی لەسەر خۆ داخست. بەلای چەپا وەرچەرخا. دەستی نایە گیرفانی. بزەیەك دەروونی باوەشێن کرد. بە ئەسانسۆری نهۆمی چوارەما شۆڕ بووەوە. نهۆمی سێیەم. دووەم. یەکەم دەرگا بلوورینەکە لاونیو بوو. بە شانی ڕاستا خۆی خزاندە دەرەوە، وێنەی شێرە دێرینەکە سەرنجی ڕاکێشا. دەستی بە خشتە ڕەنگینەکانا ساوی. لە پاشان، ڕووی کردە گۆڕەپانەکە. شەپۆلی ئۆتۆمبیل لە داوێنی پەیکەرە هەڵواسراوەکانی (جەواد سەلیم) پەنگی خواردەوە. لە ڕاستەوە بۆ چەپ، لە چەپەوە بۆ ڕاست چاوی بە داڕێژراوە برۆنزییەکانا هەڵواسی. گەرمای تاوستان پێستی ڕووی برژاند. بە پەنجەی شایەمان ناوچەوانی سڕی. لە شەقامەکەی ئەولا گڵۆپە سوورەکەی بەدی کرد، کە سەوزەکە هەڵبوو تەکانی دا. لەو بەرەوە دوا سەرنجی لە ئەسپەکە گرتەوە. دەستی نایە گیرفانی. دڵنیا بوو کە چوار دینارەکەی نەدزراوە. ڕووی کردە لای بۆیاخچییەکی منداڵ. سەرتاپای ڕەنگی خۆڵەمێشی بوو. بۆنی پیاز بە مەڵاشوویا چوو. منداڵەکە لە خۆیەوە، وتی: دوو ساڵە سەرم لە دایکم نەداوە. هەرچەندە باری حوشترێك قسەی پەنگ خواردووی پێ بوو، بەڵام ئەم خۆی نەخستە چوارچێوەی گرفتەکەوە (برسی برسی تێر ناکات)..

وەڵامی نەدایەوە. ڕووی کردە کتێبخانەکە. وشەی ڕۆژنامەکان لکان بە تۆڕی چاوییەوە.. (ئەمڕۆ پەیمانی ئاشتی لە ڤێتنام مۆر دەکرێت – دۆزینەوەی دەرمانێکی نوێ بۆ شێرپەنجە – مانگرتووەکانی ئەفریقیای باشوور... شۆڕشگێڕانی کەمبۆدیا... لە دەریای سپی... لە ئەمریکا... لە، لە..) هەستی بە ماخۆلان کرد. گلێنەی چاوەکانی هەڵگلۆفت. چەند کتێبێکی نایە بن هەنگڵی، لە سەروویانەوە (الحلاج) بە بەرگێکی سوورەوە دیار بوو. لای دەرگاکە پارەکەی گیرفانی دابەش کردە سەر دوو. خۆی کردە کۆڵانێکی تاریکا. هەر لەوێ، بەسەر پاوە چایەکی سەنگینی هێلداری هەڵقوڕاند. دەماخی هاتەوە جێ.. ئەوجا بە شێوەیەکی ستوونی شەقامەکەی سەربڕی. ڕووکاری ڕووبارەکە بەر ئاسۆی چاوی داپۆشی. لای ماسی فرۆشێك ئێستێکی کرد.

(لە ناو ئەم حەوزەدا بە بەندکراوێکی ناو ژوورێکی نسرم دەکەم. لە ڕووبارەوە بۆ ئێرە و لێرەوە بۆ کوێ..؟) ئارەزووی لە گۆشتی ماسی کرد (هیچ نەبێ کۆتایی بە ئازاری یەکێك

بێنم. هیچ نەبێ زیندووەکان نا..) لەو گوزەرە هاتوچۆی کرد. ئاسمان شووشەیەکی خەستی مەرەکەب بوو. کە بڕیارەکە لە مێشکیا چەسپا، کەوتە سەوا کردن. ئەمیش تاقە دینارێکی پێ هێشت. نیوێکی چوارقەد کرد بۆ گەڕانەوە. چاوی لە ماسییەکە بوو کە وەك ئالآ بۆ ئاگری بایەفەکە هەڵخرابوو. وەك کتکێ چاو بنووقێنێ، لەسەر مافوورێکی ڕەنگین؛ لە سووچێکەوە، چاوەڕوان بوو. ڕووناکییەکانی ڕۆخی ئەو دیو، لەناو شەپۆڵەکاندا قوڵەڕەشی سەماکەر بوون، لەسەر ئیقاعێکی تایبەتی هەڵدەپەڕین. بەلا چاو دیمەنی شەوەکەی خواردەوە. سییەکانی پڕکرد لە بایەکی فێنك (ئیتر تەواو، ڕوو لە حەیدەرخانە دەکەم).. لە دوو ڕێیانێکدا، سێ سەرخۆشی بەدی کرد، وەك تیپێکی نەشاز گەڕەلاوژەیان دەکرد. لە ناکاوا یەکێکیان خۆی ئالآندە ستوونی شەقامەکە (دەڵێی دەست لە مل کیژۆڵەیەکی کاوبۆ، لەبەر دەکات) ئەوی تر، سیپاڵێکی شڕی لەبەر بوو، یەکسەر ملی نایە پیشانگایەکی گەورە، لەوێ ڕێچکەیەك بە نێو هەر دوو لینگیا، بە لاجانگی قفڵێکی گەورەدا ڕێی کرد. (باشە، پاسەوانێك دیار نییە. دەی، بەمەش فەرامۆشیی دێتەوە) ئەوی تریش، لە پەنا دیوارێك پەپکەی بەست. بیری لە خۆی کردەوە بەڵام کە ڕژانەوەکەی دی، ئەوەندە نەما بوو ئەمیش ماسییەکە هەڵیێنێتەوە ئاوڕی نەدایەوە. بێ ئەوەی گوێ بداتە هێڵە تەڕبیەکان شەقامەکەی بڕی (باوکی ئەمین و مەئمون لێرە بوایە لە زیندانی دەنام، لەوانەش بوو هەزار لیرەی زەردی خەڵات بکردمایە..!) نەیزانی کات چەندە. هەستی بە شل بوونی لاقەکانی کرد. لەگەڵ سووڕی پەیژەی ئوتێلەکەدا بەرز بووەوە. دەرفەتی دامالینی پێڵاوەکانیشی نەبوو کە خەوێکی ئێسك سووك لە ئامێزی گرت. بەیانی لە دەنگەشەو غەڵبە غەڵبی ناو ئوتێلەکە بەئاگا هاتەوە. چارەکە دینارێکی نایە سەر مێزەکە. هاتە خوار. هەر بە پێ ڕووی کردە مەیدان. مێشکی ئالآیە چەند ژمارەیەکەوە. چوار دووانی دەرچێت.. دووانەکەش نیوەی بڕوات، لە عاست یەکەکەدا مێشکی گوشی. یەکەکەش نیو و چارەکی هیچ، ئەمێنێ چەند؟ دوو پەنجەی ناردە ناو گیرفانی. خۆشییەکی پیا هاتەوە! (بایی چەند پرتەقاڵێك ماوە! لەوانەیە لەبەر دەرگا چاوەڕوان بم). لەناو مارسیدیسەکەدا، کاسەی سەری ڕێبوارەکان تەتەڵەیان دەکرد. ئەمیش باڵندەی خەیاڵێکی تەریو، هەڵیدایە ناو دادگایەکەوە:

– ناوت. تەمەنت. سوێند بخۆ کە ڕاستی بڵێیت.

– میم کوڕی نون. بەڵام قوربان هەموو ڕاستییەك ناوترێ!.

– چۆن؟! لە ڕاستی بەولاوە هیچمان ناوێ.

– کەوا بوو میرم، جەنابتان کوێرن.

وس بە هەی بێ شەرمی نارەسەن.

– قوربان ئێوە ڕاستیتان ناوێ! منیش لام نەداوە، ئەی ئەوە نییە چاوێکتان پووکە! با کەسێك بڵێ وا نییە..

لە گرمەی مێکوتی دادگاکە ڕاپەڕی. سەری ڕاوەشاند، دەستی بۆ تەوێڵی برد. ڕێبوارەکان لاکەی سەریان دەهات. ئەمیش دەموچاوی گوشی (ئەم قرفەیە چەند بەرینە! خۆ نابڕێتەوە، ئای ئەگەر ئاوی دەبوو..) دەمی هەر گلۆم بوو. لەبەر دەرگای ماڵەوە وردیلەکان پێشوازییان لێ کرد. سەرو پرتەقاڵێکی پێ دان، ساردییەکی لە ڕوویاندا خوێندەوە، بڕبڕەی پشتی ماسییەکە لەبەر تۆڕی چاویا کەوتە جومبوش، هەستی بە ژانێك کرد. خەندەیەکی خستە سەر لێوی:

– ئەمجارە چیرۆکەکەم بۆ ئێوەیە..

– ....!؟

– لە گەڕانەوەشدا سووره ماسیتان بۆ دێنم.

منداڵەکان چاویان بڕییە یەکتر. لەپڕ برێ پەپوولەی شادی لەسەر گۆنا ئاڵەکانیان نیشتەوە (دەبێ چیرۆکێکی درێژتر بنووسم.. خۆ دوو دیناری خۆشم لەسەر دانا..).

کوڵەمانگی ١٩٧٤

# خۆراك

(لە بەر کتێبخانەکەدا دیمەنی شەقامەکەم دەقۆزتەوە) ئەویش دوو هەنگاو بەولاوە لەنگەری بەستبوو. نیگای بڕییە پاشەڵی کچێکی خرپن کە هاتوچۆی شەقامەکەی شڵەژاند.

بڕێ ئۆتۆمبیل ڕیزیان لە ڕەوتە سوێسکانەکەی گرت و پایان لەسەر برێك نابوو. جۆگەلەیەك خەڵك دەرفەتی پەڕینەوەیان بۆ ڕەخسا. ئەمیش دوو هەڵماتی چاوی، لەگەڵ پاشەڵەکەدا پەڕییەوە. کە شۆخەکە لای کردەوە، بە پۆستەی چاوێکی نهێنی، دوا وشەی بۆ ڕەوانە کرد (دیوارە لارەکەی ئەو بەرەوە، پۆستەرێکی شانۆگەریی [چاوی ڤێتنامی] پیا هەڵخرا بوو. سینەماکانیش پڕوپاگەندەی سێکسییان بە خۆڕایی دەفرۆشت) بە سستییەوە هەنگاوی هەڵێنا. لای سەندەویچخانەکە چەقی. سەرنجی ماسییە ڕەنگاوڕەنگەکانی ناو شووشەبەندەکەی دا. هەڵچەرخایەوە. هاتەوە لای کتێبخانەکە (سەرنجی جلوبەرگەکەیم دا. هەرچەندە پانتۆڵەکەی لە ڕەنگی چاکەتەکەی نەبوو، بەڵام هیچ نەشازییەکی نەنواند بوو) جگەرەیەکی ڕۆسمانی لە منداڵێك کڕی (بە شێوەیەکی ئاسایی منیش جگەرەیەکی بێ فلتەرم داگیرساند) ملی نایە کتێبخانەکە. (منیش بە دواوەی) گۆڤارەکانی ئەمدیو و دیو کرد (خۆم بە ڕۆژنامەکانی ڕۆژی پێشترەوە خەریك کرد) ڕووی کردە ڕیزە چاپکراوە ڕەنگینەکان. چەند پەڕەیەکی لە نامیلکەیەکی [ماو] هەڵدایەوە. داینایەوە. یەکێکی تر. ئەویشی دانایەوە. نیگارەکەی گیڤارا سەرنجی ڕاکێشا، لێی ورد بووەوە (کۆمپانیایەکی گوێزان ملیۆنێ دۆلاری دەداتێ ئەگەر ڕیشەکەی بە گوێزانەکانی ئەوان بتاشێ!) قورسایی کتێبەکەی هەڵسەنگاند (هەموو سووچێکی ئەم کتێبخانەیە شارەزام. جاروبار یاریدەی باوکی ئاسو دەدەم بۆ دۆزینەوەی چاپکراوێکی وبوو) بە ئاسپایی داینایەوە و بە لای ڕاستدا چوو. چاوی بۆ لای کتێبە هەمەچەشنەکان گواستەوە. مارکۆز. فرۆید. کۆڵن ویلسن، فانون.. نرخی یەك دوانێکی پشکنی. (گەرووی کتێبخانەکە گەیشتنی ڕۆژنامەکانی نوواند. بووە پاڵەپەستۆ. ئاژاوە...) ئەم بە تەنگی دەمەقاڵی و شەڕە قسەی سنگی ڕۆڕنامەکانەوە نەبوو، کەچی سڵی دەکردەوە! (بە شێوەیەکی نا ئاسایی و خەستتر سەرنجی ڕاکێشام) هەر لە چەقی خۆی، نیو بازنە خولایەوە.

بەدیمی کرد (پشتم لێ کرد و چوومە لای دەستشۆرەکەوە. ئاوەکەی بە هانامەوە نەهات.! لەوێوە سیلەی چاوم تێ گرتەوە) چەمایەوە. وەکو تێسکەی تفەنگ نامیلکەیەکی

تەنکی نایە باخەڵی. (بازنەی بینینم هەر وەکو بەردێك هەڵدرێتە ناو گۆمێکی مەنگەوە، بەرینتر بوو) لەسەرخۆ قۆپچەی چاکەتەکەی داخست. (تووشی دوو دڵی بووم) لووس بە کەناری خەڵکەکەوە خزایە دەرەوە. (بە دوایا سێ چوار هەنگاوم نا. شۆڕشێك لە ناخمەوە بەرپا بوو. لایەنی کێ بگرم؟ ڕووم لە خاوەنی کتێبخانەکە کرد. هەڵچوونەکەم دامرکایەوە!! وتم: ئەوە بۆ ئاو نییە؟ بە سەرسوڕمانێکەوە، وەك پرسیارەکەم بەجێ نەبێت، ئەوەندە پەرژا کە بڵێت: نازانم!) ئەو لە دەرەوە هەڵویستێکی کرد. ( من چاوم بە مانشێتی ڕۆژنامەکانا گێڕا) لە ناکاو پەپوولەی چاوی لەسەر پووزێکی سفت و سپی نیشتەوە. (لە نزیکی ڕاوەستام) چاوی زیاتر کردەوە. (بەلای منەوەش نایاب بوو) هەنگاوی هەڵهێنا. (هەنگاوم نا) چووە سەندویچخانەکەوە. (لە دەرەوە سەرنجی ماسییەکانی ناو شووشەبەندەکەم دا) بە دەست داوای نیو سەندویجی کرد. (فەرامۆشییەکم هاتەوە. لەبەر خۆما وتم: هەرچۆنێك بێت، خۆ بە هەردوو خۆراکەکە گەیشت، خۆراکی لەش و گیان).

ئازاری ١٩٧٤

# کاتژمێر

– کە گەردوون ئاوزەنگیی لە نۆمای ڕۆژگار نا، مرۆڤ دەکەوێتە هەنگاونان. مێژووش شوێن پای ئەو هەنگاوانەیە بەرەو ڕووناکی..

– بێ گومان.

– جارێك چڵێکی سەوز بە پەین دەڵێت: هەرچەندەش دڵت ڕەش بێت، لە ئەنجاما گوڵت لێ دەڕوێنم..

– دیارە شیعرت هاتووە.

– بەلای منەوە جوانترین شیعر لە کرداردایە..

***

سەدان دەم هەمان شتیان دەجوی. لێدوانی خەڵك لە شێوەی پرسیاردا بوو. وەرامێکیش نەبوو تینووتییان بشکێنێت [تۆ بڵێی وا بکات؟! بەڵام بۆ لەوێ؟ لە ڕۆژی هەینی و لەگەڵ بانگی ئێوارەدا!! دەبێ شێت بێ! سەری لێ شێواوە؟ جا ئەم ڕۆژگارە کێ شێت ناکات؟! دەچیت؟ جا کێ ناچێت لە ڕووداوێکی سەر سوڕمێنەری وادا؟! بەڵام بۆ وا دەکات؟ بۆ؟).

لەگەڵ ئەم (بۆ؟) یەدا زمانەکان دەبەستران و دیدەکان لە چاڵی خۆیانا دەبوونە نیشانەی پرسەك و سەر سوڕمانێکی ترسناك.

***

زۆر کەس بە تاسەوە چاوەڕوانی ڕۆژی هەینی بوون. بۆیەش خولی کاتژمێرەکانیان سست و گران دەهاتە پێش چاو. هەندێك گومانیان لەو ئامێرە وردانەی مەچەکیان دەکردەوە کە مرۆڤی کردۆتە دیل و بە فیزێکەوە دەڕوانێتە تەمەنی کلۆڵیان. کەچی سەرباری ئەم هەموو ناکۆکییەی نێوان مرۆڤ و کاتژمێر، بێ وچان مێشك دەخرێتە کار، بۆ داهێنانی ئامێری ئەوتۆ نەك شەو و ڕۆژ، بەڵکو چرکە و خولەکیش کەرت بکات! بۆ ئەوەی زیاتر مرۆڤ گیرۆدەی بەندایەتی بکات، هەر وەکو دوودڵ بن لە کاتژمێرەکەی سروشت، ئەوەتا لە دێر زەمانەوە کاتژمێری ئاو و لمیان داهێناوە، هەمیشەش لە کۆششدان بۆ چنینی ئەو تەلبەندەی کە دەبێتە سنووری بەندیخانەکەیان.

***

ساڵی کوللەکە لە تەمەنی زۆر کەسدا بوو بە مێژوو لەبەر ئەمەش کاربەدەستان ئاشنایەتییان لەگەڵ پەیدا کرد بوو، بۆ هەڵسووڕاندنی کاروباری دانیشتوان. ڕۆژی هەینی گومانی ئەو ڕاستییەی بۆ لاوان سەلماند. گۆشت لەسەر گۆشت. خەڵك. خەڵك چەشنی مەگەز، مێرووولە، سیرەمۆزە. تەنانەت دیوارەکانیش ورووژا بوون!! منیش چەشنی ئەو حەشاماتە، لە قوژبنێکەوە، بەسەرسامی، بازی چاوم هەڵدا بوو. ئەوەی لام ئاسایی نەبوو! ماتی و بێ دەنگی خەڵکە دەمەوەڕەکەی شارەکەم بوو. لەناکاو خەڵکەکە بوون بە دوو کەرتەوە دەرفەتیان بەیەك دا کە لەسەرخۆ بەرەو جەنگەی گۆڕەپانەکە ڕێ بکات. سەرتاپای بە گەڵادار پۆشیبوو! نەمناسی. هەموو دەمیان داپچڕاند و گوێیان هەڵخست. لەو بەرزییەوە چاوم سۆڕدا. هەندێك گاڵتەیان هات و پێکەنین. هەندێکی تر، پەژارە و نیگەرانییان لێ نیشت. برێکی تریش چەپڵەیان کوتا و هانیان دەدا. لەولاشەوە، پیاو و ژنێك وەك پەیکەرەکەی (ڕۆدان) ئاڵا بوونە یەکتر، کاری شەوانەیان بە شێوەیەکی ئەفسووناوی بەجێ دەهێنا.

ئەوەی ناوەندەکە، بەدەستیدا دیار بوو کە دەدوا. وشەکانی پچڕ پچڕ هاتە بەر بای گوێم:

[(ئێوەی.... سەرنجی دیوار و.... دەدەن و ژانەکانتان دەجوون. ژەنگن. پتن. بووکۆکەیەکن کە دەستێکی نادیار دەتانژەنێت. ئەو گەوهەرەی کە بۆی دەگەڕێن وا لە دەریای... ون بووە. هیچ کاتێك... و دڵداری لە ناو بۆتەی.... ناژێت. ئێوە لە کاتێکی لە بیر چوودا دەژین. من لە ئێوەی.... یاخیم. دەمەوێ کۆتایی بە.... بێنم و بۆ ئەوەی ناوچەوانتان داخ بکەم و فێری.... تان بکەم. هەموو داو و دەرمانەکانتان بێ سوودە، وا گەرای ناو سێو و... کرم هەڵدێنێ)].

زۆری تری وت: دەنگی بژی بژی لە لایەك و دەنگی شێتە شێتە لە لایەکی ترەوە دەهات. بەڵام دیمەنی ئەو ژن و پیاوەی کە لە کۆتایی کارەکەیان بوون، مستێ شووشەی هاڕاوەی پژاندە برینەکانمەوە. لە دڵی خۆما وتم قەیناکە منداڵێکیان دەبێ و سەرژمێرمان کەم ناکات. ئاسۆی دوور خەناوی بوو. تاریکاییش ڕەشماڵەکەی خۆی هەڵدەدا کە بڵێسەی ئاگرێك ئەو ناوەی ڕۆشن کردەوە. هەندێك پەلامارییان دا بۆ ئەوەی ئاگرەکە خامۆش بکەن. هەندێکی تر تەکانیان دا بۆ ئەوەی کاتژمێر و پێڵاوەکەی داماڵن، بەخۆڕاییش دەنگێك وتی: خۆ سەگێکی مەجووسی کەم بووەوە. من بێ ئەوەی هەست بە خۆم بکەم هاوارم کرد: مۆسیقا، مۆسیقایەکی غەمگین، باخ، بتهۆڤن، کانێ نجنسکی کە

لەسەر ئەم دیمەنە هەڵپەڕێت؟ دەستێك شانمی ڕاوەشاند. هاتمە هۆش خۆم. هاوڕێکەم وتی: لە دەرهێنەری شانۆ دەکەیت! مۆسیقای چی و مارسیلیزی چی؟! تۆ تەماشای ئەم ئاهەنگە خۆشە بکە، وا بووە ڕەشبەڵەك..

بێ دەنگ بووم. خۆم پێ نەگیرا:

– ئەرێ لە یادم نەماوە، کێ وتوویەتی:

هەموو تاریکایی جیهان تاکە مۆمێك ناکوژێنێتەوە؟!

بە حەپەسانێکەوە سەرنجی دام و بە نیو دەنگ وتی:

– منیش نازانم.

وتم: با بڕۆین! وتی: بۆ؟ وتم: سەرم دێشێ، وتی: تۆ هەروایت! وتم: بەدەستی خۆم نییە.

نیسانی ١٩٧٤

# شەترەنج

بنمیچی ژوورەکە لە ڕەنگی خۆڵەکەوە بۆیە کرابوو کە لەگەڵ دیوارە لیمۆییەکاندا جۆرە هێمنییەکی دەبەخشییە چاو هەر شتێك لە جێگەی خۆیدا چاوەڕوانی دیکۆرێکی تر بوو.

لای دەرگاکەوە، کورسییەك بەکزی دەیڕوانییە ناوەندی ژوورەکە، وەك بە جێگای خۆی قایل نەبێت، کەمێك بزوابوو. چوار نیگاری دەستکرد لە چەشنی بزەی چوار هەتیو، هەر چوار دیوارە لاڵەکانیان هێنابووە گۆ. لای ڕاستەوە، نیگاری ئافرەتێك. چاوەکانی پەڵپیان لە قوڵایی دەریا دەگرت. سێیەکەی تر، دیمەنی سروشت بوون کە لە هەموویاندا، تیشکی خۆر زاڵ بوو بەسەر ڕەنگەکانی تردا. بە قەڵبەیەکیشەوە، چلچرایەکی باغەی پەمەیی خۆی هەڵواسیبوو. لە پایین قەنەفەکانەوەش، کتێبخانەیەکی خنجیلانە قوت ڕاوەستا بوو.

پەڵەیەك ڕووناکی بە شێوەی چەند لاکێشەیەکی ڕاکێشراو، لە گازەرای پشتی دانیشتووەکەوە شۆڕ بووبۆوە خوارێ و کەمێك لە زەویدا شکابۆوە بەلای چەپدا. لە نێو هەردوو پای ئەو دانیشتووەدا پەڕە کاغزێکی ژاکاو نوستبوو. بێ دەنگی لە بەتاڵایی ژوورەکەدا، تەنگی بە باش هەڵچنیبوو، چەوڕە سارد و سڕییەکی دەنواند. دوو سێ جار دەستی بزواند. پەنجەکانی تەقاند. گوللە شووشەی چاوی دوو گەمیی وێڵ بوون کە لە ناکاو هەڵگژانە قەد ئەو چڵە سەوزەی کە لە سووچی پەنجەرەکەوە، بە سەدان چاوی سەوزەوە، سەرەتاتکێیان دەکرد. تەلیسمێك ڕایکێشا. لەوێ، بە ئەوینەوە داما. سووڕایەوە. دانیشتەوە هەر وەکو کەرەستەیەکی ژوورەکە. لای شانی چەپییەوە، تابلۆیەکی سپی بوونی خۆی سەپاند. لە هەر چوار لاوە چوارگۆشەی ڕەش و سپی بەشیان کردبوو. شایەکی ڕەش لە ناوەندی چوارگۆشەیەکدا، بێ ئارام دەیڕوانییە دەوروبەری خۆی، هەر وەك لە ناخی خۆیدا بەراوردی لەشکرە ئابلۆقە دراوەکەی بکات، لە پاڵ قەڵاتێکی ڕەشدا لە ڕیزی هەرە داوە، چاوەڕوانی دەرفەتی هەڵاتن بوو. باری ناهەمواری خۆی هەڵسەنگاند.

دوو قەڵات.

ئەسپێکی شەکەت.

فرەزانێکی (شالیار) بە ساڵا چوو.

لەگەڵ حەوت سەربازی بێ وردا.

تەنانەت پێنجیان لە جێگەی خۆشیان نەبزوابوون. سێیان لە پێش شا و دوانەکەی تریش لە کەناری چەپیدا بوون. سەربازێك دوو هەنگاو و ئەوی تر یەك هەنگاوی نابوو.

بەڵام بەرەکەی تر کە کاڵای سپییان پۆشیبوو، لە: شەش سەرباز و ئەسپێکی ڕەسەن و فرەزانێکی پیلانگێڕ و قەڵاتێك پێکهاتبوو. خۆ سەرەڕای کەمیشیان، تەنگیان بە ڕەشەکان هەڵچنیبوو. جڵەوی هەڵمەت بردن بە دەست سپییەکانەوە بوو. ئەسپی سپی حیلاندی و قەڵەمبازی بەسەر سەربازێکی ڕەشدا کرد. کش لە شا. هەرچەندەش ئەسپە سپی لە نێوان جووتێ قەڵات و ئەسپێکی ڕەشدا بوو، بەڵام هیچ دادی شای ڕەشیان نادا. بۆیە بە ناچاری و کۆمەڵێك ژان و ئەشکەنجەوە، خزایە چوارگۆشەی چەپی خۆی. فرەزانی سپی کە پڕ چەك ئامادەی نەبەرد بوو، تەکانی داو سەربازەکەی پێش شای ڕەشی سارد کردەوە، کش. شای ڕەش هەڕەشەلێکراو تەنها دوو هەڵوێستی لەبەر دا بوو:

یەکەم: بگەڕێتەوە جێگای پێشووی و بەرەنگاری سمی ئەسپە سپی بێت.

دووەم: ملی فرەزانی ڕەش بپەڕێنێت.

بۆیە چارەنووسی دووەمی پەسەند کرد و شمشێری خستە کار. ئەم کارەی ئەو بووە ماکی تووڕەیی و چاو سوور بوونی شای سپی. دەستبەجێ فرمانی بە تاکە قەڵاتەکەی دا بۆ پەرچدانەوەی شای دوژمن، کش. شای ڕەش شپرزە بوو، شڵەژا. دیسانەوە تووشی دوو ڕێیانێك هات. هەنگاو بۆ پێشەوە بنێت یانیش لاو نیو بچێتە پێش سەربازێکی خۆی. باوەجوو هەر دوو ئەنجامەکەش مەرگی سامناك بوو. بۆیە ئاڵای سپیی هەڵکرد و بە چارەنووسی ڕەشی خۆی قایل بوو.

دەستی سەر تابلۆکە ماندوو بوو. هەردوو لەشکرەکەی نایە ناو سنووقێکی دارین کە بە سەدەف و مووروو نەخشێندرا بوو. بەڵام تابلۆکە هەر لە جێگای خۆی مایەوە کە پێشتر گۆڕەپانی جەنگێکی شووم بوو. هەر ئەم کارەش وای لە دیوارەکان کرد کە شانازی بە نیگارەکانیانەوە بکەن، چونکە خۆر دەستی بەسەر ڕەنگەکانا گرتبوو و چاوی ئافرەتەکەش بیانووی خۆیان لە شینایی دەریا دەگرت.

تشرینی دووەمی ١٩٧٤

# به خەڵووزیش نیگار دەكێشرێت

١

گەشتەكەی كرد و هاتەوە. لەوێش و لێرەش هەر خەریكی ناو لەپی خۆی بوو مەگەر دڵۆپە خوێنێكی لینج ڕایگرتبێ و ڕایبگرێت. لەوێش و لێرەش هەر هەلاجی بە وشەوە دەكرد و دەكات. دەمیش لە گیڤارا و كەنەفانێ و هۆشی منە دەسوێ و لە ناو گەردەلوولی سێكسێكی ئاڵۆزدا خول دەخوا و دەخواتەوە. ڕۆیشت – هاتەوە. لەوێش و لێرەش هەر هەمان پۆپەشمین مەودای بینینی ئاسۆی لێ داپۆشیبوو. كۆڕی –چارەك– بۆ چەناگە ساز دەدات. قەڵماسنگیش ئامادەیە. مەزەش كتێبێكە كە پزیشك بۆ ژانە سەری كەسێكی تر نووسیویەتی.

كۆڕ جۆ بلاو. وشەكان هەڵواسران. لەوەش بترازێ، بە ڕاست و چەپدا، چەند دەزگایەكی ڕووخاند. بژی ئەم، بژی ئەو، بژی خۆم...

ئێوەش بژین ئەی ئەندامە بەهرەوەرەكانی كۆڕی چارەك.

(بژی خۆم)ی بە بڵندی وت.

ئەنجام: لیكاوێكی زۆر، سەرینی ئوتێلەكەی خوساند بەیانیش، لە شۆستەی چاوەڕوانیدا، پاسێكی شین ڕایماڵی.

٢

بزمارێكی كەوشی بە لقە دارێكی وت:

– ئەگەر چی تۆ لە ڕووی ئاوی، بەڵام هەناسەیەكی با، دەتخاتە گەرووی شەپۆڵێكی هارەوە، منیش هەر چەندە لە ژێرەوەشم بەڵام نابزوێم..

٣

– ئەم شەو لە كوێ؟

– لە وێ بەولاوە كوێمان هەیە!

بە پەنجاییەك و دووان [خۆشابە] كەوتە هەلەكە سەما. ڕیكۆردەرەكە كەوتە گڕو

بەستەکانی پێشووی سەد پات کردەوە. هیچی تر.. ببوورە.. کات لە سێدارە دراو ئەوسا هیچی تر.. مانەوە گرانە.. چوونیش هەر گرانە.. باو بوو بە زۆری چوونە ڕەشبەڵەکەکە. بەڵام ئەوانەی کە لە کەنار دەریاکەوە، دووربینیان بە چاوەوە بوو، دوورگەیەکیان دەدی کە لەسەرخۆ نوقمی ژێر ئاو دەبوو.

– با بڕۆین.

– نایەم.

– هەرایە. وەرە زاخاوی چاوت بدە.

– چاوم گل دەکات و پزیشك چاویلکەی ئەستووری بۆم نووسیوە.

– کوڕە چای خەست دەخۆینەوە!

– دایکم نەخۆشە و دڕکیش بە پاما چووە.

لە قوژبنێکی چایخانەکەدا، چایچییەکە بە دەنگێکی هەڵامەتاوی دەمی پرسیاری تێ کردم:

– هاوڕێکانت دیار نین؟!

ووتم: لە چای خەست دەگەڕان.

– ...!!

وتمەوە: بەزم و شاییە. دەنگی دەهۆڵ ڕایانی پێچا.

– چیت بۆ بێنم؟

سەرنجێکی شەقامەکەم دا. دەنگم وتی:

– ئاو... پەرداخێك ئاویشی لەگەڵدا بێت.

هەستام. لە سووچی شەقامەکەی ئەولاوە، پیرێکی مەست لەناو چوارچێوەیەکەوە پێم پێکەنی.

– نرخی چەندە؟

– بە چوارچێوەکەوە یان هەر تابلۆکە؟

دەستی چەپم ڕەوانە کردە باخەڵم. وتم:

– تەنها چوارچێوەکەم دەوێ.. لەماڵەوەش بە خەڵووز نیگارێکم کێشاوە.

بزەیەك بووە پەپوولە و لەسەر لێوەکانی نیشتەوە. (هەی داروێن گۆڕت پڕ لە گوڵاو بێت، خۆ ڕاستە مرۆڤ لە مەیموونە! ئەوەتا لەبەر چاومدایە).

– دیارە هونەرمەندی!! بۆ نیگارەکانت ناهێنی بۆتی بفرۆشم؟

– تاکە نیگارێکی هەتیوم هەیە.. ئەویش چوارچێوەی نییە.

٤

هەر بە چوارچێوەکەوە کوتامە سەر تەرازووییەك (٦٣ کیلۆ–پشت بەکەس مەبەسە) پلیتەکەم سپاردە گیرفانی پانتۆڵەکەم.

لە هۆڵی ئوتێلەکەدا چوومە ویژەی خاوەنەکەی:

– بۆم هەیە تاکە شەوێك...!!

پاشماوەی پرسیارەکەم بەدەست و چاو و برۆ دەربڕی. وەڵامی نەدایەوە. (دیارە باش گوێی لێ نەبوو، یانیش لە مەبەستم نەگەیشت. با دووبارەی کەمەوە).

– بۆم هەیە...؟!

(دیارە خۆی گێل دەکات و چاوەڕوانی پاشکۆی پرسیارەکەیە، بۆ ئەوەی خوێنی بجۆشی و بە ڕووما بتەقێتەوە: تۆ دەستی ئەم ئوتێلە خاوێنە نادەیت) بۆیە دەمم سەر کڵۆم کرد. گواستمەوە بۆ ئوتێلێکی گرانتر.

– کاتی ئەوە نییە. دەی وەرە.

لە توێی ئاوێنە تەڵخەکەدا لە بیلبیلەی چاوم دەگەڕام. ئەویش گەڵامێوە ئاڵەکەی حەوای نەنکی لە پێ کرد و دەنگی بووە بیبەر.

– تۆ پیاوەتیت نییە. ساردی وەکو ماسییەکی سارد و سڕی ژێر دەریایەکی مەییو.

پارەی دوو ژەم خواردنم بۆ درێژ کرد و ئەویش نایە توێی سوخمەکەی و تفێکی ڕۆ کرد. منیش تفێکم لە سێبەری گرت.

٥

– ئەم شەو ئامادە دەبیت؟

– دەشێ.

ئەوان پێکەنین. ناوەوەم تاسا بوو.

– پارەی.. هەر.. سێکتان.. دەدەم.. بە مەرجێك.. دەمتان.. بدروون..

خۆشابە خەندەی دەفرۆشت. ئاسمان وەنەوشەیەکی زەبەلاح بوو. نۆش.. نۆش.. نۆش...

ئەوەی لامەوە هەناسەیەکی هەڵکڕووزاوی دەرپەڕاند.

– چاو.. چاو.. ئەو ڕووناکییانە! خۆ لەناو ڕووبارەکەدا مەلە دەکەن!!

دەرفەتم بۆ لووا. جڵەوی وتنم ڕاکێشا:

– مەرجەکەتان شکاند.

سڕ بوون. بێ تام تریقانەوە. منیش بەوان پێکەنیم.

– خۆشابە نۆك.

– خۆشابە بەفر.

– خۆشابە جاجیك.

منیش ئەوان ئاسایی وتم: خۆشابە... هیچ. بووە گەڕەلاوژە. هەر کەس لە عاست خۆیەوە، دەنگی ماندووی بۆ گۆرانییەکی خەواڵوو ساز دا. هەستامە سەر پێ. چاوم لە چاویان چەقاند:

پرسیارێك.

– فەرموو کۆنفۆشیۆس لە جیاتی یەك هەزار.

– ساوا بە ساڵێك و دووان زمان دەگرێت.

ئەرێ گەورە چەندی دەوێ بۆ ئەوەی فێری بێ دەنگی بێت؟؟

وەڵامەکانیان پێکەنینێکی دوو زەردێنە بوو.

٦

بەیانی. ژنێکی ڕەشپۆشی جوانکیلە پرسیاری گەراجی کەرکووکی کرد. وتم: لێرەوە دەڕۆیت.

لە بریتی برۆ جووتێ هێڵی چەماوەی بۆ کێشا بوو کە دەشیان ببن بە کەوانەی بڕێ وشەی قەڵەو. (بیرکردنەوە خوویەکی بەدە. دەبێ لە ڕیشەوە هەڵی بکەنین) بۆیە بەدەم بیرکردنەوەوە، گەیشتمە جێ (قەڵێك لاسایی چۆلەکەیەکی کردەوە. لە پاشان مایە پووچ بوو. لە ناسنامەکەشیدا نووسرا: نە قەلە بفڕێت، نە چۆلەکەشە قونەقون بکات) خۆشابە

وەك گوربز بسکەی سمێڵی دەهات. نەرمە گوێی هەر یەکەمان ئاوسا بوو. هەمانەی سێکسیمان فوو دەدا.

– دەی نۆرەی تۆیە.

– بۆ ئێوە نوکتەی خۆتان وت!؟

– ها. ها. ها.

– کەوا بوو فەرموون. بەڵام پێشەکی ئەوە بزانە کە لە گۆڤارێکدا بەرچاوم کەوت.

– دە باشە دەی.

– نوکتەش نییە. گوایە لە مەکسیك ئەوەی گوێ درێژی هەبێت، پێویستە پەیڕەوی یاسای هاتوچۆکردن بکات، هەروەها دەبێ هەشت وێنەش بدات، شەشی خۆی و دووانی هی کەرەکەی.

– ئەمە نوکتە نەبوو.

– یەکێکی تر.. جارێك پارەیەکم ون کرد. ئێستاش لەوێوە تێپەڕ دەبم چاو بۆ پارەکە دەگێڕم.

– دیارە زۆر بووە؟

– نا... بەڵام مرۆڤ دەبێ لە شت بگەڕێت.

٧

لە خەو ڕاپەڕیم. هەستم بە گەشە کردن و بیر فراوانی کرد. چەشنی منداڵێکی جیهانی (سارۆیان) گوێی لە ئاوازێکی (خەپە دۆریان) بێت. بەر ئاسۆی بیرم، بەرین بوو. دەنگم کولێرەیەکی چەور بوو (ئەم ئیوارەیە پلیت بۆ فلیمی زێد (Z) دەبرم).

لە ناوەندی فلیمەکە خۆزگەم بۆ (هاید پارك) خواست. دەمویست بدوێم. دەمویست تاکە وشەیەکی دیل ئازاد بکەم. لەسەر چوارپایەکەدا هەر خۆم و خۆم بووم. شتەکانم بە درێژی بینی. پەلاماری تابلۆکانی (مودلیانی)م دا. بۆ ماوەیەك لەشە ڕووتەکانی، وەڕینی ژوورەوەمیان دامرکاند. قەوزەیەکی فێنك بەری چاومی پۆشی. کروشکەم کرد..

– لە تەلەفۆن بانگت دەکەن.

– بڵێ لێرە نییە.

– لەوانەیە ئیشی هەبێت.

– من هیچ ئیشێکم بەدەست نییە.

چوومە دەرەوە. ڕووم لە پەیکەرە هەڵواسراوەکانی (جواد سلیم) کرد. لە قەراخ حەوزەکە لەسەر چینێك دانیشتم. مێشوولەیەکی شەل لەسەر لووتم نیشتەوە، شەویش سۆزانییەك بوو ڕادەکشا.

– جێگاشمان هەیە..

وەڵامی چنگ نەکەوت.

– هەرزانیشە.

مێشوولەکەم پلیشاندەوە. ڕێگای لە یەکێکی تر بەست کە پێڵاوەکانی پێدەکەنین. بیرم بۆ لای نیگارەکانی (لۆتریك) هەڵفڕی. (ئای کاتی ڕاکردوو، ئای تاقیکردنەوەی تاڵ، چەند ئازارم دەدەن)..

هەستام. حەوزەکە تینوو بوو. لەجیاتی نیلۆفەر، پاشماوەی جگەرە و گەڵای مردووی تێدا بوو. لە ژێر پەیکەرەکاندا پەنجەم ڕاوەشاند:

– ئەی شەوی تاریك، وا نیوەی تەمەنت تاوایەوە.

لە چەند سەرخۆشێك بەولاوە کەس نەبوو گوێم لێ بگرێت، ئەگینا گوزارەم دەکێشا و دەموت:

– .. برایان.. خوشکان.. گەڵاکان.. شەقامەکان ڕەش و سپی ڕەنگی بێ لایەنن و لەگەڵ هەر ڕەنگێکدا دەگونجێن. مەترسن.. بێ پەروا بەرگەکانتان لەبەر کەن.. بەڵام گرنگ ڕەنگەکانی ترە.. زەرد.. سوور.. شین.. وەنەوشەیی.. ئەمانە گونجاندنیان زۆر گرانە.. بەڵام هیوا بڕ نەبن.. هونەرمەندی ئەوتۆ هەیە یاریدەتان بدات.

ئابی ١٩٧٥

# ئۆتۆمۆبیل

مرادخانییەکی شڕی لەبەر بوو. وەك شوفێرێکی بلیمەت ئۆتۆمبیلە نەبینراوەکەی لێ دەخوڕی. ڤڕ. ڕ. ڕ. ڕ. ڕ. ڕ. [ئەگەر لە ماڵەوە بوومایە، بە سەرمە قوڵات ڕادەوەستام و لە پاشان وەکو دووپشك دەچوومە گیان شیرین.. ئەی بۆ بووکەکەی ناداتە دەستم! ئای، کە لاری دەکاتەوە، چاوە ڕەشەکانی دەتروکێنێت] دوو هەڵماتی چاوی وەکو دوو سیسارکی لاسار دەخولانەوە. گەیشتە شەقامەکە، هۆپ. برێکی گرت و قورسایی خۆی هەڵدایە دواوە. پاشان بەرەو پاش کشا، لەگەڵ ئاوڕدانەوەشدا، نووکی زمانی بە گوێرەی پێویست کاری خۆی بینی.. بیب. بیب.بیب. وەستا وەك کەسێك هەڵبگرێت و یەکێکی تر دابەزێنێت. (ئەرەوەڵڵا زراوی دەبەم، کە ئۆتۆمبیلەکەشم کڕی...) لە سێبەری دار بییەکەدا، بە تەوژم، لە چەقی ئافرەتێکی بەژن زراڤا سووری خواردەوە. (شیرین لە منیش منداڵترە، کەچی بووکی هەیە. دەڵێم دایە: ئەی ئۆتۆمبیلەکەی من؟ بێ دەنگ دەبێت.. یانیش دەستبەجێ دەمکوتم دەکات! ئۆی بۆ ئەوەندە ئەندێشی لێ دەکەیت؟ ئاخر دایە... ڕۆڵە ئەوەی تۆش دەکرم). چەند جارێك مەلی چاوی هەڵفڕییە ئەو بەر شەقامەکە. دوو هەرزەکاری قژ درێژ تێپەڕین و لێویان جوڵانە. یەکێکی تریش، لەو لاوە ئێستێکی کرد و دەستی بۆ کاکۆڵەکەی برد. ئۆتۆمیلێکی قەرسیلی لە دامێن شۆستەکەدا لەسەرخۆ ڕاوەستا.

– سالار زووکە، با بڕۆین.

وەکو کێچ خزایە کۆش دایکی. دایکی لەگەڵ شوفێرەکەدا دەدوا، ئەمیش دار تەلەکانی دەژمارد. (بووکەکەی شیرین دەستێ جلی جوانی هەیە.. کەواتە منیش داوای لێ دەکەم کە زەنگیانەو موورو بە ئۆتۆمبیلەکەوە هەڵواسێت.. پێشانی هاوڕێکانمی دەدەم.. هەر لە دوورەوە.. نایدەمە دەستیان) لەسەر گەی کۆڵانێك هاتنە خوار. خۆیان کوتایە دەرگاکەوە. یەکێك سەرەتاتکەی کرد و بێ دەنگ دەرگاکەی داخست.

– دایە، کەسێکی تر دەبێت بە باوکمان.

– ....

– کێ شتومەکمان بۆ دەکڕێت؟!

– ....!

– خاوەنی ئەمماڵە چیمان دەبن!؟

– دە بچۆرە ئەو ژوورەوە، با جلەکان بشۆم.

– ناچم.

– جا ئۆتۆمبیلە زەردەکەت بۆ ناکڕم.

سالار ملی کەچ کرد. (شەوان شیرین بووکەکەی خۆی لە باخەڵ دەگرێت. دەست بەسەر و چاویا دێنێت، منیش لە ژێر سەرینەکەم دایدەنێم. بەیانی زووش بە ئاو و سابون پاکی دەکەمەوە) لە ژوورەکە کات کیسەڵێکی شەل بوو، چاوی نووقاند.

– سالار، سالار با بڕۆین.

لە دەرگای پشتەوە دەرپەڕین. سالار کز و بێ ڕەنگ بوو. هەنگاویان هەڵبڕی. (پێکەوە لەگەڵ شیریندا یاری دەکەین. بە پەتێك ڕایدەکێشم. ئەویش بووکەکەی دەخاتە سەری. توت. توت. شیرین وریابە، با نەکەوێت) لای کۆگایەك دوودڵ وەستان. سالار هاتە هۆش خۆی و گەشکە لە چاویا بووە چیمەنێکی پاراو و دەنگی تێکەڵ بە دەنگی باڵندەیەکی نەوا خۆش بوو:

– دایە گیان.. ئێستا ئۆتۆمبیلە زەردەکەم بۆ دەکڕیت؟

– هەر ئێستا.

ڕووی وەك دراوێکی نوێ گەشایەوە. گەرمایی خستە تۆی پرسیارێکەوە:

– ئەی بۆ لەگەڵ بووکەکەی شیرین بۆت نەکڕیم!؟

– پارەم پێ نەما. باوکی ڕەحمەتیت هیچی بۆمان جێ نەهێشت..

پاش تۆزێك بێ دەنگی، پاشکۆی وەڵامەکەی پێوە گرێ دا:

– کوڕی شیرینم.. پارە لە کوێ بێنم.. گرانی لە برەودایە و وەکو گورگی هار دەمی لێمان داپچڕیوە..

سالار پرسیاری نەبوو. هەموو ئاواتی لە ناو شووشەبەندی کۆگاکەدا بوو. (شەوانیش پەتەکەی بە پەنجەمەوە دەبەستم. ئەگەر کەسێك پەلاماری دا، دایکم وریا دەکەمەوە) ئاسمانی چویتی چەند پەڵە هەورێکی چڵکنی پێوە لکا بوو. دارەکان سەوز و ورشەدار بوون. شەقامەکەش شانازیی بە هێڵە سپییەکانەوە دەکرد. (لەوانەیە بیدزن.. ئەم دزانە ئۆتۆمبیل و بووکی خەڵکی بۆ دەدزن؟ جا با ئەوانیش شتومەك بۆ منداڵەکانیان بکڕن.!)

دەرگاکەیان لەسەر پشت بوو. سالار بۆ ئەوەی شیرین سەرسام بکات. تەکانی دایە ژوورەوە..

– شیرین. ها. ها. زەردیشە..

شیرین هەنسکی دەدا.

– کچم بۆ وا دەگریت.

– دایە کوڕە زلەکەی دراوسێمان.

– ئێ..

– بووکەکەی لێم فڕاند.

– قەیناکا.. هەردووکمان یاری بە ئۆتۆمبیلەکەی من دەکەین.

تەمموزی ١٩٧٥

# لاکێشە ڕووناکەکان

## ١

لە لابوورەکاندا، مشکی سپی بایەخێکی زۆری هەیە. بەڵام مرۆڤێك جێگای مشکەکە بگرێتەوە! لای زۆر کەس مایەی سەرسوڕمانە. پێش ئەوەی بچمە خوێندنگا، جارێك بۆقێکم لە پاشەڵەوە هەڵواسی بۆ ئەوەی لێی ورد ببمەوە. جارێکی تر، دەرزیم بە چاوی مەشکە دڕەیەکا کرد چونکە هەندێ گەڵای لە باخچەکەمان قرتاند بوو. دایکم لە شووشەکانم وەڕس دەبوو. شووشەیەك مێروولە، شووشەیەك قالۆنچە، شووشەیەك پەپوولە، مێش، مەگەز.. شووشەکانم ڕیز دەکرد و یاریم پێ دەکردن. ئێجگار خۆشیانم دەویست.

مرۆڤ دەستەپاچەی کات و گۆڕانە. شووشەکانم پەرەیان سەند. کولاژدم.. مارمێلکە.. سیسارك.. جۆلایکەرە. برێ کەروێشك و باڵندەشم پەروەردە کرد. هیوایەکی باڵدارم هەبوو چەشنی منداڵێکی ئێسك سووك دوای مەلێکی سەوز بکەوێ. کە بیرم بۆ ئەم دەمە ئالا و دیو دەبێتەوە، ئێستام لا دەچەسپێ. ئەو باڵندانە بوونەتە ماکی وەراوورد و لێکدانەوەکانم، ئێمە مانان پێوەرێکمان لە سنووری زەوی و مانگ، خواستووە بۆ (کات) زانین. بەڵام ئەم کاتژمێر و ساڵنامانەی کە بە بالای تەمەنمانا هەڵیان دەواسین، ئایا کاتی ڕاستەقینەی مرۆڤایەتیمان دەپێون! مەبەستم ئەو کاتە نەرم و خاوەیە کە وەك جیوە بەڵکو چەشنی لاستیك لە هەستماندا ڕادەکێشێت و گرژ دەبێتەوە! لە کاتی نووستندا، لە خەیاڵبازی و ورێنەدا هەست بە ڕەوتی کات دەکەین وەك چۆڕاوگەی گوێسوانەیەك بێت. ڕوخسارەکان لە یادمانا ئاڵۆز و تێکەڵ دەبن، بەڵام کە بە ئاگا دێین، هۆشمان دەست بەسەر ئەو ئاڵۆزییەدا دەگرێت و ئەو هەموو نیگار و یادگارانە بەند دەکات، بەڵام ئەو زەریا پەنگاوەی ڕابردوومان دەبێ چەند قووڵ بێت! دەبێ چەند خەست بێت کە لەو کۆگا تەسکەی مێشکدا جێگای بوویێتەوە؟!

زۆرجار گەشت بەرەو دواوە دەکەم. شتێ ئێجگار بچووك خۆی بەسەر زۆر شتا دەسەپێنێ و بوونی خۆی لە گشت تاقیکردنەوەکانی ژیانم زیاتر دێنێتە ناو! ڕیزە بزمارەکانی دەرگاکەمان ئێستاش لە چاوما دەبریسکێنەوە، تووڕەبوونی دایکم لە گوێمدا

تۆماره، بۆنی ڕۆن و پیازی دوێنەکانی بەیانییان، بە لووت و مەلاشووما هەڵدەگژێت. گوایە ئەم خاڵە وردانە، لە سەرجەمی یادگارەکانی کاسەی سەرم گرنگترن!؟

ئەمڕۆ، بێ ئەوەی هیچ هۆیەك هەبێت یەکسەر خۆم لەسەر پەیژەی خانووە کۆنەکەماندا بینی! کێ تووڕی هەڵدامە ئەوێ؟! گۆڕانی ژیان بۆی ساغ کردمەوە کە تەنها بەردەوامی بەردەوامە. هەر بۆ ئەم مەبەستەش دەمێکە ئالوودەی پەڕاوە کۆنەکانم، فێری زمانی لاتینی و هیرۆگلۆفی بووم. بڕێ دەستخەتم چنگ کەوت. لە مۆزەخانەکاندا، لە پەرستگاکاندا، هەندێ نەخشە و نهێنی و تەلسمم لا درکا. بۆیە لە سەرجەمی پشکنینەکانم، ڕاستییەکم بۆ چەسپا ئەویش لە بارەی مردن و ژیانەوەیە: هیچ سنوورێکیان لە نێواندا نییە، یانیش بە گشتی هەموو پێچەوانەکان. بازنەیەکی نەپچڕاون. واتا سەرەتای ژیان، کۆتایی مردنە و بە پێچەوانەش ڕاستە. مردن ژیانەوەیە. مردنێکی ئێستا پەینی ژیانەوەیەکی داهاتووە. بەلام مرۆڤ ئایا بۆی هەیە لە مەودای چوارەم و لە چنگی جێگا بەدەر بێت؟! لە کاتێکدا مۆمی تەمەن لە هەردوو سەرەوە، خەریکی توانەوەیە!؟

بەڵێ... ئەگەر...

بەڵگەشم زۆرە لە مێژووی نووسراو و نەنووسراوا. ئەوانەی لە (جێکات) یاخی بوون و لەو دیوی سنووری (بوونی) هەڵبزڕکاوەوە، هەواری خۆیان هەڵدا زۆرن:

پرۆمیسیۆس – سیزیف– ئەرخەمیدس– دانتی– موحەمەد– زارا– مەسیح– باخ– ئەنجیلۆ–.. هتد.

ئەمانە و هی تر دژ بە خوا دەستکردەکان، دژ بە دەوروبەر ، دژ بە کات و چارەنووس ڕاوەستان، لە پێناوی مرۆڤایەتییەکی مەزن و پیرۆزدا.

## ٢

تاقیکردنەوەکانم سەریان گرت. دەزانی ئێستا چیم نیازە؟ وابزانم نازانی. پێشوو چەند جارێك لە نیازەکەم کشامەوە بۆ ئەوەی خۆم بۆ هەڵمەتێکی بەگوڕتر کۆ بکەمەوە. ئێستا کە بیرم بۆ مرۆڤێك دەچێت کە بۆ ماوەیەك بچمە ناو گیانییەوە. دان بەخۆتا بگرە، تینوویەتیی پرسیارەکانت دەشکێنم.. دەزانی بۆ؟ ئا.. کە چوومە ناوەوەی ئەو مرۆڤە، لە هەست و نەستی دەگەم. تێکەلاوی هۆش و لێکدانەوەکانی دەبم. لە چێژو ژانەکانی ئاگادار دەبم. لەوانەیە بڵێیت ئەمە هەویرێکە و ئاوی زۆری دەوێ، لەوانەیە بێ ئەنجام بێت. لە گەڵتام. خۆ

هەرچۆنێك بێت تاقیکردنەوەیە و تاقیکردنەوەش بێ سوود نییە. تۆ ئەگەر ئەمەت بەلاوە سەیر و سەمەرەیە، ئەی چۆن دان بەوەدا دەنێیت کە نیازم وایە تەمەنی مرۆڤ ئاوەژوو بکەمەوە! تۆ خۆت بە نموونە بزانە. تۆ هەڵدراویتە چەقی ژیان بێ ئەوەی پرسیارت لێ بکەن، دەژیت و ساڵ بە ساڵ لاپەڕەکانی تەمەنت هەڵدەدرێتەوە، بە شێوەیەکی تر، ژیان دروستت دەکات نەك تۆ دروستی بکەیت. ئەو مۆرکی خۆی لێ دەنێ، بێ ئەوەی تۆ شەقڵی خۆتی پێوە بنێیت، جا هەستت لە عاست مردندا بە ئاگا تر دەبێت. تا ڕادەیەك ژیانت دەبێتە دۆزەخ. ها ساڵێکی تر، مانگێکی تر، هەفتەیەکی تر، ڕۆژێکی تر، ساتێکی تر، چرکەیەکی تر، لە بەردە ئاشەکە نزیك دەبێتەوە. گوڵ دەپشکوێت. سێوەکە دەگات و ترپ لە عاست خۆی دەکەوێتە خوارەوە.. جا دەتەوێ هەڵبێیت، دەرباز بیت ناتوانی. دەتەوێ ڕێگایەك بدۆزیتەوە، بێ هوودە. لە عاست مردن لە مردن بەولاوە، ڕێگایەکی تر بەدی ناکەیت. مێشوولەیەکی بچووك ئەسکەندەری گەورەی تووشی لەرزو تا کرد و کەسیش بە گۆڕەکەی نەزانی. هەموو گوێمان لە وشەی (ئاخ) بووە کە لە هەناسەیەکی ساردەوە هەڵقولا بێت. ئەم (ئاخە) خەستە پەیکەرێکی ئازاری مرۆڤایەتیمانە، هەر وەك داستانێکی بێ کۆتایی، لەسەر شانۆی زەمیندا هەمیشە لەبەر چاومانە. ئاخ و ئۆف دوو پەڵە هەوری چڵکنن بە ئاسمانی تەمەنمانەوە، بە جۆرێك بۆمان هەیە بە دەستیش هەستیان پێ بکەین هەر وەکو دوو بزماری ژەنگن. وابزانم لە گرفتەکە نزیك بوویتەوە. جا نیازم وایە (کات) بەرەو پاش بگێڕمەوە، نەك بەرەو مردن بچین –وەکو ئەنجامێك – بەڵکو بەرەو ژیانەوە. خۆ ئاوی ڕووبارت دیوە کە بەسەر بەست و چەوەکاندا دەکشێت، کەچی ماسییەکان بە پێچەوانەوە، ڕوو لە کانگا دەکەن. لەوانەیە بپرسیت: چۆن؟ هەرچەندە لە سەرەتای هەنگاوەکاندام، بەڵام دڵنیام لە سەرکەوتن.

دەزانی بۆ قەیسەر ئاگری جەنگی یەکەمی هەڵگیرساند؟ گوایە دەستێکی لەوەی تر بچووکتر بوو!! خۆ من هەردوو دەستم (معادله) یەکی هاوتان. هەروا‌ش نە میکرۆبی (تۆلاریما)م پەروەردە کردووە و نە بۆمبای هیدرۆجین و کۆباڵتم دروست کردووە، ئەم شەو نیازێکە و بڕیارم لەسەر داوە. کەڵکیش لە خەوی موگناتیسی وەردەگرم. لەوانەیە بپرسیت: باشە کێت هەڵبژاردووە؟! منیش لەم پرسیارە دامام. لە پاشان بڕیارێکی ئاساییم دا. دەزانی چۆن؟ ئێوارە.. کەسی یەکەم دەبێتە کەرەستەی تاقیکردنەوەکە. وا دیارە چارەنووس ئەوی ڕەوانە کردووە، ئەگینا بۆ لەو هەزاران کەسەی شارەکە تەنیا ئەو دێتە بەردەمم؟! وا بزانم بەڵگەکەم بەجێیە.

٣

(ڤاوەست) لە یادە. لە سینەماش پێکەوە دوکتۆر (جیکل) و مستەر (هاید)مان بینی. ئەو ئێوارەیە تووشی کێ ببم باشە؟! هەرچەندە مێشکت بگوشیت نیشان ناپێکێ. نا.. نا.. دیسان نا.. ئەو جۆرە کەسانە نەبوو. دەزانی چ کارە بوو؟ پاسەوان. بەڵێ پاسەوانی کۆڵان. جا پێکەنینی بۆچییە؟! حەسحەسی شەو بوو.

چاوم لە چاوی بڕی – پێشان ئێستێکی کرد. من تەوژمی ڕادارەکەم ئاڕاستەی کرد. زۆری نەخایاند کە هۆگرم بوو. وەك گیاندارێکی دەستەمۆ بە شێنەیی چوومە ناو گیانی. هەناسەمان تێکەڵ بوو. ڕۆیشت. وتم هەنگاو هی خۆتە. مژی لە جگەرەکەی دا. «نیرۆن»م هاتە یاد و شەوی [ڕۆما]م بە سووتاوی بەرچاو کەوت. چونکە پاشماوەی چیلکە سووتاوەکەی ئەم سەرەتای سەلکە بزۆتەکەی ئەو بوو. زەردەپەڕی ئێوارە گیانی دا. لای تەڕە فرۆشێك وەستا. دەستی بە پاڵتۆ نیوداشەکەیدا هێنا. منیش ڕوانیمە ئاوێنە تەڵخەکە. (لە ترسی باوکم، شووشەکانم لەسەرداوەکەماندا دەشاردەوە. بێ بەزەیی دایدەپلۆستم. دایکیشم لە جیهانی خۆیدا دەژیا. نیوەڕۆیان دەرگای نووستنی بە ڕووما دادەخست..) مشتێ مێوژی نایە دەمی. مێشکی لە کاردا بوو. لە هەنگاونانی زۆر کەس، تاڕادەیەك، بابەتی مرۆڤەکەی دەناسی. ژن و پیاوێك.. ئافرەتێکی گۆشتن..شێلم فرۆشێك.. هەرزەکارێك لە بواری چاوەکانییەوە پەڕینەوە. چوار چاوی خەواڵوو. دوو چاوی وێڵ. جووتێ چاوی وێژینگی ماندوو. هەرزەکارەکەش دوو چاوی هەڵۆی خواستبوو.

چرای بەرماڵەکەیان کوژانەوە. لەو پەڕی کۆڵانەکە چرایەکی هەتیو مایەوە. پەنجەرەکان تاك و تەرا، لاکێشە ڕوونەکانیان لە دیواری ئەوبەریانەوە دەکێشا. چاوی گواستەوە. چەند سێبەرێکی بزێو ببوونە هەوێنی سەرنجدانی. جگەرەیەکی تری سپاردە لێو. جارێکی تریش شەوەکەی داگیرساند. وتم ئای لەو سێبەرە زەبەلاحەی کە بە دیوارەکەوە هەڵتواسی! خۆی بە گەورە زانی. کۆکەیەکی بۆ کرد وەك بڵێت: بخەون. وەنەوزی خۆتان بدەن. بگەوزێنەوە، من بێدارم. لە دڵی خۆما وتم هەر خۆت، من ئەرکێکی ترم هەیە. هۆشی هەڵفڕییە ناو نوێنێکی گەرم. تەزوویەك لەسەریەوە هەڵقولا و مووچڕکەی پێ خست و لە پەنجە کەڵەیەوە دەرچوو. چاوی بڕییە لاکێشەیەکی سەرووی چاوی. پاڵی دایە تاریکاییەکەوە. فزەی لە خۆی بڕی.

(منداڵ بووم و پەل کێشیان کردم بۆ لای شێخی گەڕەك. دایکم وتی سەرشێتە و قسە لەگەڵ ئەوانگەل دەکات. شێخ فەرمووی لە من ئاقڵترە، بەڵام دێوانەیی هەڵکەوتووە..).

لە ناو لاکێشەکەدا، سێبەری دەستێك ئەگریجەیەکی شانە کرد. چاوم لەو هێڵە ڕووناکییە بوو کە لە نێوانیاندا، لە سێدارەیان دابوو. ئەو تفێکی مزری قووت دا. دەستە سێبەرەکە کەوتە گەشتکردن. تەرازووی چاوی ئەم خوار بوو. لە ناکاو، لە ترپەی پایەك ئاوڕمان دایەوە. جێ گۆڕکێی کرد. ترپەکە ئاوا بوو. تۆڕی چاوی هەڵدایەوە بۆ ناو دەریاچەی لاکێشەکە. جووڵانەوەیەکی بەدی کرد. کۆڵانەکە مەیی بوو، من گوێم لە بێ دەنگی گرت. دەستە چەتوونەکە لەکاردا بوو، شەو کراسێکی ئاودامانی دامالْی. وتی: ڕەنگە پەمەیی بێت هەر پەمەییشە. وتم: مەرج نییەو ئەی نازانی سێبەر ڕەنگ دەخواتەوە! هێڵی دەرەوەی بەژنێکی سفت و تەسەل ئارامی لێ بڕی. لێوی. لێوی خواردەوە. کرۆشتی. لە ناوەوەی جمانێك بەرپا بوو. ئالۆشی کەوتە پێستی. دەستی چەپی بۆ بینی برد وەك بابۆڵەیەك لە قورقوڕاگەیا گیر ما بێت. وتم: ئۆقرە بگرە، فوویەکی دەوێ. دیمەنەکە شەپۆلی ئارەزوویەکی پەنگاوی لە ناخیدا هەژاند. ئاو زایە دەمی. وتم: زۆر ئاو خواردنەوەش نیشانەی نەخۆشیی شەکرە. چاوی داگرت. شەوارە بوو. بە چاو نووقایی هەستێکی لەخۆی ڕاگرت. کە چاوی کردەوە دوو تیشکی تیژ لە شێوەی جووتێ سووژن بە چاویا چوون. چووە پێشەوە. وتم: مەترسە، گوڵ ئەستێرەن. چاوی لەگەڵ تاریکاییەکەدا ڕام بوو. پشیلەیەك کە لەبەری گرێژنەی دەرگایەکی شلۆقەوە بۆی کشا. میاو.. میاو.. میاو.. وتم: ئەویش گوربەکەیەتی.. میاو.. میاو.. مرمیاو.. میاوەکان دەروونیان لاواندەوە و بە سەدان ئاواز لە ناخیدا دەنگیان دایەوە. وتم: ڕەشەمێ بەهاری لە دوایە. چاوی تێیان چەقاند. خزانە تاریکایی دەرگاکەوە. وتمەوە: بەهاریش لەوەڕگای چاوە. ئارەزوویەکی خەستی لە سۆمای چاویا کۆ کردەوە و ڕەوانەی دیوارەکەی کرد. نا ئومێد بوو. وتم: تەنها مردن ئومێدی لەپاش ناکرێت.

لاکێشە ڕووناکەکە تواببووەوە. وایزانی تانەیەك بەر چاوی پۆشیوە بۆیە هەڵیان گلۆفت و بە خۆڕایی تەزبیحێ نەحلەتی بۆ شەیتانی نەگریس ڕەوانە کرد. وتم: چاوت شەش لەسەر شەشە، دیارە برسیتە؟

(کە منداڵ بووم هەستم بە تێر بوون نەدەکرد. بەڵام کە نیگارێکی جوانم لە گۆڤارێکدا دەبینی یان گوێم لە ئاوازێك دەبوو، هەموو شتێکم لە بیر دەچۆوە).

ستاری نەگرت و چاوی گوشییەوە. دڵی داخورپا. سێبەرێکی کۆماوە شێنەیی شانۆی پەنجەرەکەی شێواند. چاوی بوونە دوو بازنەی ڕێك و لکانە ڕووناکییەکەوە. وتم: نەموت! پاشەکشەی کرد و مت بوو هەر وەکو بەشێك لە دیوارەکە بێت.

(دیواری باخچەکەمان نزم بوو. هەر لە وێوە دەمڕوانییە کۆلیتی مامرەکانی دراوسێکەمان. لەوان وابوو کە چاوەڕوانی دەرفەتم دەکرد بۆ ئەوەی لیمۆ ترشەکانیان برنم. بۆیە چاویان لێم سوور دەکردەوە) دڵی بە گوێرەی سێبەرەکان کەوتە کوتە کوت. لە ناکاو، سرکە و دەنگێکی ئاڵۆز پەردەی گوێی لەراندەوە! هەناسەی سوار بوو. هەرچەندەش وشەیەکی فەرهەنگی نەبیست بەڵام چێژ گشت سێلەکاتی لەشی گرتەوە. هەستی بە لینجییەك کرد لە نیوەی خوارەوەیدا هالاوێك پەڕییە سەری و هەراسانی کرد بەجۆرێك دڕی بە تەشقی سەرمای دەرەوە دا. وتم: خۆت بگرە نەوەك... وتی: سەرمامە، بە ژیلەموویەکی خامۆشیش سرەوت دەگرم. سێبەرەکە فێی لێ هات و شێتانە کەوتە گەردش. وایزانی چاوی شەکەتە و تەفرەی دەدات. دیمەنەکە ماخۆلانی تێکەوت. دەنگێك لای ڕاستەوە سڵی پێ داینەوە. دوو تارمایی بە لارە لار نزیك بوونەوە. بە نەرمی کۆکی. ئەوانە دەنگیان پێش خۆیان خستبوو. چووە پێشەوە. وتم: دان بەخۆتا بگرە. جگەرەکەی بنا گوێی داگیراند و ڕۆمای سووتاندەوە. مژێکی لێدا. لە دڵی خۆما وتم مەگەر دیلێك مژی وا بدات کە مووچەی مانگێکی تاکە جگەرەیەك بێت! ئەویش لە دڵی خۆیدا وتی دیارە ئەمانە مەستن و بەدیم ناکەن. هەنگاوێکی بۆ چەقی کۆلانەکە هەڵبڕی.

– زەلام کێن؟

– هەر تۆ مابوویت ڕێگامان پێ نەگریت!

یەکێکیان دایە قاقای پێکەنین. ئەم دەماری هۆزایەتیی بزوا.

– ئەی بەم شەوە کارم چییە!؟

– قوربان تۆ حەسحەسی و بەس.

ئەوەی پێکەنی سیخورمەیەکی لە هاوڕێکەی دا.

– قوربان ئێمە بە پارەی خۆمان دەخۆینەوە، بۆ بەرۆکمان دەگریت؟

– دەخۆنەوە، ناخۆنەوە توونا و توون دەچوون.

ئەمجارە بە چوونە تریقانەوە.

– دونیایەکی سەیر و ئاڵۆزە.. کابرا بۆ قسە کردن قەدەغەیە!؟

– نا، بەڵام کردووتانە بە جەنجاڵ.

هەر دوو بەیەك دەم وتیانەوە:

– چی؟؟

– جەنجاڵ.. جەنجاڵ..

لە دڵی خۆما وتم جوانە، جوانە کاکی پاسەوان. باوەشیان لە یەکتر دا و دەنگیان یەك خستەوە:

– جەنجاڵ! ئەمەت لە کوێ هێنا؟

وتم: کات بە فیڕۆ مەدە، بۆیە وەڵامەکەی قووت دا. کەژاوە لارەکەیان کەوتە ڕێ. لەسەرگەی کۆڵانەکە دەمەوەرەکەیان بە تەوسێکەوە هاواری کرد:

– هۆ هۆ مام جەنجاڵ. لە گوێی گادا نوستووی.

ئەوەکەی تر وتی:

– سەردەمی مەستی و ژانە. دەتۆش ئەم سەرمایەت بەش بێت.

پەلاماری تفەنگەکەی دا. وتم: چەك مەرهەمی هەر برینێك نییە. شڵەژا و نەیزانی چی بکات. وتمەوە: ژانیان هەیە و دەروونیان کێڵگەی شێرپەنجەیە. هێمن بوو. پەستییەکەی بەقەد دیوارەکانا هەڵزنا. وەستایانەش بۆی کۆکی. هەر خۆی بە خۆی وت: ئای چەند ڕقم لە قسەو پیلە بازییە، خۆ دەڵێی ڕۆنی قازیان هەڵقوڕاندووە!! وتم: چونکە پاسەوانی. فەرامۆشییەکی هاتەوە و لە قوژبنێك لەنگەری بەست. چاوی هەڵبڕی و بزەیەك گرتی. سێبەرەکان لە دوا نەبەرد و ڕەودا بوون. گیانی بووە شارە مێرووڵە. جمگەی چۆکەکانی بە یەکا هاتن. دەرگاکان لەناو بۆتەی تاریکیدا تووابونەوە، شەو نزم بوو، ئەستێرەکانیش چاویان دەترووسکاند.

(ئەو شەوە خەوم زڕا، باوکم و دایکم چرپەیان دەهات. چەپکێ ڕووناکی دەڕژایە گۆشەیەکی ژوورەکەوە. ئەوان لە چرپە نەکەوتن. منیش داوای ئاوم کرد. باوکم وتی: ئەوە نەنوستووی!! دایکمیش وتی: لە کەیەوە بە ئاگایت؟! نەمزانی چۆن وەڵامیان بدەمەوە، بۆیە وتم: ئاو، ئاو..).

پەنجەرە ڕووناکەکە ملوانکەیەکی مرواری بوو لە چاویا دەدرەوشایەوە. هەڵماتی

چاوی بە خاڵێکەوە هەڵواسران. پەرچەیەکیش ڕووناکی لەسەر قۆناخی تفەنگەکەی ڕاکشا بوو. هەستی بەوە نەما کە پابەندی زەوییە، ویستی باڵ بگرێت، لوولەی تفەنگەکەی بە بڕبڕەی پشتیا چەقی. وتم: عەبباسی کوڕی فرناس دەناسی؟ وتی: پاسەوانە؟ وتم: نا، بەڵام لای پەسەوانێکی تۆ ئاسایی دیل بوو. وتی: بە خزمەتی نەگەیشتووم. ئاسمانی کۆڵانەکە ئێجگار نزم بوو. سێبەرەکەش لە چنگە پۆپان کەوت بوو. لە ناکاو زیقەی منداڵێك وەك پشکۆ بە نەرمە گوێیدا چزا. وتم: دە بیخۆ. دەستاوێژێك دوور کەوتەوە. لە ژێر چرا هەتیوەکەدا پاشکۆی کۆڵانەکەی پشکنی. هەڵگەڕایەوە.. تاریکایی کۆڵانەکەی پێشێل کرد و تەزبیحێکی تری نەحلەتی بۆ منداڵی گرینۆك نارد. تاریکایی وەك نەهەنگ هەردووکمانی قۆزتەوە.

٤

قوو ققو قوو قوو... کەڵەبابێك بانگی دا و لە ڕۆژهەڵاتەوە، چەترە ئاوسەکەی ڕۆشنایی باوێشکی دایەوە. ئەم چاوە خەواڵووەکانی لە داڵدەی پێڵووە شەکەتەکانیدا بۆ پشوویەك لە خول کەوتن. گزنگی خۆر ڕەنگی بە شتەکان بەخشی و جۆرە سێبەرێکی وەنەوشەیی لەسەر زەوی ڕۆکرد. دامێنی چەند هەورێکی زیوین، سوور هەڵگەڕا بوون هەر وەك زمانێك بن لە ئاگر. ئاسمان دەریا بوو، هەورەکانیش دوورگە بوون بۆ مەلەکردن خۆیان ڕووت کردبووەوە. وتم: هەموو لە پرخەی خەودان، تەنانەت دیوارەکانیش هەناسە دەدەن. سەرنجی دا. هێڵەکان خۆیان زیاتر دەرخست و ڕووناکییەکی نزم نەخشەی چیغ و هەورەبانەکانی دەکێشا. وتم: وا بەرە بەیانە. وتی: کاتژمێرم نییە. وتمەوە: کاتژمێرت نەبێ، خۆ ڕۆژگار لە خول ناکەوێت. وەڵامی پێ نەما. ئاوڕی لەخۆی دایەوە، سێبەرەکەی سەگێکی دڵسۆز بوو. دەنگێك لای پێ کردینەوە. بەخۆی وت: دیسان ڕێستن و سازندەییە! نیگای بۆ تێگرتن. پێشان وەك دوو خاڵی گەورە دیار بوون. بە خۆی وتەوە: ڕەنگە ئەوانیش من بە خەیاڵێك بزانن! وتم: لەوانەشە هەر بەدیت نەکەن. چاوی باز و گوێچکەی ئەسپی خواست.

– هەموو شتێك هەر دووە.. شەو و ڕۆژ...

– ئاسمان و زەوی.. مێرد و ژن.. ڕەش و سپی دووانەکە لەسەری ڕۆیشتن، ئەمیش گوێی هەڵخستبوو.

– زۆری تریش.

– بەڵام مردنیش دوو جۆرە.

– دەزانم، دەزانم.. ئاسایی و ..

ئەم لە دڵی خۆیدا وتی: دە سێرکە.. مردن هەر مردنە..

– مەبەستم لەوە نییە..

– ئەی؟!

ئەمیش لە دڵی خۆیدا پرسیارەکەی دووپات کردەوە.

– نیازم وایە کە بڵێم، مردوو هەیە نەمرە و هەمیشە لە یادماندا دەژین..

– تێ ناگەم.

ئەمیش وتی: تێ ناگەم.. وتم: ماوتە..

دەنگەکان لەو لاوە تێکەڵ بە شەقامەکە بوون. وتی: ئەم خەڵکە هەلاجی بە قسەوە دەکەن! وتم: نەموت هێشتاکە ماوتە! بێ دەنگ بوو. وتمەوە: ئەگەر گەنجینەی قاڕوونت هەبوو.. ئەگەر بانبانگیش بیت، بێ سوودە ئەگەر گیانت نەبوو. هەر بێ دەنگ بوو.. بەخۆی وت: شەمە لە مانگ یان لە حەفتە ببڕێت، ئەمانە وەك خەڕەك لە پیلەبازی و چەقەنەی خۆیان ناکەون! شەو و ڕۆژ داناکەسرین! ئای لەم دەوەن بەئاشە!!

خۆم پێ نەگیرا و لە کەوڵەکەی هاتمە دەرەوە. ئاوڕی دایەوە و منی بەرجەستەی لە تەك خۆی دی. وەك نەناسێك بە ڕووما هەڵشاخا. وتم:

– ژیان لەمە پیرۆزترە کە تۆ ناوی (دەوەن بە ئاشی) لێ دەنێیت..

سەری سوڕما. حەپەسا. کە زمانی دۆزییەوە. من لەوێ نەما بووم.

کوڵە مانگی ١٩٧٦

# مام وسوو

[باران دەباری] دەبوایە سەرەتای چیرۆکەکە بەو ڕستەیە دەست پێ بکات، بەڵام ئەو مام وسووەی کە لە سەرەوە بە پیتی قەڵەو نووسراوە، پەنجەی گۆبەندگی تێ وەردا. بۆیە بەم شێوەیە ڕێنمایی چیرۆکەکە بۆ ڕێچکەیەکی تر وەرچەرخاند.

پێشان خۆی لێم هەڵسووی. لە یەکتر دوردونگ ڕاوەستاین. گرفتەکەش ئێجگار بچووک بوو بەڵام ئەو دەهۆڵ و زورنای بۆ ژەند. دەبوایە ژمارە (١)ی لە پاڵ دابنێم و لە پەراوێزەوەش، بە چەند دێڕێك پەنجەی بۆ ئاراستە بکەم، وەك: [مام وسوو تاکێکە لەو چینەی کە بە ئارەقی ناوچەوان پێ خۆری خێزانەکەی چنگ دەکەوێت] کەچی ئەم کەللە ڕەقە، گشت ناوەڕۆکی چیرۆکەکەی هەڵگەڕاندە پەراوێز! منی ڕەنجاند و خۆشی مایە پووچ کرد. خۆ ئەگەر ئەمەیش نالەبار و نەگونجاوە، بەڵام بەڵگەم بە دەستەوەیە کە سەدەی بیستەم شتی نەشیاویش بە باو دەزانێت.. ئەی یاخی بوونەکەی مام وسوو! خۆی لەخۆیدا بەڵگەیەکی زەق و لەبەر چاوە. لە کۆتایی چیرۆکەکەشدا ویستم مام وسوو لادەم و لە جێگاکەی بنووسم (چیرۆکی پەڕاوێز) بەڵام لەبەر ئەوەی کە تووشی ئەم کەین و بەینەی کردم، تۆڵەی خۆمم لێ کردەوە و بەو شێوەیە لەوێ هەڵمواسی گرفتەکە لە سەرەتاوە لە کوێ سەری هەڵدا!؟

پێشەکی لەناو دوو کەوانەی ڕێکوپێك و بە پیتی هەڵبژاردە نووسیم (مام وسوو). پێنووسەکەم هەڵبڕی. کشامە دواوە. ڕوانیمە سەر و سیمای ئەو حەوت پینەیە، تەنانەت نیوەشی بزوێنە! مام وسوو زەردە بزەیەکی هەڵوەراند. خۆم لێ گێل کرد. نووسیم، ببوورە، بۆشایی وشەیەکم جێ هێشت و ئەوسا نووسیم: (باران دەباری...) ئاکامەکەشی خۆت دەیزانی. بەڵام هەر بۆ مێژوو جارێکی دیکە تۆماری دەکەمەوە. وەکو وتم کە گفتوگۆکەمان چەکەرەی کرد و بگرەو بەردە، منیش تەنیا لەبەر ئەوەی سەری تۆ نەیەشێنم، لە کەلی شەیتان دابەزیم و قایل بووم بەوەی ژمارەیەکی بۆ دابنێم و لە پەراوێزیشەوە ڕستەیەکی وای لەسەر بنووسم: [... سەرەڕای گرانیش، مام وسوو بڕێ منداڵی تولەیی، نان خۆری، خوانەناسی بەسەرەوەیە...] وا بزانم هەتاکو ئێرە، هەر بنێشتەکەی پێشوو دەجوومەوە، ئا بیرم کەوتەوە، مام وسوو لە ژمارە (یەك)یش یاخی بوو! داوای چی بکات باشە! دان بەخۆتا بگرە. ئا بەم جۆرە و بە باشی لایەنێکی ناوەوەیم

بۆ ئاشكرا بوو. نا، هیچ پێویست بە مێشك گوشین ناكات بۆ داواكەی ئەو. بەڵێ لەگەڵتام كە ناوەڕۆك شتی وای دەوێ، بەلام پەراوێزێكی چەند ڕستەیی، ئەو هەموو سووربوون و بەزمەی مام وسووی بۆچییە؟ دەی، با هەرچۆنێك بێت، هەتاكو لە پەراوێزەكەشەوە، پەراوێزی تر سەر هەڵنەدات، با نیازی مام وسووت پێ بڵێم، كە دەیگێڕمەوە وەختە بەسەر پشتا بشكێم لەبەر پێكەنین و ساویلكەیی ئەو. مام وسوو دەیویست لە جیاتی ژمارە یەك، ئەستێرەیەك لای چەپی دابنێم. ئا لەمەوە گەرای ناكۆكییەكەمان گەرمایی سەند و لە یەكتر پەنگاینەوە.

وتم: جا ژمارە (یەك)و (ئەستێرە) بۆ یەك مەبەست بەكاردەهێنرێن!

وتی: ئەستێرەكەم بەلاوە جوانترە.

وتم: ئێمە لە جوانی و ئیستاتیك نادوێین.

وەڵامی نەدامەوە. وتمەوە:

– ژمارە یەك مەبەستێكی پیرۆزی هەیە، ئەی بۆ پێشان قایل بوویت؟؟

وتی: ئەستێرەش ڕووگای شاعیر و دڵدارانە.

وتم: هەیهوو.. هەیهوو.. تۆش..

– ئارەزووی خۆتە.

– ئەمە دوا خواستتە؟

وتی دوا بڕیارە.

ئینجا من لایەنی بێدەنگیم گرت. كە زانی هەڵوێستێكی پتەو و نەگۆڕم هەیە – لە نێوان خۆماندا بێت، مرۆڤ هەڵوێستە– پاشگەز بووەوە. بەلام من ئەو خۆ پەسەندی و تەڵە مشكانییەی مام وسووم بە سانایی بۆ یەكالا بوو. پێنووسەكەم سپاردە باخەڵم. ئیتر ئەم چیرۆكەی تۆ تەواو ناكەم. ئێستاكە ئەوەی هەوێنی داخە ئەوەیە. ئەم مام وسووە ڕەمەكییە سەبارەت بە هەڵەشەیی خۆی، تۆشی لە ناوەڕۆكەكە كرد.

جارێكی تریش كەسێكی ترم لێ بووە نیسكی نەكڵۆك. من دەموت (كات ناوەستێ. پەیوەندییەكان لە گۆڕاندان. بۆیە دەبێ مرۆڤ بۆ پێشكەوتنێكی هەمیشەیی كۆشش بكات، نەك تەنها بەرەو بەرزی و بەریناتی و دەرەوە بەڵكو بەرەو قووڵایی و ناوەوە).

وتی: تێ ناگەم.

وتم: (کەوا بوو هەڵبەستێکت بۆ ئەخوێنمەوە. چونکە ئێوە مانان خەواڵووی سۆز و وشەن).

ڕەزامەندیی خۆی بە بێ دەنگی دەربڕی. منیش دەنگم بەرز کردەوە:

هەتا منداڵانی گەڕەك دێن بۆ یاری

ئەی دەریای شین

ئێمە هەموو ڕوو لە تۆ دەکەین.

وتی: بیبڕەوە، ئەمە کەی شیعرە!!

وتم: گوناهی من نییە.

جا مام وسووش چۆن بە ئاکام نەگەیشت، ئەمیش هەر وەها. ئەگینا نیمچە ڕستەی (باران دەباری...) سەرەتا و ئەستوندەکی بەهێز بوو. پاشکۆی ڕستەکەش وا کۆتایی دەهات.. (... سەرەڕای ئەوەش پەڵەی نەدا بوو..) بەڵام لەگەڵ مام وسوودا بڵێم چی! کە بووە مێملی گیانی خۆی و سەرەتا و پاشکۆکەی لە منیش سەرەنگوم کرد و ڕۆچنەکەشی جوانە مەرگ کرد!

حوزەیرانی ١٩٧٨

# مانگی سەوز

هەنگاوی هەڵێنا. سەرنجی خۆڵە پەتانەکەی دا. ڕێگاکە دوور هاتە پێش چاوی، ئێجگار دوور و پێچاوپێچ چەشنی گێژەنەی لێکدانەوەکانی بوو. سەرنجی ڕێگاکەی دا؛ زۆر دوور هاتە پێش چاوی، وەك پردی سیرات. هەنگاوی (نا).

[دەیگەمێ... بانگی شێوانیش بێت... ئۆف، گەرمەتا وەك برێشکە دەیبرژێنێ.. ئاخ.. دواییش وەك کوندەیەك ئاوی شەویی بەسەردا بکەیت.. هەنگاوەکانم.. وەك لە دووم نەیەن...].

لای چەپەوە لە پێدەشتەکەدا، دوو دار بەڕووی بینی. هۆشی بۆ ماڵەوە هەڵفڕی.

[لەرز و تا دەیچرووسێنێتەوە.. نووشتەکە بە سنجاقێك بە شانی چەپیا هەڵدەواسم و پەڕۆ سەوزەکەش لە مەچەکی توند دەکەم... مەچەکی ڕاستی وت یان...!؟].

هەردوو دارەکە ڕەگیان تێك ئاڵا بوون، لەناو تەنکاوەکەی پاییزی خۆیاندا مەلەیان دەکرد؛ هەردوو ڕاست بەرەو سنگی ئاسمان کشا بوون، دیسانەوەش لەو بەرزییەدا گەڵاکانیان یەکگیر دەبوون. ئاسمانی بانەوەشیان خۆڵەمێشی بوو. ئاوێکی سازگار لە جۆبارێکی سەرەوە بەرەو بەستەکە پەخش دەبووەوە. بە چاوی قرژاڵی دەکرد. ئاوەکە ئارامگای ڕەگ و سەرنجی گەڵاکانی دا. ڕوانییە ئاسمانی بان گەڵاکان.

[ئاسمان هەر شینە و گەڵاش...]. لە دامێنی ئاوەکەدا، هەرێزێکی پڕ قەراخی تەنکاوەکەی دەهۆنییەوە.

[خۆ ئاشگێڕێك ئاوی دەبێت ئەگەر...].

لەو لاشەوە، چەشنی تابلۆیەکی (مۆنێ) گولیلکە خۆڕسکە ڕەنگاوڕەنگەکان پێدەکەنین. بە تاسەوە ئاوڕی لە دوو دارەکە دایەوە. سەوزایی گەڵاکان لە تۆی چاویدا پشکووتن، خەملین، ئاسمان لە ئاوێنەی چاویا ڕەنگی دەدایەوە. چاوی خەرمانگەیەکی پەڵەی سەوز و شین بوو. چاوی بووە چیمەنێکی بەهار. گەڵاکان شینکار بوون. ئاسمان شینباوێکی خۆڵەمێشی بوو. بە گوڕتر هەنگاوی هەڵنا. سەرنجی ڕێگاکەی دایەوە. ڕێگاکە پێچاوپێچ و ئێجگار دوور بوو. هەستی بە برسێتی کرد. هەستی بە تینوویەتی کرد. لێوی وشك بوو. بینی وشك بوو. ئارەزووی گوێچکە نانێکی کەڕوایی کرد. ئارەزووی دڵۆپە ئاوێکی کرد.

هەناوی ئازاری دا. ئارەقی ناوچەوانی ڕێچکەی بەست و بەلا لووتیا شۆڕ بووەوە. تفێکی شۆرکاری قووت دا. دەستی هەڵبڕی. دەستی بۆ ناوچەوانی برد. ناوچەوان ئارەقی دەچکاند. لە ناوچەوانییەوە ئارەق دەهاتە خوار. بە دەستە هەڵبڕاوەکەی ئارەقی ناوچەوانی سڕی. دەستی داگرت. ناوچەوانی فێنك بووەوەو. فێنکایی ناوچەوانی گوڕی پێ دا و ناوەوەی باوەشێن کرد و گیانی زیاتر تەوژمی تێ کەوت. هەنگاوی بێ شوماری نا. ڕێگاکەی تەی کرد، بەڵام ڕێگاکە لە لوول خواردن و لە هەوراز و نشێوی خۆی نەکەوت. لە هەورازدا دەستی بە ئەژنۆیەوە دەگرت، لە نشێویشدا، پشوویەکی دەدا. هەوراز و نشێوی زۆری بڕی. لە یەکێك لەو هەورازانەدا، هەناسەی سوار بوو، ئاوڕێکی دایەوە. گەڵای هەردوو دارەکە لە شێوەی تاکە گەڵایەکی ژەنگاری زەبەلادا هاتە بەر چاوی. ئاسمانیش خۆڵەمێشی بوو.

[دەبێ گیانی نەدبێت؟ خۆ دایکی پارەکە بەڵای ناگەهان بردییەوە، گۆڕێکی نارێکیان بۆ هەڵکەند و بە چوار دەستە، پاڵیان خست. چاڵەکە- سەوزە-ی گرتە ئامێزی خۆی. چەند تاشە بەردێکی سووریان بۆ کردە سنووری ژیان و مردن و بە تۆپەڵە قوڕ سواخیان دا.. ئەوەش درزێکە.. قوربانە.. تۆپەڵێکی تێگرە.. کەڵەکەیان لەسەر کرد. خۆڵەکەیان ئاوڕشێن کرد. دوا کەس بووم کە ملم لە دێ نا، پاش ئەوەی چەند کوچك و پارچە شووشە و سەخسیم بە ڕاست و چەپی گۆڕەکەدا چەقاند].

هەنگاوی زیاتری نا. پتر ئارەقی ڕشت. تامی ئارەقەکەی شورتر بوو. بە پەنجەی شایەتمان ناوچەوانی سڕی. زەویش بەشێك لە ئارەقەکەی خواردەوە. سەرێکی هەڵبڕی. دوو دارەکە لە مەودای چاوی بەدەر بوون، تەنانەت خاڵێکیشی بەدی نەکرد. دوو دارەکە لە ئاسۆی چاوی ئاوا ببوون. سەری دانەواند. لە شارێکەوە لایدا. ملی ڕێگایەکی باریکی گرت. دڕك و دەوەنەکانی شێلا. ڕێگاکەش جاروبار دەزایی و تولە ڕێگای لێ دەترەکی. ئەم لە هەنگاونان نەکەوت. کێڵگەی مێشکی پڕ لە جرج و دەعبا. هۆشی لای خۆی نەبوو. هۆشی دەستاوێژێك پێش خۆی کەوتبوو. لە ناکاو.. وەستا! لای تخووبی دێیەکان جێ خەرمانێکی سووتاوی دی.

[نوشتەکەی مەلای پێ دەگەیەنم، ئەوساش خوا و پیاو چاکان] تەنها «ئەلحەمد» و «قولْوەڵا»ی لە سنگا بوو، دوو جار، سێ جار لەسەر زار هەڵیان خست، وەك پەرگەما بکات لێوەکانی تەتەڵەیان دەکرد. هەستی بە فێنکاییەك کرد. ڕووی گەشایەوە. تفێکی قووت دا. فەرامۆشییەك لە ناوەوەی ڕووا. گڕی دەروونی بۆ نەختێك دامرکا. خامۆش بوو. دوو

دارەكەی بیر كەوتەوە. سەوزییەك لە چەشنی قەوزەی بان گۆل، سۆمای چاوی داپۆشی. هەنگاوی بەگوڕتری نا. قەوزەكە وەك دێوجامە بەرچاوی پۆشی، بۆیە پای لە چینكە بەردێك هەڵەنگوت. هەستی بە ئازار نەكرد. هەستی بە داهێزرانی لەشی نەكرد. بەرەو هەورازێكی ڕك، دوا تەكانی دا. شینایی ئاسمان بەشێكی كەمی لە تابلۆكەی پێش چاوی گرتبوو، شینایییەكەشی خۆڵەمێشی بوو.

[خۆڵەمێش پاشماوەی ناو تەنوور و وەچاخە.. لەوەتی دایكی سمكۆ ماڵئاوایی كردووە.. تەنوورەكەمان ساردە و وەجاخیشمان هەو نییە و وە چاخزادەش...].

بیری لە هەژاریی خۆی كردەوە. بیری لە كەندووە بەتاڵەكەی پشت دەرگا شلۆقەكە كردەوە. هەناسەیەكی ساردی ئازاد كرد. دەستی بۆ نوشتە و پارچە سەوزەكەی باخەڵی برد هێمن بووەوە. تەزوویەك سەرتاپا لەشی داگیر كرد. ژێر كڵاشەكەی لەسەر زەویدا، دەینووسی.

[بە شەقڵە زلەكەی مام كوێخوا دەكات!]

پێكەنی. سەرنجی ڕێگاكەی دا. شوێن پای بە شەقڵی كوێخواكەیان دەچوو. زەردەخەنەیەكی كاڵ لە چەشنی پەپوولەیەكی وێڵدا تێزایە سەر لێوەكانی.

[خەرمان بەرەكەت.. ئەوەی هات بەشی خۆی برد. پاش قەرز و سەلەم، پێخۆرەكەمان، بۆ نەمایەوە..].

ئاوایی.. یەكسەر بەو دیو زوورگەكەوە باوەشی بۆ كردەوە. هەنگاوی گورج و لەزگینی نا. ڕێگاكە لە گیانەڵا دابوو. ڕێگاكە پووكایەوە. ڕێگاكە خۆی بە ڕیزێ خانووی قوڕەوە گرێ دا. شاتووی شەخسەكەی لای ڕاستەوەی بەكاتی تیژڕوو پێدەكەنێ.

[دە تۆش هیمەت و پەرجووی خۆت بنوێنە].

ناوقەدی شاتووەكە، بزماررێژ كرا بوو، بزمارێكی گەورە پەڕۆیەكی سەوزی پێوە بوو. پەڕۆ سەوزەكان بە قەرسیلێك دەچوون كە تازە چەكەرەی دابێت.

[گوایە دەڵێن دیمەنی قەرسیل بۆ كەم بینایی لە خۆی باشتر نییە!!].

شەقاوی بەرینتری نا، هەرچەندە ڕای نەكرد بەڵام بەگوێرەی ڕاكەرێك دڕی بە ڕێگاكە دەدا. خانووەكان بە ڕایەڵی لار و خێچ سەرەڕا كرابوون. كەسێكی وای نەدی كە لە تۆی چاوەكانییەوە، شتێك بخوێنێتەوە. كە یەكەم هەنگاوی نایە ئەو دیو ئاستانەی

ماڵەکەیان، لە دەنگی چەمەرە و لەخۆدان داترووسکا و ڕاچەنی. هەناسەی سوار بوو. ویستی بگەڕێتەوە، نەیتوانی.

[منی بێ نەوا و هەش بەسەر ڕوو لە کوێ بکەم؟ لە کێ بکەم!].

دستەوەستان ڕاوەستا. دۆش داما. پاشان لە چەقی خۆی وەك تەشی خولایەوە.

[گەڵا هەر سەوزە و ئاسمانیش هەر...].

سێ کچۆڵە لەو لاوە خەریکی شلکێن بوون. دوو کوڕیش هەڵماتەکانیان لە چەرخ دەدا. بیری کردەوە. بیری گەشایەوە.

[ئاسمان کەی خەناوی دەبێت؟].

منداڵەکان واقیان وڕما و متەقیان نەکرد. دەمی پرسیاری ئاراستە کردن:

– ئێوە مانگی سەوزتان دیوە؟؟

تەمموزی ١٩٧٦

## پەین

دڵدار لە زمانی دڵدار دەگات. گێژەنی ناخم پەنگی خواردەوە. وێڵی کەسێك بووم وەك مرۆڤ بیدوێنم، وەك مرۆڤ گوێم بۆ شل بکات.

وتی: سارد؟

وتم: نا

وتی: چا؟

وتم: نا

-: ئەی؟

-: تۆ لەوانە گەڕێ.

تریقەی پێکەنینی لای چەپ و دەنگی دۆمینەی لاکانی تر هەراسانیان کردم.

وتم: هەتاکو تووشی دڵەکوتێ نەبووین...

وتی: بڕۆین؟!

هەستامە سەر پێ.

شەقامەکە نیمچە ڕووناك بوو. لە شۆستەی ئەو بەرەوە، سۆزانییەك چاوی کردبووە تۆڕ، چاوەڕوانی نێچیر بوو.

(بەدەم ڕێگاوە)

وتی: دیارە زڕە.

-: برالەی ئەو بنجەیە کە لە بەرەکەیمان خوارد!

وتی: ئاوی دەدەیت؟

-: ئەی چۆن!

وتی: مەبەستم بە ڕێکوپێکی.

-: ئا

-: ئەی جێگاکەی! هەتاوی دەگاتێ؟

-: بەڵێ. دار پرتەقاڵێکیشی لێ نزیکە.

وتیەوە: کەوابوو پەینی کیمیاوی بەکاربێنە.

-: ئەویشم کرد. چاڵێکی بازنەییم بۆ هەڵکەند و باشیش پاراوم کرد.

-: بە ڕاستی دار هەنجیرەکەت سەیر و سەمەرەیە! دەڵێی لە زانست بەدەرە!!

وتم: بەڵکو پەیوەندیی بە زانستەوە نەبێت!!

-: ... !!!

- دەڵێم بەڵکو دارێکی نەشازە و پەیوەندیی لەگەڵ....

-: ها، ها، ها. یەکجاری بڵێ پەیوەندی بە شانۆوەیە!

لە سەر گەی کۆڵانەکەدا پێکەنینەکەمان تێك ئالان.

***

(چەند ڕۆژێك پێشتر)

کیسەی پەینەکەم هەڵگرت. هاوڕێکەم لە بارەی پەینی کیمیاوییەوە وتی: پەینی کیمیاویی ئاوێتە بە زۆری لە نایترۆجین پێك دێت کە لە شێوەی نەتراتی سۆدیۆم و نەتراتی پۆتاسیۆم و نەتراتی کالسیۆم و سۆلفاتی ئەمۆنیۆم بەدار دەدرێت.

(ئەم ناوانە لە مێشکمدا وەك سەدان تەپڵی ئەفریقایی دەنگیان دایەوە) نایترۆجین هانی سەوزایی درەخت دەدات و بەرەکەی زلتر دەکات، بێجگە لە نایترۆجین (هاوڕێکەم لەسەری ڕۆیشت) فسفۆریش دەخرێتە پەینەوە لە شێوەی فۆسفاتی ئەمۆنیۆم و هاڕاوەی ئێسك و سۆپەر فۆسفاتدا، ئەمانەش گەڵاو ڕەگ و قەدی درەختەکە بەهێز دەکەن.

(لەو هەموو ناوانە تەنها هاڕاوەی ئێسك لە مێشکما جێگیر بوو چونکە وشەیەکی ئاسایی و خۆماڵی بوو).

سێیەم شت کە دەخرێتە پەینەوە، دەزانی چییە؟

(وەڵامی نەبیست. لە کێڵگەیەکی بەیاردا جووتی دەکرد) کالسیۆمە، بۆ ئەوەی درەختەکە، کلۆرۆفیل.. (بێزاریم لێ نیشت. بە تەوسێکی دەنگدارەوە وتم):

- هێشتا ماوە؟!

وتی ئاسن، ماگنیسیۆم، بیرۆن، سۆدیۆم، مس، زنك.. ئەمانەش یاریدەی ڕواندن دەدەن و بەرگری نەخۆشیش دەکەن.

(لە چایخانەدا)

باس هەر باسی دار هەنجیرەکەی من بوو:

– لەوانەیە نەمام بێت و هێشتاکە...

– خۆ دار پرتەقاڵ نییە بە پێنج ساڵ بەر بگرێت!!

یەکێکی تر دەمی کردەوە: دیارە زڕە و داری زڕیش...

– لە بەری دایکەکەیم خواردووە.

بێ دەنگەکەی لامەوەش هاتە پێشەوە:

– باشە بۆ پرسێ بە باخەوانێکی شارەزا ناکەیت. ئەمانە تاقیکردنەوەیان لە دەرچووی قوتابخانەکان زۆرترە.

وتم:

– ئاسانە.

هەستاین. لە دوو ڕێیانێکدا جۆ بڵاومان کرد. من ڕاست ڕووم لە ماڵی (مام ئەحمەد) کرد، زەردەخەنەیەك تێزایە سەر گۆنا سیسەکانی. وتم:

دەستم دامێنت مام ئەحمەد.

پەشۆکا.

– بۆ چی ڕووی داوە خوا نەخواستە!؟

– دار هەنجیرەکەم مام ئەحمەد دار هەنجیرەکەم.

هێمن بووەوە.

– دار هەنجیری چی؟

وتم: بۆ بەر ناگرێت!؟

پێکەنی. قاقای پێکەنینەکەی وەك لەناو ئەشکەوتێکدا دەنگ بداتەوە وا بوو. دەستی گرتم.

– دەزانی باشترین پەین بۆ داری وا چییە؟

بێ دەنگ بووم. هەر خۆی وەڵامی دایەوە:

– خوێنە.

– خوێن؟!

– بەڵێ. چاڵێك لە دەوری قەدەکەی هەڵکەنە، با ڕەگ و ڕیشەکانی بژێنەوە ئەوسا...

– ئەوسا چی دەخیلم!؟

– بەردەگرێت و...

هەر وەکو کیشوەری و ونبووی ئەتلانتیك بدۆزمەوە، گەشکە بووم. باڵم گرت.

– مام... خوات لەگەڵ...

قرچەی نیوەڕۆ گوێزانی دوو تیمساح بوو. بەرەو ماڵ تەکانم دا.

(لە ماڵەوە)

– دەی کێردەکەم بۆ بێنە.

– بۆ؟

– دایکی هەڵۆ چیت پێ دەڵێم وا بکە.

– ئاخر ئەم دابەستەیە ئازووقەی زستانە!

دانم چیڕ کردەوە.

– وەك پاساریی بەر بەیان چەقاوەسوو مەبە.

کێردەکەم لە مل دابەستەکەتوند کرد. خوێنێکی ئاڵ فیچقەی کردە ناو چاڵەکەوە. دارماڵ بوو. پرشەی خوێنەکە ناو قەدی پرتەقاڵەکەشی سوور کرد. چاوم بڕییە ئەو دوو ڕەنگە، سوور– سەوز. سوورێکی ئاڵ– سەوزێکی گەش. خوێنەکە بە چوار لادا تەشەنەی کرد. دایکی هەڵۆ نیشانەیەکی زلی سەرسوڕمان بوو. سەرم هەڵبڕی. بە مەچەك ناوچەوانم سڕی. ناو لەپم خوێناوی بوو. کێردەکەم خوێناوی بوو. پەڵەیەك خوێنیش وەك تابلۆیەکی سریالی لە شێوەی درنجێکدا خۆی بە دیوارەکەوە هەڵواسی.

– دەی گوریسەکە بەو سنگەوە شەتەك بدە.

– بۆ خۆتیش کەوڵی دەکەیت؟

– ئا

– تو خوا بۆ وات کرد؟!

– بۆ ئەوەی دار هەنجیرەکەمان ....

– ئەی زستان و بەهار!؟

سەرنجی چاوە گەشەکانی دایکی هەڵۆم دا. بزەیەك لە چەشنی پەپوولەیەکی تەریودا لەسەر لێوەکانی نیشتەوە.

وتم: لە زستاندا (سەمەنی) بۆ بەهار دەکەین.

ئابی ١٩٧٦

# هەشت و نیوی بەیانی - هەشت و نیوی شەو

چەشنس پارسەنگی تەرازوویەکی لار لە سووچەکەی دوێنێدا دانیشتم. پێکی چوارەمم هەڵدا کەچی کاری دوو پێکی پێشووی نەبوو. کات جووتێ دەستاڕی پێوە شەتەك درابوو. بیرم هەڵفڕییە ناو پۆلەکەوە. چەشنی ئەوەی بەردێك هەڵدێتە ناو گۆمی مەنگی هەستمەوە، تووشی ژان و دڵە گوشێ هاتم.

– قیام.

بینینم ئالۆسکایە دانتێلێکی ڕەشباوەوە. چاوە گەشەکانیان بە باڵامدا هەڵزنان. ناوچەوانم ئارەقێکی ساردی دەردا. تووڕەیەك بووە هەوێنی وشەکانم.

– دانیشن. ژیانتان باش.

لازار دۆلکەیەك سەهۆڵی بۆ مێزەکەی ئەولامەوە برد. بە پەنجەی دۆشاومژە، بانگم کرد. شێوەی پتی وەرگرت مەگەر لەخۆی ئاسایی بوەشێتەوە. تووڕەییەکەی بەیانیم (کە قەترانێکی ڕەش بوو) هەڵوەراند.

– نیو چارەکی تر و جاجیکێك.

قوتابییەکان مات و بێ دەنگ بوون. لە پەنجەرەکەوە نیگام هەڵدایە سەر شەقامەکە هەتاو گەردە زێڕی دەپژاندە قەد دیوارە قوڕەکان. وەرگەڕامەوە لای دەرگاکە. دوایی، لە نێوان دەرگا و پەنجەرە بێ تەلەکەدا تەراتێنم کرد. لە کۆگای مێشکمدا عەودالی ناوەڕۆکێك بووم کە نیگاری لەسەر بکێشن.

– مامۆستا. دارخورماکەمان بۆیاخ کرد. با نیگاری سێوێك بکێشین.

تۆڕی چاوم لە شووشە نەسڕاوەکەی پەنجەرەکەوە. چووبووە دەرکە. هاژەی کاروانێ ئۆتۆمبیل ڕایچڵەکاندم.

– لازار چەندی کرد؟

شەوێکی بێ ئەستێرە بوو. ئەتلانتیکی دەروونم تینووی دڵۆپێ ئاوی شیرین بوو. شەقامەکەم سەربڕی.

– ڕاوەستە.

لە بۆشاییدا هەڵواسرام. هیرۆشیمای چاوم نووقاند. لە باخەڵیشمەوە ناسنامەکەمم دەرکرد.

– نا نیگاری سێو مەکەن.. ئەمڕۆ..

ڕەنگەکان لەسەر تەختەکانیان پێدەکەنین.

دوێنێ شەو هەر لە هەمان سووچدا لەگەڵ سێ هاوڕێ باسەکەمان هاتە سەر ئیستاتیك و هێڵ و خاڵ.

وتم: خاڵ سەرەتای جووڵانەوەیە. هێمای لەدایکبوونیشە. ئەو خاڵە نەمرە کە دەکشێت بە لایەکدا، یان هێڵی ڕاست، یان هێڵی چەماوەمان پێ دەبەخشێت کەواتە جووڵانەوەکەی (جوانی) یە لای ئیستاتێك شوناسەکان.

قوتابییەکی هەراشی پۆلی شەشەم، گەرمایی خستە پرسیارێکەوە:

– مامۆستا، بۆ دیمەنی چیا دڵکێشە؟

– چونکە چیا لە هێڵی چەماوە پێکهاتووە بەڵام (بیابان) هێڵی ڕاستە.

هاوڕێکانم کشانە دواوە. چاویان ئاڕاستە کردە سەر ئەو ڕۆژنامەیەی کە لە داوێنییەوە، بۆچوونەکنم شی دەکردەوە. (کەوابوو هێڵی ڕاست جوانترە لە خاڵ. هێڵی چەماوەش جوانترە لە هێڵی ڕاست.. واتە مەسەلەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئیقاعی جووڵانەوەکە)..

– مامۆستا. ئەمڕۆ.. نیگاری چی بکەین؟

– ئارەزووی خۆتانە. هەست بە چی دەکەن ئەوە بکەن.

وتم: برایان پۆلی یەکەم ڕێنمایی قۆناخێکی دوورە. جا کارامەیی مامۆستا لەوەدایە مرۆڤایەتییەکەی خۆی نەدۆڕێنێت.

وتیان: دیارە پێوەری جوانی جووڵانەوەیە!!

وتم: وایە.

وتیان: کەوا بوو هەژان و گۆڕین جوانییە!!

تم: ئا.. ئێستا لە مەبەستم گەیشتن.

شێرکۆ، ئەمە نیگاری چییە؟

– مامۆستا قەتارێك ئۆتۆمبیلە.

هەستایە سەر پاو بە پەنجە ناسکەکەی مەبەستی ڕوون کردەوە.

– ئەی تۆ چیت کردووە؟

– باران.. ڕۆژێکی باران مامۆستا.

– باران!! کا تەنها چوارگۆشەیەك و خاڵی زۆر دیارە؟!

– مامۆستا ئەم چوارگۆشەیە تاکە پەنجەرەکەی تاکە ژوورەکەمانە.

– ئێ!.

– مامۆستا جەژنی ڕابردوو باران گەڕانەکەی لێمان شێواند، لە ماڵەوە حەپس بووم.

(باران.. سەرەتای وەرزێکی نوێیە، هێمای سەرهەڵدان و زیندوو بوونەوەیە، کەچی لای ئەم بەندیخانەی پەژاری و دیلییە!!).

لای قوتابییە بێ دەنگەکە لەنگەرم بەست.

– مامۆستا نیگاری کاکەم کێشاوە.

(هەیە زۆر بە ساکاری بۆ گرفتێکی پیرۆز و گران دەچێت، هەشە بە پێچەوانەوە، ڕێگایەکی دوور و ئاڵۆز دەگرێت بۆ دەربڕینی مەبەستێکی ئاسایی و ساکار) لازار لەوێ نەبوو. نیگاری منداڵەکانم لەسەر مێزەکە دانا.

– سەرنجی ئەم نیگارانە بدەن!

– خۆ لە پەڵەیەکی سوور بەولاوە، هەمووی ڕەشە!!

وتم: ڕەنگ زمانی پاراوی تابلۆیە. هەروەها وەچ و هەڵقولاوی ژوورەوەیە، بەڵام پرسیار ئەمەیە: بۆ ڕەشی هەڵبژاردووە؟

وتیان: مەگەر خۆی بزانێ.

– ئێوەش دەزانن ئەگەر هەندێك...

ئەو قوتابییەی (قیامی) پێ سپێردرا بوو پشتی لە هاوڕێکانی بوو، تەختەکەی دەسڕییەوە.

– ڕۆژتان باش.

ڕوویان گەشایەوە. وەك سەربازێك بوون کە نامەی ماڵەوەی پاش ساڵێك پێ گەیشتبێ.

– ژیانت باش مامۆستا.

تەختە خاوێنەکە پێدەکەنی. وتم: کێ دەنووسێت (دار)؟ پەنجەی ناسك بووە قامیشەڵان: مامۆستا. مامۆستا، مامۆ...

– وەرە تۆ.

– ئافەرین.

پرسیارێکی ترم چەشنی دومەڵ لە بەر لووتیان قوت کردەوە.

– باشە (دار) چییە؟

دەنگیان بووە حەمامی ژنان: دار درەختە، دار تووە، دار بییە، هەنجیرە... دار دارە..

تم: نەتان زانی.

واقیان ورِما. قوتابییەکی ساڵی پێشوو کە چاوەکانی وەك گوێزان دەبریسکانەوە وتی: مامۆستا.. پار خۆت وات وت!

هەناسەیەکی ساردم هەڵکێشا. سەرم دانەواند. بەرچاوم لێڵ بوو.

– وابوو.. بەڵام واتایەکی تریشی هەیە.

لازار خەندەی دەبەخشاندەوە و خۆی بۆ سێرفیس هەڵگرتبوو. چەناگەم نایە سەر لەپی دەستم.

(پەیوەندیی من و بیرکردنەوە، پەیوەندیی خۆر و تیشکە. پەیوەندیی چەم و سەوزییە. پەیوەندیی ئاسمان و ... پەیوەندیی دەریا و...).

– وەرە لازار.

(هێڵ لە ڕاستیدا ملیۆنەها خاڵی پێکەوە لکاون. سەرەتاکەی لەدایکبوونیەتی و کۆتاکەشی مردنیەتی).

– ئەی بازنە؟ خۆ سەرەتا و کۆتایی نییە!

بازنە لای من هێمای نەمرییە. ئایا دەزانن چ نهێنییەك لە بازنەدایە؟

قوتابییەکان چاوەڕوانی وەڵام بوون. چاوە گەشەکانیان ترووسکەی هیوایەکیان پێ بەخشیم. دەنگم نووسا بوو.

– ڕۆڵە شیرینەکانم.. دار خانووە،ماڵە.

– مامۆستا.. خانووی چی؟؟

– خانووی قوڕ.. گەچ.. دار.. خانووی.. سەرنجی یەکتریان دا، وەك لە وەڵامەکە دوودڵ بن! یەکێکیان گلێنەی چاوی لە بنمیچی پۆلەکە توند کرد. لەو جووتە چاوەوە، کانییەکی ئاوریشمی شینم بەدی کرد.

–ماڵیش هەیە ڕەشماڵە. منداڵانی وەك ئێوەش لەو قوتابخانەی ڕەشماڵ دەخوێنن.

– مامۆستا.! لە کوێ؟!

– لە فەلەستین.. لە هەر جێگایەك مافی مرۆڤ زەوت کرا ماڵ دەبێتە ڕەشماڵ..

منداڵێك نیگاری برا گەورەکەی کێشا بوو .

وتم: زۆر باشە، بەڵام پێی دەچێت؟

وتی: مامۆستا.! خۆ نەمدیوە.. تەنها دایکم باسی ئەوی بۆم گێڕاوەتەوە!

«ڕاستە.. ئەوان لە هەردوو وشەی «ماف» و «مرۆڤ» بە باشی نەگەیشتن. بەڵام لە کاتی خەستی وادا، زمان ئامرازێکی ناتەواوە بۆ دەربڕین» بۆیە لە پرسیاری قوتابییەکاندا وتمەوە:

مرۆڤ منم، تۆی، هاوڕێکانتە. بەڵام ماف....

زەنگەکە ڕستەکەی پساند و هەر ئەوەندەم بۆ کرا کە بڵێم:

– لە وانەیەکی تردا واتای (ماف)تان بۆ ڕوون دەکەمەوە.

تشرینی دووەمی ١٩٧٦

# بێدەنگیش زمانی هەیە

لەبەر دەرگای خەستەخانەکەدا، یەکەم ڕۆژی گۆڕەپانی کرێکارانی هاتەوە یاد [.. سەرت لە قورکاری دەردەچێت؟.. ئێمە مانان.. خۆمان لە لادێ، نیشتمان و لۆدەکا و کۆلیت دروست دەکەین.. ئەی چۆن! خۆ سوورکردنەوەی باڵەخانە دوو نهۆمەکەی ئاغاش پاییزان هەر بە من دەسپێردرا..]چووە ژوورەوە. دیوارەکان خاوێن. سپی بوون.. لەبەر چاوە خەواڵووەکانیدا چەند پەڵەیەکی سپی، ڕەشکە و پێشکەیان کرد. [.. گۆشتی گەردنی ئاغا شۆڕ بوو، چەشنی مارێك کە پاسارییەکی قووت دابێت.. ئەو ڕۆژە.. بۆ یەکەم جار ڕادیۆم بینی! خۆ لەبەر تاڤگەی حەیران و قەتار و ئای ئای خۆم لەبیر کردووە.. ڕۆژگارە! کە ڕوومان کردە شار، من و خەجە ئاوڕمان دایەوە، شەپۆلی گوڵە گەنمە زێڕینەکان تازە بووك بوون لە خەو هەستابن] وەك برسییەك کولێرە چەورە بەدی بکات، تەکانی دا. فەرهەنگی گشت زوبانەکانی لە وشەیەکی خەستدا کۆ کردەوە: ها؟! وەڵام تەزرەیەکی بێ ڕەنگ بوو بە ڕووی پزیشکەکانەوە. [ئەمانە.. مرۆڤ نین؟ دیارە مرۆڤایەتیی خۆیان قووت داوە!] چاوی نوقاند. شەوی ڕابردووی ڕەشتر. بینی [ناوی دەنێین پێشڕەو] دیوارە هیساوییەکان ڕەنگی کلیان هەبوو، ژوورەکەی خنکاند [کچیش بوو ناوی...] ئاسۆی دووریش دەزوویەکی گزنگی لە کەمەر خۆی دەئاڵاندەوە [... ناوی دەنێین ئاوات.. نا.. سمڵ خۆش نییە، هەر ئاوات باشە].

جوامێر – مەکۆی جووڵایەوە لەبەر دەرگاکەدا.

پزیشکەکان – برێ پەپوولەی لاڵی سپیین.

خەجە – فەرهەنگی ژانە.

ئاسمان – خۆڵەمێشییە و پڕشە دەکات.

ئەم – چاوی بۆتە زمان.

ئەوان – لە زمان کەوتوون.

دیسانەوە خەجە– بۆ ئەوەی زمانی خۆی نەگەزێت، دەستە سڕێکیان ئاخنیوەتە دەلاقەی دەمیەوە.

***

باران.. نم نم دەباری. ڕەنگی شتەکان گۆڕان. چاوی بووە خەرمانێکی پەلکە ڕەنگینە. گەڵا و گوڵدانەکەی سووچەکە لە چاویا بوونە پەڕی تاووس. لەپڕ! هاوارێك وەك کارەبا، ڕایچڵەکاند [هەفتانەیەکی پێشەکیت بۆ چییە؟].

دەرگاکە درزێکی تێ کەوت و تیغێکی ڕووناك لە ئاوێنەی چاویا ڕەنگی دایەوە. بە پرتە و هورووژمی برد. [... مانگی خۆیەتی و...] ڕووی سەرینەکان شینێکی ژەنگاری بوون. هەردوو لێوی خەجەش دوو لەتە لیمۆی گوشراوی بەر سێبەر بوون. هەنگاوی نا. هەستی ڕاگرت. سەری هەڵبڕی. سێبەری ئێشێك لە ڕوویدا شین بوو. کات چەشنی جووتە هەڵماتەکەی چاوی لە خول کەوت و ژوورەکەی لێ ببووە دەشتاییيەکی سەهۆڵبەندی.

[.. چەند هەفتانەیەکی تری لێ داوا دەکەم.. پاسکیلەکەشم دەفرۆشم] دەمی کلۆم بوو. [ئەی ئەگەر بە هانامەوە نەهات؟ ئەی نەیبوو؟] لە تۆی چاوە مەڕییەکانی بەرگ سپییەکانەوە، هەموو شتێکی بۆ ڕوون بووەوە. وەك لە ڕێی کاکێشان بگەڕێت، گلێنەی لە خاڵێکی بنمیچی ژوورەکە چەقاند. [ئەم نەریتە کۆن و بێ جێیە کەی لادەچێت؟ خۆ...] هەناسەیەکی سەدجای دەرپەڕاند و سەرانسەری ژیانی خۆی بە گوشراوی لە سۆمای دەرزییەکدا بینی [من نایکەم و چی دەڵێن با بیڵێن] دوو تۆڕی چاوی لکانە چڵێکی سەوزەوە کە لە شووشەبەندی ژوورەکەوە سەرەتاتکێی دەکرد، دڵۆپە نەرمەکانی باران گەڵای چڵەکەیان قورس کردبوو، بۆیە لە دۆخی خۆیان شۆڕتر بوون [نا.. نایکەم..] بێ دەنگییەکی ئەفسانەیی ژوورەکەی پۆشی. جوامێر ویستی بدوێت؛ کاسەی سەری شانۆیەکی بێ کۆتایی وشە و پیت بوو، بەڵام نەیتوانی. وشەکان لە سەهۆڵبەندی گەروویا ماسیان و تەنانەت پیتەکانیش لە بێنیا تاسان. [با لە منەوە دەست پێ بکات] لە ناکاو، ساواکە بە کوڵ گریا .. هەر وەکو هیوایەکی پرتەقاڵی لە ناخیدا ببزوێت، کۆرپەکەی لە ئامێز گرت.. تێر تێر گۆنا ئاڵەکانی مژی. هەستی بەوە کرد کە لە جێکات بەدەرەو کێشی نەما! بۆتە پەڕی قوو، بۆیە دیدەکانی کە وەك دوو کانیاوی بەر مانگە شەو ڕوون، لە پەنجەرەکەوە چوونە دەر، پزیشکەکان وەك پەیمانیان لەسەر بێدەنگی گرتبێ، بە سەرسامی چاویان گوێزایەوە بۆ ئەودیوی پەنجەرەکە. ئا لەم کاتەدا، بێچووە پاسارییەك بە باڵەفرکێ، لەم چڵ و بۆ ئەو چڵ پەروازەی دەکرد. لەولاشەوە گوڵێکی ئاڵ ملی کەچ کردبوو. [خەجەم لە بریتیی نازەی خوشکم سەند.. کە زاوا بووم و خوێنی بووکێنییەکەم ئەم دەست و ئەو دەستی کرد، قرمەی برنەو مەلی ئاوێنەی ئاسمانی تارانە.. لە دوورەوە بە مستێ جۆی قەڵەو دەچوون.. ئای باوکە ڕۆ کێ ئەم کۆرپەیەم بۆ بەخێو دەکات پاش خەجە؟!] جوامێر چاوی لە چاوە ئەبڵەقەکانی ناو ژوورەکە بڕی و کۆمەڵێ شتی بە بێ دەنگی وت؛ کە لە دڵیا دەکولا، بێ ئەوەی متەقیش بکات کاومی دڵی خۆی ڕشت. ئەوسا هەستی بە ختووکەیەك کرد وەك کتکێکی دەستەمۆ ژێر پای بلێسێتەوە، هیوایەکی باڵداریش سەرتاپای گرتەوە.

کانوونی یەکەمی ١٩٧٦

# ئاوێنە

ئاوێنەیەکی گەورەکەرەوەم بەدەستەوەیە. ڕایەڵی بیرم دەپسێ و چاوی ماسییە بزۆکەکان لە بیلبیلەی چاوی خۆما دەبینم.

[لە ڕۆخی ئاوەکەدا ماسییەکان لەسەر ڕۆژنامە کۆنەکەدا هەڵدەپەڕین] دەڕوانمە خۆم. زۆر شت هەیە، بە ڕاستە و پرگال و تەرازوو پێوانە ناکرێن، بەڵام هەستیان پێ دەکەین وەك هەر قەبارەیەکی تر، وەك هەر بەرجەستەیەکی تر. ژیان هەناسەی هەیە. هێزێکی نهێنی لە دەرەوە، پاڵەپەستۆی خۆی دەخاتە سەر گیانم و بەرەو ژوورەوەم دەئاخنێ بۆ ئەوەی گوێ لە ئیقاعی ئەو شتانە بگرم و مەبەستە پیرۆزەکانیان هەڵچنم. کە دەڕوانمە ئاوێنەکانم؛ خۆم بەو کەسە دەزانم کە لە مرواری دەگەڕێت. ئەنجامیش.. شادییەك دەمگرێت. فەرامۆشییەك دەروونم ئاوڕشێن دەکات.

سەرو گوێلاکم ئاساییە. ئیتر بۆ ناووناتۆرەم بۆ هەڵدەبەستن؟!

[بۆ دووەم جار کە کیسەڵەکە، ئاوەکەی لێخن کرد و کرمەکەشی خوارد، ئاگرۆکەیەکم لەسەر پشتی کردەوە. هەر چییان لە دەست دێت با بیکەن، خۆ من نەورۆزی خۆم کردەوە].

بەڵێ. ماسی و ئاویان وتووە. مێژووش لە ئاوێنەوە دەست پێ دەکات. دەڵێن سۆمای چاوی پیاو، یەکەم ئاوێنەی ژنە. دیارە یان من نائاساییم یاخود ئەوانەی دەوروبەرم لە گوێی گادا نوستوون. مرۆڤ چیای بەفرە. بەشەکەی ژێر زەوی چەندەهای بەشەکەی دەرەوەیەتی. دوێنێ لەسەر کەو و کەوبازی، ئەوەندەی نەما، لەگەڵ یەکێکدا، دەست بدەینە یەخەی یەکتر. ئەو دەیوت: باڵندەیەکی ئێسك سووکە و قاسپەی شەنەبای دڵ دەکات. من دەموت: ڕوخساری دەرەوە فریو دەرە، تەفرەمان دەدات. خۆ بەو دەنگە خۆشەی دەیان لە هاوڕەگەزەکانی خۆی بۆ ناو تەڵەو داوی ڕاوکەر دەکێشێت.

دەڵێن لە نۆ بەش، هەشت بەشی بەفر ژێر ئاو دەکەوێت. لەو قسەیەك و لە من قسەیەك لە یەکتر دوردۆنگ وەستاین. مرۆڤ تامەزرۆی ئەو هەستەیە کە بەرەو دۆزینەوەی مانا شاراوەکان دەیبات. لە پێشانگایەکدا. تابلۆیەکی سەیر و سەمەرەم دی! ماسییەکی گەورە ماسییەکی بچووکی قووت دابوو! قووت دراوەکەش ماسییەکی وردی قووت دابوو! تابلۆکە ناوی –سێ ماسی–ی لەژێر نووسرا بوو.

[قولابەکەم هەڵدا و چاوەنوارِی تەپەدۆرەکە بووم. دارگەزێك سێبەری بۆ ترشۆکە و زەلەکان ڕۆ دەکرد. ڕێچکە ئاوەکە دارێژراوی زیو بوو. لەژێر پەڵە ڕووناکییەکاندا، ماسیی چاو زیت خۆیان دەخزاندە ژێر بەردە نوێژەکەوە. شەپێ ئاوم بە ڕووما دا. ئاوەکە شڵەقاو ڕوخسارم لەناو بازنەی شەپۆلەکاندا توایەوە... هەستام. ئەم دوو سێ کرمەش با بۆ ئێوە بێت.. کیسەکەم ڕۆ کرد.. چاوم هەڵبڕی.. بژارچییەکی قشتیلانە کە لە پرێکەوە هاتە دەر. چارۆکەیەکی ئاڵی لە مل بوو. سەرنجی دام. سەرنجم دا. چەشنی باڵندەیەکی ناو گزنگی خۆر ڕووی گەش بوو. دەی کرمەکان بخۆن.. زوو گەورە بن. بەڵکو لەم تەنکاوە ڕزگار دەبن.. چاوم هەڵبڕییەوە، ئەو چاوی ترووکاند. ماسییەکانیش هەڵاتن. بۆ دەتارێن؟؟.. فەرموون، کرمەکان بخۆن، دەی، جارێکی دیکە شتی خۆشتان بۆ دێنم.. ئارەزووی چی دەکەن؟].

****

دووان تاوڵییان دەکرد. هەستم بە نارەحەتی کرد. یەکەمیان ڕووی سارد بوو وەك مردن. ئەوی تر چاوی بە قلە تریێ دەکرد. لاقم نایە سەر یەك و دوایی ئاڵوگۆڕیانم کرد. دەستم بۆ باخەڵ برد. ڕوو ساردەکە لێوێکی منداڵانەی هەبوو؛ کە زاری هەڵدەدا هەمیشە دەیوت: دەی دوو شەش، دەی چاو ڕەش. کەچی بۆی نەهات. باڵا ڕووانەکەی گازینۆکە سەرنجی دزیم. یەکسەر هەر وەکو دەلاقەیەکم لێ والا بێت، خۆم لە کات و جێگایەکی تردا بینی. مەودایەکی پێنجەمم لێ کرایەوە. باڵندەیەکی سەوز بووم لە ئاسمانی لاجیوەردیدا، هەڵدەفڕیم. پەلکەڕەنگینەی بەر چاوم چواردە ڕەنگی هەبوو. ناخی زەویم دەبینی. ئەستێرەکان نزیك بوون. گوێم لە ورتەی درەخت و هەناسەی مێرووەکان بوو. لە ناکاو! دەنگە گڕەکە ئەو جیهانەی لێم تاراند. دوو شەش، دوو شەش. دەنگێکی هەڵامەتاوی بوو. دیقم کرد. سپڵم ئاوسا. وتم: بە هیوای دوو شەشەوە بیت؛ ئاوی چاوت دادێت، باشتر وایە داوای پشیلەی بێ سمێڵ بکەیت. مۆڕ بووەوە. هەستی بووە هەستی تاوێر. ئەوەندە مابوو کاوی دڵی خۆیم پێ برێژێ و نەردەکان بە ڕووما هەڵدات! هاوڕێکەی نەبزوا. گونیەیەك خەڵووز بوو! خشتێك بوو لە دیوارێکی ڕووخاو! هەستام.

ڕووم لە دەرەوە نا.

[تەپەدۆرەکە جاروبار دەلەرزایەوە. هەناسەم سوار بوو. مەترسن. مەترسن خۆ ناتانخۆم. دەی لە کرمەکە بئاڵێن.. ئە.. ئاوها.. کشامە دواوە قامیشەکەم ڕاوەشاند].

ئاوێنەیەکی بازنەییم دەرهێنا. لە پێشەوە، لە لاوە ڕوانیمە خۆم. تەوێڵم چەند هێڵێکی

تیٚ کەوتووە! قەیناکات.. دەمم کردەوە. سی و یەك ددانەکەم پشکنی. پەنجەم بۆ کەلەبەری دانە هەڵکێشراوەکە برد.. ئای ئەو دانە کەلۆسە چەند ئازاری دام. پرسیارێك بۆتە مایەی ماخۆلانم. ئایا من نائاساییم! یان ئەمانەی دەوروبەرم لە بازنەیەکی خێچدا دەخولێنەوە؟ مەدام (بەتەرفلای) چۆن چاوەڕوانی مێردەکەی بوو، منیش وەکو ئەو چاوەڕوانی ئەنجامی ئەو پرسیارەم. بۆ نا؟! ئەی سەدەکەمان، سەدەی ڕەوانبێژی و ژاوەژاو و جاڕدان نییە؟ ئەی هەموو خۆمان بە نەوەی شیشرۆن و میرابۆ نازانین؟ گشت دەمەوەر نین وەکو چۆلەکەیەکی بەر بەیان؟ دەڵێن ئەوەی لە ئاو بدات تەڕ دەبێت. ئەم پەندە بێ گومان بەجۆرێکی پێچەوانەیە لای ماسییەکان. جا خۆزگە.. کاشکی.. بریا زمانی ماسیم دەزانی. خولیای ماسی گرتنم لە دەمێکەوە دەست پێ دەکات. چەشنی ئەمەی هێزێکی نادیار هانم بدات، شتومەکی پێویست هەڵدەگرم و ڕوو لە گۆلاوی –خدر زیندە– دەکەم. دەڵێن گوایە دەستێکی سەوزە! لە هەر جێگایەك ئامادەیە! لە بازاڕ. لەناو مالان، لە بێشەلان، لە دەشت و کەژ، لە ڕۆخی زێ و کەناری دەریاکان. دەڵێنیش گوایە پەلی خنکاوان دەگرێت و هەڵیان دەداتە سەر زەوی! ئێمە مانان سەرەڕای جیاوازی ڕەنگ و بڕوامان، لایەنێکی ڕەسەن کۆمان دەکاتەوە، ئەویش لاوازی مرۆڤایەتیمانە، کە هەمیشە ناوەوەمان بە ئاوریشم دەپۆشین و بۆ بارێکی دیکە خۆمان ئارایشت دەکەین، جا کۆمەڵێك درۆ و فیز و تەڵەکەبازی و نەزانی هەر وەکو جالجالۆکەیەکی نەگریس سەرتاپامان لە تەونێکی لینج دەئالۆسکێنێ.

ئێستا. کات کیسەڵێکی شەل و بیمارە. لە توێ ئاوێنەکەوە، دیمەنێکی لەسەرخۆی «خدر زیندە» لە بەر چاوە. پریاسکەکەم ، ڕێگاوبان، پەنجەم کرمێکی لاسار لە نووکی قولابەکە هەڵدەکێشێ، قاقلە جنۆکەیەك تیشکی خۆر دەگێڕێتەوە.

خووەکەش چەند ساڵێك لەمەو بەر، لە دێیەکەوە دەست پێ دەکات، کە بووم بە مامۆستای بڕێ منداڵی ڕەش و ڕووت. ڕۆژانی هەینی کەرەستەکانم ئامادە دەکرد و تاکو زەردەپەڕی ئێوارە لەوێ دەمامەوە. وا ئەم یادگارانە وەك ڕووبارێکی بەگوڕ، بەڵکو وەك تاڤگە، دەڕژێنە دەریاچەی ئێستامەوە. لە یادم نییە کێ وتوویەتی: ″ئەوەی هەست بە شێتیی خۆی بکات لە گشت کەس هۆشمەند ترە″ دیارە ئەویش وەکو من تووشی گرفتەکە بووە. وا دەڕوانمە ئاوێنەکە، هەردوو بڕۆم هاتوونەتەوە یەك. کتێبێك پەڕەکانی بە دەست بای پەنجەرەکەوە هەواسان بووە. هێڵەکان لە بەر چاوم فێیان لێ دێت. دەلەرێنەوە. دەست بە ڕووما دێنم. چاو هەڵدەگلۆفم. چاو دەنووقێنم. خۆ جار هەیە خەو بە شارێکی

ئەوتۆوە دەبینم کە هەموو دیوارەکانی و بنمیچەکانی شووشە و ئاوێنە بن. هەست لە خۆم ڕادەگرم چەشنی ئەفرۆدێت کە دەڕوانێتە جامەکەی واتە ئاوێنەکەی دەستی. یان وەکو – نرسیس– کە ڕوخساری خۆی لە لاپەڕەی کانیاوێکی ڕووندا دەبینی. بەڵام هیچیان نیم!! جووتێ چاوی وێڵ. ناوچەوانێکی ئاسایی کە چەند دڵۆپێك ئارەق بە چوار هێڵەکەیدا هەڵواسراوە. وشەکانی نەنکم لە گوێمدا تۆمارە. دەیوت: ئەوی زۆر سەیری ئاوێنە بکات، ئەوانگەڵ دەپەڕنە سەری و....

زۆربەی تابلۆکانی بیکاسۆ نائاسایین. ئەو چەشنی خوایەکی بچووك، دەم و چاو و گوێی بۆ زیندوەرەکانی دروست کردووە. جۆرنیکا.. کیژۆڵەیەکی ئەڤێنیون.. منیش ڕووم تەنها گۆشت و ئێسقانە، کەواتە ئاسایيم. بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییەش، هەر تاڵە موویەکی سەرم، بن هەنگڵم، ئەویم، شایەتی دەدەن... بەڵام، شەپۆلێك، بەڵکو لافاوێك لە ئاگایی وەکو ملۆزم بۆتە دوژمنی گیانی بە گیانیم. چۆن خۆم لە زەلکاوی کێم و قەوزە و ژەنگ بپارێزم؟

[لە ڕۆخی ئاوەکەدا چوار مشقی دادەنیشتم. هۆشم ئاڵاوگێڕ دەبووەوە؛ بەرەو ناوەوە؛ بەرەو پێشەوە. ئایا من ماسی گرم و ئەوانەش ماسییەکانن؟ یان بە پێچەوانەوە، خۆم ماسییەکەم. باشە کێ دانە خۆرەم بۆ ڕۆ دەکات!؟ کێ سەری داوەکەی بەدەستەوەیە؟].

بە لامەوە هیچ مەلاسێك نییە بۆ هەڵهاتن لە چنگی ژیان. خۆ کوشتن بەزینە.. ترسنۆکییە. خۆ دوورە پەرێز گرتن مردنێکی لە سەرخۆیە. خۆ گێل کردنیش کەوڵ داماڵینە. پرسیارێك هەیە وەکو کۆپلێیەکی گۆرانی قوت دەبێتەوە.

[لە سیمفۆنیای نۆهەمی بێتهۆڤندا موسا دەچێتە کێوی توورو دەمی پرسیار لە خوا دەنێ].

پرسیارەکە ئەمەیە: پەپوولە خۆی هێرش بۆ ڕووناکی دەبات؟ یانیش، ڕووناکییەکە ڕایدەکێشێ، بەرەو یەك ئەنجام!؟ بەفر دەباری. زستانێکی زەمهەریر بوو. لە کوانگەکەوە، پشکۆیەکم بە دوو پەنجە هەڵگرت. چێژێك پەڕییە گیانم، کەچی نووکی پەنجەکانم، وەك دەرزی ئاژەن بکرێن، ئازاریان لێ دەتکا. من ماسی دەگرم. قولابەکە بە کرم و هەویر دەڕازێنمەوە [دیمەنی خدر زیندە دووبارە دێتەوە بەر چاوم] جا بۆچی ماسییە بێ فامەکان بەو ڕووکەشە فریو دەخۆن؟ هەر یەکەیان خۆی بە بەختیار دەزانێت لە قۆزتنەوەی کرمەکە! ها.. ها.. ها.. بەش خوراویش خۆی بە چارە ڕەش دەزانێت ها.. ها..

هـا.. بـەلای مـنـەوە. بـەربـەرەكـانـی لـە جـیـهـانـی بـێ هـاوتـای مێشك دایـە؛ بـەر لـەوەی زۆرانبازییەكە خۆی بەسەر جیهانی ماددی شتەكان و كرداری ڕۆژانەدا بسەپێنێت. جا بە پێوانەی ئەم موعادەلەیەش هەڵوێستی مرۆڤ، كوتومت ڕەنگدانەوەی ئەو درامایەی ژوورەوەمانە. دەستم دەبرم گەر وا نەبێت. جا كڵۆڵی لەوەدایە كە ئەو دوو جیهانە –دەرەوەو ژوورەوە– هاوشانی یەكتر ڕێ نەكەن. كە ئارەزوو خنكێندرا، ژان دەست پێ دەكات. هەڵوێستێك بەرهەڵست كراو دژەكار دێتە كایە. بۆ نموونە: كاكیلە كەڵۆسەكەم خەوی دەزڕاندم. ژووری پزیشكەكە نائاسایی بوو. دەرگاوانەكانیش بە یاساوڵی دۆزەخیان دەكرد.

[دیمەنێكی بەپەلەی ڕووداوەكەم لەبەر چاوە، بێ دەنگ وەك فیلمە كۆنەكانی شاپڵن].

وتم: ئەمەیان دێشێ.

ورتەیان لێوە نەهات. دەرگای ژوورێكی تاریكیان بە پەنجە كەڵە نیشانم دا.! كەرەستەی سەیرم بینی!!

دووانیش پەلاماریان دام بۆ ئەوەی كاسەی سەرم بخەنە ژێر ئاوێكەوە!! هاوارم كرد.

– بۆ ئێوە مێشكم دەشۆنەوە!؟

بێ دەنگییان قووت دابوو. قیڕاندم:

– ژانەكە لەسەرم نییە.

بێ سوود بوو. بۆیە بەر لەوەی بێنە دەست، من وەكو –ئاریلی– خوای با، خۆم ڕاپسكاند. ئاورم دایەوە. دەرگاكە كڵۆڵێكی تری قووت دا.

[ماسییەكانم لە دەفرێكی تەنیشت خۆمەوە دانا. وام هەست كرد كە لە دەرەوەی خۆمدا دەژیم].

بەڵێ.. ئازار لەوەدایە كە مرۆڤ پووك بێت، لە ڕووی ئاوا بێت. ون بێت.

[ماسییەكان ملكەچ بوون.. داكەسران.. ڕووی ئاوەكە، بە تیشكی خۆر هەڵشێلدرا بوو. یەك دووانێك لە هەڵبەز و دابەزی خۆیان نەكەوتن، بە هیوای ژیانەوە مابوون! پوولەكەی ژێر سكیان وەكو ئاونگ دەبریسكانەوە. لە دوورەوەش، ئەسپێكی شەو دێز حیلكاندی، گوێچكەكانی كرد بە ڕادار. ئەوەی زوو قایل بوو بە چارەنووس بووە شامی ئێوارە. ئەوەشی هەرگیز دانەكەسرا؛ هەڵم دایە ناو ئاوەكەوە. برۆن خۆتان و هەینییەكی داهاتوو. پردێكی دارین لەو ئاقارەوە، بەشێك لە ئاوەكەی سەر دەبڕی].

ئەوەی ئەمڕۆ ڕوو دەدات، هەر هەمان شتە کە لە بابل و قەڵا چەرمو و سپارتە و ڕۆما و هەزار مێرد ڕووی داوە. خۆ شاری سەلجوق دووپات کردنەوەی بەغدای هۆلاکۆیە.. ئێستاکە موعادەلەکە وای لێ هات: (گوژاڵك خواردن یان پێ نان بە پشکۆدا) ئەم دوو ڕێیانە لەسەر ئاوێنەیەکی جیوەدا نووسراوە هەر ئەمەش وای لێ کردم کە لە چەقی ڕێگاکەدا پڕ بەدەم هاوار بکەم:

– من شێت نیم.

ئەوان پێکەنین. دەنگم نووسا بوو. سەرەڕای ئەوەش زۆرم وت. واقیان وڕما. هەندێك ئارەقی شین و مۆری ڕشت. وشەش لە عاست هەندێك هەست و کرداردا چۆك دادەدات و ئەوساکەش، زمانێکی پاراوتر دێتە ناو کە لە ناوچەوان و لا لێو و بێدەنگیدا خۆی دەنوێنێ و بۆشایی مێشك و ڕستەکان پڕ دەکاتەوە بۆیە دواجار هاوارم کرد:

– من شێت نیم. من.. ئەوەم.. لەبەر.. چاوتان..

دەنگێك وتی: شێتە های شێت! خۆ بەدەم ڕێگاوەش لە ئاوێنەکانی قەڵس نابێت!

ئەوەندەی ترم وت، وشەکانم وەك بزمار دەچەقاند. بەم جۆرە لاپەڕەیەکی نوێم خستە سەر کتێبی مێژووی ئاوێنەکان.

تشرینی دووەمی ١٩٧٧

# ڕاسپێری

دەعبای وام نەدیبوو! ژنگەلی ئاوایی بە هەڵەداوان کەڵەکەیان لەسەر کرد. ئاییش وازی لە مەشکە ژەندن هێنا بوو، خۆ خەجەی پوورە ئامین ساواکەشی بە کۆڵەوە بوو کە بە پرتە و خۆی گەیاندە ئەوێ.

منداڵانیش سەراسوێیان دەکرد و زاتی نزیکبوونەوەیان نەبوو. ئای پیاوەکە، چ ڕوخسارێکی بەد فەساڵی هەبوو! دەت وت گاووسە! بە گوپی چوار تێکسمراوی وەك ئەحەی سەپان و ساڵە چەرچی و ڕەمە کارێزکەن و مەلا مەحموود فوو درابوو. بڕوا بکە ڕەشباوێکی ئەوتۆ بوو کتومت بە کەوا چمك شڕەکەی دایکی عەبەی مام وەیسەی دەکرد. دەزانم، دەزانم ئەویش دەستی دابووە داسوولکەیەك. ئا هاتەوە بیرم، دایکی عەبەش تەنوورە نیوە چڵەکانی جێ هێشتبوو. ئەو تیتك بڕاوە بەدەم تەشی ڕستەنەوە شتی وای دەگێڕایەوە.. ئۆی پیاوەکە تۆ بڕواییت بەوانە نایەت! مام وەیسەی مێردی، بەر لە مەلا بانگدان ڕوو لە زەوییەکەی لای شیو ژاڵە دەکات. لەوێ تووشی تەگەیەك دەبێت! پیاوەکە کە دەیگێڕمەوە مووچڕکە بە قەڵبما دێت. دە تۆ بەس پیاما هەڵزنێ، ئۆی.. ئێ کە مام وەیسە هەڵدەڕوانێتە ئەو قەد پاڵ و یاڵانە، هیچ ڕانێك بەدی ناکات! سەری سوڕ دەمێنێ. ئۆی.. دەتۆ بێڵە، تەواوی بکەم. نەوەڵڵا قسەی پر و پووچ و بێ سەروبەری ژنان نییە. دەتۆ بەس نقورچم لێ بگرە.. کوڕە ختووکەم دێت «ئای چەند بێ هەوسەڵە و منجڕە» کوڕە ئەژنۆم سووا، کە مام وەیسە دەیەوێ قەفی گۆچانەکەی لە مل پیرە تەگە بخات و پەلکێشی بکات بۆ لای خۆی! یەکسەر تەگە قەڵەمباز دەکات! هەر لەو لاشەوە، ڕاستە و ڕاست بەرەو ئاسمان دەکشێت! «وەختە زراوم بچێت» بە مەرقەی ئۆمەر مەندان چۆن دەڵێم وایە، هەر وەکو گرۆڵە بەن و ڕایەڵی تەونەکەی پوورە مەنیج درێژ دەبێتەوە! مام وەیسە دەحەپەسێ.. نا.. بە سەری ئەم تاقانەیەمان وابووە. دەتۆ ئۆقرە بگرە. ئەو دەستەشت لەژێر لێفەکەوە دەربێنە «دەڵێی گونك دەبڕێت» ئێنجا، ئێوە مانان چەن کەم باوەڕن! ئەو مامۆستا ئازادە، هەمووتانی بێ دین و نابڕوا کردووە. «هەر لەوەی دەزانم. پێشان بۆ وانەبوو» هەموو چێشتەنگاوێك، لە پاڵ مزگەوتەکەدا ئەو جۆرە دانولەیەتان دەرخوارد دەدات. دەسا بە ئاردی ناو کەنووەکە چۆن دەڵێم وایە. «بەیانی بەر لە هەموو شتێ تەنوورەکە دادەخەم» خۆ ئەو پیرێژنە لە خوا ترسە، قلە ماشێکی نەهاویشتۆتە سەر. دەی بە خوا کراسی قورعانت بۆ لەبەر بکەم ناچێتە

مێشکتەوە! «لە نان کردنیش بوومەوە، پڕ و پۆڵی منداڵەکە دەشۆم. دوایش کولێك دەکەم» ئێ دەباشە با تەواوی بکەم « خۆ خەریکە لە بڕبڕەی پشتمدا پەرگەما بکات!» کە مام وەیسە هەموو شتێکی بۆ ڕوون دەبێتەوە، دەست بەجێ پەلاماری بەنە خوێنەکەی دەدات و شەرواڵەکەی لە هەردوو لنگی ڕادەپسکێنێت. دەزانم سەرگوزەشتەی وات بەلاوە خۆشە، هەر وەکو سەرتوێژ و کولێرە بەکونجیت بۆ دانێن! «بەڵکو لە خورما و ڕۆنیش بەتامترە» ئای لەدەست ئێوە، لەم باسانە قەت وەڕس نابن و لە هەر جێگایەك گێرەی لەسەر دەکەن و لە سیپەی ئەم و ژوانی ئەو دەکۆڵنەوە.. ئەرەوەڵڵا ئەمە پیشەتانە. دە ئەو دەستە چەتوونەت لابەرە. ئۆی قسە بۆ کێ دەکەم. «خۆ وەختە پزووی شەرواڵەکەم بترازێنێ!» گوێت لە منە. کە مام وەیسە، ئەوەکەی نیشان دەدات، دەعباکە وەك بڵقی ئاو سەرەنگوم دەبێت! ئەویش بە لارەلار و بێ هۆش خۆی بەناو دێیا دەکات. ئیتر لەو ڕۆژەوە، ببڕای ببڕای گاسن لەو زەوییە نادات «لەوانەشە هەر بەو ترسەوە سەری نابێتەوە» ئا.. تەواو بوو. تەمای چیت هەیە؟ هەموو شەوێ! خۆ نەبوو بە نان و ئاو! تۆ وابکەیت ئاوی چاوت دایەت... ئای لە تۆ! دە هەستە مەوجەکە ڕاکێشەرەوە سەر قاچ و قولی نالە. «دیارە وازم لێ ناهێنی، کەوابوو ڕاسپێرییەکی لێ دەخوازم.. خۆ باسی بەرازەکەم لەبیر چووەوە!!» بەڵام باوکی نالە خۆ بەم چاوانەی خۆم هەردوو کەڵبەکەیم دی.. چوزانم ناوی شیفرەیە! کوڕە دەتوت جووتێ درەوشی زلی زاخاو دراوە! دەباشە دەیبڕمەوە، ئۆی، ئەمە بۆ ئەوەندە چیقڵدانەت تەنگ بووە؟ «هەموو پیاوێك وایە؟! خەو و خۆراکی ئەوەیە! مەگەر مەلا مەحموود وابێت، ڕۆژ تا ئێوارە پاڵی داوەتەوە، خۆ مەلاژنیش هەر مەڵێ» بەسەری تۆ پیاوەکە، ئەوانەی جێ شیفرەکەیان دیبوو، سەد سوێندیان دەخوارد کە قەیاسەی قولانجێك ئەم سەر و ئەو سەری مەرەزەکەی هەڵدڕیبوو« ڕەگە سۆتکەی چی.. خۆ سووچێکی لە تەیمان و پەرژینەکەش ڕامالیبوو!!» باوکی نالە.. کە دەستم بە شیفرەکەیا هێنا، شاخی بەرانە کێویم وەبیر هات. جا پێکەنینی بۆچییە؟! دە لاکەوە.. بەس هەڵم گلۆفە ..نا ..نا .. پەنجە هار و بزوێنەکانت لابە.. ئۆی لە دەست تۆ! کوڕە، وا هەناسەم سواربوو. «دەڵێی مەکۆی جۆلایە!» حەمە بۆری جۆلاش بە بێڵە قانییەکەوە، هەڵی کوتایە سەر بەرازەکە. مامۆستا ئازاد تێی خوڕی. مامە حەمە بە هەڵەشەیی و شێتی نابێت، ئاهەنگ و سەیرانەکەشمان لێ مەشێوێنە. پیاوەکە، ئەو لووت بەرانە پارەکەش خەرمانەکەی کوێخوا خورشیدی ئاگردا. لە بیرتە چ بشێوییەکی خستە ناو ئاوایی؟! ئەو هەموو کەتنەی گێڕا.. چی؟ ئەو نەبوو؟ «خۆ تۆش نەبووی؟» دیارە بە کەین و بەینەکە دەزانیت؟ دە مشەمش با خەوی کۆرپەکە نەزڕێ «وەك خەوی منت زڕاند» دەی هەر ئەمەت ماوە!! قوشتگی و ڕایەخەکەش ونجڕونجڕ بکەیت!؟ بەسەری نالە و بە گۆڕی باوکم،

بەرازم بە چاوی خۆم نەدیبوو. تو خوا زۆراب گیان ئەگەر وا دەکەیت. ئۆی، مەشکەش وا ناژەندرێت! خۆ پەراسووەکانم لەیەك گیر بوون! کوڕە.. حا.. دە بەس. «هەر ئەوەندەی ماوە وەك مێردەزمە سواری کۆڵم بێت» دە تۆ ئێستا سەر خەوێك بشکێنە.. با بزانین دوایی.. ئەشهەدوو، وەڕزێری وەکو تۆ دەکرێت! دە تۆ سێری دەلاقەکە بکە، چی؟ مانگە شەوە!! مانگەشەوی چی.. بەخوا ئەوەندە ناخایێنێ کە کەڵەبابە عەروسییەکەی ئەو بەرمانەوە هەڵکوتێتە سەر کوندەڵانەکە و بانگی خۆی بدات. چی؟ بۆ دگانی لێ خۆش ناکەیت و بیخەیتە سەر پڵاوی ساوەرەوە! ئای.. وا قەلبم خاو بۆتەوە «سەرتاپام بۆ وەنەوزێك دەزریکێنێ، ئەمیش لێم بۆتە چۆلەکە نەوتینە» بەم بەر بەیانە لە بەزم و ڕەزمی خۆت ناکەویت! کار وا بڕوات لە پەل و پۆ دەکەوی و بە دەردەکەی حەمەلاوی کوڕەزای کوێخا دەچیت. «ئەو قوڕبەسەرە شەختەی قولەتێنەکە چوار مێخەی کێشا» دە واز بێنە، مامز وتەنی، کانییەکی بێ بنە. کام مامز؟! «چەند بەسەزمانە! هەتیو ها پەنجەم بگەزە.. کەم چاوەبرکێت لەگەڵدا کردووە؟» بۆ چەند مامز هەیە؟ هەر ماوە ورێنەش بکەیت! مامزی کچ کچی دەروێش ئەوڕەحمان. پاش سێ مێردان، کل لە چاوی نابڕڕێ و چاوەڕوانی کلۆلێکی ترە بۆ ئەوەی دڕی پێ بدات و بیپووکێنێتەوە. «بە دووری نازانم ئەو بێ شەرم و حەیشووە، ڕەدووش بکەوێت» خۆزگە زۆراب لە هەموو کارێکدا وا گورج و چەلەنگ دەبووی ! «ئێستا کاتی ڕاسپێرییەکە هاتووە» باوکی نالە گیان.. « پێی بڵێم نەڵێم.. ئێستا نەبێ ئەی کەی!» ڕاسپێرییەکم هەیە ئەگەر کەسێك چووە شار. ئەی چی؟ ژن لەوە بەولاوە چیی دەوێ! ئا، ئا، بایی سوخمەیەك لەو سورمە چنە، ڕیشوودارەم دەوێ، بەسەری تۆ نا بە سەری نالە، ئەمەندە نازك و جوانە، ئاوی چاوت دەبات.. دەی تۆ هەر لەم شتانە بگەڕێ. ئارەزووی خۆتە. هەر کامە ڕەنگی بێت، بەڵام تۆ کوشتەی ئاڵ و سووری.. وا نییە؟ پیاوەکە دەزانی چیی تر داهاتووە؟ «نەحلەتم لە مەلاژن دا، خۆ ناوەکەی ئەمەندە گرانە کە... چیم لە ناوەکەی داوە» ئەمەیان بە گوێرەی دڵی تۆیە. نەحلەت لە شەیتان، ناوەکەی لەسەر نووکی زمانمە و لێم بۆتە هەنارە شیرنە... دەتۆ ناوەکەی بڵێ.. دەزانی وەك سیرمە ڕادەکێشرێت و کەمەر و قولە پاش نابڕێتەوە! ئا، ئا.. دە باشە دەی، جێ دەستت خۆش دەبێت، پیاوەکە دوو گەزیش لەوەم پێ دەوێ... زۆرزان.. بە سەری تۆ مەلاژن دوو وەرزیشە ئەوەی بۆ هاتووە..چوزانم کێ بۆی هێناوە ! «خوا نەخواستە، لە مەلا بەو لاوە کێ هەیە ؟!» مەلاش تۆ ئاسایی دڵڕەقە. تۆ مەڕوانە ڕدێن و مێزەرەکەی، قسە قسەی لێ دەبێتەوە، لە دەمی مەلاژن دەگێڕنەوە کە جاروبار بۆ سەردانی شکارتەکەیان دەچێت، لەوێ سەری لەسەر دەسوون. ئا.. ئەو مەلا دەم بە وێردە، شتی وای هەیە کە کوڕگەل و دەیانی وەك تۆ تەقەی سەرتان

لێوەی دێت!! چوزانم وەك چی! بە گۆڕی ئۆکاشە، سەد بەردی لە ئێوە داوە. هەر ئەویش ئەو شتەی لە شارەوە هێناوە. دە تۆ ئارام بگرە! جارێکیان مامزی بێ چاو و ڕوو، پەلاماریی شەرواڵەکەی مەلاژن دەدات و بستێك و دووان ڕایدەکێشێت. جا.. دەبێتە گەمە و چرپە چرپ.. چی؟.. دیارە ئەم قسانە وەك قلە قەسپ لیکاوت دێنێتە خوار! دە ئەم دەستە لاسارەت لادە «سەرت لە خوم نێن، دەڵێی لە هەپلۆك و پیشۆك دەگەڕێت!» تۆ؟.. چی؟! دەچیتە شار!؟ وا بە پەلەیت! نا بۆ من نییە، بۆ خۆتە.. ئەی چی.! باشە بە کوێخا خورشید بڵێم چی؟ ئیشی هەبوو!؟ ئیشی چی!؟ «خۆ زمانم نەسووتا ڕاسپێرییەکم لێت خواست!» نا خۆ من ناڵێم سەرت دەبڕێت! بەڵام بۆ کارەکەی ئەو پیاوە دوا بکەوێت! دەزانم بە ترومبێلەکەی حەمە شین دەڕۆیت.. هێشتاکە زووە.. نا؟! مەگەر مامۆستا ئازاد دەرسی نەدابیت «خۆ شەو نابوێرێ!» دیارە ئەو ئازادە شتەکەی کەمتیاری هەیە لە باخەڵی، ئەگینا بۆ وا متۆی بووی؟ وا بڕوات، سەر و کاکۆڵێکتان دەخاتە سەر! کوڕە.. خۆ من لەوە لاری نیم کە پیلان و نەخشەکەی ئازاد نەبوایە، بەرازەکەمان بۆ لەناو ناچوو «خوا هەڵناگرێ، خەڵکەکەی هەژاند و قۆڵتەکەی دەسنیشان کرد و بە پووش و پەڵاش داپۆشی» ئای پیاوەکە چ.. سەیران و بنداڕۆکێك بوو! پیاوان لە چوار لاوە دەیان نەڕاند. ژنان لە تەنەکە و مەنجەڵیان دەدا. زریکەی منداڵ و سەگوەڕیش دەچووە کەشکەڵانی ئاسمان! کتومت بووە ڕاوە ژۆژکەکە، گەمارۆیان دا. ماوەی جگەرەکێشانێکی نەخایاند کە بەرەو قۆڵتەکە ڕەوانەیان کرد. چی؟ قۆڵتەکە دوو پشتێنەش دەبوو.. بەڵام... بۆ بەڵامی ناوی؟ ها.. ئینجا تۆ کەللە ڕەقی.. هەر قسەی خۆت دەزانیت.. بۆیە لە شاریش نەحەوایتەوە.. دەبا هەستم گرمۆڵەیەك نانت بۆ بخەمە ناو پریاسکەیەکەوە. ناتەوێ! «ئەمیش گۆبەنی ئازاد ئەفەنییە» دیارە بۆنی لوولە کەبابی شار ڕاتدەکێشێ! من لەم کارانەی تۆ سەر دەرناکەم! دە باشە، باشە، ڕاوەستە، خۆ سیپاڵت بە بەرمەوە نەهێشت!! ئۆی.. «خۆ دیسانەوە بەزمەکەیە» وەڵڵا هەر ئەوەت ماوە، دەست لە بناقاقام گیر بکەیت.! کوڕە دە ڕاوەستە.. توخوا زۆراب وا نا.. هێڵنجم لەوە دێتەوە.. نا.. نا.. وانا. ئەو بۆڵە مڕو ئاگری بن کایە، فێری ئەمانەت دەکات.. من درێژ دادڕم یان تۆ!؟ خۆ تۆ لە تووترك بەولاوە تری! دە بزانم چیت لە بارە!! دەی...... «وا چاکە داوای ڕستێ بازنگیشی لێ بکەم.. نا بۆ جارێکی دیکە». زۆراب گیان .. لە پاشان... دەرگای... دەرەوەش... سەر... کڵۆم.. بکە.

ئازاری ١٩٧٨

# نیوەڕۆ

باسەکە دەماودەم وەك درمێك دەتەنییەوە. سێبەرەکان لەوپەڕی بچووکیدا بوون. دوو ڕێبوار تەکانیان دەداو ناوچەوانیان جووتێ کێڵگەی ترس و تۆقان بوو سڵیان لە هەر ترپەیەك دەکردەوە.

– دەبێ ڕاست بێت!؟

– بڵێم چی.! پا هەڵگرە نەوەك...

شەقامەکە چۆڵ بوو مەگەر دوو چاو قایم و جەربەزەی بە خۆیەوە بدیبایە.. فرۆشیارە گەڕیدەکانیش هەڵهاتبوون.

دوو تارمایی لە پەنجەرەی باڵەخانەیەکەوە سەرە تاتکێیان دەکرد.

– پیاوەکە خۆ دڵم کەوت! ئەو دەنگە چی بوو؟ پیاو چاکان هاوارە..

– کچێ مشکە لەناو ساوەر و هەڕیشتەکاندا تەراتێن دەکات: بۆ وا گلاراویت؟؟

– پیاوەکە چۆن نەپرینگێمەوە! خۆ وەختە ئەترەشم بچێت گوایە دەڵێن...

– کچێ دەڵێن چی!؟

## شەو

شەوێكی ماتاو بوو. پەڵە هەورێكی بێ وێنەی خۆڵەمێشی وەك مۆتەكە ڕووی مانگی شاردەوە و سێبی دیوارەكانی سڕییەوە. دایكێك گورگانە شەوێی بۆ كۆرپەكەی دەوت. باوكەكەش لە گێژاوی بیركردنەوەكانیدا بوو.

«دووكەڵ نیشانەی ئاگرە» چاوی بە ژوورەكەدا گێڕا. تابلۆ هەڵواسراوەكەی – شاگاڵ – سەرنجی دزی «گوایە سێبەری دار هەنجیر نەسازە! ئەی ئەگەر زڕیش بوو!!» تفێكی ڕۆكردە ژێر پێڵاوەكەی. ناوچەوانی گوشی. چاوی لە سنگی ئاسمان چەقاند. مانگەكە خۆی لە هەورە خۆڵەمێشییەكە ڕاپسكاند، فەرامۆشییەكی هاتەوە. سێ بازنەی لەسەر كاغەزێك كێشا. كشایە دواوە، دوایی لەناو هەر بازنەیەكدا وشەیەكی لەمانەی نووسی – هەنگاو – دایلكتیك – مێژوو –چاوی شەكەت بوو. لە نێوان ئاگایی و خەودا، هەزاران ئاوزەنگی و سەدان تانكی هاتە بەرچاو كە بە فرمانی هۆلاكۆ و هیتلەر وشەی گەشیان دەخوساند و بەفری سپییان ئاڵ دەكرد.

## بەیانی

ترسی خەڵکەکە ڕەوایەوە. هەتاو بە خۆڕایی سێبەری وەنەوشەیی بە دیوار و دارەکان دەبەخشی. دەرگاکان خرانە سەر پشت. لە بیلایی دەرگایەکی شلۆقدا، منداڵێکی سوورفل بەرۆکی دایکی گرت:

– دایکە.. تۆ.. گورگت دیوە؟!

– نا.

– شەو کە من نووستم نەهاتن؟

– ....!

مێشکی منداڵەکە لە کاردا بوو. پۆلێك ڕیشۆڵەی هاج و برسی، لاپەڕەی ئاسمانی ڕازاندەوە.

– دایە گیان.. ئەی گورگ لە کوێ دەبێت!؟

– لەو دەشت و دەرە.. باوکت دەڵێت لە باخچەی گیاندارانیش ڕایدەگرن!

ختووکەیەك گیانی باوەشێن کرد. دەنگی بووە کولێرە چەورە.

– دەمبەیت بۆ باخچەی گیانداران؟

دایکەکە چاوی لە پۆپنەی منارە نەخشینەکەی ئەوبەریانەوە بڕیبوو. بێچووە حاجی لەقلەقەکان باڵە فرکێیان دەکرد..

– ڕۆڵە.. لێرە باخچەی گیانداران نییە.

– نییە! پاسکیلیشم بۆ ناکڕن!! ئەی چیمان هەیە؟

بێچووکانی لووتکەی سەر منارەکە چاوەڕوانی دایکیان دەکرد. دایکەکە بێ ئەوەی هەست بەخۆی بکات وتی:

– بێچووە حاجی لەقلەق... دە تەماشایان بکە..

ئازاری ١٩٧٨

# مردوو خەون نابینێ

# پارشێو

هەروەکو بیەوێ زەنگییانەی ڕەنگاو ڕەنگ بە سۆمای دەرزیلەکەدا تێپەڕ بکات، مێشکی لەکارا بوو. لە سابات و نیساری یاڵەکانی ناو مۆخیدا، سکڵەکانی هەڵدەچنی. دەیویست بە خەستی بنووسێت. بۆسەو سەنگەری بۆ تاکە وشەیەك، بە نوخان هەڵدەکەند. عەودالّی چەپکێ وشەی موفەڕك بوو کە نوقڵانەی شانۆیەکی بەرین بێت. دێوانەی چڵی نێرگز بوو کە پەرچەمە ژاکاوەکەی شەمی پێ بڕازێنێتەوە. هەشتەم جگەرەی سپاردە لێوی. هەستێکی لە خۆی ڕاگرت. دێڕەکانی جووتباقییە کردەوە، جێگۆڕکێیانی کرد، زۆری قرتاندو زۆری تری فت کرد. بەشێنەیی کشایە دواوە. قێزی هاتەوە. سەرنجی بڕشتەکەی دا. مستێ خاڵ و پرسەك و کەوانەی نامۆ و بڕێ ڕستەی جوانە مەرگ! چەمۆڵەیەکی لە پەڕە کاغەزەکە نا. ویستی مستەکۆڵەیەکیش بۆ دەم و ددانی خۆی بنێرێت. بای باڵەکانی دایەوە و کانییەکی سازگار لەناو سێڵەکانیدا تەقییەوە. کاغەزەکەی گرمۆڵە کرد، گوشیی. گوشییەوە وەك بیەوێ ئاوی لێ بچۆڕێنێت و هەڵماتەکەی بە پەلە پێتکە هاوێشتە گەڕووی ئاگرەکەوە، شنەی ئۆخەی فرامۆشیی بە گیانی داو کەوانەی پەلکە زێڕینەیەکیش بە چواردە ڕەنگەوە ختووکەی بە ژووری ژوورەوەی دا. چاوە خەواڵووەکانی بە تاڤگەیەکەوە هەڵواسران کە کڵپەی سەند. دامرکایەوە. سەری دانەواند. ئەوسا چرۆی زمانێکی پاراو چەکەرەی کردو ئیجگار بە ڕوونی لە ناخیدا دەدوا.

ئازاری ١٩٧٨

## دەنکە شقاتەریەکی سووتاو

تووڕەییت ئەستێرکە و دەپەنگێتەوە. (هەرچەندە بیرێکی ناکاویم بۆ بێ، ئەم پاندانە سەگ دینە بە هانامەوە نایەت!)

کاوی دڵت بە شووشە مەرەکەبەکە درێژی و هێرقلانە دەیماڵی بە دیواری باخچەکەدا. (لە دیوارەکەش تابلۆی سیریالیم بۆ دەکێشێ! چی دەبێ ئەگەر بە شتێکی تر بنووسم؟)

قێز لە هەندێ ڕستەی قەبەو وشەی مارمێلکە دەکەیتەوە.

(ئەم دەنکە شقارتە سووتاوە بەکاردێنم) جغزێکی ئیمام عەباسی پێ دەکێشی و لە ناوەندەوە دوولەتی دەکەیت (خۆی دوولایەنە... ئەوانی تر لە بازنەکە بەدەرن...) هەر بە هەمان تووڕەیییەوە، بازنەکە لە وردە خاڵ دەئاخنی. سەرنج دەدەیت. وردە خاڵی ئەوتۆت دێتە پێش چاو مەگەر بە گەردبین ببینرێن (خاڵەکان کەسانی ئاساین...) ئا لێرەو لەوێ خاڵی درشتر دەکەیت و بیر لە ئاسمان دەکەیتەوە... (وردەکان لە چەقی درشتەکاندا دەخولێنەوە) بە خۆت دەڵێیت: ئا ئەم خاڵە هەرە درشتە ڕووگاو وێستگایەکی کاتییە بۆیە دەبێ بۆ کەشێیە وێڵەکان بدرەوشێتەوە و خاڵە گەییوەکانی دەور و بەریش چەشنی موگناتیس ڕابکێشێ. دەگەیتە ئەنجام. (ئەوساش هەر دوو سێ خاڵی درشت بە هێڵی ئەوینەوە، پێکەوە دەلکێن...) ڕاستە... بڕیار دەدەیت. پاش تەفاعولێکی ویژدانی دەبنە خاڵێکی گەورەتر. ئا بەم پێوەرە هیڵێ پیرۆزتر، خاڵە گەورەکانیش گرێ دەدات.

(بەم جۆرە بازنەکە دەبێتە خاڵێکی مەزن و ورشەدار)

بەخۆت دەڵێیتەوە: کاتی دەوێ... ڕەنجی دەوێ... لەوانەشە...

(ئەوەی لە وزەمدایە دەیکەم و ئەو دوواشی با خاڵێکی دیکە ئەنجامی بدات)...

فرامۆشییەك پاڵ بە تووڕەیی ناوەوەت دەنێ و ڕوو لە کۆڵان دەکەیت.

(لاقیشم لە دووم نەیەت دەیبڕم...)

ئاوڕ نادەیتەوە و هەر دەڕۆیت و دەڕۆیت.

کانوونی یەکەمی ١٩٧٨

# گەڕان بە دوای...

**١- من و ئەو**

(دەنگدانەوەکەیە. ژان ئێشکگرە و لە خەو ڕاتدەپەڕێنێ: پەچەکەت داماڵە. زەنگ ... لەگەنی مس ...)

هەزارپێ و کولاژدم و حەزیا سەرینمن

(چەریاو... بادەی ڕەووشتکاریت نۆشکە).

پیتەکانیش ڕەنگیان هەیە. (ز) مۆرە، (ۆ) بۆرە...

(-ڵ- قەترانی ڕەشە. زۆڵ... مژت لە چگەرەییەکی چەور داوە؟

هێڵنجم دەداتەوە.

(زەوی خڕەو دەبێ بە پێچەوانەی سووڕەکان بیت)

سەرم دەخولێتەوە.

(خاوێنیت لە ڕەهێڵەیەکی ئاڵدایە)

لە کەنداوێکی چوارگۆشەییدا باسکە مەلە دەکەم.

(جوولانەوەکان گشت بازنەیین)

سێگۆشەییەکی تووکن دیدەکانم دەپۆشێ.

(دەی... بیکە بە نۆبەرەی هەنگاوەکانت)

ژان...

(سترانبێژێکی... وشەکانت زالوون... بزنمژەکن)

خوێنبەرەکانم دەچۆڕن.

(ئەنیمیا!!)

لە نهێنیی شەو دەگەڕێم.

(یانیش بتویرەوە وەك ڕەبەنێکی بووزیی)

تەمەنم كاسێتێكی هەڕاج كراوە.

(بیدە بە تیرۆك)

قولەپامی پێ فەلاقە دەكەم.

(كەڕەنایە، مارشە، مارسیلیزە... مەوەستە).

ئەسپێكی یاڵ قاچراووم.

(بەڵكو ڕاست و چەپێكی كەنار دەریای دەبێ هەبی... هەبی ...هەبی)

دەڵێم: خەڵكی ئەوێم (ئێستێك دەكات)... دەبوایە بە درۆشمە بمناسیتەوە.

ڕەنگی هەڵدەبزركێت. دوو برۆی دەگەنە یەك. تۆمارگەی یاداشتەكانی دەبێتە پانۆڕاما و بیست و چوار ساڵ هەرزەكاریی دەنوێنێ. دەڵێمەوە: كوڕی تۆم.

دەپەشۆكێت. دەیەوێ لە ئامێزم بگرێت. دەست بۆ باخەڵ دەبم. یەك... دوو... چوار... حەوت... دە... خوێن بازرەقە دەكات و لە ژوور سەری دەبمە پەیكەری بێ دەنگی. دەپلیكێتەوە. پرخە دەكات. دادەمركێتەوە. دەمەوێ بزانم مردنی ڕاستەقینە چۆنە؟ دایكم چۆن سارد كراوەتەوە؟ گەرەكمە جارێكی دیكە لە دایك ببمەوە.

### ٢- بڕیار

تانەی بەر چاوم وشەیەكە. لەبەر دەرگا، لە قەد دیوارەكان، لە بنمیچی ژوورەكەم، تەنانەت لە سەر لاجانگی كلیلەكانیش هەڵكەندراوە. سێ پیت ژیانم بكاتە دۆزەخ و لە شێوەی سێ ستووندەی تەڵدرێك سنووری بوون و نەبوونم بكێشن؟!

ئەو ڕۆژە، لە ئەنجامی پاڵەپەستۆی ناوەوەم و تەوس و دەمە لا قرتێی ئەم و ئەو بڕیارەكە بۆ یەكجاری لەو دیوی مێشكدا چەسپا دەبێ بیكوژم. بەڵام لەكوێیە؟ چۆن بیدۆزمەوە؟ مەگەر بەڕەنگ و ڕواڵەت ئەگینا نە ناوی دەزانم و نە جێگای... ئەی دەشێ مۆری خۆی بە ئاولەمەی ناو منداڵدانەكەدا نەنابێت! كەوا بوو، با لە خۆم بگەڕێم. هیچ نەبێ كەرتێكی خۆم بدۆزمەوە. بڕیارێكە و داومە، لە سێدارەشم بدەن پاشگەز نابمەوە. ئای هەر ساتێكم مردن و ڕیسواییە، هەر چاو تترووكاندنێكم سەدەیەكە...

### ٣- چۆن دۆزیمەوە

لە پاشماوەی بەر مەمكەكان پەروەردە كرام. بە هەموویانم دەوت: دایە. خاڵوانم بێ دەنگییان قووت دابوو، باوكم دەبێ كێ بێت؟ پرسیارەكە لەگەڵ ڕۆژگاردا ئاووس دەبوو.

خروشتی دەخستە کەوڵمەوە. دەمیخواردەوە. لێشاوی تووڕەییم کەروێشکەی دەبەست، چاویان لە ئاستما ئەبڵەق دەبوو منیش دەمم سەرکڵۆم دەکرد. کە بۆ یەکەم جار وشەی (زۆڵ) بەر بای گوێم کەوت، چڕنووکم لە ڕووی قوتابییەکەدا تابلۆیەکی سووری سیریالیی لە پێشانگای پۆلەکەدا هەڵواسی. جارێکی تر... لە پولێکی دیکە... لە قوتابخانەی ناوەندی... لە ... تابلۆکان گەشتر و ئاڵتر دەبوون. لە هەر مرۆڤێك سڵم دەکردەوە، ڕاداری گوێچکەم بۆ هەر چرپەیەك هەڵخستبوو. دەبێ ڕێنمایەکم چنگ کەوێت. هەر وەکو میکرۆبی (تۆلاریمیا) بم ئەم و ئەو خۆیان لێم لا دەدا. ڕووم لە گەڕەکی دوور دەنا بەو نیازەی سەری گڕۆڵەکەم دەسگیربێت، بەڵکو ترووسکاییەك ئاستانەی بەر چاوم ڕۆشن بکاتەوە.

– بە پەلە... چوار نانی برژاو...

– شەیتانیش پەلەی کردو چاوی خۆی دەرهێنا.

– تۆش!

– کابرا دەڵێی...

نانەواکە ناوێکی بە زارا هات. نەیزانی من کێم. پرسیارم لە ناوەکە کردەوە. لای وا بوو سەرگوزەشتەی کۆن شەنوکەو دەکات. کۆشی پرسیارم بۆ ڕۆ کرد. بالای؟ ڕەنگی؟ پیشەی؟ جێگای؟

وتی: ئافرەتەکەش بێ گوناه سەرنگوم کراو ئەو ناپەسندەش بەرەو خوار هەڵات.

تەنیا جێگاکەی نەوت. دەی ڕێگاکەم کورت بووەوە... بەرەو خوار... بەرەو خوار... خۆ پرسین پەشم نییە! ڕوو لە قوللەی قاف دەکەم کەوشی پۆلایین لەپا دەکەم، خۆت بگرە قەلای گەوهەرنگین، شوێن پای هەڵدەگرم. گوایە دەگیرنەوە، برزۆ ناوێك بەستاو بەست شوێن پای دزێکی گەیاندۆتە گەرمیان و لە بەر دەرگایدا چەقیوە!! هەر دەیدۆزمەوە، با لە ئێستاوەش خۆی بە مردوو بزانێ. ئای کە بیری لێ دەکەمەوە، سەراپا سێڵەکانم، دەمارەکانم گرژ دەبنەوە هەر وەك جاڵجاڵۆکەیەکی نەگریس لە ژوورەوەمدا تەونکاری بکات و بە لیکاو مێشکم بئاخنێ. وێنەیەکم لە مێشکمدا بۆی کێشاوە. خۆ خوێنیش بۆ لای خوێن دەکشێت. لە ناو ئۆتۆمبیلەکەدا، ڕێگاکە بووە شوورەی چین! کاتیش مستێ جیوە بوو کە بە هەر لایەکدا پەخش دەبووەوە.

**٤– بەراوردی دوو وێنەکە**

دەرگا دەکاتەوە. سەرنجی چاو و برۆی دەدەم و لەگەڵ وێنەکەی مێشکمدا بەراوردی دەکەم. خۆم و ئەو دەهاومە دوو تای ترازوویەکی زێڕنگەرانەوە. گومانم نامێنێ. دەرگای

ژوورەکە دادەخەم. پێشەکی نازانیٚ من کێم؟ هەستێکی باوکانە بە دیوجامەی ڕوویەوە بەدی ناکەم، خۆمی زیاتر لەلا ئاشکرا دەکەم. چەند ناوێکی لە لا دەدرکێنم. هەناسە هەڵدەکێشیٚ، دەیەویٚ باوەشم بۆ بکاتەوە. دەرفەتی لیٚ دەبڕم و دەمکوتی دەکەم. لە سنگی، لە تەختەی شانی، لە قوڕقوڕاگەی، لە... خەنجەرە دەبانەکەم لە خەرمانگەی لەشیدا گێرە دەکات و دوا جار تابلۆکە هەڵدەواسمەوە. دەبم پەیکەری قوڕقۆشمین. چۆك دادەدات و سارد دەبێتەوە. دیارە دایکیشم بە هەمان ئەزموونا تێپەڕیوە.

**٥– ئاوڕێك لە ڕابردوو**

ناوی شارەکەم زانی. ئۆتۆمبێلەکە دڕی بە ڕێگاکە دەدا. خێوێکی ئەفسانەیی بوو کە ریخۆڵە قیرتاوەکەی دەقۆزتەوە. دار تەلەکان لە سۆمای چاوما تەتەڵەیان دەکرد، پەلەم بوو. کچێنەی چاوم لە کالانەکەیدا گینگڵی دەخواردەوە. تەکانم دەدا. لام وا بوو خێرایی ئۆتۆمبیلەکە پتر دەکەم! ئای چەند تامەزرۆی ناوچەوانیم، لە جیاتی سڵاو شەقڵی – تفێك بە نێو برۆیا دەنێم، وەك چۆن ئەویش مۆری (تووڕەکەی) لکاندە جامەکی تەمەنم، خۆزگە تەمەنی ئادەمیزاد پەرتووکێك دەبوو، ئەوسا بیست و چوار پەڕەم هەڵدەدایەوە.

(چاپتەری تەفرەدان)... ڕێگاوبانی بە مێخەك و نازناز بۆی ڕازاندەوە. وشەی باڵداری بە نەرمە گوێیدا چرپاند نەخشەی بۆ دوا ڕۆژ کێشا. ئەنجام: لە شەوێکی بیٚ ئەستێرەدا کەوڵەکەی دامالی و بوو بەگورگ... عەودالی سی و حەوت پلەو نیوەکە بوو لە منداڵدانەکەدا، فێی لیٚ هات و تۆوی خۆی وەشاندو منی بەخشی بە سەر ژمێری شارەکە. ترمۆمیتری ژیانی بگاتە سەر سفرێکی لاڵ.

قرچەی نیوەڕۆ ڕووباری خوێنە. جارێکی تر لای چەپەوە دانانیشم. بە من بیٚ پەل بهاوم و ئەو خۆرە لاسارە هەڵدەمە ئەو دیوی نیمچە بازنە ئاسۆوە. برژام. ئەو دووانەش بە چاو دەدوێن؟! جووتیٚ تاڤگەی قژی ڕەش دەرژێتە چیمەنی کراسێکی سەوزەوە، نا، دیارە دەبم بە شاعیر! سی چاوەکەی تر خەواڵوون. گویٚ بۆ بیٚ دەنگی شل دەکەم. گرژبوون و ڕاکشانی کاتە جیوەییەکەیە... ئەوان... من... ئەم دووانە. بیٚ دەنگی ژانە. ژان بیٚ دەنگییە. وا لێوی خوارەوەی دەخاتە دوو تۆیی بەرداشی ددانەکانی. لووتێکی ڕۆمانیی سپی. ئەویش وەڵامی دەداتەوە و تاڵە قژە بزێوەکەی دەگیرێتەوە مۆڵگەی خۆی. سێبەری دوو دزە خەنە بە لێویانەوە دەڕوێت. سەر دادەنەوێنم ئا... لێرەوە سەرەتاکەی دەست پیٚ دەکات.

(کاتێکی خۆشمان بردە سەر) دەس بۆ جانتاکەی دەبات (من ناوم... منیشی ناوم...

ئێواره... چاوەڕوانت دەبم) ڕۆژێکی دیکه، مۆسیقا و نیگار و وەرزش دەکاته پێپلیکانەی ژوانەکەی... ترمۆمیترەکان دەگەنه چڵه پۆپە، هەناسەیان سوار دەبێت ، تۆوی خۆیان دەچێنن و منێك قوت دەکەنەوە. سەرنجی ئاوێنەی شوفێرەکە دەدەم. بەشێکی ڕووی دیاره. لێوێکی دەستکرد. دیاره ئەویش تۆزێك لە ڕوخسارم دەبینێ. پەڵەیەکی شینکار سێبەر بۆ سیسرکی چاوەکانی دەکات. وا شانیان تێکەڵ بووه، بە پەیکەرێکی (هەنری مۆر) دەکەن! ئەم چۆل و قرقەیەش نابڕێتەوە! گەشییەك لە تۆی چاویانا دەدرەوشێتەوە. کەی ئاوی زێ دەگاته ئێره؟ (ئەنجیلۆ)ش سەرکێشییەکەی بەهەشتی کێشاوە،

(سەرسامیی ئادەم- مارەکە ناو قەدی درەختەکە دەڕازێنێتەوە- حەواش بێزووی سێوێکی لا سووره دەکات)... بۆ دەرەوە... بۆ دەرەوە... دوو گەڵا دەکەن بە پۆشاك. شوفێرەکە بێزاریی خۆی دەهاوێته ناو دوکەڵی ڕۆسمانەکەیەوە... دیاره خۆیان بە تەنیا دەزانن! وا بە پەنچەی لەرزۆك ئێسکی لا پەراسووی دەخورێنێت! تووڕەییم دەپەنگێتەوە. ئاوێتەکە دەریای چێژه و دەمخنکێنێ. دەڵێی هاوار بکەم:

- (ڕاوەستە).

خۆ زیاتر دەخزێنه یەکتر.!

- (ڕاوەستە. ئەم دوو حەیشۆ هەڵگیراوانه دابگره).

ئەوسا ئەو چاو باشقاڵە سەمەندوك دەکەم و پاساوی دڵم دەدەمەوە.

- (چاوەکان بگیرێنەوە... کاتی نوستن نییه. وەرن یوسفەکان ئێوەش پەنجە تووتەی خۆتان لە ڕەنگاڵی سمتی ئەم زولەیخایە وەردەن).

خۆ ئوتۆمبیلەکە کیسەڵێکی ئیسقاداره!!

کراسە سەوزەکەی دادەماڵم. هێڵێکی چاڵ بە گازەرەی پشتیا شۆڕ دەبێتەوە و لە هەورازی پاشەڵیا ون دەبێت.

- (ئێوه قەرسیل و گردی بەفرتان پێکەوە دیوە)؟

چاویان دەپەڕێته تەوقی سەریان.

- (کوڕگەل نۆرەی ئێوەیە...)

بێ دەنگی... کەی دەگەین؟! وا زیاتر دەس دەبات!

- (دڵنیابە لە پەراسووی تۆی نەدزیوە. باوەڕ ناکەیت! لە ژووره- ژوانەکەدا بۆت هەیە،

بە پەنچەی چێژ یەکە بە یەکیان ژمارە بکەیت).

دەست بۆ لووتم دەبەم. (باشە خاڵۆزا– خاڵخاڵۆکە، کێ تۆی هەڵدایە ئێرە؟) سەرنجی دەدەم. خاڵە ڕەشەکانی سەر ئەو توێکڵە جەلاتینە سوورەی چەندە؟ یەك، دوو، سێ، چوار، ئەمیش پێنج. ئەرێ کێ ناوی نایت؟ باشە خاڵۆزای کێی؟؟ لووتی من دادت نادات. هەڵفڕە بۆ لای ئەو ئاوێنەیە... لەوێ... بە سەر لەپما دەکشێت! وا گەیشتە سەر هێڵی چارەنووس!... دوکەڵی ڕۆسمان... تووڕەیی... چاوبڕکێ... مێژووی هەڵبزرکاو... بوومە لەرزە.

هەر دوو لەپم دەکەمەوە قەفەز و ددانەکانم جیڕ دەکەمەوە. ماسولکەکانم گرژ دەبنەوە هەستم لە خۆم نامێنێ و دیواری قەفەزەکە هەرەس دەبات. سەرنجی لینجییەکەی ناو لەپم دەدەم... ئا ئەم دوو بێ ئابڕووانە چوونە خوێنی تۆوە. سەرم کاسە. هەر دەگەم و تۆڵەی بەرو دواشی لێ دەکەمەوە.

**٦– دوو بارە کردنەوەیەکی لەسەرخۆ**

فێی لێ دێت. لە چەقی خۆیدا وەکو تەشییەکی لار دەخولێتەوە. پەل دەهاوێت. دەم دادەچەقێنێ و چرۆی وشەکان لە مەلاشوویا دەتاسێن. گولێبنەی هەر دوو چاوی دەمی پرسیارێکم لێ دەنێن. کەفێکی خوێناویش لا لغاوەی سوور دەکات. من دەبمە بتێکی بێ دەنگ و چاو لە پانتۆمایمی مردن دەبڕم. چۆك ڕادەوەشێنێ. دەگەوزێتەوە. نوخان لە قالییە ڕەنگینەکە گیر دەکات. لێو دەکرۆژێ، کپ دەبێتەوە. ئەوساش هاوار دەکەم:

– من کوشتم

کۆ دەبنەوە.

–... ئەمە باوکم بوو.

نا... نا... نامەوێ بمرم. دەستەکانم دەسڕم و سووك بۆی دەرباز دەبم.

**٧– تێبینی**

ئەوی ڕاست بێت، نەمکوشت! بۆ؟ کە باوەشی بۆم کردەوە، بڕیارەکەی ئەو دیوی هۆشم ئالاو گێڕ بووەوە! باوەشی لێم توند کردو دەستم بە مشتەی خەنجەرەکەوە مەیی! تێر تێر یەکترمان گوشی. وشەی –بابە– بووە تاڤگەیەکی زیوین.

(بابە تۆم خۆش دەوێ).

تابلۆ خوێنینەکەی بەر چاوم بووە کەوانەی پەڵکە ڕەنگینەیەکی چواردە ڕەنگی و خۆم بە کۆرپەیەك زانی کە قەنداوی لە دەم نرابێت. لە بەر دەرگاکەش کچۆڵەیەکی خرپن بووکە پەڕۆیینەکەی هەڵدەپەڕاند.

(تۆشم خۆش دەوێ... بووکۆکەکەتیش...)

هەنگاوم نا. هەموو شتێك ئاسایی بوو. نم نم باران پرشەی دەکرد.

(بارانیشم خۆش دەوێ).

دیمەنی ڕێگاوبان بە جۆرێکی تر بوو. ئاوڕم دایەوە. ڕەنگەکان گەشتر و هێڵەکان ڕوونتر بوون!!

(ئەمانیشم خۆش دەوێ).

جێگاو کاتیش دایك و باوکێکی جگەر سۆزە بوون و ناوەوەمیان دەلاواندەوە.

(ئەم خاکەشم خۆش دەوێ).

وا هەستم کرد کە تازە لە دایك بووم، جا نازانم ئایا مرۆڤێکی ئاساییم یان لە کۆمەڵگایەکی نا ئاساییدا دەژیم؟ هەر چۆنێك بێت، ڕوو لە شارێ دەکەم و یاساییەکی تری بەسەردا دەسەپێنم.

ئاداری ١٩٧٨

## بێ ژێر بێ

لە پاڵ کوانگەکەدا شانی دادا بوو. دەستی بە مەقاشەکەوە بوو کە ئاپۆ زۆراب دەمی لە عەولا گرت: نەخوێندەواری کوێرییە.

– دە تۆ ماشەکە دانێ

من پێم وت. وەك هیچ وشەیەکی بەر گوێ نەکەوێ، پێکەنی و ئەسکڵەکانی هەڵشاخاندە قەد کتلییە هیساوییەکەوە. چاوی نووقاند. پف... پف... پف. ئاگرەکەی گەشاندەوە.

(جوانی مرۆڤ لە ژیارییەکەیەتی. ئاگر... قەلاچەرمو... داس مێژووش گۆڕهەڵکەنەیە، کەولێکی درۆزنە. باش بوو کەس لەو بەری فوویەکانییەوە نەبوو ئەگینا بوڵەمرەکان... جەنگ زیندە چاڵکردنی ژیانە).

وای هەست کرد کە گرێ کوێرەیەکی کردۆتەوە!

– ئەرەوەڵلا ئێمەی بێ سواد هەموو...

دەستم لە ژێر لبادە بەرگنەکە بوو، ڕۆژنامەکەم دەرهێنا.

(مانشێتی یەکەم بڕی قاڵۆنچەن: زایۆنیزمەکان پارچەیەکی تریش لە باشووری لوبنان دادەبرن و... ئەمیش مشتی مێوژی خۆشناوەتییە: خۆپیشاندانی قوتابییان و داخستنی زانکۆی تاران... لەوێش وردتر: پۆلیسەکانی ژاپۆن فرۆکەخانەی ناریتا لە گەمارۆکەران دەپارێزن... گەرداوێك لە تایلاند... کەنغەری ئوسترالی... دوو وێنەی هەندەران بە ڕادیو پێمان گەیشت: شەمەندەفەرێك لە تەکساس هەڵگەڕاوەتەوە. دوا وێنەی ئەلدۆمۆرو ڕۆژنامەیەکی بەدەستەوەیە).

ڕێبوار دەرفەتی بۆ ڕەخساوە: ئەم گشت ڕەشکە و پێشکانە هەموو قسەن؟

– ئەی چۆن

– ئەم مێروانەش!؟

– ئەمانەیش.

هەناسەیەکی ئەوتۆی هەڵکێشا ئەگەر دەمی لە نزیك ئاگرەکەوە بوایە، بێ گومان تینێکی پێ دەدا. ڕووی لە عەولا و برزۆ گرت وەك بەوان بڵێت: (ئەو خاڵە وردانەش شتن) عەولا هەڵکورما و سەری دانەواند.

(دیاره بەراوردی کڵاشەکەش خۆی لەگەڵ پێڵاوە گڵاسییەکەی من دەکات).

ئاپۆ زۆراب پەڕە بافرەیەکی دەقرتاند. برزۆش گەردی ناو تیرێژی ناو دەلاقەکە سەرنجی دزیبوو.

(با لە ساکارەوە بۆی بچم) حیکایەتێکی خۆشتان بۆ بگێڕمەوە جارێکیان...(بوون بە گوێ) هەبوو نەبوو، کەس لە خوا گەورەتر نەبوو کەسیش لە پەڕەسێلکە درۆزنتر نەبوو. (ڕاچڵەکین وەك چوار کەڵەکێویی سرك کە لە ڕەوەکەیان دابڕا بن)... بەڵام لەسەر پێکەنین نەمان کردووە. ئاپۆ قاقا تریقایەوە:

– جا مامۆستا با پێشەکی دەستی خۆم بوەشێنم جامانییە شڕەکەی پڕێکی خۆڵەمێشی کوانگەکەی پێوە مابوو.

(دەمی کوتومت بە زارکی ئەشکەوتێك دەچێت... وسابعهم کلبهم... تاکە ددانە کەڵۆزەکەی پێشەوەی پاسەوانە – سەگەکەیە!)

– تۆ واز لە گەمە و سوحبەتی خۆت ناهێنیێ! عەولا تێی خوڕی

– بۆ هەموو کەس تۆیە بە جامانیی چویتداریش قایل نەبێت و مشکیی ئالاو والا ببەستێت!

ئاپۆ ئانشکی دایە سەر پاڵدمی کەواکەی و گورزی خۆی لە تۆی پێکەنینێکەوە وەشاند.

– دەی منیش بهاوێژە تای خۆتەوە کە بەر بەرۆچکەی مزگەوتت کردووە بەجێ پینۆکی خۆت.

عەولا چەشنی تێسکەی تفەنگ گزارەی کێشا:

– بە سەری ئێوە نا، بە سەری تاقانەکەم ساڵ ناساڵێك چەرچییەکەی دۆستم ڕادەسپێرم و لەو دیوی سیروانەوەش بێت مشکییەکی سەوز و سووری جافیم بۆ دێنێ.

– ئەوسا کتومت دەبیتە کەڵەبابەکەی پوورە مەنیج.

– برزۆش دەمە نووقاوەکەی کردەوە:

– ها. ها. ها... فاتەش بە دڵ و بە گیان ڕیشووەکانی دەهۆنێتەوە...

ئاپۆ بە کاوەخۆ دەرفەتی لێ بڕی:

– تۆش ملچێوك و قۆتاسەو بنێشتی لە شارەوە بۆ تێری... نا؟

دەزانم هەر ملۆمۆی خرینگان و ژوانان دەکەیت!

بە وشەیەك وەڵامی دایەوە: –هەی گۆڵمەز...

(با کۆتایی بەم تەوس و دەمە قاڵە بێنم).

– ئاپۆ چایەك برزۆ ئەم مرادخانییە کەوەیییەت بە درووممان دا؟

– نەوەڵڵا مامۆستا هەر وا لە سەڵتە زەلامێك دەستم کەوت.

ئاپۆ نیازی پلارگرتنی ئەمیشی هەبوو:

– ئاپۆ ئینجا دیشێکم بۆ تێکە.

(مرادخانیش خۆی هەڵداوەتە بازاڕی لەنگەوە! دەبێ هی کام جوانە مەرگ بێت؟ خۆزگە ئێمەیش پاشەرۆك و نیوداشت و عەمارەپۆکانمان دەنارده ئەوروپا، کەوا و سەڵتە، خەنجەری ژەنگن و زەرگ و بازی بەندو... تەنها مۆرێکی دەوێت. مێدین لانگستەر)

– لە کوێ ماین؟

– کەس لە پەڕەسێلکە درۆزنتر نەبوو.

– ئا... جارێکیان بەرێوەبەری ناوچەیەك لەو گەرمەسێرەدا سیپارەیەك بەرێ دەکات بۆ دێیەك... ئێ... کەس نابێ سەر لەو شەڕە پشیلەیە دەربکات وەك ناو لە نووسراوی پسوولەکە دەنێن، کوێخاش گوایە مامۆتکی دێیەو فەرەنجییەکی لەوان زیاتر دڕیوە. چی بکات باشە؟ هەتاکەی بۆتان بمێنم، کوێخا یەکسەر بۆیانی پەنجە نۆماکرد: اوزونلر درگتر، یومرولر تزگتر. بونلردە قییغ. کورگەل هەر واشە: درێژ کوڵەکان دیرەکن. خڕەکانیش تەپاڵەن. ئەمانەش پشقلن. کەوا بوو ئەفەنی داوای ئازاڵمان لێ دەکات، وەی بەسەر ئەم چاوانە... جا ئاپۆ، کوێخا بێ و سووتەمەنی بۆ بەگ بنێرێ.

بەدەم، بەچاو، بە دەست و پا پێکەنین.

(وا بەردو ئەستێکەی بەر باخەڵی ئاپۆش پێدەکەنێت. قاوەکەی لە جۆرە گیایەك دەکرێت کە ناوەکەیم لەیاد نەماوە).

– کورە ناهەقی ناگرم. ئەگەر لەکین چونیەکین، بۆ ئێمە لەومان زیاتر لە دەست دەهات؟

عەولا بەو ڕستانە کۆتایی بە پێکەنینە جووت زەردێنەکان هێنا.

(ڕێنمای مێشکی باپیرانیشمان هەر چاو بووە. پیتە– نیگارەکانی هیروگلیفی و... هێمای دیاردەکانی سروشت بوون. ئایا شامپیلون لە دۆزەخە؟ یان...؟)... ئاپۆ دیشێك.

– دیشێکی تریش...

وتم: ئەمڕۆ نەبێ، سبەینێ چێشتەنگاو لێرەیە...

برزۆ: مامۆستا لەگەڵ زەردەپەڕی ئێوارە دەگات.

پشیلەیەك بە چینچکەوە، دەم و سمێڵی سڕی. چاویان تێ بڕی... چم... چم... چم...

ئاپۆ: ئەندێشی لێ مەکەن وا سەبریشی هێنا.

عەولا: ئەمڕۆ و سبەی هەر یەکە. خوای بکردایە شێر بوایە.

ئاپۆ گرێژنەی ملی خوراند... ڤڕ... ڤڕ... ڤڕ... ژێر پیاڵەکەی دانایەوە.

– من تانوپۆی دەناسم. هەر شێر بووە.

عەولا دوا کورتمی خۆی هاوێشت.

– مامۆستا مەزبەتەکەمان پەنجە مۆر کردو هەرەوەزیشمان بۆ سوور کردنەوەی ژوورەکان کرد.

– خۆ گاور سانی نییە. دەبێ ئەم ساڵیش مامۆستامان بۆ ڕەوانە نەکەن!؟

– کارێکی زیبکتان ئەنجام داوە... کوڵ مەدەن ، حەوت ڕۆحتان هەبێ.

(مەلا کەریم پشیلەیەکی گوریزی سمێڵ زلی ڕاگرتبوو... گوایە دەڵێن سمێڵی بقاچیت، کوڵەوار دەبێت! ڕاوە مشکی بۆ ناکرێت! لە دوێر و خەزنەیەك دەمان خوێند... بێ ژێر بی، سین زەنە بیس. میم ژێر می، بیسمی. لام ئەلیف لا. بیسمیلا. هێ ژێر هی. بیسمیلاهی. لە حەیزەرانەکەی زیرەمان دەکرد... هەڵستەکەی وابوو، من خۆم دەخزاندە ئاتەکی داینجاخەکەوە. ئەو ڕۆژە مەلا کەریم ڕووی گەشایەوە: بخوێنە کوڕم «أنه کان توابا.» بە ئاوازێکەوە وتی: ئافەریم مەلا کەریم «بر قەرە طاوغ ثوابا» لام وابوو بەشێك بێ لە جیزمەکە، بۆیە هەر دەموتەوە، دایکم هەر دوو چاومی ماچ کرد و بۆ سارە ڕۆژ من و دایکم و مریشکێکی ڕەش وەك دومەڵ لەبەر لووتی مەلا کەریما ڕواین. دایکم وتی: مامۆستا ئەم دوو ڕووپیەیەش خەڵات بێ. دایکە ڕووپیە چەندە؟ کوڕم نۆزدە عانەیە. ئەو ڕۆژە ترسی مەلا کەریمم نەبوو، لە مێشکمدا جێگای ڕووپیەکەم دەکردەوە... ئای تەمەنێکە. ئێستا لوغارتیم و مێشکی ئەلیکترۆنی و..)

– مامۆستا دامایت؟

– هیچ

ئاپۆ پەلاماری مەقاشەکەی دایەوە. پشکۆیەکی هەڵگرت و لە دار جگەرە کەوتەکەی نزیکی کردەوە.

– تو خوا مامۆستا شێرکۆ ئیتر خۆتمان لێ نەکەیتە پایزە براو زوو بە زوو سەرمان لێ بدە...

– ئاخر... شار و ئەرکی...

– خزمینە با ریزێ چاتان بدەمێ.

(هەر دوو پام شەکەت بوو. لە باخچەیەکی دلاّرای سۆفیا، جەمامی ماندوویەتیم دەرەواندەوە. شارەکە سەرانسەری باخچەیەکی مندالاّن بوو. لێرە، لەوێ پەیکەر، پەیکەری کەڵەکێوی. کیسەڵ، هەڵۆ وردیلەکان دەئالانە داڕێژراوەکان. کچۆڵەیەکی قنجیش لە تەکمەوە بووکۆکەکەی نیشانم دا. چاوی بسفۆرێکی سەوز بوو لەگەڵما دەدوا. من لاڵ بووم. پەنام بردە بەر زمانە گشێیەکە و ڕووم بووە پەڵکە ڕەنگینەیەکی بەهەشت. نۆ مانگ و نۆ ڕۆژی تر، لە یەك و نیوی شەودا، ژان گرتی، پلیکایەوە (توند ئەژنۆکانم بگرە) تاقیکردنەوەی وام نەدیبوو (خوایە مەرگ) هەنیەی زەنگوڵ زەنگوڵ ئارەقەی شینی دەردا. (چراکە... چراکە) هەستام، چرك. (باوکی... دەمرم)مانگەشەو لەگەڵ تاریکایی ژوورەکەدا لە زۆرنبازیدا بوو (دەچم مامانەکە دینم –کاتی ئەوە نییە دامپۆشە. دەمرم) ڕاکشانەوەی کاتەکەیە! (ئینگا... ئینگا... ئینگا... ئۆخەی وریا بە نەیتاسێنی– لەگەنێ ئاوت بۆ بێنم؟ نا. دەزوو قاچییەکەم دەوێ) بێ دەنگی... (ئەوە تانێ– ئا لێرەوە گرێی بدە) خرچ. دەمی قاچییەکە هاتەوە یەك و سنووری ژیانی بۆ کۆرپەکە کێشا. (خۆ کوڕیشە! ناوی دەنێم زۆربا – نا کارا – زۆربا – کارا – دەبا کارا بێت، چراکە داگیرسێنم؟) فەرهەنگێکم هەڵدایەوە نووسیم (بیست و دووی نیسانی هەفتاو هەشت) بێدەنگی (با بیشۆین؟ –ئەو بوزگوڕانەی پێوە بئاڵێنە نەوەك زەردووی دەر بدات– کەوا بوو بنوو من ئێشکی لە سەر دەگرم) هەناسەیان تێکەلاّو بوو. منیش بە خەندەوە لە دیار مەلۆتکەدا چاوم لە دەرگاکە بڕی نەوەك خوا نەخواستە دایکی ئاڵ، شەوە بیباتەوە!).

– مامۆستا شێرکۆ ئەم دیشەش.

– ناتوانم.

عەولا دەستی نایە سەر ڕۆژنامەکە.

– ئەی ئەم وردانە چی نووسراون؟

– با بزانم.

چاویلکەکەم نایە سەر لووتم.

– ... نووسراوە، با بیخوێنمەوە و لە پاشان بۆتانی دەگێڕمەوە. دەنگیان لە خۆیان بڕی وەك لە چەمەرەو پرسەدا بن! جار و بار بە تیلە چاو سەرنجیانم دەدا. چاوەڕوان بوون.

دەیانویست لە ناوچەوانمەوە نووسراوەکە بخوێننەوە.

وتم: نووسراوە...

(ناوی کێشوەر و جێگاکە نابەم. لەوانەیە ئەفریقا بە خوار بەغدا بزانن و جۆهانسبرگ بە ئاواییەك بزانن وەك خدرئاوا).

ڕۆژنامەکەم لوول دا.

– لە شارێکدا، ژنی بەڕێوەبەری ئاسایش نەخوێندەوار دەبێ. ئاپۆ خۆی پێ نەگیرا: ئەوانیش خۆمان ئاسایین!!

– داوا لە مێردەکەی دەکات کە مامۆستایەك لە ماڵەوە فێری بکات. لە فەرمانگاکەی دەخوڕێتە دار و دەستەکەی: مامۆستا فیسارم بۆ ئامادە بکەن. بەڵێ میرم لە سبەینێ زووتر نییە. تەلەفۆن هەڵدەگری: خانم برووسکەیەکم بۆ هاتووە دەبێ هەر ئێستا بچم بۆ پایتەخت... زۆرت پێ دەچێ؟ نازانم. تەلەفۆنەکەی دانایەوە. (دوو سێ ڕۆژی تر). قوربان ماندوو نەبیت، وەڵامی نەدانەوە. ها لەگەڵ مامۆستاکەدا چیتان کرد؟ قوربان پەلەکێشمان کردو پاش دارکاری دانی بە تاوانەکەی نا. گەوجانە ئێوە دەڵێن چی؟! چۆنمان وت هەر وایەو بەڕێوەبەر هەستایە سەرپێ و وتی: لەژێر داریشا مرد نا؟! متەقیان نەکرد. لاکەون، وەل بن لە بەر چاوم.

برزۆ وەك فیشەکە شێتە ڕاپەڕی.

– مامۆستاکەیان کوشت؟!

وەڵامی نەبیست. ناوچەوانم شانۆیەکی قیناوی بوو کە هەموو شتێکی دەدرکاند.

– خۆ ڕۆژنامە، کە سەری و نیگەرانیشی تێدایە؟!

ئاپۆ وشەکانی وەك فیشەکی داگیراو دەرپەڕاند.

وتم: ئەی چۆن بەڵام هەر دەبێ قوتابخانەشتان ببێت بۆ ئەوەی ڕۆژنامە بخوێننەوە و...

هەستام، لە بەر دەرگاکەدا

جارێکی تر سەرتان لێ دەدەمەوە.

مایسی ١٩٧٨

# کش

–مەگەر لە بەر دڵی تۆ بێم.

بە دەم ڕێگاوە بە حەمەم وت.

پێتان ڕاگەیاند کە دەبێ دوو میتر لە دواترەوە ریزە دوکانەکانی بنیات بنێ، باوکم بووە گاووسی فوو دراو، حەمە نووکە دەرزییەکی بەس بوو، هەر ئەوەندە! قوڕمساخ خۆ سەرباری سەلەم و سووش نیازی خۆ هەڵقورتاندنی ناو قۆنتراگەریشی لە مێشکە، حەمە هەر ماوە سەڵتەکەی بە سویل بگۆڕێتەوە، دە باشە باش، بۆ وا چەقاوە سوو بووی، ئەگەر بۆم کرا تیم، مام عەلی چایەکە نەگەیشت! بە سەری تۆ دەبێتە... نا... نا... لەویش تووک تاڵتر دەبێ، جا تۆ لە ڕوخساری گەڕێ، خۆ لەو وایە بە پارەو پوول هەموو شتێکی بۆ مەیسەر دەبێت! بەڵام بەو چاوانەت کە پێویستیی بە چاویلکە هەیە، شتی بچووکی وا هەیە– بەلای ئەوەوە– بە گەنجینەی ئۆناسیس و قاروونیش دابین ناکرێت. زۆر مەڕۆ، منێکی سەر سواڵکەر– باوکم وتەنی– دوای کڵاوی با بردوو کەوتووم!! دەزانم... چاك دەزانم، ئەو چەشنە کەسانە گای بوغران و بەسانایی ناچنە ژێر نیلەوە. حەمە ڕۆژێك دێ...

– قەیاسەی سەعاتێکی تر پرۆگرامەکە ساز دەدرێت.

– دیارە دڵت زۆر پێوەیەتی!

ئینجا زۆریش لە کتێبەکانم وەڕس دەبێت. مام عەلی چایەکی پر ڕەنگ. ئەی مردووت بمرێ خۆ دەڵێی پسپۆری سمت و پاشەڵی... کوڕە کوا گوێت لە منە! خۆ هەر ماوە... باسی چیمان دەکرد؟ ئا... کاری وا هەیە بە ڕواڵەتە، کەچی ناواخنەکەی نموونەی مەزنی و جوانییە، وەکو؟ باشە وەکو پرۆمیسێوس. جا با ئەفسانەش بێ. حەمە ئاگرۆکەی لە کونگی خواوەندی گەورە دزی و دای بە کەسانی سەر زەوی، بۆ ئەوەی ژیاریی مرۆڤایەتییانی پێ دروست بکەن... ئینجا گەوجی... باشە نموونەیەکی تر...

– پێ هەڵگرە نەوەك جێگامان چنگ نەکەوێت.

خۆ کفری کفر ئەحمەدم نەکرد، ئەرەوەڵڵا چاوت شەش لەسەر هەزارە و چاویلکەشت دەوێ، خۆ هیچ نەبێ بۆ چاو بازییەکانت، دەتۆ گوێ بتەکێنە، حەمە کە کاتێك لە چینە

شووشەبەندەکەیەوە دەپچڕی وەك ئەوە وایە کە شۆڕبێتە ناو بیرێکەوە. کوڕم چەند جارم وت ڕۆسمان کێش نیم! جا حەمە ئەو کەسە گەر چی شان لە گۆشە داخ سوورەکان توند دەکات و خەڵووزاوی دەبێت بەڵام سەر بڵندی و ڕوو سووری پێ دەبردرێت. حەمە تۆ لە کۆێ و ئەم قسانە لە کوێ؟ ڕۆڵە گوڵی سووری چی؟ وتم: گوشەداخ سوورەکان  واتە گوینیە، واتە دەبێتە کۆڵهەڵگر هەی گوێدرێژ. بە سەری تۆ حەمە بەیانی خونچەیەکم دی کوتومت بە کۆرپەییەك دەچوو کە پێش دایکی لە خەو ڕاپەریبێ و بۆ مەمك لە پشکنیندا بێت.

– ئای لەم حەشاماتە... دەڵێی...

– کاکە شین، ئێوارەت باش. شوانت پێ دەناسێنم

خوا بدات، حەمە زۆر عاجباتییە! ئەم درۆزکەرانە چەند چەڵووزن! تووترکن. یەك دێ و دوو دەڕوات! بەڵێ چاری هەیە، ئەگەر... نا کوڕم بۆ یاخی ناکەم. حەمە کڵاش بۆیاخ دەکرێت؟ نەیسە. لە ئازاری مرۆڤ دەدواین، نا؟ جا بە خەستی، ئازاری هەرە گەورەی مرۆڤ، لە سۆراخ و پشکنینە دێوانەییەکەیدایە. دڵبەرەکەشی لە چەقی هەڵویستدا دەدۆزێتەوە. حەمە خۆت گێل مەکەو لە ڕوانگەی خۆتەوە مەڕوانە. چاوی کەژاڵ و تەڕە سازگی چی؟ دە باشە پارەیی چایەکان دەدەم. جا بۆیە لە ژووری تەنگ و نسرم و لە سەر قەنارەش خۆی بە کامەران و بەختەوەر دەبینێ. بە پێچەوانەش، حەمەیەکی خۆ نەناسی وەك تۆ کلۆڵ و دەبەنگە. هەتیو دەمە شڕەکەت داخە، ئێرە جێگای جنێو فرۆشتن نییە، تۆ تەماشاکە، ئەو سەر ڕووتەت دیوە! خۆ باشی دەناسی کە چۆن بە ئاوەژوو خۆی وەدەر دەخات! بێ گومان تەشقەڵەباز و ڕوو خۆڵەمێشییە. نەوەڵڵا، هەر لەگەڵتا دێم. خوای دەکرد زراوت دەچوو. مام عەلی فەرموو پارەی چایەکان.

– بالێرەوە دانیشین.

(نیازی حەمە هەر ئەوەیە کە خونچە بدینێ، وتی: شوان دەبێ چەپڵە بارانی بکەم! ئەگینا فری بەم شتانەوە نییە. خوا هەڵناگری خاوێن و ڕەسەنە. بەڵام ئاخ لەم ساویلکەیی و ڕاڕاییەی...)

– هەر لە سەرەتاوە دڵت دەگوشرێ؟!

(هەڕەمەییەکەیە. یەهوزا مەسیحە. جەنجاڵییەکەیە. فەریکە شیعر و شتی بێ پێز کە نە هەستی ناوەوە دەبزوێنێ و نە شت دەگۆڕێ. ڕکم لە تەرازووی پەنجەکانیش دەبێتەوە.

چەمەرانەمان لاوك و كۆنتەرباسە! قاوغ و ڕەجاڵی و ڕەوەكییە. هەڵدەپەڕن -پرسەیە- پێدەكەنن. دەگرییێن -چەپڵەڕێزانە- دەنووزێنەوە. لەوێش بترازێ... حەمە هێناومییە بۆ ئاهەنگەكە! لەویش بترازێ، لە دایك دەبن - گوێزەبانە- خوا سەر بەرزقی بكات، دەمرن -گیسكە نێر تەمەنی بە ئێوە بەخشی، خوا سەبووریتان بدات. سفرەكەش هەر لای چەپەوەیە. شیعر، گۆرانی، هەڵپەڕكێ، بگۆڕ نین، بۆیە پێكەنینە تەوساوییەكانم لە جەرگی ئێشەوە سەر هەڵدەهێنن).

- شوان. هۆ شوان. دیارە گەمییەكانی باوكت لە ئەتڵەسیدا نوقم بوون؟

- بێ عارن.

- ئەی لەرینەوەی ئەی مەمكە سركانە!!

- مەخابن حەمە تۆ چاو بەستی سووتیانی.

- ئێقاعی پایان!! خۆزگە خونچە سەرچۆپیی دەگرێت.

(ئیقاع ! ها. ها. ها. یان پەلەقاژەی تەپۆڵە نانەوە. میوانە بەڕێزەكان... جوانە... بۆ بەڕێزی شوكر زۆر بەڕێزین. بەڵام وشەگەری خۆشخوانی و خاپۆرە... دیارە قاوەڵتی و نیوە ڕۆژمان دەبێتە هەمبەرگەری ڕیستن.)

- دیارە هۆنراوەیەكی تازەیەتی.

- قسەی قۆڕ هەبێت ئەمەیە. ڕۆڵە گرفتەكە لە داڕشتندا نییە، بەڵكو لە ئەستۆی چاو و پا دایە...

- تێ ناگەم.

- زەمینەو ئاسۆگە. گۆشەی بینین و مەودای بڕ كردن. هەر ئەمانەیش كۆن و نوێ جیادەكەنەوە.

- دیسان بە باشی حاڵی نەبووم.

- بە كورتی، هەمانەیەك ئیسماعیل نامە و دیزەیەك وشەی قەڵەو، دەرخۆنەیەك بگرە پشقلێك جێ گۆڕ ناكەن و ناسۆرمانیش ساڕێژ نابێت.

( چل و شەش كرۆمۆسۆمەكەی سێڵەكانم دەپارێزم. هەیە دووانی دەخاتە سەر، دەبن بە چل و هەشت! دەبێتە مەیموون... سەگسار، كە بووە پەنجا و شەش ئەوسا دەبێتە... ها. ها. ها... دەبێتە ئایشە... گوێ... درێژ...)

– دواییپیەکەی گۆرانییە!!

( ئەو ڕۆژە باوکم لە ماڵەوە نەبوو. شمشاڵەکەی دەرویش عەبدوڵڵا کردمییە زۆربا و پڕ بە دڵ، بە سییەکانم، بە سۆزەوە خولامەوە... ئای نجنسکیی سەر شێت لە کوێی؟!).

– حەمە ئەمانە گەڕەلاوژە بۆ بتی نا ئومێدی هەڵدەڵێن.

– ئەنجامەکەی! لەگەڵ تۆ دا!

– سەرم دێشێ. دەچم دوو حەبی...

– مەڕۆ، لە کۆتاییدا شا... نۆ... گە... رییە... کی کۆمیدیش هەیە!!

– کش لە شا و... لە (نۆ)و کەریی تۆ..

حوزەیرانی ١٩٧٨

# مردوو خەون نابینێ

گۆشەی بینینم تەماوییە. خۆ لە خەویشا نیم! بەشکو هی ئەوە بێ کە ئەم بەیانییە چاویلکەکەم بە کاغەزی سیغار نەسڕیبێتەوە. خەوی چی! ئەوەتانێ هەموو شتێك ڕەنگی سروشتیی خۆی هەیە. پەنجەرە و پەلکی دارەکان بە خوناوە شۆردراون، ئەی ئەم بیرە ناکاوییەم؟! چەشنی پڵنگ گرژ بۆتەوە بۆ هەڵمەت بردن! چۆن بە مێشکۆڵەمدا لکا و ئاسوودەیی کردم بە هۆت و وەروارد! مادامەکی هەست بە خۆم دەکەم، بێ سوو بە ئاگام. ئەمیش ڕۆژنامەکەی گیرفانمە، کەوا بوو هەم.

بەیانەکی نازانم لە سونگەی چی بوو وا بە گوژم خۆم هاویشتە ڕووباری کۆڵانەکەمانەوە، دەرگاکەمان کلکی کووچەکە گرێ دەداو ئیتر دەرناچێت، مەگەر بە دەگمەن نامۆیەك سەری پیا بکات. ناوێکی سەیریشی هەیە. (سەیسەروەر) وا بەپەلە بووم تەنانەت جگەرە و چەرخەکەیشم جێ هێشت. هەستم بە بیر بڵاوییەك دەکرد. عەوداڵی دڵێك بووم. لە ئامێزێك دەگەڕام گەرمم بکاتەوە. تەنیایی شەختەیە، بەستەڵەکە. دەمویست ئەستێری پەنگاوەی دەروونم ڕەهاکەم و هەرچی ڕوو دەدا بە قیر، بە سییان. درۆ، درۆ، درۆ. لە درۆش بەو لاوە هیچی تر نییە.

دوێنێ ئەو باڵا زراڤە لە هەمان جێگا و لەسەر هەمان تەخت دانیشتبوو! دەشێ لەم باخچەیەدا ڕەچاوی کەسێك بکات؟ خۆ من نیم. دەزگیرانی هەیە؟؟ بەشکو چاوەنواڕی برا بچکۆلانەکەی دەکات. منیش کە منداڵ بووم، لە کەسوکارم دادەبڕام. جارێك دوای بووکە بارانەو کۆسەوەوی کەوتم و لە گەڕانەوەدا، چەواشە بووم. ئەی بۆ پای جەمام نەبووبێ و بۆ وچانێك لای دابێتە ئێرە! ئەمیش مەنتیقە. خوا وا دەست بۆ گێسووەکانی دەبات! کەس بەدی ناکەم. ئایا شفرەی هامرازی دەربڕینە؟ با لە سیلەیەوە دانیشم. سوور دەزانم کە چاوەڕێی کەسێك دەکات چونکە چاوە تیترواسکەییەکانی ئەوەم بۆ دەدرکێنن. ئەمڕۆ خەڵك کاغەزی سپی دەخوێننەوە! بۆ نەچمە تەکی و دڵخوازی خۆمی بۆ هەڵڕێژم. لەوانەیە ئەویش وەك من سووتا بێ و کوڵێ ژان و سووتووی هەڵگرتبێ. بزانە ژان سوودی چەند زۆرە کە بە زوویی متۆ و هۆگری یەکترمان دەکات، ژان زمانێکی جیهانییە. ئەی پێچەوانە! ڕووی گرژ کردەوە؟ ئاسانە. خۆ دڕکەزێ بە زمانەوە نییە، دەسبەجێ داوای

لێبوردنی لێ دەخوازم و بە شێنەیی لە بازنە تەنگەکەدا دەردەپەڕێم. هەر وا بووە و هەرواش دەبێ. پێشەکی بە ڕوویەکی گوڵگونەوە ئێوارە باشی، ئۆی ڕۆژ باشی لێ دەکەم. باشە دوایی؟ ڕۆژێکی خۆشە نا؟! لە قوڕ و چڵپاوت نێم هێشتاکە زەوی نسێیە و گەڵاکان هەڵدەلەرزێن. کەوا بوو دەڵێم: ئەم گوڵانە چەند قازاخ و دڵگیرن؟ گیرام حەزی لە گوڵ نەبوو! یان هەر وەڵامی نەدایەوە!! تۆ لە جیهانی ئافرەت کاراشناو بەڵەد نیی وا چاکە بەڕەنگ و ڕوویا هەڵدەیت و سەرسامیت نیشاندەی لە عاست ڕەنگ و جلەکەی، وای لێ هات! هەموو ڕەنگ ئاوێتەکانی گێتی بە کاردێنم، کتێبیشم لە بارەی ڕەنگەوە زۆرە، هەر لەمەو بەریش لەو بڕوایەدا بووم کە ئافرەت پێویستە پانتۆڵ لەبەر بکات و...

ئا... کاوبۆیە شینەکەی دەرفەتێکی لەبار و ڕەخساوە، بۆشم هەیە دانە سەعاتێك لەسەر ڕەنگی شین و پلەکانی دەمەوەری بکەم. ئەی چۆن! وشەی خلیسك هەیە وەك ماسی. وشەی فێڵباز هەیە وەك ڕێویی بیروون. ئەمانە مەگەر راوچییەکی بلیمەت خۆی لە قەرەیان بدات، لە دڵێك دەگەڕێم، قووڵایی زەریای هەبێت، زەریا... زەر، یا... یا...

لەوەش لاری نیم کە ئافرەت پیاوانە مەچەك هەڵماڵێ و... جا ئەو کاتە دەبێ پێوەرێکی دیکە بۆ جوانی بدۆزینەوە. دەی... ئەم هەموو ئەندێش و کاوبایە بێ بڕشتە. تۆ چیت داوە لەم مشتومڕە بێ سەر و بنە بیزەنتییانە، ئەگەر دەوێری ئەوە گەزو ئەوە جاو. بۆنی هەرێزەکە هەراسانی کردم! نا... نابێ زۆریش چاو لە چاوی بیرم. داخوا هەستی پێ کردووم؟ ژێی دڵی لەراوەتەوە! نا، بەم جۆرە نابێ، خۆ بازاڕی کڕین و فرۆشتن نییە و منیش لەو بابەتە نیم کە ناوبانگی سووك و ڕیسوای هەبێت. باش وایە خۆم بە ڕۆژنامەکەمەوە بخلافێنم. نەحلەت لە شەیتانت، ئەم هەموو گریشمە و وەیم و تامسارییەی پێ ناوێ، بە چاو قرپاندنێك کارەکەمان مەیسەر دەبێ و لەم ڕاوە ژێژکە دەبینەوە. ئەوەتا سەدان سەدەیە پیاو بەم کارە هەستاوە، ئەمڕۆ نۆرەی ئافرەتە دەسپێشکەری بکات و ناوی بچێتە مێژووەوە. نا من مەڵۆسی ناکەم. بۆ یەکسانی هەر بە پانتۆڵ دەبێت! ئەمە هەڵوێستە و نایگۆڕم، خۆ بە کەللە ڕەق ناسراوم... تۆ تەماشا، ئەو دووانەش لە کەنار سیمەکەدا، هەر ئەوەیان کەمە ببن بە یەك تەن! دەبمە بەشێك لەم تەختەیەی ژێرم. سەهەنی ئەو ریزە دارانە پەیژەیەکی سێبەر و خۆر لە سەر زەوی ڕۆدەکەن. پاسارییەك دەجریوێنێ. لە چلە پۆپەی داریکەوە، وەڵامی دەدرێتەوە. یەکتری بانگ دەکەن! یان شەڕە جنێویانە؟ بزۆکییەکەیان پەرە دەسێنێ! خۆزگە زمانی مەلۆچکەم دەزانی، ئەمەیان دەدا لە شەقەی باڵ و ئەوی تر بە هەڵەداوان ڕەدووی دەکەوێ. کامیان

نێرینەکە بوو؟ بڕوا ناکەم لە یاسای سروشت لایان دابێ. نارەوت و پەیوەندیی شتەکانیان نەگۆڕیوە وەك ئێمە مانان. ئۆخەی وا بە لاچاو نیگایەکم تێ دەگرێت. با خۆم گران بگرم. ئای ئەم خۆ گران گرتنە بە چەند لەسەرم کەوتۆتەوە، هەیە بوو بە میرمحێ و منیش... دەی بۆ چوونەکەم سەری گرت بەڵام شەرمێونە! ئەم وردە هەواڵانە دەخوێنمەوە ئینجا کەی لە کاتێکی ئاسایی لام لێ کردوونەتەوە.

(ئەلدۆمۆرۆیان کوشت... )خەتای خۆی بوو. چی؟

(سادات و بیگن جارێکی تر کۆدەبنەوە)... دوای بارلیف سەری لێ شێواوە.

(زایۆنیزمەکان خوارووی لوبنان بۆمبا باران دەکەن) شایی لۆغانی مشکانە.

(کۆبوونەوەیەکی داخراو لە... ) حەز بە داخراوی ناکەم.

(دوو گەمییە لە یەك دەدەن) خەتای تەم و هەڵەشەیییە.

(لە ئاسمانا دوو کەشتی...) ئێمە لە کوێ و ئەوان لە کوێ؟! وا لە سەر زەوی بە یەك ناگەین!

(ڕەگەز پەرستان بەرهەڵستی چارەنووسی نامیبیا دەکەن) ماف و چەك دەبێ بکرێنە وشەیەکی لێکدراو.

(کورسیکاش دێتە ریزەوە...) دەی با دوکەڵی لای ئێوەش بەدی بکەین: خۆ چاوم شەکەت بوو! ملی شەیتان دەشکا، بۆ چاویلکە سپییەکەم هێنا؟ پزیشکەکە وتی: ئەمەیان تەنیا بۆ خوێندنەوەیە. وریای چاوەکەی تریشت بە با ئەویش تووشی (انفصال الشبکی) نەبێت. خۆزگە کوێر دەبووم و ئەمڕۆژەم نادی... با ڕۆژنامە دوور بگرم بۆ ئەوەی نەڵێ چاوی ئیجگار کزەو... ئە... ئاو ها... خۆ بە تەواویش پیتە مێروولەکان نابینم، قەیناکا. سێری وێنەکان دەکەم. مانشێتەکان بە مێوژ دەکەن! ئەو ڕۆژە قەرتاڵەیەك ترێی گوترەم کڕی. منداڵەکان لە گوللاجە ترێ ئێقیان دایەوە و ئەو دواشیم بۆ کردن بە ئەزبەری.

(ئەم وێنەیەمان بە ڕادیۆ پێ گەیشت).

بریا ئامێرێکی ئەوتۆیان دادەهێنا بۆ گواستنەوەی رازی نێو دڵان، با سەدان کیلۆمیتر بڕ نەکات، ئا لێرەوە هەتا ئەو سەری باخچەکە. هەر نەبێ هەتاکو لای ئەو تەختە. ئای!! خۆ بەژن زراڤەکە لەوێ نەماوە!! کوێرا وا بە جەختە بۆی دەرچوو؟ ئەم هەواڵانە چۆن فریویان دام! دەبوایە بیدوێنم و لە کەلی شەیتان بهاتمایە خوار، هەر نەبوایە لێوێکم

ببزواندایە. دەستێکم بۆ کاکۆڵم ببردایە خۆ ئافرەت سۆزانیش بێت هەر دەبێ پیاو ڕێنمایی بگرێتە ئەستۆ. نەفرەت لەم ڕۆژنامەیە دەکەم کە میمڵیی خۆیی دەرخست، قسەی پیاو بێ ئەم شەو دەبێ کارێکی پێ بکەم، ڕەشەبا بە چەتری شڕی نەکردبی، گاوان بە مانگای ڕیخنی نەکرد بێ. دەبێ گشت مەزەو شەوچەرەکەی لە سەر ڕۆ بکەم و پاشان بیکەم بە پەڕۆی بێ نوێژ. ئۆی لە دەست ئەم کۆلانە قیرتاو نەکراوەش، جا ئەمیش خەتای چاویلکەکەی منە؟ بە بیرم دێ کە ئاسەواری ئەم باخچەیەی قەد قەلا دوو گەرماوی ژنانی لێ بوو. دەڵێن لە قڕانییەکەدا، (عەلە بەستێ) لەگەڵ جووتێ کەڵەمێردی وەك (سەید وەلی) و (ڕەشە تورکمانباخی) نەبوونایە، دوژمنەکان، ناموسی ژنانی گەرماوەکانیان هەرزان فرۆش دەکرد. بە یەکتیر و حسکە و پەرەبێلەو، هێرشەکەیان بەرپەرچ دایەوە. ئەو مام عەلییە ماوەیەك ون بوو. گوتیان بە نادارایی و کولەمەرگی سەری ناوەتەوە. وتیان بە کەنەفتی سارديیان کردەوە. وتیانیش گوایە... زۆر شت دەوترێت...

باوکم دەیووت لە مەتەرێزی سەربانەکەی (تۆما)وە لوولەی شەستیر هامشۆکەرانی دروێنە دەکرد. ئەمیش تۆمایە و تۆمای ئەکوینیش هەر تۆمای ناوە!

هەر لە نزیك ئەم گەرماوانەش، کەلاوە چەپکەنی گەرماوێکی تر هەبوو کە (شوکر پاڵەوان)و برێکی دیکە، بە جەژنان دەیانکردە مەڵبەندی زۆرخانە و پوول پەیدا کردن. شناویان دەکرد. قایە بەردیان لە سەر سنگ ورد و خاش دەکرد. میلبازییان دەنواند. لە سەر سەکۆیەکیش چەتەولێکی سوورفل لە دەفی دەدا و بەزمانێکی سەیر هانیانی دەدا. ئەم یادگارانە گۆڕە و شارم دەدەن. کە گەیشتمە ماڵەوە، هەتا سەرم دنج دەبێ دەخۆمەوە، کاری دڵیشم بەو ڕۆژنامە بێ وەفایە دەڕێژم. منداڵە هەراشەکان لەم ئاکارە هەڵماتێن و شێر و خەت و میچێنیان دەکرد. بێ پارەکانیش، کوڕی سنگەوباز و تەنوورە خراپیان دەبەست. خۆزگە لە سەر گەی ئەم کۆلانە چرایەکیان قوت دەکردەوە. خۆ چاوی شەش لە سەر شەشیش گا بەدی ناکات بە شەوان. کچۆڵەکان بە سواری پایتوونی یەختەو دەم بە بەستە دەچوونە سەیرانگای (موسەڵلا) و (قۆریە). چەرخو فەلەکی ئەو سەیرانگایانە لە مانەی (جووت حەمام) بڵندتر بوون، ئەمیش پەیوەندیی بە گەڕەکی (ئیمام قاسم)ەوەیە. ڕۆژگارە... لە هاوالەکاندا، بە سواری گوێدرێژی مامە حەمە و باجی بەڵکیس و بە زەبری نەقیزە خۆمان دەگەیاندە ئەو ناوە. ئەوسا کێ قودرەتی ئەوەی هەبوو بە تەنیا لای ئیمامەکەی (قەد قەلا) گوزەر بکات! بە ڕۆژی نیوەڕۆ جەردەکان ڕووتیان دەکرەوە. خۆ نزرگاکەش وارشی نەبوو! کەچی ژنان دەستە دەستە شەمۆڵەیان لێ دەگرتەوە و جۆرەها

مراز و سکالآیان بۆ هەڵدەڕشت! گوایە دەڵین ئێسك و پرووسكی ئیمامەكە كچێكی عازەب بووە و جەندرمەكان ورگیان بە ناهەق هەڵدڕیوە!!

ئێستا ئەم هەموو مێژووە بۆتە باخچەی قەد قەڵا. منێكیش لەم باخچە فراوانەدا مایە پووچ بووم.

ئەو نازدارە مرۆڤ نەبوو. هەڵم بوو. كچی زەوی بوو، تاڤگەی قژی، كانیی چاوی، ڕووباری بەژنی ڕژانە زەریاچەی دڵمەوە، ناوی نازانم، ناوی دەنێم (كیژەكەی قەڵای توورەكە ڕێژ).

دەمێكیشە بە ئاواتەوەم كە ڕووكاری ئەم قەڵا دێرینە تەخت بكرێ بۆ باخچەی منداڵان و گیانداران و نەخۆشخانە... دیارە (نەبووخوز نوسەر)یش هەمان پڕۆژەی منی هەبووە! بۆیە لە نێوان ئەو سێ گردەدا، بە توورەكەڕێژ قەڵاتێكی بنیات نا. جا لە گەڕانەوەی قۆشەنی سەر جووەكاندا، لافاوێكی دیلی ڕاپێچ كرد و كەللە سەری (دانیال) پێغەمبەریشی بۆ یادگار لەوێ ڕواند.

ئەمشەو چارەكەكە هەڵدەدەم چێشتەنگاوێكی درەنگ گەشتێكی تر بۆ لای بەژن زراڤەكە دەكەم، چونكە مرۆڤ دەشكێ بەڵام نابەزێ و بەئێش و ژانیش نوێ دەبێتەوە، ئەگەر ڕاستیش هەبێ ئەوە مرۆڤ خۆیەتی.

تەمووزی ١٩٧٨

# هێڵەك

بە هێڵەکی ئاگایی خوسەکانت تەتەڵە دەکەیت (چی خۆر بە ڕۆشناییەوە دەبەستێت؟ ڕەگ بە زەوییەوە. ئاسمان بە شینایییەوە. دەریا بە قووڵاییەوە. مرۆڤ بە ژانەوە).

لە پەنجەرەکەوە تاڤگەیەکی ڕووناکی دەڕژێتە ناو تاریکایی ئەو بەرەوە. شار خزاوەتە ناو ڕەشماڵی کپییەوە، شەویش بەرداشەو دەتهاڕێ. (ئەو ئێوارەیە خاڵۆم ماخۆلیانەکە گرتی. پرسیمان: چییە؟ متەقی نەکرد. هەفتەیەکی دیکە، نوقڵ و ملەبەسی لە چایخانەکەدا بەشاندەوە! چونکە ڕۆستەمی زاڵ برینەکەی ساڕێژ ببوو، حیکات خووانەکە بە دەنگێکی زوڵاڵەوە داستانەکەی ئارایش دەدا. ڕەشە ناوێك هەر بەو شەوە سەڵتەیەکی پیتە و کەوایەکی دەحسەی بەو خۆشخوانە بەخشی!). چاوەکانت وەکو جووتێ شێری کلۆڵی ناو ڕکەی ئاسینن شەکەتن. گوێچکەکانت بۆ مۆسیقایەك هەڵخستووە کە لە دوورەوە چەشنی پەرلۆنێکی تەنك دەشەکێتەوە.

(وێڵی سیاچەمانەیەکم وشەکانی بگۆڕ بێت)

بە دوای پاشماوەی جگەرەکانتا دەگەڕێیت و دوو تووڵە ماری بێ ڕەنگ بەرەو میچەکە هەڵدەکشێن.

(کێ دوورگەی ئێشەکانم دەناسێت؟ لە نێوان ژیان و مردن، بێ گومان مرۆڤ ژیان هەڵدەبژێرێ. بەڵام لە نێوان خاك و مردنا، مردن تەنیا ڕێگایە).

بەم ئەنجامە، بزەیەك بە لێوەکانتەوە دەلکێ و پتر مێشك دادەچۆڕی.

(خۆ دەریاش تینووی دڵۆپێ ئاوی شیرینە)

سەر هەڵدەبڕی.

(گوگوش... دیارە تۆ هەردەم لێوەکانت پیشانگای نەوس و بزەی ئاڵن!).

پەلاماری پەرتووکەکەی (هۆگۆ) دەدەیت.

(دە گوێ بگرە. پێنج جار ملپەڕینەکە ئەو سێگۆشە ئاسنینەی هێنایە خوار! ملەکەش نەقرتا. هەر خەندەم پێ دەفرۆشی؟ کەوا بووو...)

لەشت بۆتە کشوەری حەز و هەوەس و... بۆن و بەرامەی بەهارێکی قازاخ بە مەڵاشووتا هەڵدەگەڕێت.

(خۆزگە...)

ئارام ناگریت. چەمۆڵەیەك لە وێنە ڕەنگینەکەی قەد دیوارەکە دەگریت.

(دەتاسێم. ئەو دوو لێوانەش دانە خۆرەم بۆ ڕۆ دەکەن... نا...) پەنجەکانت وەك دە ئەسپی لاسار جەڵەویان بە تۆ نییە. لە پڕ وتەی کەسێکت دێتە یاد: ئەگەر لە تواناداا بوو نەنووسیت، خامەکەت هەڵبگرە.

(هەتاکو ئێستاش لە ناخمدا ناوەڕۆکێکی جوانەمەرگ خول دەخواتەوە. یەکێك لە فڕۆکەوە باز دەدات و لە نێوان (ئاسمژیان) و (زەویمەرگدا) بە خۆی دەڵێ: چی دەبێ ئەگەر پەنجە بە دوگمەی پەڕەشووتەکەدا نەنێم؟ بۆیە مەل ئاسایی دەکەوێتە باڵەفڕکێ. بازنەکە تەنگتر دەبێتەوە. پەنجە دەبات! بێ هوودە، وردو خاش دەبێ و بیرەکەشی دەدۆڕێنێ.)

پێنووس و پەڕاوەکەی بەر دەستت ختووکەی نووسینت دەدەن.

(ناینووسم. چونکە شێوەی داڕشتنێکی ئەوتۆم لە مێشکدا نییە).

هەڵدەستیێ.

(دانیشتن خۆ خواردنەوەیە. ژوورەوەم پڕ لە ڕێچکەی مۆرانەیە).

قێزت لە هەندێ نووسین دەبێتەوە. ڕوو لە دەرگا دەکەیت.

(ئێستا هەم)

لە چەقی کۆڵانەکەتان سێبەری خۆت دەبینی، کات لە ژێر کڵاشە چەکەکانتا، مشتێ لمی خزاوە.

(داخی ئەم خۆڵە پەتانییەش).

لاکێشە ڕووناکە هەڵواسراوەکان بە چاو دەبێژی. ڕووناك –کوژاوە– ڕووناك –ڕووناك– کوژاوە– ڕو... کو... و...

(بگەوزێنەوە. من باسی ڕووتایەتیتان دەکەم، ئای ژیانی بێ هاوسەریشی سەر بارە. خەتای خۆمە).

لە دوو تۆی کۆڵانێکی تەنگەبەردا، لەتێ ئاسمانی نارێك بەدی دەکەیت و کۆکەیەك پەردەی گوێیەکانت دەسمێ.

(بێداریی جگەرەیە. ها. ها. گوایە دز و جەردە زەفەری پێ نابەن)!

بە خۆت دەڵێیت: جێگای ئەم نانەواخانەیە قوڵغی (ئیمام قاسم) بوو. ڕاستە و ڕاست لەو

بەرەوەش چراخانەکەی (ئەوڕەحمان) هەتاکو پارشێو، خەوی کۆرپەکانی دەزڕاند. لە (موسەڵلا) و (قۆریە)، لە (گڵچییەکان) و (چقور)ەوە پۆل پۆل بۆ (سینی و زەرف) لەو چایخانەیەدا خڕ دەبوونەوە. شەوێکی (عارفە) دوو پیکابی هەولێری و خورماتوویی ڕژانە ئەو گوزەرە. (فەرخە) بە دووزەلەو (کەلە)ش بە دەهۆڵ و یەکێکی تر بە زوڕناوە، پشێوازییان کردن. بوون بە دوو دەستەوە. (عەلەخانمێ) کە وشەی (بات)ی لە وەستاکەی بەرانبەری خۆی بیست، یەکسەر سێ کوچکەی تەلاقی هاویشت و نەڕاندی:

– ئا لەم زەرفە نەترازاوە. بەم سەرە (گوڵ) و (گوبەعە) کەشی فت دەکەم.

لە سەر چۆك بەرز بووەوەو زڕەی لە کوژەکەکەی ناو زەرفەکە هێنا! شاباش کراو چینێك هەڵپەڕکێ ساز درا ئێمەی توولەکیش ملۆمۆشی دەورەی سینییە شیرەدارەکەمان بوو. چاوەڕوانی پاقلاوە و گوێز و ئەشرەسیمان دەکرد. (کەلەو فەرجە) بە (شاباش) سمێڵیان چەور دەکرا.

دەستەکەی ئەو لاش کە سینییەکان دەکەوتە لا، بە (خۆریات) و (ئەمان ئەمان) بەر پەرچییان دەدایەوە. خاڵۆکەی ترم لەو شەوەدا چاوشارکێی دەکرد کە گوایە وتیان (کەومار) پێوەی داوە!

(ئێستا کێ هەڵمیدایە ناو دەریاچەی ئەو یادگارەوە؟!) هەر هەنگاو دەنێیت، لە سووچی گەرماوەکەدا، گەماڵێك مرەت بۆ دەکات. تۆش بۆ بەردە (چیمێك) دەچەمێیتەوە.

(حەننا سەگ کوژ خانەنشین کراوە، بۆیە ئێوەش بەکامی دڵتان کلکە لەقێ دەکەن. ئەو خرستییانە ڕۆژی پتر لە دە سگی سەمەندۆك دەکرد لە کونە کەمێارەکەی داوێن کیلانەکەی شێمحێدین. بە قەوانە بەتاڵەکانیش فیشەکی داگیراوی وەردەگرتەوە. گوایە دەڵێن نیوەی کەمتیار دەخورێ! هەندێك دەڵێن لای چەپی، برێکی دیکە...)

هەست بە بوونێکی تر دەکەیت. مەلە سپییەکەی ئەو دیو چۆڕاوگەی هەستت لە شەقەی باڵ دەداو لای شۆخە پاشەڵ گرانەکەدا، دەنیشێتەوە.

– ڕەبەنی؟

– نا

– ژنت هەیە؟!

– نا

– ئەی؟!

– (ئەگەر بە تەنگەوەیت، دەیەکی ئەو جۆخینەتم پێ ڕەوایە).

وێنەکەتی لە دڵدا گۆڕا. تۆ ڕاستگۆ بوویت، ئەویش باجی خۆی بە ئاغاکەی دەدا. نەتویست کەوڵێکی دیکە بپۆشی.

(ئای... دیدەکانی کانیی هەنگوێن بوون ئەگینا فریودان و درۆ ئاسانە وەك کەڵەمستێنە، وەك سڵفاتە خواردن، وەك... وەك...)

دەتەوێ هەبیت وەك چۆنیت.

(توونیڵ بە تارا ناشاردرێتەوە).

دەتەوێ دێڕێك لە مێژووی خۆت بنووسیتەوە.

(ئەو شەوە، سۆزاینیەکە لە سایەی ماکیاجێکی چڕدا خۆی مەڵاس دابوو.)

– ئەوەندەی تریشت دەدەمێ گەر بە ئاوی گەرم ڕووت بشۆیت.

(لەوتامە ناو گۆلاوی دزێوی و شیلانێکی ورشە دارم دەسکەوت. ئێستاکە وەکو پاپۆرەکانی ئۆناسیس خۆم بەتاڵ دەکەم. لە بەر دەرگاکە دەنگم کولێرەیەکی گەرم بوو:

– دەزانی کە دەمێك بوو پاراویی وام نەدیبوو؟!

پارەکەی دامەوە و منیش ڕستێ کتێبم پێ کڕی) بڕۆکانت هاتوونەتە یەك. تێوڵت ئارەقێکی مۆر دەردەدات.

(ئەلف و مینارە لێك جیا ناکەنەوە. کەوا بخۆیە! لە من وایە خوێنی خۆم دەخۆمەوە).

دگانەکانت جیڕ دەکەیتەوە و بە دەنگێکی سەوز بە خۆت دەڵێیت: جیوەن. مارمێلکەن. ژەنگن.

(پێویستیم بە هەموو فەرهەنگەکانی گشتی هەیە بۆ ئەوەی فێری جنێودان ببم... ئەوانە...)

لە دوو ڕێیانێکدا ئاوڕ دەدەیتەوە.

(ئەمجارە بە لای چەپدا دەڕۆم...)

هەنگاوی گوژمدار هەڵدەبڕیت. دەڕۆیت. دەڕۆیت. دەڕۆیت...

(لە قەڵاکەی نەبوخوزنوسەرەوە، مەڵۆیەکی گزنگی ئەرخەوانیتان بۆ دێنم).

بیر لە دەرگاوانی قەڵاکە دەکەیت و دڵنیاشی کە کەمەندەکەت لە بیر نەکردووە. دەڕۆیت و ئەمجارە.

ئاوڕیش نادەیتەوە.

ئابی ١٩٧٨

# ئەشکەوت

**١– زووم (لقطة قريبة):**

لە چنگی دەقیانووسی ستەمکار هەڵاتبوون. دوا ئاوڕیان لە شاری (ئەفسوس) دایەوە.

«ئەوەندە ساڵ و ئەوەندە ڕۆژ نوستن. سەگەکەشیان لە گەووری ئەشکەوتەکەدا نوستبوو. ڕاپەڕین. لەوان وابوو شەوێك و دووان نوستون! یەکێکیان بۆ ئازووخە ڕووی لە شار نا»

مەلا ڕەحیم تەربیحە ئەبڵەقەکەی بە ناو لەپ دەسوی. تۆش لە هەوارێکی (کورە کاژاو) دا گوڕ بە جمکەکانت دەدەیت. پیرۆز چاو لە نوشتەی ئاسمان ناترووکێنێ. ئاسمانیش بەروانکە خومییەکەی پۆشیوە. پەڵەیەکی هەوری کەف ئاسایی باسی چاڵە دانەوێڵەکان دەکات.

«کە دراوەکەیان دی واقیان وڕما! وتیان: ئەمە کەی پارەی ئەمڕۆیە؟! نێردراوەکە پاشەکشەی کرد. لە ئەشکەوتەکەدا بە کوڵ گریان، هەتاکو خەویان لێکەوتەوە»».

تۆ لە سەر دوو بەردە بازی تەنکاوێکدا، جەمانی مانوویەتیت بە شەپێ ئاوی سازگار دەشکێنیت. مەنیجی مارانگازیش کورتمی خۆی لە مەلا کەریم دەگرێ:

– ساڵەکەی وا بڕوات، زەکاتەکەی تۆش لە نیوە دەترازێ.

پیرۆزی ژنت لە ژێر دار سماقەکەدا بێ دەنگ ئەشك دەڕێژێ. تۆ قومێك ئاو لە زارت وەردەدەیت و نووکی زمانت سوێر دەبێت –پیرۆز ڕیشۆڵەی چاوەکانی بۆ ئاسۆی بەر کەلەکە دەنێرێت. مەنیجیش لە ماتییەکەی مەلا دەرفەت دەسێنێ:

– ئەرێ مامۆستا. سەگیش لە قورعانا ناوی هەیە؟!

– ئەی چۆن!

– باشە ناویان چی بوو؟

– ئیملیخای شوانکارە و... و...

– ئەی سەگەکە؟

– قەتمیر

– بۆ ئێمە لە قەتمیریش کەمترین؟

– .....!

له قەد پاڵێکدا ئاوڕ دەدەیتەوە. پیرۆز نابینی و ئەویش تۆ نابینێ. خۆر ڕمێك بەرزە، تۆ پریاسکەی تێشووەکەت لە کەنار ئاوە سپی دەکەیتەوە.

**٢– دیمەنی خوارووی بینین**

کەڵەبابێك بانگی فەرموو. جم و جۆڵ کەوتە ئاوایی.

«با فریا کەوین –ئۆی لە تۆ– کچێ نەوەك– بۆ هیچی ئەوتۆمان هەیە کە دوامان بخات؟!»

دەرگات خستە سەر پشت و کزەبایەك لووتە پەتاوییەکەتی تەناند.

«لە شارا، کزەبای وا دەکەوێتە مشتومڕ لەگەڵ پەلکی دارەکان و تەنافی سەربانەکانیش ڕادەژەنێ. ژنە خەڵووز کرەکە کراسێکی کەلەفتونی لە بەر دابوو. لە گەڕانەوەدا نیوەی پارەکەت نایە مستی کوتاڵ فرۆشەکە. پیرۆز گەشکە گرتی... کەلەفتون.»

گەڕایتەوە لای پیرۆز.

– کە ڵەبابەکەی پوورە مەنیج مەلا رەحیمی بەزاندووە!

پەلت بۆ پرپۆڵێك برد.

– پیرۆز هەر بۆ سەر پلاو ساوەرێکی چەور باشە.

– تۆ واز لەو بیرە بێنە!

– کچێ هەتا نەبۆتە بابۆڵەی چەقەڵ و ڕێوی.

یاڵلاتان کرد: من بوزگوڕ و ڕایەخە هەڵدەگرم و تۆش لە کۆرپە و کوندە ئاوەکە بەولاوە، لاقەی چی تر مەکە.

لەگەڵ سەراسۆیی گزنگدا، بەرەو ئەشکەوتەکە هەڵکشان.

– ئەندێشی لێ مەکەن، هەتاوی ئەم شارە تازە بووکی پاوپل خەناوییە، وا زوو نایەتە دەست.

مەلا رەحیم سەبووریتانی دایەوە:

«خەڵکێکی بێ شومار دوای ئەو دەجاڵە دەکەون. تەرسی گوێدرێژەکەی وەك قلە قەسپ دەجوون. برێکی تریش چاو برۆیانی پێ سواڵ دەدەن! لە ناکاو ئاسمان دەقڵیشێتەوە، ئەو نەڕە شێرە چاوەڕوان کراوە نەعرەتە لێ دەداو بەرەنگاری دەبێ. پوورە ئایش ناوی مەهدییە. تۆ قسە لە من مەبڕە. ئەوسا یەك دێنن و یەك دەبەن. لە ئەنجامی زۆرانبازییەکی

کوشندەدا، مەهدی بە شمشێرە لە هەسان دراوەکەی، کە وەك بروسکە دەدرەوشێتەوە، کەللە سەری ئەو بێ ئیمانە دەپەڕێنێت. خەڵکیش کرنووشی بۆ دەبەن و تەنانەت درەختەکانیش لە عاستیا دەچەمێنەوە».

پیرۆز دەمی لە مەلا نا: باشە مامۆستا، کەی؟ کەی؟

– کچم پشووی بچووکی خوا چل ساڵە.

هەموو بێ دەنگ بوون. مەنیج خۆی پێ ڕانەگیرا:

– جا ئەوە دەبێ ڕاست بێ؟

– دیارە دەتەوێ نوغرۆمان بکەیت؟ کچێ وا نووسراوە.

– دیارە دەبێ لایەکیش لە ئێمە بکاتەوە!؟

مەلا رەحیم خۆی هەڵدایە سەر بەر ماڵەکە و (الله اکبر) پرسیارەکەش بە هەڵواسراوی مایەوە.

**٣– دیمەنێکی نزیککراوەی ناوەوە**

«هەر وەکو ڕۆژانی ترە؟ من بەم ژێنیەی خۆم بێ پەروام کچێ گوڵچین ئەوە گیرام ڕاهاتین ئەی چەمەکە گوناهی چییە؟»

گوێت لە پۆکەی ساوا و هەنسکی بێوەژن و نووزەی ریش چەرمووەکان بوو.

«پیرۆز داپپۆشە با سەرمابردە نەبیت–مام ئۆمەر تۆ ڕاکشێ و من مەوجەکەت بە سەر دا دەدەم».

لە پاڵ گاشە بەردەکەدا چاوت لە دێ بڕیوە. گیانت پەرگەما دەکرا.

ڕیزە ماڵەکانی خوار ئاوایی لە چاوتا مەلەیان دەکرد. چاوەڕوان بوویت.

«بێ دەنگ بن –دایە برسیمە– وس– ئاو بابە– نازێ ئەو چرە دوکەڵە دامرکێنە– پیرۆز کۆرپەکەت ژیر کەرەوە– ئۆی چەند گرینۆکە!»

چاوێکت بە سکی ئەشکەوتەکەدا گێڕا. نووکی سەرت بوو بە بێشەڵانی دیلوان و دەرزی.

«ناڵێم گۆی مەمکەتی بخەدەم – ئێوە بخزێنە پاڵ یەکترەوە: ژیر نابێ و نابێ».

ماتییەك ئەشکەوتەکەی گرت و تۆش گوێت نایە سەر زەوی بۆ هەڵمژینی ترپەی پێ یەکان. چاوی وردیلەکانت لێوە دیار بوو کە چەشنی ڕەوە گوڵەستێرە هەناسەیان دەدا. هەستت ڕاگرت. گریانت نەهاتە بەر گوێ!!

سەرسام بوویت و ترپەکان ئاوا بوون. ڕووت لە پیرۆز ناو بە ناخی زەویدا شۆڕ بوویتەوە.

«کچیّ خۆ لەشی ساردە! ئەوەندەوتت بە خۆتەوە بینووسێنە– نا ئایش کار لە کار ترازاوە– ئەی هاوار خۆ تاساوە... کۆرپەکەم تاساوە...»

ژانێك لە سێڵەکانتەوە هاتە کوڵ و تەنییەوە. پیرۆز کراسە کەلەفتونەکەی شیتاڵ شیتاڵ کرد.

«مامۆستا مەلا رەحیم، ئەمەیان بە چی ناوی دەبەیت؟».

تووڕەییت پەنگی خواردەوە و تەکانت دا. پیرۆز لە بەر بەرۆچکەی ئەشکەوتەکەدا بوورایەوە. فریای کەوتن. چاوی کردەوە و پیرە ئەشکەوتی لیّ بووە حەزیا، چاوی گێڕا و تۆی بەدی نەکرد...

**٤– دیمەنێکی سەرووی بینین**

تۆ سەرەڕای ئەوان، هەر بۆ سەر لێشێواندن، ڕاست و چەپ گاسنت خستە کار و پارچە سواڵەیەکت کردە نیشان. سەرت بڵند کردەوە.

«دانەوێڵەکەمان جێگایەکی باشی هەیە».

دەتزانی کە ئەشکەوتێکی نادیار بە تیلەی چاوی سۆزەوە دەڕوانێتە ناو دیّ و بە هۆی تولەڕێیەکەوە، پەیام و ئەوینی خۆی بۆ ڕەوانە دەکات. هەر بۆ ماوەی جگەرە کێشانێکیش ئەو توولە ڕێیە هەڵدەگژایە سنگی چیاکەوە لە تەك کۆمەڵە بەردی نزرگاکەدا بە تەواوەتی دەتوایەوە، ئیتر لەو ئاقارەوە چەند ڕانە ڕێیەك دەزایین و جار و باریش تاشە بەرد و تاوێر هەر بە دەستی ئەنقەست ملی ئەو ڕکەی دەقرتاند و لە قلێشی تاوێرەکانەوەش سەرنجی گیای تازە ڕسکاو و گولیلکە کێویت دەدا. لە پاڵدمێشەوە، شناوەیەکی کەسك لا پاڵەکانی دەڕازاندەوە و شوێن پاکانی لە نزیك زارکی ئەشکەوتەدا سەرنگوم دەکرد و دار سماقەکەش دەبووە دالاّن و بە فیزەوە سێبەرێکی نەیلۆفەریی ڕۆ دەکرد کە لە چاودا دەسڕایەوە.

لەویّ کۆچبارت خست. پەلت بۆ کەم دەست و داماوەکان درێژ کرد، جار نا جاریش دەستی سۆزت بە کاکۆڵی وردیلەکانا هێنا. نواڕیتە ئاسمان! گەواڵەیەك بەر چاوتی پۆشی؟ بە خۆتت وت: (کوتومت بەو پەڕە بافرەیە دەکات کە لە شاردا بە دەستی خەڵووزاوی پێچامەوە).

بیرت خەستتر بوو.

«وا بڕوات ئەم ساڵیش چاڵە خەڵووز هەر فت».

ئەیلوولی ١٩٧٨

# ڕێگای بانە

– نەرمین ئەوە گوێت لە گریانی کارا نییە!

– ئۆی لەم گرینۆکە، خۆ...

چەپکێ قژی لاسار بەر چاوی گرتبوو، بە تووڕەیییەوە لایدا و ئالآیە نووسینەکەی... قدري قدَ بقرنا... جارێك، دووان، سییان، دەو دوانزە، ئەو ڕستەیەی نووسییەوە. هەستی بە بێزاری کرد. پەنجەکانی سڕ بوون. بەر چاوی تەونێکی ئاڵۆز بوو. وایزانی لە شەوی جەنگێڵی چڕا، گڕۆڵەی گەڕانەوەی لێ ون بووە.

– کچێ نەرمین، وەختە بتاسێ!

– ئۆی.

دیسانەوە لە چەقی جەنگەڵەکەدا بە سەرگەردانی خۆی بینییەوە.

– ئەوە خەریکی چیی؟!

– دەنووسم. دەنووس... دەنوو... دە...

دەنگی گریاناوی بوو. پەنچەی بۆ ڕستەکان درێژ کرد.

– دەبێ چل جار بینووسمەوە، مامۆستا وتی ناشیرینەو هەڵەشت کردووە.

– جا بۆ هەڵە دەکەیت، کچم.

نەیزانی چۆن وەڵامی دایکی بداتەوە. بە چاوە وێژینگەکانی دایکی پشکنی. لەترسی مامۆستاش نەبووایە پەڕاوەکەی ونجڕ ونجڕ دەکرد.

– دایکە... دەبێ چەمکەکەشی بزانین.

– هەیرۆ...!

دایکی بە سەرسوڕمانێکەوە ئەو وشەیەی دەرپەڕاند و توند نووساندییە بەرۆکی خۆی. نەرمین هەستی بە گەرمایی کرد. بۆنی سیوجگەری برژاوی دراوسێیەك هەراسانی کرد. باوەشی لە دایکی دا و فرمێسکە قەتیسماوەکانی بە شانی سڕی.

بڕیار وابوو هەر یەکەمان گرفتێك دیاری بکەین، لە پاشان پێکەوە لە یەك چیرۆکدا کۆیان بکەینەوە.

دلێر (نەرمین)ی خوێندەوە. وتم: بەر لەوەی سکێچەکەی خۆم بخوێنمەوە، دەڵێم جاری وا هەیە، کەسێك لە ناکاوا هەست بەوە دەکات کە ناژێت یان هەر نە ژیاوە. ڕاستە هەناسە دەدات، دەجووڵێتەوە... دەخەوێت و کاری سێکس بەجێ دێنێ، بەڵام وەك مرۆڤێك ناژێت.

دلێر پێکەکەی هەڵدا و دەمی لە من نا:

– کامەرانی هەست بە دڵنیایی و هێمنی کردنە، کەسێك کامەران بوو، بێ گومان توانای بەخشین و خۆشەویستیی بەرینتر دەبێت. بە خەندەوە ڕووم لە کامەران کرد.

– کامەران تۆ وەکو ناوەکەت کامەرانی؟

داما. وەك یەکەم جار تووشی ئەو پرسیارە بووبێ نەیزانی چۆن وەڵام بداتەوە. وتمەوە:

– ئێستا گوێ لە (زۆراب)ەکەی من بگرن، کورتیشە...

***

– دوو هەفتە جارێك، مانگی جارێك سەر لە ماڵەوە دەدەم.

– هەر گوێشی مەدەرێ، بە سەری زۆراب هەناسەدانیشمان لە قازانجە.

زۆراب پەلەی بوو. دە ساڵ لە ساڵێکدا دەژیا، ئەگینا پڕ بەدەم نەفرەتی لە ژیانی قەرەجانەی خۆیان دەکردەوە، بە خوای سپارد. باڵندەیەك بە سەریانا هەڵفڕی منداڵێك لەبەر دەرگای گەراجەکەدا چڵمە شۆڕەکەی هەڵمژی.

– پەلەی چیتانە؟ دوو نەفەرم ناتەواوە!

– بیژوێنە، ئێمە بۆت دەبژێرین.

دەستێکی بۆ باخەڵی ڕەوانە کرد. ڕاچڵەکی «بە لەعنەت بێ شەیتان خۆ فریومی دا و لیمۆ ترشەکەم لە لای بەقاڵە سمێڵ شۆڕەکە جێهێشت! پەلە کردن...»

پەژارە دایگرت. خۆی لە جەنگەڵێکی ئاڵۆزدا بینی. تەنانەت باکوور و باشووریشی لێ شێوا بوو، بۆیە وەك ئەشکەوتەکەی (شانە دەری) ماتییەکی ئەفسانەیی دایپۆشی. بگرە لە چۆلە قرفەکەشدا ببرای ببرای متەقی لێوە نەهات.

***

دلێر بە خەندەیەکی هەمەڕەنگەوە، هاتە گۆ:

– جوانە

وتم: جوانی برالەی ڕاستییە. هەر چاوێك دەیانبینێ ئەگەر بیەوێت. کامەران خۆی پێ نەگیرا.

- ئەی بە پێچەوانە!

- ئەوەی دەداتە قاقای پێکەنین و لە گوێی گادا نووستووە، وا بە ڕیشی خۆی پێ دەکەنێت. وەك دەڵێن گوایە دارستانەکە نابینی چونکە دارەکان بەر چاویان گرتووە!

کامەران چپسێکی کرماند. وتی: نۆرەی منە.

- فەرموو.

***

گوڵچین بە سەرسامییەکەوە وەڵامی بەقاڵەکەی دایەوە.

- بە سەد و هەشتا!!

- ئەی چاوت نییە! لە سەر تەختە ڕەشەکە نووسراوە!

- ئەی ئەمەی خوارەوەیان؟

- هەر یەکن ئای لەم خەڵکە!

گوڵچین لە بەر بێ پیاوی و دەستکورتی و چەند هۆیەکی دیکە، دڵنیا بوو لەوەی کە سەوزە و مێوەجات دوو نرخیان هەیە. نیازی وا بوو کیلۆیەك هەناری مێخۆش بۆ وردیلەکانی بباتەوە. نیگاییەکی پڕاندە ناو بازاڕەکەی (ڕەحیماوا) شۆستەکانی بە شەختەبەند هاتە بەر چاو. ئۆتۆمبیلی ڕەنگا و ڕەنگ چەشنی زامێکی نەگیرساوە فرتەیان دەهات. چاوی بڕییە منارە ئاسنینەکەی مزگەوتەکە.

- دایکم لەوە کەمتر نابێت.

گوڵچین لە دەنگە پەتاکەی بە ئاگا هات.

- کابرا تۆ شەڕ لەگەڵ لووتی خۆتا دەکەیت! بڕوام پێ بکە هەر سێ پەنجاییم پێ ماوە.

- نابێ. چۆن لە نوێژم دەکات!

گوڵچین بەر چاوی تەماوی بوو. بیری لەوە نەکردەوە کە نیو کیلۆ بکڕێت. چاوە ژاکاوەکانی هەڵبڕی، هەر چەندەش بە تەمەن نەبوو بەڵام شەقڵی زگوزا بە لا لێو و چاوەکانییەوە دەبینرا. چێڵێك شەقامەکەی سەربڕی و لەو دیو دوو سێ تەپکە ڕیخی ڕۆ کرد. خانووە قوڕەکان هەندێکیان بە گەچ کەپماڵ کرابوون. هەندێ نووسراوی قەد دیوارەکان بەبۆیەی ڕەش کوێر کرا بوونەوە، کەچی سەرەڕای ئەوەش بڕێ وشەی بزێو سەراسوێیان دەکرد!

«خۆزگە دەمزانی چی نووسراوە»

وایزانی لە بێشەڵانێکی چڕدا جووتێ دەستاڕیان بە پایەوە شەتەك داوە و گشت دڕندە و جانەوەرەکان قەپاڵی لێ دەدەن.

***

– ئافەرین، ئافەرین کامەرانی نا کامەران.

وتم: ژیان لە ژوورەوەی مرۆڤ هەڵدێ و هەر لەوێش ئاوا دەبێ. سبیەینێ هەر لێرە چیرۆکەکە بە ئەنجام دەگەیێنین. دەڵێن چی زۆراب باوکی نەرمین بێت.

کامەران گەشکە گرتی: کەوا بوو گوڵچین دایکییەتی!

***

ڕۆژی ئاینده، هەر لەسەر هەمان مێز پاشکۆی چیرۆکەکەمان نووسی. کامەران لە سەر خواستی خۆی خوێندییەوە

– دایکە بۆ هەنارت نەکڕی؟

– ....

– کەوا بوو منیش ناچم بۆ قوتابخانە.

نەرمین پەلاماری پەڕاوەکانی دا بەو نیازەی شیتاڵ شیتاڵیان بکات. لە دەرگا درا. گوڵچین ڕاپەڕی و سەری سمکۆی نایە سەر دۆشەکە پەڕۆیینەکەوە. نەرمین دەستی بە پەڕاوەکانەوە مەیی. کاراش دایە پڕمەی گریان.

– سەرم تاشن خۆ پلکە هەمینیش لە ماڵ زاواکەیەتی... ڕایژەنە. با بزانم کێیە بەم شەوە!

دوو سێ جار بێشکەکەی هەژاند و گوێی هەڵخست.

– ماندوو نەبی زۆراب! بەخوا لە کاتێکی باشدا هاتی.

نەرمین پێشوازی لە باوکی کرد. دوو لاقی گرت و بە کوڵ گریا زۆراب چاوی پرسیاری سووڕ دا.

– پیاوەکە... خواستی هەناری کرد، خۆشت دەزانی... زۆراب دوو لەپی کردە کەوانە و کوڵمەکانی نەرمینی پێ گوشی.

– وەرە، وەرە هەناری گەند چییە! بە خوا لیمۆ ترشەکەم بە تایبەت بۆ تۆ کڕی. نەرمین، هەندە زل و ئاودار بوون کوتومت بە هێلکەی قاز دەچوون.

نەرمین لە نووزە کەوت. تفێکی مزری قووت دا. زۆراب چەواشە بوو. نەیزانی چۆن پاشکۆی ئاخاوتنەکەی گرێ بدات. وایزانی لە بۆشایی تاکە ژوورەکەیانا هەڵواسراوە.

–... وەرە مەتەڵی گورگ و بەرخەکەت بۆ بگێڕمەوە. گوڵچین سمکۆ داپۆشە...

نەرمین: جاری پێشوو گێڕاتەوە!! دایکە وانەبوو؟

–...

– گورگەکە بیانوو بە بەرخۆڵەکە دەگرێ گوایە ئاوەکەی لێخن کردووە.

زۆراب ژوورەکەی لێ بووە جەنگەڵێکی تاریکستان.

– گوڵچین ... پێڵاوەکانم... وەختە سۆی بێتەوە!

خۆ هەنار نەبۆتە ددانی مامر.

گوڵچین: پیاوەکە بەم شەوە؟ دیارە ئاگات لە هیچ نییە!

بیری بە یەکا چوو. ڕاما. دوایی وەك کەشتییەکی وێڵ بێ و ڕۆشنایی و بەندەرێك بەدی بکات:

– باشە دەڵێی چی بۆ جاری ئایندە هەنار و ترشت بۆ بێنمەوە... ها؟

نەرمین: –...

– پەیمان بێ لە چاوی خۆم باشتر بیپارێزم... هەستە دەی مەکر مەنوێنە. دەزانم حەز بە هەر دووکیان دەکەیت. نەرمین خۆ وا سمکۆ لە دەنگی ئێمە ڕاست بۆتەوە!

سازێك لە دەروونی نەرمیندا دەنگی دایەوە. بەڵام ناوی سمکۆ ڕایچڵەکاند، لە کۆشی باوکی خۆی ڕاپسکاند و گورج پەڕاو و کتێبەکانی کردەوە.

– بابە گیان هەلا هەلایان دەکات.

– ئەی تۆ پێش هاتنی باوکت...

گوڵچین ئەو دوای ڕستەکەی بە چاو و دەست دەربڕی.

– بابە گیان، ئەم پەڕاوانەم زۆر خۆش دەوێت، بەڵام نووسینەکە ئێجگار زۆرە. بابە چل جار! چل ... دەزانی چەندە؟ تۆ دەستت بێنە... ئە... ئاوها ئێستاکە پەنجەکانت هەمووی دەن. بە قەد پەنجەکانی تۆ و دایکە و من و سمکۆ.

– کچم هیچ زیز مەبە. باشە مامۆستا پەنجا جاری داوا نەکردووە!

ئەوسا دەبوایە پەنجە نەرمۆڵەکانی کاراشت بخستایەتە سەر.

نەرمین فرامۆشییەکی هاتەوە. لەسەر سنگ ڕاکشا و کەوتە نووسین.

پاش هەر ڕستەیەکی (قدري قاد بقرنا) بە ئاواز دەیخوێندەوە.

***

دلێر لە حەیبەتا هاواری کرد: کۆتاییەکی نایاب دەرچوو. بەم بۆنەیەوە پارەکەتان لە سەر برای خۆتانە.

وتم: کوتایی چی! بەڵکو سەرەتای چیرۆکەکە لێرەوە دەست پێ دەکات.

دلێر: لە قسەی خۆم ناگەڕێمەوە... وەرە سەرکیس... ئەو دواکەشی بۆ خۆت.

بێ ورتە ڕێمان کرد. لە سەرگەی کۆڵانێکدا کامەران پرسیارێکی قووت کردەوە: ئەرێ ئێستا هەلاج زیندوو بووایە چییان لێ دەکرد؟

– ئاخر زیندوو نابێتەوە.

– گریمان...

دلێر وتی: لە سێدارەیان دەدایەوە.

وتم: نا

واقیان وڕما. وتمەوە: چونکە سێدارە و شمشێر چەکی کۆنن، بێ سان لەگەڵ گیانی سەردەکەماندا ناگونجێ...

سەرنجی یەکترمان داو نەمانزانی پێبکەنین یان بگرێین.

کانوونی دووەمی ١٩٧٩

# ئۆقرە

تۆش لەوانەیە کەسێك بی لەوانەی کە سەرنجم ڕادەکێشن، جاری وا هەیە خاڵێکی بچووك بوونی خۆی دەسەپێنێ و تا ڕادەیەك وەکو شەوێکی نووتەك، هێڵ و قەبارەکانی تری بەر مەودای دیدەت دادەپۆشێ. جاری وا هەیە هەست دەکەیت لە جێگە و کاتێکی جیاواز دای. وا بزانم زۆر کەس دیاردەی وایان تووش هاتووە. بەڵام ئەوەی من هەندێك جودایە. ئەوان ئەگەر پێشوویان چەشنی (ڤیدیۆ تێپ) بێتە بەر شانۆی چاو، من دا هاتوو دەبینم. بۆ نموونە، خۆم لە کۆڵانێکدا دەبینم یان لەگەڵ کەسێکدا دەدوێم کەچی سوور دەزانم چیم دێتە ڕێ یان چی لەگەڵ ئەو کەسەدا دەڵێم! بگرە ئەو کەسە و ئەو کۆڵانەم پێشتر بینیوە! جاری واش هەیە پێشبینی دەکەم و هەڵوێست هەڵدەگرم. نازانم بڕوام پێ دەکەیت یاخود نا؟ هەر چۆنێ بێ لە ڕاستییەکە ناگۆڕێ و مەبەستی سەرەکیشم نییە و گرفتەکەشم لەوەوە هەڵناقوڵێ.

لەوانەشە بپرسیت: باشە لەم بگرە و بەردەیە و وەراوردە چیت دەست دەکەوێت؟!

دەڵێم: ئازادی خۆم دەپارێزم، ئەمیش بەلامەوە گەنجینەیەکی ئەوتویە کە گشت دراوی گێتی و سەرجەمی تابلۆ و پەیکەری مۆزەخانەکان نابن بە هاوسەنگی.

ئێستا ئەوەی بۆتە هەوێنی پەژارەو ماکی خولیاکانم شتێکی کوتومت پێچەوانەی ئەو هەستەی پێشووە.

زۆرجار گومان لە کەللە سەری خۆم دەکەم. بە کورتی سەری گرێکە لەوەدایە کە شتم لە بیر دەچێتەوە!

یەکێکم پێ دەناسێنن، پاش چارەکە سەعاتێك هەر چەند دەکەم و دەکۆشم ناوەکەیم لێ دەبێتە جیوە.

بێ گومان ئەم بارە نائاساییە چەندین جار هێمنیی ناوەوەمی لێخن و شێلوو کردووە. تەنانەت داوی سەیر و سەمەرەشی بۆم ناوەتەوە.

شەوان لەگەڵ خۆما ڕووداوەکان بەراورد دەکەمەوە، خۆ ئەگەر گلەتێك ئاڵۆزییەکە لە خۆمەوە بوو بێ، ئەوا نۆ بەشی دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسە و ئەو کات و شوێنە. ئیتر... لە هەڵوێستی وا دا دەبێ چی بکەم؟!

بۆ نموونە: ئەو ڕۆژە لای (ئۆرزدیباکەوە) جەتەوڵێکی چوار پەل قەویی نیوە زمان خەندەییەکی بەهارانەی بە ڕووما باراند. دەستمی وەرگرت و منیش لە ژێر چاوێلکەکانمەوە قەڵماسنگی نیگام تێ سرەواند.

ئەو ساتە لەو باوەڕە دا بووم کە لە خەونیشا کەسی وام نەدیبێ. ئەو پرسیاری تەندروستی و چەند ئاخاوتنێکی میکانیکی – کە سوێند دەخۆم ئێمە مانان وەکو پەپوو بۆ کەسانی جیاواز دەیڵێینەوە مەگەر ناوەکان بگۆڕین ئەگینا هەمان دەق و تێکستی سوواو بەکاردێنین– گزارەی کێشا.

زۆری وت. منیش هەر بۆ ئەوەی بەشداری بکەم– دەمم بزوا. وا بزانم لە چەڵەمەو ئاستەنگی وا دەبێ بەشداری بکەم– دەمم بزوا. نەشم دەزانی چی دەڵێم! یان گومانیشم هەیە کە شتێکم وتبێ. هەستم بە ماندوویی کرد. شەواره و شیرازە بووم. ئەویش بێ گومان هیچی پێ نەما. جاری وا هەیە (کاسێتەکە) دووبارە دەکرێتەوە. ئیتر چۆنی؟ باشم. توخوا چۆنی؟ سەلامەت بی. ئێ خۆ باشی؟! ئەرەوەڵلا. سەرنجێکی دام و سەرنجێکم دا. کەمێك بەو لاوە منداڵێك، لای لێفە درووەکەوە، پەڵپی لە دایکی گرت. گریا. هەر ئەوەندەشی مابوو خۆی لەو گوزەرەدا بپلیکێنێتەوە. دایکی بە بەرداخێك شەربەتی مێوژ ژیری کردەوە. منداڵێکی تر، ڕووی خۆڵەمێشی بوو بانگاوازی بۆ جگەرە قاچاخەکانی کرد.

ئەو دڵنیا بوو لەوەی کە دەمناسێ. لە دڵی خۆما وتم مرۆڤی بە تەمەن شێوە و ڕوخساری بە دەگمەن دەگۆڕێ.

– دیارە مامۆستا نامناسیتەوە!!

– ئا... نا... وەڵلاهی... ئەوەی ڕاست بێ... من... تۆ...

خۆ ڕاستە کە زمان ئامرازێکی ناتەواوە، هەر بۆیەش پەنا دەبردرێتە بەر زمانی ڕەنگ و هێڵ و جووڵانەوە و... هتد بێ گومان ئەگەر لە بەر دووکانی سەرتاشێك بووینایا، بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییە، سەرنجی خۆم دەدا. دەست و چاو و برۆم بەشداری دەربڕینەکەیان دەکرد. هێڵی ڕاست و چەپ و چەماوە و دیار و نادیاریان دەکێشا. کەچی سەرەڕای ئەوەش وامزانی سەرمەقولات ڕووەو شیوێکی کاکی بە کاکی گلێر دەبمەوە.

– مامۆستا پیر بووی! ئەگینا...

لە قووڵایی شێوەکەدا فرامۆشییەکەم هاتەوە لە دڵی خۆمدا وتم ڕۆڵە ڕۆژگار دڕ بە کێ نادات. ئەوەندەش نەما کە بڵێم: لەم گێتییە نەگونجاوەدا هەزاران دەمرن و سەدانیش بێ

سەرو شوێن چوون. بەڵام مانەندی ئەوەی پەرەنگێك لە مێشکمدا بگەشێتەوە، هەڵویستەکەم بە جۆرێکی تر بینی (کەی تۆ وا بوویت؟ ئەم نەناسە بۆ لە قفەی ناوی! نە تۆ تاوانباری و نە ئەویش داد پەروەر و شمشێرە).

بیرم کەوتەوە. خۆ ئەوانەی دامە و شەش ڕەنگ و ماتێن دەکەن، لە پێشا تەڕ و وشك هەڵدەدەن بۆ دیاری کردنی دەستپێشکەر. کەوا بوو گەمارۆ کردنەکەی بشکێنەوە خۆی بخەرە ناو ڕکەی پرسیارەوە، بۆیە بە هەستێکی ورشەدار و فێنکەوە وتم:

تۆ چۆنی؟ ئەی باوکت؟ ئێستا لە کوێی؟ چی دەکەیت؟ خۆ ماوەیەکی دوور و درێژە هەر چاوم پێت ناکەوێ! چیت بەسەر هات! خۆ وای لێهاتووە کە کەس بە تەنگی کەسەوە نەبێت! دیارە وا بڕوات ناوی یەکتری لە یاد دەکەین! ئەمە نەبووە و نابێت.

نەیزانی چۆن بەرپەرچی دەسرێژی پرسیارەکانم بداتەوە. دەرفەتەکە زۆر لەبار بوو. نەمهێشت هەناسە بداتەوە، چەشنی تۆمارێکی چوار ڕوو وتمەوە:

– باشە ئەگەر لێرەیت، بۆ سەرم لێ نادەیت. ئەگەر لە جێگایەکی تری خۆ دەزانی نامە بنووسی، ئەی هاوار... سێ فلسی پووڵی پێ دەوێ! نا... نا... وا نابێ... ئەرێ برادەران چۆنن؟ ئەوەی ئەو جارەکە کە...

چیم بە دەما هات نەم گێڕایەوە. پرسیارەکانیش گشتی بوون و بۆ دەیان مەبەستیش دەلوان. بەوە دەچوو کە لە کارێزێکی وشکا هەڵبگۆزێ، هەمیشە دەرگای دەمی ئاواڵە بوو.

من مەبەستم وەڵامەکانی ئەو نەبوو، تەنیا دەمویست بزانم کێیە و چ کارەیە و پەیوەندیمان تا چ ڕادەیەکە و. ڕەنجەکەم نەبێتە ڕەنجی فەرهاد. لەم کەین و بەینەدا وشەیەك بەر بای گوێم کەوت. وشەکە ناوی ئەو دێیە بوو کە یەکەم جار تێدا بە مامۆستا دامەزرام. لە دڵی خۆمدا هاوارم کرد: دۆزیمەوە. هەبێ و نەبێ بیست ساڵ لەمەو بەر قوتابیم بووە و ئەو چەتەوڵەی لێ پەیدا بووە.

– ئێ... کێ ماوە لەوێ؟ کێ مردووە؟

لیستەیەك ناوی ژمارد و ئەوەشی لەبیر نەچوو کە سڵاوی هەندێ لە زیندووەکانم پێ ڕابگەیێنێ، دڵنیاشم ئەوان ڕاسپاردەی وایان پێ ڕانەگەیاندووە.

– باشە ئێستا خەریکی چیی؟

– هاتووم دامەزرێم.

لە گەرووی ئۆرۆزدییەوە، کیژۆڵەیەکی کەڵەگەت دەرپەڕی، بڕێ هەرزەکار و سەربازیش لە دواوەیدا شوورەیان کێشا بوو. چاویان بە کاوبۆیەکەیەوە درووبوو. لە کاوبۆش بەولاوە کام کوتاڵ خۆی ڕادەگرێ بەرانبەر بەو هەموو پاڵە پەستۆیەی سمت و کەفەڵ و سنگی؟! پێشینانیش وتوویانە: ڕەنگی شین تین بە چاو دەدات و دەرمانی کەم بینایشە.

وتم: لە ئۆرۆزدی دادەمەزرێیت؟

– نا... لە کۆمپانیای گۆگرد.

– بە چی؟

– ئەندازیار.

بە خۆمم وت دە بڕۆ دەی وا قوتابیانت بوون بە ئەندازیار، ئیتر چیت دەوێ؟ چیم دەوێ! وەك دەنگێکی تر لە ناوەوەمدا بێتە وەڵام: زۆر شتم دەوێ. بۆ ژیان هەر خواردن و خەوتن و کاوبۆیە؟

– ئەی هاوڕێیانی پۆلەکەت چییان لێهات؟

– مامۆستا، هەر یەك بە لایەکدا پەرت بوون. یەك دووانێکیش تەمەنیان بە تۆ بەخشی.

(دیسانەوە مەسەلەی ژیان و مردنەکەیە!) بە خۆم وت: چیت دەوێ بیانژمێرە.

– زۆر جار ژمارەم کردوون جا بە ژماردن دێنە دی؟!

– بەڕاستی ناوت لە سەر زارمەو...

– دیارە لە بیرت چۆتەوە مامۆستا من ناوم...

– ئەحمەدە؟

– نا. ئەحمەد وازی لە خوێندن هێنا.

– شێرکۆی؟

– ئەو شێرکۆیەی کە لە تەنیشتمەوە بوو وا لە هەندەران.

–کەوا بوو ئەوەی کە لەتەك شێرکۆی دادەنیشتی.

– دە ناوم هەڵبێنە؟

(ئای لەم کابرایە! خۆ فەلسەفە بە ناوی خۆیەوە دەکات! دیارە نیازی وایە گەمارۆم بداتەوە! ئەوە نازانێ کە مامۆستا دوو جۆرە قوتابی لە یاد ناکات، زیرەك یان بزێو و لاسار. دیارە خۆی لە ناوەندی ئەم دوو بابەتە بووە).

جا توخوا ماف به لای منەوەیە یان بەپێچەوانە؟ ڕێکەوت زۆر جار گرێ کوێرەی ئاڵۆز دەکاتەوە. نەمزانی چۆن بوو ئاوڕم دایەوە. ڕەشیدی هاوسێم لەوبەر شەقامەکەوە تێپەڕی (سەر چاو کاك ڕەشید).

قوتابییەکەم سەرنجی ئالابووە هامشۆ کەرانی ئۆرۆزدییەوە لە ناکاو، لە پاشکۆی سلاوەکە ڕاچڵەکی.

– ئافەرین... ناوم ڕەشیدە. نا. نا. زۆر پیر نەبووی... ویستم پێ بکەنم. هەر کێ ببوایە پێ دەکەنی.

– ئەو ڕەشیدەی کە لەگەڵ شێرکو دا لە سووچی پۆلەکەدا بوون!

– مامۆستا لە پێشەوە بووین!!

بە توندی وتمەوە: بالاتان کورت بوو بۆیە لەوێم دانان.

***

شەوی ئایندە خۆم بەرپرسیار کرد. دەبێ نەکلۆك و نامۆ بم لای خەڵکی؟ یان دەوروبەرم فەریکن و کەویم ناکەن؟ بە هەر شێوەیەك. لەوە دەترسم کە بەیانییەك خۆم لە کەوڵێکی تردا بەدی بکەم! بڵێم چی! یان وەکو (گریگۆر سامسا) گۆڕانە سامناکەکە لە خۆما بدینم. چار چییە؟ فرۆید و پێکاسۆ و یۆنجگ و داروین و ئانشتاین دەستیان لەم گۆڕانەمدا هەیە. سەیر ئەوەیە کە بڕواشم بە گۆڕان هەیە! چونکە سەرەتاکەی لە خۆمدا دەدۆزمەوە. دیارە گێڕانەوەی ئەم دیاردەیەش بە زۆر لام دەکەوێتەوە هەر وەك لای (ك) کەوتەوە. ئاکامەکەشی خۆت دەیزانی. بەلام وەکو وتم هەموو شتێکم بە پێچەوانەیە. کە بەیانییان لە خەو ڕادەپەڕم، باشتر وایە بڵێم لە زیندە خەودا، هەست بەوە دەکەم کە لە گیاندارێکەوە نزیکم! بۆت هەیە ڕۆژێ ناوی شێرم بەسەردا دابڕی، ڕۆژێکی تر کەروێشك. ڕۆژێك گورگ و ڕۆژێکی دیکە چەقەڵ. بەم جۆرە بێ پەروا، ڕێز لە زیندەوەر و ئاژەلان بگرە، هیچ دەربەستی ئەوەش مەبە کە ڕۆژێ لە ڕۆژن، زیز بم یان بەرهەڵستی لێك چوواندنەکانت بکەم. تەنیا مەرجێکم هەیە و بەس. وا بزانم تۆش بەوە قایل نابی کە ناوی گوێدرێژم بە سەر دا دابڕیت. ئەگین وەك گەنمە شامی بە ڕووتا دەتەقێمەوە و بەڵکو پەنجەی هەڕەشە لە ڕووی تۆ و هەموو جیهانا ڕادەوەشێنم و پڕ بەم شارە دەزریکێنم:

– نا... من... گوێدرێژ نیم.

من بیر لەوە دەکەمەوە کە کەوڵێکی هەمیشەیی مرۆڤانە بپۆشم و ببڕای ببڕ لەو گۆڕانە

بایەلۆجییە نەگریسە رزگار بم. تێ نەگەیشتی! باشە تۆ، من، ئەو، ئەوانی تر، وەکو سەگێکی خوێڕیی پا سووتاو کلکمان نە ئاخنیوەتە ناو گەڵمانەوە؟ کە دەبوو قەپاڵ بگرین یا هەر نەبوایە بوەڕینایە؟ تو جاری وا نەبووە بە وێنەی کەروێشکێکی تۆقیو چاوت نوقاند بێ! یان من چەشنی مار کاژم گۆڕیبێ و خشەم بۆ کردبێ؟ جاری وا هەیە دەبینە قرژانگ... بزنمژەك... مێشوولە... ئەمیبا بەڵام نابینە مرۆڤێکی مرۆڤ؟! چی؟ سەرت لەم کارە دەرناچی؟ تۆ هەندێ ئۆقرە بگرە. دەڕۆی! بەڵام بەر لەوەی بە جێم بێڵی پرسیارێکت لێ دەکەم:

– بەڕاستی تۆ خۆت لە جەنگەڵەکەدا بەکام گیانەوەر دەزانی؟ خۆت لەگەڵ هەی... هەی گوێدرێژ.

شوباتی ١٩٧٩

# مێژووی ژمارە سفر

کاسەی سەری مەڵبەندی جۆرەها بیری تێکەڵاو بوو، شەو نیوەی زۆری توایەوە. چەند جارێك هەستا و دانیشتەوە، لای ڕادیۆکە ئۆقرەی گرت و شنەبای مۆسیقایەکی تەڕ ناخی ئاوڕشێن کرد. چووە لای کتێبخانەکە. ناوی کتێبێکی زەرد سەرنجی گرمۆڵە کرد کە پێشتر هەستێکی ئەوتۆی لە لا نابزواند! کاغەزێکی سپیی دەرهێنا.

بۆ بەڕێوەبەری پۆلیس.

بەڕێز... لەوانەیە بڕوات بە هەستی شەشەم نەبێ و گاڵتەت بە قسەکانم بێتەوە، بەڵام ئەرکی من ڕاگەیاندنە و ئیتر ئارەزووی خۆتانە. لە کاتژمێری دوانزەی ڕۆژی... ڕێکەوتی... لە نزیك قوتابخانەی... کەسێك دەکوژرێت.

ئیتر خۆشیت

هەنیەی ئارەقەی ڕەشی دادەچەکاند. وەك چاویلکەیەکی ئاڵی لە چاودا بێت بازنەی بینینی بە دوو لەچەکی بووکێنی دەچوون. لەگەڵ کازیوە دا، نامەکەی پێچایەوە، سەرنجی دەرەوەی دا و چاوی بە پێشتەماڵی ئاسمان شۆری. بایەکی توند و تووڕە هەلاجکاریی بە هەورە بێ شێوە کەوەییەکان دەکرد. هەستی بە هێمنییەکی کاتی کرد.

ژوورەکەم زیندانە. دیوار و گوێسەوانەکان تەڵدڕی سنووری پاوانێکی قەدەغە کراون. هەست بە بوون ناکەم. شەو و ڕۆژ لە بیری ئەوە دام، پزیشکەکان توانای ئەوەیان هەبێ کە دەستکاری و ئاڵۆگۆڕی مێشك بکەن. دەمەوێ پشوویەك بخۆمەوە. هەر ماوە شێت ببم. ئەم هەموو دەنگ و غەڵبە غەڵبە– وەك دەیان ژنی هەڵەوەڕ– چییە لە ناو جامیلکەی سەرما! خۆمیش شێت نەبم هەر شێتم دەکەن. دەیانەوێ وەك ئەوان بم! دەست بە چاومەوە بگرم و پەموو لە گوێم بئاخنم! نازانن کە خەزانی ڕووم تینووی بارانێکی شەستە. نازانن کە ژێیەکانی ناخم دەلەرێتەوە! نازانن کە (ڕۆبۆت)ێکی کۆك کراوە نیم!

لە چایخانە. لە شەقامەکانی تەنیاییم بتێکی ناقۆڵایەو ڕوو بە ڕووم دەبێتەوە. ئەو ڕۆژە لەگەڵ مامۆستاکەدا بووە مشتومڕمان. من دەموت ڕەنگی سەوزم خۆش دەوێ چونکە شێنەیی زەریایەك دەبەخشێتە چاو و هەناوم، ئەم ڕەنگەش وەچی زەرد و شینە. ئەوان لە ڕووانگەیەکی ترەوە پاڵپشتی ئەوە بوون کە گوایە ڕەنگی مۆر جوانە! بۆ

سەلماندنی بۆچوونەکەشیان، چەندین بەڵگە و هۆی نا بەجێیان دەجوی – هیچ نەبێ بەلای منەوە ڕزیو و نابەجێ بوون – ئایا مرۆڤ سەربەست نییە لە دەربڕینی هەست و بیر و بۆچوونی خۆی؟ سەری گرفتەکە، ئالێرەوە دەست پێ دەکات. من بەدوای ڕەگما دەگەڕێم و ئەوان کەپرە شینەیان دەوێ.

***

چاو دەگێڕی. چاوت جووتێ تیری لە کەوانە دەرپەڕیون و لە پەنای دیواری قوتابخانەکەدا دوو سێ پۆلیس و سوێل لە بەرێك دەپێکن. ئەوەندەیان ماوە ببن بە پارچەیەك لە خشتە تاشراوەکان! بزەیەك دەتگرێ تووڕەییت بێزاریی قوڵە ڕەشەکانی جیهانی پێوە لکاوە. لە چاوتا خڕ بوویتەوە. ئامۆژگاریی قوتابییەکی وردیلە دەکەیت کە زوو بەرەو ماڵ بڕوات. دەستی سۆزت کاکۆڵی یەکێکی تر دادەهێنێت و بە تەوسەوە جگەرەیەکی قامیش بە لێوتەوە هەڵدەواسی. ناتەوێ سنووقێکی هەشتەرخانی دێرین بیت، ناتەوێ پانی بەرز بیت، ناتەوێ کەوش بیت، جاشکەوش بیت. بۆیە بە دەم ڕێگاوە، لەگەڵ خۆتا دەکەویتە دوان:

(مرۆڤ لە هەر شتێك بە هێزترە)

لایەنێکت پەسەندی جگەری قامیش دەکات و لە بەر قسەلۆکەی ئەو ئەو و دەمە لاقرتێ نەبێ بافرەش دەپێچیتەوە. کەچی لایەنەکەی ترت، ملهوڕانە دەیەوێ بە لای کێنت و دانهێل و دیمۆرێدا ڕاتماڵێ.

دوا جار ئاوڕ لە خشتەکان دەدەیتەوە و لە ژووری ژوورەوەتا، بافرە و قامیش لەگەڵ دانهێل و ڕۆسمانا دەکەونە ململانێ. تیپی یەکەم پشتی ئەوانەی تر دەدەنە زەوی. هەست بە گوشادییەکی ناکاوی دەکەیت.

***

– ئەمە نامەی ژمارە دوویەتی!

– هەر هەمان کەسە؟

– بەڵێ

– شێتە! یان دەسبەتاڵێکی گەوجی لە خۆ باییەو دەیەوێ بە ئێمە ڕابوێرێ.

– لەوانەشە ڕاست بکات و تاوانبارەکە دەرفەتی بۆ نەلوا بێ.

– من سەرم لەوە سووڕ دەمێنێ، کە بۆ جێگای، قەرەباڵغ هەڵ دەبژێرێ.

– وەك بیەوێ بانگاواز هەڵبڵێ. تۆ تەماشای دێڕەکان بکە! بێ گومان بە دەستی چەپ نووسراون چونکە پیتەکانی لەرزۆکن و وشەکانیش لە هێڵە شینەکان سەر و بنیان کردووە.

– هەر ماوە تەلەفۆن هەڵبگرێ و...

– ئەرکی سەر شانمانە. لە وانەشە لە جارێکیاندا کار لە کار بترازێ و ئەوساش...

– لەوەتی قومێسەرم بابەتی لەم چەشنەم نەدیوە!

– ئەی من دیومە! چارە؟

– ئەم جارەش وا دەرنەچوو، ئەوا هیچ.

– هەر بە ئاسانی فایلەکە تۆزی لێ بنیشی و ...

– خۆزگە چەنگم دەکەوت و چینێك فەلاقەم دەکرد.

– هەر فەلاقە!!

***

هەر لایەنێکت گەڵاڵە کرد. کۆتایی هێنانی خوسە و ژانەکانت بڕیارت دا. (کەوابوو نامەی سێیەم بنووسە– ناوی خۆم نانووسم و بە دیتنم سەرسام دەبن) ئەنجامەکەت بەلاوە پەسەند و ماقوڵ بوو. (خۆم بەرپرسیارم. مرۆڤێش سەربەستە لە هەڵبژاردن – ئەگەر بە پایی خۆم بچم نامەی بۆ چییە؟) دیارە ئەمەشت بەلاوە پەسەندترە!

سەرنجی کاتژمێرەکەی داو وتی: هەر دەڕۆم... خۆ نامخۆن..

جووتێ جگەرەی پێکەوە داگیرسان.

(مەگەر وا تێر بخۆم. قەیناکە هێشتا لە پاکەت باشترە) دەی ملی ڕێگا بگرە – هەر دەڕۆم– خۆت لە گورگ و گیسکەکەی (هەیاس) ڕزگار دەکەیت؟

– قوربان یەکێك دەیەوێ چاوی بە جەنابتان بکەوێ.

– با بێتە ژوورەوە.

دەرگاکە پۆلیسە لاوازەکەی قووت دا و، پاڵتویەکی نیوداشت لە سەر قەنەفەیەکی نیوداشت کەڵەکە بوو. قومێسەرەکە تۆڕی چاوی بۆ کەسی ناو پاڵتۆکە هەڵدا.

(هەست بە تەنیایی دەکەیت؟ ترس و لەرزیش خەریکە گۆمی ئارامیت بشڵەقێنێ؟ پێش چاوت تەونی چاڵجاڵۆکەیە؟)

بە خۆت دەڵێ: کاتی وا هەیە مرۆڤ هەست بەوە دەکات کە ماسولکەکانی پڕن لە

تەوژمی ژیان هەست بە تین، بە ڕووناك بیری دەكەیت. (گرنگ ئەوەیە فەرمان بە سەر خۆمانا دابڕین) خۆشەویستی هەر بووە و هەر دەبێ. ژانیش هەر بووە و هەر دەمێنێ.

سەری بڵند كرد: قوربان من خاوەندی نامەكانم.

قومێسەر نیشانەی پرسەك و سەرسامییە.

– ئەوەی نیازی كوشتنی هەبوو منم كە ناوم...

پێنووسەكە ناوەكەی بە پیتی درشت تۆمار كرد. ڕووی قومێسەر دراوێكی نوێ بوو. دەنگی تەڕ بوو. وەنەوشەیی بوو.

– ... ئێ!

دەمویست كۆتایی بە ئازاری مرۆڤێك بهێنم.

– ...!!

– كەسێك كە ژیان و مردنی چوون یەكە.

– تكایە ناوەكەی بۆ ئەوەی ...

ئارەزووی دوكەڵی جگەرە دەستت بۆ باخەڵت ڕەوانە دەكات. دەستێكی سپی و تووكن ڕۆسمانێكت بۆ درێژ دەكات. ژوورەكە نوقمی مەنجەڵێكی فراوانی ڕووناكییە. هێڵەكانی پێش چاوت خاو دەبنەوە، لە یەكتر دەترازێن. ڕەنگەكان بە ماكیاجی سۆزانییەكی بە ساڵا چوو دەكەن كە لە بەندەرێكا چاوەڕوانی كەشتییەوانە تامەزرۆكان بێت.

– سوپاس، بەوانە فێرنیم.

– باشە، ئەو كەسە كێیە كە دەكوژرا؟

– خۆمم. كە ناوم...

ناوەكە وەكو ئێش سرەوێن بوو، بۆیە پێنووسەكە هەمان ناوی پێشووی لە توێی دوو كەوانەدا ئابلۆقەدا و چەند هێڵێكی تری بە ژێریا كێشا.

– هەر ئەوەندە! باشە ئێستا تۆ كامەیانی؟

– هیچیان.

وەڵامی نەبیست. تەلەفۆنەكەی هەڵگرت و چەند ژمارەیەكی سوڕدا. چپاندی. بزەیەكیش لە شێوەی دوو ئەستێرەكەی لا ملی، هیوای ئەستێرەی سێهەمی بە لێوەكانی دا.

حوزەیرانی ١٩٧٩

# قەفەز

**جێگا: سەر شانۆ**

**کات: شەو**

(شانۆ پەردەی نییە. بەرگ شڕێك لە ناو دانیشتوانەوە بە ناڕەزایی دەچێتە سەر شانۆ. بە هەر دوو دەست وا نیشان دەدات کە پەردەی شانۆکە لا دەبات. زەردەخەنەیەك دەیگرێ)... باشتر. ئەم ئەرکەشمان لە کۆڵ بووەوە . (لە چەقی خۆی دەسووڕێتەوە)... خۆزیا زۆر شتی تریش لا دەچوو (وەك لەگەڵ کەسێکدا بدوێ)... وەك؟ وەکو زۆر شت، وەکو لابردنی ڕووپۆش. وەکو گفتوگۆی درێژ دادڕ، وەکو ئەم هۆڵە، وەك... (ئێستێك) بیرم چوو بڵێم کە نووسەر هیچ پڕۆژەیەکی نییە بۆ ئەم شانۆگەرییە. وتم: ئەی چۆن؟! وتی: دەچیتە سەر شانۆ و هیچی تر. وتمەوە: دوایی! وتییەوە: خۆی مەیسەر دەبێ. دەمی پرسیارم لە دەرهێنەر نا، ئەویش بە هانامەوە نەهات! (وەك بیر بکاتەوە) خۆ ڕاستە شانۆ... (دەڕوات بەرێوە)... هونەری ڕۆیشتن و جووڵانەوەیە، ئەکتەریش نە پۆستەچییە و نە بووکەشووشەیە کە دروشمی ئەم و ئەو لە چەشنی ملوانکەیەکی ئێسك بە گەردنی خۆیا هەڵواسێت... شانۆ مرۆڤە پێش ئەوەی هونەری ئاڵاوگێڕ دەکات... (لە سەرخۆ) باشە ئێستا لە چییەوە دەست پێ بکەین؟ تەنیا سەری گرۆڵەکەم بدەنێ و ئەو دوای لە ئەستۆی من. نامەوێ هەر خۆم بم. هیچ کارێك بە تاك ناچێتە سەر (بێ دەنگی)... دیارە کەسێك بیری بۆ باسێك، خواسێك ناچێت! یان نایەوێ بیدرکێنێ... نا... نا... هیچ مەترسن. ئێوە دەبێ جێگەی ڕاستەقینەی وتن و دەربڕین بن. ئەگینا هەمووتان، منیش، هەر دانەیەکمان ئێستگەیەکین و جۆرەها شەپۆلی کورت و ناوەندی و درێژ و... هەیە بۆ پەخش و بڵاو کردنەوە! (بێ دەنگی) بێ دەنگیتان بە کارگەی سەهۆڵ دەکات! ئەگەر هیچتان لە باردا نییە، پێبکەنن بە من... بە خۆتان... بەم دیوارانە و بەم شانۆیە. بەڵگەشتان هەیە (سەرنجی جێگای هەڵواسینی پەردەکان دەدات)... خۆ پەردەشی نییە. ها. ها. ها... بە ئافرەتێك دەکات کە... نەعلەت لە شەیتان... کاتمان لە کیس دەچێ و خشتێکیشمان نەخستۆتە سەر بناغەکە. برایان... کات دەستاڕێکە... دەمێکی برسییە و ژیانمان دەکرۆژێ... دەمانجاوێ... دەمانهاڕێ... دەمان... دەمێکە لە سروشت ڕادەمێنم، خۆر لە سووڕانەوەیدا ڕۆژی سێسەد و شەست هەزار ملیۆن تەن لە کێشی کەم

دەكات! خێرایی تیشك سەد و هەشتا و شەش هەزار میلە لە چركەیەكدا و ئەو تیشكەی كە لە دوورگەكانی ئاسمانەوە پێمان دەگات سەد و چل ملیۆن ساڵی تیشكیی بە سەردا چووە تا دەگاتە بیلبیلەی چاومان!! سەرەڕای ئەمەش مێشك دەگاتە حەوت نهۆمی ئاسمان و ناگاتە تەلیسم و نهێنییەكانی دەروونی ئادەمیزاد!! (ناو چەوانی دەسڕێ) سوودی چییە كە من لە سەر ئەم شانۆیەدا تەراتێن بكەم و تاو نا تاوێك ساتمەو نووچ بدەم! دەی بمجوڵێننەوە وەك دەتانەوێ... یانیش من وەك دەمەوێ دەتان هەژێنم... وابزانم گرفتەكەش هەر یەكە. كەوا بوو، پێشەكی ئەوە بزانن كە من تەنیا چاوێكم... چاوێكی ئیجگار زل (چاو دەگێڕێ)...

ئا بە قەد ئەو پراچیكتۆرە، بەڵكو بەرینتریش. بەڵێ چاوێكی زلم و بازنەی ڕێكوپێك لە بۆشاییدا دەكێشم. ئێوەش گوێیەك بن، گوێیەكی زل (دیسان چاو دەگێڕێ) لە چەشنی ئەو مایكرۆفۆنە، خۆ ئەگەر زلتریش بێت پەسەندترە. (بە خەندەوە) جا هەتاكو سەر وا نامێنینەوە... كە من بووم بە چاوەكە، ئێوە گوێیەكە بن، ئەڵبەتە بە پێچەوانەش ڕاستە، كە كوتوپڕ بوومە گوێ ئێوە هەزاران چاوی كراوە بن. بەر لە هەفتەیەك چوومە هەراجخانە بۆ ئەوەی... خەندەی ناوێ... بۆ ئەوەی قەفەزێك بكڕم. ئا قەفەز، بۆ چیمە؟ منیش وەك ئێوە خوو ئارەزووی خۆم هەیە. لەوانەیە تۆ (پەنجە بۆ یەكێك درێژ دەكات) پووڵی پۆستە كۆبكەیتەوە (پەنجەی دەگوازێتەوە) تۆش ڕەنگە، زۆر ڕەنگە... مەراقی پوول كۆكردنەوەبی... (پەنجە ئاراستەی یەكێكی تر دەكات) لەوانەیە تۆ كەوباز بی... تۆش گوڵباز بی... ئەویش... باز بێت و قاوڵتی بە سی و جەرگی مەلۆچكە و كەناری بكات! (ڕوو لە یەكێكی تر دەكات) نا... نا لە هێڵی سەرەكی لام نەداوە و هەر باسی قەفەزەكەش دەكەم. ئا... كابرایەكی پەككەوتەی هەراجخانەكە چاوی پرسیاری لێم نا. چ جۆرە قەفەزێكت دەوێ؟ (ئێستێك) ئەوەی ڕاست بێ، دامام! چونكە هەتاكو ئەو كاتەش بڕیاری ئەوەم نەدابوو كە چ باڵندەیەك ڕابگرم. وتییەوە: ڕكەی كەو لە شولك دروست دەكرێت و، بولبول قومریش دەخرێنە قەفەزی تەل و ئاسنەوە، منداڵانیش كوڕكوڕ و سوێسكە لە ناو قەفەزی تەختە بەخێو دەكەن و... زۆری ڕێسا لە بارەی ڕاوە كەو و قەفەز و چۆنیەتیی دروست كردنی، تەنانەت ئەوەشی لە یاد نەچوو: كە دەستی ڕەنگین و كارامەی قەرەج و دۆمەكان دیاری بكات لەم هونەرە دا. تكایە... هیچ شایانی سەرسووڕمان نییە! چونكە ئەمڕۆ زۆر شت بۆتە هونەر... بەڵام ئەوەی سەرنجی ڕاكێشام ئەوە بوو كە كابرا قەفەز فرۆش نەبوو! هەراجخانەكەش لەو جۆرە قەفەزانەی تێدا نەبوو! مایە پووچ گەڕامەوە.

مێشکم ئاڵۆز بوو هەر وەکو لە ناو قەفەزێکی گەورەدا بم! ئا لەو ڕۆژەوە... نەفرەتم لە قەفەز و قەفەزەوان کرد، هەر وەکو داوێك بێ و بە قاچی بیقرتێنێ ببڕای ببڕای کۆگای مێشکم لەو خووە، دوورە پەرێز وەستا... دەزانن بۆ؟ هەتاکو وەڵامەکەی دەدۆزنەوە، من خەریکی کارەکەم دەبم (لە سووچ و پەنای شانۆکەدا دەگەڕێ، کتێبێك لە سەر زەوی هەڵدەگرێ...) دۆزیمەوە!! چی! وەڵامی پرسیارەکە؟ نا ئەوە ئەرکی ئێوەیە. ئەگەر ئەڕۆش نەتانزانی سبەی، دوای، ساڵێکی تر، سەدەیەکی تر هەر دەیزانن. خوشك و برایان، ئەوەش بزانن کە زانین خۆی لە خۆیدا خەمە، خوسەیە ، خومە (پەڕەی کتێبەکە هەڵدەداتەوە و وێنەی ماسییەك دەخاتە پێش چاوی بینەران) ماسییە! وانییە؟ (لەگەڵ خۆیا) شایەتی ئەم سەدەیە دەدەم کە وایە (بەدەنگی نزم) ماسییە. بەلامەوەش ئەمە شتێکی مەبدەئی و بڕوایە (ڕوو لە یەکێك دەکات لە ناو بینەران) دەزانی تۆ بەم ماسییە دەکەیت؟ ببوورە دەمەوێ بڵێم، ئەم ماسییە بە تۆ دەچێت. (ئێستێك) زیز مەبە، هەموو ماسیین. من، تۆ، ئەو، ئەویش (پەنجە لە ناو هۆڵەکەدا گڕ دەدات) ئەویش، ئەویش، ئەویش... (هەناسە بڕکی دەیگرێ) هەموو ماسیین ماسیین. ماس...ما...

(چوار مشقێ دادەنیشێ و ناوچەوانی بە کراسەکەی وشك دەکاتەوە) ماسیین. گەورەکانمان وردەکانمان قووت دەدەن، هەڵیاندەلوشن، ئەوەشی سەر ئاوەکە کەوت دوو ئەنجامی هەیە (پرسیارەکە لە یەکێکی ریزی پێشەوە دەکات)... فەرموو ئەنجامی یەکەم؟ (دانیشتووەکە دەپەشۆکێ و زمانی پەڵپ دەبێ)... مەترسە! بڵێ، بڵێ، دڵنیام لەوەی کە وەڵامەکە دەزانی و... باشە من لە جیاتی تۆ دەیڵێم (ڕوو لە گشت بینەران دەکاتەوە)... دەمرێت. بەڵێ دەمرێت. چونکە ماسیگرە دەیخوات یاخود قولاپی مندالالێکی بزێو دەڕازێنێتەوە. (بیر دەکاتەوە) بۆ نایەن ئەم کەوڵی ماسییە لە بەر خۆیان داماڵێن؟ ببین بەو مرۆڤەی کە منداڵدانی دایکیانمان پەروەودەیان کردووە. ئەگینا... (لاسایی مەل دەکاتەوە) باڵگرتن لەم گۆلاوانە ڕیسوایی و پەشمە. هەڵاتنیش... (بە لەپ چاوێکی دەشارێتەوە) بەرەو تەنکاو و بوارەکان مردنی لە سەر خۆیەو ئاکامێکی نەزانراوە. (لە سەرخۆ)... ئەرێ بۆ شاعیر و نووسەرانمان باسی ماسی ناکەن!؟ باس لەوە ناکەن کە چۆن ماسی دەبێت بە مرۆڤ! دەزانن باڵندەی خەیاڵم وێڵە بە دوای مەکینەیەك کە دەم بدروێتەوە، ئەوساش پڕ بە زار هاوار دەکەم جووتی بە ڕوپیەیەك. چۆن؟ نا... نا... خنکانی چی! با بە لووت با هەڵمژن. قەیناکە، قەیناکە، پرسیار دەمان گەیێنێتە ئەنجام. مرۆڤیش ئەو گیانلەبەرەیە کە دەپرسێت. دەزانن گشت زانستی جیهان، گشت پەرتووکەکان وەڵامی

پرسیارن؟! کتێبخانەیەکیش لە پێناوی مرۆڤدا نەبوو باش وایە توونی گەرماوی پێ ئاگر بدرێت... (چاو دەگێڕێ) خۆ ئەم شانۆیە بە بیروون دەکات! هیچ شتێك نابینم! (پرسیار لە بینەران دەکات) کێ قەفەزی هەیە؟ قەفەزێکی گەورە... نا، نا، هی کەو نا...

(بە دەست هێڵی دەرەوەی قەفەزێکی زل دەکێشێ) جێگای مرۆڤێکی تێدا ببێتەوە. (پێدەکەنی) هەموو قەفەزتان هەیە و ناتانەوێ هاوکاری لەگەڵ ئەم شانۆیەدا بکەن! یانیش چاوتان کزە و قەفەزەکان بەدێ ناکەن. دەی.

(لە ژێر پایدا پارچە خەڵووزێك هەڵدەگرێ و لە سەر دیواری بەرانبەری بینەران نیگاری قەفەزێك دەکات) با بڵێین ئەمە قەفەزەکەیە (نیگاری یەکێك لە ناو قەفەزەکە دەکێشێ)... ئەمیش گیانلەبەرێکە (دێتە پێشەوە، لەگەڵ تەکاندا، ئازاری کەسی ناو قەفەزەکە دەنوێنێ، موسیقایەك تێکەڵ بە زرەی زنجیر، سەگوەڕ، نرکەی زامدارێك دەبێت) ببوورن نەموت مرۆڤ! ماسی بووە و هێشتاکە نەگەیشتۆتە پلەی مرۆڤایەتی (دەچێتە لای نیگارەکە) ئەم قەفەزە هەر دێت و تەنگتر دەبێتەوە گیانلەبەرەکەش ئازار و ئێشی خەستتر دەبێت: هەناسەی تەنگ دەبێ، جمگە و ماسولکەکانی دەبنە فەرهەنگی ژان، خوێن لە چاو و گوێ و لووت و دەمییەوە بازرەقە دەکات، دەمی لە چەشنی ئەم شانۆیە دەکاتەوە، هاوار دەکات نا... نا... نا... لە هۆش خۆی دەچێت.

دووبارە، سێ بارە، دە بارە قەفەزەکە دەکەوێتە جمان و بچووك بوونەوە، ئەوسا ئەم گیانلەبەرە هەستی بە جێکات نامێنێ، ببوورن دەکەوێتە سەرووی جێکاتەوە و دەم دادچەقێنێ بۆ دڵۆپێ بارانی خاوێن و بێگەرد... ماسۆلکە و ئێسك و خانە و خڕۆکەی لەشی بە تەوژم دەبزوێنەوە و گۆڕانە فسیۆلۆجییەکە ڕوو دەدات (هەناسەیەکی خۆشی هەڵدەکێشێ) میتامۆرفسز... ئەوسا هەناسەیەکی شادی هەڵ دەکێشێ. سەرنجی خۆی دەدات. گەشکە دەیگرێ. دەزانن بۆ؟ دەیزانن... دەیزانن بەڵام با هەر خۆم وەڵامەکەتان پێ بڵێم، چونکە دڵنیا دەبێ لەوەی ئەزمونەکە بە سەرکەوتوویی ڕابوردوو بووە... مرۆڤ. بووە سەربازێکی ناسراو. خوشکان. برایان... ڕاستی و جوانی مولکی هەر کەسێکە (پارچە خەڵووزەکە هەڵدەگرێتەوە)... بە پێچەوانەش (ڕاست و چەپێك لە نیگارەکە دەدات) هەر لە سەرەتاوە دەگەڕێتەوە دۆخی جارانی کە ماسییەکی گێل و ساویلکە و دەم نوقو بوو.

(پشت لە بینەران دەکات و لە نێوان هەر دوو لاقییەوە سێریان دەکات).

... لەوانەشە نەك ببێتە ماسی؛ بەڵکو ببێتە سەرمێکوتە و مارماسیش (ڕاست دەبێتەوە)

لە ڕاستیدا مەسەلەکە هەڵبژاردنەو هیچی تر. بەرد نوقم دەبێ چونکە کێشەکەی زیاتر لەوەی کە لەناو ئاودا بێت، کەچی نادان و گەوج دەڵێ بە هۆی قورسییەوەیە کە ژێر ئاو دەکەوێت! بۆ ئەمەش بەراورد لە نێوان بەرد و دار دەکات!! (ماندوو بوونی پێوە دیارە. دەیەوێ پەردەکە داداتەوە، پێدەکەنی) لەم ژیانە جەنجاڵە هەموو شتێك لە بیر دەچێتەوە، هەشە چاوگی خۆشی بزر دەکات (لە سەرخۆ) هەشە لە سێبەری دروشمی ڕاستبە، مەکوژە، مەدزە. درۆزنەو دەکوژێ و جەردەیە!... (بێدەنگی) ئەمە بوو پەردەی یەکەم... پەردەی دووەم و سییەمیش... (بیردەکاتەوە) خۆ بێتە قایمەش لە هۆرەو سیاچەمانەو قەتاریش سڵ ناکەمەوە.

(شانۆ تاریك دەبێت)... ئەمەیان گوناهی من نییە. دەی ئێستا دەرفەتە با هەر کەسێك لە جێگای خۆیەوە دەنگ هەڵبڕێ:

ئەسکەندەر شاخی لێ ڕوواوە (بە دەنگێکی بەرزتر ) ئەسکەندەر شاخی لێ ڕواوە (بە هەموو تینی) شاخی لێ ڕوواوە... نا، کەس زراوی نەچێت. چونکە ئەنگوستە چاوە و خنکاویش تامی ئاو نازانێت، نازانێت، نازانێت.

حوزەیرانی ١٩٧٩

# سەر گوزەشتەی ژمارە ٦٢

## ١

دوو پەنجەکەڵەی بە ناوچەوانتا هێناو سکڵی چاوی لە ناو لەپت گرت:

«ئەمانە هێڵی چارەنووستە... دەی پەنجەکانت ڕاکێشە... ئا... دوو برای گەورەو دووانی بچووکت هەبوو...» چرپاندتە گوێی ئافتاو: خۆ ڕاست دەکات!

«دوو براکەت کەڵەگەت و تێکسمراو بوون. یەکەمیان ئاوڵە ڕووی تەنیبوو، ئەوی دیکە تووشی هەناسە بڕکێ دەهات» پرسیت: ئەی بچووکەکان؟ وتی: لە یادت چوو کە بەکۆرپەیی لە کۆشی دایکت دابڕان!

ئافتاو سەرنجی تۆی داو تۆ سەرنجی ئافتاوت دا وەك بڵێن: لە ئێمە زیاتر شارەزای ژیانمانە! هەر ماوە بڵێ ناویشم حەسیبە!!

وتی: «تۆ گەڕیدەی. مێشهەنگی وێڵی. حەز بە شەونخوونی دەکەیت و هاوڕێت ئێجگار کەمن. دڵت لە نووکی زمانتە. زمانیشت هەر دەبزوێ و تووشی خوسەو ژانەسەرت دەکات». لە جێگەی خۆتا سڕ بووی.

«هەبێ و نەبێ ئەمە ئیبلیسە!»

– برا گەورەکانت دەگەڕێنەوە. بەڵام، با بزانم ئا... ئەم تەگەرەو کۆسپانەیان لە پێشە. دەگەن بەیەك.

«وەرە ئەم دونیا بەرینە جێگەی دڵدارییەکی لێ نەبێت و سێ برا بەیەك نەگەن!»

چاو دەکەیتەوە و پانۆڕامای ڕابردووت ون دەبێ.

«ئاوڕینگی مێشکت لەبەر چاوتا تەتەڵەیان دەکرد... باخەکەی –فەرهاد– کەلاوەکەی تەکتان و بازاڕی حەسیرەکە. لە دیمەنێکدا مێشکت گیرسایەوە: کۆڵانە تەنگەبەرەکەی بولاغ، خانووەکان وەك لەسەر یەك کەڵەکە کرابن وات هاتە پێش چاو، گومانت لەوە بوو کە جۆرە ژیانێکی تایبەتییان تێدا بێت، کە سانێك کە کۆمەڵێ هیوا و کۆشێ کەسەرییان هەبێت و بەهۆ و بێ هۆ، بەگژی یەکدا بچن و زگ و زا بکەن و بەهێمنی چاوەڕوانی کۆچی دوایی بن، ئەوەت بەژیان داناناو توورەییت وەك نانی لەواشەی گەرم لە ناوەوەتدا پاڵە پەستۆیان لە یەکتری دەکرد».

دڵنیا دەبیٚ کە بە باڵی فریشتەی سۆسەو خەیاڵ بۆ دە ساڵی پێشووت گەڕایتەوە. هەر دوو چاوت دەبن بە جووتیٚ بازنەی کاڵ. هەتاکو ئەو ساتەش بڕواییت بە عەڕاف و لەپ خوێندنەوە و خەون نەدەهات، ئێستا لە نۆورینگی خۆتای و شار خرۆشاوە. دیوارەکان لەبەر گەرمەتاو باوێشك دەداتەوە. قوتابیان لەبەر لێشاوی ئوتۆمبیل دەرفەتی پەڕینەوەیان نییە. شۆستەکان پیشانگای پورز و پاشەڵ و کابۆین. دادگا سیٚ نهۆمەکەی شاریش هەر خرۆشاوە: هەیە لە بیٚ کاری، سەر و پۆتەڵاکی ژنەکەی داگرتووە! هەشە ژن و دۆستەکەی باسخوون کردووە و سەری خۆی شکاوە!! هەر دوو چاوت دەبن بە دێوجامەی ڕاوکەرێکی کارامە، دەیانەویٚ هەر شتێك: کیشوەرەکان ئۆقیانووسەکان، گێتی بقۆزنەوە. چاو بە هێڵەکەی ئاسۆوە گریٚ دەدەیت. چاوەڕوانی. هەر وەکو دایکێك، قەرەج ساواکەیان ڕفاندبێت، خاڵێك دەبینی. کە لە هێڵە ڕووناکەکەی ئاسۆوە دەترەکیٚ و بە کەوانەیی بەرەو سونگەی چاوەکانت پرتاو دێنیٚ. بە دەست سەیوانێك بۆ دیدەکانت دەکەیت بۆ ئەوەی گەزێك، هەر نەبیٚ قولانجێك پتر بدینی. خاڵەکە گەورە دەبێتەوە. گەورەتر دەبێتەوە، دەبێتە شەبەنگ، بەڵام لای تۆ هەر خاڵێکی بۆرو چڵکنە. هەر دوو چاوت جووتیٚ چغزی سۆفیگەرانەن کە بە پەڕەمووچی پیکاسۆییەکی سەر شێت کێشرا بن.

گوێچکەکانت دێنە ئاراوە و پاڵپشتی چاوەکانت دەبن. کات و جێگای فێڵباز لە سۆمای چاوتا باوەش لە یەکتر دەدەن و دەلکێنە خاڵە گەورەکەوە. لە دڵی خۆتا بە هەرمێیەکی گەنیوی دەچوێنی، بەپەپکە مارێکی دەزانیت کە کلکی خۆی گەزیبێت. دەبی بە گویٚ. دەبی بە چاو. چاوێکی زل و کراوە ئێستا خاڵە کە بە تۆپەڵێکی گڕ دەبینی. بەر چاوت لێڵ دەبیٚ و هەست بە بیٚ کێشی دەکەیت و لە ژوورەوەتدا شتێك دەپژێت. وا دەزانی باوەشی براکانتە. زەوییەکەی ژێر پێت دەلەرزێتەوە و لە ناختا هەر سیٚ ڕەنگە سەرەکییەکە تێکەڵ دەبن. لەشت فیزیکانە خامۆش دەبیٚ بە بەشێك لە هەتاو. هەتاویش پرتەقاڵێکی گەییوە بە سنگی ئاسمانەوە.

٢

سەرمەدیت. لەپشت سەرتەوە دوو زام لە شێوەی جووتیٚ چرۆی سوور دەپشکوێن، دەبن بە چاو، بە چاوی شایەت، بەچاوی مێژوویەکی شێلوو و کراوە. هەست بەوە دەکەیت کە نەمریی مرۆڤ هەر ئەوە نییە کە لە دەرەوەیەتی. «جوانی بۆ هەر دەبیٚ بیٚ لانە بیٚ؟!»

پرسیار... وەڵام... بیرکردنەوە، ماکی هێزن، ناسڵەمیتەوە چونکە لەش نییت. نابزوێیت،

چونکە گیانێکی ئەزەلییت. بەڵام هەر جووتە چاوەکەی، چاوە نەترووکاوەکەی جارانی. وا ژێر پێڵاوێك بەدی دەکەیت، ریزێ بزماری کەوشی دەبینی. ئێستاکە هەموو شتێکت لەلا ئاشکرایە. لەشت دەبێتە نەرمەڵان و کەللەی سەرت دەبێتە بەردە بازی پێڵاوەکان (لە فلیمێکدا: کامیراکە ژێر سکی ڕەوە ئەسپی کێویی نیشان دا. جارێکیش: منداڵێکی توولەك لەسەر بڕبڕەی پشت و لە نێوان دوو هێڵی ئاسنینی شەمەندەفەرێکدا، بە تاسووقەوە، فارگۆنەکانی دە ژمارد!) ناترسی، چونکە ترسان بە ڕووخێنەری یەکەم دەزانی. تۆ پاك و بێ گەرد بووی وەك نووکی درەوش دەتووت: مرۆڤ بۆ هەر لایەك بڕوات، هەر بەرەو ڕووی مرۆڤایەتیی خۆی دەبێتەوە، بۆیە ڕەدووی ژیانی خەڵك کەوتی. پێڵاوەکان بە پێودانگی بۆسەکەتا تێ پەڕین، تۆش ئاخێزی بۆ ناکەیت و چاوەکانت هەر لە ئاسۆ گرتووە. ئاسۆش ڕووناکەو هێڵە زیوییەکەی، بەڕەوایی، بەشی زەوی بە زەوی دەدات و بەشی ئاسمانیش بە ئاسمان. هەست بە بوونێکی پڕا و پڕ دەکەیت. سێ ڕەنگە سەرەکییەکە لە پێش چاوی زامەکانتا ڕەشبەڵەکی بوونەوەرانە دەگێڕن. زەردەکە بە پۆڵێ کوڕ کوڕی ناو جۆخینێکی سروشت دەزانی، سوورەکەش بە مزگێنیی بووکی نەو بەهار دەبینی، بۆیە وەك مەلێکی قەرسیلی، لە ئاسمانێکی شینی ڕەهای سەرمەدیدا، دەکەوێتە فڕین. لەو بەرزییەوەش قێز لە بزمار و کەوش دەکەیت. قینت لە قورقۆشم مس تەرەقە دوکەڵ دەبێتەوە. دەفڕیت. دوور دەفڕیت و بەسواریی هەورێکی ئاوساوە دەگەڕێیتەوە. زەوی تینووە. چاوەڕوانی پەرچوویەکە وەك تۆ چاوەڕوانی براکانت بووی. دەبی بە برووسکە و لە ناکاو، لەگەڵ ئەلندا، بارانی خۆشەویستی دەبارێنی. دڵۆپەکان لە چەشنی هەزاران دەنووکی بە سۆز، ڕەگ و ڕیشەی گوڵووکە کێوییەکان دەلاوێننەوە. تۆش بۆ دوا جار چاوی زامەکانت دەنووقێنی.

تشرینی دووەمی ١٩٧٩

# خاوەر

## میم

– من داش بەداش ناکەم. دەتۆ ئەمەیان بخۆ... ئەمەیش. ئە، ئاوها... ئێستا دامەیەکی قنج دەکەم... وابوو بە دوو دامە.

(زەردە پەڕی مەیلەو ئاڵی شار کڵپەی لە ئاسمان دەدا) مچە هەر ئەوەی بۆ مایەوە کە بۆڕ بداو ئافەرینیش لە حەمەسەنی ناسیاوی بکات.

– مچە پارە یان دەبێ وەکو جرجە کوێرە حەشاری بدەی یان بیخەیتە گەڕەوە.

– ڕاستە. خۆ جاری جاران بووایە. ڕەزەکەی تۆفەی فاتە تۆڵەکەم بە هەر فەندێك بووایە لە چنگ دادە بچڕی و... کوڵە برنۆم لەشان توند دەکرد و... چاو کاڵێکیشم لە ماین دادەبەزاند.

– (جگەرەیەکی خۆشناوەتیی بۆ درێژ دەکات)

– تۆ هەر لەسەر دابی کۆن بیر بکەرەوە! کەی واز لە دۆکلێو و چیلە و کەر و کورتان دێنی؟ پێشەکی دەزانم چاو کاڵەکە کێیە. مچە پەرژین بێ، لە مێژە لە ژنێکی بێزووکەر بەولاوەتر دڵت پێوەیەتی... دە بڵێ ئاتەی بێوەژن نییە؟ مەگەر نازانی نەزۆکە و دوای چەند ساڵێکی ژنایەتی، مەلۆتکەییەکی لە ئامێز نەگرت!!

(پشیلەیەك دەمیاوێنێ. دەمی دەژەنێتە گوێیەوە)

– حەمەسەن، وتیان کەومار بە مێردەکەیەوە دابووی! هەندێکیش وتیان: گوایە لە ئانی جووتکردندا تویێقڵەیەك لەژێر...

– تۆ لەوە گەڕێ و بەس فوو بە هەمانەی دڕاوا بکە، مچە خۆ ژن ژن ناخوات و بەسەڵتەیەك مەلا ڕەشیدت بۆ دەم بەست دەکەم.

(سەرو چایەك فڕ دەکەن. دەرووی ژوورەکە دادەخەنەوە).

– بەڵام حەمەسەن، خاوەر زۆر چەتوونە.

– های لەوە. کوڕە بە مت و مورو و خەزێم و کۆلۆانەیەك ئەویش دەبێتە مێو و ڕۆن.

(ختووکەیەك بە لەشیا دێت. ئەگەر کلکیشی هەبوایە دەیلەقاند)

– ئینجا با سرکەیی و پێنج لیرەیییەکی لەسەر بێ.

– مچە، گوێ بۆ برای خۆت شل بکە. وا بزانم پارەی تۆیۆتاکەت داوە، ئەو دوواکەشی بە دەستی منەوە دەبێ و هەر مانگە و نا مانگێك قازانج برا بەش دەکەین.

(جگەرەیەکی تریش دەخاتە پارسەنگی ئاخاوتنەکەیەوە)

– ... پاش ساڵ و وەختێك تۆ نقاڵ دەبی. جا پێکەنینی بۆ چییە؟!

براله... ئەوسا لە مچەوە دەبی بە مستەفا و شاریش کۆك باوەشت بۆ دەکاتەوە.

(مچە هەتاکو کەمەرەی، بەڵکو خوارەوەشی دەخانایەوە)

– مچە، هەر وابووە. ئەی ئەم شارییانە، لە کوێوە هاتوون؟ مچە بخۆ... کەباب و... لەواشەو... برنجی زەردەلیکاو و... ئاتەشت لەبیر بێ بەکراسی ئاگر بارانەو مێخەك بەندەوە.

**ئەلف**

(ئاسمان سایەقەو ساماڵە. ڕێگای شار لە بناری دۆڵی قالە کوژراوەوە پێچ دەخواتەوەو ڕۆ دەچێتە خوار، لەوێ بۆنی کەلاکێك ئامبازی ڕێبواران دەبێ. مامۆستا سالار لەوانەیەکدا بەخەڵکەکە دەڵێ: ئەگەر نەش زاندرێت کە چ دەعبایەك ورگی هەڵدڕیبێ، خۆ گومان لەوەدا نییە کە بۆتە شایی لۆغانی داڵ و چەقەڵ و کەمتیاری ئەم ئاقارە. فێر خوازەکانیش دەدەنە قاقای پێکەنین)

ڕووی گواستەوە بۆ لای خاوەری ژنی:

– ئافرەت کۆشێ دیناری چاو کەڵەشێرین... دەیییەکان هەر ماوە شەڕە قۆچ بکەن!

خاوەر مت بوو. وتییەوە:

– لەوێ بۆم ژمارە نەکرا. کچێ ئێستاش هەر بۆم ژمارە ناکرێت... زۆرن... زۆر... ئا ئەم سەوزانە تازە داهاتوون، دەڵێی...

خاوەر بێجگە لە متبوونیش، سووکە نیگەرانییەکی ناکاوی ئابڵۆقەی دەدا.

– تۆ سێری ئەم بیست و پێنجییە بکە! کوتومت بە ئەسپە شێتەکانی کوێخا فارس ناکەن؟! وەبیرم هاتەوە، کچێ ئەویش وەك ئێمە مانان پارەکەی وەرگرت و ئاو بێنەو...

تویژاڵی ڕوو گرژییەکەی خاوەر لە ئەندۆیییەکەوە بوو. بۆیە هەر دەهات گەمارۆی دەداو خولی سەری پەرەی دەسەند «لای وایە زەوی و زار جێ هێشتن وەکو قەسپ و دۆ خواردنە...»

– مچەی ئامۆزام ئیتر مەمدوێنە.

– ئاخر بۆ؟!

– بۆی ناویت... خۆت چاك دەزانیت.

– خاوەر لەبیرم چوو. كچێ دەبێتە خاوەند ئۆتۆمبێل و تۆش دەستێ جلی ئاڵ و واڵا لەلای حەمەسەنی ئاشنامان هەڵگرە...

(بێدەنگی)... چیتان لە جەنجەڕو كوندە و كەندوو داوە! من خەڵكی كۆمەڵگاكە دەگوێزمەوەو تۆش وەكو خانمێكی شارستانی ئیتر بە لای مەڕدۆشین و پەچەماڵین و چیلكە خڕ كردنەوەدا ناچیت... ئەوە چیتە؟ خاوەر ئەم مۆنییەت لێ ناوەشێتەوە... من تەگبیرت لەگەڵ دەكەم و... های سەیرە!!

(پەستیی بارێكی تاڵ خاوەر دادەگرێ)

– تۆ كەی بە ڕاوێژی من چووی بەڕێوە؟

– كچێ دەچینە شار.

– دیارە جێگەی قەرەج دەگرینەوە!

(درێژ دادڕی نەكرد، ئەگینا شارە زەردەواڵەكەی لێ دەهرووژایەوە)

شەپێ لە دەفەی شانی خاوەر دەداو ناوی ئۆتۆمبیلەكە بە نا ڕەوانی دەتكێنێتە گوێیەوە. شێلوویی ڕووی خاوەر بێ دەنگی دەكات. لەو ئان و ساتەدا دەیان گوێدرێژی بەرەڵلا وەك مجێوری بتخانەیەكی ڕووخاو دەسووڕانەوە... دەگەوزانەوە.

خاوەر لە خەوە نوتكییەكەی ڕادەچەنێ. پرخەی مچە ئارامی ژوورەكە دەشێوێنێ (شەو دادێ لە من وایە پووڕەیەكی هەنگ وا لە ژێر كراسەكەمدا. خۆ بەدەم خەونیشەوە نوقڵانەی دەكات و ناوی دەبزڕكێنێ!) تەزوویەك بەلەشیا فرتە دەكات. بەچاو ناو ژوورەكە دەسڕێتەوە (كەندووەكە نەگوێزدرایەوە... ئاوێنەی سنووقەكەش ورد و خاش بوو... دار و پەردووی كەپر و تەیمان و پەرژینەكانیش بوون بە سووتەمەنی)

كە ڵەبابێك نۆرە بڕێ لە مەلا دەكات و بانگی خۆی بۆ دەزوولەی بەربەیان هەڵدەدا. خاوەریش بە شێنەیی و بینابییەكی كولەوە دەچێ بەلای هەویر ترشی دەلاقەكەوە.

**واو**

وایان زانی ئاسمان نزم بۆتەوە. كەفە هەورێكی نەزۆك دەڕوانێتە خوارووی كۆمەڵگاكە. بڕێ خانووی نزم لە نسێی ئەو هەورە یەختەیەدا بەگرژی دەبیندرێن. قەوغا و ژاو و زریكە، تارای هێمنی شەقار شەقار دەكات. هەریەكە شان دەكوتێ، بەپرتاو لە

جەنگەی حەشاماتەکەدا دەگیرسێتەوە. شین و شەپۆڕی پڕ سوێ لەگەڵ دەنگی تردا تێك دەگیرێن:

(دەموت ئەمە ڕۆژی رەشمانە – لاکەوە خوشکم – خوایە هەڵی نەگری – جێ باڵم خۆشکە – دایکم – غەوسەکەی بەغدا – هەیرۆ..)

وایان زانی خەو دەبینن، یان تەلەفیزیۆنی ماڵە جامبازەکانی کۆمەڵگاکەیە. پیاوان وتیان: دیارە ئاهو نزولەی خاوەری زیستان ئەمەی بە سەردا هێنابێت. ژیانیش: ئاتەیان بەسەرە خۆر و پیاو بە فەتارەت بەر پەنجە نۆما کرد. ئاتە و خاوەریش لە ناوەندەوە تیتکیان دەرنییەوە، چینێکیش بە چرنووك و چەپۆك بەر دەبوونە کوڵم و گەردن و کراس و سوخمەکانیان.

– مامۆستا سالار، مچەی فێر خوازت هێشتا لە پێدەشت و ڕاستە ڕێدا، دەستەکانی تەتەڵەیان دەکرد کەچی بەرەو شار گلۆر بووەوە!!

مامۆستا سالاریش لە گۆشە نیگایەکی دیوی دیکەوە دەیڕوانی.

– بەم دواییە، مەیلی لە وانەی ژمارە هەبوو برا، گۆڕانکارییەکی وا تیسکەیی وا بە سانایی قووت نادرێت.

لە تەکیانەوە دەنگێك سێ سووچەییەکەی تەواو کرد:

– خۆی بە تەنگەی مارسیدسەکەدا کوتاو یەکێکی تریشی لەگەڵ خۆیا سارد کردەوە.

خاوەر قوڕ و لیتەی بۆ خۆی و هەتیوەکانی دەپێوێ. پنتکی قوڕ سەر و گۆیلاکی خەڵکەکەش دەگرێتەوە. ئاتەش سینگ و بەرۆکی دادەڕێ. سوخمەکەی دەترازێ. مەمکە سفتەکانی لەشێوەی جووتێ کەروێشکی سپی و خرپن هەلی سەرەتاتکێیان بۆ دەلوێ. برێ هەرزەکار و کەڵەگاش بەچاوی چەسپەوە، بەتیلایی لە نۆرینگی خۆیانەوە مری خۆیانی لێ خۆش دەکەن. یەکێکیش دڵی دووزەلە لێدەداو بەنیازەوە دەبێ کە ئەمجارە بەشیربایییەکی کەمتر قەمچی لە ئاتە گیر دەبێ، بەڵام کەس بەوەی نەزانی کە حەمەسەنی شاری چۆن پارەکەی دیزە بە دەرخۆنە کرد.

سەر هەڵدەبڕن. ڕنووی بەفرێکی دوور دەدرەوشێتەوە. ڕەوەیەکی کورکوڕیش بەرەو قیبلە باڵ دەکوتن... دوور دەکەونەوە... دەبن بە هێشوویەك خاڵ... دەبن بە پیتێك لەو پیتانەی کە مامۆستا سالار دەینووسین، بۆ ئەوەی وشەیەکی گەش لە دایك بێ و نشونما بکات.

**بی**

بۆ باوکی دڵسۆز و بەڕێزم.

دەستە پیرۆزەکانت ماچ دەکەم، هەروەها دەستی دایکم و چاوی منداڵەکان، هیواشم تەمەن درێژیی هەموو لایەکە. بابە گیان، ئێستا زۆر شاد و بەختەوەرم بەوەی کە لەگەڵ دانیشتوانی کۆمەڵگاکەدا پەیوەندییەکی بتەوم هەیە، ڕێزم دەگرن و گوێ بۆ قسەکانم شل دەکەن، هیچی ئەوتۆ نییە بۆتانی بنووسم لە مەرگی فێرخوازێکم بەولاوە کە ئەویش سەبارەت بە سەرەڕۆیی و هەڵەشەیی خۆی سەری نایەوە. دوێنێ لە وانەی کۆمەڵایەتیدا ژنە گەورەکەی بۆمی سەلماند کە لە سەرەتاوە بەکردەوەکانی قایل نەبوو، بگرە بەرهەڵستیشی بووە بابە گیان.

خۆ ئەوەندەی نوشوستی و هەڵنگووتن سەرنجی خەڵك دەکێشێ، هەندە سەرکەوتن شادی نایگێڕێ! ئەمڕۆ باس باسی جووتە بێوەژنەکەی مچەیە، بە تایبەت کە حەوتەیەك نابوو ئایەی گواستبووەوە، بەڵام جوامێری و دڵ فراوانیی خاوەر مایەی سەر بڵندی و ئافەرینی هەر کەسێکە چونکە باوەشی سۆز و میهری بۆ هەوێکەی کردۆتەوە و لە ژوورێکی ماڵەکەی خۆیدا دایناوە. تەنانەت وەك دوو خوشکی گیانی بە گیانی و ئاشنا ڕوو لە پۆلی فێرگا دەکەن. پێکەوە دادەنیشن. هەر بۆ گەمەش پلارێکم تێ گرتن لەمەڕ دواڕۆژیانەوە، کەچی هەردووکیان وتیان ئیتر ببڕای ببڕای بیر لە مێرد کردن ناکەنەوە. ئاتەی چارە ڕەش خووی داوەتە مروقەل ڕاگرتن و کار و فرمانی ناو ماڵ، خاوەریش ئالاوەتە کلاو چنین و دەرزی و دروومان... خۆزگە بەهار سەردانیتان دەکردم و بە چاوێکی نزیکەوە ئەو خێزانەتان دەبینی. بابە گیان. هەڵگری نامە فێرخوازێکی چالاك و دۆستمە، تکام وایە کە درێغی نەکەن لە پێشوازی کردن و یاریدەدانی .

دووبارە دەستەکانتان ماچ دەکەم و ئیتر خۆشیتان.

کوڕی دڵسۆزتان

سالار

کانوونی یەکەمی ١٩٧٩

# باران و زۆرشتی تر

پێنجی ئێوارە:

چەترەکەم بە ئەرك زانی. ئاسمان هیچی نادرکاند. لەپڕ: لێزمەی کرد. خوسام. لە نێوان من و ماڵەوەدا: پێچی کۆڵانێك و دیوارێکی نووسراو هەبوو، بەڵام گەماڵێك خۆی لکاندە ئەو دیکۆرەوە. پێچم خواردەوە.

وێنەیەکی نزیك کراو: دەرگای ماڵمان. نووسراوەکە چاوە سوورەکانی گەماڵەکە.

وێنەییەکی ناوەوە: ژان.

وێنەیەکی دوور: منارەکەی دانیال پێغەمبەر قەڵای ئاراپخا. لێوم بۆ دیوارە گرنج گرنجەکە بزواند. لە گەماڵەکەش سڵم نەکردەوە. هەر دەبێ لە ماڵەوە بم چونکە نازدار مانگی خۆیەتی... ڕۆژی خۆیەتی... ساتی خۆیەتی... ئەمڕۆ ژمارەیەك دەچێتە سەر ژمێری شارەکەم.

بەیانی: بازنەی سکی لەبەر لووتی بوو. پەیکەرەکەی «هەنری مۆر»ی هاویشتە تۆڕی چاومەوە. خڕۆکەی زەوی. ئەستێرەکان. گەردوون. بازنە دەخولێنەوە. ئەوەشی لە خولانەوە کەوت... دەکەوێ دەمرێ دەرزێ دەبێ بە پەیین.

پرسیار:

١– دەبێ لەدایکبوونی بێچووە نیاندەرتاڵێك لە سەدان ساتی تیشکی مەزنتر نەبێ؟

٢– قۆزاغەی ئاوریشم، کاتە یان جێگایە؟

٣– کێ سەری بووکەبارانێ هەڵدەکێشێ؟

تێبینی: وەڵامی پرسیارێك بدەرەوە بە مەرجێك نیگارەکەی بکێشی.

(حەز بە کوڕ دەکەی یان کچ؟)

(–نازدار هەر مرۆڤ بێ و ئا... ژمارەیەك بێ و جێگای ژمارەیەکی جوانە مەرگ بگرێتەوە.)

–( من کچم دەوێ)

(هەر ببێ و وەك نۆبەرەکەمان لەبارت نەچێ).

خۆم بە ژوورا کرد. ئەو ڕۆژە هەر کە سەری گرۆڵەی خەونەکەم دایە دەستی نازدار، وەك لەگەڵما بووبێت وتی:

– کۆرپەکەمان، چاوی ڕەش بوو وەك...

وتم: شەوانی ئەفریقیا.

ئەو: قژی...

من: سورمەچن بوو.

ئەو: لەناو کەژاوەی ئەستێرەیەکی دلآرادا...

من: خۆرێکی ئاڵی بچووك سێبەرێکی وەنەوشەییمانی دەکێشا.

ئەو: کوکوختیی زیوین و...

من: پەپوولەی قەرسیلی لە کەنار زەریای ئاسماندا مەلەیان دەکرد.

وتییەوە: قاسپەو گمەگم و کناچەو بێدەنگی...

وتمەوە: هارمۆنیایەك بوو، سەرچۆپیی ڕەشبەڵەکی ڕەنگە سەرمەدییەکانی دەگرت.

پێنج و چارەك

دەبێ بەم پەنجەرەیەوە بەسترابێتم! ئێستا کەسانی تر هەر یەکەو بەجۆرێ بەندی جێکاتن: دەخۆنەوە .خوساون.دەخەسێندرێن. لەلۆچ و سەیوانی پەرلۆنی سۆزانییەکدا گڕ دەگرن، پێستی ناوگەڵیان دەگروون، مێشکیان تەونی جاڵجاڵۆکەیەکی لیکنە. هەمانەی درۆ هەڵدەڕێژن یان من ئاسایی سەرنجی ئەم بارانە دەدەن و لەشیان مێروولە دەکات و... بەسۆزەوە چاوەڕوانن؟!

خاکە لێوەیە، خڕۆکەی زەوین دەسووڕێتەوە. بارانە پێغەمبەرانەکە نەوەستاوە! بیر دەکەمەوە. نەستم دەگەشێتەوە، دەهەژێ. خرمەی بارانەکە وەك دەنووکی پولێ مەلۆچکەی برسی لە ناخمدا دەنگ دەداتەوە ئای ئێستا هەلآلەی گوڵە کێوییەکان دەپژێن. دەرگاکان دادەخرێن. پەنجەرەو کڵاو ڕۆشنەکان چاو دەنووقێنن. چاو بە ژوورەکەما دەگێڕم: ئاوێتەیەك لە چەشنی دڵ. قەفەزێکی کەناری، مێیەکەی شەوێك ڕەق بووەوە، نێرەکەش هەر دەخوێنێ و دەخوێنێ، تابلۆیەکی گۆیا – دەسرێژەکەی سێی مایس...

ئای چاوەڕوانی... لەپاڵ ئەمەشدا پاڵە پەستۆی بیرەوەری و لێکدانەوە. وەك شەپۆلی کەف چڕینی دەریایەکی بێ ئارام یەکتری ڕاو دەنێن، دەتوێنەوە، لە دایك دەبنەوە و

شێتانە خۆیان بە دیواری هەستما دەدەن.

«دەبێ مرۆڤی بێ رابردوو بەختەوەر نەبێ!؟» تۆ هەر دایکەو ببارێ، ببارێ وەکو کاتژمێرێکی هەرزان. دایکەو ببارێ. تۆ پەروەردەی ئاسمانی و منیش ئاوێتەی گڵ و خوێنم. جار هەیە پەرداخێکی ئاوی سازگاری چاوی قرژاڵم، کاتی واش بووە وەك پشیلە کێوی برپرەی پشتی پەرەسێلکەم کرۆشتووە... ئەمەیە مرۆڤ. گڕی ئەوین قاڵی دەکات. ڕق دەیپەنگێنێتەوە. لە بێروونا بەرەنگاری مەرگ و تینوویەتی، چاوەنۆڕیی بەخشندەیی کانییەکی ڕوون دەکات «لەوکاتەی کە دڕندایەتیمان دەنوێنین، هەست بەوە دەکەم کە لە قورقوراگەی ژیاریماندا، دومەڵێك ئاوساوە... قرژەیەکی قێزهێنەر تەشەنە دەکات... یان گەڵای تازە ڕسکاوی مرۆڤایەتیمان لەژێر چەپۆکی زریانێکی فێ لێهاتوودا دەلەرزێ... بەجۆرێك ڕەنگە سەوزو ورشەدارەکان هەڵدەگەڕێنە زەردێکی ئیسقادار... ڕەنگێك مەگەر ناوی – بێزاری– بێت» تۆ هەر خزمەت بێ... داباریێ... ڕۆیکە... ڕۆیکە... بەڵام، بەهارێکی شێ و نماویی وا دەگمەنەو ئێجگار دەگمەن و تاسووق.

پێنج و نیو:

چاو هەڵ دەگلۆفم دیمەنی ئەو دیو پەنجەرەکە وێنەییەکی شێلووی ناو هایپۆی وێنەگرەو ڕەنگ دێنێ. ئەو بنجە مۆردەی کە بەدەستی خۆم ڕواندم ئێستاکانێ هەتیوێکی لانەوازە و دەلەرزێ. ژوورەکە چوار گۆشەییە چێوەی نیگاشم چوار گۆشەیی پەنجەرە چوار گۆشەییەکە دەسمێ. دیوارێکی کەل و ڕووخاوم لێوە دیارە. چەند پەڵەیەکی ڕووناکی پۆپنەی بەردە ڕەش هەڵگەڕاوەکان دەکەن بە خۆڵەمێشی. مۆردێکی سەوزی تێر. بەردی خۆڵەمێشی! لەچاوما... لە ژوورەوەمدا سیمفۆنیایەکی ئاهەنگ گێڕ بەرپا دەکەن. بیرم هەڵدەفڕێ بۆ ناو ڕەنگە بزوێنەرەکان (براك) و (پیکاسۆ): سەوز، خۆڵەمێشی، قاوەیی. ساڵی هەزاران تەن قاوە ڕۆ دەکەنە ئۆقیانووسی ئەتڵەسییەوە بۆ ئەوەی بارۆمیتری بازاڕیان دانەبەزێت! تۆ هەر داباریێ و منیش چەپکێ ڕەنگی شیریی تۆ هەڵدەمژم، دیوارەکان بشۆرەوە، گەڵای زەرد بتەکێنە. ئاکام؟ هەر ڕەنگ بە سروشت دەبەخشی... ساتی وا هەیە هەست دەکەیت کە سروشت لە ناوەوەتدا دەتەقێتەوە. یان بوویتە بە بەشێك لەو سروشتە... وا دەزانی بووی بە سەگرمە، بووی بەقۆپی، بە شیوە سوور، بە درەخت، بە کەو بەگوڵە گەنم، تۆو... بەڵام کات!! ئەم هەزار پێیە بێ ڕەنگ و بەقەمە!! جیوەیە، تێزابە مۆخمان دەئاخنێ و نایبینین.!! چاو دەگوازمەوە. ئەم سەماوەرە حەو جۆشە، سەردەمێك لە جۆشدا بووە، ئێستا

وەکو مومیای فیرعەون و ئێسکبەندی شانەدەری بۆتە ئەنتیکەو دێرین!! مردووە، مردنێکی خاوێن. هەیە دەمرێ و نەمرە... هەیە دەژی و مردووە... هەشە دەبێتە خۆراکی سەرگەڕ و داڵ و کەمتیار! ئەی کە کەمتیار تۆپی دەبێ بە خۆراکی کێ؟!

شەشی تەواو

بارانەکە... دیارە تۆ لە خرمەو شۆڕشی خۆت ناکەویت. ئەوی ڕاستی بێت جارێك ویستم نیگاری تۆ بکێشم تابلۆیەك ناوی بنێم (باران) بەڵام بە وشە. بیرم لەوە کردەوە کە چ ئاڵوگۆڕێکی فسیۆلۆجی و شۆڕشی دەروونی دێنە کایە لە نێوان پیت و ڕەنگەکاندا!؟

دەی، تۆ ڕێژنە هەر ببارێ. بیکە بە لەنگێزە. با دڵۆپەکانت گوژم بدەنە خۆیان هەر وەکو ترپەی پێی بارگیری چەلەنگی پایتوونێکی دوور... وا زەوی ئێق دەداتەوە. کێڵگەکان ئاوسن. بۆ ناوەستیت و کۆچبارت بۆ خاکێکی برینگ و ئاتاج و تامەزرۆی تر نابەیت؟ نازدار فەرهەنگی ژانە، گوێم لە ناڵەیەتی. چاوەڕوانیم تامی بزمارێکی ژەنگن. حەڵوای گۆگرد قەمچی دەدات. ئێستا داپیرە بەڵکێسی مامان پەڕۆ دەبەستێتە بەتاڵایی دەمییەوە بۆ ئەوەی لە حەژبەتا زمانی خۆی نەگەزێ. ئەم دایەلۆگەی نێوان تۆ و زەوی هەر دەبێ بە گریانی ساوایەك، پشکوتنی چرۆیەك، زایینی ژمارەیەك.

شەش و پێنج دەقیقە

ژاوە ژاوی شار دێوەزمەیەو لە درزی پەنجەرە و با دەڵێنی دەرگاکانەوە دەخرێنە ناو ژوورە ماتەکانەوە. ئەوەندەش ناخایێنێ کە شار ببێت بە پەیکەری (میکلانج) و هەناسەی تاریکی بدات. شانۆی شەقامەکان چۆل ببن و هەرکەس تەکان بدات وەك مێملێکی کێرد بەدەستی نشتبێتە سەر! شۆستەکان لە لیتەدا پرخەیان بێ و تاریکی ناقرەی ئاسۆ بگرێ. لە ناکاویش: باهۆزێکی ڕەمەکی نوقرچی دۆمانە لە پەراسووی چیغ و گوێسەبانەکان، لە بەژنی دارتەلەکان، لە هەناو و ڕیخۆڵەی توێکڵە هەنار و مۆزەکان بگرێت. ئەوجا قرمەیەك خەوی کۆرپەکان بزڕێنێ. ئای کە شار دەبێتە پەیکەری ڕەژوو، من ئۆقرەی گیانم باڵ دەگرێ.

شەش و دە دەقیقە

تك... تك... تك... تاك... تاکتك... تاك... تاك. وا هێور بوویتەوە. پرشە دەکەیت. دەوەستی. بەڵێ سەرەتای هەر شتێك لە کۆتاییدایە، سەرەتا لە کۆتا دایە...

ئێستا دیمەنی پێش چاوم هێلکەییەکی پاك کراوە. ڕەنگەکان لە ناو منداڵدانی تابلۆیەکی دینامیکیدا سەر هەڵدێنن. بڕێ تنۆکی لاسار بەبلووری پەنجەرەکەوە خۆیان هەڵواسیوە. (لە بەردی بەنرخ دەکەن... مرواری) یەك دەگرن. دڵۆپە گەورەکان بچووکەکان قووت دەدەن. قورس دەبن. زەنگوڵ بەهێڵێکی شاقووڵیدا شۆڕ دەبنەوە. پاسارییەك فرتە دەکات. دەجریوێنێ. کەنارییەکەم وەڵامی دەداتەوە! لەم ئانەدا... گریانی ساوایەك وەڵامی هەر دووکیان دەداتەوە!! (کە لە دایك جیابووەوە بەکوڵ دەگرییێت، چونکە داوا کراوە بۆ ئەوەی وەڵامی تاوانێك بداتەوە کە لەبنەمادا تاوان نییە)

هەست بە باوکایەتی دەکەم. تایەکی پەنجەرەکە دەکەمەوە. دیارە هەمان پاساری پێش ئەوەی تاریکایی دابێت ڕوو لە هێلانەکەی دەکات. هێلانە، هەر زیندەوەرێك دەبێ هێلانەی هەبێ ئەگینا بەردە تاوێرە. تەنە شۆرە.

سەرنجی کەنارییەکە دەدەم و بڕیارێك لە مێشکمدا جێگیر دەبێ. ئەم شەو مەگەر تاك و تەرا، پەنجەرەیەك ئێشکگر بێت وەکو پەنجەرەکەی من، لەوانەشە پاسەوانەکان بە چاوی دیناسوورێکی بزانن! مامانەکە ڕام دەچڵەکێنێ:

– گوێزە بانەم دەوێ، شوکر وا کوڕێکتان بوو.

ئەو دەستەی کە کەنارییەکەی هەڵدایە بەهەشتی ئاسمانەوە هەر ئەو دەستە ڕووی داپیرە بەڵکیس دەگەشێنێتەوە. نازدار ڕوو لە من دەکات. من ڕوو لە نازدار دەکەم.

– باوکی...

– دایکی...

بەپێڵووی چاو یەکتری دەگرینە باوەش . زەردەخەنەکەی (مۆنالیزا) بەلالێوی نازدارەوە دەبێتە پەپوولەی یاقووت. گەشکە دەمان گرێ. چاو بەقەفەزە بەتاڵەکەوە دەدروووین و... زمانێکی پاراو لە نێوانماندا گڕوگاڵ دەکات.

شوباتی ١٩٨٠

# بارام ناوێك هەبوو

# مەنجەڵ

دیوی یەکەم:

– دەمەوێ هەڵبێم و ڕوو لە بیابانێکی نەناسراو بکەم.

(دلێر درێژەی بە سکاڵاکەی دا).

... بەڵام ئایا دیلێکی بەندی ئەم ژیانە، کە لە تاریکیی سکی دایکییەوە بەڕیخۆڵەیەکی باریکەوە بەسترابێت. لە وزەیدا هەیە هەڵبێت؟! گومانم زۆرە... دیارە ژیانیشم پاشماوەی ئەم دیلییە زگماکییەیە... بۆیە ڕۆژگارم لەگەڵ وەی و ناسۆردا لە یەك سەرچاوەوە دێنە خوار... (دلێر وەك لەگەڵ کەسێکی نادیار بدوێ چاوی بڕیبووە تەختەکەی بەر خۆی).

... بەهیچ جۆرێك لە پێستی مرۆڤایەتیی خۆم دەرناچم وەك کەسانێك ژیانم ناکەم بەمەرگی باوەشێکی گەرم... ئەمەش بەڕاستی بۆتە هۆی کلۆڵی و هەوێنی ژانەکانم... ئا... بیرم کەوتەوە، ڕاستی... بەڵێ «ڕاستی»یە برینەکانم دەکولێنێتەوە.

(پەتی سکاڵا و کرووزانەوەکەی دلێرم پساند و جڵەوی وتنم گرتە دەست).

– کاك دلێر، دەزانی ڕەنگی ئاو تا ئێستا لەسەر هیچ تابلۆیەکدا نەزاوە؟!

(دلێر چەند جارێك کاسەی سەری ڕاوەشاند، وەك لە مەبەستم نەگات... بۆیە وتمەوە):

– ڕاستی... کاك دلێر ڕاستی «کەمێك بێ دەنگ بووم»... ئێمە جەزرەبە دراوی ئەم وشە قەشەنگ و تەلیسماوییەین، هەمیشە بۆتە کێشەی ژیانمان، بەڵام کاکی خۆم تۆ دوای کڵاوی بابردوو کەوتووی... «مەلی چاوم لە تەپڵی سەرێکی ڕووتی ناو چایخانەکەدا نیشتەوە»... بەڵام سەیر ئەوەیە کڵاویش لە ئارادا نییە! «وا دیار بوو کە وشەکانم جێگای خۆیان لە دڵی دلێردا هەبێت، بۆیە وەك چەقۆ وشەکانم ئاڕاستە کردەوە»... ڕاستی... وشەیەکە تەنیا بۆ ڕازاندنەوەی فەرهەنگەکان دایانهێناوە، ئەگەر بڕواش ناکەیت... پێچەوانەکەیم بۆ بسەلمێنە... ئەوە من و ئەوەش تۆ و ژیان و ڕۆژگار... خۆ هەر چاومان بەیەکتر دەکەوێتەوە.

ئەو دیوی تر:

لە سووچی چایخانەکەی پێشوو هەڵتروشکا بووم، بەچاوێکی وێڵ دەمڕوانییە لووتی

پێڵاوەکانم «گالیسکەیەکی کۆنی یۆنانی؛ لەبەر چاوی خەیاڵما، بەتەوژم تێپەڕ بوو. سیرمەی مەچەکی تورە لەسەر پشتی چوار ئەسپی ڕەسەن، باڵی دەنەخشاند» دەستێك شانی ڕاستمی ڕاژەند. لاچاوێکم هەڵبڕی. چەشنی ستوونێکی دێرین دلێر بەتالایی جێگیر کردبوو. بەسەر لەقاندنێك هاوبەشیی کردم. «بۆیاغچییەکی منداڵ– تصبغ–ی بەبۆیە کراوی بەگوێمانا دا، کە وەڵامی چنگ نەکەوت، ناچار ڕووی کردە برێ سەرباز کە دۆمینەیان دەکرد» پرسیارێکی زەردەخەناویم لە دلێر ڕاست کردەوە:

– ها... لەگەڵ (ڕاستی)دا گەیشتی بە چی؟

دۆزیتەوە؟

کەمێك ناوچەوانی هەڵگڵۆفت، وەك بیر بکاتەوە چەند وشەیەك لە دەمی کەوتنە خوار:

– نا... ئا... ڕاستی... جیوەیە.

«نیگارە ڕەنگا و ڕەنگەکەی ئیمام عەلی کە هەڵواسرابوو، سەرنجی ڕاکێشام. وەك جیۆکند بزەیەکی شاراوەی لە چاوما تۆو کرد».

– جا... کاك دلێر یەکجاری بڵێ ڕاستی مارمێلکەیە، بەگوێرەی کات و جێگا ڕەنگەکان ئاڵوگۆڕ دەکات!! باشتر نییە؟!

دلێر جگەرەیەکی لە لا لێوی چەقاند و لە قووڵایی بیرکردنەوەدا دەنگی وتی:

– ئەی!

(ئەی) یەکەیم بەم ڕستەیەوە گرێ دا:

– ڕاستی لای من مەنجەڵە. مەنجەڵێکی گەورەیە. لەوانەی ساوەری تیا جۆش دەدەن، کە سەر قاپەکەی هەڵبدەیتەوە... مەنجەڵێکی بچووکتر دەبینی. کە ئەویش لابەیت مەنجەڵێکی لەو بچووکتری تێدایە، کە ئەویش هەڵبدەیتەوە، مەنجەڵێکی ترت بەر چاو دەکەوێ... بەم جۆرە مەنجەڵەکان دەترەکێن و دەزێن... هەتا دەگەیتە مەنجەڵێکی ئێجگار بچکۆلانەی بەقەد ئەنگوستیلەی دروومان... کە ئەویش هەڵبدەیتەوە، تەنیا نەختێك خۆڵ دەبینی و هیچی تر.

دلێر بە دڵنیاییەکەوە هاتە وەڵام:

– کەواتە هەر دەبێ لێی عەوداڵ بین. یانیش وەك خۆت دەڵێیت: سەرقاپەکان هەڵبدەینەوە هەرچەندەش ئەوە دەزانم کە ڕاستی یاقووتێکی ئاڵە... دەستاڕی پەیوەندیی

نێوان خەڵك كردوویە بەتۆز و گەرد، بەڵام لەوانەیە هاڕاوەی یاقووتم چنگ بكەوێت.

چاوم بڕیبووە دەمی دلێر. لە ناخما پرسیارێك خولی دەخواردەوە: چۆن ئەو دلێرە بەزیوە بوو بەم دلێرە نەبەزە؟ بەڵام بناقاقای ئەو پرسیارە ساویلكەیەم تاساند. دەنگی ڕادیۆ زلەكەی چایخانەكە دانیشتووانی كپ كرد: [تجدد القتال في فيتنام]. بەتەوسێكەوە وتم:

– باشە تۆ دەربارەی ڕاستی لە هەڵوێستی خۆت بمێنەوە... لە گەردی یاقووت بگەڕێ (بەپێكەنینەوە)... ئەگەر دۆزیتەوە برای خۆت بێبەش مەكە...

لە كۆتایی شەقامەكەدا، لە یەك دابڕاین. دلێر بۆ پشكنین و منیش بۆ تەنیایی خۆم.

تێبینییەك:

لەو ساكەوە چاومان بەیەكتر نەكەوتووە. كێ دەزانێ... لەوانەیە نەك تۆز و گەردی یاقووت بگرە ملوانكەیەكی دەست كەوتبێ و بۆ خۆی گلی دابێتەوە.

كانوونی یەكەمی ١٩٧٢

# کلیل

ناوچەوانە گرژەکەی پەشۆکاویی درکاند. لە عاست دوکانی پێچی کۆڵانەکە هەڵوەستێکی کرد. گیرفانی پشکنی. دووسێ جار بەچەقی خۆیدا خولایەوە. زیاتر کۆمایەوە و نیگای بەچەند هێڵێکی ناڕێکدا سووڕدا. لە دڵی خۆی نەفرەتی لە شارەوانی کرد کە بەتەنگ گەڕەکەکەیانەوە نایەت، هەرچەندەش بەچەو هەڵڕشتنێك قایلن، خۆ سەرەڕای چاو پێکەوتن و سکاڵا هەڵواسین بەتەنافی ڕۆژنامەکانا، هیچ ئەنجامێك نەبوو.

دووسێ هەنگاوی نا و سڵێکی کردەوە، وەك دڵنیا بێت لە پشکنینەکەی. یەکدووانێك لە سایەی دوکانەکەدا چەقی بوون، بەهانایەوە هاتن، ئەمانیش چاویان دوورییە خۆڵە پەتانەکەی ڕێگاکە. سێ لێرە و چوار لەوێ، بووە قەرەباڵغ. هەریەکە لە ئاست خۆیەوە دەگەڕا. هەر برێك بیری بۆ شتێك دەچوو؛ هەندێك لای وا بوو شتێکی بەهادار ون بووە بۆیە بەپەرۆشەوە دەگەڕان بۆ قووتدانی. هەندێکی تر تەنیا خوویەکی مرۆڤانە پاڵی پێوە دەنان بۆ پشکنین؛ هی واش هەبوو خۆی بۆ خەڵات و دەیەك ئامادە دەکرد.

سەرجەم بەیەکا ورووژان، بەجۆرێك: یەکێك ساتمەی کردو سێ چوارێکیش قۆچیان لە یەکتر دا. بووە شارە زەردەواڵە بەتایبەتی کە منداڵانی گەڕەك خۆیان ئاخنییە پاڵەپستۆکەوە. بگرە ژنانیش لە درزی دەرگاکانەوە سەرەتاتکێیان دەکرد. هەر کە ڕێبوارێك لووتی دەنایە خەڵکەکە، دەستوبرد دەکەوتە گەڕان بێ ئەوەی بزانێ چی ون بووە و هی کێیە! ئەوەشی پرسیاری بکردایە وەرامی نابیست، لە سەرسووڕمانێك بەولاوە کە لە دەست و چاوی خەڵکەکەدا دەڕوا. ناوچەوان گرژەکەش وەك لە تەلبەندی تەلیسما بێت، قوڕ و قەپ بوو. زیقەی هۆڕنێك هەموویانی ڕاچڵەکاند. گشت خزانە یەك و دەرفەتی (خولە) کوێری سەموون فرۆشیان دا بۆ ئەوەی تێپەڕێت. بەیەکا چوونەوە. خولە لە غەڵبە غەڵبی ئەو حەشاماتە واقی وڕما، کە هۆیەکەی زانی، دەمی تێ کردن:

– پێشینان وتوویانە حەوت جار ماڵی خۆت بگەڕێ ئەوسا سەگی دراوسێ بکە بە دز... با خۆی باش بگەڕێت... وەك بەفراوێك بەو کەسانەدا بکرێت؛ سڕ بوون و بەیەك دەنگ وتیان:

– خۆ واشە.

ئەوی دوو چاوی هەبوو چواری تری سەلەم کرد. لەسەرخۆ کشانە دواوە. ئابلۆقەی یەکێکیان دا کە دەستی بۆ باخەڵ و گیرفانەکانی دەبرد. بێ دەنگی دەرگای دەمەکانی کلیل و کلۆم دا، لە ناکاو دەم نووقاوەکە بە گەشکەیەکەوە هاواری کرد:

– دۆزیمەوە.

سەرجەم هەناسەیان هەڵکێشا و بازنەکەیان لە دەنگەکە تەنگ کرد، بەڵام کە چاویان بەکلیلێکی بچووکی ژەنگاوی کەوت، وەك شەپا زللە بەگوێیانا بدرێت، کردیانە چەخماخە. گەرداوێکی بێزاری و تووڕەیی لە هەر لایەکەوە هەڵی کرد.

– ئەم کلیلە ژەنگنەیە!

– بۆ ئەم کلیلە بچووکە ئەم حەشاماتەت کۆ کردۆتەوە؟

– باوکم شێتە و گاڵتە بەخەڵك دەکات.

لێوی خواردەوە و نەیزانی بڵێ چی. سەرزەنشتەکان ئێسکی هەستیان کرۆشت، ناچار زمانی بزواند:

– کەی من داوام لێ کردن بۆم بپشکنن؟!

– جا بۆ کلیلێکی بێ نرخی وا ئەمەندە دەگەڕێیت، ئەگەر شتێکی تر بووایە چیت دەکرد؟

– لای ئێوە بێ نرخە... بەڵام لای من گرینگە... زۆریش گرینگ... چونکە کلیلی ئەو سنووقەیە کە پێناسی خۆم و خێزانەکەمی تێدایە... کە...

پاشکۆی قسەکەیان پێ بڕی و دایانە تریقەی پێکەنینێکی سارد و سڕ.

شوباتی ١٩٧٤

# پەیکەر

لە پەنجەرەکەوە خۆر باوێشکی دەدا و ئێوارە قالییە سوورەکەی لە ئاسۆی بەر ماڵمان ڕادەخست. لەگەڵ دایکی (هەڵۆ)دا لەسەر خوانەکەمان خەریکی شام کردن بووین. بەدەم خواردنەوە سەرنجێکی کڕیارانەم لە نیگای (شیرین) دەدا کە خەریکی ئێسك هەڵچنین بوو لەو بەشە ماسییەی (هەڵۆ). پەرداخێ ئاوم تا سەر هەڵنۆشی. کەمێك ڕاست بوومەوە. لە پەنجەرەی لای چەپەوە دووسێ پاساری جریوەیان بوو. بێ ئەوەی هۆیەك هەبێت کشم کرد، ئەوانیش بۆی هەڵفڕین.

دەمێك بوو ئارەزووی ماسیمان دەکرد، هەتاکو ئەمڕۆ جۆرەها ماسیی مەییو بازاڕی داگیر کرد و منیش هەر بۆ تاقیکردنەوە خۆم کوتایە ڕیزەوە. سێ ماسیم دەستنیشان کرد... هەریەکەیان لە تیرە و بابەتێك بوو. یەکێکی گەورە و ڕەش، دیمەنی هەڵواسراوێکی دەخستە یاد کە تازە لە قەنارە درابێت. ئەوەی تر پان و گۆشتن، پوولەکەی ژێر سکی وەك جامەك ڕەنگی دەدایەوە. سێیەمیانیش سوورە ماسییەکی خڕ و سەر زل بوو. لە مێشکی خۆمدا، لە گەڕانەوەدا بەشیانم دەکرد. دووسێ جار ئاڵوگۆڕم کردن بەتایبەت لە نێوان ماسییەکەی خۆم و شیریندا، کە گەیشتمە بەر دەرگای ماڵەوە، بڕیارێك کوتوپڕ خۆی سەپاندە ناو بازنەی لێکدانەوەکەم... بۆیە:

– شیرین... هەڵی بێنە چیم لەم کیسەیەدا هێناوەتەوە؟

– ...!!

هەڵۆ وەك کردبووی بەپیشە، پەلاماری دا و ویستی دەستە بچکۆلانەکانی بخاتە ناو کیسەکەوە، منیش لەبەرئەوەی نهێنی نەدرکێت و هەڵۆش لە دیمەنی ئەو ماسییە چاو زیتانە نەتۆقێ، گورج قوڕگی کیسەکەم گوشی.

– باشە، زستان کاتێ قەرە خەرمانەکەت لێنابوو باسی چیمان کرد، بەتایبەت تۆ ئارەزووی چیت کرد؟

– زانیم... زانیم... ماسی... نەبێ؟!

– خۆیەتی... دەی زوو بۆ ئەم ئێوارەیە جێبەجێیان بکە. ئیتر جۆری ئامادە کردنی خۆت دەیزانی، بەڵام بڕیارم داوە کە هەرسێکمان لە هەرسێ ماسییەکە بخۆین. گوایە دەڵێن هەر یەکەیان تام و چێژێکیان هەیە.

***

بڕیارەکەم هاتە دی. وا ماسییەکان پەرت و بڵاو بوونەتەوە. ئێسکی سەیر و بڕبڕەی سەرنجکێش کەڵەکە بووە. بیر لەوە دەکەمەوە کە پەیکەرێکیان لێ دروست بکەم... بۆ نا؟... جارێك لە مەزادخانە چاوم بە تەزبیحێك کەوت دەنکەکانی لە ئێسکی ماسی بوون. شیرینم لەم بیرەی خۆم بەشدار کرد.

– بیستووتە لە ئێسکی ماسی تەزبیح دروست بکرێت؟

– کاکم یەکێکی وای هەبوو، کوتومت بە ماسی دەچوو هەشت نۆ پارچە بوو...

– نا... نا... مەبەستم ئەو جۆرە تەزبیحانە نییە کە لە شێوەی ماسی دروست کراون. شیرین، کە دوودڵیم لای خاوەندەکەی پێوە دیار بوو، دەستبەجێ چەند جارێك لە ناو لەپیا هەڵی گلۆفت و نووساندییە کونە لووتما... بۆنێکی سارد و سڕ بەمەڵاشووما هەڵگژا، بۆیە بەسەر لەقاندنێکەوە ملی ڕێگام گرتە بەر.

دەنگی شیرین وتی:

– بەڵکو ئەو کابرایە تەڵەکە باز بووبێ! تۆزێ ڕۆن ماسیی لێداوە بۆ ئەوەی بیفرۆشێت؟. بابە خەڵك فێری پێچوپەنا و ساختە بوونە. لە پاشان شتێکی سەیرت بۆ دەگێڕمەوە.

– نا... من لەو باوەڕەدانیم. وا بزانم هەر ئێسکی ماسی بوو، هەر بۆیەش دەمەوێ پەیکەرێك لە پاشماوەی ئەم ماسییانە دروست بکەم.

ڕووی بێ دەنگی شیرین هیچی نەدرکاند. هەڵۆ بێ ورتە پارووەکەی دەجوی. ناوبەناو لە ترسی دەرزیی ئێسکەکان، دایکی قومێ ئاوی دەنایە دەمی. ئەو ئێوارەیەش ماستاومان نەخواردەوە! چونکە شیرین لای وا بوو – هەرچەندەش کۆشام ئەو بیرە پووچە لە مێشکی دەرپەڕێنم، بەڵام بێ سوود– ماسی و ماست بگرە تۆراغ و دۆش نەنگ و خراپە، هەر بۆ سەلماندنی ئەم شتە شیرین وتی:

– هاوسێیەکمان... مەبەستم هاوسێی ماڵی دایکم، لە (زێ)وە هەندێ ماسییان بۆ هاتبوو، ئەوانیش وەك گەشکەی دۆ نەدیو لە بنیان هێنا و زۆریش ماستاو و دۆیان بەسەردا کرد. دایکم وتی ماوەیەکی زۆری نەخایاند کە سەرتاپایان پوولەکە بوو، سپی هەڵگەڕان و گشت بەڵەك بوون.

بەقاقای پێکەنینێکەوە جڵەوی وتنم لە شیرین وەرگرت:

– کەوا بوو (داروین) ڕاست دەکات... کە گیاندار و زیندەوەر لە گۆڕان و پێشکەوتندان...

دیاره دراوسێکەی ماڵی دایکت لە پاشان بووبێتن بە ماسی یان دەعبایەکی تر!

شیرین بەچاوەکانییەوە دیار بوو کە لە ڕستەی یەکەم نەگەییبێت – (ناهەقی ناگرم چونکە باوکی زوو لە قوتابخانەی دەرهێنا بوو)– بەڵام کە دوا ڕستەی بەر گوێ کەوت وەك سامێك بیگرێت، لە تۆی چاوێکی زلەوە ڕوانییە من! بۆیە بەهەلم زانی وەك کردم بەپیشە لە دەرفەتی وادا شیرین ئاگادار بکەم لە کاروباری هونەر و ژیان و زانست، ئەم جارەش هەر بەو نیازەوە «خۆ ئەگەریش وەری نەگرێت، بڕوا ناکەم ببێتە کۆسپ و تەگەرە لە ڕێگەی خوو ئارەزووەکانمدا، با لە عاستیا زۆر دڵڕەق نەبم... زۆری وەرگرتووە و ئێجگار ڕێز لە بێ دەنگی و ئارەزووەکانم دەگرێت» هەر بۆیە ئەمجارەش کردمە وانەیەك بۆ ئەوەی دارویني پێ بناسێنم:

– شیرین، دەزانی داروین کێیە؟

چاوەڕێی وەڵامم نەکرد (چونکە پرسیاری وا لە ڕاستیدا وەڵامەکەی ئاشکرایە، بەڵام چار چییە! هەر دەبێ وا دەست پێ بکرێت) ڕاست بوومەوە. ڕووم لە ژووری کتێبەکانم کرد. لە گەڕانەوەدا پەڕتووکێکی کراوەم بەدەستەوە بوو کە وێنەی دارويني لێوە دیار بوو، وەك ئاوێنە ڕیش و سمێڵەکەیم خستە بەرچاوی شیرین. ئەویش کەمێك لێی ورد بووەوە. لە پاشان وتی:

– کێیە؟!

– داروین... چارلز داروین. زانایەکە، کاتێکی زۆر لە تەمەنی بۆ زانست و لە پێناوی مرۆڤایەتیدا تواندەوە، ماوەیەك بەگەڕیدەیی شوێن پای گیاندارانی هەڵگرت. شەوانی لەگەڵ کاسەی سەر و جومگەی دڕندە و لوولاقی ئاژەڵەکان هەتاکو بەر بەیان، بەبیرکردنەوە و لێکۆڵینەوە و بەراورد کردن... دەبردە سەر.

شیرین بەسۆزێکی دایکانەوە دەستی بەسەر هەڵۆی نوستوو دادەهێنا و گوێی شل کردبوو، بەڵام هەستم کرد دەبێ ساکارتر بدوێم بۆیە:

– ئەو زانایە دەیویست بزانێ ئێمە چۆن پەیدا بووین! ئایا لە سەرەتای بوونمانەوە هەتاکو ئێستاکە هیچ گۆڕانێك لە ئەندامانی لەشمان نەبووە؟!

زەردەخەنەیەك ڕووی شیرینی پۆشی. دیار بوو لە شتێك گەییبێت، بەدوودڵییەکەوە ئەم وشانەی لە دەم بەر بووەوە:

– ئەی نالێین هەموو لە ئادەم و حەواین؟ خوای گەورە لە قوڕ ئادەمی دروست کرد و لە

پاشان حەوای لە پەراسووی ئەو دەرهێنا!!

(بۆ ئەوەی یەکسەر گۆمی بڕوای چەند ساڵەی شیرین نەشڵەقێنم) بەشێنەیییەکەوە بەرپەرچم دایەوە:

– ئایینییەکان وا دەڵێن، بەڵام زانا و ڕۆشنبیرەکان لەلایەکی ترەوە بۆی دەچن، سەرت نەیەشێنم، داروین پاش لێکۆڵینەوەیەکی زۆر و سەرنجدان و پشکنین دەزانی گەیشتە چی؟

– ...؟!

نیشانەی سەرسوڕمانێکی گەورە لە ڕووی شیرینا دەرکەوت.

– لە ئەنجامی ئەو هەموو کۆشش و تەقەللایەی گەیشتە بڕواکەی دایك و نەنکت کە هەیانە لە بارەی پێکەوە خواردنی ماست و ماسی... بەڵام، بەشێوەیەکی ئاڵوگۆڕ، نەك مرۆڤ ببێتە ماسی و پوولەکە دەربکات، بەڵکو من و تۆ و هەموو خەڵکی ئەم جیهانەش، لە بنەڕەتەوە (مەیموون) بووین.

(لە نێوان خۆمانا بێت، ئەگەر مەسەلەکەم لەوە خەستتر بکردایە و باسی – ئەمیبا–م بۆ بکردایە، بێ گومان بە شێتی دەزانیم) شیرین واقی وڕما.

– مەیموون بووین!!

– بەڵێ مەیموون. بەڵام ئەم شتە وا ئاسان نییە بەدەمە تەقێیەکی کورت بۆتی یەکلایی بکەمەوە... هەستە، چایەکی خەستم بۆ تێکە... لە دەرەفەتێکی تردا بۆتی ڕوونتر دەکەمەوە...

شیرین دایکانە هەڵۆی نایە سەر جێگاکەی خۆی و داپپۆشی و چەند جارێك دیم کە وەك بترسێ بەلەپی دەستی ئەمدیو و ئەودیوی لێفەکەی بەدۆشەکەکەوە توند دەکرد.

«کێ دەزانێ؟ لەوانە بوو لە دڵیدا لەوە دەترسا نەوەك خێوێك... شەولەبانێك دەستی لێ بوەشێنێت و قسەکەی داروین بەئاوەژوویی بێتە دی».

فڕێکم لە چایەکە داو بۆ ئەوەی باسەکە بگۆڕم ڕووم کردە شیرین:

– باش بوو بیرم کەوتەوە، تۆ وتت سەرگوزەشتەیەکی سەیرت بۆ دەگێڕمەوە... دەی فەرموو...

– بەمەرجێك لێم نەگری کە دیسانەوە بڵێم کە لە نەنکمەوە گوێم لێ بووە.

– باسەکانی تۆ هەموو لە تەمەنی نەنکتن! دەی فەرموو...

– نەنگم گێڕایەوە: جارێك جووتیارێك دەچێتە مووسڵ بۆ كڕینی گوێدرێژێك. مووسڵیش ئەو دەمە ناوبانگی هەبوو لەو بارەوە. جا گوێدرێژی ڕەش ئەوساكە پەسند بووە، بۆیە ئەو جووتیارە یەكێكی ڕەش دەكڕێت و بەرەو دوا دەگەڕێتەوە، كە دەگاتە (كەڵەك یاسین ئاغا) ڕەهێڵەیەكی تووڕە دەبێتەوە تووشی، هیچ مەڵاسێك نابێ خۆی تێدا بپارێزێت، كە لە سواری دادەبەزێت، دەبینێت گوێدرێژەكەی سپی بۆتەوە! ترسی لێ دەنیشێ و بیر لەوە ناكاتەوە كە جامبازە تەڵەك بازەكان فریویان داوە... لێزمەی باران دەیكوتێ و ئەمیش بەدەم ڕێگاوە، بێ ئەوەی ئاوڕ بداتەوە دەڵێت ئاخر زەمانە، ئاخر زەمان...

دامە قاقای پێكەنین. لە پاشان چاوم بڕییە شیرین. ماندوویی بەسەر و سیمایەوە دیار بوو. لە كاتی گێڕانەوەكەشی دا باوێشكی دەدایەوە. هەر وەكو نانە پووەی خواردبێ پاشكۆی وشەكانی دەكرۆشت. وتم:

– شیرین گیان... ئیتر پێویستیم بەتۆ نییە، ئەگەر دەنوویت ئارەزووی خۆتە...

وای كرد. منیش وردە ئێسك و بڕبڕەكانم هێنا. ئەملا و ئەولا... وا نا ... واش نا... لە پاش ماوەیەكی زۆر، بە تەلی نەرم پەیكەرێكم لێ دروست كرد... ئەوساكە هەستم بەحەسانەوە و فرامۆشی كرد. شار شەوی پۆشیبوو. بێ دەنگ خۆم خزاندە ناو جێگاكەمەوە.

مەلا بانگدان، ڕاست بوومەوە، بەڵام دڵنیا بووم كە ماوەیەكە لەگەڵ خۆمدا دەدوێم و وەرا ورد دەكەم. دیمەنی سەیرم دەهاتە پێش چاو، لەوانە: پیاوە پیرەكەی (ئەرنست هەمنگوای) كە بڕبڕەی پشتی نەهەنگەكەی ڕادەكێشایە سەر ڕۆخی دەریاكە. سەرنجم لە پەیكەرەكەی خۆم داو ڕاستەوخۆ پرسیارێكم لێ قوت بووەوە «ناوی ئەم پەیكەرە بنێم چی؟» هەر بەتەوژمی ئەو پرسیارە وشەی «دەریا» سەرەتای وەڵامێكی بۆ خۆی زەوت كرد، بەڵام لە هەمان كاتدا پرسیارەكە زایی و پرسیارێكی تری هاویشتە گۆڕ ئەویش: «دەریای چی؟» ئەم سەر و ئەو سەری نەخشەی گێتیم هێنایە بەر تۆڕی چاوم «دەریای سپی... سوور... ڕەش» هیچیانم بەدڵ نەبوو، چونكە دەریایەكم دەویست ناوی لێ نەنرابێت... بۆیە بەناچاری ناوم نا «دەریای ماسی» هەرچەندەش لە دەروونەوە قایل نیم بەو ناو و نیشانە چونكە ئاشكرایە كە دەریا هی هیچ كەس نییە لە ماسی بەولاوە بەڵام دیسانەوە چار نییە؟!

مارتی ١٩٧٣

# سەیران

## ١

لەسەر شەقامە قیرتاوکراوەکەدا هەر یەکەمان گورِی دەدایە خۆی. کە گەیشتینە هەورازی پردە تەنگەبەرەکەی نزیك بەنزینخانەکە، هەناسە برِێکمان بوو. ماڵی قازی دەیرِوانییە ئاشە کۆنەکەی (کۆشکلی).

– ئێوە سەرنجی ئەو ژاڵە سپییە بدەن!

– ئەی عارەبانەی ئەو نەوت فرۆشانە!! بۆ هەر بە سەوز بۆیە دەکرێن و حاجی لەقلەقەکەش بە سپی؟!

پاڵمان دابووە جۆگە ئاسنینەکەی پردەکە.

– منداڵان لەجیاتی پردەکە، بەناو ئەو جۆگا ئاسنینەوە دەپەرِینەوە.

– بۆ ئێمەش حەز بەوە ناکەین!؟

– ئەوسا قازییان بە شێت زانی!!

شەش چاوی کراوە دیمەنەکانیان دەقۆزتەوە، منیش گلێنەی چاوم برِییە چوار پاسکیل کە خاوەندەکانیان نیازی سەیرانێکیان هەبوو.

١– پاسکیلێکی زەردی کاڵ، بەهەموو پێویستییەکەوە.

٢– پاسکیلێکی رِەشباوی نیوداشت، کە پاش سەرنج و وردبوونەوە، گومانت ناما کە پێشان سوور بووە و پەرِەمووچێکی نەزان رِەنگی قیرتاوەکەی پێ بەخشیوە.

٣– ئەمەیان سوورێکی ئاڵ بوو، هەرچەندەش سێ پایەکەی هی پاسکیلێکی دیکە بوو.

بەڵام چوارەم، رِەنگێکی تایبەتی نەبوو، چونکە لە رِاستیدا پاشماوەی چەندین بۆیەی پێوە لکابوو. بێجگە لەوەی کە لە زۆرلاشەوە پەڵەی ژەنگی پێوە دەبیندرا.

شۆرِبووینەوە خوارەوە. سێبەری منارەی ئاشە رِووخاوەکە لە رِووی هەر چوارماندا رِەنگی دایەوە. کڵاو رِۆشنەکەی وەکو شوێنەوارێکی دێرین بەرِووی چەمی (خاسە)دا خێسەی دەکرد. ساڵانی پێشوو لە هەمان کڵاو رِۆشنەوە دەنگی ئاشەوانەکە دەگەیشتە قەراخ شار و ئاش بەتاڵی بەخانووە قورەکانی (زێویە) رِادەگەیاند. باراش دەکەوتە رِێ. مزەئاشیش بەجووتە مست دەسەندرا. هێڵی شەمەندەفەرەکە گەرووی جۆگەکەی خوارینی

دەتاساند و لەو لاوە بۆی دەرباز دەبوو. ئێمەش ناچار پاسکیلەکانمان دایە کۆڵ و ڕچە ڕێگاکەی ئەودیوی هێڵە ئاسنینەکەمان گرت. برێ شارە مێرووڵە وەك بەئەنقەست لەو تـوولـە ڕێیـەدا ڕوابوون! قـەرسیلێکی گەش لای چەپی جۆگەکەی سەوز کردبوو.(جاران هەمان جۆگا بەقەیاسەی بالآیەك زیاتر لە سەرووترەوە دەکشا و لە زارکی ئەو ئاشەدا ون دەبوو).

لای ڕاستەوە: بەستێکی بەرین بوو. هەر لە نێوان ئەو بەستە و هێڵە ئاسنینەکەدا، سەوزاییـیـەکـی خـۆڕسك جـۆرە هـێمـنـیـیـەکی دەهـاویشتە چـاو و دڵـەوە... گیـاوگژێکی جۆراوجۆر، بەدەیان پلەی ڕەنگی سەوز، لە ڕووبەری ئاوەکەدا مەلەیان دەکرد، بەتایبەت ترشۆکە و پونگە و کوزەڵە پانایی جۆگەلەکەیان لە چاوی ئاسایی دەشاردەوە. تیشکی خۆر بەهۆی چەند قاقلە جنۆکە و گوێچکە ماسییەوە ڕاستەوخۆ لە تۆڕی چاو دەچەقی.

– ڕەشە... ئەم نەرمە بایە زەلی ناو قەوزەکانی هێناوەتە لەرزە و ئاخاوتن و لەنجە.!

– تۆ سەرنجی ئەو زەوییە بدە کەوا بەهۆی چالاکیی ئەم مێرووڵانەوە، لە ڕەنگی پارچە زەوییەکانی دەوروپشتی ناچێت!!

ئەو مێرووڵانە بەوە دەچوو کە ڕاهاتبن بە شاورە قیژنەکەی شەمەندەفەرەکە، هاتوچۆی شەمەندەفەرەکەش خۆی لە خۆیدا بووبووەوە هەوێنی سەیران و ڕابواردنی منداڵانی ئەو گوزەرە. «کە منداڵ بووم فلسێکی سوورم لەسەر هێڵەکە دادەنا و لە پاش تێپەڕبوونی واگـۆنـەکـان دەبـووە دووفـلسی!! جـار هـەبـوو لای کـوێرەکـەی سەرگـەی کـۆڵانـەکـەمـان شەکرۆکەمان پێ دەکڕی».

باش وایە بەدەم ڕێگاوە، خۆم و سێ پاسکیل سوارەکانتان پێ بناسێنم. ناوم شێرکۆیە. تەمەنم بیست و حەوت ساڵی ڕەبەقە. هەمیشە تامەزرۆی گەشت و ڕاوە ماسی و بینینی شوێنـەواری کـۆن و ئـەشکـەوتـەکـانم. پـارەکە چووم بۆ بـیـنـیـنـی هـەزارمێرد و زەرزی. بەقاسپەی کەو دڵم دەگەشێتەوە. جووتێ کەوم هەیە، لەو بڕوایەشدام کە ئازادیی ئەو باڵندانەم زەوت کردووە.

عادل:

پاسکیلە سوورەکە هی منە. بەتەمەن لە هەموویان گەورەترم. وەکو شێرکۆ خولیای گەشت و سەیران نیم، ئەو بەزۆرە ملێ تووشی کردووم. حەز بەپیاسەی ئێواران دەکەم، بەتایبەتی کە خۆر خۆی دەخزێنێتە ئەو دیوی ئاسۆ، دیمەنێکی دڵفرێن دەکێشێ و سێبـەرێکی پـرتـەقـاڵـی بـەسەر هـەمـوو شتێکـا دەکشێت، شەوانیش خـۆم بـەفـلـیـمـی

(کاوبۆی)یەوە خەریك دەکەم. بڕێ کۆترم هەیە و بەڵام لە ترسی بەدناوی هەڵیان نافرێنم. لەبارەی تەمەنمەوە، هاوڕێکانم دەڵێن گوایە سی و شەش نابم!

ڕەشید:

ڕەشەم بەسەردا براوە. نە دەخوێنمەوە و نە شانۆ دەبینم. تەنیا مانگی جارێك بۆ ڕاوە سوێسکە لە شار دەردەچم. سوێسکەکەی من وەکو دانە خۆرە سوێسکە کێوی خڕ دەکاتەوە و ئەوساش بەپەلەپیتکەیەکی ساچمەکەم قڕیان تێ دەخەم. دەڵێن تەمەنم پێوە دیار نییە! جاران دەستی نیگارکێشیم هەبوو، زۆر لەگەڵ ڕەنگدا شوناسیم پەیدا کرد و گەیشتمە ئەنجامێك کە ئەگەر دوو ڕەنگ، ڕەنگێکی نوێ دروست بکەن خۆ لە تێکەڵکردنی گشت ڕەنگەکان ڕەشێکی ئەوتۆ دێتە کایە کە دەق بەڕەنگی پاسکیلەکەم بکات.

وریا:

بەتەمەن لە هەرسێکیان بچووکترم، لەبەرئەوەی زۆرجار وشەی (بریا) بەزارما دێت، پێم دەڵێن (کاك بریا). من بەپێچەوانەی ڕەشەوە، لەو بڕوایەدام کە ڕەنگەکانی پەلکەزێڕینە ڕەنگی سپی پێك دێنن. بەڵام ڕەش و سپی ڕەنگ نین چونکە بێ لایەنن. پێشان ئارەزووی ڕمبازی و جلیتبازیم هەبوو، بەڵام کە گلام و دەستی ڕاستم لە جێ چوو، ئەو ئارەزووەم نەما، زۆر جار کاك شێرکۆ یادم دەخاتەوە کە هەتا نەگلێی نابی بەسوارچاك.

٢

کلاو کوڕەیەك گۆشەی نیگامی گۆڕی. ئاسمان شینێکی ئەوتۆ بوو کە لە فەرهەنگدا نییە.

– ئەم (سۆنەگۆلییە) کوێخای نەبوو بەڵام شێخێك کردی بە هی خۆی!! پەڵپینە و تۆڵەکەیەکی تێراو لەسەر شانی گۆمەکەوە ڕوابوو.

– ڕەشە، ئەوە بەستەکەی (خدر زیندەیە) لە بیرمە مەلەیان لێ دەکرد!!

ڕەشە بێ دەنگیی قووت دابوو. وریا لەو بڕوایەدا بوو کە هیچ ماسییەك لە گۆمی مەنگی وادا نابێت، دیار بوو بەوەی نازانی کە ئاوێکی بریسکەدار لە توێی تاوێرەکانەوە، خۆی دەگەیاندە گۆمەکە و لەولاشەوە دیسان بەنهێنی بۆی دەکشا و بەردە چیمەکانی دەرەنگاند. ڕەشە لەسەر قوتکەیەکدا هەڵقووتا. کە قولاپ و کەرەستەکانم دەرهێنا عادل وتی:

– باشترین شێوەی ماسی گرتن لە گۆمی وادا، ئەوەیە کە چاڵێك لە کەنارەوە دابڕیت بۆ ئەوەی ماسییەکان ڕووی تێ کەن، کە پەنگیان خواردەوە، کارمان هاسان دەبێت.

ڕەشە پشتی لێمان بوو. چەند جارێك دەستی ئاخنییە کیسەیەك! دوا جار شتێکی هەڵدایە ناو گۆمەکەوە!!

ئەوە چی دەکەیت؟

عادل وتی، ڕەشە ئاوڕی نەدایەوە بەڵام بەژێر لێوەوە هاتە وەڵام:

– ماوەیەکی تر بۆتان ڕوون دەبێتەوە کە کێ ماسیگرە!

ماوەکە بەسەرچوو. دەستکەوتمان بەم جۆرە بوو:

عادل سێ چوار ماسیی وردیلانەی گرت کە بۆ خواردن ناشیان. سەرنەکەوتنی خۆی وا پینەکرد:

– هەرچەندەش بەکەڵکی خواردن نایەن، خۆ جوانن... بۆ سەلامی برامی دەبەمەوە.

پەلاماری قوتویەکی ژنگنی دۆشاوی تەماتەی دا و... بە پێ خاووسی لە ئاوەکە دەرچوو. منیش دە دوازدە ماسیم گرت، ئەوی ڕاستی بێت یەکدووانێکیان کەڵکی خواردنیان هەبوو، بۆیە ئەوانەی ترم هەڵدایە ناو گۆمەکەوە. بەڵام لە هەمووی سەرسوڕێنتر، دیمەنی ئەو هەموو ماسییە بوو کە ڕووی ئاوەکەیان داپۆشی!! هەندێکیان لەسەر پشت وەك فێ لێهاتوو مەلەیان دەکرد، بڕێك هەڵدەبەزینەوە هەر وەك (بالێی مەرگی) نجنسکی بخەنەوە یاد. زۆری نەخایاند کە ئەوەی دەجووڵا، دادەمرکایەوە، یەکێکی تر دەبزوا، دادەکەسرا... ڕووکاری گۆمەکە بووە شانۆیەك مەگەر (دالی) بتوانێ تابلۆیەکی بۆ بکێشێت. ژێر سکیان لە چەشنی گوێزان دەبریسکانەوە. ڕەشە بەقاقای پێکەنینەوە:

– خۆ دیتان! ژەهر چەند نایابە بۆ ماسی گرتن... چاوم پەڕییە تەوقی سەرم و نەڕاندم:

بۆ وات کرد!؟ خوا بتگرێت... دڕندەش وای نەکردووە!!!

وشەی (دڕندە) کاری خۆی بینی و تووڕەیییەکەی شاردەوە:

– هەرکەسێ بەشێوەیێ و بەبۆچوونی خۆی ڕاو دەکات... جا شوورەیی نییە دڕندەم پێ دەڵێی!؟

وەڵامەکەی زیاتر ئێسکی ناخمی کرۆشت بۆیە:

– بڕوا بکە ئەوەی تۆ کردت، ڕەفتاری مرۆیەکی هەست خاوێن نییە!

ڕووی گۆڕا. هیچی نەوت. ڕووی کردە پاسکیلەکەی. پایدەری لێ دا. پاکانی لە مەکوکی

جۆلا بەگوڕتر بوون!! وریا لێم نزیك بووەوە.

– هەڵەی کرد، بەڵام هاوڕێمانە، جوان نەبوو بەتەنیا بگەڕێتەوە...

لە دڵی خۆما بڕیارم دا کە من و ئەویان ئیتر نەوتووە.

کاك وریا... تاوانە... تاوان... تۆش...

ڕۆژنامەیەکمان کردە خووان. ئاوڕم دایەوە وریاش ڕوو لە پاسکیلەکەی دەکات. (دیارە تۆش لە بابەتی ڕەشەی) بەخۆمم وت.

من و عادل نیوە ڕۆژەمان کرد. ئاسمان ساماڵ بوو. قیڕ و هۆڕی بۆق سیمفۆنیایەکی لە دوا نەهاتووی بۆ بەهارەکە تۆمار دەکرد. لەو گوزەرەدا سوڕاینەوە. هەناسەی قووڵمان دا. ساپێنمان کرد. بەهار هەر سووچێکی داگیر کردبوو. سەوزیی دەسخورێنکە و قەوزەکانم بەنیگا دەخواردەوە. چەوێکی شۆڕاوەی ڕەنگین لە ناو خڕەکەدا کەڵەکە کرابوو عادل وەك کردبووی بە پیشە، ئەم ڕواڵەتەی کردە بنەمای دەمەتەقەیەك:

– کەڵەك کردنی ئەم چەوانە زیان بەخشە. لەلایەك دیمەنی خڕەکە دەشێوێنێ و لەلایەکی دیکەوە، دەبێتە هۆی دروستبوونی گۆم و خنکانی منداڵان!!

نەمویست ئەمیشم لە قیس بچێت، بەڵام کە دوو ڕێیانەکە گەیشتە سەر ئەوەی هەڵبژێریت... بە شێنەییەوە ڕووم لە عادل کرد:

– کاك عادلی بەڕێز خۆ دەزانیت ئەم چەوە بۆ بنیادنانی خانووی شارەکەمان دەبەن. بێ گومان بنیادنانیش کارێکی پیرۆزە و لە خنکانی تاکێك مەزنترە. جا... بۆ منداڵان دێنە ئێرە و... بۆ ئەوەی بخنکێن؟! دیاریشە زۆر بەڵەد نیت لە سروشتی ئەم بەستەی خاسەیە. ناڕەزاییم بەڕووی عادلەوە بینی.

– ... بەڵێ شارەزا نیت. چونکە لێشاوی بەهاران ئەم چاڵ و قوڵتانە پڕ دەکاتەوە، ئەوەش بزانە ئەوەی مەلەوان نەبێت دەخنکێ...

بەتەوسێکەوە هاتە وەڵام:

– کاك شێرکۆ خنکاندنیش لای تۆ دیارە فەلسەفەی هەیە!

– کاك عادل بەهەڵەدا چوویت، فەلسەفە لە ئارادا نییە، خۆ هەرکەس سەربەستە لە دەربڕینی ڕای خۆی، جا با بیروڕا ئاڵوگۆڕ بکەین.

قەلەڕەشێك ئاسمانی بان سەرمانی شێواند و قیڕاندی... شتێکم بەدڵا هات وتم:

– تۆ هەر شانازی بەبۆچوونی خۆتەوە دەکەیت و گوێ بۆ بەرانبەری خۆت شل ناکەیت...

ویستی دەم بکاتەوە. منیش بۆ ئەوەی کێشەکە بمەیێنم و وای لیّ نەیەت کە ڕوو لە پاسکیلەکەی بکات:

– کاك عادل هەر ڕایەك ڕێزی خۆی هەیە...

– نا تۆ...

– نەخێر... تۆ هەلاجی بە وشە دەکەیت و دەتەویّ ڕاستی بەئاوریشمی دەستکرد بشاریتەوە.

وام زانی بەو وشانە کۆتایی بەمقۆمقۆکەمان دێت، بەپێچەوانە هەردوو چاوی عادل سوور هەڵگەڕان و:

– تۆ توانج لە هەموو کەس دەگریت، کاك شێرکۆ من ڕاستی دەشارمەوە و...

وەڵامی نەبیست. چووین بەلای شتومەکەکانمانەوە. نیازم وابوو دڵی بدەمەوە، بەڵام هەڵوەستەکەم بەچاك نەزانی بۆیە بیّ پەروا چاوم لە هەورێکی کەوە بڕی. کە ئاوڕم دایەوە... دیم وەك بیەویّ خۆی بگەیێنێتە وریا و ڕەشە، بەتوندی پایدەر لیّ دەدات!!

## ٣

شاورە تیژەکەی شەمەندەفەرەکە، لەگەڵ زەردەپەڕی ئێوارە دا، لە گێژاوی لێکدانەوەیەکی خەست ڕایچەڵکاندم. خۆم هەڵدایە سەر پاسکیلەکە و چاوم بڕییە دوا فارگۆنی شەمەندەفەرەکە کە وەك ئەژدیهایەکی ئەفسانەیی بەرەو شار هروژمی دەکرد. هەربەدەم پایدەر لێدانەوە، لە ژوورەوەمدا، باری حوشترێك قسە و کێشە پەنگی دەخواردەوە، بەڵام ڕستەیەکم بەلێواری جۆگەکە دەربڕی.

– تەنیایی باشترە لە هاوڕێتیی کەسانێك کە لە نیوە ڕێدا جێت بهێڵیّ. لە هێڵی شەمەندەفەرەکەوە پەڕیمەوە. مانگایەکی خۆماڵی لە تیماری خانووە قوڕەکاندا سەرنجی ڕاکێشام، کە بە سۆزەوە گووانەکانی بۆ بێچووەکەی بەرەڵڵا کردبوو. مێشکم ئەوەی هاویشتە بەر دیدەم کە ڕەشە و وریا، لە پاشانیش عادل، ئەم دیمەنە دڵگیرەیان بەرچاو کەوتووە!!

یان لەبەر تووڕەیی و هەڵەشەییان هەر لە عاستیا چاویان نووقاندووە!! هەرچەندەش ڕستەکە لە شێوەی پرسیاردا نەبوو، بەڵام بەلامەوە، ئەوساتە تین و تەوژمی ملیۆن پرسیاری هەبوو.

مارتی ١٩٧٣

# ساڵە شێت

ژمارەی هەرزەکارانی گوندەکە هەمیشە لە کەمبوونەوەدا بوو. دەستە پیاوان، ڕیش چەرمووەکان و مامۆتکی ئاوایی لە باڵەخانەکەی هەڵدێرەکەدا، گەنم گرد و منداڵانیش جۆ بڵاویان لێ کرد. لە لێواری گوێسەوان و درزی چیغەکانەوە خۆیان لە گوێیاندا کۆ کردبووەوە؛ چاوەنواڕی بڕیاری ئێجگاری بوون. دێوانە ساڵەیش – کە بەساڵە شێت ناویان دەبرد – هەرچەند زەری پێست بوو، بەڵام برسێتی بەشی خۆی لە لەشیا تەنیبوو. لەو گوزەرەدا لە نێوان ئەو دووبەشە خەڵکەدا، ئاوزەنگیی لە چڵە قامیشەکەی خۆی دەنا و لەسەر لاکێشە ڕووناکاییەکانی ناو دێدا خەریکی تەراتێن و جلیتبازی بوو.

ماوەی جگەرەکێشانێك دەمەکان کلۆم دران... قوڕ و قەپ. لە ناکاو، بانگەواز بڵند بووەوە. دەماودەمیش بڕیارەکە وەکو پەتایەك پەخش بووەوە کە قوربانیدان پێویستە بۆ ئەوەی ئاوەکەیان لە گەرووی ئەشکەوتەکەوە لێ بەربەست نەکرێت.

(خۆ ئەوە قەیاسەی دوو مانگە دێراوەکان تینوون و... دەغڵ و دانیش چاوەڕێی بارانە و بێ هوودە!! وا شینکەی یاڵ و کانی و پاوەنە زنوێرەکان بوونەتە بەژ و وشکانی) هەرکەس لە عاست خۆیەوە، ناچار ملکەچ بوو!!

بەڵام نیشانەی پرسیارێك لە هەر ڕوویەکدا خۆی نواند.

– باشە ئەمجارە کێ دەبێتە قۆچی قوربانی؟

پرسیارەکە بێ وەڵام بوو سەرپشکی ئاوایی تەڕ و وشکی هەڵدا و نۆرە کەوتە سەر کوڕە تاقانەکەی پورە خەندانی بێوەژن.

– دایکە... وەختە گیانم هەڵایسێ... لە دەزگیرانەکەی من بەولاوە کەس نەبوو.

– کچم، نۆرەی هاهۆتە سەر... خوا کەریمە...

ئەو شەوە (گوڵەندام) چاوی تووڕەی لە ئاسمان نەترووکاند و مانگیش ئاخڵەی دابوو، ئەو شەوە شەوێکی بێدار بوو لە مێژووی ئاواییەکەدا. کەسێك وەنەوزی نەدا. بەیانی: ئەوی دەنکە گەنمێکی ماڵی پاشای خواردبوو بەرەو سەرچاوەی ئاوەکە هەڵگژا. دامێن ئەشکەوتەکە خۆرنەوەزانێکی دڵارا بوو. هەردوو ڕەنگی شین و وەنەوشەیی وەك کار بەدەستی زەمانە بن، کاری تەلیسماوییان لە چاواندا دەگێڕا.

ورد و درشت، نێر و مێ ئاڵانە یەك و چاویان درووە توونی ئەشکەوتەکەوە بەو نیازەی کە ئەژدیهاکە بهەژێ و پەلاماری قوربانی بدات و پاشەڵی بڵند بکاتەوە...

– دایکە ئەمەت لە مەتەڵەکەدا گێڕایەوە!!

– وس.

هەموو تامەزرۆی بەرەڵلا بوونی چۆڕە ئاوێك بوون.

ماتییەکی ئەفسانەیی دیمەنەکەی لە ئامێز گرت. قەتیسی فرمێسك لە هەر چاوێکدا وەك سکڵ دەدرەوشایەوە،

– دایە... دایە، وا دەبزوێ...

– وس.

ئەژدیهای حەوت سەر نەڕاندی و بەتەمای چڕنووکدان بوو. قوربانییەکە هەنگاوێکی نا، ئەژدیهاش جما، هەنگاوێکی تری نا، ئەویش دۆزەخی دەمی ئاڕاستە کرد. ئا لەم کاتە ناسکەدا... پەلێك باڵی کوڕەکەی ڕاکێشا و نەیویست ببێتە پارووی ئەو نەهەنگە. واقیان ورما. تۆقان. (دەبێ ئەم کارە ناپەسندە لە کێ بوەشێتەوە؟!) ترسەکەیان پەرەی سەند. شڵەژان و گشت بەیەك دەنگ دەمی ئاخاوتنیان لە سالە کرد:

– ئەوە بۆ وات کرد؟!!

چاوەکانی سالە لە چەشنی بۆڵەمڕی گەشاوە، چورتمەکەی ئاڵۆزتر کرد. خۆی هەڵدایە سەر تاشە بەردێك و هاواری کرد:

– هەتاکو ئێرە و بەس...

تا ڕادەیەك خەم و کەسەری خەڵکەکەی پۆشی. (من گومان لە شێتییەکەی سالە دەکەم! – منیش... – منیش...) سالەش لەسەرخۆ گزارەی کێشا و وتی:

– ڕاستە ئێوە شێتە شێتەتان بەسەرما دابڕیوە، بەڵام ئەم کارەی ئێوەش لە کەسی هۆشمەند و ئاسایی ناوەشێتەوە. هەتا کەی بۆ لیکە ئاوێك لاوان دەکەن بەبابۆڵەی ئەم ئەژدیهایە؟ هەتا کەی؟؟

هەموو زراویان چوو. چەند دەنگێك بەرز بووەوە.

– ئەی چی بکەین... کاری خوایە...

– ئەگەر خۆت لە ئێمە بەهۆشتر دەزانی چارمان بۆ بدۆزەرەوە...

– بابە... بەگوێی شێت مەکەن...

– ساڵە هەلاجی بەئەقڵمانەوە دەکات لەولاشەوە دەنگێکی دیکە بەخۆڕایی تێ هەڵچوو:

– وتوویانە: قسە لە منداڵ یان لە شێت ببیە...

ساڵە کە هەڵمەتەکانی چاوی وەکو چاوی سوورە ماسیی تەنکاو دەدرەوشانەوە، ویستی دەم بکاتەوە. دەرفەتیان نەدا. تەکانی دا:

– نەخێر لە خواوە نییە... خۆتان قایلن بە ملکەچی و سستی... ئێوە ئارەزووی جماتتان نەماوە، تینی هەژانتان بڕاوە...

پاش نەختێك بێ دەنگی:

– باشە دەڵێن چی کە لەم گرفتە دەربازتان بکەم؟

زۆربەیان دوودڵ بوون، کەچی وشەکانی وەك لاستیکی ڕاکێشراو بنا گوێیانی چزاند، ناچار وتیان:

– چۆن؟ چۆن! چۆن؟!

ساڵە هیچی نەدرکاند، بەڵام بۆ ڕۆژی ئایندە داوای کۆڵێ داری لە هەر کەسێك کرد. لە چاوی ئەشکەوتەکەدا کەڵەکە کران... ویستەکەی ساڵەیان بەدڵی پڕ گومانەوە هێنایە دی. ئێوارە کە پاژنەی خۆر هەڵخزایە ئەو دیو کەلەوە، بڵێسەی ئاگر چوو بەئاسمانا. خەڵکی ئاوایی گوێیان لە دەنگی ساڵە بوو کە (با) دەیدایە بەر بازنەی بیستنیان (ئە... ئاوها... دەیخنکێنم... ئە... ئاوها... دەیتاسێنم.)... هەر پاش ئەو قاقای پێکەنینی ساڵە دۆڵا و دۆڵ، چیا و چیا، دەنگی دایەوە... بەیانیش کە سۆراخی ساڵەیان کرد، ئێستا و ئێستاش نەیانزانی زەوی قووتی دا یان ئاسمان هەڵی لووشی. بۆیە خەڵکەکە هەر ساڵێك یادی دەکەن و ئەشکەوتەکەیانیش بەناوی ئەوەوە ناو ناوە.

١٩٧٤

# لە گازینۆی پەرلەماندا

دیسان دامایت؟!

ئەی چۆن دانەمێنم!

– کە دەستت دەخەیتە ژێر چەناگەت (ڕۆدان)م وەبیر دێنی.

– بەلای منەوە ژانی بێ دەنگی مرۆڤ لەوەدایە کە ئالوودەی بیرکردنەوەیە، بەپێچەوانەش ژیان نرخێکی ئەوتۆی نییە.

[گومەزە نەخشینەکەی حەیدەرخانە، لە تۆی بلووری گازینۆکەوە، شەقڵ و ڕەنگدانەوەی ئارام و مەزنایەتیی مرۆڤی لێ نیشتبوو].

– مەبەستم لە پەیکەرەکەی ڕۆدان دەکەیت کە بۆ بیرکارێك تاشیویە.

– ئەو هونەرمەندەش زۆر بەدوویدا عەوداڵ بوو. زۆریش داما، بۆیە لە ئەنجاما، پەیکەری داماوێکی تاشی.

– هەیهوو... هەیهوو. گریمان گەیشتی. باشە دوایی؟ ونبووەکەت دۆزییەوە، ئەو دوای؟!

– هیچ.

جارێك کوێخا عەلیی (نارۆجە) لە بەڕێوەبەری ناوچەکەی پرسی: کە پلەت بەرز بوو دەبی بە چی؟ وتی: قایمقام. وتی گەورەتر بوویت؟ وتی: موتەسەریف. وتی: ئیتر؟ وتی وەزیر. کوێخا هەمدیسان وتییەوە: دوایی؟ بەڕێوەبەر لە چەشنی وەزیرێك بەشێنەیی وتی: هیچ. کوێخا هەستایە سەرپێ و وتی: قوربان کەوا بوو من ئێستاکە لە جەنابتان فرە گەورەترم چونکە ئەو هیچەم کە ئێوە پاش دەردە سەری و ئەشکەنجە و تەمەنێك دەیگەنێ.

– کوێخا لایەکی ساکاری کێشەکەی هەژاندووە.

[شاگردی گازینۆکە قاوەی تاڵ دەبەشاندەوە. منیش فڕی خۆم لە تالاوەکە دا].

– ئەی چیت نیازە؟

– لە هیچەکەی کوێخاوە دەست پێ بکەم.

– لە کێوە؟

– پێشان لە خۆمەوە.

کەوا بوو ئەوە ئاوێنە و بڕوانە خۆت!

چیت لێ بشارمەوە؛ هەمیشە دەڕوانمە خۆم؛ ئەوی ڕاستی بێت هێشتاکەش زۆر لایەن و قوژبنی وام هەیە کە بەباشی شارەزای نیم، نەخوازەڵا خەڵکی تر!! کە چەندەها ڕواڵەتی دەستکرد و تەمومژ، ناوەوەیان دەشارنەوە. ئەی لە عاست ئەو ئاوێنە زەق و قوپاوانەدا چی بکەم کە ڕوخساری شت دەشێوێنن!؟

– ئاوێنەی سروشت هەیە. کانیاو و گۆمەکان. بیبیلەی چاوەکان... ئەوانەش لێڵن و قەوزەشیان گرتووە.

[سێ چوار لاوی قژدار لەلامانەوە دایانە قاقای پێکەنین. بەمن واهات کە باس لە فلیمێکی سێکس بکەن]

– ئەی چارە؟

– پشکنینە و پشکنین... سەرەتاش لە خۆمانەوە.

– ڕەنگە نەگەیتە ئەو وارگەیەی کە ئاواتی بۆ دەخوازی.

– مەرج نییە– لەوانەشە هەر نەگەم.

بەلامەوە گرینگ هەنگاونانەکەیە.

[چەند کەللە سەرێك لە یەك نزیك بوونەوە. لێوێکیش بەئاستەم بزوا. لە ناکاو چاوەکان بوونە نیشانەی سەرسووڕمان و پرسەك].

– زۆرم پێ خۆشە کە لە وەراوورد و بیرکردنەوەکانت بەشداری بکەم. بەو کەسە دەکەیت کە بیەوێ تەڵە موویەك سەرانسەر بکاتە دوو لەتەوە!!

– جارێك لەو جارانەی کە وشە لە ئاستیا دادەمێنێ، سەرنجی خۆم دەدا. کەوتمە بارێکەوە کە نازانم ناوی چیی لێ بنێم! هەستم بەزەخمێکی تر کرد... هەستم بە بەربلاوی و مەودایەکی تر کرد...

هەر وەك لە قووڵاییمدا شتێکی تر بێتە ناو، وەك خاڵێك لە دایك ببێت. وەك لە بازنەی (جێکات) نەبم، ئە ئەوها ڕۆشناییەك ئاسۆی بینینمی داپۆشی و کانیاوێك لە ژوورەوەمدا تەقییەوە.

– واز لەم وڕێنە و کەڵکەڵە و ئەندێشانە بێنە.

– لەو کاتەدا... وام هەست کرد کە بەشێك نیم لە ڕۆژگار وساڵنامەکان. ئەو تاکە

گەڵایە نیم بەدەم ڕووبارێکی تیژڕەوەوە.

– هەیهوو... هەیهوو...

– دەمویست بۆ هەر لایەك پەل بهاوم. بۆ هەر سەرچاوەیەك بگەڕێمەوە. لە ژێر هەر سایە و سێبەرێکا نۆبەرەی ئەو درەختە بخۆم...

[ڕێبوارێکی خۆڵاوی شەقامی ڕەشیدی بەچەند هەنگاوێك سەر بڕی. جانتاکەی دانا، ڕۆژنامەیەکی کڕی...]

– ئەوە خواردت! گریمان قەپت لە سێوە لاسوورەکە دا!! ئەنجام؟

– تەواو... دەگەمە جێ.

– تۆ بڵێی وا بێت؟!

[دەنگە گڕەکەی شاگردەکە، پیرێکی مێزەر لە سەری بەئاگا هێنا، بۆیە بەدوو پەنجە کزەکانی هەڵگلۆفت].

– بێ گومان گیاندار و ڕووەك بێ ئاو و هەوا ناژین. واتە ئاو و هەوا بنەمایەکی بەنرخن بۆ مانەوەی زیندەوەر، کەچی بەچاوێکی سووك دەڕوانینە ئەو دوو شتە! بەپێچەوانەش، لە عاست زێڕ و پارەدا هەر لەبەر ئەوەی بریسکەدار و کەمن، گەشکە دەمانگرێت! ئایا لە ڕاستیدا (ئاو و زێڕ) کامەیان کەڵکی ئاوارەیەکی وێڵ و گومڕا دەدەن لە بیابانێکی بەریندا!؟

– کەوا بوو...

– هەر ڕاستی ڕێگایە.

– بەڵام (ڕاستی) لای تۆ چییە؟ پێداویستێکی سروشتییە کە متۆی بووین؟ ئاوێکە تینوویەتیمان دەشکێنێ؟ یانیش تەنها وشەیەکە خۆمان دامان هێناوە بۆ ئەوەی لە ناو توونی هەزار بەهەزاری ئایین و تەمەنی سەربڕاوی کلۆڵمان دا، چاوشارکێی لەگەڵدا بکەین؟

ڕاستی... ڕاستی... بەلای منەوە، بێچووی پێچەوانەکانە، ئاوێتەی دژەکانە.

– تێناگەم...

[پێکەنینێکی سارد و سڕ پەردەی گوێمانی لەراندەوە. بۆیاغچییەك هاتە ژوورەوە. سەرنجی ڕانکە شڕەکەیم دا... جاران سەوزێکی قەرسیلی بووە].

– واتە: لە باوەشی ژیان و مردندا/ لە نێوان ئاسمان و زەویدا/ لە دژایەتیی چاك و شەیتاندا/ لە تێکەڵاو بوونی ڕەش و سپیدا/ زەرد و مۆردا/ هەروەهاش لە زۆرانبازیی ورە و بەزیندا/ لە دەست لە مل کردنی نێر و مێدا... سەر هەڵدێنێ...

[تابلۆ ڕەنگینەکەی ئادەم و حەوام هاتە بەرچاو کە لە هۆڵی ئوتێلەکەدا هەڵواسرا بوو].

– کەوابوو دەیبەستی بەچێژ و ئازارەوە.

– بەڵێ... ئەگەریش لە باوەشی گەرم و یان لە ژێر قەمچییەکی تووڕەدا بێت.

– باشە... ڕاستی چۆن لە نێوان دوو پێچەوانەدا دەڕوێت؟!

– ئێمە مانان – نێر و مێ – هەریەکەمان بێ وچان و هەمیشە بۆ نیوەکەی ترمان دەسووڕێینەوە، بۆ ئەوەی لە کاتێکی کورتدا، لە ناو بۆتەی چێژ و ئازار دا، (ڕاستی)یەك دروست بکەین.

– کەوا بوو ئێمە ڕاستین! چونکە (تۆ)وی ڕاستیمان ناشت.

– بەڵکو ڕاستییەکی تەواوین لەو کاتە ناسکانەدا، بەڵام لە ژیانی ئاساییماندا؛ وا نین، چونکە ڕاستییەکە دەقڵەشێ، دادەبڕێ...

– باشە هەموو شتێك دوو بەش نییە!

دینارێك دوو نیو نییە؟ سێوێك دوو لەت نییە!؟

– تۆ وا ساکارانە بۆ مەسەلەکە مەچۆ، گوایە (یەك) دەشێت بکرێت بە(دوو) بەشەوە، ئەوە تەنیا لەسەر کاغەز دەگونجێت، بەڵام لە ڕاستیدا وا نییە، چونکە هەریەکێك کە دوو کوت کرا لە (یەکایەتی) دەردەچێت، ئەو ساش دوو (نیو)ی پێ دەوترێت. جا بەم پێوەرە ڕاستییەکی (کوتکراو) نییە، یانیش (نیمچە) ڕاستی...

[سەرنجی شەقامەکەم دا. هەنگاوی گورج و لەزگین. شارڵستۆن و مینی وشتی تر... دەنگ و هەرا... بەڕاست و چەپا... ببوورە... ببوورە... ئاپورە و غەڵب غەڵب... پیاو... پیاو... ژن... ژن... ژن... پیاو و ژن... منداڵ... منداڵێکی بۆیاغی... ڕەنگی قەرسیل...]

– باشە کامە هێز پاڵ بەکەرتەکانەوە دەنێت بۆ ئەوەی یەك بگرن و ڕاستی دروست بکەن؟

– دەڵێن: یاسای ژیانە. دەڵێن: سێکس و چێژە. دەڵێن: یەکیەتیی ئازارە. دەڵێن: هێزی ئاسمانە دەڵێن و دەڵێن... با هەرواش بمێنێتەوە، هەتاکو وەڵامی تەواومان چنگ دەکەوێت.

– ئەم هەویرە ئاوی زۆر دەوێ!

– وەکو پێشتر وتم: مرۆڤ بڕیاری بیرکردنەوەی بەسەر دراوە.

– ...!؟

– خۆ لە بێدەنگی باشترە...

[منداڵێکی جگەرە فرۆش... یەکێکی تر... درۆزەکەرێك لە هەردوو شۆستەکەدا چاوەڕوانی پەڕینەوە بوون. بەڵام گومەزە نەخشینەکەی حەیدەرخانە زەردەخەنەیەکی بۆم دەربڕی. من و هاوڕێکەم چووینە دەرەوە و تێکەڵاوی شەقامەکە بووین].

ئابی ١٩٧٤

# لە چاوەڕوانیی منداڵدا

شەوی تاریك کوژەکەی ئاسمانی قووت دابوو کە پەنجەرەی باڵەخانەکەی کردەوە. گەردنی بۆ خوارەوە ڕەوانە کرد و ملوانکەیەکی دەنك گەورەی هەڵواسی. بایەکی فێنك دەرفەتی شەن و کەو کردنی قژێکی پەشۆکاوی بۆ لووا. لە نێوان دوو دار پرتەقاڵەوە چاوی بڕییە شەقامەکە. یەکدووانێك بەرەو خوار بوونەوە و دەنگیان ئاوا بوو. لاوێکی هەرزەش فیکەی کێشا و چاوی بەلاکێشە ڕووناکەکانی کۆڵانەکەدا لکا.

قەیاسەی نیسکێکی کلۆك بێتە کوڵ، چاوی نووقاند، پاشان هەناسەیەکی بێ دەنگی هەڵکێشا. نەیویست لە پەنجەرەکەوە لا کەویت بۆیە ئەنشکی بەسەردا دادا و چەناگەی پێ ڕاگرت. ئۆتۆمبیلێك لە ڕیزە ماڵەکانی ئەو لایەنەوە، لەنگەری بەست و خێزانێکی بریقەداری هەڵڕشت. چاوەکانی بەگوێرەی خڕۆکەی زەوی کرانەوە. بڕێ منداڵی وردیلە ڕوویان لە دەرگایەکی شووشەبەندی ڕەنگین کرد. ترپەی دەستە بچکۆڵەکانیان گۆمی ئارامی شڵەقاند. سەری دانەواند و چیمەنی باخچەکەی بەدی کرد. لەبەر تیشکی گڵۆپە کزەکەدا، سەوزێکی شەوگارانەی لە چاویا ڕواند... لە نکاو... دەنگێك ڕایچڵەکاند و شیرازەی بێ دەنگییەکەی شێواند.

– وەرە ژوورەوە!

– خەوم زڕاوە...

– شەو درەنگە و بەڵکو بەرەبەیان بەئاگام دێنی.

– ...

لەسەر ڕایەخەکەدا ڕاکشا. پرخە پرخی ناو ژوورەکە زیاتر زیندە خەوەکەی تاراند. بیری بۆ هەشت ساڵی پێشوو هەڵگەڕایەوە. ڕۆژگاری وەك یەك یەك هاتە بەرچاو. شەممە لە یەك شەممە، لە دوو، لە سێ، لە پێنج شەممە دەچوو لەو ساتەوەی کە ناچاریان کرد شوو بەهاوتەمەنێکی باوکی بکات.

دەستێکی بەپەرلۆنە پەمەیەکەیدا هێنا. چەند جارێك تلایەوە. لە پاشان بەپێ خاوسی ملی لە ژوورێك نا. چراکەی هەڵکرد. وێنەیەکی هەتیوی لە دیوارەکەوە داگرت. بەکوڵ ماچی کرد. باوەشی لێ دا. هەستی بە حەسانەوەیەك کرد و... دیسانەوە دەنگێکی گڕ؛

مەلی هەڵنیشتووی ناو چاوی هەڵفڕاند.

ئەوە بۆ لێرە دانیشتووی؟!

– نازانم.

– ئەم وێنەیەت بۆ لە کۆشە؟

– نازانم.

– دیسانەوە بەزمەکەیە!!

– لە خۆت بپرسە... لە پزیشکەکانت.

– ئاخر...!

– ...

ویستی هەموو شتێك بڵێت و دەرکەی کێوە ئاگرینەکە لا بدات، بەڵام گیانی هەڵچووی لە شێوەی هەنسك خۆی نواند و لە پاشان بەکوڵ گریا... وێنەکەی دەستیشی لە فرمێسك بێ بەش نەبوو.

ئەیلوولی ١٩٧٤

# بارام ناوێك هەبوو

## ١- قوڕكاری

– من و قوڕكارییان نەوتووە...

پاییزان... هامشۆ كەران لەبەر قوڕی گیراوە بەئاسانی هاتوچۆیان بۆ ناكرێت، كە بۆ سەربانەكان هەڵدەشێلدرێت.

– مەچەك و بازووم تامەزرۆی داس و هەوجاڕن.

شەوێك پێشتر خۆڵە سوورەكە ئامادە دەكرێت و كای بەسەرا ڕۆ دەكەن. ڕۆژی ئایندە ئاو و پای كرێكار دەكەونە كار. شەوێكی تریش هەر بەو شێوەیە دەیهێڵنەوە.

– ئێستا لە كوێم؟ شار؟ هەر شارێك بە من چی؟

كرێكاران لەسەر پەیژەیەكی دارین دەوەستن و دەستا و دەست تۆپەڵەی قوڕ دەگاتە دەستی وەستا. ناوبەناویش؛ لە خوارەوە، حەیرانێك یان پارچە لاوكێك، وەك ڕووبارێكی سازگار بۆ ماوەیەكی كورت باوەشێنی دەروون دەكات، خۆ هۆڕەش ... هەر مەڵێ.

– هەر دەگەڕێمەوە.

لەم دواییەدا بەهۆی گوریس و خولخولۆكە ئیشەكەیان هاسان كردەوە، هەركە سەڵتەكە بەدوو دەمە خاكەناز پڕ بوو، یەكێك دەكشێتە دواوە، سەری گوریسەكەشی بەدەستەوەیە. لە بانەوەش تاكە كرێكارێك دەست دەداتە سەتڵ و ئاو بێنە و دەست بشۆ. ئەم كارە هەرچەندە ئەركی هەندێكی كەم كردەوە، كەچی دەرگای ژیانی لە هەندێكی تر بەست.

– بەڵێ هەر دەگەڕێمەوە بۆ لای خۆمان.

بارام لە كاتی دەست بەردانی چێشتەنگاو، بەدەم خواردنەوە، هەستی خۆی دەردەبڕی. لە ئەنجامدا، پاش ئەوەی لەبەر سێبەرەكەدا پریاسكەكەی گرمۆڵە كرد، بەڕوویەكی گەش و دەنگێكی لەسەرخۆ، گزارەی بەوتەكانی كێشا:

– ئەگەر ئەمڕۆش نەبێ ... سبەی... دووسبەی با دە ساڵی تریش بێت.

من بێ دەنگ بووم و ئەو جگەرەیەكی (بافرە)ی پێچایەوە. مژێك و دووانی لێ دا.

– ئای چەند تاڵە ئەو ڕۆژگارەی کە لە کەس و کارت دوور بی.

سەرم بۆ لەقاند و، ناخم... دەنگم بەشدارییان لە ناسۆر و ژانەکانی کرد و (بێدەنگی)یان بەباشترین دەربڕین زانی بۆ کاتێکی ناسکی وا.

– بە سەربەرزی و بێ ترس دەچمەوە.

سەرنجی کوپە کاوەکەم دا. تك تك دڵۆپەکانی دەدالاندە ناو حوبانەکەی ژێری. ئەم دیمەنە فێنکییەکی بەدەروونم بەخشی.

– شاتووەکە... شۆڕەبییەکە دەبێ مابن؟

هەر خۆشی وەڵامی خۆی دایەوە:

– نەشمابن نمامی لە جێیان دەنێژم.

لە کۆتاییدا دەبوایە شتێکم دەربڕیبایە، ئەگەریش لە خەستیی وشەیەکیش بووایە، بۆیە پڕ بەدڵ وتم:

– ئافەرین.

**٢– بەرەو شار**

گولیلکەی ڕەنگاوڕەنگ بەلای قەدی کیسەی تووتنەوە خۆیان دەنوێنن. کانیش بۆ ڕووی ناسکۆڵەکان بالا ڕووانێکی بێ گەردە. لەو نشێوانەدا، لە هەر لایەك، کوڵە، خۆ ئارایشتدانە. سروشت ڕازاوەیە. بارامیش لە پەنای شاتووەکەدا چاوەڕوانە. هەتا بۆی کرا هەناسەی لە خۆ بڕی (وەك لە بۆسەدا بێت بۆ نێچیرێکی لەزگین) پاشان سەرە تاتکێی کرد. تۆزێك سڵەمییەوە. گەلای شاتووەکە هاوبەشی بارام بوون، وەك نوستووبن، جووڵەیان ناهات مەگەر لە ناکاو چریکەی باڵندەیەك نەبێت کە گۆمی ئارامی دەشڵەقاند و دەبووە هەوێنی شڵەژانی بارام و مایەی ئازاری چاوەڕوانی و بێ ئۆقرەیی. (دەبێ بێت؟!) لە دڵی خۆیا وەراووردی کرد و ئەو پرسیارەی قوت کردەوە... (بڕوا ناکەم ناپاکیم لەگەڵدا بکات و پەیمان بشکێنێ) سەرتاپا بەسەرهاتی خۆی هەڵسەنگاند و بیری لە داهاتووی کردەوە. بۆ ماوەی جگەرە کێشانێك بیری خستە کار. کە چاوی ترووکاند. لە دوورەوە، ڕەشاییەك هاتە ناو بازنەی چاوی (خۆی بێت؟) قەبارەی ڕەشاییەکە لە گەورەبووندا بوو، هەموو شتێکی بۆ ڕوون بووەوە. بەهۆی کزە بایەکی نکاوی ئەندامە خرپن و تەسەلەکانی (خەجە) وەك پەیکەری خوای جوانی دەرکەوتن. هەرچەندەش ڕستێ بازنگی ڕەنگین مەچەکە گۆشتنەکەی ئابلۆقە دابوو، خزێم و گوارە زێڕینەکانیشی تیشکی خۆریان دەگەڕاندەوە.

کەچی بارام لە بارێکی تردا بوو. هەردوو بێ دەنگ چاویان لە یەکتر بڕی.

– خەجێ! ئەوە خۆتی؟

– بابڕۆین... کاتی دەمەتەقێ نییە.

پڕپۆڵیان نایە بن هەنگڵ و خۆزگەی جووتێ باڵیان خواست. هەر دوو هەنگاویان، کرد بەیەك. لە پاڵ یاڵێکدا، بۆ دواجار سەرنجی دێیە خنجیلانەکەیان دا. بارام وەکو سێبەر کشاو شۆڕ بووەوە، خەجەش شوێن پای کەوت.

**٣– دابەشکردنی زەوی**

– ئاوایی... خەڵکینە، لەتەك بەردە نوێژی مزگەوت گرد ببنەوە.

بانگەوازەکە چەند جارێك بڵند بووەوە. ڕەش و ڕووتێکی زۆر بڕێ کار بەدەستی میرییان ئابڵوقە دا. لەولاشەوە کرێ پاڵەیەکی تێکسمراوی دەست و بازوو قەوی، لە داڵدەی شۆڕەبییەکەدا، لەسەر تاشە بەردێك شانی دا دابوو. ئەو هەموو ئاپوورە و غەڵبە غەڵبە دەرفەتی ئەوەی لێ نەبڕی کە چاو و برۆ ڕەشەکانی بە دەرگایەکی خوار ئاواییەوە هەڵنەواسێت.

– ڕەشیدی مام ئەوڕەحمان... فەرموو ئەمەش قەواڵەکەت.

– خوا پایەدارتان بکات. سوپاس.

– ڕەشۆڵی عەولا خدر، فەرموو.

– ئەلحەمیلا، شوکر بووین بەخاوەن زەوی لە سایەی خوا و ئێوە... مەمنوون... مەمنوون.

– فلانی کوڕی فیسار... فەرموو...

بەم شێوەیە فەرمووەکان بە سوپاس و مەمنوون و ستایش وەڵام درانەوە. لە سەرووی ئەمانەوەش، ڕوویەکی گرژ و مۆن و جووتێ چاوی سوور، دەیڕوانییە خەڵکەکە و لە دڵی خۆیا پیلان و نەخشەی دەکێشا.

– بارامی باجی مەنیج... فەرموو، وەرە پێشەوە... ئەمیش تاپۆکەی تۆ.

بارام وەکو کێچ ڕاپەڕی و دەستی فەرمانبەرەکەی گوشی و زۆریش سوپاسی دەربڕی و بەلا چاوێکیش سەرنجی ڕووە گرژەکەی دا، هەروەکو تەوسی پێ بکات و بڵێ:

(ئەمە ئەنجامی دەربەگی و زۆرداریيە).

بارام دوا کەس نەبوو کە زەوی وەربگرێت، گشت بەدڵی شادەوە، ڕوویان کردە کۆمەڵەی جووتیاران و گوێیان گرت لە ئامۆژگاریی و شتی تر...

**٤- جووڵانەوەی ڕوو گرژەکە**

- هەی سەگی... دایك... تۆ بۆ ئەوەندە خویڕی و ترسنۆکیت؟

- ئاخر... میرم..

-حەڕەمزادەی بێ فەڕ. دوێنێ خولە سەگێکی لێیان تۆپان و کەسیش نەیوت بەرچاوی بەکلەوەیە!!

- دە باشە قوربان باشە، بەڵام خەلاتێکی باشم دەوێ.

-تۆ ئێستاکە ملت بشکێنە، ئەوساکە هەموو شت بەگوێرەی دڵمان دەبێت و کەواو سەڵتەیەکت بۆ دەکەم...

قرمەی برنۆ بەشەوان دەنگ دەداتەوە، بەدوو زەردێنەی ناو دەبەن، پەلە پیتکەیەك بزواو لە تاریکاییدا، تەرمێك لە خڵتەی خوێن گەوزا. بووە سەگوەڕ و هەیت و هووت و (بیگرن... بیگرن...).

- نەتانزانی کێ بوو؟!

- ...!!

- ئەی چیی لێ هات!؟ زەوی قووتی دا!!

- بگرە و بەردەی ناوێ، هەر خۆیەتی. لەویش بەولاوە کەسێکی تر ناپاکیی وا ناکات.

مقۆ مقۆ زۆر بوو. هەر بەهەمان شەویش تەرمەکەیان بەخاك سپارد. جارێکی تر، لاشەی (حەمە سوور)یان لە پارچە زەوییەکەی خۆی دۆزییەوە، ئەوەندە گەوزا بوو، خوێنێکی زۆری بەو گوزەرەدا پرژاندبوو، بەچوار دەستە ڕاستیان کردەوە. مشتێ خۆڵ لە ناو لەپە نووقاوەکەیدا، شێوەی پەنجەکانی وەرگرتبوو، سەرەڕای ئەوەش قوڕە سوورێکی لینج پێڵوو و برۆکانی سواخ دابوو.

خولە و جۆری خولە چەند جارێك پەلەپیتکەیان بزواند و هەر جاریش تاوان سەرنگووم بوو!! شین کەوتە ئاوایی. ڕۆژ و شەو لە ڕەشاییدا یەکیان گرتەوە. گومان و دوودڵی کەوتە نێوان.

- وەرن با پێکەوە شتێك بکەین.

– بارام تۆ هێشتا منداڵی و بۆنی شیرت لێ دێ.

– بەگوێم بکەن پاشگەز نابنەوە.

– بارام گەوج مەبە، ئەوەی تۆ بیری لێ دەکەیتەوە ماڵ وێرانی و دەربەدەریی لە دوایە.

– باشە، کە زەوییان داینێ باسی وایان نەکرد؟

– کورم ئێمە کەی لە تای ئەوانەین!

– ئارەزووی خۆتە...

گیروگرفتەکەیان هەلاجی کرد بەڵام کە بارام نائومێد بوو دەمی کردەوە:

– وابزانم هەر ڕێگایەکی تر، خۆ فریودان و بەهەڵە چوونە... ئەگەریش بەتەنگی ئێوە و خۆمەوە نەبوومایە، دەمم کڵۆم دەدا.

خەڵکەکە بوونە چەند بەشەوە. لە کۆتاییدا، بەرەو ماڵ چوون بەو نیازەی «خوا یەکە و دەرگا هەزار».

ئەو شەوە بارام خەوی لێ تۆرا. گینگڵی دا و شەش و حەوتی بوو.

وەك شەریتی سینەما خەڵکەکەی هاتە بەرچاو کە دەیانوت: «بێ دەنگ بە... لە هەر شتێك خۆت هەڵمەقورتێنە».

هەزار پایەك لای سەرییەوە وریای کردەوە، گورج بەپێڵاوە پەژەکەی پلیشاندییەوە، ئیتر هەستی بەوە کرد کە لە وزەیدا نییە بێ دەنگ بێت و هەرچیش هەیە بیکێشێتە ژوورەوەی. لەگەڵ مەلا بانگدان، کەوتە نەخشە کێشانی تایبەتی خۆی، بەهەر جۆرێك بوو خەجەی کچی (ئۆمەر ئاغا)ی بینی پەیمانەکەیان ئاڵوگۆڕ کردەوە.

## ٥– کۆمەڵەی جووتیاران

خۆر ئاوابوونێك ڕان گەڕایەوە. شوان بەگاڵۆك کەپەنك و کڵاو قووتەکەیەوە. مێگەڵ بەباعە باع و بارە بارەوە. تۆز و گەردیش مەودای بینینی کورت کردەوە. دیمەنێکی دڵفڕێن نەخشا بۆ کابانەکان کە لە جموجۆڵدا بوون. سوختە و فەقێش ڕاست و چەپ «ڕاتب ڕەحمەتتان لێ بێت» کوڵانەکانیان تەنی. دەنگی زەنگوڵەی بەران و تەگەکانیش ئاوازێکی نەمری بەو تابلۆیە بەخشی. هەر کە مەلا فەرمووی «الله اکبر» شام کراوە پاش حەسانەوەیەکی کورت، یەکودوو، لە هەر لایەکەوە ڕوویان کردە کۆمەڵەی جووتیاران. فانووسەکان لە ناوەند جێگیر کران و پێشەکی باس لە سەپان و ئاودێر و داس و شەغرە

و خەنجەر و هەوجاڕ کرا. دەمێك بەزەردەخەنەوەً ئاڕاستەی بارام بوو:

– ئەریّ برا کەی ڕەشبەڵەکمان بۆ دەگێڕیت؟

– توخوا ئێستا کاتی زەماوەند و بەزم و شاییە؟!

دەمەکە قوڕ و قەپی کرد. پیرێکی پشت کۆماوە، لەلاوە چەند جارێك پشمی و لە پاشان ئاخاوت:

– بارام... هەر وا بووە و هەر واش دەڕوات.

– ڕاستە مام باپیر... بەڵام هێشتا خوێنەکانیان وشك نەبۆتەوە! باشیش دەزانن کە پەنجەی کام ناپاك دەیگێڕێت... ئێوەش داوای شتی وام لیّ دەکەن!!

– کوڕم، سوحبەتت لە پاڵدا دەکەین، ئەگینا لەو بارەدا نین... نەوەڵڵا.

مام باپیر پشمییەوە. دەم نووقاوەکە دەرفەتی بۆ ڕەخسا و دوا گورزی خۆی وەشاند:

– ئەوی ڕاستی بێت کاك بارام... پسەپسێك لە کۆڕی ژناندا هەیە...

بارام وەك یەکێك خۆی لە گەمارۆیەکدا بەدی بکات خۆی پیّ نەگیرا.

– خوا هەمووتان بیّ وەی بکات، لە قسە بەولاوە هیچی ترتان لە دەست نایەت، وەك مەلا (شمس الدين) وتەنی قسە ناچێتە گیرفانەوە.

خەڵکەکە دامان . بارامیش لە سەری ڕۆیشت:

– کەر لە کویّ کەوتووە و کوندە لە کویّ دڕاوە!!

گشت دایانە تریقەی پێکەنین. بیّ ئەوەی لە مەبەستی تەواوی بارامیش بگەن.

– ئێستا لەوە گەڕێن...

دەنگێك وتی.

– باشە کاك بارام، ڕەوای بە هەقە ئۆمەر ئاغا پێشەکی بەشێکی زۆری بۆ خۆی گل بداتەوە و ئەو دواشی بۆ ئێمە مانان بێت؟

– ئەمە وا نابێت.

دەنگێکی تر وتی. پرسیارەکان بیّ وەڵام مانەوە.

– خۆزگە دابەش کردنەکەیان بە من دەسپارد.

– هەرچی بوو بوو، بارام... ئێستا چی بکەین؟

– چی بکەین؟ وەکو هەموو جارێك وتوومە، چارەی هەیە... بەڵام...

یەکێك لە گزیرەکانی ئۆمەر ئاغا خۆی بەوێدا کرد. سەریان سوورما. سەرنجیان لە یەکتر دا.

– بارام، ئاغا لە دیوەخان... چاوەڕوانتە.

– باشە، بەیانی سەری لێ دەدەم. ئێستا شەوە و بۆشم ناکرێت...

جووتیارەکان گومانیان پەیدا کرد و ڕوویان بووە نیشانەی پرسەك وەك بڵێن: «دەچێت؟؟» بارام بڕیاری خۆی دابوو. بۆیە بێ پەروا هاتە دەست:

– دەی ملت بشکێنە و لە بەرچاومان ون بە...

– ئاغام فەرمووی ئەم... شەو...

– مەیکەرە درێژ دادڕی و بڕۆ بە ئاغات بڵێ نایەت...

بارام ویستی بڵێت: «بەیانیش هەر نایەم» بەڵام بۆ ئەوەی نەخشەکەی نەشێوێت، ئەو نیوە وەڵامەی پڕ بەپێست خۆی زانی.

تەمووزی ١٩٧٥

# س

لەمێژ بوو پەرۆشی ئەوە بووم کە لە نزیکەوە بیناسم. بەکامی دڵ نەگەیشتم بۆیە بە«س» ناو زەدی دەکەم.

– بەم دواییيە (ئەز وتم) وەك سەودا سەرێك تەریك و کەمدوو بوو.

– جارێك (ئەو وتی) لێم بیست شیزوفرینیای هەیە!

پاش مردنی کەوتمە خولیای ئەوەی کە سەردانیی پزیشکەکانی بکەم، دەرفەتم لە پزیشکە لاوەکە سەند و بەخۆڕایی دواندم.

– دەیوت نەخۆشییەکی دەروونیم هەیە.! بەڵام من مەترسیم لە شتێکی دیکە کرد و بۆیە ناردمە لای پسپۆڕێکی هاوڕێم.

سەرسامیم لێ نیشت. ئەو دیسانەوە هەر بەخۆڕایی گزارەی کێشا:

–... دەرکەوت، سییەکانی قرژە بن کنەی تیا کردبوون. ڕاپۆرتەکە ماوەی دوو مانگی بۆ تەمەنی کێشا بوو!

مەراقم پەرەی سەند (چۆن دەبێ کەسێکی وا بێ سەر و شوێن بچێت) من و دەماوەند و هەندێکی نەناسراو لەسەر تەرمەکەی کەڵەکەمان کرد.

وتم: جا ئەو شوفێرە لە قەنارەش بدرێت خۆ هیچ ناگەیێنێ لای شێرکۆی کوڕی.

(ئەمەیە... مەرگ...!) بەخۆمم وت. سەرەکان هاتنە یەك. بازنەیەکیان پێك هێنا. بەو چێشتەنگاوە ئۆتۆمبیلەکان پەنگیان خواردەوە.

(زارکی شەقامەکە، ئەگەر گەرووی ئەرژەنگیش بووایە، بێ گومان بابۆڵەی ئۆتۆمبیلەکان دەیان خنکاند!) فیات... ڕینۆ... داتسۆن... تابلۆیەکی خوێنین. ڕوو لە هەر جۆرێك: تاشراو/ خوڵاوی/ قوپاو. دوو پەنجەی یەکێك پێڵووی دادایەوە. چاو لە هەر بابەتێك: پرسیاراوی/ گوماناوی/ خەمگین. (با) خرۆکەیەکی قورقوشمینی ڕاوەستاو بوو. دەست لە هەر چەشنێك: قڵێشاو/ ماندوو/ زبر. جغزەکە شکاو پاسکیل سوارێك خۆی ئاخنییە درزەکەوە.

– ئەوە ڕیزی چییە؟

سڵەمییەوە.

– بۆ شوفێرەکە ناگرن؟!

– لێرە مۆز و پرتەقاڵ نادرێت...

دەنگێك وەڵامی پاسکیل سوارەکەی دایەوە.

تەنافەکان: ڕەنگی بوز گوڕە هەڵخراوەکانیان بەئاسمان دەفرۆشت.

ئاسمانیش ئەو کاتە لای من دووپشکە و شەو گەرد و سیخوڕ و گوژاڵکی دەباراند. خەم دایگرتم. پڕ بەخڕۆکە و جمگەکانم، مژێکی درێژم لە جگەرەکەم دا و لەبەر خۆمەوە وتم (ئای مرۆڤ).

***

کاتژمێرەکەم: سێ و هەندێك بوو. زۆرکەس شانیان دەدایە لێواری تابووتەکە و لە عاست خۆیانەوە، باس و خواسی نیمچە ئاشنایەتییان لەمەڕ (س)ەوە دەدرکاند. دەماوەند لە سەربەرەوژووری گۆڕستانەکەی (شێخ محی الدین) لای شانی ڕاستمەوە بوو.

– نۆبەرەکەیان پێنج ساڵان بوو کە دایکی شێرکۆیان بۆ ئێرە هێنا.

– کاك دەماوەند، وابزانم دەستی نووسینی هەبوو...

ئاوڕم دایەوە. شار لە ژێر پێماندا دەکشا «لە تیماری بسفۆر دا، دوندی شەپۆڵەکان، جۆرەها نیگاری سورشتییان دەنواند. وەك ڕەوە کەروێشکێکی سپی و تۆقاو، خۆیان لە پێچوپەنای تاوێرەکاندا مەڵاس دەدا. لە نەخشەی چوار کورتکراوەکەی مێشکمدا، بەندەرێکم نەدۆزییەوە...

دیارە دەنگمان بەکەس ناگات! هیچ نەبێ خنکاو لە دەریادا دوایین نامەی خۆی بەشووشەی بەتاڵ دەگەیێنێتە خەڵك... ئەم کابرایەش لە پاڵمەوە دگانە دەستکردەکانی دەشواتەوە، قێزم هاتەوە! هەموو ڕەنجی مرۆڤایەتی و ژیاری لە پێناوی بەندەرە... بەندەری هێمنی و کامەرانی و سەرفرازیش هەر بەشێکن لە بەندەرە سروشتییەکە...»

– ژنەکەی سەرەڕای ئاڵۆزیی مێشکی، کوێریش بوو!!

پەستەك لە شانێك تەکانی دا و داری بێشکەی مەرگەکەی لێم ستاند. ژێر پام توێقڵەی کردبوو «پەستەك و هاوین!» سەرنجم دا «ڕاهاتنە... دیارە بەم گەداییەش ڕاهاتووین!! میران دەگۆڕێن... ئێمەیش هەر میزی حوشترەکەین. پێستیشم بگروون دەمی خۆم ناگرم. ئێمە قاوەڵتی و نیوە ڕۆژە و شامیش، هەر بەئاخاوتن دەکەین! نەخۆشین/ خۆخۆرین/

کورت بینین/ پووڵ پەرستین. دەبێ لەم سەدەی بیستەمەدا، ئێمە سەر بەکام قۆناغ بین؟ دەیەمین... دوانزەمین... دڵنیام لەوەی کە چواردەمینیان تێپەڕ نەکردووە» لە ناو خەڵکەکەدا ون بووم. گوێچکەم لەو پەنگاوییەدا ڕادێرا [ڕەسەنیی خۆی لە چاوی پتر دەپاراست/ هەیە ئەم جێگایەشی بۆ نابێتە ئارامگا/ دەیویست هەست بەبێگانەکانیش بکات/ دەتوت بەسەر هێلکە دادەڕوات/ جار هەبوو لە سەرانسەری ڕۆژێکدا چەند وشەیەکی هەڵدەوەراند/ حەزی بەئێش دەکرد/ مام ڕەشیدی چایچی وتی کە پیاڵەکە دەستی بڕی، بەمنی وت تۆ سەرنجی ئەم خوێنە بدە کە چەند ئاڵە شایانی ئەوە نییە نیگاری مەم و زینی پێ بکێشرێت و لەم دیوارەدا هەڵی بواسێت].

دەماوەندیش لە ژێر تابووتەکە جێ لەق کرا. ئەوەندەی زانی وا لە تەکمەوە ڕێ دەکات. فاتیحامان بۆ سەرجەمی مردوو و زیندووەکانمان هەنارد و دەماوەند دەمی نایە بن گوێم.

– زۆرجار وشەی (نرڤانا)ی بەکاردەهێنا! دەبێ چی بێ، بەتایبەت کە دەیخواردەوە، لەوێ پەنجەی دانیشتووەکان ڕادەوەشاند و ئەو وشەیەی دەوت... دواییش... دەرژایەوە!!

پەنجەم نایە سەر لێوم وەك بەو بڵێم ئێستا کاتی ئەوە نییە. هەرکەس لە سێبەرێك دەگەڕا. هەتاو دیمەنی شتەکانی دەگۆڕییەوە زمانی سێبەرێکی خەست. من لای تۆپەڵە قوڕە سوورەکانەوە، لە چەشنی دوو پەڕەسێلکەی کە لە هێلانەیەکی کۆن بگەڕێن؛ هەردوو چاوم دیمەن گۆڕکێیان دەکرد، لە شێرکۆ دەگەڕان. تەمەنیم بەهەشت و نۆ قەرەساند.

– شێرکۆ گیان، باوکت هیچی دەنووسی؟

– کەموکورت.

– کەوابوو دەتبینمەوە.

ئێجگار کزۆڵە بوو. پەنجەکانم سۆزیان لێ دەتکا؛ دەستێکی سۆزناکم بەکاکۆڵیا هێنا. شادییەك ناوەوەمی فێنك کردەوە. بەخۆم وت (کەوابوو نەمردووە) پیرێك لە سایەی کێلە قەبرێکا هەڵتروشکابوو، زانیم کە دراوسێ ماڵی کۆست کەوتووە. وتی: هاوڕێکانی لە پەنجەی دەست کەمتر بوون. (دەنگی بەدیوار دەچوو، گەر دیوار بدوایا).

وتم: دیارە دەیویست خۆی لە چاوی خەڵکا ببینێ!! (لەم قسانە چۆن دەگات؟) وتییەوە: ڕقی لە هێڵی جادەکان بوو! وتمەوە: دیارە سەرسەخت و دەمار گیریش بووە!!

مەلا گوپ ئاوساوەکە بەڕوو گرژی تەلقینە ڕەوانەکەی دادا. زایچەکەی (س)ی پێچایەوە

(ویاتیك ملكان رحیمان شفوقان... آن...) ناوبەناویش دەستێکی لەرزۆکی بۆ چاوە پووکەکانی دەبرد کە دروێنەی ئاوڵەیەکی کۆن بوو.

بێ دەنگییەکی ئەفسانەیی ئەو گوزەرەی پێچایەوە، سامی مردنیش پاڵپشتی بێ دەنگییەکە بوو.

سەر و بەردمان لە گۆڕە ئاوڕشێنکراوەکەی کرد و گەردنمان ئازاد کرد! هەنگاوەکان... لە لێژگەی گۆڕستانەکەدا پەلەیان بوو!! پێشبڕکێیان دەکرد! پیرەکەش بەردی خۆی هاویشت.

[پشتی دەستی بەنەخشەیەکی ڕەمەکی دەچوو، وەك ئێسکەکانی هەڵەت و دەمارە شینەکانی ڕووبار بن!] بەدەم ڕێگاوە، دەست نەخشەکە بەمەلا گوپ ئاوساوە مۆنەکەی وت: کابرایەکی ئاسایی نەبوو.

ئەو ڕستەیە پتر گیانی توێژینەوەی لەلام ورووژاند. ئەو شەوە شاری (ئاراپخا) کەنیزەکێکی ڕەشی ڕووتی ڕاشکاو بوو. من لەگەڵ ئەستێرە چاو کزەکانی کاروانکوژە دا باوێشکمان دەدایەوە و پاسی شارەکەمان دەکرد.

– ئەم چەند پەڕانەم دەست کەوت.

دەنگی شێرکۆ تامی کولیچەی هەبوو.

– سوپاس.

هیچی نەوت. لە ماڵەوە، خۆم بۆ کارەکە تەرخان کرد. پەڕەکانم تاوتۆ کرد. ئەوەش ناخەمە پشت گوێ کە (س) لەم حەوتانەیەیدا، خاڵ و وێرگوڵ و نیشانەی دانەناوە، بگرە تاك و تەرا، وشەیەکی لەیەك دێڕدا بە هەتیوی نووسیوە! منیش پاش دەسکارییەکی کەم و پێویست، نوێشك و دەسکەنەی ئەو حەوتانەیە، هەر بۆ مێژوو تۆمار دەنووسمەوە.

**شەوی هەینی:**

شێرکۆ نوستووە. لیستەیەکم بۆ وشە دزێو و پفدراوەکان کرد. شەوێکی وا مەگەر بەدەگمەن بۆ ئاودێرەکان هەڵبکەوێ. مانگەشەو پۆپنەی دار کاژەکان بەپوولەکی زیو دەڕازێنێتەوە. ئێستا تاقە ئاوەکانیان بەجۆبارەکانا دابەش دەکەن.

تەنیام. (ئەم وشەیەی لە دێرێکدا نووسیوە).

ئەم وشەیە (تەنیایی)یەکەی من دەگرێتە خۆ!!

نازانم. «دیسان ئەم وشەیەشی لە دێڕێکدا نووسیوە».

لە لادێ بووم کە دایکی شێرکۆ، لەسەرە مەرگا داوای کردم. ناچار کراسێکی زستانیمیان نایە سەر دڵی و گیانی سپارد. ئەو ڕۆژە... بزمارێکی ژەنگنە لە ژیانمدا. (دەروێش عەبدوڵڵا)م دڕاند، چونکە بەساکاری نووسیبووم، بیر لە ئاسکەندەری شاخدار دەکەمەوە، سەرتاشە بەسەزمانەکە دیقی کرد و لە تیماری ڕووبارێکی تیژ ڕۆدا نهێنییەکەی چرپاندە گوێی قامیشەڵانێك... قامیشەڵانیش بووە سەدان نەی ئاوازەکەی بووە هەڵاڵە و پەخش بووەوە، تەنانەت لاپاڵ و کێوەکانیش دەنگیان دایەوە: ئەسکەندەر شاخی لێ ڕواوە... شاخی لێ ڕواوە... من ئەو سەرتاشەم. هاسان نییە مرۆڤ بۆ کەسێکی دیکە بەکەڵك بێت، نەخوازەڵڵا... بۆ جیهان... ئەمڕۆ بوونە مەیمون نزیکترە لەوەی ببیتە مرۆڤێکی... «ڕستەکە ناتەواوە».

**شەوی شەممە:**

بۆ کیلۆیەك خورما چوومە ڕیزەوە! مەگەر بەقەڵەنگ جێگای خۆت لەو پاڵەپەستۆیەدا بکەیتەوە! مردن بەرەنگارییەکی ڕاستەوخۆیە بۆ سەلماندنی «بوونی» ئادەمیزاد. وشە چۆن بزەی بیرەکانمان دەتاسێنێ وەهاش قرژە ڕۆژگارم دەچۆڕێنێ. پزیشکەکە وتی: پشوو بدە. شەوی ئەنگوستە چاو ڕۆژووی خۆی بەرەنگی پەلکەزێڕینە دەشکێنێ. دیارە مرۆڤ ئەو کەسەیە کە کاڵای یەکێکی شێلا بەخەندەوە دەڵێ: ببوورە!! لاپەڕەی ژیانم پڕ بۆتەوە. لەم پەرینگەیەوە بۆ کوێ؟ لە کوێوە بۆ کوێ؟ گوێم لە قاقای بڕێ سەرمەستی جادەکەیە، بۆ لە خواردنەوەشدا من پێکەنینم نایەت؟! دەبێ لەو دونیاش پێکەنین نەبێ!!

تێبینی: لە پاڵدمی پەڕەکەدا نیگاری کلیلێکی کێشاوە.

**شەوی یەك شەممە:**

ئەوا گریمان هەموو کێشەکانی ژیاریمان چارەسەر کرد، خۆ مێردەزمەی مەرگ تاکە نەمری ئەم زەمینەیە. سەرم لە پزیشکەکە دایەوە و دڵنیا بوو لە بۆچوونەکەی پێشووی... دوو مانگ... قرژە... شێرپەنجە... ڕووکاری ناوەوەی ژوورەکەم وەك باڵاڕووانی جیوە وەریو شەش پاڵوویەکی کەنەفت و گوێیاو پێك دێنن. خۆم بەشێواوی دەبینم. لەگەڵ گزنگی خۆرا، نازنازەکان دەپشکوێن، (ئایشەشان) خەمی دیاربەکرییەکان دەلاوێنێتەوە. بەئێستای من چی! دواڕۆژی شێرکۆ کۆستم دەخات. کات گوێزانە... قاچییە، ژێیەکانی ناخمان دەتاشێ/ دەقرتێنێ. ئای لە چاوەنواڕیی مردندا پەتی نێوان من و کێ و کێ دەپسێ... مردن...

چنگەکرێی شێرپەنجە... ئای شێرێکی کڵۆڵم، بریندارم و پەسێوی لێرەوارێکدا، دەوەنەکان بەخوێن ئاو دەدەم. شێرکۆ داوای ڕێواسی کرد! خۆی گەوزاندەوە. ئا لەم گەرمە سێرەدا، ڕێواس لە کوێ بێنم؟ شێرکۆ... تۆم وەك باران خۆش دەوێ. دەزانی باران چییە؟

**شەوی دووشەممە:**

[لاپەڕەکە سپییە. لێرە و لەوێ شوێن پەنجە کەڵەی؛ یان پەنجەی دۆشاو مژەی، کچێنیی کاغزەکەی بزڕکاندووە. وا بۆی دەچم کە پێنووسەکە بەهانایەوە نەهاتبێ و دەست و پلی مەرەکەباوی بوو‌بێت. هەر بۆیەش بەپەنجە تووتە ڕاست و چەپێکی زەبەلاحی لە پەراسووی لاپەڕەکە ناوە!]

**شەوی سێ شەممە:**

قرژە نەمکوژێ، ڕواڵەتە ناهەموارەکان بەو کارە هەڵدەستن و زیندەچاڵم دەکەن. مردن گوایە چوون یەکە؟! ئای کە زمان چەند نالەبارە بۆ ڕاوکردنی ماسییە ورشە دارەکانی ڕاستی و باڵندە سەوزەکانی هەست و جوانی... وشە دەبێ چی بێت؟ جمگەیە کە لە جێگای خۆی ترازا ئیتر ئەفسووس وەك خۆی ناگیرێتەوە! لەم ژیانەدا زۆر بەموهەریج دەکەن کە لەسەر گوریسێکی شەتەکدراو دا، گاڵتەجاڕی بنوێنن... نا... من... گەپجاڕ نیم. کۆسەوەوی نیم. نەموت وشە ئامرازێکی کەمبرە. ئەگینا، هەرگیزا و هەرگیز زیوانی ناو خەلە لە کۆشی ئارامی گەنمدا جێگای نابێتەوە!!

[دوو نیشانەی سەرسوڕمانەکە، هی منن. لە دوای دوو دێڕیشەوە کورتکراوەی شاری مشکانی نووسیوە].

مشکەکان ژوور و شەقام و کێڵگە و کۆلیتەکانیان زەوت کرد. دانیشتوان پەنایان بۆ زوڕناژەن برد، ئەویش لەسەر تەپۆڵکەیەك پیرە زوڕنای ژەند. لافاوی مشکانی ڕامالییە ناو بیر و کارێزەکانەوە... [دێڕێکی پەڕاندووە]... بۆیە زوڕناژەن کرایە قەڕاڵ و تاجی زێڕین و پیرۆزەی نرایە سەر...

دڵداری ئەگەریش مەرهەم نەبێت، خۆ ئێش سرەوێنە. ڕەنگ حەبی ژانەسەری منە... نووچ نادەم... نادەم... نا... نا...

**شەوی چوارشەممە:**

کە قسە زۆر بوو، ئاگر کوژین پێویست دەبێت. پزیشکەکان بڕیاری یەکجارییان دا. وشە

نییە لە نەستی مرۆڤدا لە وشەی (هیچ) ڕاستگۆتر بێت. شێرپەنجە... قرژە واتە: هیچێکی ئەوتۆ کە هارمۆنییەکی بەرجەستەی هەیە لەم پانتاییەی ترۆپکی ژیانم. نرڤانا... ئای مرۆڤ تۆ گوڵدانێکی سواڵەیت کە شکایت گوڵدانت پێ ناڵێن. گورزەگوڵ/ دیوار/ گلێنە/ مێشك کە وەری/ ڕووخا/ وردوخاش بوو/ پژا ئەوسا چەمك و مەبەستێکی هێژا نابەخشن. ئای خدر زیندەکەی زمناکۆ؛ ئای بروسکەکەی (خانی)؛ هەلاجەکەی (زەرزی)؛ ئای کامەرانی... باران... چەند بەپەرۆشەوە بووم کە بتانگەمێ، ئێوە لە درزی پەنجەکانمەوە بوونە وردە ماسیی خلیسك. ئای دەریای بێ بن و گوڵەگەنمی ملکەچ... شینایی و ڕەنگی زێڕینی ئێوە لە کام تابلۆی (ڤان کۆخ)دا بدۆزمەوە! ئێستا لە دەرەوە، دەزووە ڕەش و سپییەکەی کازێوە لە یەك دەترازێن. دەنگی مەلا و کەڵەبابەکان دەئاڵۆسکێن. نامەوێ بمرم... نامەوێ...

**شەوی پێنج شەممە:**

بەمەشق و ڕاهێنانەکانی شێرکۆدا چوومەوە. لاولاو ئاسایی دەستی لە گەردنم ئالآندو:

– بابە دایکم لە بەهەشتە؟

چۆن وەڵامی بدەمەوە! پرسیارەکەی سێبەری ترسی پێوە لکابوو کە نەیتوانی بەباشی بیشارێتەوە. بەڵێ، هەر کەس بۆی هەیە نارەزایی خۆی دەرخات بەڵام گرینگ ئەوەیە: لە نشێوی دوو ڕێیاندا، کامەیان هەڵدەبژێرێ؟ ئەو دەپرسێ! منیش لیستەی ئەو وشانم لا مەبەستە کە دزێوی بەفەرهەنگەکان دەدەن، وەکو: مردن/ جەنگ/ هەژاری/ چەوساندنەوە/ قرژە. ئەمانە دیواری مێشکم دەڕووشێنن، هیرۆشیمای گیانمن. نامەوێ بمرم... ئەی ژیانی بێ خەوش تۆ دڵداری ڕاستەقینەی منی... هیچم لە تۆ ناوێ، لە تۆزێ شادی بەولاوە... شادی... شادی... شا... دی.

**تێبینی:**

لە لاپەڕەیەکی تردا، پارچە هۆنراوەیەکم دی. ئەوەی ڕاستی بێ وامزانی بەمنیەتی! چونکە منیش جارێك باوەشێك کتێبم هەرزان فرۆش کرد و دام بە خۆراکێکی چەور بۆ زارۆڵەکانم. ئەمیش هۆنراوەکەیە:

زۆری برسی بوو
ڤان کۆخ و (فانون)ی دەفرۆشت.
لای کۆنە فرۆشەکەوە، سێ پەنجایی

گۆڕی بە سەندەویچ و گۆشت
دەمی سڕی
ئاوڕێکی دایەوە و ڕۆشت
زۆر تینوو بوو
بەنیگا، پەرداخێکی نۆشت
لەو پاشەڵەی کە شەقامەکەی سەر دەبڕی.

تەمموزی ١٩٧٩

# ئاپۆ جوامێر

## لە پێشانگای چاواندا

### ١

هەبوو نەبوو لەم شارە بێ خەمخوارە نیگارکێشێك هەبوو، لە ڕادەبەدەر گرینگی بەچاوی مۆدێلەکانی دەدا، تا وای لێ هات لە چاو بەولاوە هیچی تری ناکێشا. ژوورەکەی (کە خەڵوەتگاشی پێ دەوت) دەیان سکێچ و تابلۆی چاوی پیا هەڵواسرابوو کە بینەر وایدەزانی ڕێگای هەڵە کردووە و لە پۆستەرگایەکی چاو دایە. لە هەر چەشنە، ڕەنگدار و بێ ڕەنگ، بەڕۆن بۆیە و پاستیل، بەمەرەکەبی چینی، بەئاو بۆیە و ماجیك، چاوەکانی ژوورەکەیان کردبووە شانۆیەکی تۆماری. سەرەڕای ئەوەش ژمارەی لە تابلۆکان دەداو هەمیشە سۆفیگەرانە وێڵ بوو لە دووی چاوێك کە پیشانگای مەراقەکەی پێ تەواو بکات، هێدی هێدی لەگەڵیاندا دەدوا، بەتایبەت کە سەرمەست دەبوو، یان کە بیری دەگەشایەوە، لەو کاتە ناسکانەدا، تابلۆکانی بەمرۆڤی ڕاستەقینە دەزانی و هەر بەو پێیەش سکاڵا و هەڵسوکەوتی لەگەڵیان دەکرد، هەر چەندەش بەزمانی ڕەنگ و هێڵ و سێبەر دەدوا، جاری واش هەبوو کە هەستێکی ناکاویی خۆی بەپێنووس دەسپارد. ئالێرە و لەوێ، لە سووچی تابلۆیەکدا، لە دیوارەکان، لە سەر پارچە کاغەز، وشە و ڕستە دەبیندرا. هەر بەزنجیرەی تابلۆکان وا دەردەکەوت کە بیر لە زاوزێ کردنی نێوان هێڵ و وشە بکاتەوە، بۆیە دوایین تابلۆی بەپیت و ڕستەی سەوز کێشابوو. دەیوت: (مرۆڤ چاوە. ئەم چاوانە منن. بەهەموویان یەکێکی دینامیکین. چاو کانگای نهێنیی کۆڵەگەی ژیاریمانە).

هەر بۆ ئەم مەبەستەش تابلۆکانی بەچەند بەشێکا جودا کردبوو. وەك: چاوی جێگابین/ چاوی کات بین/ چاوی دەروون بین/ چاوی دوور بین و... هتد. بێ گومان خۆی بەکامیرایەکی ئامێر نازانی کە پەنا بۆ دیاردەی/ توێکڵی دەرەوە ببات، بەڵکو وەك بیەوێ کاکڵە و ژوورەوەی کەسەکانی بکێشێ و لە تاکە چاوێکدا، هەستی جۆراوجۆری کۆ دەکردەوە، بۆ ئەوەی لە ئاکامیشدا بۆی بلوێ کە گرفتی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ئابووری و سایکۆلۆجی و ڕامیاریش لە تۆی چاوەکاندا دەرببڕێت. ئەم خولیایەی زیاتر هانی دەدا بۆ تێکەڵ بوونی خەڵك و قووڵتر بڕوانێتە ئەودیوی چاوەکانەوە، بۆیە

پەیوەندییەکی سەمیمیی لەگەڵ زۆر کەسدا هەبوو. بەشداریی شین و سووری ئەم و ئەوی دەکرد، لە ئاهەنگ و گردبوونەوەکاندا بانگ دەکرا، لەگەڵ هەر توێژێك دەبیندرا، ئەمەشی بەئەرکی پشکنینی کەرەستەی خاو دەزانی و بەبەشێکی دادەنا لە پەیامە خۆشنوود و پیرۆزەکەی.

٢

ئەو شەوە کاتژمێرەکەی مەچەکی یەك و نیوی لە تەمەنی ڕۆژی ئایندەی دیاری کرد. چاکەتەکەی بەبزمارێکی ژوورەکەیدا هەڵواسی. دەرەوە تاریکیی لەبەر کردبوو، لەبەر مەستی و سەر گەرمی و تەنگەتاویی میزڵدانی، دەرفەتی ئەوەی نەبوو کە پێڵاوە پاژنە چەوتەکانی توڕ هەڵدات. چاوی هەتەر بوو. چووە ئاودەست. لەوێ، بیری گەشایەوە. چاوی نووقاند و خۆی گوشی، کەسێك بێدار نەبوو ئەگینا پێی دەوت: (دەزانی لە نێوان سکی برسی و ورگی تێر و تەسەلدا دەیان تەلان و بزماری چیمەنتۆ هەن!) گەڕایەوە. لە کەنار چوارپایە شلۆقەکەیدا لەنگەری بەست. چاوی لە ڕاستەوە بۆ چەپ، لە چەپەوە بۆ ڕاست، بەرەشبەڵەکی تابلۆکانا گێڕا (ئەو پیرە خزمەتگوزارە، لە ئاهەنگی پاش مارەکردنەکە، چاوێکی دەگمەنی پێوە بوو!! چاوێك چەندین هەستی وەك ترس و حەپەسان و هەژاری و نهێنیی حەشار دابوو!! دەبێ چاوم پێ بکەوێ، ئەگینا هیچم بەهیچ نەکردووە) هەستا. لە عاست تابلۆیەکدا وەستا. بەئانشك خۆی بەدیوارەکەوە گرت. چاوەکەی لێ بووە کەسێکی گیاندار:

– بەرپێم نابینم تۆش چاوێکی کە بەخوێنی دڵ ڕواندتم... کامەتا دڵسۆزیت!

چاوەکە هاتە وەڵام: تۆ ئەرکێکی گچکە و تەسکت بەمن سپاردووە ئەویش بینینی جێگایە.

هیچی نەوت، بەڵام گوێچکەی بۆ دەمی چاوە جێگابینەکە شل کرد:

[هۆڵێکی بەرینی نۆ بە شەش مەتری بوو. مۆمی مارپێچی سپی و زەرد، وەك تەمەنی لانەوازەکان دەتوانەوە. دوو تەناف گڵۆپی ڕەنگاوڕەنگ، ڕاستە و چەپێکی ڕووناکییان بەئاسمانە پۆشتەکەدا پەخش دەکردەوە. چەپکە ڕەنگەکان لە شووشە بەندی ماسییەکاندا کەرنەفالێکیان ساز دەدا. چل چرایەکی پەمەیی/ وێنەیەکی بازاڕی کە سێکسی لێ دەتکا/ دووکەڵی بۆنداری کنگ سایز/ لێوی ئەرخەوانی/ چاوی بازنە داری خۆڵەمێشی/ قەنەفەی چەرمی کل ڕەنگ/ ملوانکەی ئینجی و پلاتین لە مەچەکی خرپندا

چەشنی ئاوێنە پەڵەی ماکیاجەکانیان لە چاو دەگرت/ مام جوامێری مێشهەنگیش کراسێکی قەوزەیی لەبەر دابوو].

وایزانی کە زەردەواڵەیەك بەبڕبڕەی پشتییەوە دەدات. ڕاپەڕی و (جێگا)ی بەکێشە و نەبەردی سەرەکی نەزانی. کورسییە باڵدارە نیوداشتەکەی وەك منداڵدانێکی بەسۆز هاتە پێش چاو، ویستی خۆی وەکو نەزاوێکی هەشت مانگدا گرموڵە بکات. ڕاپەڕی. چاوەکانی شێوەی مانگی یانزە شەوەیان هەبوو. وەرچەرخایەوە بۆ لای تابلۆیەکی دیکە:

– چاوی دەروون بین ئەی تۆ چیت دی؟

مات بوو. وتییەوە: پەنهان نەپێکن ئیتر ئێوە و ئەم دیوارانەیان نەوتووە.

چاوە دەروون بینەکە وتی:

[بووك و زاواکە جووتێ ماری ئاشقە و ماشقە بوون. ئاهەنگەکە بۆ کاڵا و پێڵاوە بریقەدارەکان بوو. تەگە نێرەکان –ساتێر– ئاسایی بینیان لە مەی دەدا و دەیان چرپاندە گوێی یەکتری. زمان زمانی ژمارە بوو. سمت و کەفەڵ و پووز داوەتی گەڕەکێکی خانووە قوڕەکانی لێ دەبوو. لەشە ڕووتەکانیش هەریەکەیان هەڵگری مێژوویەکی لێخن بوون. تریقانەوەی پرتەقاڵی/ نینۆکی دەستکردی گوڵهەناری و... خەنەیی/ بزەی کاڵ و بەقەم/ ژوانی ڕەنگ لە ژوورەوەی خومییاندا دەخنکا. هەندێك بەتیمساحیان دەکرد! هەبوو بەبزنمژەك دەچوو! بەکەمتیار... مارمێلکە... زالوو... گیوە... قارچك].

نیگارکێشەکە لە گێژەنەی تووڕەیییەکدا بەنەفرینەوە هاواری کرد: بەرچاوم تەڵخە هەروەکو لە شووشەیەکی بیرەی گەرداوییەوە بڕوانم وایە... ئێوەش هەر دیمەنە ئاساییەکان دەجوونەوە!

ناوچەوانی گۆشی و بەخۆی وت [ئێش خۆشەویستیی لە دوایە... مرۆڤ گەر بیەوێ لە چڵکاویشدا، خۆر دەبینێ. دەمەوێ بزانم، ئەو بەساڵا چووە بۆ ئەو داوەڵە عەییارەی هەڵبژارد بە ژنی خۆی؟ بۆ؟ بۆ؟] لە دیوارەکەی ئەولاوە دەنگێك هات. لای کردەوە. چوار مشقی لە خوار تابلۆی چاوێکی کات بیندا کروشکەی بەست. دانی بەخۆیا گرت.

[زاوا دەیویست بەزوویی بگات. پێپلیکەکانی سێ سێ دەبڕی و خێزانەکەی سەرگەردان کرد. نیازی وا بوو کە کڕنووشی بۆ بەرن و پەنجەی ڕێزی بۆ درێژکەن. چاوی لە لووتکەیەکی پرشنگدار بوو. ژنەکەشی هەر بۆ دابینکردنی بژێوی نۆبەرەکەی، بەرەو نەبیندراو هەڵات. جوانی و نەرمۆڵەیی بووە سێلاوگە و بەرەو هەڵدێری لەش فرۆشتن

ڕایماڵی. ڕۆژگارە... ئەو بووە فەرمانبەرێکی پایە بڵند و ئەمیش دەستا و دەست بووە ئـافـرەتـێکـی مـۆدێرنـی نـاسراو. ئـەو هـەڵاتـووی هـۆز و ڕابـردووی بـوو. ئـەمـیش نـاوێکـی زەنگوڵەداری بۆ داهاتووی هەڵچنی. ئەو بەهۆی کۆڕی کریستال و ساڵۆنە بەرینەکانەوە بووە ئەندامێکی متۆی جن و کۆنیاك و شامپانیا. ئەمیش لە پەیژەی بادەی قاچاغەوە داندرا بەپاڵێوراوێکی ئەو جۆرە کۆڕ و هۆڵانە].

تووڕەیییەکەی پەرەی سەند:

– بەسە... بەسە. ئای چەند تاڵە کە مرۆڤ هۆشمەند و بەئاگا بێت...

هـێڵـنـجـی دایـەوە و ڕووی لـە ئـاودەسـتـەکـە کـردەوە. لـەوێ زەرداوی ئـاهـەنـگـەکـەی هەڵهێنایەوە. شەپێ ئاوی لە ڕووی دا. چاوەکانی بوونە گوڵ ئەستێرە و درەوشانەوە. بەخۆی وت (لە ڕەگی خۆیان دابڕاون... دەیانەوێ لەسەر بنجی تر بڕوێن! قاقای نێرینەکان لە گوێمدا زرینگەی لیرەی ڕەشادی بوون. مێینەکانیش کوتومت لە چاوما بەکەرەستەی ئاسیا و سوورەکەی لۆتریك دەچوون...) کوورەی ناوەوەی دەجۆشا. دەمارەکانی گرژ بوون. خوێنی هەڵچوو. ویستی پەلاماری گشت تابلۆکان بدات و وەك بابۆڵەیەك بیانهاوێتە گـەرووی ئـاودەسـتـەکـەوە. ئـێـسـتـێـکـی کـرد. دەنـگـێـکـی زوڵاڵ هـەروەك بـایـەك لـە ڕنـووە بەفرەکانەوە هەڵاتبێ، نەرمە گوێی تەزاند. سڵەمییەوە. تابلۆی چاوێکی ڕەشی خۆماڵی زەردەخەنەیەکی بۆ هەڵڕشت:

– مەگەر من بەهاناتەوە بێم.

هەر وەکو لە بۆسەدا بێت، خۆی لە چاو و گوێیدا کۆ کردەوە. چاوی دووربین وتییە: [دوا ڕۆژ لە کرۆکی ئێمەدا دەخولێتەوە، دیارە دەرگای لە گرێژنە ترازاویش خۆی لەبەر ڕەشەبا ناگرێ].

خامۆش بووەوە هەروەکو بوڵەمرێك بێ و ئاوی بەسەردا پرژابێت...

– چاوانی جێگا بین و کات بین و دەروون بین هەموو ڕاستگۆن. بەشێکن لە تۆ... لە بیرت. لە هەستت... لە ڕەنگەکانت... ئەو کەسانە زیندەوەری میکانیکین، کۆك کراون...

هەرچەندەش تووڕەیییەکەی تار بوو بەڵام بەدەنگێکی تووڕەوە:

– دەزانم... دەزانم، بەڵام خواهیشتم ئەو زاوا گەوجە و ئەو قەڵتاغە کۆنەیە...

– دەیانەوێ کەوڵێکی تر بپۆشن ئەگەر کاژی ماریش بێت. تۆ بەدوای چاوێکدا بگەڕێ کە زمانی پاراو و سروودی هەژین بێت. ئەوانە ڕێباز و ڕووگایان لەلا دوو ڕووی دراوێکە.

هێور بووەوە. بیری گوشاد بوو. بەخۆی وت (چاو... چاو... دۆزیمەوە. چاوی ئەو پیرە خزمەتگوزارە کلیلی نهێنییەکەی لەلایە. هەر دەبێ چاوم بەچاوی بکەوێ...) باوێشکی دایەوە و ئاگای لەوە نەبوو کە خەو کەنگین لە ئامێزی خۆی گرتووە.

٣

ئاپۆ جوامێر دەستم دامێنت.

جوامێری شاران گەڕیدە لە نیازی ئەو ئاگادار نەبوو. چاوێکی پرسیاراویی ئاراستە کرد وەك بڵێ پیاوێکی کەنەفتی بەسالاچووی وەك من دەبێ شیاوی چ ئەرکێك بێت بۆ جوانێکی وەك تۆ. سەرنجی برۆ یەکدگیرەکانی دا و: (بەدەوەنێکی زۆزان دەکەن! ئەو هێڵانەی لاچاوی، لە نزیکەوە بەجێ گاسنی بێکاری دەچن!! وشە لە هەڵوێستی وادا چۆك دادەدات... دەی، چەکی کاریگەری من ڕەنگ و هێڵە).

– کارێکت هەیە ئاغام مشووری بخوات؟

– نا... کارم بەتۆیە... دەمەوێ... چاوت... بدەی... بە... من...

–...!؟

– مەبەستم نیگاری چاوت بکێشم.

ئاپۆ دەستی بەیەکا داو بێ دەنگ بوو بەچەشنی ئەوەی خۆڵی مردووی بەسەرا کرابێت.

– ئاپۆ جوامێر تکات لێ دەکەم.

– کوڕم لەم شەقام و کۆڵانانە سەدان چاوی جوان هەیە، شین، سەوز، کەژاڵ... چیت لە چاوی بێ ڕەنگی من داوە!؟ ئا بیرم کەوتەوە، لە دێیەکەماندا منداڵێك هەبوو چاوێکی قاوەیی و ئەو چاوەکەی تری کوژەکەیی بوو.

نیگارکێشەکە لە دڵی خۆیا وتی (ئەمیش بابەتێکی تر) بەڵام لە داخوازییەکەی پەشیمان نەبووەوە، بەرۆکی مام جوامێری گرتەوە.

– باشە دەستم بەتاڵ بوو دێم. ئا، ئا، ماڵتان دەناسم.

دوا هەڵمەتی برد و خۆی لە مام جوامێر هەڵسوی.

– شتێکی ترم ماوە. (ئاپۆ چاو دەکاتەوە) ئەگەر پێم بڵێیت هەتا هەتایە سوپاسگوزارت دەبم.

– بڵێ بزانم.

– ئاپۆ تو ئەو شیرە خاوێنەی دایکت، وەك لە ئاهەنگەکەدا بەر بای گوێم کەوت، کە ئاغات ڕێزت لێ دەگرێ گوایە لەبەرئەوەیە هەردووکتان پەروەردەی شارێکن، یان هۆیەکی تری هەیە؟

مام جوامێر زمانی پەڵت بوو.

– ... ئاپۆ ئەوەش بزانە کە دەبمە بیرێکی داپۆشراو، سەرەڕای ئەوەش یاریدەی نیگارەکەشت دەدات.

ئەملا و ئەولای خۆی پشکنی و بە چرپە:

– دەتەوێ درشتم پێ خورد بکەیتەوە، هەی فێڵباز، بەمەرجێك ئەگەر نیگارەکەم نیشان بدەیت و لای کەسیش نەیدرکێنی ئەگینا شاربەدەرم دەکات.

نیگارکێشەکە بە چاو قایل بوونی خۆی دەربڕی.

– ... نهێنییەکە هەر ئەوەندەیە کە ئەم ژنەی ئاغام، کە بەشداریت کرد لە ئاهەنگەکەیدا، هەر هەمان ئەو ژنەی پێشوویەتی کە دەربەدەر و ڕیسوای کرد.

نیگارکێشەکە لە حەژبەتا هیچی بۆ نەوترا. هەستایە سەر پێ و دەستی مام جوامێری وەرگرت بەتوندی گوشیی.

– زۆر سوپاس، لە بیرت نەچێ. پەیمان بێت دانەیەکت لە نیگارەکە بدەمێ...

ئەو لە دڵی خۆیدا وتی (بۆ ئەوەی لە ژووری منداڵەکانتا هەڵی بواسیت) ئاپۆش بەخۆی وت (ماڵم هەیە نیگاری تێدا هەڵواسم).

ئابی ١٩٧٩

# «ئیڤانکا»م چۆن ناسی؟

پەیکەری (بودا)یەکی کوژەکەیی بە گەردنییەوە هەڵواسرا بوو، ئەو ملوانکەیە ئێمەی بەیەکتری ناساند [ ئیڤانکا...– میرزا شوان] پاڵەپەستۆیەکی ئەوتۆ بوو کە ڕاوەستاوێك دانیشتووانی لای دەست شۆرەکەی بەبەختەوەر دەدیت. لای پەنجەرەکەوە دەرفەتێکی چاکم بۆ ڕەخسا کە بەدڵەوە دیمەنی خۆرئاوا هەڵمژم؛ زنوێرێکی تێراو لە تۆی شووشەیەکی ئەرخەوانییەوە بێنە پێش چاوت. لەولاشەوە، خۆر... نانێکی برژاوی وەك دەنووکە کەو بوو کە دەخزایە پشت کەوانەی ئاسۆگەوە.

سەدان چاوی هەمە چەشنە و هەر جووتێ لە عاست خۆیانەوە بۆ مەبەستێکی تایبەت، لە ناو فارگۆنەکەدا دەخولانەوە. منیش خۆزگەم بۆ (بودا)کەی گەردنی ئەو شۆخە خواست کە ئاسوودە شۆڕ دەبووەوە ناو بلووزە زەیتوونییە دەم دابڕاوەکەیەوە... کتوپڕ وەك پەنجەرەکان دابخرێن، دەرەوە بووە تاریکستان. سەر ماش و برنجەکەی تەکم بەتورکی وتی: لەم جۆرە توونیلانە زۆرن... لەسەرخۆ کەوتمە ژماردن، لە نێوان هەر بیست ژمارەدا ڕووناکییەکی کز هەندێ چاوی دەرزیاژەن دەکرد، لە دوو سەد و شەست و سێدا خۆرئاوایەکی خەست هەندێ چاوی تری شەوارە کرد [خۆ ئەم ڕووناکییانە بەبۆڵەمرێ هۆشی ناکاوی دەکەن! یان دیارە بێچووە سەمەندەرن!!] نانە دەنووك کەوەکەی خۆراوا سووتا بوو. سروشت مەگەر لە ئاوڕینگی چینکە بەردێك نەبێ، کراسێکی شۆڕی ئاگربارانەی مۆرێکی تێری شەوانەی پۆشیبوو. (ئیڤانکا) زەری پێست بوو. بیرم بۆ لای کابانێکی ڕوو شەمسی لای خۆمان ئاوەژوو بووەوە، ئافرەتێکی پێ قەڵەشاوی ماسیگری ناو زۆنگاوەکان... دەمویست بیدوێنم ئەگەریش بەزمانی چاو بێت [داڤنشی سەدان سکێچی بۆ جووڵانەوەی دەم و لێو کرد هەتاکو خەندەیەکی باڵداری لەلا لێوی مۆنالیزا دا ژیاند] عەوداڵی خەندەیەکی وا بووم. پێشتر خەونم بە وڵاتی واق واقەوە دەدیت و، ئێستاکانێ سەرەڕای چەند ڤیزەیەك، هیچ نەخشەیەکم لە مێشکدا نییە، تەنیا گەشتەکەم لا مەبەستە و ڕێکەوت با خۆی سەرپشك بێت. کاوبۆیەکەی بەرم بۆ ئەوە نەبوو کە لە تەمەنم کەم بکاتەوە، بگرە بۆ ئەوە بوو کە لە ئەرکی ئوتوو لێدان قوتار ببم و لە جێگەیەکی ئەوهاشدا لە بریتی بێجامە بێت. مرۆیەکی نامۆ یەکسەر بەرێ کردنی/ ڕەنگ و ڕەوشتی/ بەرگ و واقوڕمانەکەی دەناسرێت، خۆ مەگەر بەدەگمەن ئەم گەڕیدانە لەوە

بەدەر بن کە برسێتییان شکا، بیر لە تینوویەتیی ناو گەڵیان نەکەنەوە! دیارە زۆرکەس جانتا ئاوسەکانیان بۆ ژووانی پارك و ئەپارتمان و پەنا و پەسێوەکان، لە کۆڵ دەگرن. شەمەندەفەرەکە ئیقاعێکی بەکاسەی سەرەکان داوە [ساڵێك لەمەوپێش شەمەندەفەرێکی پیلم بۆ ئاکۆ کڕی، هەتا پارچەکانمان، بەتاقیکردنەوە لێك نا، ئارەقەی شین و مۆرمان دەردا. فارگۆنەکان بەجووتە هێڵێکی بازنەیی درێژکۆڵەدا دەسووڕانەوە... منداڵێکی بووکە شووشەش لە خۆیەوە سوار دەبوو! دەسووڕایەوە و لە خلیسگایەکدا، دەخزایە لای جۆللانە سپییەکەوە!! ئاکۆ وتی: بابە ئەی ئەمە چییە؟ کە دەسکاریمان کرد، منداڵەکە ڕێگایەکی تری گرت و گەڕایەوە هەمان ڕاوەستگەی پێشووی! جارێکی دیکە... چووە دەرگایەك و لەلایەکی ترەوە سووڕایەوە!! هەموومان لەسەر ئانشك؛ بەحەپەساوی دەمانڕوانییە ئەو کردار و جووڵانەوانە].

ئاکۆ ئێستا دیارە لە باوەشی دایکتا و لە ناو پەلکەڕەنگینەی خەونێکی سەیردا مەلە دەکەیت، منیش وا چاوی خەواڵووی وێژینگم لە دانیشتنە چوار مشقییەکەی ئەو (بودا) پیرۆزە گرتووە. پێشتر بڕواییم بەتەلیسم و جادووی چاو نەدەهات، بەڵام کە ئاڵۆزی کێشەکە بووم، هۆشم ورووکایە ئەم چەشنە شتانەوە.

هەندێك دەیویست بای باڵی بداتەوە. برێك دەیویست لە پەنجەرەکانەوە سەرنجیان بنێرن. یەکدووانێکیش ڕوویان لە ئاودەستەکە کرد. ئەوەی ڕاستی بێت منیش لە دەرفەتێك دەگەڕام بۆ ئەوەی بگەمە ئەوێ و بەقاچاغ ڕیشم بتاشم. جووڵانەوەیەکی نا ئاسایی بەرپا بوو. کەمترین پێویستیم لە ڕۆژنامەیەك شاردەوە و دەرگاکەم لە خۆم داخست. قەیاسەی ئەوەی کە جگەرەیەکی قەمیش بکێشی، بەڕوویەکی ترەوە چوست گەڕامەوە، تومەز بیانییەك کە ئەویش لە ڕیشەکەی چارسە، دزە خەنەیەکی لە دوورەوە تێ گرتم. بەشینەیی وەك منی کرد و ئەوەی لەلام سەلماند کە پێداویست وای دەوێ کە هەندێ جار بەرەنگاری یاسا و ئەتەکێت بیت. [بۆ ئەوەی ئێمە و ئەوان – ڕۆژئاوا و ڕۆژهەلات – تووشی بەراویتەیی نەبین، دەبێت واز و چێژی تێکەڵ بوون و زاوزێمان دوو تای ترازوویەکی هاوکێش و هاو سۆز بن... ئەگینا...] بینایيم تیژتر بوو. لە ناخمدا لەگەڵ ئەو ئیڤانکایەی کە ناوەکەیم نەدەزانی، دەدوام. دەمویست ئەستێرك و پەنگاوەی نەستمی بۆ ڕەها بکەم و ئەویش وەکو پەڕاوێکی بەر ڕەشەبا بخوێنمەوە. بەدیهییەیەك هەیە دەڵێت کە دوو هێڵی تەریب هەتا هەتایە ناگەن بەیەك؛ بەڵام من و ئیڤانکا جووتێ هێڵی تەریب نەبووین بەڵکو لە شێوەی دوو هێڵی ڕێکەوتە، کوتوپڕ و هەر بۆ تەنیا جارێك بەیەك

گەیشتین و ئیتر ببرای ببرای خاڵی بەیەك گەیشتنمان دووپات نەبووەوە... لەوانەشە دەیانی وەك: ئەرخەمیدس و فیساگۆرس دەستەوەستان بوەستن لەم جیا بوونەوەیەمان چونکە نە من کەوڵی کەمتیار و ڕاوچیم لەبەر دابوو، نە ئەویش گرکانێکی سێکس بوو، نوێنەری نێوانمانیش تاکە وشەیەکی خزم بوو [سوپاس... سوپاسیڤا] ئێستاش کاتی ئەوە هاتووە کە ئەوەت لا بدرکێنم [چۆن ئیڤانکام ناسی؟].

لە ورووژان و تێکچڕژانی ناو فاوگۆنەکەدا، ئیڤانکا جێگۆڕکێیەکی کرد و ملوانکەکەی لە قۆپچەی پیرێك گیر بوو! بودای هەڵواسراو گلێر بووەوە. لە پەنای جانتا دەستییەکەمدا لەنگەری بەست... ئەو ئاخێزێکی کرد. من چەمامەوە. بودای بەسەزمانم لەسەر لەپێکی لەرزۆك بۆ درێژ کرد. شتێکی وت. منیش لێوم بزوا. یەکێکی سێیەمیش بەئینگلیزییەکی نارەوان وتی:

– دەڵێت بۆ خۆتی گل بدەرەوە.

بەخۆمم وت میرزا دەی لەم مەندییە خۆت ڕاپسکێنە و چیت لە بارە وەك مزگێنییەك دەری پەڕێنە. بەکابرام وت:

– پێی بڵێ ئەم بودایە من تووشی نارەحەتی دەکا و هەر شیاویشە بۆ گەردنی ئەو.

پێکەنی. چاوە کەژاڵەکانی وەك (زووم)ی کامێرا لە چاوم نزیك بوونەوە. [وا خۆم لە گلێنەی چاویا دەبینم] ناوچەوانمی ماچ کرد. نەمزانی بڵێم چی؛ خۆ زمانیشم بزانیبایە دیسانەوە هەر هیچم بۆ ناوترا بۆیە سەرێکی ئەو تۆم لەقاند کە هاوسەنگی چەپکێ وشەی ورشەدار و موفەڕك بێت. کات توایەوە. خۆم بەخاوەندی شەمەندەفەرەکە زانی و پڕ جزدانێ ئافەرینم بۆ ئانشتاین هەنارد.

زۆرینی کەللەسەرە کەشەنگەکان تەتەڵەیان دەکرد و پێڵووی زۆر چاویش داخرابوون. کەچی چاوی من وئیڤانکا دەیانەویست لە بازنە ئاسایییەکەی خۆیان یاخی ببن و بەرینتر بڕوانن، خۆ ئەگەریش بن میچی فارگۆنەکە نەبوایە، ئەوا ئاخڵەی مانگمان دەبینی. [چاویش زمانی خۆی هەیە ڕاستگۆتریشە لە وشەی سوواوی ڕۆژانە و دەمەتەقێی ئاوەسوو] زۆرم بۆ وت. ئەویش زۆری لام درکاند. هەر بۆ ئەوەی بوونی خۆم و زێدەکەمی لەلا جێ بێڵم – پاش ئەوەی ئەو کلیلێکی زیوین و جۆرە پسکیتێکی پێشکەشم کرد – کڵاوێکی سورمە چن و پانی بەرزێکم دایێ. گەشکە بوو کڵاوەکەی نایە سەری و ئەوەندەی تر تابلۆکەی بەرچاومی ڕازاندەوە. هەستم بەتێکەڵاوییەکی سۆفیگەرانە کرد و لە تیشکی چاوەکانییەوەش ڕەنگەدانەوەیەکی وام بەدی کرد.

ئەو خۆرەی کە دەستێکی شەودێزی شەڕەنگێزی بە تاڵە بەنێك ڕاکێشایە ئەودیوی ئاسۆ، کەچی دەستێکی سەوزی تر خۆرێکی ئێسك سووکی زێڕینی لەلای ڕاستمانەوە خستە سەراسۆی و ڕەنگ پەخشاندن. دار تەلەکان بەبێ بەزەیی پەنجەرەکانیان دارکاری دەکرد! [کازێوە... لە هەر لایەك هەر هەمان کازێوەیە] ئیڤانکاش چاوی ڕاگوێزتە پەنجەرەکان و گومانیشم نەما کە ئەویش بەشێوەی دەروونیی خۆی دارتەلەکان دەبینێ [خۆ چاوێکی ئاسایی نیم لە بۆشاییدا، بازنە بکێشم، بیر لە ژان و ئازار دەکەمەوە بۆیە بەدارکاریم چوواند. خۆزگە دەمزانی ئەو چۆنیان دەبینێ] دارکارییەکە خاوتر دەبووەوە... [دیارە دەستەکە شل ببوو یانیش لە ئارام و خۆڕاگرتنی پەنجەرەکان تووشی بەزین و بۆڕدان هاتبوو!] شەمەندەفەرەکە لە ئێستگەیەکدا وەستا. دارتەلێك وەکو پەیکەرێکی بەفرینی گێل، بەچاوە مردووەکانی دەیڕوانییە ناو فارگۆنەکەمان. ئیڤانکا کەوتە خۆی. تێر دەستی یەکتریمان ڕاوەشاند. جانتا زەیتوونییەکەی دەستی چەپی لەنجەی پێ دەدا و بەدەستەکەی تری بای بایی دەکرد. دوور کەوتەوە. مەقەسچییە بەرگ قەزوانییە سەکوت گرژەکە، ئالایەکی کەسکی هەڵکرد. شەمەندەفەرەکە بەکۆمەڵێ ناڵ و نرکە و جیڕەوە، ئاژووا. ئیڤانکا بووە شەبەنگێك. مەقەسچییەکەش بووە خاڵێك. [ئەگەر ماویت، بێوەی بیت... ئەگەر نەشماوی گۆڕت پڕ گوڵاو بێت هەی مەلا ئەحمەدی مەقەسچی. ئێستاکە لە پێش چاومی کە بەشەوان لە ئێستگەکەی - خورماتوو-دا بەفانۆسە سێ ڕەنگییەکەت و بەڕۆژیش بەئالای کەسك و سوورەوە ڕێگات بۆ شەمەندەفەرەکان خۆش دەکرد و لە ئامبازبوون دەیانت پاراست، دوا سڵاویشت بۆ گاردییانەکە دەنارد و پاشان دەم بەقەتار و ئەڵلاوەیسییەوە دەچوویتە داڵانی ئێستگەکەو چاوەڕوانی شەمەندەفەرێکی ترت دەکرد. هەرگیز لە یادم ناچێت کە لە - مەسۆیی بەر گەچ- مانگی جارێك بەیەك دەگەیشتین و لە ئاوە سازگارکەی- ئاوە سپی-مان دەخواردەوە و تێربوونمان نەدەزانی. جۆ بڵاومان دەکرد. هەریەکەمان بەرەو گوند و ڕەشماڵ نشینێك دەکشاین] خوات لەگەڵ... ئیڤانکا...

مارتی ١٩٧٣

## بەرکوڵێك لە ئازارەکانی هەیاسی خاس

**تابلۆی یەکەم:**

ئاسمان شینی گەرداوییە، هیچ نەبێ تۆ وەك لە تۆیی شووشەیەکی تەڵخی دیو دەرەوە بڕوانیت وای دەبینیت. گڕە و باهۆزە زەل و قامیش و گیای خۆرسکی ڕۆخی زۆنگاوەکەی هێناوەتە هەڵەکەسەما. درەختەکان فرمێسکی سەوز هەڵدەوەرێنن و باهۆزەکە گسکی دەدات و، لە ناکاو، لە دوورەوە، ستوونێکی گەردەلوول بەرۆکی ئاسمان دەگرێ. ئێستاکانێ ڕووت بێ ڕەنگە وەك تەمی بەیانییەکی داوێن نسێ و نزارەکان. هەست بەخورانێکی ناکاویی مەچەکت دەکەیت. ئاوڕ دەدەیتەوە؛ لکە دارێکی هشك لە نێوان زەلەکانەوە، لە چاوتا تێکەڵ بە شینێکی خۆڵەمێشی دەبێت. هێمن دەبیتەوە، دوو قامگ بۆ جێ خورانەکە دەنێری و چاو گڕ دەدەیت «ئەم بولبولە چڵێسە قوون زەردە، هەر چییەك بەدی بکات لە پێکوڕە و خاڵخاڵۆکە و- پەلەوەر و پەخشە و مێوەی کرمۆڵ... دەیقۆزێتەوە» پێشان ئەم دیمەنانەت لەلا تازە بوو، دەتوت گەڵا هەر گەڵایە و ئاویش هەر ئاوە، کەچی لە پیشانگای چاوتا، نە ئەم سەوزییە بەو سەوزییە دەکات و... نە لم و چەوی تەنکاو و شیناوەردەکان بەیەك دەچن. گەردەلوولەکەی خول دەخواتەوە «بەجەرێکی گەورە دەکات کە ئاسمانی کون کردبێ!» بەلەمێکی درێژکۆڵە، مەنداوی زۆنگاوەکە دەشلەقێنێ و جۆبارێکی کەفچڕی تووتیایی لە پاش خۆیەوە پەلەکێش دەکات، تۆ چاو لە وێنەی بەلەمە بەرەواژەکەی ناو ئاوەکە دەبڕیت و بەئاوێنەیەکی مشت وماڵکراوی دەچوێنی. بریسك و باسکی خۆراوا- بەهۆی پۆیلە و پووڵەکی ژێر سکی ماسییەکانەوە- لە کێڵگەی چاوتا پەڵە دەدەن... باهۆزەکە پتر زەلەکان دەلەنجێنێتەوە. وا چاوت لە شەپۆلێ ماسیی و ڕەشباوی بەرسییە، دێتەوە یادت کە لە خۆرنەوەزانی زوورگی شان زێیەکەدا پەلەپیتکەتان بزواند و قرمەی برنۆ چەند جارێك، ئەمبەر و ئەوبەر، دەنگیان دایەوە و دواجار لە دۆڵێکدا نوقم بوون «شارییەکە بەو نهێنییەی نەدەزانی کە نیشان دەبێت قولانجێك لە ژێر سکی ماسی بگیرێت بۆ ئەوەی بەسانایی فوودانەکانیان بتەقێ و سەراو بکەون «کەچی پاشان هەر ئەو شارییە سەر ڕووتە بەهێڵ و نیگاری سەر لمی شاتییەکە ئەوەی ڕوون کردەوە کە چاو تەفرەدەرە و شت لە جێگای ڕاستەقینەی خۆی نابینێ» زۆر

شتی تری لە مەڕ ئەستێرە و مانگەوە بۆتان شی کردەوە. وا حەوت ساڵ و حەوت مانگ و حەوت ڕۆژی ڕەبەقە کە چاوەڕوانی پەرجووی ڕێژنەیەکی «حەوت ساڵ و حەوت مانگ و حەوت ڕۆژی تریش هەر گوژاڵکی هیوا دەجووم» تراویلکەی ئەندێشەکانت دەڕوێتەوە. بەئاگا دێیت «وەختە گڕ بگرم» یەکسەر نوقمی زەریای ئازارێکی پیرۆزی بێ سنوور دەبیت. ئێستاکە ڕەنگەکان خەستترن. ئێوارەکە، درەخت و بەلەم و خانگە قووچەکان لە زەردەچەوەیەکی ژەنگاری دەلەوتێنێ، تۆش جووتێ چاوی پڵنگانە لە خوار ئاوایی دەگریت و کونجەکەتان لە شێوەی تەنەکە ڕۆنێکی سووتاو دێتە پێش چاوت «یەکەم کەس بووم کە تەنەکە سووتاوەکەم لە سیلەی خانووە قوڕەکانەوە قوت کردەوە. ئیتر پەتاکە گیرۆ بوو؛ تەشەنەی کرد؛ بووە دوو... سێ... دە» بەکۆمەك و باربوو دەدوانزە کونجی هەمبەری یەکتریتان ڕاست کردەوە. وا هۆشت لای فاتەی ژنتە «دەبێ خەریکی چی بێت! ئای ڕۆژگارە... دەستی نایە سەرسکی و پێمی گوت وەکو ماسییەکی بزۆك دەجووڵێتەوە. وتم نۆبەرە هەر وا بزێو دەبێت. وتییەوە پیاوەکە خۆ لە فرتە ناکەوێت! من هیچم نەوت» خەندەیەکی تووڕە بەپاڵووی لێوتا گوزەر دەکات «ئەو چەند سەر مێیەش نەما کە بیاندۆشێت».

**تابلۆی دووەم:**

ئێوارەکە پتر بینی ڕەنگەکان دەخنکێنێ، تۆش هێدی هێدی بەرەو کونجەکەتان هەنگاو دەنێیت، بۆنی ماسیی هەڵخراو تێکەڵ بەهەناسەی زۆنگاوەکە دەبێت. هەنگاوی ڕەوەندانەی بەگوڕ هەڵدەبڕیت.هەنگاوەکانت ڕێگاکە دەپێچنەوە. دوور نزیك دەبێتەوە... بچووك گەورە دەبێتەوە «دڵێکی فاتە دەدەمەوە، شێرە لە باوەش دەگرم دەستیش بەتیکە ئاڵۆزەکەی نازەی کناچەما دێنم» ئاوڕێك لە زۆنگاوەکە دەدەیتەوە، لە وێوەش چاوەکانت شوێن پای ڕێکردنەکەت هەڵدەگرن و لە دووسێ شەقاو نزیکی خۆتا دەگیرسێنەوە. سەرنجی فەرهەنگی زەوی دەدەیت: سێ چوار گامێشی مرخن بەلاتەوە تێپەڕ دەبن «بەچاڵە خەڵووزی گەڕۆك دەکەن!» سەرنجی فەرهەنگی نێوان ئاسمان و زەوی دەدەیت: بەژنی دار خورمایەکی ڕێك بەرپەرچی چاوت دەوەستێ. لە خوارەوە نیگات بە گرێچنی قەدی دارەکەوە هەڵدەکشێت و لە هێشووی خەلاڵەکاندا دەتوێتەوە. «بەژن و باڵا زراوێکم دەخاتە یاد کە ڕەدوو کەوتەی ئاتەشەکی بێ وچاوو ڕووی ئەوتۆ بوو، چمکی کراسەکەی بۆ هەر نەختینە و دراوێك بڵند دەکردەوە و هەمیشە هەرزان فرۆش بوو!!» سەرنجی فەرهەنگی ئاسمان دەدەیت: هەورێکی نەزۆك دەبینی. «دڵم لە زەوی تۆراوە. دڵم لە نێوان

ئاسمان و زەوی تۆراوە. دڵم لە ئاسمانیش تۆراوە» تەنانەت دڵت لە ئێوارەکەش دەتۆرێ. وا لە دوورەوە، زەل و قامیشە تەڕچکەکان پەرکەم دەیانگرێت و لە حەپەی سەگێکی گەڕوی وریا دەبیتەوە. «سەگە بۆرە، هەر بۆ خۆت بوەڕێ و قەپاڵ لە بۆشایی بگرە» هەنگاوی سەنگین دەبەیت، ئەو کلکی دەخاتە ناو گەڵی و چاوە بازنەییەکانی بەشەپۆڵێ قازیقوڵینگ و ماسیگرەی زیقنەوە هەڵدەواسێت. تۆ چاو دەنووقێنی و چاو دەکەیتەوە.

**تابلۆی سێیەم:**

فاتە بەکراسی چیتە ئاڵ و سوخمە توێکڵە پیازییەکەیەوە پێشوازیت دەکات. شێرە پەلاماری لاقت دەدات و تۆش پەلی بۆ درێژ دەکەیت و چەند جارێك هەڵیدەدەیتە حەواو دەیگریتەوە، گۆنای نازەش ڕادەمووسی.

لەو بەرەوەتان، تۆڕەوانەکەی ئاشنات وا تۆڕ و سەوڵ و کەرەستەکانی لە کۆڵ دادەگرێ و بزەیەکت لە ڕوویا بۆ دەکێشێ بەدەست و بازووە مسییەکەشی سڵاوت بۆ ڕەوانە دەکات. ئەویش (ماهوودە) کە وەکو سێبەری سەگێکی دڵسۆز پێوەی لکاوە! بیر دەکەیتەوە. «سەگ لێرە و لەوێ هەر سووك و ڕیسوایە!»

– بابە ئەو خڕانە چی بوون بەسەر شانی باوکی ماهوودەوە!؟

فاتە پێش دەکەوێ : کوڕم ماسییان پێ دەگرێت. خۆت پێ ناگیرێ و دەمی شارەزایی دەکەیتەوە:

– ئەوانە خڕۆکەی قوڕقوشمن بۆ ئەوەی تۆڕەکە قورس بێت و ڕۆ بچێتە خوار.

ناتەوێ بەولاوەتریان لەلا بدرکێنی و باس لە قووڵایی ژێر ئاو بکەیت– وەکو شارییەکە ئاگادارتانی کرد– نەوەك زیرەیان بچێ؛ بەڵام خۆت وا شەوی ژێر ئەو زۆنگاوەت لێوە دیارە. ئەختەبووت و جلە حەوت سەرییەکان دەبینی کە پەلە شلە مژەرەکانیان– وەکو شارییەکە وتی– بۆ هەر لایەك دەنێرن. «خڕۆکە قوڕقوشمینەکانی تۆڕەوانیش لە مشتنی ئەو ئەختە بووت و جلە نەگریسانە قوتار نابێ!!» دڵت دەگوشرێ. خێزانەکەت لە ئامێز دەگری و لە چەشنی تاڵە بسکی خۆرنشین، بەکاوە خۆیی دەخزێنە ناو کونجەکەتانەوە، بۆ ئەوەی پێکەوە لەگەڵ مانگەشەودا بنوون و لەگەڵ گزنگدا پێکەوە ڕاپەڕن. چونکە تۆ لەگەڵ هەیاسەکانی تردا تێکەڵاوی خشت و خۆڵ و ئاو دەبیت «شەوی مێشولەیی واش بووە کە خەوم زڕاوە و گوێم بۆ پاشکۆی لاوکێك هەڵخستووە، یان بەیتێکی قۆچ عوسمان شەونخوونی کردووم «قۆچ عوسمان دەرێ خولا خراکا ماڵە

شەیتان و شمری دەنا بەکارە. ئەنگۆ چل کەس دەگەڵ ئەمن بکەن مەرج و قەرارە. بگرنە مراوییەکی باڵ کوورِ و دەگەڵ بازێکی خاسە تەوارە...»

مانگە شەوەی ڕابردووت هەرگیز لە بیر ناچێت کە شێرە سەرنجی هەورە زیوینەکانی دەدا:

– بابە... بابە، توخوا ئەو هەورانە بەئەسپ و ماین ناکەن!؟

زەخمەکەی دڵت کولایەوە «ئەسپ و ماین هەرچەندە سوارچاکیان دەوێ بەڵام، هەوری پڕ حەوت ئاسمانیش بەگوێرەی تنۆکێك ئاو تینووتیم ناشکێنێ» تەنیا وەرامت ئەوەبوو کە توند لە باوەشت گرت و چاوەکانت پڕ بوون لە فرمێسك، ئەگینا دەمێکە هەر وەکو چاوت بەئاوێکی تەلیسماوی شۆردرابن، شتەکان بەجۆرێکی دیکە دەبینی. دوورتر دەبینی. قووڵتر دەبینی بەرینتر دەبینی. «باوکی ماهوودیش ئێمە ئاسایی، هەژارێکی ڕەنجدەرە، هەموو چەوساوەین، وا هێڵ و نیگارەکانی شارییەکەم لە پێش چاوە کە ئەو دەمە وامدەزانی گوێزم بۆ دەژمێرێ»... دەی... سبەینێ ئێوارەش وەك هەر ئێوارانێك، مەلە و سناوێك دەکەیت و لە شێوەی زیندەوەرێکی ئاوەکی و بەلەسە، ڕوو لە شۆرەکاتی ڕۆخ و بۆدرِی زۆنگاوەکە دەکەیتەوە. هیوا و چاوەڕوانی لە مۆختدا وەکو دوو کەڵەکێوی، دەکەونە نەبەرد و زۆرانبازییەکی خوێنین... ئەوساکە بەدەنگی بڵند بەخۆت دەڵێیتەوە «نەخۆشییەکە لە خۆمانە... لە خۆمان...»

حوزەیرانی ١٩٨٠

# پاسکیل

ئەم نهۆم و ئەو نهۆمی ئاپارتمانەکەیان پێ کرد. پێچەڵ پێچی پەیژەکان بڕستیان لێ بڕی. تووك و نەفرەتی لە خوای شەڕ و تاریکی کرد. لای قژ خورماییەکەوە لەنگەری بەست. ئەم ناوی (کاکە) نەبوو، بەڵام ئەو شۆخە قژ خورماییە بەئاوازێکی ئەوتۆ دەیوت، بەجۆرێك حەزی کرد باوکی وای ناو نابایە، ئەمجارە ئافەرینی بۆ ئەدیسۆن ڕەوانە کرد و... دەمارەکانی شل بوون وەکو کەسێك جووتێ ڤالیۆمی پێنجی قووت دابێ، بەڵام، پەنجە ڕند و خرپنەکان چێکەکەیان بۆ (کاکە) نووسی، کاکەش تیلی چاوێکی لاساری بە خەناوکەکەیەوە شۆڕ کردە ناو کراسە قۆپچە هەمیشە ترازاوەکەی. هەستی بەبرسییەتییەکی ناکاوی کرد! نەوسی بۆ ژەمێك تکاو مڕی بۆ هەمبەرگەرێکی سەر پێیی خۆش کرد. کاکە نەیزانی ئارایشی دەستکرد و بۆیەی تەفرەدەر چۆن تابلۆیەکی لە پێش چاوی ڕازاندەوە!! ملی شینە شاهۆی دی. بەژنی عەرعەری دی. چاوی مانگا کێویشی، تەنانەت، لەلای ئەو لەش و لارە دەرپەڕیوە دۆزییەوە. دیسان، بۆ خوارەوە. تەزبیحێك نەحلەت. جارێکی دی بۆ سەرەوە. هەزار و یەك ئافەرین...

بۆ دوایین جار لەگەڵ پەیژەکاندا، تێکەڵاوی زەوی بوو. ئۆخەی... لە سیلەی ئاپارتمانەکەوە لای کردەوە. شەقامە سیخناخەکە لە ئامێزی گرت. لای بانقێك وەستا. ناوی بانقەکەی خوێندەوە. چووە ژوورەوە، لە ژوورەوە؛ چاوەڕوانی و جانتای ئاووس لەگەڵ ئێشی پاژنەکەی، چاویان ئەبڵەق کرد. ژمێریارەکە پێنج دینارەکەی دایێ، ئەم شەرمی بەخۆی هات. لە دەرەوە، لای کۆگایەك، پێنج دیناری تریشی لە گیرفانی خۆی هاویشتە سەری و بەخۆشی خۆشی پاسکیلە سێ پاچکەکەی هەڵگرت.

هەر بەدەم ڕێگاوەش بەخۆی گوت:

– هاسان نییە مرۆڤ بتوانێ چرکەیەك لە ژیانی خۆی ڕاو بکات و لە چوارچێوەی وشەدا بیگریت.

# پەڵەیەکی چڵکن

ئەو ڕۆژە لە ڕۆژنامەیەکدا نووسرابوو کە: [منداڵێك لە برسانا مردووە] خۆ ئەگەر خاوەن ڕۆژنامەکە بام، شەقازللەیەکم دەسرەواندە بناگوێی ئەم هەواڵنووسە... دەمگوت:

– ڕۆڵە تاکە منداڵێکی چی! وا بە بەتالیۆن دەیانمرێنن.

خۆ ئەگەر بهاتایە وەرام:

– باشە لە کوێ!؟

دەمگوت: سەرنجی نەخشەی زەوی بدە و لە هەر جێگایەك پەڵەیەکی چڵکنت دی ئا لەوێ...

– وەکو!

– وەکو... وەکو... دیارە کوێری، ئەو گشت پەڵە چڵکنانە نادینی! باشە وەکو ئێرە...

کە سەر بڵند دەکاتەوە، پەنجەم لەسەر جێگایەك دەبینێ، پەنجەم هەندە بەنەخشەکەوە توندە وەك بمەوێ لەو پەڵەیەوە کونی بکەم... ئەمە خەیاڵی پڵاوە، ئەگینا،... هیچ... خۆ نە من خاوەن ڕۆژنامەم و نە کەسیش بەکڵاوی من ڕۆشنایی دەپێوێ.

شوباتی ١٩٨١

# پەڕەنگ

# کەشتییەوانێکی چکۆلانە

بەدایکی «ئاری»م وت:

– خۆ گرەوەکەی لێم بردەوە! نەك هەر دەرچوو، بەڵکو بە یەکەمیش!

– کەواتە دیدەنییەکەی بەغدای پێ بکە. ئێمە لەو بەولاوە کێمان هەیە. ئالآیە ئوتوو لێدانەکەی. منیش چاوم بەرۆژنامەکەوە نووساند. لەپڕ وتییەوە:

– باوکی ئاری... دەڵێن لە گەرماوەکەی «بولاغ» ژنێکی ناسراو ئەمڕۆ منداڵێکی کۆرپەی دزیوە!!

رۆژنامەکەم لادا: چۆن؟ بۆ؟! دیارە...

– لە ناو بوخچەکەیدا، مەلۆتکەکەی شاردبووەو، خونچەی ناتر لەبەر ئاستانەی گەرماوەکەدا، گوێی لە زریکەی ساواکە دەبێت و ...

ڕاستییەکەی... حەپەسام.

– ... باوکی ئاری، دەڵێن ژنەکە نەزۆکەو بەسەد پاڕانەوەو نزا مەلۆتکەکەیان لێ سەندۆتەوە!!

چاوێکی گڕ دا. وام هەست کرد کە چاو بۆ ئاری دەگێڕێ.

وتم: دونیایەکی سەیرە! ئاری لە کوێ بووی؟

– بابە گیان، لای کەشتییەکانم بووم.

ڕامگەیاند کە ئامادە بێت و سبەینێ دەچین بۆ بەغدا.

گەشایەوە. دەستەکانی بوون بەلاو لاو لە ملم ئالآن. بە لا چاوێکەوە ڕوانیمە دایکی ئاری. ئەویش لە زەردەخەنەیەك بەولاوە هیچی هەڵنەوەراند.

***

ئێستاکانێ، لە ڕۆخی دیجلەدا چاوەنواڕی کەشتییەکەین بۆ ئەوەی گەشتێکی شەوانە بکەین.

– بابە، هەتا هاتنی کەشتییەکە لەو یاریگایە خەریکی خلیسکانێ دەبم.

– دوور نەکەویتەوە.

ڕۆیشت. (وا بەپەیژە ئاسنینەکاندا، سەر دەکەوێت. وا سەرە قژنەکەی دەردەکەوێت.. ئەویش ناو قەدی. تەنانەت لێرەوەش، ڕەنگی سەندەڵەکەی بەدی دەکەم. خۆ کتومت بەگەمییەك دەکات لە ئاسۆی دوورەوە، نزیك ببێتەوە. وا خزایە خوارەوە. هەمدیسان سووڕایەوە بۆ لای پەیژەکان) کەوا بوو... دەرفەتێکی باشە بۆ ئەوەی مەراقی «ئاری» تان بۆ ڕوون بکەمەوە.

ئێوارانێك، لە وانەکانی ببووەوە. دیم چیرۆکێکی نیگارینی بەدەستەوەیە. پێم وت: «ئاری ئەمڕۆ چیرۆك ناخوێنینەوە»». سەرسام بوو. «خۆمان بە شتێکی دیکە خەریك دەکەین». بەلایەوە نائاسایی بوو. «دەبرۆ، قاچی و پەڕە کاغەزێکم بۆ بێنە». وتی: «سپی!»

وتم: «ئەگەر ڕەنگدار بێت لەبار ترە» وتییەوە: « پەڕەی زەردت بۆ بێنم؟» وتم: «ئارەزووی خۆتە» قاچی و کاغەزێکی زەردباوی هێنا. «... دانیشە. ئێستا ئەو کاغەزە دەکەین بەچوارگۆشەیی... «ئە... ئاوها.» لەبەر چاوی، نوشتە ئاسایی دوو توێم کرد. زیادەکەشم لێ بڕی. «... ئێستا کە چوار گۆشەییە؟ نا؟» من وتم. ئەو بەبێ دڵی وەڵامی دایەوە. «... وا دوو جار کاغەزەکە دەنووشتێنمەوە» حەپەسا. جاری یەکەم شێوەی لاکێشەی وەرگرت و جاری دووەمیش بووە چوارگۆشەیەکی بچووك.«... ئاری، ئەم سووچەت دیوە کە چوار توێیە؟» بەسەر وتی: «ئا». «چاوت لێ بێ. یەك پەڕەیان بەم لاو سێ پەرەکەی تریشی بەو لاوە دەنوشتێنمەوە.» بەسەرسامییەکەوە هاتە وەڵام:

– خۆ بەنوشتەکەی سەر شانی کوڕەکەی ئەو لامانەوە دەکات بەڵام هینەکەی ئەو سەوزە!

قسەکەم پێ بڕی: تۆ سەرنجی ئەم گیرفانە بدە! هەر بەدەم ئاخاوتنەوە، گیرفانە سێ گۆشەییەکم بەپێچەوانە قەد کرد.

– ... ئێستاکانێ... وریا بە... دەبێت... بە... کەشتی... هەردوو گۆشە قەد کراوەکەم کردەوە. ئاری پەلاماری دا و هاواری کرد: خۆ بەکەشتییەکەی ناو کتێبەکەم دەکات!!

***

ئا لەو ڕۆژەوە، ئاری کەوتۆتە خولیاو کەڵکەڵەی ئەوەوە کەشتییە کاغەزینەکانی لە ناو ئاودا گڕ بدات. منیش ئینجانەیەکی پانکۆڵەم هەبوو– کە تۆوی هاوینانەو زستانانەم تێدا شین دەدا– بۆم کردە دەریاچەی کەشتییەکانی. ئیتر چەندین کەشتیی ڕەنگاو ڕەنگی

هەمە بابەتی تێدا دەخولاندەوە. تەنانەت ژیرانەش پەرۆشی ئەوە بوو کە گچکەترین کەشتی دروست بکات. وەك پاسەوانی لەتکە نۆکی ماڵ ئاغا، لە عاست ئینجانەکەدا ئانشکی دادەدا، منیش سەرنجی دەست و چاو و برۆیم دەدا. ڕۆژێك بە ئاریم گوت:

(تاوستانێك پێش ئەوەی تۆ لە دایك ببیت، من و دایکت لە کەناری بسفۆر دانیشتبووین- لە بارەی بسفۆرەوە پرسیاری کردو وەڵامی پێویستی وەرگرت- ئاری گیان، کەشتییە گەورەکان ڕێکاری ئاوەکەیان دەشڵەقاند. لەو ئاقارەش، منداڵێکی هەرزەو چوستی وەك ئێستای تۆ، بە سەبەتە وردە ماسیی دەگرت و بەهامشۆکەرانی دەفرۆشت. ئاری، کەشتییەکان وەك گەڕەکێکی ڕووناك وا بوون. جمەیان دەهات. پێشبڕکێیان دەکرد. هەر لای چەپیشمانەوە، پیرێکی پەرپووت دەستی خستبووە ژێر چەناگەی. نازانم بۆ یەکسەر زانیم کە کەشتییەوانە: دەست و پیلی ڕووشا بوو، سەری بەکەللە سەری شێرە بەفرینە دەچوو. چوومە ویزەیەوە. ئاری گیان، شتی سەر سوڕێنەری دەوت لە مەڕ بەرزاو و نیشتاوی دەریاکان! پێی وتم: «دەزانی مشك پێش هەر زیندەوەرێك هەست بەخنکانی کەشتی دەکات؟»).

جا منیش پرسیم: « ئەی کێ ئازاترین کەسی ناو کەشتییە؟» پیرەکە وتی: «کەشتییەوان، ئەو دوا کەسە کەشتییە نقوم بووەکەی جێ بێڵێ.»

ئاری هەناسەیەکی هەڵکێشا: بابە، چەند حەز دەکەم ببم بە کەشتییەوانێکی بەجەرگ.

وتم: بۆ؟

وتی: بۆ ئەوەی مشکە ترسنۆکەکان قەلاچۆ بکەم. وا سەرنجی کاتژمێرەکەم دەدەم و لە پڕ دەنگی ئاری وەکو قاچییەکی تیژ، پەتی ئەندێشەکانم دەقرتێنێ.

- بابە، بابە. وا کەشتییەکە... هات... خۆ ڕاستە هەر بەگەڕەکێکی ڕووناك دەچێت!!

تەمموزی ۱۹۷۹

# شیوژاڵە

ژوورە تەنگەبەرەکەمان(٤×٣,٥)م، جاروبار، هەر بۆ یادگار بەشیوژاڵە ناو دەبەم. ئەو شیوە باریك و درێژە بەدیوی ناوەوەی ڕیخۆڵەی بەرانێکی ئەفسانەیی دەکرد، وەلێ ئەو جێگایەی ئێمەی گرتبووە خۆ، بەگەدەی ئەو نەهەنگە دەچوو کە یونس پێغەمبەری گرتە خۆ.

«دە دوانزەیەك بووین. بەردی نەرممان دەکردە سەرین و پیازی پیشاویش، جێگای زۆر دەرمانی دەگرتەوە. ئەوانەی بڕوایان شڵەقا، چوونە کۆرسی جرت کێشان و بەڕۆژی نیوەڕۆ بووکۆکەی منداڵانیان دزی.»

ئەمڕۆکە، بێ ئەوەی هۆیەك هەبێت و هەر لە هیچ و خۆڕایی، خۆم لەگەڵ خۆما کەوتمە وتووێژ. دایکی شوان پیاڵەیەك چای پڕ ڕەنگی بۆ خۆی داناو ئەوی منیشی نیواو نیو تێکرد، بۆ منداڵەکان بەشێ چاو سێ بەشی ئاوی گەرم، هەرە بچووکەکەیان نەبێ کە لەو ڕێژەیە بە دەر؛ قەیتانێك چایی و ئەو دواکەی ئاوی بۆڕی بوو. هەرچەندە بەچاو سەرنجی ئەو دیمەنەم دەدا، بەڵام بەگیان لەو شیوژاڵەیەدا بووم. دیارە ساڵەهای ساڵیش وەکو بزمارێکی پێنج گرێ، لەبەر چاوم بزر نابێ.

« دەڵێن گۆی زەوی لەسەر شاخی گایە. گا لەسەر ماسییە. ماسیش لە دەریای سوێرە. ماڵی ئێمەیش لەسەر ئەو گۆیە خڕەیە... مێژوو دەریایەکی شێت و هارە. هەندێك لوول دەدا. هەندێکی تر هەڵدەداتە کەنارێکی هێمن... هەندێکی تریش...» من کڕ بووم، کەچی لە ژوورەوەمدا؛ دوو کەس دەدوان.

– چۆن لە بیرمان بچێتەوە. شیوژاڵە بەشێکە لە ژیانمان. فێری کردین ببین بەچینکە بەرد و گوێ لە ترپەی دڵمان بگرین.

– ببین بەدەوەن و لە چاوی داڵ و باشوقە ون بین.

دەمویست بزانم ئەنجام بە چی دەگات! ئەو دووانە لە دەمەقاڵە و ململانێی خۆیان نەکەوتن.

کاف: با بێتەوە بیرم، ساڵی... ساڵی...

جـیـم: هــەر لــە قــوتـکـەکـەوە شۆڕ دەبـوویـتـە خـوار، یـەکسەر لـە ورگـی دێیـەکـەدا خـۆت دەدۆزییـەوە.

– ئـا... سـاڵ هـەزارو، هـەزارو نۆ سـەدو، نۆسـەدو شـەست و...

– لـە شـەخسـە ڕووتـەڵـەکـەی خـاڵـخـاڵانـەوە چـارەکـە سـاعـاتێکی نـاخـایـانـد خـۆت لـە «مـۆرد خـواردەی ژووروو» دەبـینـی.

کـات: بـەهـاری ئـەوێ لـە هـی ئێرە درێژ تر بوو.

جـێ: هـەر لـەوێشـەوە، بـەداوێن ژاڵـە سـپـیـیـەکـانـەوە خـۆی بـەگـەرووی بـەسـتـەکـەوە؛ گـرێ دەدا. خـۆ مـەگـەر بـەچـڵـە قـامـیـشـێك خـۆت شـۆڕ کـردایـەتـە نـاو شـیـوەکـەوە، ئـەگـیـنـا لـە بـەردە چـیـم بـتـرازێ چـی هـەبـوو نـاوچـەوانـت خـوێـنـاوی بـکـات!

کـات: زمـسـتـانـان ئـەو شـیـوە دەبـێـتـە ئـاوڕۆگـەی پـڕ سـۆزی ئـەو خـاڵـخـاڵانـەی کـە...

جـێ: کـە لـە کـەلـی «سـمـایـل بـەگـی»یـەوە بـەدیـنـاسـوورێـکـی نـوسـتـوو دەکـات.

کـاف: مـن بـۆ یـەکـەم جـار کـرێـش و ئـەسـپـێ و مـردووم لـەوێ بـیـنـی.

جـیـم: مـنـیـش بـۆ یـەکـەم جـار، لـەوێ فـێـری وریـایـی ڕێـوی و هـەڵـمـەتـی پـڵـنـگ بـووم.

– ئـەی تـەقـەڵـکـاری و درووومـان!

– ئـەی گـاگـۆڵـکـێ و سـکـە خـشـکـێ!!

لـە قـیـژەی شـیـلان، هـاتـمـە خـۆم. بـەخـۆمـم وت: «خـەنـجـەری دەبـان ژەنـگ هـەڵـنـاهـێـنـێ. مـرۆڤ لای مـن، لـە ئـەنـجـامـدا، بـەکـردەوەیـەتـی، نـەك لـە دڵـدا چـیـی شـاردبـێـتـەوە»

سـەرنـجـی پـیـاڵـەکـەم دا.

– دایـکـی شـوان مـێـشـی تـێ کـەوتـووە، ئـەگـەر مـاوە تـازەی بـکـەرەوە، گـەر نـەشـمـاوە... وا هـیـچ.

دایـکـی شـوان سـەرنـجـێـکـی تـایـبـەتـی دام. مـن یـەکـسـەر لـە نـیـازی گـەیـشـتـم چـونـکـە چـەنـد جـارێـك بـە گـوێـچـکـەی خـۆم لـێـم بـیـسـتـبـوو کـە بـەمـنـداڵـەکـانـی وتـووە: «ئـیـنـجـا چـیـیـە! کـەی مـێـش پـیـسـە! ئـەو بـاڵـەکـەی تـریـشـی نـوقـم کـەو ئـەوجـا بـیـهـاوە دەرەوە. خـێـرەکـەی لـەوە دایـە!!» بـیـرم لـەوتـایـە هـەنـدێ ژمـارەوە، هـەزارو نـۆ سـەدو شـەسـت و... ئـەوەنـدە... ئـەگـەر «ئـەوەنـدە»کـەی نـەبـێ ئـەوسـا دەبـێـتـە سـەدو نـەوەدو شـەش. بـاشـە ئـەگـەر کـاف لـە جـیـم بـپـرسـێـت: «نـۆزدە و شـەسـت و یـەك دەکـاتـە چـەنـد؟» دەبـێ وەڵامـی چـی بـێـت؟ «هـەشـتـا!!» نـەخـێـر. بـزانـە ژمـارە چـڵـۆن دەسـخـەڕۆمـان دەکـات!!

– هانێ، چایەکی تر، بەڵام کەمێك ترنگە.

بە «قەیناکات» وەڵامم دایەوەو ژمارە فسفۆرییەکانی ناو کۆمپیوتەری مێشکم کوژانەوە. ڕۆژگار هەر وا دەڕوات، ئەگینا هەر یەکەمان دەبینە بارخانەی قسە و دیمەن و کات و شوێن و... نازانم چی. چەند جارێکم بەخۆ گوتووە. لە ناو هاوڕێیانیشدا چەند پاتم کردۆتەوە کە: «بۆچ وا ناڕەوا بڕیار دەدەین؟»... «ڕەش یان سپی! دەبێ یان نابێ! تاریك یاخود ڕوون و... هیچی تر!» کەچی لە ڕاستیدا، وانییە. واش نەبووە، واش نابێت. دەبینی کەسێکی مەزن و پاڵێوراو، ناتەواویی ئەوتۆی لێ دەردەکەوێت کە لای هیچ نەفرەت لێکراوێك بەدی ناکرێت! ئێمە مانان لەو شیوژاڵەیەدا، شتی ئەوتۆمان دەکرد کە لە ژیانی ئاساییماندا دەگمەن بوو! لە بیرمە کابرایەك ناوی لە لیستەی نەیارو بەدفەڕەکان بوو کە هەمیشە لە تەنگانەدا دەرمان و پێداویستییەکانمانی ئامادە دەکرد! هەموو ناتەواوین. ناتەواویی منیش ئەوەیە کە ژیانی ئێستا و ڕابردووم لەلا تێکەڵاو دەبێ و بە یەك چاو دەیانبینم، بەڵگەشم ئەم شیوژاڵەیەیە کە باسی لێوە دەکەم.

وتم: دایکی شوان، کە هاتنە «ناسر و میسر» شوان چەند ساڵان دەبوو؟

– ئا... ئەوەندە دەبوو.

لە بۆشایی تارمەکەدا باڵایەکی کێشاو منیش هەڵمگەڕاندە زمانی ژمارە.

– واتە بڵێ پێنج شەش ساڵان و لە هیچ مەترسێ.

سێرکە چۆن نرخی کاتمان لە لانییە! نەوەك ڕۆژ و مانگ، بگرە ساڵی لە دایك بوونیشمان نازانین! بۆ نموونە، تۆ لە ساڵی گرانییەکەدا تولەك بوویتە. ئەو لەو ساڵەی کە دووەمین جار چەمچەماڵ ئاو بردی؛ دەس (بە) سمێڵ بووە! منیش با بڵێم لە ساڵی شیوژاڵەکەدا تازە ڕدێنم دەتاشی.

– بابە، دێراوەکەی ئەو لا ئاو دەدەم.

ئەوەی وت و شوان ملی سۆندەکەی گرت. باخچەکەمان شەش بەدوانزە میترە. لە چوار لاوە، نزیکەی میترێکی لێ جیا کراوەتەوە بۆ ئەشرەفی و مێخەك و عەتر و سەعدونی و داوودی و شەوبۆ و دەمە شێر و پەنسێ و دالیە. ئێستاکە بنجێ نازنازو هەندێ گوڵە خۆڕسکم لێوە دیارە کە ناویان نازانم. لای چەپەوە. دار پرتەقاڵ و لیمۆ ترش و سندی و نارنجەکان، سێبەری خەست ڕۆ دەکەنە زەوی بەجۆرێك چیمەنەکەی لای چەپیان لاواز و زەرد کردووە. لای دەرگای دەرەوە چوار مێوی هەمەڕەنگ هەڵگژاونەتە سەر ئەو کەپرەی

پێرارەکە بە سپی بۆیەم کرد. دوو دار قەیسیش، یەکێکیان پارەکە بڕیمەوە، ئێستاش کۆتەرەکەی هەر ماوە. ئەوەی تر، هەڕەشەم لێ کردووە ئەگەر بەر نەگرێت، لە بێخەوە ڕیشە کێشی دەکەم. گوایە دەڵێن: هەڕەشە کردن بۆ داری بەری سوود بەخشە! بۆیە هەر بۆ ئەزموون هێشتمەوە. شەوێکی پێشتر وڵە گاسنی خۆی لە دێراوی لای پەنجەرەکەوە گێڕا بوو.

ئای کە پەلەوەرێکی بەد سەکوتە! پەلەوەر! تاوانە ئەگەر بەپەلەوەر ناوی بەریت، بەڵکو جانەوەرێکی تووك تاڵە. خۆ سەرەڕای ئەو قورسییەش هەڵدەفڕێ و لە کەوتنا شڵپەی لێوە دێت! سامان جارێك بەچیلکەیەکەوە جێ هەڵدڕانەکەی، هەڵگرت. ئێمەش بەگسك و تیرۆك و گەڵا کوتکەوە چاوەڕوانی پلیشاندنەوەی وڵەکە بووین، کەچی مایە پووچ بووین. دایکی شوان زۆر لەو جانەوەرە بەد فەساڵە تۆقی دەچێت. ئەوەتانێ تاخمی چایەکەی کۆ دەکاتەوە، منداڵەکانیش جۆ بڵاویان کردووە.

تەنیایی، دیسانەوە دەماری شیوژاڵەییم دەبزوێنێ. «ئاو ڕۆشنکەرەوەیەك لە ڕووکاری چاڵاوە لێخنەکەدا لە کۆششێکی بازنەیی دابوو. لەوێ بەوانم وت: من، تۆ، ئەو دەبێ هەر چرکەیەکی ڕاکردوو لەم کاتە بدەوەدا ڕاو بکەین... هەڵیشێلین... هەوێنی بکەین و پاشان بۆ وەچەکانی ئایندە بیکەین بەحەب و کەپسوول. ئێمە لێرە سەقامگیر دەبین. ژەنگ دەمانگرێ و ...»

بۆ بەیانییەکەی، تەمو مژ دەرفەتی بینینی چوار شەقاوی بەچاکی نە دەدا کە کەوڵی ئاورشمینەکەم داماڵی. کەوڵێکی خاکیم پۆشی. پێڵاوی ئاسنینم لە پێ کرد و خۆت بگرە چەم و زوورگ و بۆدڕ و قەمچ و زەردەکانی خاڵخاڵان و بانمەقان و حوشترمل و شیوە سوور و سەیدان و...و... و بووم بەکۆمەڵێك خەڵك. بووم بەباڵندەی هۆماو گشت پەرندەکانم لە خۆ کۆکردەوە، پەپوولە سلێمان و قولنگ، کەومارو مێشەسی و ڕەشۆڵە و شینە شاهۆ و کلاو کوڕە و زەرنەقوتە، بۆ ئەوەی دڵی زەوی، جەرگی زەوی، هەناوی زەوی ئاو بدەین. وەکو لعازارێك ژیامەوە. لە تاکێکەوە بووم بەمرۆڤێك.

– باوکی شوان، با جێگاکەت بەرمە ژوورەوە. مەگەر ئاگات لێ نییە هەتاو هاتۆتە سەرت! خۆ ورچ پاتی نەلێستۆتەوە!!

هەستام. کشتەکی خەیاڵم پسایەوە. بەشپرزەییەوە ڕووم لە ژوورە شیوژاڵەکەم کرد.

تەمموزی ١٩٨٠

## برایم شۆڕاوی

دەنگی یەکەم: مامۆستاکەی برایم.

دوو سێ پەڵەی قاوەیی کاڵی لەتەك دار تووێك دانا. چەند هێڵێکی گێڕو گەواڵیشی کێشا. کشایە دواوە.

– مامۆستا ئەم خانووە قوڕەی پاڵ ئەم تووە، ماڵمان بووە. ئەمیش کۆلیتی مرو عەلەکانە، کە...

وەك بیەوێ دیمەنی تر بهاوێتە پێش چاوی، «بێ دەنگی»یەکی خستە نێوان ئاخاوتنەکەیەوە.

– ... مانگایەکمان هەبووە، دایکم دۆشیویە. دایکم دەڵێ خۆشمان دەویست هەروەکو یەکێك بێت لە خێزانەکەمان. لە ژووری مامۆستایاندا، باسم لەو دەکرد. مامۆستایەك وتی:

– ئەو برایمەی کە وەك بەردە سیلە لای دەرگاکەوە دەچەقی خەڵکی شۆڕاوە.

پەنجەی لەسەر دوو پەڵەی نیگارەکە دانا. ئەوجا لەسەرخۆ داخاوت:

– ئەمەیان بۆرەیەو ئەویشیان بازەیە.

پێمی ڕاگەیاند کە دوو سەگی دڵسۆزی مێگەلی ئاوایی بوونە من هەر مات و بێ دەنگ بووم بەو نیازەی زیاتر لە چورتم و ژیانی برایم هەڵکەڕێنم.

– مامۆستا، ئەم سەوزییانەش پاوەن و لەوەڕگای دێ بوونە. کە پرسیم: ئەی باوکت؟

برایم، ڕەنگی تێکشێوا، هەروەکو بیەوێ ڕێ لە تنۆکێ فرمێسکی لاسار بگرێت برژانگەکانی وەکو جووتە باڵی پەپوولەیەکی ڕەشترووکانەوە وتمەوە:

– ئافەرین. نیگارەکەت زۆر جوانە بەڵام ئەوسا تۆ لە بێشکەدا بوویتە، ئەو هەموو شتانەت چۆن لە پێش چاوە!؟

گوزرە قژێك بەر چاوی گرتبوو، لایدا، کە ئەو دەمە بەهۆی تیشك دانەوەی مینای پەنجەرەکەوە، ڕەنگی تووتیای گرتبووە خۆ لێوی تەڕ کرد:

– مامۆستا وشیار، دایکم هەندەی لام گێڕاوەتەوە وەك ئەوەی سەدان جار، بست بەبست

شۆڕاوم دیبێت وایە لام. وتم: برایم حەز دەکەیت ئەم نیگارەت لە پێشانگای ساڵانەی قوتابخانەکەمان بەشداری بکات؟

گەشکە گرتی. پڕ چاویشی بوو لە فرمێسکی شادی و سەرتاپای کەوتە جومبوش و خەندەوە.

دەنگی دووەم: کارگوزای قوتابخانەکە

هەموو ڕۆژێك چاوم لە برایمە. هەر کە لە پێچی کۆڵانەکەوە دەرکەوت، هەنگاوی لەزگین دەنێت. شەرمنانە ماندوو نەبوونم لێ دەکات و دەڵێ: «چۆنی مام سەید؟» دوایی گورج بەلای ڕاستدا، ڕوو لە پۆلی پێنجەم دەکات و دێتەوە بۆ ئەو گۆشەیەی کە کورسییە لاسەنگەکەمی لێیە. لەوێیوە، جگەرە بەجگەرە دەسپێرم، ئەویش چاو لە قوتابیان دەبڕێ. جاروبار بزەیەك دەیگرێ، لەوەش بترازێ هەمیشە وەکو پیاوێکی بچکۆلانەی مەند، دەم دەنووقێنێ و سیمای خەمێکی پێش وەختی پێوە دەلکێ. بەتایبەت برژانگە پڕو درێژو پەیوەستەکانی، سێبەری پەژارەیەکی سووکەڵە ڕۆ دەکات. دایکی وتی: «ماڵمان وا لە ڕەحیماوای کۆن، لە نزیك کارگەی چەو بژێرەکە» چەند شەقاوێکیش بەو لایانەوە، لوولەی گاز و نەوتەکان، خڕی «خاسە» دەبڕن. لەم لاشەوە دەبن بەسنووری نێوان خانووە خشتەکانی کۆمپانیای نەوت و گەڕەکی مامۆستایان. شەوانە ئاگری باوە گوڕ گوڕ، ئەو گوزەرە دەکات بەڕۆژی ڕووناك. هەر لەبەر دەرگایانەوەش، منارە کەلەکەی « ئاسیاوە سوور» کە لمۆزی بۆ ئاسمانی تیماری خاسە درێژ دەکات. باوکم دەیووت: «هەموو جارێك کە لە دەلاقەی ئەو ئاشەوە، بانگاوازی ئاشبەتاڵ بڵند دەبووەوە سەدان باراش هاڕی شار و دێ ڕوویان تێ دەکرد. دەبووە جەنگی مەغلووبە.» خزمێکی دایکم لەو شۆڕاوە کرێ پاڵە بوو، ئەویش ئەو ساڵە لەگەڵ خەڵکەکەدا، بەکاسە و کەویل و نەووگ و پۆشاکیانەوە بوونە خڵتەی سەراو و لە خانووە قوڕەکانی لێواری ئەم کەرکووکەدا، پەنگانەوە.

دەنگی سێیەم: دایکی برایم

هەروە برووسکە و تریشقە، ئاسمانی دەجەڕاند، بەسواری گوێدرێژێکەوە ملمان لە شار نا. ئەوسا حەمەی برام لە تەکمان بوو. کۆڵانەو کۆڵان، لەبەر «تەکیە» و «قەڵا» و «گاور باخی» و »ئیمام قاسم» و... تاکو لەم کونجەی ئێستامان حەواینەوە. برایم زۆر جار دەپرسێت: «دایە باوکم وەکو تۆ خۆشمی دەویست؟» منیش بۆ ئەوەی باسی باوکی لە بیر بەرمەوە. باسی تری بۆ دەکەم «برایم پاش خوێندن تەبەقە هەنارەکەت بەرە بۆ ئەو بەر جادەکە»...

«باشە دایە گیان. هاوینان ترۆزی و کالیار دەفرۆشم... ئەگەر دوو بۆڵبەرینم بۆ پەیدا بکەیت»...

«بۆڵبەرین چییە؟»

دەستی درێژ کردە ژێر ڕایەخەکەو شتێکی دەرهێنا.

«سێرکە چۆن دەسووڕێتەوە!!»

«باشە کوڕم. تۆ لە کوێ و هاوین لە کوێ!»

«دایە گیان، عارەبانەیەکی لە تەختە بۆ دەکەم و...»

«چاکە. چاکە»

کۆتایی بە مەتەڵێك دەبڕمەوە. جار بووە بەدەم خەونی ئاچڕو باجڕەوە، ناوی باوکی هێناوە. یانیش ڕاچەنیوە.

«دایە کە گەورە بووم، ساقۆکەی باوکم لەبەر دەکەم».

ئا... بەو نیوە شەوانە، کشتەکی خەمی قوڕ بەسەریەکی وەکو من خاو دەکاتەوە. بەئاسپایی دایدەپۆشم. ئەوساکەش بیرەوەری دەبێتە شەوچەرەم. ئەمە چەند حەوتەیەك دەخایێنێ. دیسانەوە بەزمەکە دەست پێ دەکاتەوە. بەڕاستییەکەی باسی باوکی بەڕوونی نازانێت. ئەو کلۆڵە بەدەم کۆکینەوە پارچەی سییەکانی فڕێ دەدا هەتا ڕۆژێك ملی لار بووەوە. گۆڕەکەیمان هەر لە شۆراو جێ هێشت. ڕەنگە ئێستاکە لەگەڵ زەوی تەخت کرا بێت. شەوێك برایم خەریکی ڕەنگەکانی بوو. منیش جلکە خوماوییەکانم دەگۆڕی کە چاوم لێ بوو نیگاری دێیەکی دەکرد. سوێندت دەخوارد ئەو شۆراوەی جارانە. وتم: «برایم، کولەکەی ڕۆحم. ئالێرە بەراوێك هەبوو پاقلە و جۆمان لێ شین دەدا. هەر لە پشت خانوو بەرەکانەوەش، زوورگ و هەڵەتێکی زۆر، بۆ پاوەنی ئاوایی قەدەغە کرابوون».

شەوانە بەدەم لفکە چنینەوە باسی عەردو خانوو ئاو و هەوای شۆراو بەگوێچکەی برایما دەدەم، نەخوازا نانی سفڵەیی بگرێتە دەم و پشت لە گۆڕی باوکە کۆس کەوتەکەی بکات.

دەنگی چوارەم: هاورێیەکی برایم

هەر کە جانتاکەی دانا ڕاست بەلاتەکی سەید ڕەفیقی کار گوزارەوە دەترنجێ. من و ئەو لەسەر یەك تەختە دادەنیشین. پێشەکی وامزانی بۆ زەنگ لێدان لەوێ خۆی مەڵاس دەدات! کەچی وا نەبوو! زیرەکە و مامۆستایان بەتەنگییەوەن، سەر لە سەری دەسوون، بەتایبەت

ماموٚستای نیگار. نازانم چۆن لە خوێندن و نیگارکێشان جارس نابێت! حەوتەی پێشوو نیگارێکی لەسەر تابلۆی هەفتانەدا هەڵواسرا، بۆ ڕۆژی دوایی ڕانکێکی تازەی حەڵوایی لەبەر بوو کە بەچاکەتە حەڵواییەکەی ماموٚستا وشیار دەچوو! نازانم چۆن بوو برایم دەمی لێم کرد.

– دایکم دەڵێ جەژنی قوربانیشی پێ بەسەربەرە... سیروان، ئەوسا بەئارەزووی خۆم لە پای هەڵدەکێشم. ئەم برایم ڕەشیدە هەردەم دەست و پلی هەناراوییە! ئەوسا نەمدەناسی کە بایی دە فلس دەنکە هەنارم لێ کڕی. کاغەزێکی وەکو قەندە شەکر قوچکە کردو زیادانەشی دامێ. نیگاری باش دەکات، مەگەر برزۆی پۆلی شەشەم یەکتای ئەو بێت. نیگارەکەی بەچوار دەرزیلەی سەلك ڕەنگاو ڕەنگ دا کوترا بوو. نیگاری نەورۆز بوو. برێ منداڵی گەڕەك پێچکەی ئۆتۆمبیلیان کەڵەکە کرد بوو. یەکدووانێکیش سەلکە بزوتك و شاپڵێتەیان دەئاخنییە پێچکە کەڵەکە کراوەکان. نازانم بۆ ئەم برایمە، نا بزۆك و کەمدووە! قەت ئامبازی کەسیش نابێت!

دەنگی پێنجەم: برایم

دایکم گوتەنی: «بروٚکانم کتومت بەبروٚکانی باوکم دەچن» بروٚی مام سەیدیش یەکدگیرە! دوو ساڵان بووم کە خازەی خوشکم بەسوورێژە چووەو لە گۆڕستانی شۆراو لە پاڵ باوکم نێژراوە. ئەو هەردەو ملانەی دوور ئاوایی، دەمەو بەهاران بەگولیلکە کێوی دەڕازانەوە.

وتم: «جا... ماموٚستا، خەڵك بەبێڵە قانیەوە ڕوویان لەوێ دەکرد لە زەردەپەڕی ئێوارااندا بەکۆشێ دۆمەلان و چاڕۆکەی هەپڵۆك و پیشۆکەوە دەگەڕانەوە».

ئەو ڕۆژەی کە نیگارەکەمی دیت، دایکم بەدەم گریانەوە وتی: «خۆیەتی، بەڵام ئالێرە، برایم گیان چەپەرو تەیمانێك هەبوون. ئا لەوێ لەو لای خانگەکەشمان دار تووێکی چەماوە بکە» دایکم زۆر ئاوێزانی ئەو نیگارە بوو، بۆیە لە ژوور سەری دامکوتا. بەیانییان دەستەکانی ماچ دەکەم. ئەویش لەگەڵ دەستە خوشکێکیدا دەچن بۆ بەنگەڵەی پەتاتە و سێو خاوێن کردنەکە. باش بوو بەم دواییە ئەم دەرووەمان لێ کرایەوە، دەنا هەر جل شۆری و نانەوایی ماڵانی پێ دەبرا. خۆی وتەنی: «گەڵا کوتك و گڕی تەنوور لە پەلوپۆی خستووم». ئێواران کە هەنارەکەم فرۆشت تێر تێر لە باوەشم دەگرێ. بە ماموٚستا وشیارم وت:

– ئەم نیگارەم دە لەسەر دە وەرناگرێت؟

ئەو ڕووی لە قوتابیانی پۆلەکە کرد:

– هەفتەی داهاتوو نیگارەکانتان هەڵدەسەنگێنم.

ئای چەند حەز دەکەم کە نیگاری دێیەکەمان بەگشت خەڵکی ئەم شارە نیشان بدەم. ئەم «سیروانە»ی تەکم هەردەم چاو لە پەنجەکانم ناترووکێنێ و سەعاتەکەی وەکو نەدیتکە ڕادەنوێنێ! دیارە لەماڵەوە هەر خەریکی مزراحێنە! ڕۆژێك بەچاوی خۆم مستێ نەگدەو کەڵخووتم لە جانتاکەیدا دیت. کە چوومە پۆلی شەشەم بەدایکم دەڵێم سەعاتم بۆ بکرێت. ئا لە بیرم چوو کە بڵێم لە پۆلەکەماندا سێ «سیروان» ناو و دوو «ڕووبار» ناو هەن!

پێنج شەمووی ڕابردوو بارانێکی شەست دایکرد مامۆستای وەرزشمان لەکن بوو.

وتی: هەستن.

هەستاین.

دانیشن... دانیشتین.

دەستان بەرز بکەنەوە... بەرزمان کردەوە.

وا بکەن... وامان کرد.

دوایی بەپێکەنینەوە وتی: داباری ، داباری.

لە ئێمەیش وا بوو هەر مەشقە، بۆیە هەموو گوتمان: داباری، داباری. مامۆستای وەرزش هەندەی نەما لەبەر پێکەنین بتاسێ.

وتییەوە: دەی ڕۆیکە بەڵکو لەگەڵ ئەم دوو ڕووبارەو سیروانانە نوغرۆمان دەکەن.

پەنجەی بۆ سیروانەکەی تەنیشتم و دوو سیروانەی پاشەوە ئاراستە کرد. ئەو دوو سیروانە

زیرەك و هێمنن. وا دیارە لە ماڵەوە، هەڵماتێن و هەلووکێن و... هارەبانی ناکەن. لە بیرمە، لە پۆلی یەکەمین، ئەگەر یەکێك نەیزانیبایە، بەیەك دەنگ گشتمان، ڕوومان تێ دەکرد: نەیزانی وەی نەیزانی، گۆلکی بردە سەر کانی.

تشرینی دووەمی ١٩٨٠

## ژووری ژمارە یانزە

شوفێرەکە پیرێکی گۆشتن بوو: دوو چاوی پێڵوودار، نیو ساقۆیەکی دامە دامە. سیخورمەیەکم لە فەزیلە دا:

– بە کلۆنجەکەی پوورە ئایش ناکات!؟

لە زەردە پەڕی سۆشتەکەدا دامانی گرت: چاومان گرڕدا. دروشمی ڕەنگاو ڕەنگی جادەکان خەندە و بەڵێنیان دەتکاند. ڕاستە ڕێیەکەش ماشینی هەمە جۆرەی دەتفاندەوە.

وتم: با زووکەین چونکە شەوی بەغدا تاریکی دەرژێتەوە، پلیکانەکان، دەترەکان و بڵند دەبوونەوە، ئێمەیش لەگەڵیان دەسووڕاینەوەو سەردەکەوتین. هەناسەمان سوار بوو.

لە پشت مێزێکەوە دەمێك ئامێر ئاسا: «جێگامان نییە». بەرەو خوارەوە وەریچەرخاندین. جارێکی دیکە... لەمبەر... لەو بەری جادەکە، ئوتێلی سەرچنار، مستەفا، سیروان، باواجی و... تاوەکو: «جێگامان نییە» کە بووە خێسەو سەر ڕاوە شاندن!

– کچێ هەناسەم...

– منیش سەرە خولێمەو...

– تف لە مەڵاشووما بۆتە مەعجووم.

– منیش.

– غەوس و پیاوچاکانی لێ دەرچێ، ئەو دواکەی وێران دەبوو.

– ئامین. تۆ ئەمە هەڵگرە.

– ئەویش ئوتێلێکە.

نەوازشی یەکتریمان دایەوە بەجووتە سەرکەوتین. پەیژەکان خزو تەنگ بوون خۆم پێشکەوتم: شەو باش

م... م... م...

ورتەیەك. پەنجەی بۆ ترانسستەرەکە برد. حەسەن زیرەك کپ بوو

ئوتێلچییەکە: ژن و مێردن؟

– قاه... قاه... قاه... لەوە بەولاوە کەڵکی کام گۆبەنگ و گۆمەز دێین!

من وەرامم دایەوە. کلیلێکی دامێ. من و فەزیلە تەکانمان دا.

– ئۆخەی لە من وایە پوورەی هەنگم لە کلۆری دارا دۆزیوەتەوە.

– لە منیش وایە بازی شاهم لەسەر نیشتۆتەوە.

دەرگاکەمان داخست. ئینجا بەخۆمم وت: «بۆ هەر جێگایەك بچیت، هەردوو بەرەکەیە. بازۆکەشم ئاراستە بکەن، هەر دەیڵێم، یان گوشەری یان گوشراوی».

باوەشێکم لە فەزیلە دا و گورج چووم شەپێ ئاوم گەیاندە ڕووم. دوایی بوومە قارچك و لەبەر لووتی خاوەند ئوتێلەکەدا هەڵتۆقام. بوودەڵەیەکی وا بوو ئەوەی موو بێت بە تەپڵە سەرییەوە نەما بوو، وەلێ لە پشتەوە، وەستایانە، کلافە قژێکی کێشا بوو، بەتەرحێك کە بەشێك لە تیلاکییەکەی پێش سەری شارد بووەوە، هەر چەندەش لە کاتی نووسیندا منێکی قارچك بەچاکی چاوی لە بریقەی تەپڵی سەری دەبوو کە هەندە نەما بوو بەکەرتە ئاوێنەیەکی کچە دەشتەکییەکی بچوێنم بەڵام هەروەکو وتم قەفە قژە خوازدراوەکە، وەك کەتیرەی پێوە بێت، بەباشی کاری دەبینی. سەرەڕای ئەوەش، پاشماوەی وەسمەو شتی تر بەلا جانگەکانییەوە ئاشکرا بانگی مەحەمەدیان دەدا.

هەردوو پێناسەکەم دایێ، ئەو لێیان ورد بووەوە و منیش بەتیلەی چاو مەچەکە کوتراوەکەیم پشکاند. جووتێ بازنەی خوم ڕەنگی خوارو خێچی لێ کوترا بوو. لە بازنەی یەکەم، کەللە سەری درندەیەك بەشێرێکی تێرو تەسەلم چوواند، لەناو بازنەکەی تردا، پەڕندەیەك زۆر بەکوکوختی دەچوو. ئەو کوکوختییە خاڵێکی کوژکەیی بۆ کرا بوو بەچاو! (شێرو کوکوختی!) لەگەڵ خۆما وتووێژم کرد (دیارە هەمان بەزمەکەیە! هەر دەگەڕێینەوە بۆ لای گوشەرو گوشراوەکە!! ئەمە ڕاستییەکەو بەکۆڵێك پارەو خشڵ ناپۆشترێت.

گەڕامەوە لای فەزیلە. شەپۆلی هەناسە ورووژمی بۆ هێنام. وامزانی لە ئەنگوست و قژو جمگەکانییەوە هەناسە دەدات! دەرگاکەم لاونیو، پێوەدا. کلیلەکە چرووك و دەستکرد بوو، بەقەیتانێکی ڕەش هەڵواسرا بووە پلاستیکێك لە شێوەی دڵ. دڵە پلاستیکەکە، دیوێکی سەوز بوو، دیوەکەی تری سپی. لەسەر دیوە سەوزەکەی ژمارە (١١) کۆڵرا بوو کە یانزەکە سپی دەبینرا. دوو کەس لە ژوورەکەی تەکمانەوە بەدەنگی قاز دەدوان. باسیان لە کرۆناو داتسۆن و ڤاڵڤۆ بوو.

ئەم جووتە مێشکم دەهاڕن. هەیە لە سەرانسەری ژیانی شامپۆ لە قژی نەکەوتووە

کەچی مانگی دوو جارو سێ جار ئۆتۆمبیلەکەی بەشامپۆ دەشوات!! قەوانەکەیە... هەیە... هەشە...

هەڵدەستم، دەرگاکە خڕ دادەخەم و پانکاکە دەخەمە گڕو گەرمای نیوەڕۆم وەبیر دێت؛ بۆیە بەیەکێکی نادیار دەڵێم: «هاوینی بەغدا سێ هاوینەو لە یەك تەنووردا داخراون. جا وەرە لەم شارەدا بێ پارە بەو مەپیشێ! هەشە... نەحلەت لە شەیتان، دیارە بەردە قارەمانیش بخەنە سەر سنگم زمانم ناوەستێ، هەشە قاسەیەك و دووان بەشی پارەکانی ناکات. ئای، خۆ باس لە چی دەکەیت، ئەنجام دەگاتە گوشەر و گوشراوەکە! دیارە هەموو ڕێگایەك بۆ مەیدان، دەڕوات...».

ئای مەیدانەکەی نزیك حەیدەرخانە ئێستاکانێ وەکو هەگبەیەکی سیخناخ؛ هاژەو قاوە قاوت شەپۆل دەداتەوە ئای... سەردەمێك، چەقی ئەو مەیدانە عمومخانە بوو. بڕی یاساوڵ و پۆلیس ئەو کۆمەڵگا نەشاز و دابڕاوەیان پاس دەکرد. بازاڕ لە بازاڕی هەراجخانەکەی بەرامبەری گەرمتر بوو! لەو عموومخانەیە هەر ئارەزوویەك بەنرخی خۆی؛ کپ دەکرا، چونکە دەرباری– ئەو کاتە وایدەزانی کە هەر ڕێگایەك بۆ گۆگنەزەر دەڕوات! هەر لەوێشەوە، پاسی ژمارە چوار ئەوساو ئێستاش بەرەو کۆشکی سپی دەچێت.

لە هەڕەتی گەنجایەتیدا، لەو مەیدانەدا؛ فەزیلەیەکم ناسی. ناسیمەوە کە خەڵکی شارەکەمەو لە مێردە ئۆردیانەکەی هەڵاتووە. دەشمزانی کە جووتێ برای سمێڵ بەدەستی هەیە، فەزیلە منی بەهاو سۆزو جێ بناشتی خۆی دانا، هەڵبەتە لە هەر دیدەنییەکدا، بەکوڵ دەگریاو لە چاوی مریشکەوە دەیڕوانییە ئاکامە پڕ وەیەکەی خۆی. بەهەر حاڵ لام وابوو کە یەکتاو پاکیزەی وەك فەزیلە، نەبکەی و نەبخۆی، تەنیا سێری سای گەردنی بکەی. ڕوویەکی منداڵانە. لەش و لارێکی ڕسکاو. ملی قاز و باڵای عەرعەر و چاوی مامزم لەودا دەدۆزییەوە بۆیە وا هاتە سەرم کە لەو چڵکاوە پەلی ڕاکێشم: چل پەقرەنج ئاوی بەسەردا بکەم و گڵاوییەکەی حەوت جاران بەقوڕە سوور بشۆرمەوە، دواییش ڕوو لە شارێك بکەین و... شار! کام شار؟ وا بەدوو ناسنامەو بەهەزار کێشمە کێش جێگای کلکە قولێمان بۆتەوە! ئای تەمەنێکە... زەوی خولایەوە. گای بان پشتی ماسییەکە جۆقی لەراندو زۆر شت ژێرو سەربوو، ئەوسا کە قاپقاپی کەرکووك ناوبانگی کڵاشی هەرسینی و گەزۆی سلێمانی و نۆکی گەورە دێی هەبوو. قاپقاپێکی نایابم بەدەستەوە بوو لەگەڵ دوو لفکەی خۆماڵی کە خزامە کۆڵانەکەی فەزیلەوە. هێشتا پێچم نەکردبۆوە غەڵبە غەڵبێك هەنگاوەکانمی کورت کردەوە:

چی ببینم! ئاپوورەیە. لە ناوەندەوە خوێنێکی زۆر قەتماخەی گرتبوو. باوەشێن فرۆشێك گێڕایەوە گوایە ئەویش لە ئەحمەد ناوێك و ئەحمەدیش لە پینەدۆزەکەی سەر پێچەکە بیستبووی کە زەلامێکی سمێڵ قەوی وەکو کاوڕ فەزیلەی سەر بڕیوەو خۆی بەدەستەوە داوە.

پێش چاوم تاریك بوو.

(وەرە لەم ولاّتەدا ژن بە و پات هەڵخلیسکێ، خۆ سەگ ئاسا نان و دەرزیت دەرخوارد دەدەن).

نەمزانی قاپقاپ و لفکەکانم چی لێ کردو ڕووم لە شەقامی ڕەشید نا زەوی لە خولانەوەی خۆی نەکەوت. کەڵەگایەکەش هەر بەبان پشتی ماسییەکەوە بوو کە تووشم بوو بەتووشی ئەو فەزیلەیەی کە وەکو دوو هاوسەر؛ لەو ژووری ئۆتێلەدا داسەکناوین.

–فەزیلە، هەڵناستی؟

–م... م... م... مڕ...

– خەو دەبینی! دیارە ئێمەمانان لە خەون بینین و زگوزاکردن بترازێ چیمان پێ کراوە.

ڕووم وا لەپەنجەرەکەیە. چمکی پەردەکە لا دەبەم. لە کڕی پەردەکەوە، سێگۆشەیەکی درێژکۆڵەی ئاسمانم لێوە دیارە؛ سێگۆشەیەکی درێژکۆڵەی خامەکی. مانگ وا خەریکە ئاخڵە دەدات. لەو لاوەش پڕ بەچارۆکەیەك وردە ئەستێرە دەبینم گەشەکان چاو لە کزەکان هەڵدەتەکێنن...

شەقامەکەی خوارەوەش بەڕەشمارێکی سڕبووی ڕاکشاو دەبینم.

بەخۆم دەڵێم:

«سبەینێ هەر هەمان شەقام بەتینی خۆرەتاو سەدان هێلکەی مارو زاروو دەخاتەوە».

پشت لە پەنجەرەکە دەکەم. سێگۆشە خامەکییەکەی ئاسمان لە مێشکما چاپ دەبێت، بگرە سەدان سێگۆشەی ڕەنگین لە هۆش و هەستما؛ هەڵدەبەزێنەوە، لەناوەنیشیانەوە سێگۆشەیەکی چوزرەداری نەوسن ڕوو لە سێگۆشەیەکی بەرمودای تووکن دەکات. هەست بەچەشی هەنگوین دەکەم. لە لێواری قەرەوێلەکەدا دەچەسپێم.

– فەزیلە.

فەزیلە چاو دەپروێنێ.

منیش ناو لەپم وەکو کەوێکی دەستەمۆ بەسەر شەپیلکی شانی دەنیشێتەوە.

فەزیلە ڕووی ڕادە گوێزێ و ناوم دەبات.

– میرزا.

منیش ناوی دەبەمەوە: فەزیلە.

یەکتری دەگوشین بەو ئاواتەی کە پرۆژەی خەندەیەك بۆ شارەکەمان نزیك بکەینەوە. من ئەو دەگوشم و ئەو من دەگوشێ. جارێك من گوشەرم و ئەو گوشراو. جارێکی تر خۆم گوشراوم و ئەو گوشەر ئای...

هەمدیسان بەرەنگاری بەزمەکە بووینەوە! خۆ تاوانی سووتاندنی ڕایشتاخم بخەنە ئەستۆ، قسەی خۆ نادۆڕێنم، چونکە کێشەکە ئەنگرستوومێك لە ڕاستییەکە لای نەداوە یان گوشەری یان گوشراوی.

کوڵەمانگی ١٩٨١

# مەلۆتکە

لای مزگەوتەکەی حاجی شەفیقی زەنگنەوە، کزە بایەك بەهۆی قژی کوڕو کاڵەکانەوە خۆی نواند. ئاسمان پۆشاکە خۆڵەمێشییەکەی خۆی لەبەر کردبوو. لە گۆڕەپانی پایین مزگەوتەکەوەش، چەندانێك چاوەنۆڕی ترومبێل بوون. ریزێ لە خانووەکانی گەڕەکی زیویەی ئەو بەری خڕی خاسەیان، تەڵخ و خۆڵاوی لێوە دیار بوو.

کابرایەکی کەنەفت پەلی دووسێ وردیلەی سەرو خواری، گرتبوو. سێ هەرزەکارو دوو ئافرەتی باڵا پۆش وەستابوون لە تەك فەقێیەکی جوانکیلە کە ڕستێ کتێبی پەرپووت و زەرد داگەڕاوی بە بن هەنگڵەوە بوو.

پاسێکی پۆلۆنی وەستا. ڕاوەستاوەکان تەکانیان بۆ دا. جووتە ئافرەتە ڕەشپۆشەکە نەبزوان، لەو ئان و ساتەدا تاکسییەك هات و ئەمان دەستیان بۆ بەرز کردەوە بەپەلە پرووزێ خۆیان ئاخنییە حەوزی دواوە. تاکسییەکە بەلاچەپدا، بەچێوەی باخچەی چەق گۆڕەپانەکەدا خولایەوە لە هاوشانی بانزینخانەکە، شوفێرەکە گوڕی دایە –بیجۆ– کەی.

(ئای زەمانە. ڕەنجبەری ماڵ کوێخا سمایل بووم چۆن تاوم بە ماینەکەیان دەدا. دەتوت باڵی گرتووە و دەفرێ! چوار پەلی دەهاتنەوە یەك!)

سەیرێکی بەری قەڵای کرد. منارەکەی دانیال پێغەمبەری دی، بەخۆی گوت:

«ئەو منارەیە بەدرەوشێك دەچێت کە چەقیبێت لە جەرگی ئاسمان»

لە عاست ترافیکی سوپەر مارکتەکەدا، ناچار کرنووشی بۆ گڵۆپە سوورەکە برد. لە ناکاو گریانی کۆرپەیەکی هاتە بەر گوێ! ئەوەی بە شتێکی ئاسایی زانی. گڵۆپە کەسکەکە هەڵبوو. ئەو پرتاوی بۆ کردو پێشبڕکێی لە ئۆتۆمبیلەکانی نووای خۆی کرد. لای پردەکەی نزیك خانەقای سەید ئەحمەدەوە، بەلای ڕاستدا، ڕووەو شەقامی پزیشکان بایدایەوە. لەوێ، لە دەرفەتێکدا لەنگەری بەست و دوو ئافرەتەکەی ڕۆکرد. پای بە سکلێتەرەوە نا بۆ ڕاوکردنی کەسێکی بێ ئارام و بێزاری سەر شۆستەکان گەیشتە چوار ڕێیانەکەی ئەحمەد ئاغای کۆن. دیسانەوە پەردەی گوێی بەگریانی کۆرپەیەك لەڕایەوە! بۆیە گشت هەستەکانی لە گوێچکەیدا خڕ کردەوە. ئەمجا بەخۆی گوت: «گریانەکە بەوە دەچێ زۆر نزیك بێت!»

ئـا لـەم جادە جـەنجاڵـەدا دەیان دەنگ گوم دەبن، کەچی... وا بـەبن گوێمەوەیە!!» لە تۆی ئـاوێنەکەوە ئـاوڕی لە پاش خۆی دایەوە. هیچی نەدیت. چاوی هـەڵخستەوە بۆ قۆزتنەوەی ڕێبوارێك. نەخێر گریانەکە هـەمدیسانەوە شڵەژاندی. ئەم گلـەتە گومـان و دوودڵییەکەی بـووە ڕاستـی و چـەنـد شەقـاوێك بـەولاوە ڕاوەستـایـەوە. دابـەزی. بـەبـیـانـووی پشکنینـی پێچکەیـان، سوورێکی بەدەوری ترومبیلەکە دا. دڵی داخورپا! چاوی پەڕییە تەوقی سەری کە مەلۆتکەیەکی لە خوارووی کوشنی دواوە دیت!!

بەنەرمی لەسەرخۆ، دەرگاکەی کردەوە. سەری لە مەلۆتکەکە بردە پێش، پاش ئەوەی هەردوو چاوی هەڵگلۆفت، نەبادا هەڵیفرێوێنن دڵنیا بوو لەوەی کە دوو چاوی زیتی کۆرپەیەك بوو وەك دوو دانە هەڵماتی شووشە بریسکانەوە. تەوێڵی ساواکە لە چەشنی کانیلەیەکی ڕوون، کاری کردە دەروونی ڕەحیمی شوفێر.

کۆرپەکە سەرە لەقێی بۆ کردو ئەویش پەلاماری دا و لەسەر کوشنەکەی دانا. دەرگاکەی لێ داخست و بایدایەوە بۆ سەر ستێرنەکە.

(دەبێ لەو دوو ژنە جێ مابێت! بنیادەم چەند بێ بەزەییە! خۆ نەك مرۆ بەڵکو هیچ گیاندارێك بێچووی خۆی لە بیر ناکات! نا... نا. دیارە زۆڵەو بەئانقەست جێیان هێشتووە. چ قوڕاوێکەو تێکەوتم. باشە، چارە!؟ لە کوێ بیاندۆزمەوە؟ چۆن ئەم بیجەیان خستە ئەستۆی من... دۆزینەوەی چی. چاکتر وایە لە پەسێوی مزگەوتێکا داینێم، یان لە پەنای دیوارێکا فڕێی دەم. ڕەحیم خۆ تۆ کوڕە کەچەڵ نیت ئیتر بۆ بنێشتە تاڵ بەتەپڵی سەرتەوە دەنێی!

ئەی بۆ لە چاڵێکی ئەم بەستی خاسەیەدا، داینانێی! نا... نا... ئەم کۆرپەیە هیچ تاوانی نییە. من هیچیان ناکەم، نەبادا سەگە خوێڕی و دڕندە ورگی هەڵدڕن، یاخود لەبەر سەرما و برسێتی، ڕیخۆڵەکانی بەبڕبڕەی پشتییەوە بنووسێن. تاوانبار ئەوانەن کە دروستیان کردووە. باشتر وایە... بیدەم... بیبەم بۆ پۆلیس...خانە... بەڵکو ئەوان...)

لە پێش پۆلیسخانەی شاردا وەستا. مەلۆتکەکەی نایە یان مێزەکەو لە نووکەوە، ئەوەی دەیزانی، بە سانایی بۆ قومێسەرەکەی باس کرد. قومێسەرەکە چاوێکی گومانی ئاڕاستە کرد. دەنگە گڕەکەی گوتی:

– جا کێ نالێ گۆبەندێکی لە پاڵدا نییەو دەتەوێ لە کۆڵت ببێتەوە! یان...

ڕەحیم داوی قسەکەی پێ بڕی:

– قوربان، چۆنم وت هەر وایەو موویەك لە ڕاستی لام نەداوە. تۆ دەڵێی چی!!

– ئەمانە لای معاون بڵێ.

معاونیش بۆ ساخکردنەوەی گرفتەکە، ڕەحیمی لە تەك پۆلیسێکی چەکدارا، هەناردە نەخۆشخانە بۆ زانینی هەر پەیوەندییەك لە نێوان مەلۆتکەکەو ڕەحیم. لەوێندەرێ چەند جارێك بانگ کراو خوێن و شتی تری لێ وەرگیرا.

معاونەکە ڕاپۆرتەکەی لە چاوە دەرپۆقیوەکانی نزیك کردەوەو فرامۆشییەکی هاتەوە.

– کاك ڕەحیم، لێمان زویر مەبە... بەداخەوە داوای بوردنت لێ دەکەم. چونکە گومانەکەمان بەجێ بوو...

ڕەحیم ئاگای لە برسێتیی نەما بوو، کە بەتوندی گوتی:

– قوربان وەکو عەرزم کردی، هۆیەکی نادیار پاڵی پێوە نام کە ئاگادارتان بکەم. خۆ دڵم لە سەنگ نییە

– باشە کاك ڕەحیم، تۆ ژنت هێناوە؟

– قوربان دەڵێی چی! شوکر باوکی دوو کچ و کوڕێکم.

معاونەکە ڕاچڵەکی. ڕووە خاوەکەی گرژکردەوە. ڕەحیم هەستی بەو گۆڕانە ناکاوییە کرد. دەمی پرسیاری لێ نا:

– بۆ؟ خوا نەخواستە شتێك ڕووی داوە!؟

دوای تۆزێك ماتی، هەر خۆی پرسیاری پێشووی بەپرسیارێکی دیکەوە گرێ دا:

– دەبێ ئەو مەلۆتکەیە چ کارێکی بەسەر منداڵەکانمەوە هەبێت؟!

معاونەکە سەری هەڵبڕی و پای بەجەرگی خۆیا نا:

– ڕاپۆرتەکە... وا... ناڵێت.

– لە مەڕ چی؟

– پزیشکەکە نووسیویە کە ناوبراو، مەبەستی تۆیە، وەچی لێ ناکەوێتەوە... کەچی تۆ...!!

ڕەحیم لە ناخدا وەکو سەماوەرێکی حەوجۆش، قوڵپی دەدا، بەڵام لە پێش چاوی معاونەکە، دانی بەخۆیا گرت:

– پاش ئەم بگرەو بەردەیە... خۆ هیچ کارتان بە من نەما؟

– نەخێر. بەڵام تکایە ناوونیشانی تەواوی خۆت لای قومێسەرەکە تۆمار کە.

ڕەحیم هەستی بەبرسێتی و ئێشی ئەژنۆکانی کرد. خۆی وەکو مەیموونەوانێك دیت کە وێڵ و عەودالی مەیموونە بێ سۆراخەکەی بێت، بۆیە یەکسەر بلیتی لەکن دوکتۆرێکی ناسراو بڕی. کەوتە تەراتێن. چاوەڕوانییەکی تاڵ و گورچك بڕ ژوورەوەی هەنجن هەنجن کرد. لێکدانەوەیەکی ئاڵۆزی ڕەش وەکو جاڵجاڵۆکەیەکی ژەهراوی، مێشکی لێخن کرد. هەر دەقیقەیەکی لەلا بارتەقای مانگێکی ڕەبەق بوو. دوو دانە سەعاتی تەواو بە تەنگەتاوی، تامەزرۆی ئاکام بوو. لەشی لەناو هاوەنێکدا داهێزرا بوو. دوکتۆرەکە بەدڵنیاییەوە، هەمان ناواخنی ڕاپۆرتەکەی بۆ سەلماند.

هاتە سەر کۆڵانەکە، گوێی لە ترپەی دڵی بوو هەروەکو کاتژمێرێکی ناو لۆکە بێت. ئێوارە، تاریك داهاتبوو. ئاسمان و ئەستێرەکان بەکراسێکی ڕەشباوی نیتك نیتك دەچوون. ئەو تاریکییە هەزاران پشیلەی ڕەش بوون چڕنووکیان لە ناخی دەگرت. دگانی جیڕ کردەوە.

(تاوانبار ئەوانەن کە دۆخینەکانیان شلە. ئەوانەی کە ئابڕوو ناموسی کەسانی دیکە، پێشێل دەکەن... دەبوایە زووتر درکم پێ بکردایە) خۆی هاویشتە ناو ئۆتۆمبیلەکەی و ڕووی لە ماڵەوە نا. چاوی ڕەشکەو پێشکەی دەکرد. پەنجەکانی بەسەر ستێرنەکەوە تەتەڵەیان بوو. نەیزانی چۆن گەیشتە بەر ماڵیان. یەکدوو منداڵی بەپیریەوە هاتن، کەچی ئەو هەروەکو یەکەمین جار بیانبینێ، چاوی لە چاوو برۆیان چەقاند. ویستی سیمایان بخوێنێتەوەو بەکەسێکیان بچوێنێ. شامی ئەو ئێوارەیەی ڕەت کردەوە و زەرادی نەخستە زاری بەبیانووی ئەوە لەرز گرتوویەتی.

– باوکی ئاریان چی... تە؟!

– هیچ. کەمێك موچڕکە بە لەشما دێت.

– وا نوێنت بۆ ڕادەخەم.

خۆی خستە توێی پێخەفەکەو خۆی خامۆش کرد. چاوی نووقاند. بەچاوی هۆش جووتە چاوێکی شۆڕی دیت. ئەو چاوانەی بەچاوی ئاتە–ی ژنی زانی. مێشکی کەوتە کار کردن. هەموو لایەنەکانی تاوتۆ کردو لە سەرەنجامدا وای بۆ چوو: (هەبێ و نەبێ دەستی لەگەڵ ئەو زۆڵەی برازامدا تێکەڵ کردووە. ئەوە نییە، موو بەنێوانیاندا ناچێت. زۆر

یەکتری دەحوبێنن. چوزانم وا نمەك حەرام و داوێن پیس و چڵکنن! گیرام مچەی برازام نەبێ، یەکێکی تر بێت، چی لە کێشەکە دەگۆڕێ؟

هەر دەبێ مرۆڤ لەسەر ڕێچەی داب و دەستوور بڕوات... دەنا، مرۆڤ پێ خوست بکرێت، چاکترە... خۆ بووە پەڵەیەك بەنیوچاوانمەوە... هەر دەبێ... باشە ژنی حەیشوو هەڵگیراو، ئەوا زۆڵێکت بەر دایەوە... دووان و گەیاندتە سێ!! ئەمە کام دڕندە کردوویەتی و لە کامە شار ڕووی داوە!؟ کام شاخ شکاو چاوی بۆ شۆڕ کردووە؟ ڕیسواییەکە نەبێتەوە. ئێستاکە من گوێ زەردم و بەخۆم نازانم!

ئا لەم کۆڵان و جادانەدا، بەڕووکەشی دەڕۆم، کەچی ئەم و ئەو بزەی سمێڵیان دێ و... لە پاشە ملەمەوە، توانجم تێ دەگرن! هەی هەش بەسەرم. دە وەرە... ناموست بسمن و بژەننە ناو و ناتوورەت، تۆش بگوزەرێنە!! باکم لە هیچ نەبوو، سێرکە چۆن گلامە لێشاوی ئەندێش و گەڕو گۆبەندەوە! جا وەرە لە زارێکەوە بۆ زارێك، بقۆزرێوە! جاڕت بۆ بکێشن!! ئای... لەم ڕیسواییە... ڕیسواییەکە نەبۆتەوە... نەوەڵڵا... مردنە...

وای لە کڵۆڵیی خۆم. وای لەم ژنەی کە بەبادی هەوا، چاوی تیرەیەك لە قوڕو سیان دەلەوتێنێ و خەوی حەوانەوە لە چاویان دەدزێت. ئەو جۆرە ژنانە، بافت و شایستەی ئەوەن، بدرێنە دەم ئاوی سیروانەوە، یان هەردوو لنگیان بەدوو هێستری چەمووشەوە شەتەك بدرێن و هێسترەکان هەریەکەو بۆ لایەك بەر قەمچی بدرێن. جەرگیان بکرێت بەکێڵگەی خەنجەرو تەوێڵیان تفی شوورەییان پیا هەڵواسرێت. ئیتر... سەر بۆ کوێ هەڵگرم و... ئارەق ڕژتنم لە پای چی!؟)

ڕەحیم لە تاریکایی ژوورەکەدا، هەناوی خۆی دەخواردو هەتا منداڵەکان پرخەیان هات و ئاتەی ژنی، هەناسەی ڕێك بوو.

(منداڵەکان لە شیرینیی خەودانە، زارەترەك نابن... دواییش چی دەبێ، چش.)

لێفەو مەوجەکەی بەشێنەیی لابرد. لەسەر نووکی پەنجە خۆی گەیاندە دەرەوە. لەبەر ڕۆشناییەکی کزدا، چاوی بەلنگە دەستاڕەکان کەوت. تاکێکیان بەدیوارەکەوە وەستێندرا بوو، تاکەکەی تر، ڕاستەوخۆ لەسەر زەوی دانیشتبوو. گورج چاوی بەهەردووکیانا گێڕاو لە دڵی خۆی بەراوردێکی لە نێوان کێشەکانیاندا کرد.

(ئەم لنگەی سەر زەوی، تاکی ژێرەوەیە. ئەستورو قورسترە. جگە لەوەش، مێخسکەکەی ناوەندی سنگێکی ئاسنە کە یەکسەر بەکاسەی سەریا ڕۆ دەچێتە خوار).

چاوی نووقاندو چاوی کردەوە. چەمایەوە. چرکەی پەراسووەکانی هات، هەردوو دەستی درێژ کرد. دەستەکانی هێشتا گەرمایی ژێر بالیفەکەیان پێوە مابوو. ساردییەك وەکو سکڵ چزا بەناو لەپیا. ڕاست بۆوە و هێزی دایە بازووی و بڵندی کردەوە. وایزانی گۆی زەوی هەڵدەگرێ! وەرگەڕایەوە بۆ لای ژووری نووستنەکەیان. لە نێوان دەرگاکەدا، هەڵوەستەیەکی کرد. هێدی و لەسەرخۆ هەنگاوی نا. هەنگاوێکی تر. لە ژوور سەری ئاتەدا، تاکە دەستارەکەی بڵند کرد. بەتێکڕا زەبرو بڕست و ڕقییەوە، ئاراستەی تەوقی سەری کرد. ئاتە نووزەیەکی لێوە هات و کەوتە پەلە قاژە کردن. ڕەحیم بەچەواشەیی تەکانی دا و... لە خەوە گرانەکەی ڕاپەڕی. تومەز لە خەوندا ئەو کارەساتەی کردووە، بۆیە بەیانی زوو، پێش ئەوەی زارۆڵەکان ڕاپەڕن، سێ بەردەی نایە مشتی ئاتەوە.

کانوونی یەکەمی ١٩٨٣

# جوانوویکی سپی

خاڵە ئەحمەد و جوانووە سپییەکە

«فلانی دەتووت چوڕی شیرە! سپییەکی ئەو تۆ بوو، ئاوی چاوی دەسەند».

«دەترسم چاوت هەتەر بوو بێ و ڕەشکەو پێشکەیان کردبێ.»

عەبدوڵلای مام نەجیم، بەکۆڵێ بڕوایی و توندییەوە دەمی کردەوە:

– چۆنم وت هەر وایە. دڵنیاشم لەوەی دیدەکانم تەفرەیان نەدابم. خاڵە ئەحمەدی خانەیی، بزەیەکی سەیر وەکو پەپووەیەکی سەوز، لەسەر لێوە تەڕەکانی نیشتەوە. سۆمای چاوە عەقیقەکانی بچووك بوونەوە، هەروەکو چاوی پشیلە بن لە ڕووی تیشکێکی ناکاویدا. دەستێکی چووە باخەڵی. دەستەکەی تری هاوبەشیی ئاخاوتنەکەی کرد. دەمی گوتی:

– چیت لێ بشارمەوە. منیش دەمێکە ئەو

جوانووە بەو یالانەوە دەبینم کە بێ

خاوەند، لەو پاوانەدا دەلەوەڕێ.

دەستەکەی باخەڵی هاتە دەرو دەستی عەبدوڵلای مام نەجیمی گوشی. عەبدوڵلاش هەستی بەگەرمایی خایە کرد کە تازە لە مریشك جیا بووبێتەوە.

«کوڕم، من لە گۆترەو بەهیچە ڕیشم چەرموو نەکردووە. تۆ هێشتاکە کاڵیت. چاو هەیە شتی ئەوتۆ دەبینێ کە چاوێکی ئاسایی نایبینێ».

«خاڵە، دڵنیام لە خۆم.»

«ڕاست دەکەی کوڕم... ڕاست دەکەی.»

«.....!!»

«قسەکانت لە دڵەوەن بۆیە وشەکانت وەکو پشکۆ گەشن.»

تەزوویەکی تەلیسماوی هەست و نەستی هەردووکیانی پێکەوە، بەئاوریشمێکی ئاڵ گرێ دا. چاویان لە یەکدی بڕی. خاڵە ئەحمەد ئەوجا دەنگی گوتی:

– باشە عەبدوڵلا، باسی ئەو جوانووە سپییەم بەچاکی بۆ بکە.

دەنگی عەبدوڵلا هاودەنگی بوو:

– زۆر چاك سەرنجم دا. بیلبیلەی هەردوو چاوم، جووتێ ڕووەکی سەوزو پاراو بوون

بە لەشیا ئالان. بە شەیداییەوە دەمڕوانی. خاڵە ئەحمەد، سەری بچووك و درێکۆڵە و ڕێك بوو. پەڵەیەکی ڕەش لە شێوەی ئەستێرە، ناوچەوانە بەرین و بڵندەکەی نەخشاندبوو. ئێسکی چەناگەی پان و خڕۆکە. جووتێ گوێچکەی قوت و کورت و نووك تیژ. دوو چاوی زل و ڕەش و بریسك هاوێژ هەروەکو چاوی کار مامز. پەڕەی لووتی تەنك و کراوە. ملێکی قازیقولنگانەی دلکێش. سنگ و دەفەی شانی پان و پڕ لە دەماری گونجاو و توانامەند.

پەراسووەکانی و سمتەکانی پڕو دەماراوی و پاشووی هەتا بلێی قنج و دامەزراو. خاڵە ئەحمەد، سمی وا درێژو بازنەییم نەدیبوو!!

– دەم خۆش. کتومت ئەز وام بینیوە.

– خاڵە، دەبێ بێ خاوەند بێ!؟ وا ڕەهاو بێ سڵەمینەوە لە پێش چاو چەندانێك، نەرمە غار بکات؟!

– منیش لە مێژە لەوە تێدەفکرم و تاوتۆی دەکەم. دەبێ هەر وابمێنێتەوە!

کوا هەتا ئێستاکە کەس بەخاوەندی نەبووە!!

عەبدوڵلای مام نەجیم بەئاخ هەڵکێشانەوە وشەی لە دەم بەربووەوە.

– ڕەوتی هەندە خۆشە، لە شێوەی شنەی

با ئەو وەرد و شۆوانەی تەی دەکات.

ئای، بۆ جڵە و گیرێك کەویی بکات و...

– کوڕم تۆ هێشتاکە لەم بەزمانەدا قاڵ

نەبوویتە. جوانوویەکی ڕەسەنی وا، مەردێکی

دەوێ، عگیدێکی دەوێ بۆ جلیتبازی و قۆشەن پشتی ڕابێنێ.

عەبدوڵلا مات و سەرسام بوو. خاڵە گزارەی کێشا.

– خۆ باسی ئەو جوانووەت لای کەسێکی دیکە نەدرکاندووە؟

– نا، بەڵام لەوە دەترسم، کەسانێ دیکە دیبێتیان و...

خاڵە ڕێسی ئاخاوتنەکەی قرتاند:

– گوێ بۆ خاڵی خۆت بتەکێنە. هیچ خەمت نەبێ.

جوانوویەکی وا خۆراکی هەر ڕاگوزەرو هەرزەیەك نییە... نا لە خاڵی خۆتی وەرگرە، لەو بارەوە دڵ لە دڵ مەدەو پیش مەخۆ.

– خاڵە ئەحمەد، تۆ بەتەمەنیت. باشە قەت بووە جوانوویێکی وا بێ خاوەند بێت!؟

– ئا، ئەگەر زانیت، چۆن.

– من سەرم لەم کارە دەخولێتەوەو خەریکە کانیاوی بڕواییم شێلوو بێت! یان تۆڕێکی سفتی گومان دیدەکانم بپۆشێت.

– نا، کوڕم نا. مێشکت بکەوەو کەمێك وشیار بە. ئەوی تۆ دیوتە، هەر ئەوەیە کە هەمیشە من دەیبینم. پێشان منیش تۆ ئاسایی، لە دوو ڕێیانی دوودڵی و سەرسامیدا هەڵوەستم دەکرد. باش بوو ڕۆژگار ئەوەی بۆ سەڵماندم کە. (جوانووی سپی) ڕاستەقینەیە، بەڵام ئەوە بزانە وەك لە باو و باپیرانم ژنەوتووە، کە هەمیشە ئەو جوانووە سپییانە خۆیان بە(هەند)ێك نیشان داوەو بەس.

عەبدوڵلای مام نەجیم مووچڕکەیەکی ساردو چێژدار ڕایتەکاند. پاشان، دەنگی وەك لە ئەشکەوتی «دوو کونە» وە بێت، خاڵە ئەحمەدی ڕاپەڕاند:

– دیارە تۆ لەو باوەڕەدایت کە تەنیا من و تۆ ئەم جوانووەمان دیوە!

– بەڵێ. بڕوایەکی نەگۆڕیشم هەیە کە خەڵکی تر نەچاویان پێ کەوتووەو نەچاویان پێ دەکەوێ.

– کەوا بوو...

– کەوا بوو ئەرکێکت لە ئەستۆدایە، ئەرکێکی پیرۆز و خۆشنوود. بێ دەنگی لە نێوانیاندا پەیکەرێکی بێ شێوەو نادیار بوو. عەبدوڵلا بەتەشووی زمان ئەو پەیکەرەی وردو خاش کرد:

– خاڵە، دیارە تۆ زۆر شت دەزانی و کەمم پێ دەفرۆشی!!

– کوڕم، ڕۆژگار گرێی نهێنیت لە کن دەکاتەوە، وەلێ هەندەت پێدەڵێم کە ژیان خۆی لە خۆیدا، گوزەرانێکە لە پێناوی باوەڕدا، دەنا ئاژەڵیش هەر دەژین.

من و تۆی خوێنەر

لەو ڕۆژەوە، تاوێ حەوانەوەم نییە. خولیای جوانووە سپییەکەو شاد بوون بە دیداری، هەراسانی کردووم. خاڵە ئەحمەدی ماموٚتکی کەمدووی ئاوایی لە ناکاوێکدا، مرد.

شەوێکی قەترانی لە منداڵدانی ئێوارانێکدا، وەك مۆتەکە دەرپەڕی و سنگی نایە سەر پەراسووی گوندەکە. سێبەری دڵسۆزی خانگەکانی سڕییەوە. گوند پرخەی دەهات.

هەبوو خەونی دەدی. هەبوو خەوی زڕا بوو. هەبوو نە خەوی دەدی و نە خەوی زڕا بوو. خاڵە ئەحمەد مرد. با بە چیغ و تەیمان و گوێسەوانەکان بلوێری خۆی دەژەند. عەقیقی

چاوی خاڵەی هاوسۆزم ورشەیان لێ بڕاو بۆ دوایین جار پێڵووە شەکەتەکانی، دادایەوە.

خاڵە ئەحمەد لەوانە بوو کە بەپەنجەی دەست دەبینن. خاڵە ئەحمەد لەوانە بوو کە بەسەر دەپرسن. خاڵە ئەحمەد لەوانە بوو کە بەچاوی غەیبی، توێی زەوی و نهۆمەکانی ئاسمانی کوژەکەیی دەخوێننەوە. خاڵە ئەحمەد، تەمەنی ئێجگار زۆر بوو. کەسێك لەو گوزەرەدا نەبوو ساڵگاری عومری بخەمڵێنێ کە چەندە! هەبوو دەیگوت: «سەد ساڵی تێپەڕاندووە!» هەشبوو دەیگوت: «سەدی چی! بڵێ چەند سەدێك و هیچ سڵ مەکە!» پێستی بان دەستی بەتوێکڵی دار مێوێکی دەکرد کە لە سەرەتای پاییزدا بێت. دراوسێکانی، ئەوانەی بەدەنگیا گەیشتن، گێڕایانەوە کە پاشکۆی وشەی سەرزاری «جوانووە سپی» بووە بەڵام کەسێك لە مەڕ ئەو جوانووەوە شتێکی بۆ نەگوترا. ئەمەش دیسانەوە ئەوەی لە لام چەسپاند کە هیچیان، دیدەیان بەدیمەنی ئەو جوانووە پیرۆزە زاخاو نەدراوە. زۆر چاکە. ئێستا چبکەم بۆ دیتنەوەی جوانووە نازدار و نەشمیلەکەم؟ پێشەکی دەزانم، هەر دەبێ تێشوو هەڵگرم... کاڵای چڵك هەڵگیر بپۆشم و کەوشی ئاسنین لە پێ هەڵکێشم. ها لێرەو ها لەوێ. لە ناو سنگی ئەم دۆڵ و شیوانە... لە ناو دەماری ئەم چەم و بەستانە... لە جمگەی ئەم یاڵ و کەژو هەردانە. چاو هەڵخەم. هەزاران چاو بخوازم بۆ دیتنەوەی جوانووە خۆش ڕەوتەکەم. دەبێ عەوداڵ بم. بەچاو بپشکنم... بەنوخان بپشکنم. بە سی بپشکنم. بە بۆن بپشکنم. بە دڵ بپشکنم... ئەوساش کە دۆزیمەوە، دەچمە پەرێزی. پڕ بەدڵ و دەماروسییەکانم، بە سوێ و ئەوینەوە، باڵندەی چاوی بۆ هەڵدەفڕێنم. دوا جار، ئەو پیلانەی کە لە مێشکمدا خەملاندوومە بۆ دەستەمۆو ماڵی کردنی دەخەمە کار. پیلانەکەی مێشکم هێجگار کاریگەرو بەجێیە. لای تۆش دەیدرکێنم کە نیازم چییە، بەڵام دەبێ تۆش بڕواییەکی بتەوت هەبێ بەوەی کە «جوانووە سپی» بەرهەمی باڵەفڕکێی ئەندێشەو خەیاڵ نییە.

من و خاڵە ئەحمەد، بەچاوی خۆمان دیتمان کە تیشکی خۆر یاڵە زیوینەکەی شانە دەکرد. خۆ ئەگەر باوەڕەکەت نەشڵەقاوەو من و خاڵە ئەحمەدی خانەیی بە خەو خۆش و شێتۆکە نازانیت، ئەوە زۆر باش لە هەنگاوەکانم دەگەیت و چاك دەزانی کە چی دەکەم. ئەگەریش ڕاڕایت و سێودووی لێ دەکەیت، ئەوا لە ئێستا زووتر نییە، با لە چەقی ئەم دووڕێیانەدا، جودا بینەوە. با هەر یەکەمان ڕچە ڕێی خۆی بگرێ. خۆ من هەموو پێداویستییەکانم هەڵگرتووە و هەرگیزاو هەرگیز، پەشیمان نیم لەوەی کە بەرەو ڕووگایەکی هەورازو تووش هەنگاو دەنێم.

کوڵە مانگی ١٩٨٤

# بازنەکان

مـانـگـی جـۆزەردان تـازە بـەنیوە ببوو کە جووتـە مـیـنـارەکـەی مزگـەوتـی گـەورە بـوونـە ئـامێژەنی لێکدانـەوەکەت. کۆنـەکەیانت بـەلوولـەیەکی کورتـە بنـە زانی. نوێیەکـەش وەکو چوار پـاڵوویەکی چەتـەوڵ بوو لات. (میعمار باشییەکە، بناغە بازنەییەکەی، بەچوار گۆشەیی ئاڵشت کردووە! ئای... چەند گەرمە! ئا ئەمەیە گڕە! دەبێ چوار گۆشە، لە بەراوردکاریی ڕۆژگارو ئیستاتیکدا، خۆ ڕاگرترو جوانتر بێ لە بازنە؟ دەبێ ترومبێلم دەسکەوێ بۆ کەرکوك... ڕوو لە خۆر دانانیشم... جاران، ئەوی گڕە بیبردایە، سەرتاپای لە ماست و تۆراخ دەگیرا! دیارە دەلاقەی بایەکەمان لێ گیراوە!... دەنا...)

پـاسە شلـۆقـەکـە هـات و چـەندانێك خـۆیـان تـێ ئـاخنی. دوو هـەرزەکـار لـەسیلـەتـەوە دانیشتن. یەکەمیان بەو گەرمایە چاکەت و پانتۆڵ و یەلەکی قەدیفەی ڕەشی لەبەر دابوو لـەگەڵ قـەراوێتێکی گوڵ هـەناری! هـاوڕێکەی، ستـارخـانییـەکی میلـپـانی دامە دامەی کردبووە بەر! کە تۆ تەختەی شانییت بەچوارگۆشەی سێریزکان چوواند. ئەمیان لووتە سوورەکەی بەرەگە چەوەندەری دەکرد.

پاسە زەیستانەکە بەناڵە و نرکەوە، دەروازەی مزگەوتەکەی تێپەڕاند. ئەو دەمە وەك ئەوەی زەنگی کارگەی کوێران لێ بدرێت، دەیان گۆچان بەدەست؛ ورووژمیان هێنایە دەرەوە. دەنگیان، پێش خۆیان کەوتبوو.

تۆ بە ریزێ فیلت هاتنە پێش چاو کە لە «سێرك»دا، هەریەکەیان کلکی ئەوەی نووای گرتبێ! لەگەڵ خۆتا دوایت: «بازنە هەمیشە پیرۆز بووە، چونکە هێما و دروشمی نەمری و خولانەوەو گۆڕانە.»

بلیت بڕەکە شڕ پۆش بوو، سەرو بلیتی دایتێ و پشکنەرەکە بەدواوەی، پەرۆش بوو بۆ قرتاندنی گوێچگەی بلیتەکان. تۆ سەوزە خەندەیەت بۆ ئەم پشکنەرە هەڵوەراند:

– بڕوام پێ بکە، دە ساڵیش دەبێ چاوم بەپشکنەر نەکەوتووە... کەچی ئێوە بەجووتە... دە...!

پشکنەر دەمەوەرەکە گورج ڕێسەکەتی قاچی.

– دیارە خەڵکی ئەم شارە نیت!

– لە ئاراپخا جێنشینم.

– ئاراپخا!!

– دیارە تۆش لە جوگرافیا و ماتماتیك و پەیكەرتاشی و ڕێزمان و مێژوودا كۆڵەواریت!

– ... !!

– ئاراپخا پارێزگایەكی گەرمە سێری دێرینە كە نەبوخوزنوسەر...

پاسەكە وەستا. ئافرەتێك بەكۆشێ منداڵی وردیلەوە، لای «قۆرییە شكاوە» كەی جاران؛ دابەزین. پشكنەرەكەش دابەزی.

شوفێرەكە منجە منجێكی لێوە هات سەبارەت بەوەی كە بۆ سێ نەفەر دەچێتە نەقلیات. تۆ بۆ چاو قوچانێك ڕامایت و دەستت كردە ئەستوونگەی چەناگەت. زەلامی ناو ستارخانییەكە، دەمی لە زەلامی ناو قەدیفە ڕەشەكە نا:

– ئەمەی من ئەبلەقی بەرزنجەیە. ئەوەكەی تۆش حەمە سوورییە.

– بەپێچەوانەوە، ئەوەكەی تۆ ئەبلەقی دەستكردە، ئەوەتا جێ نوخانی «كلكە سماقی» یەكانی پێوەیە.«حەمە سووری»یەكان، ئەم جووتە ئیمامەی بۆ ناكەن.

– ئا بەم سەرە فڕی لێ نازانیت.

– ئەی چۆن! جەنابت وەستای تەزبیح و زۆر شتی!

لە عاست تەپۆڵكەیەك، پاسەكە جیڕاندی و مەشكە ژەنەی كردن. بەهەڵەداوان خلۆر بوونەوە. شالاوی هەتاو، پێستی ڕووی دەبرژاندو كسپەی لە هەناوەوە دەهێنا. تۆ ڕووت كردە پەنا سێبەری «كۆستەرە»كە و لەوێ خۆت مەلاس دا. دوو كچی ناسكۆڵ بۆ كن ترومبێلە نۆرەدارەكە دەخزان. باریكەلەكەیان دەتووت ناسكە ڕێواسە لەناو دەستە جلە كوردییەكەدا، مەگەر خۆی بزانێ چۆن ڕەنگەكانی گونجاندبوو! ئەوی تر، بە هەرمێ دەچوو. كراسە مۆدێرنە شینكارەكەی؛ لەشێكی خڕینی بەخۆڕایی دەفرۆشتە بازنەی چاوان. بەجووتە، جوانی و ئارەقەیان لێ دەتكا، بەتایبەت بەژن ڕێواسەكە، چاو و برژانگی چێژ بەخشی هەبوو.

دەمت تامی گەزۆی خاوی تێ زا.

(نەمگوت، بازنە مەزن و پیرۆزە. ئەو چاوانە بەبازنەی شینی ژێرپیاڵەی چینی دەكەن. دە سێركە، پەروەردگار چۆن جەستەی بنیادەمی بەبازنەو كەوانە؛ ڕازاندۆتەوە! بازنەی

هەمە جۆر... چاڵ و قۆقزو هێلکەیی و گۆییاو و بادەمی و... و... دە چوارگۆشەیەکم لە بەدەنی مرۆدا بۆ بدینەوە، دەی. هەر بازنەیەکیان شێوەو ئەرکی خۆی هەیە! هەر بازنەیەکیان لەوی دیکە ناکات! هەر بازنەیەکیان ڕەنگ و بۆوتامی خۆی هەیە! ئەمەیە ئەفراندن و داهێنان!!)

– برایان، سەرکەون با نەکەوینە درەنگ و...

قەدیفە ڕەشەکەو ستارخانییە سێریزکانەکە، فسەیان دەهات. تاو نا تاویش، دزە ئاوڕیان لەو دوو لەیستۆکەی لای چەپتەوە دەدایەوە. تۆیش کۆمەڵە چیرۆکەکەی دەستت کردەوە. کەوتیتە ویزەی چێڕۆکێك بەناوی «ڕیشۆڵە» وە.

***

لێژییەکەی تاسلوجە وای لێ کردی کە قۆچەقانیی نیگات بەشەیداییەوە؛ بەلای چەپدا هەڵدەیت. خانووچکە وێکچووە ڕەق و تەقەکانت بەڕیزە پاکەتی قاچاخ هاتە پێش چاو کە ڕانك لەبەرێکی سوورفلی پێ خاووس بەدیاریەوە هەڵکورمابێت.

(ئاخ، لەو جێگایەی ئاو هەیە عەرد نییە. کە عەرد هەبوو ئاو نابێ! کەی ئاو و زەوی لە ژوانگەی دڵارا دا زاوا دەبن؟) چاوت لە دێراوی لاپەڕەکەوە تەشەنەی کردوو سەرت لەگەڵ لەنجەی کۆستەرەکە دا دەلەنجا. ئیتر بێ ئاگا بووی لە دوو ڕیشۆڵەکەی پیشت و جووتە کەنارییەکەی باڵی چەپەت. لە ناختا ورووکایتە خورد کردنەوەیەك.

(باشە، کەسی ناو چیرۆکەکە، بابایەکی لە خوا ترسە، چلۆن ڕیشۆڵە گرتنی کردە پیشەی خۆی!؟ خۆ لە بەرەی جووتیارەو... ئاتاج و داماویشە!! هەمینی هەڵگرتووەو سەرانسەر ژیانی لە ترسی کەسوکاری ژنەکەی، بەدڵەڕاوکێ بردۆتە سەر! واتە ترسی چوونە ناو تۆڕی هەیە و لە ناو بازنەیەکی تەسکدا دەجووڵێتەوە! دووریش نییە، هەمان بازنە لە بنا قاقای گیر بێ.

دونیایەکی سەیرە! خەڵکی پیلان و کۆت و تەڵەی بۆ دەنێنەوە لە مەڕ شوورەیی و ئابڕووی ڕەدوو کەوتوویان، کەچی ئەویش تۆڵەی خۆی دەهاوێتە سەر پەلەوەرانی سروشتی میهرەبان!! سەیرێکەو نەبێتەوە! هەیە پەهلەی خۆماڵێتی حێلو مێخەك و پانی بەرز و پەستەك و کلاشی پەڕۆیین و هەرسینی لێ دەدا و خۆی لێرە و لەوێ، بەکەتیرە و ماستیك، دەلکێنێ بەچینی پەڕۆ و قورە سوورەوە! وەلێ، ڕەشەبا هۆشمەندەکەی دۆڵی گۆیژە، دەمامکی ڕووی لوول دەدات و ئاڵدۆزەکەی دەبزڕکێ! ئەوساش، دژوارییەکی

ناقۆلا و دزێو، لۆدە کای درۆ و فیشاڵەکانی شەنو کەو دەکات... هیچ ڕەوسەیەك لە گۆڕێ نییە!! لای ئەو زەلامە دزوێن فرۆشە، ڕاست و چەپی قەترانی، چەمۆڵە لە «پێشانگا» دەنێ و بەمەرەکەبی ئاڵ دەنووسێ: «گەلەری... گەلەری، پارەن واریسە گێلبەری. پارەن یۆخیسە، هەی نابووت هەڕوو لۆ دەرێ.» ئەو دەمە، ئەو کاتە، ئەو ئانە زەماوەندی ڕەنگی موفەڕك، لە جێ خەرمانی تابلۆکاندا، دەبێتە شین و پرسە. زەرد ئەشك ئەڕێژێ. سوور فرمێسك دەڕێژێ. شین ئەسرین دەڕێژێ. بگرە بێچووە ڕەنگەکانیش هەتا هەتایە، ئاو لە چاویان نابڕێ. وەنەوشە گەلا پرتەقاڵ کوژەکە خەنە زەیتوون پەڕەنگ، گشت دەکەونە گریەو زار و بۆ وێرانە خاك بالایان لە خم هەڵدەکێشن)

دەنگێکی گڕ ڕاتیچەنانـد. تابلۆیەکی دڵگیر لە مینای ترومبێلەکەوە چووە ناو بیناییتەوە. چووە ناو هەردوو بازنەی بیناییتەوە. نا، چووە ناو بازنەی چەپتەوە چونکە چاوی ڕاستت بووە خۆراکی نەهەنگی کتێبخانەکان.

بەو جۆرە، تابلۆکان بەگوێرەی گۆشەنیگات، نوێ دەبنەوە، دەزایێن، لە جوانترەوە بۆ هەرە جوانتر. لووت و هەناسە و دەروونت پڕ دەبن لە بۆنی سمڵ و مێخەك و جاترە. دەنگە گڕەکە وتی:

– ئەو بەردە فیلەتەنەت بینیوە، کە شێخیان پێکا بەسکە خشکێ خۆی گەیاندە ساباتی بەردە بەسۆزەکە و ڕاکشا، کاتێکی زانی وەکو بازنەیەکی ژەنگن و شکاو گەمارۆیان داو بەدیل بردیان.

پەپوولە سلێمانێك لە ژێر بنجە گێوژێکەوە فرتەی کردو شا باڵەکانی لەسەر بەردە قارەمانەکەدا شی کردەوە. تۆ ئەو حەلە، بەردەکەت لەناو سیم و تەلدڕەکەدا بەپەیکەری پڵنگێکی زامدار دانا.

– لە شوێنانی تر بوایە، چیمەن و گوڵزاریان دەکردە چێوەی. لای ئێمە وا بێ نازو ئیفتادە کەوتووە.

ڕەوە قەتێیەك لە شێوەی ژمارە حەوت «٧»، ڕوو لە گەرمیان؛ بەرز دەفڕی. دەنگت وەکو بەردە قارەمان قورس بوو کە گوتتەوە:

– هەر ئەوەندەو بەس:

تۆ جۆشابوویت و لە ناو عیشقی پڕ سوێدا؛ تواببوویتەوە. بەتاسەوە ئاو دەنگیان بووی.

–... نەوەی تازە ڕسکاو ئاشنایەتیی ئەوتۆیان لە بارەی ئەم دەربەندەوە نییە. دە لەو

کوڕو کاڵانە بپرسن، ئەوسا قسەکەم دەسەلمێنن. هێمنییەکی ئەفسووناوی، کۆستەرەکەی لە ئامێز گرت.

– سینگی فراوانی ئەم دەربەندە «تۆ گوتتەوە»، شوێنەواری قەڵاتی «بابێت» بوو کە بازیان و لازیانی لێك جیا دەکردنەوە.

لە یەقینی خۆتدا، ئەوەت چاك دەزانی کە مێژوو چەندین بازنەی جیلوەداری پێکەوە بەستراون. بچڕانی هەریەکەیان دەبێتە کەلەبەر و کەلێن و پێشوازیکەری گەردەلوول و لێشاو و هەر تۆفانێك. لەپشتەوە دەنگێك هات هەروەکو لە کەوێڵەوە بێت وابوو.

– من خەڵکی ئەم «تەکیە»یەم. چاوم کوێر بێ هەتا ئەمرۆکە سێ جاران...

قەدیفە ڕەشەکە جگەرەیەکی سوپەری لە لا لێوی چەقاندو ئاوری لە تۆیش دایەوە. داوای ئاگری لێ کردی. چاوێکی سیمۆرانەی لە جووتە کەنارییەکە گرت. تۆش داواکاری ئەوت گەیاندە دواوە. دەستێك شقارتەیەکی ڕەوانە کرد، کە گەیشتە ناو لەپت؛ گوتت:

– ئەوی ڕیش بەرداتەوە، دەبێ شانەی بۆ هەڵگرێ.

نەتزانی لە مەبەستت حاڵی بوو یان نا. وەڵامی ئەو تەنیا ئەوە بوو کە دووکەڵێکی چڕی لە مینای پێشەوە گرت و هاوڕێکەی کۆکاند... ڕوخساری تۆش گرژ بوو. ئەوجا بەخۆتت گوت: «چاکە ئاگرناك و تووڕە و ترۆ نییە و کڵپە بسێنێ، دەنا پلارەکەم بەجۆرێکی دیکە دەکەوتەوە.»

دەمەکان کلۆم درابوون. ورتەیەك چییە نەدەهات. لەو کاتەدا، «شیوە سوور»یش کپ و مات بوو (شیوە سوور تۆش ڕەفتاری خۆت گۆڕیوە! پێشتر وا نەبان و تەریك نەبووی لێمان! دیارە ئێمەمانان بێ ئەمەکین لە عاستتا. چاوی سۆزو نەوازش لە تەڵەزم و تاشە بەردەکانت نابڕین. ئەمیش هەورازەکەی «بانمەقانە» وا دیارە تۆش زیزو زویری و دڵت لێمان ڕەنجاوە. مافتان بەلاوەیە... ئێوە نەگۆڕاون... ناڕەواییەکە لە ئێمەوەیە.)

هەتا «بانمەقان»یش، دەمێك نەکرایەوە. لە «قەرە هەنجیر» هۆشت بووە سیمرخ و هەڵیدایتە ناو باخە هەنجیرەکانی کارێزە و دوو شیوان و ئۆمەرمەندان. (هەنجیرت دەوێ، لەوێ بیخۆ... لە ناو دەمتا دەبێتە ئاو.) تام دەمت خۆش بوو. سیمرخەکەی هۆشت نیشتەوە. ڕووت کردە شوفێرەکەو پەردەی بێ دەنگیت، هەڵتلیشاند.

– ڕەشە هەنجیر لە «بەهار»دا پێ ناگات.

ئەو کاسەی سەری هەژاند. کەنارییەکەی تەکت، بۆ یەکەم جار جریواندی:

– کوا؟ هیچ دار هەنجیرێك نابینم!؟

تۆ بەدەنگی کەڵەباب گوتت:

– ئەو بنجانەی کە ماونەتەوە، لە ناو داربییەکاندا خۆیان شاردۆتەوە.

– خۆیان شاردۆتەوە!؟

هەردوو برۆی هاتنەوە یەك. تۆ دەنگت گۆڕی بەدەنگی هەڵۆ.

– ئا... چونکە، هەرچی و پەرچی و چرووکی داخ لە دڵ، باقۆکان دەڕننەوەو هەژگ و لقەکان دەبڕننەوە.

کۆستەرەکە لە کن «کوێرە» کەدا شۆڕ بووەوە.

ڕەشماری قیرتاوەکە پێچی خواردەوە. هەوراز بووەوە. دیسانەوە نشێوێکی بڕی و یەکسەر لایەکی شارەکەت لێ وەدەرکەوت.

گەشایتەوە. خاکبازیت هەڵایسا وەکو ئەو ئاگرەی کە لە دوورەوە مەشخەڵ ئاسایی، بەشێکی بازنەییی لە ئاسمانی شارەکەتی؛ ئارگۆن کردبوو.

(منداڵ بووین دەهاتینە ئێرە بۆ دۆزینەوەی حەبەلوول. حەبەلوولەکانمان دەهاویشتە بان خۆڵە نەرمەو بەچاو تروکانێك، لە ژێر خۆڵەکە دەگیرسانەوە! ئێستاکە ڕکم لەو کەسانەیە کە وەك حەبەلوولن، یان لە ژیاندا، هەڵوێستی حەبە لوولانە دەنوێنن.)

– کاکی شوفێر، بۆ لە ڕۆخی ئەو شەقامەدا، هەڵمان نارێژی

– چاکە، وا دەکەم.

گشت بەپەلە دابەزین و تۆش لەگەڵ ئەواندا، خێرا تێکەڵاوی شەقامەکە بوویت. خۆت تەکاند. دەستت بەکاکۆڵتا هێناو ئاوڕت دایەوە. ڕاستەو ڕاست، مینارەکەی بەر «تەکیە»ت دی کە وەکو درەوشە لە سپڵی ئاسمان چەقیبوو.

مایسی ١٩٨٤

# فانتازیا و تابلۆیەکی کێوی

دانیشتووم، چوار مشقی. کاسەی سەرم کردۆتە چوارچێوەی تابلۆیەك. تابلۆکەش ناخمە. ناخم لاکێشەیەکی زێڕینە. زێڕیش لم و چەو و تاتەبەردی کانی و چۆم و بەندەن و لووتکەکانە.

دەیان تابلۆ و سکێچی سەرسووڕێنەری تیا ئاخنراوە: مەمکی بڕڕاو و منداڵی هەڵقرچاوی ئەشکەوت و خێوەتگاکانی سەبراو شاتیلاو... ناوەندی ئەمریکای ڕاچەنی و کێشوەری قولە ڕەشەکان، پێکەوە باوەش لە یەك دەدەن.

جارێکیان نیگاری ماسییەکی شینی تۆخم لە ناو زەریایەکی مۆردا کرد. ماسییە شینەکە، ماسییەکی بچووکترو لە خۆی کاڵتری قووت دابوو! ئەویش بەهەمان یاسا و نەریت، قەپی لە ماسییەکی وردیلەی ئاویی ڕەنگ؛ گیر کردبوو. ئەو تابلۆیەم ناو نا: (گەورەکان مافی بچووکەکان دەدەن!).

ئەو دەمە بەخۆم پێکەنیم و ئێستاش بەتۆ دەڵێم: «جا کەی ماف دراوە!» دەسبەجێ تابلۆکەم ونجڕ ونجڕکر. تابلۆیەکی دیکەم بەهەمان ناوەڕۆکی «ماسی»کرد. سەدان وردە ماسی، وەکی شوورەو دیوار، تین و ورەیان لە شێوەی ماسییەکی گەورەدا کۆ کردبووەوەو مار ماسییەکی ڕەشباویان تاو دەنا. وا بزانم مەبەستەکەمت لە لا جێگیر بوو وەك چەوی ناو کانیلەیەکی پاقژو ڕوون.

ئێستاکە، هەمان خولیای نیگار کێشانی «ناخ»یم هەیە. وەکو گوتم: چوار مشقی، دانیشتووم. کاسەی سەرم کردۆتە چوارچێوەی تابلۆیەك. تابلۆکەش ناخمە. تابلۆیەك وەکو کچێنیی نەژاکاو... وەك شاباڵی کۆترێکی شیری. ئا بیرم کەوتەوە، بەر لەوەی ڕەنگەکان بزایێن و تەشەنە بکەن، بەچاکی دەزانم بۆچوون و تێڕوانینی خۆمت بۆ یەکالا بکەمەوە لە مەڕ ڕەنگ و هێڵ و شێوەکان.

گوایە دەڵێن: «سێ ڕەنگی سەرەکی هەن –سوور و شین و زەرد– دیسان گوایە «ڕەش و سپی»یش بێ لایەنن! ئەوجا سەرجەمی ئەو ڕەنگانە بەدوو چینی لێك جواد و دژ بەیەکتر، دابەش دەکرێن: ڕەنگە گەرمەکان و ڕەنگە ساردەکان.

بالێرەدا لەنگەر بگرین و ڕاو هەڵوێستی پەیوەست بەئەزموونی خۆمت لە کن بڵێم.

ئەگەر دانمان بەوە دانا کە «سوورو پلەکانی» ڕەنگی گەرم بن و «شین و پلەکانی» ڕەنگی سارد بن، ئەی «زەرد و پلەکانی» سەر بەکام بەرەن!؟ لە وەڵامدا دەڵێم: لە مەڕ ڕەنگی سوور و شین، هەر لە یەکەم هەنگاودا، لایەنداریی خۆیان دەسەپێنن و شایەتییان بۆ دەدەین، بەڵێ سوور گەرمە و شین ساردە. چاکە... دەمێنێتەوە زەردە نەخۆش و ئیسقادار و بێ کەسەکە. هەر بەبێ ڕاڕایی و سێ و دوو، بەڕەنگی هەلپەرست و دەمەکیی دادەنێم چونکە لەگەڵ شیندا دەست تێکەڵ دەکات و سەوز لە دایك دەبێت –کە ڕەنگێکی سەر بە بەرەی خێزانە ساردەکانە– لەگەڵ سووردا تێکەڵاوی دەکات و پرتەقاڵی پێکدێنن– کە ڕەنگی گەرمەو لە ژێر ئاڵای شەکاوەی سووردایە– کەواتە ڕۆڵی زەرد چییە؟ خۆ نەیتوانی هیچ کامێك لەو دوو لایەندارانە بکێشێتە تای خۆی و بگرە هەڵوێستێکی بێ لایەنیشی لە ڕوویان نەنواند! لە ڕاستیدا کێشەو بەربەرەکانێ و زۆرانەکە لە نێوان سارد و گەرمەکەیەو بەس، لەنێوان لەشکری شین و سوپای سووردا. زەردیش لەو گۆڕەپانەدا، وەکو مەلای مەزبووره دۆخینی شل کردۆتەوە! هەر کامێکیان ژێر بکەوێ. ئەمە لە لایەك. بادەینەوە سەر سپی و ڕەشەکە. کێ دەڵێ بێ لایەنن؟

ئەمن لە کەس سڵ ناکەم و دەڵێم: نەخێر. لایەندارن و زۆریش گەوجانەو بەتوندی. بەنموونە: سپی لەگەڵ سووردا ئاوێتە بکە؛ سوورێکی کاڵ دێتە کایە. یان کە ڕەش لەگەڵ سووردا باوەشیان لە یەکدی توند کرد، سوورێکی تۆخ دروست دەکەن. ئەوجا لە دوو حاڵدا، ڕەنگەکان هەر لە سەنگەری گەرمی خۆیان نابزوێن. هەمان شت دووپات دەکەمەوە لە مەڕ ڕەنگی شین... لەگەڵ زەرد... لەگەڵ یەکەم وەچی ئەو ڕەنگە سەرەکییانە کە سەوز و مۆر و پرتەقاڵین... لەگەڵ نەوەی دووەم و سێیەم و... سەدەمدا. هەمان دیاردە ڕوو دەدات! دەیان و هەزاران تۆنی ڕەنگ ئەوە دەسەلمێنن کە ڕەش و سپی بێ لایەن نین و...نین. قسەکەم پێ مەبڕە... تۆن واتە پلەو پەیژەی هەر ڕەنگێك... مایەوە سەر ئەوەی کە ڕەش و سپییەکە تێکەڵ کران چی ڕوو دەدات؟ بێ گومان ڕەنگێکی خۆڵەمێشی قوت دەبێتەوە... باشە ئەم خۆڵەمێشییە، ساردە یان گەرم؟ هەر خۆم دەڵێمەوە: نە ساردە و نە گەرم، چونکە لە بنەمادا –ڕەش و سپی– بەڕەنگ نازانم بۆ ئەوەی سارد و گەرمەکەیان بەسەردا ماڵ بکەم.

لە تابلۆیەکی دیکەدا، بەهێڵکاری؛ قەڵەم لە دەمی کابرایەك دا. هەردوو چاوە هەڵکۆڵدراوەکەیم خستە ناو لەپی. کە لەپچەی قولە پایشی، بەدەستارێکەوە بەندم کردبوو. خامە –ڕەژووەکەم هەڵبڕی بۆ ئەوەی بزانم ئەو مرۆڤە چیی لە دەست دێ. دیم

قەفەزی سینگی کرایەوەو مەلۆچکەیەك وەك ڕەنگاڵەیەکی تەڕ خۆی ڕاوەشاندو جریواندی! چاوی درەوشایەوەو هەڵفڕی. هەودای نیگامی لەگەڵ خۆی، ڕووەو خۆراوا هەڵکشاند هەتا بووە ئەستێرەیەکی تەلیسمداری ڕێگای کاکێشان.

لە بارەی خاڵ و هێڵ و سێگوشە و چوارگۆشە و بازنەوە، بۆچوونی خودی خۆم هەیە، تەنها ئەوە دەڵێم کە بازنە لە گشتیان جوانتر و هێژاتر و خۆ ڕاگرترە، هێمای جووڵانەوەی هەتا هەتایی و پیرۆزیی و هەژان بۆ مرۆڤایەتی تۆمار دەکات.

هیوادارم سەرتم نە ئێشاندبێ و کەمێکم لە شانەی مێشکم هەڵدابێتە ناو مێشکی تۆوە. ئێستا وەکو گوتم: چوار مشقی، دانیشتووم. کاسەی سەرم کردۆتە چوارچێوەی تابلۆیەك، تابلۆکەش ناخمە. ناخم بۆتە لاکێشەیەکی (زێڕین) کە ڕێژەکەی (١/١٦ر١)یەك لەسەر یەك و لە سەدا یانزەیە. وریا بە، کۆتایی بەدەمەوەرییەکەم دێنم و تۆ بیکە بەکردار. تۆ... ئا... تۆی خوێنەر.

ئەی چی! ناڵێن خوێنەریش دەبێ خۆی ماندوو بکات. دەفەرموو، با فێری نیگار کێشانت بکەم. وەلێ بۆ نایەی لە نووکەوە پیا بچینەوە، چونکە واتزانی لەگەڵ کەسێکی تردا دەدوێم و خۆت دوور گرتبوو!! بەهەرحاڵ... پەڕە مووچەکەت بەرز بکەرەوە، ئا بەم شێوەیە. سەرنجی دەستم بدە. ناو قەدی تابلۆکە بەهێڵێکی سووری لەرزۆك، دوو لەت کە. لەرزۆك چونکە نامەوێ هێڵی ئاسۆ ڕاست و ئاسایی بێت. ئێستا لە بانەوە، هێڵی دەرەوەی سەفینە چیایەکی سەرکەش بکێشە، پان و پڕ ڕەنگ بەجۆرێك، پەڵە سوورەکان لە چەشنی ڕێچکەی خوێن، هەتا بڕ دەکەن؛ بەبالای چیاکەدا شۆڕ ببنەوەو پاشان بۆ خۆیان بمەیێن. دەی ئێستاکانێ لە دامێنەوە، بەردێکی درێژکۆڵەی زەبەللاح بکە وەك دیناسوورێکی زامدار ڕاکشابێ. چێوەی ئەو بەردە دینا سوورە بەبازنەیەکی گوڵاڵە سوورەی مل درێژ بتەنە. لە بنار چیاکەشەوە، ڕووەکی ناو قەد بڕاو و یاڵی داپاچراو بکێشە، کە لە دوورەوە بەڕەوە ئەسپ بچن. ئەمجا، بگەڕێوە لای بەردە زلەکە، بەڕاست و چەپێکی ناقوڵا بیکەرتێنە چوار لەتی نارێك و لە توێی درزی بەردەکەوە، چاوێکی تیر هاوێژی ئەوتۆ بڕوێنە کە لە یەکەم سەرنجدا، خۆی بکاتە هێلانەی ئارام بۆ مەلی نیگای هەر بینەرێك. ئەوساش هەر ئەو چاوە، زۆر بەشێنەیی و ساکار، نهێنی و چەمکی نیگارەکە شی بکاتەوە. خۆ تۆ چاوی ئێشکگرت دیتووە چۆن لە پشت لوولەی برنۆدا خۆی مەڵاس داوە. بەو جۆرە، ڕەنگی لایەنداری گەرم، پڕ بەم زەمینە لە تابلۆکەدا، دەزریکێنێ:

«ئەی سەدەی بیستەم. چاو هەڵبێنە دەی. ئەمەیە تابلۆی خاکەکەم»

ئەمە تابلۆیەکە لە دەیان تابلۆی کە دەمەویٚ تۆ بیکێشیت، دەنا وەکو وتم: چوار مشقی، دانیشتووم. کاسەی سەرم کردۆتە تابلۆیەك. تابلۆکەش ناخمە. ناخم لاکێشەیەکی زێڕینە. ئایا دەزانی لە کویٚ دانیشتووم؟ پێت دەڵێم چونکە لە نێوان من و تۆدا... لە نێوان وشەو ڕەنگدا... لە نێوان پشکۆ و گڕدا هیچ شتێك شاراوە نییە. ئێستاکانی لەسەر ئەو بەردە قارەمانەدا، چوار مشقی دانیشتووم و دەمی وتنم لە تۆیە کاکی خوێنەر، چونکە ئێمە دەبیٚ ڕەگ بین نەك پووش و کا. دەبیٚ تاوێر بین نەك خۆڵ و گەرد. دەبیٚ کێو بین نەك یاڵ و نشێو. دەبیٚ کانی بین نەك گۆل و قوڕاو.

حوزەیرانی ١٩٨٤

# کانی پڵنگان

... ئینجا فیکەیەکی باریکەلەی کێشا، بەو فیکەیە لاسایی باڵندەیەکی گەشکەداری کردەوە کە بۆ ماوەیەکی زور لە باوەشی پڕ میهری سروشت دوور خرابێتەوە. چاوی هەڵبڕی. ئاسمان کانییەکی ڕوون بوو بە بەرچاوییەوە. لەو کاتەدا، باڵندەیەك ئاسمانی پێش دیدەکانی دوو لەت کرد بەبێ ئەوەی جریوەیەکی لێوە بێت.

لە سێ لاوە، دامێنی شاخ و لووتکەی قوتی شکۆمەند، چەمەکەی کانی پڵنگانی پاس دەکرد. ئەو لەو بەرزییەوە، هەڵماتی چاوی بەپۆپەی درەختەکانەوە هەڵواسیبوو کە تاو نا تاوێك، کزەبا بەئاستەم گەڵاو چڵە ناسکەکانی دەلەراندەوە. ئەویش بەگوێرەی ئەو نەرمە جووڵەیە، تەوژمی هۆشی لە جۆشش دابوو. بیری لە خۆی دەکردەوە. بیری لەو دە پازدە نەوجەوانانە دەکردەوە کە بەشان و بازوویان، ستارگەیەکی کۆکیان بۆ خۆیان لەو قەدپاڵەدا، قوت کردبووەوە. هەندێکیان بەمەشق و مۆسیقاکاتیان دەبردە سەر. بڕێك دەئالانە پینگ پۆنگ و گەمە کردن لەگەڵ دەڵە بۆرە خرپنەکەیان. هەشبوو چەند لاپەڕەیەکی ڕەش دەکردەوە، یان پەرتووکێکی دەکردە هاوسەری خۆی. دوا جاریش، گشت دەکەوتنە بیرکردنەوە لە مەڕ هەڵوێست و کێشە گەورەکانی گەردوون. دەیان هێناو دەیان برد. دەسگایەکیان هەرەس پێ دەهێناو دەستگایەکی تریان بنیات دەنا. مێشکیان دەچۆڕاند... لە یەك دوڕدونگ دەوەستان... مۆزیان دەگرت... بەڵام کە گڕ گرتوویەك دەنگی بۆ لاوکێك یان گۆرانییەکی خەماوی هەڵدەبڕی، ئەوان مات و مەلوول دەبوون و چاوە ڕەشەکانیان وەکو قلەترێ دەبریسکانەوە. ئەویش وەك ئەوان جەمە خواردنەکەی بەشێوەیەکی میکانیکی دەخوارد بەڵام لە ناخیدا، بارتەقای گشتیان مێشکی لە کار دابوو، دەمارەکانی گرژ دەبوونەوە.

(چاوەڕوانی... چاوەڕوانییەکی درێژ خایەن!! کوشندەیە، مانەندی تیزاب، ئێسك و مۆخی بنیادەمی هەست ناسك دەسمێ. باشە... چاوەڕوانیی چی و لەبەر چی! گرفتەکە وەکو تابان لە پێش چاوە. خۆ ئەمە یەکەم جار و دووەم جارمان نییە. ئیتر خۆ هەڵخەڵەتاندن لە پای چی!؟ من سەر لەم کارو بەزمە دەرناکەم و ناکەم! لە کام لاوە بۆی دەچم، بارەکە سەنگەلا دەبێ و پارسەنگی پێ دەوێ!!)

وەکو ئەوەی کوندە ئاوێکی شەوی بەبڕبڕەی پشتیا ڕۆ بچێتە خوار، موچڕکەیەك

سەرتاپا ڕایوەشاند. هەردوو پێڵووی شۆڕ بوونەوەو وێنەکانی پێش چاوی لێڵ بوون. کێشەکەی ناو کاسەی سەری بەرینتر بۆوە، تەنانەت بیری لە چەمکی بوونەوەرو ڕەوتی مرۆڤایەتی کردەوە... چۆن و... بۆچی؟ کە چاوی کردەوە، تیشکی خۆرێکی لانەواز لە پەنجەرە بێ میناکەوە خۆی لە نزیك پایەوە؛ ڕاخست. سێبەری درکێك لەسەر کومبارە شینەکەدا، گەمەی لەگەڵ ڕۆشناییەکەدا دەکرد. فرامۆشییەك گرتی و هەستی بەشادییەك کرد. سەری بڵند کردەوە. دارەڕای ساپیتەکە تاشراو و لووس و خاوێن بوون. شەوی ڕابردووی هاتە یاد کە لە ناکاو بێچووە دووپشکێکی زەرد باوی لێوە بەربۆوە! لاوێك گورج هاتە دەست و لەکلکییەوە هەڵیگرت. یەکێکی تر قایچیی بۆ هێناو زمرقەکەی قرتاند. لەو گوزەرە ڕەهایان کردو بووە گوپچڕێك نەبێتەوە. ئەو هەستی کرد کە پێویستی بەتەنیایی و گۆڕانێك هەیە. کڵاشە چەکەکەی هەڵکێشاو شولکێك و کەرتە نانێك لە پەنای دەرگای دەرەوە دابوو، دەستی دانێ و هەنگاوی بەناو پووش و پەڵاشەکاندا ڕاگوێزا. لەگەڵ هەنگاوەکاندا، شولکەکەی دەستی ڕادەوەشاند و ملی چقڵ و شەکرۆکەکانی دەپەڕاند. چاویشی بەوریایی سەرنجی ڕێچکەکەی دەدا نەبادا تووڵەمارێك بەقولە پایەوە بئاڵێ. لە گوندییەکانی ژنەوتبوو کە مار بەکەسێکییەوەی دا، دەبێ دەسبەجێ، جێگای پێوەدانەکەی بمژێ بۆ ئەوەی ژەهرەکە لە خوێنیدا تەشەنە نەکات و پاشان ژەهراوەکەی ناو گوپی بتفێنێتەوە. مرۆی دلێرو بەجەرگی وای بەر گوێ کەوتبوو کە جێ گازتنەکەیان بەخەنجەری دەبان بڕیوەو ئەوساکە چوونەتە لای بڕین ساز بۆ تیمار کردنی زامەکەیان!

لە ژێر دارتوویەکی زلی چەماوەدا، ئاشگێڕێك ئاو بەجۆگەیەکی هەڵبەستراودا، بۆ ناو جەرگی چۆمەکەدا دەکشا. بازی دا. لەو پەڕەوە، لەسەر تاشە بەردێك هەڵاژیا. لەتە نانەکەی بیرکەوتەوە. دەستی هەنارده گیرفانی و دوو سێ کوتی بەدەستەوە هات. چەمایەوە... کوتە نانەکانی لە ئاوەکە هەڵکێشا بۆ ئەوەی نەختێك نەرم بنەوە. ئەو دەمە، چەند قلە توویەکی گەییو لە ڕووی ئاوەکەدا مەلەیان دەکرد. دوو پەنجەی بۆ دانەیەکی قەڵەو درێژ کردو سپاردنییە ناو دەمی. تامی تووەکەو ئاوی ساردەکە، هانی دا کە چەند دەنکە توویەکی دیکە ڕاو بکات، ئەوسا ئاوڕی لە کەرتە نانەکان دایەوە. گوێچکەیەکی نایە دەمی و جویی و پاشان تفاندییە ناو ئاوەکەوە. وردە ماسیی بریسکەداری تێئاڵان و هەریەکە بەشی خۆی ڕفاند! لە یەکبینە، دیمەنەکەی لەلا ئێجگار دڵڕفێن و سەیر بوو، بۆیە دووبارە و سێ بارەی کردەوە، ئەوەی لە بیرچوو کە لەتە نانەکەی بۆ گەمارۆدانی سەگەل هاورد بوو. باڵندەی هۆشی هەڵفڕی بەرەو دەریایەك کە نەهەنگەکانی، یونسەکانی هەڵدەلووشن. لە گمە گمی پۆلێ کۆترە کێوی بەئاگا هات و دیدەی ڕەوانە

کردە کن خانووە بلۆکەکەی. لەوێوە کتومت بەکۆتەڵێکی کەتە دەچوو. نەخشەی خانووە بلۆکەکەی لە مێشکیا کێشاو ژوورەکانی یەك بەیەك پشکنی و لە دەرگای پشتەوە چووە دەر کە نەوجەوانێك، لەوێ تەنەکەیەکی کردبووە هێلانەی جووتێ کۆتری هۆگر.

ڕەوز و ڕێ بزنی قەد یاڵەکەی هاتە پێش چاو. توویەکی زۆر لە سەر ئاوەکەدا مەلەیان دەکردو لقە دارێکی ئەو دارتووەش شانی بۆ جۆگاکە دادا بوو. نەیزانی بۆ یەکسەر بیری بۆ لای مارەکەی شێخ ئۆمەر چوو! سەری بڵند کردەوە. گەڵا سەوزەکان هەند چڕبوون، لاپەڕەی ئاسمانیان شاردبۆوە، مەگەر تاك و تەرا، تریوە تریوەی ڕۆشناییيەك وەکو ژێر سکی ماسی، لەبن هەنگڵی گەڵایەکەوە بچوایا بەسۆمای چاویا. هەستا خۆی تەکاندو قەدەرێك بەلێواری جۆگەکەدا شۆڕ بۆوە هەتا ئاوەکە تووشی قەڵبەزێك هات و لەوێشەوە، بەهۆی تاڤگەیەکی چکۆلانە وەکو خوێنبەری لەش؛ باخ و ڕەزەکانی هەردوو دیوی پاراو دەکرد. گەڕایەوە. لە توێی دارەکانەوە، چەند خانوویەکی پرش و بڵاوی دێیەکەی دیت، هەر خێزانەو لە هەورازی عەردو باخی خۆی، چەند نیشتمانێکی ڕاست کردبۆوە.

چەند سڵاوێکی ڕاگوزاری لەم و لەو کردو... فەرمووشی لێ کرا. چەند ئافرەتێکی نەشمیلانە لە دەر نیشتمانەکەیان بەتیرۆك و دەرخۆنە گونکە نان تیرییەکانی پان دەکردەوە. چارۆکەو بەرگی ئاڵاو واڵایان هەندەی تر پەرەی بەشادییەکەی ساند. لەسەرە ڕێدا، چەند سێوێکی نەگەییوو فەریکە بادەم و هەڵووژەی کاڵی، لە ژێر پای درەختەکاندا دیت. بێ ئەوەی هەست بەخۆی بکات تفێکی مرزی قووت دا. چاویشی بە بەر پێیەوە بوو کاتێکی زانی وا لە هەمان جێ پشوودانی پێشووی. زەردەپەڕ کشابووە سەر ئەو خانووچکەیەی کە ئامادە کرابوو بۆ سێ پۆلەکەی قوتابخانەی دێ. دیوارەکانی بەقوڕی سپی سواخ درابوون کە لەگەڵ ڕەنگی سووورباوی کەژە داچەکاوەکەو سەوزە تێرەکەی دار بەڕووەکان. لە ناو بیلبیلەی چاواندا دەکەوتنە پەهلەو میهرەگان گێڕان.

گوێلێ ئاوی گەیاندە ڕووی، ئەوجا وردە نانی ناو گیرفانی تەکاندە ناو ئاوەکەو بازێکی بۆ ئەو دیو دا. لەوێوەش قولانج بەقولانج، چاوی پەرستنی بە دەوەن و درەخت و هەناوی چەمەکە داگێڕا. هێلانەیەکی بەتاڵی دیت بەچڵێکەوە با ڕایدەژەند. ئەم دیمەنە وای لێ کرد کە ڕقێکی پیرۆزی لە دزێوی و زەبر و تەفرەدان بێتەوە، بۆیە پاساوی دڵی خۆی بەوە دایەوە کە دڕکەزێ و چقڵ و شەکرۆکەکانی پاڵ ڕێچکەکەی بەجەخت بپلیشێنێتەوە. پاژنەی تووڕەیی خستە کارو لەبەر چەند هۆیەك نەبوایە لەو ناوەدا، گێرەی بەسەر دڕك و داڵەکاندا دەکرد یان بەچیلکە شقارتەیەك؛ دەرخواردی ئاگری دەدان.

تووله بۆر بەسەگوەڕەوە پێشوازیی لێ کرد، بەڵام ئەو ڕێزی لە سەگوەڕەکەی نەگرت و

هەتا بۆی کرا شولکەکەی تورِ هەڵدایە بان ئاسمانی دارستانەکە. توولە بۆر هەردوو گوێچکەی تەکاندو لەولاوە لەسەر پاشەڵ چینچکی گرت و هەردوو دەستی بۆ پێشەوە درێژ کرد.

چووە ژوورەوە. زۆربەی لاوەکان لە ژوورە درێژەکەدا کروشکەیان بەستبوو. هەستی کرد کە پری مەقالـەیەك پەرِەنگ و ژیلەموو گیانی ئاخنیوە، رِووی هەر یەکەیان لاپەرِەیەك بوو بەسانایی؛ دەخوێندرایەوە، بۆیە خۆی لەوەی تەکی نزیك کردەوە.

– برالە، لە بریتی ئەوەی لەم کەلووەدا سرِو کەسیرە بن، بۆ رِوو ناکەنە کۆشی سروشت؟

– ئاخر...

– لە باتی ئەوەی پیش و ژان ژوورەوەتان بژەنگێنێ، بۆ لە دانیشتووانی پاقژو ساکاری ئەم هەرێم و دۆڵانە نزیك نابنەوە؟

– ئاخر...

– سروشت هەندە نەبان نییە. لەجیاتی ئەوەی کات بەچەقۆ بزانن، لەگەڵ خەڵکدا برِەنجێن و باربوویان بکەن.

– چونکە...

– ئەی نازانن رِەوسەی کار لە جمان و تەکاندایە! مەنگی و دانیشتن، سرِپات و خلْتەی لێ دەکەوێتەوە!!

– ئەوەی رِاستی بێت...

– رِاستی وا لای هەر شوانێکە چ لە هەوێزدا بێ و چ لە مەغەڵ. نەیویست پتر لەسەری برِوات نەبادا بەسەر مەقولاتیی تێبگات. شامی لە تەکیان کردو ئەوجا پەنای بردە بەر رِایەخەکەی. لە گیزە گیزی فرِندەو شەبەیخوونی مەگەزو دووپشکەو جانەوەری ناقۆلا. بێدار و ئێشکگر بوو. شەویش لە پەنجەرە بەتاکەکەوە، بەدزە دز، رِەشباویی خۆی دەبەشاندەوە. هەینێ پێڵووەکانی شەکەت بوون، پەپوولەی خەوی ئاوریشمین، بەشێنەیی خزایە ژێر پێڵووە خاوەکانیەوە. ئیتر –رِەش– بووە سوارچاکی رِەنگەکان.

(ئاگری جگەرەی هامشۆکەرانی بەر پەنجەرەکە، چاوی چەقەڵ دەچن! لە شەودا، هەودای نێوان رِاستی و ئەندێشە دەئاڵۆسکێ. سێڵاوی هەست و نەست، تخووبەکان رِادەماڵن. کوێرو چاوساغ تێکرِا خەونی رِەنگاو رِەنگ و ئەڵاجە دەبینن).

تەمموززی ١٩٨٤

# نەمام

## گوڵچین

لکی لێفەکەی بەئاسپایی لاداو خۆی خشاندە لای بوخچەکەوە، ئاوڕێکی لەمن دایەوە. ئەوجا لە پریاسکەکەوە توورەکەیەکی گوڵداری دەرکرد. زۆر گەرم بوو. بەتیلەی چاو دەمڕوانی کەچی خۆم خستبووە حاڵەتی خەو و پرخەم دەکرد. مەڵۆیەکی ڕووناکی لە دەلاقە و کەڵێن و قەڵەشی دەرگاکەوە دەڕژایە پایینی لێفەکە، لەوێشەوە دەشکایەوە بۆ قەد دیوارەکە. ڕەشید هەروەکو بیەوێ خۆی لەو ڕووناکییە بدزێتەوە، لەسیلەی قوشتگییەکەوە چوار مشقی دانیشت! مێشوولەیەك، لیل... لیل... لیل... لیل دەورو خولی سەرو گوێلاکمی دا. منیش بۆ ئەوەی شێوەی ڕاکشانەکەم بگۆڕم و هەم لە ویزە ویزی ئەو مێشوولە لاسارە خۆم بپارێزم، پرخەیەکم کردو خۆم خستە سەر لا، چاوێکم نووقاندو بەچاوەکەی ترم –کە دوو بەشی بەر قوشتگییەکە کەوتبوو– هەڵمڕوانی و بەخۆمم گوت: «بە لەتە چاوێکیشەوە خۆ چاك دەبینم! ئەوە بۆیە پشیلە شەوانە چاوی بەحوکمە! وا مانگ و ڕۆژی خۆمە. ئێستا نا دەمێکی دیکە منداڵم دەبێت و سێ ساڵێکە حەلاڵی ئەوم کەچی متمانەم پێ ناکات! نازانم لە ناو ئەو توورەکەیە چیی شاردۆتەوە!! کاغەدو ماغەد بێت! بڕوا ناکەم. کە هاتە شار لە کەلاوەکەی پوورە هەدل، کونجی لای پەیژەکەی بەکرێ گرت. بەڕۆژ دەچووە گەچکاری و شەوانیش دەرگای لە خۆی کلۆم دەدا. منی بێ کەس و لانەواز پاش خنکانی براکەم، لە ڕای خوا گوێچکە نانێکیان پێ دەدەم.

پوورە هەدڵ بووە فریشتەو لای مەلا سەعدی لێکمانی مارە کرد. ڕۆژێك هەر لەم ژوورەماندا بێزووم بەتەڕەسازەوە دەکرد، ڕووم لە ڕەشید نا: «ماجەرای خۆمم لە نووکەوە بۆت گێڕاوەتەوە، باشە ئەی تۆ کام ڕەشەبا هەڵیدایتە ئەم شارەو ئەم جنگلاوەیە؟»

متەقی نەکرد! لە بەرد و دارەوە دەنگ هات لە ڕەشیدەوە نا، بەلام ڕەنگی پەڕی و لێوەکانی کەوتنە لەرینەوەیەکی ئەوتۆ کە ئیتر زات نەکەم جارێکی تر گرێی ئەو پریاسکەیەی لە کن بکەمەوە. دامە بەر زەین: «من چیم داوە لەو، خۆ لەگەڵما وەکو مێو و ڕۆنە. بەشکو ئەوەی لە دڵیدایە، نایەوێ پێی بزانم». ئەی ئەم توورەکەیە! هەر شتێکی تێدایە دەی... بەخوا جێگاکەشی بەڵەد بم قەت توخنی ناکەوم. دیارە خۆی نایەوێ... دەی، خۆ من هەندە بەهۆڵی ئەوەوە نیم. هەر خوای بکردایە ئەم زگەم بەهاسانی دانایە».

ڕەشید چەند جارێك دەستی بەناو توورەکەدا گڕ داو هەروەکو بۆنی بکات، لە لووتی نزیکی کردەوە! پاشان گرێی دایەوەو لە تاریکاییەکەدا پەستایە ژێر سیپاڵی ناو سنووقە بوراقەکەوە، ئەوجا چووە لای دەرگاکە وەك بیەوێ ڕێ بزرکێ بکات! لەوێوەش وەکو پشیلەیەکی دڵنیا کە بەدگان بێچووەکانی گوازتبێتە پەنایەکی گەرم، یەکڕاست لەسەر چۆك خۆی ئاخنییە ژێر پێخەفەکەوە. هەندەی نەبرد هەناسەی ئاسایی بوو. ئەو دەمە من باوێشکم داو قەدەرێك لێگەڕام وەنەوز بدات. کەڵەبابێکی بزێو گورج ئەرکی خۆی ڕاگەیاند: قوو... ققوو... قوو... قوو... ڕۆژی نوێ لە دایك بوو. کەڵەبابێکی تر لایەنگیریی کرد: قوو.. ققوو... قووووو، دەی ڕاپەڕن زوو بەزوو. نەخێر بووە چاو لێکەرێ: قوو... قوو... خەوتنە پێشەی بەدخوو. دەنگی کەڵەباب گشت «جنگڵاوا»ی داگیر کرد. ڕاست بوومەوە و بەنەرمی شانی ڕەشیدم ڕاوەشاند.

– هەڵناسیت... وەختە. با نەکەویتە درەنگ.

– گوڵچین زووە، هێشتا چاوم بەخەوەوەیە.

– زوویەکی وا نییە. بەشکو خواو ڕاستان دەتبەنە سەر ئیش، خۆ دەزانی مامان مشتێ پارەی دەوێ.

بەهەر نرکە نرکێك بوو، چایی و نانەکەم دەرخوارد دا. هەر کە دەنگی داخستنی دەرگای دەرەوەم ژنەوت، چوومە ئەو سووچەی کە ڕەشید پەنای بۆ بردبوو. ویستم دەست بۆ سندوقە بوراقەکە درێژکەم، بەڵام ڕەق ڕاوەستام و ئینجا هەنگاوێك پاشەکشەم بۆ کرد! وەکو ئەوەی دەنگێك بەگوێما بچرپێنێ: «منجڕ مەبە. بۆ کارێك دەکەیت دڵی مێردەکەت بڕەنجێ» لەپڕ دەنگێکی دیکە ئاخاوت: «کچێ دەست درێژکە و چی دەبێت با ببێت» سەرانسەر ڕابردووم و نانی کەڕواویم هاتە بەر چاو هەتا ئەو ڕۆژەی کە ڕەشید بووە باوك و دایك و خزم و خوێشم ئیتر چۆن کارێکی وا بکەم ئەو نایەوێ! بەهەر حاڵێك بوو، بەدیوار گرتن و دەست بەئەژنۆ گرتنەوە بێت، ئالامە سووکە کاری ناو ماڵەکە بۆ ئەوەی خودك و مەراقەکە لە بیر خۆم دەرکەم. چێشتەنگاوێکی درەنگ، ژانێکی گەرم پێچی دام. تلامەوە و هاوارم لێ هەڵسا. ژنی خاوەند ماڵەکەمان –خوا کاری ڕاست بێنێ– بەدەنگمەوە هات. ژانەکە پەرەی ساند و جەڕ ئاسایی جەڕی دام. ئەو ئافرەتە هەردوو شانمی گرت و فریای ئەوە نەکەوت کە گازی مامان بکات. ژانی وام بەخۆمەوە نەدیبوو بەڵام واقە واقی کۆرپەکە ژانەکەمی سووك کردەوە. باجی مەنیج وتی: «قایچیم دەوێ بۆ ئەوەی ناوکی کۆرپەکە بقرتێنم». « ئەوەتانێ لەو تاقەی ژوور سەرت». من بەدەم ئێشەوە گوتم.

ئێوارە، ڕەشید کفت و بەشەنگ لێ بڕڕاوی گەڕایەوە، گوڕ و هاڕەی پرێمز و زریکەی ساوای بەر گوێ کەوت. موچڕکەیەك وەکو شەنگەبی هێنای و بردی. لای دەرگاکەوە بەشانی گەچاوییەوە، چەقی و قورسایی خۆی لە پایەکەوە گواستە ئەو پایەی تری. هەردوو گلێنەشی بوونە جووتێ پەڕەسێلکە و بەناو ژوورەکەدا سووڕانەوە.

– ڕەشید.. کەنیشکە! ناوی دەنێم.. گوڵاڵە.. ئەوە بۆ دەمت بۆتە تەڵەی تەقیو!؟ گوڵاڵەت بەدڵ نییە، خۆت ناوێکی تری بۆ بدینەوە.

ڕەشید لە ئاشێکی دوور باراشی دەهاڕی. وامزانی لەبەر ئەوەی کچم بووە وا ئاڵۆزو پەستە. سەرم لە سەری سوی.

– باجی مەنیج سەروبەری کرد و قات و قەیماغیشی بۆ کردم. حەزت دەکرد کوڕ بوایە؟ ئەوە زمانت بۆ ناگەڕێ!؟

سەرسام بوو. چاوی نووقاندو چاوی کردەوە. دوو فرمێسکی گەورە چاوەکانی تەڕکرد. دەمی کردەوە:

– کوڕ و کچ فەرقیان چییە ئافرەت. هۆشم لە لایەکی تر بوو.

– دە ماچی کە. با منیش بچم ئەو پڕپۆڵانە بشۆرم.

داچەمییەوە. کوڵمی ساواکەی ماچ کردو هەناسەیەکی گەرمی دەرپەڕاند. من ئەوەم بە هەل زانی و..

– دیارە بەبێگانەم دەزانی و شتێکم لێ دیزە بەدەرخۆنە دەکەیت.

– گوڵچین، هیچی ئەوتۆم لێت...

بۆی تەواو نەکرا. ویستم بڵێم : «ئەی ئەم بەربەیانە چیت لە ژێر سەردا بوو؟» بەڵام لایەنی بێ دەنگیم پەسەند کرد. لەپڕ گوتییەوە:

– گوڵچین، بۆ هەندە بە تانی قسەدا دەچیت؟

– باشە ئەمڕۆ بۆ وا زوو بەئاگا هاتی و..

– خەریکی... خەریکی، خەوم زڕا بوو.

– ڕەشید خۆتم لێ هەڵە مەکە. ئەی ئەو توورەکە گوڵدارەی دەستت چی بوو!؟

– کامە توورەکە!؟ ئا.. توورەکەی توونەکە نەڵێی! هیچی وای تیا نەبوو کە تۆ...

من بەتوندی بەرپەرچم دایەوە.

– ده بزانه شتم لێ دەشاریتەوە! کەست دیوە دەست لە توورەکە بەتاڵ وەردات!!

هەروەکو بەتاڵەوە بێت، ڕەشید چاری نەما، هەرچی سەرگوروشت و پەنهانی دڵی هەبوو؛ هەڵیڕێژیت.

**ڕەشید**

چوار خانگی قوڕینە بووین کە لە تۆپزاوای گەورە جیا بووینەوە. لە بنار گردۆڵەیەکی ئاسوودەدا، ئارامـمان گرت. ئاواییـە خنجیلانەکەمـان بـە تۆپزاوای سەروو نـاو دەبرا. گوڵچین، مانگی نیسان لەو گەرمیانەدا مەلۆچکەی سەوز بوو لە گشت دەرگایەکی دەدا. ئەو ڕۆژە دامنابوو تەیمانێك بۆ بێستانە قنجەکەمان هەڵبەستم، ئەوەندەمان زانی، لەگەڵ خۆرنشینا، ئاگر بەربۆتە خانوو بەرەکانمان! من و زەلامێکی دراوسێم وەکو شێت چووینە هانای بێوەژنێکی هەتیوبارەوە. کەچی لەم لاوە، کابانی زەیستانی ناو ماڵم –کە تازە حەوتەیەك بوو کوڕێکی لەبار چووبوو – ببووە خۆراکی بڵێزەی ئاگرەکە. گوڵچین، چیت لێ بشارمەوە، زمانەی ئاگر دەق هەروەکو ئەژدیهای حەوتسەرە لرفە و شاڵاوی بۆ کۆڵکە و دارەڕاکان دەبرد. بڕوا بکە، بەم چاوانەی خۆم بەرخۆڵەو دایکەکەیم دیت؛ دەتوت گووش و تەلیسن گڕ لە خورییەکانیان بەربووە! لەو دۆخەدا تەنیا پەرژامە ئەوەی کە گیان قوتارکەم و بەس. ئافرەت لەبەر دووکەڵ چاو چاوی نادی. ڕایەڵ و کاریتە و پەردوو بەچەشنی تەلی ناو گڵۆپ دەگڕان!! لەو ئەفرۆز کردنە، ئەوی سەرفراز بوو، وەك کوکوختییەکی لانە شێواو بەلایەکدا تارا. من بەلای قەورستانەکەی هەردوو تۆپزاوادا، دابڕام و لە پاڵ کێلێکدا خۆم مات دا تاریکایی بووە ئەسپێکی شەودێزو بەرچاومی گرت. ئا لەو ئانەدا، کێشەکەم تاوتۆ کرد. ئەگەر ڕوو بکەمە تۆپزاوای خواروو ڕەنگە ئەوانیش وەك ئێمە کۆستیان کەوتبێ یان ئەوەتانێ، بەر داسوولکەی تەوس و توانجی گەورە و گچکە دەکەوم. باشە، دایکی گوڵاڵە یەك دوو زەلامی سەڵت و دەست سپی، با دەماری پیاوەتییانیش بزوابێت؛ لەو ڕاستاییەدا دەپەرژانە سەر چی! هەر بۆیە بڕیارم دا، لەگەڵ شەبەقی دا خێرا پەنا بۆ تاراوگەی شار بەرم. گوڵچین، دەبێ لاف لێدەم و بڵێم دەستم بەقورگی شێرا کرد و شۆیلە و بۆیلە؟ ناشێ بێم بەخوت و خۆڕایی بەشان و باهووی خۆما هەڵبڵێم؟ نا... نا، ئەوە بەمن نەکراوە. ڕاستییەکەی لە چەقی دووڕێیانی سامداری ئاوهادا، پیاو لە سێبەری خۆی دەسڵەمێتەوە. ئەوەی لە توانستمدا بوو کردم.

ئەو شەوە لە نێوان هەردوو گۆڕی باوك و دایکم گیرم خوارد. لێڵ تاریك و ڕوون، دوو چنگ لە گڵکۆی هەردوو گۆڕەکەم سپاردە توورەکەی تووتنەکەمەوە. لەو ئاقارەدا، لە

سنووری هەردوو دێدا؛ کەڵەکە بەردێك هەبوو. ئا لەوێوە، دوایین نیگام لە دار و پەردووی خانگ و تەوێڵە و کولانە و پەرژینە خامۆش و دامرکاوەکان گرت، کتومت بە کەژاوەی ئاگر دەچوون! ئەوەندە نەما منیش لە داخانا گڕ بگرم. گوڵچین، لە من وابوو گۆی زەمین گشت هەڵایساوە. ئیتر لەو ئاقارەوە خڕێنەی ڕێچکەی شارم گرۆڵە کرد.

خوا بەهەقە، لەگەڵ هەر هەنگاوێکدا، لە من وابوو کوتێك لە جگەرم دەشێلم. گوێت لێمە. بنیادەم پێ بەسەر بەردەڵان و زەردە دڕکی زێد و نشینگەی خۆیا بنێ، خۆشترە لەوەی کە لە غەریبیدا تەسەل و پۆشتە و پەریان بێت. گوڵچین گیان، بۆ کرووزی گۆشت و خەلەو بوزگوڕی سووتاو لە فەرسەقێکەوە دەهات! کێ گوێ بۆ ئەم خەمە شل دەکات و دەنگمان بۆ کوێ دەگات!!

– باشە بۆ گوراوی دڵت لە من شاردبۆوە؟

– چونکە نەمویست تۆیش بگلێنمە ئەم قار و خەم و هەراو هەیبەڵێیە.

ڕووی گوڵچین بووە ساوێنێکی خەندە و هیوا. ڕووی تێ کردم.

– هەستە. خێراکە ئەو خۆڵە بێنە.

– بۆ؟ جێگاکەی خۆی باشترە.

– تۆ بیهێنە و ڕۆی کەرە ناو ئەو مەرکانەیە.

– گوڵچین، بەسەری گوڵاڵە هەتا نەزانم چیت نیازە؛ نایهێنم.

– ڕەشید، تۆوێکی لێ دەچێنم.

– .....!!

بزەی دەیان چرۆ کەوتنە لێوی گوڵچین و لە ڕوویا پشکووتن.

– هەستە هەی بەرخوردار بیت.

– ئاخر..!

– هیچ پەروات نەبێ. خۆ لە شاردنەوە و بۆن کردنەکەی تۆ چاکترە.

چوومە لای توورەکەکەو دەنگی گوڵچین دوام کەوت.

– کە ڕسکا، دەیگوازینەوە بۆ زەوی. ئەوساکە نەمامەکە ڕەگوڕیشە دادەکوتێت.

تووره‌کەکەم نایە بەردەستی گوڵچین. دەنگیشم هەر لەبەر خۆمەوە دەهات.

– پەل و پۆ دەهاوێ و ... سێبەرەکەی دەبێتە ئارامگاو جێ حەوانەوەی گوڵاڵە خاتوون.

کانوونی یەکەمی ١٩٨٤

# کە وشە و ڕەنگ ژوان دەگرن

**١– هونەرمەند**

هونەرمەندەکەی هاوڕێم لە تابلۆکەی دوور کەوتەوەو لاچاوێکی لە من بڕی، ئەمجا چەند پەڵەیەکی خاکڕەنگی لێرە و لەوێ گەیاندە ئەو دیوارە قوڕانەی کە بارانی ڕۆژی پێشوو خوساندبوونی. ئافرەتێکی شڕپۆش لە پێش دەرگایەکی نزمدا، مەلۆتکەیەکی بەشانەوە بوو؛ دەیڕوانییەوە نەمامێکی دووری تازە ڕسکاو. لە گۆشەی چەپی تابلۆکەوە خۆرێکی، کز هێڵی دەرەوەی نیگارەکەی بەزەقی دەردەخست و بەپێچەوانەش، سێبەری خەستی وەنەوشەیی دەپژاندە لایەکانی تر. لە خوارووی ڕاستی تابلۆکەش، لە تەنکاوێکدا، ماسییەکی وردیلە لمۆزی هێنابووە دەر بۆ ئەوەی بزانێ لە هەندەران چ باسە. من سرەوتم نەگرت و دەنگم خامۆشییەکەی شڵەقاند.

– براله ئەمانە گشت جوانن. جوانتریش دەبوون ئەگەر بزانین ئەو ژنە هەژارە چاوەڕوانی چییەو، ماسییەکە سەرنجی بۆ کوێ دەنێرێ و، مەلۆتکەکە بۆ وا سیس و ژاکاوە؟

هاوڕێکەم پەرەمووچەکەی بەدەستەوە مەیی کە ئەو دەمە، ڕەنگی ئاڵی پێوە بوو بەشێنەیی، بەرچنەی بۆچوونی خۆی هەڵڕژت.

– کاك میرزا، ئەوەی کە فەرمووت لە ئەستۆی ئێوەدایە، چونکە ئێمە بەزمانی هێڵ و ڕەنگ دەدوێین، وەڵامەکەیم بەدڵەوە نووسا، هەربۆیە توند بەخۆمەوە گوشیم.

**٢– بێشکە**

دارتاشە پشت کۆماوە ڕیش چەرمووەکە ئیشی ئەوە بوو کە بێشکەی منداڵانەی گچکە دروست بکات. لەگەڵ کەڵەبابی گەرەك ڕاپەڕی و دوو ڕکاتەکەی لە کوڵ خۆی کردەوە. لە دوکانیش فەقیانەکەی بەمەچەکیا ئاڵاند. چەکووش و هەرە و گاز و بزماری لە پێش خۆی دانا و لەولاوەش، بۆیەی ڕەنگا و ڕەنگ و سورمەیی بۆ نەخشاندنی بێشکەکان و گلدانەوەی سەرنجی کیژۆڵە و دایکان.

ئەو بەیانییە منداڵێکی تولەکی سوورفل وەك دۆمبەلان لە نووای دووکانەکەیدا هەڵتۆقا.

– هـا! بێشکەت دەوێ؟

– ...

– هـەر یەکەی بـەدوو ڕوپیـەیـە.

منداڵەکە زۆر کز هـاتـە بـەرچاوی بۆیە دەمی لـێ نـایـەوە.

– دیـارە.. دەتـەوێ...

– خـاڵـە.. دەمـەوێ.. بمگری.. بـە شـاگرد.

– شـاگرد! – دوای هـەڵوەستـەیـەك – خۆ شـاگردم گـەرەکە، نـاوت چییـە؟

– دلێر، خوشکەکـەشم نـاوی خونچەیە. ئـا ئـەمـەنـدە دەبێ. بـەدەست بـاڵایـەکی لـەخۆی کورتتری خستـە پێش چاوی دارتـاشەکە.

– چاکە، چاکە. ڕۆژانـەی یـەك ڕوپیـەت دەدەمێ.

دلێر هـەرچەندەش ڕوپیـەی نـەدیبوو، خـاڵـەش دەمی بە ڕوپیـە ڕاهـاتبوو، وەلـێ ڕووی بووە لاڵـەیـەکی پـاراو و گـورج چووە کن بێشکـەکان و دانـەیـەکی سووری پـەنجە نۆمـا کرد کە هێڵ و خـاڵـە سورمـەییـیـەکـانی؛ دەبریسکـانـەوە.

– خـاڵۆ، ئـەم بێشکە لـە جیاتی دوو ڕۆژانـەم بێت. وەستـاکـەی هـەر چـەنـدەش دەمی نـەکردەوە کـەچی چـاو و برۆی زۆر شتیـان درکـانـد.

– وەستـا، خونچەی خوشکم دڵی بـەم بێشکەوەیـە.

خـاڵـە بـەشێنـەیی دڵنیـای کردەوە.

– بـاشە. دە ئـەو قوتووە بزمـارانـەم لـێ نزیك بکـەرەوە.

**٣– پشیلە**

پشیلـە ڕەشەکە دەتگوت لـە شەوە زەنگ جیـا بۆتـەوە! تـەنیـا پـاوپڵ و گوێچکـەی ڕاست و دوو بـەشی کلکی نـەبێت کە دەتگوت لۆکـەی چڵکنە، خـەریکی ئـەوە بوو بـەدگان هـەرسێ بێچووە چاو نـەپشکووتووەکانی دەگوازتـەوە بۆ پـەنـایـەکی ئـاسوودە. بـەلای خۆیـەوە توونی ژێر گـەرمـاوی مـاڵـەکـەی بـەدڵارای جگـەرگۆشـەکـانی زانی، هـەر بۆیـە کە سێهـەمیـانی لـەوێ دانـا، قـەڵـەمبـازی کردە سـەر دیـواری بـەرامبـەر.

ئـەو پشیلـەیـە هـەتـا مـابێت ئـەوەی لـە یـاد نـاچێ کە کـابـانی مـاڵـەکە بـەقـاپێ نـەوتـەوە چووە کن توونی گـەرمـاوەکە و بـەچیلکە شقـارتـەیـەك ئـەو نـاوەی ڕۆشن کردەوە، ئـەمجا بـەگورجی

بەتەك پشیلەکەوە گوزەری کرد و نەپەرژایە سەر ئەوەی سەر هەڵبڕێ، چ جای ئەوە، ئەو پشیلەیە بۆ وا دەمیاوێنێ. پشیلەکە بەئاسپایی ڕۆیشت و سێبەرێکی لە خۆی کاڵتری پەلکێش کردوو خزایە ژێر کوپە ئاوەکەوە.

### ٤- شەوچەرە

شادی ڕووی خێزانەکەی گەشاندەوە. گوێز و مێوژ و ئەشرەسیان دەخوارد. باوکە دڵی خۆش بوو بەوەی کوڕی بووەو ئیتر کوانگی کوێر نابێتەوە. دوو کەنیشکەکەش فیسکە فیسکیان بوو، لە ناکاو دەمەوەرەکەیان گوتی: «ئیتر لە کوڵان کەس پێمان ناوێرێ» دایکە نەبێ سێبەری پەژارە و ئەندۆیێکی بۆر دیدەی شێلوو کردبوو.

– ئافرەت، هیچ ترست نەبێ. مەلەمان دا بۆ ئەوەی زەردووی نەگرێ و ... نۆرە ئێشك دەگرین، نەبادا شەوە بیباتەوە.

لە دار و بەردەوە دەنگ دەهات، کەچی «حەوسەت» ورتەی لێوە نەهات!

– هەندێ لەو شەوچەرەیە بخۆ بەشکو تینێکت دێتەوە بەر. کەنیشکەکان گەمەیان بە گوێزەکان دەکرد و جار نا جاریش، نیگایان دەناردە لای کۆرپەکە.

– ئافرەت چیتە! بۆ وا مەنگی؟

– چیم بێ! خۆ..

– دە بڵێ، خۆ تەقم کرد. حەوسەت ناوی چی بنێین؟

– زۆراب، تۆ لە ناونان گەڕێ.. پیاوەکە چیت لێ بشارمەوە خۆ.. تاکە.. گونێکی.. هەیە!!

زۆراب کە ئەوەی ژنەوت، دەمی داپچڕا و چاوی بەبنمیچی ژوورەکەوە هەڵواسرا.

### ٥- ئەمرۆش هیچ

ناسکەی ژنت پریاسکەکی دایە دەستت و بەو بەرەبەیانە تاریك و ڕوونە، پێڵاوە لاستیکەکانت ڕوویان کردە لای چایخانەکەی «ئەحمەد ئاغا» خاوەن تۆیۆتاکان هەریەکە و چەند کرێکارێکیان ئاخنییە ناو پیکابەکانیانەوە، تۆیش بەئومێدەوە چاوەنواڕی پەنجەیەك بوویت فێنکی بەناخت بدات و کێچ ئاسایی ڕاپەڕیت. لەتەك چەندانێکی وەك خۆت لە سەرمانا هەڵکورما بوون. کاتی برِندەش وەك گوێزان ڕۆژگارەکەی دەقرتاند بەڕادەیەك پەژارەت لێ نیشت. دەمت لە هاوڕێ گەچاوییەکەی تەکت نا:

– بڕوا ناکەم ئیتر کاتی ئەوە مابێت بمانبەنە سەر ئیش.

ئەو هیچی هەڵنەوەراند. تۆ هەڵسایت و بێهوودە، گەڕانەوەت سپاردە پێڵاوە لاستیکە ڕەشەکانت. ناسکە بەپیرتەوە هات.

– ها!!

– ئەمڕۆش هیچ.

– جوامێر ئەو چاوچنۆکانە کرێکاری هەرزانیان دەوێ

## ٦- باخچەی گیانداران

تازە باخچەی گیاندارانی شار کرابۆوە. حەشاماتێکی زۆر لە نووای شیشبەندەکاندا ناوکەیان دەکرماند و ... دەتریقانەوە. مەیموونێك بەزمانی ڕەگەزی خۆی بەهاوسەرەکەی وت کە جۆلانێی دەکرد:

– ئێمە گەپجاڕین یان ئەم داوەڵە ملوانە لە ملانە؟

لە ناو قەفەزێکی دیکەدا، زێبرایەك قەپۆزی نایە بن گوێیە شۆڕەکانی هاوڕێکەی.

– ئەمانە سەد جووتکەیان لە ئێمەمانان داوە، بەڵام گوێچکەیان درێژ نییە.

لەولاشەوە، پڵنگێکی سووربـاوی کەڵبە درێژ دەمی کردە سێرکەران:

– من دڕندەم یان ئێوە؟ ئەگەر من بۆ بژێوی خۆم وادەکەم، ئەی ئێوە بۆ خۆخۆرن؟

کەس زمانی پڵینگانەی نەزانی، بۆیە منداڵێك چڵە دارێکی ژەندە کەوڵە قەشەنگەکەی. بەڵام تووتییەك پای بەجەرگی خۆیا نا و خەڵکەکەش لە زمانی گەیشتن:

– من بەزۆربڵێ ناسراوم کەچی ئێوە چەنە چەن لێ دەدەن و دەمەوەرن، خۆزگە چوار یەکی ئەوە کردەوەتان هەبوایە.

گیاندارانی تریش لە جێگای خۆیانەوە پاڵپشتی تووتییەکە بوون.چەتەوڵێکی سەر زلی تووك ورووژاو چەمۆڵەیەکی لە تووتییەکە نا و یەکڕاست، بەپەلە پرووزێ خزایە دەرەوەی باخچەکە.

## ٧- دوو ڕێیان

هۆشمەند و مەحموود بەشارێکەدا هەنگاویان دەنا. لە چەقی دوو ڕێیانێکدا، ڕەق ڕاوەستان. بەجووتە ئاوڕیان دایەوە. مەحموود لای ڕاستی گرت و هۆشمەند بەلایەکی ترا ڕۆیشت. بەجووتە تەکانیان دا. هۆشمەند چنگی نیگای لە ترۆپکێك گیر کردبوو. مەحمووديش چاوی لە ژێر پای خۆی بوو.

بەدەم دڕ پێدانی ڕێگاوە قسەیان دەکرد، هۆشمەند گوتی: «منداڵێك دەتوانێ جڵەوی هێسترێکی چەمووش پەلکێش بکاتە سەر ئاو بەڵام ئەگەر تینووی نەبوو بەگشت فیکەی ئەم دونیایە قومێ ئاو چییە؛ ناخواتەوە».

مەحمووديش بە خاویی دەمی کردەوە:

«تێناگەم»

هۆشمەند گوتییەوە: «خولە، خۆت گێل مەکە».

مەحموود وەڵامی دایەوە: «بەم ڕادەیە!».

هەتا دەهات دەنگیان لە یەکدی دوور دەکەوتەوە و وشەکان بچووك دەبوونەوە. نێوان هەردوو ڕێگاکە وا بەرین بۆوە کە بەهیچ کلۆجێك دەنگی یەکتری نەبیستن.

ڕێگاکەی هۆشمەند بەرەو هەڵەمووتێك هەوراز هەڵکشا.

مەحمووديش لە پێچپێکدا وەکو خاڵێکی بۆر توایەوە.

ئاداری ١٩٨٥

## دەمەتەقێ

سینەمای سەلاحودین دەمە وازەکەی بۆ بلیت بڕان داچەقاندبوو. پاشەنگی قەتارێك لە لێواری شۆستەکەوە پێچی کردبووە کن کاسێتخانەکەی تەکی کە ئەویش، بڵندگۆکەی هێڵەی دەکرد و دەنگە کۆرپەڵەکانی دادەمرکاند.

من هەردوو چاوم ناردبووە ناو شووشەبەندی پڕوپاگەندەکەوە. شووشەبەندەکەش هێشووی سێکسی لە لەشێکەوە هەرزان فرۆش دەکرد. گەڵا مێوێکی زیوین، ناوقەدی شۆخەکەی کردبووە چێژگایەك کە بناگوێی کوڕو پەلەماندبوو، چێژ و تاسە لە ڕوویانەوە زەنگوڵ زەنگوڵ دەتکا و کوڕژنی ژێی ناخیانی دەلاواندەوە.

لە چایخانە هاوینانەکەی ئەو بەرەوە، دەنگێك بانگی کردم. وێڕای سیخناخی و پەنگاوەیی شەقامەکە، نیگام بەبان خەرمانی ئۆتۆمبیلەکانەوە قەڵەمبازی کرد و حەمەی بەدی کرد. دەست و سەرم بەشدارییان کرد و حەمەیان پەلەکێش کردە ئەو جێگایەی؛ لێوەی دەمڕوانی. حەمە نیو بازنە سووڕایەوەوە و یەکسەر ملی نا.

– دە تۆ وەرە سێری ئەم بەزمە بکە! حەمە ئێمە لە چی داین و ئەمانە چۆن وا بەجەخت ڕیزیان گرتووە!!

– ڕاستت دەوێ ئەمانە چاکی لێ گەیشتوون! ئەی وەکو من و تۆ کە.....

– بۆ ئێمە گومەزەکەی زەینولعابدینمان دزیوە! ئاوی ڕۆخانەمان شکاندۆتە سەر مەرەزەکانمان یان بەکالیگۆلامان گوتووە: برۆ ها وەبان چاوتەوە!

ڕێمان کرد. لە پاڵ ئەپارتمانەکەی شوکر نەجار، دوو هەرزەکاری ڕەشتاڵە وێنەیان دەگرت. (هەرچەند ئەم ڕووەکە گەشانە دەبینم، دڵم بەخۆم دەسووتێ. خۆزگە نیو هەندە نازم دەگیرا و لام لێ دەکرایەوە).

حەمە سەرنجی ڕاکێشام.

– لە هەورە تریشقەکەی شەوی ڕابردوو ئەم دوو مینایە ورد و خاش بوونە.

سووڕمان خواردەوە. ئەمجا من سەرنجی حەمەم ڕاکێشا.

– خۆ لەم دیوەش سێ مینای تر بوونەتە قوربانی!

– دەبێ هەر مینایەکی نرخی چەند بێ؟ ئەمانە زۆر گرانن. من ئەو دەمە چاوم لای ئەو کۆگایە بوو کە جاران کتێبخانەی هەندرێن بوو.

بەخۆمم وت: «هەر جارێك کە بیر لە دڵداری و مردن و سەرفرازی دەکەمەوە، ئەم کووچە و کۆڵان و شەقامانەم دێتە بەر چاو...»

ڕووم کردە حەمە.

– خەمت نەبێ. بۆ خاوەنی ئەپارتمان و تەلاران لە شکانی مینا سڵ دەکەنەوە!

حەمە بەڕوو گەشی و، دەم کراوی، پرسیاری کرد:

– ئەی لە چی سڵ دەکەنەوە!؟

– کوڕە ئەمانە دەبێ لە بێخەوە هەڵکێشرێن، ئەوجا ژیانی نوێمان لێ واڵا دەبێت.

بەخۆشم وت: «هەروا بەئاسانی نایەتە دی» لە پێش کتێبخانەی گەل هەڵوەستەیەکمان کرد. بەجووتە چاومان بەکتێب و گۆڤارە هەڵواسراوەکانا خشاند کە دەیان جار دیبوومانن. ڕۆژی کوردستان، ئاسۆس، فەرهەنگی نوێ، نێرگز، یاداشتەکانی مێجەر نوئێل.. و..

– حەمە دەزانی ئەم چەپکە نێرگزە بەهاری ئەمساڵی پێش خست!

حەمە نەرمە کۆکەیەکی بۆ کردو بەسەرسامییەوە گوتی:

– حاڵی نەبووم

وتمەوە: لە بێ خەبەران کەشکەك سەڵەوات! حەمە باش بوو ئەم چەپکە نێرگزەمان دەسکەنە کرد، دەنا تەم و کرێوە و بەفرە زۆرەکە دەیانکوتایەوە. ئێستا تێگەیشتی.. تەنیا کارکردن چەمك و پیرۆزی دەبەخشێتە بێ دەنگی. لە بیرت نەچێ، کارکردن. کاف، ئەلف، ڕێ..

هەنگاومان نا. لادێییەکی شڕپۆش و ژنێکی چارۆکە لەشان، کۆشێ منداڵی ڕووتەڵەیان بەکلکەوە بوو. پرسیاری دەرمانخانەی (فەخری) یان کرد. حەمە تۆزێك پای هەڵگرت پەنجەی بۆ ئەو بەرەوە نارد. خاوخێزانەکە، بێ ئەوەی گوێ بدەنە هاڕ و هوڕی جادەکە، هەروا خوار و خێچ، بەنێوان ئۆتۆمبیلەکانەوە خۆیان دەرباز کرد. لەو بەرەوە، پیاوەکە قورسایی خۆی لە پایەکە هاوێشتە پایەکەی تری. دیمانەیان سەربەقوڕی دەهێنایە پێکەنین. دەمم لە حەمە نایەوە: وا سەرم سپی کرد تەنها شتێك سەنگەری بۆ

دەگرم ئەویش، ڕاستییە. من دەمەوێ خۆم بم. بە ڕەش بڵێم ڕەش و بە سپی....

چاوم هەڵبڕی. پێستی ئاسمان دووکەڵاوی و هەڵبزرکاو بوو. پاشەڵێکی ناو بلوجینزی دامەزراو سەرنجی حەمەیان هەڵگرت، بۆیە بەنیو دەنگەوە وەڵامی دایەوە:

– براله، کە خەم کەڵەکەی کرد، بەخەندە بیتارێنە. ئەوساکە گرەوەکە دەبەیتەوە.

بەعەقڵی پێکەنیم و گوتم:

– گرەو و سییانی چی! حەمە ئەوەی وتت توێکڵەکەیەتی. هەن ملوانکەیەکی (لاڤنۆوار) لە مل دەکەن و پای مریشکیان بۆ ناکرێتەوە! حەمەی چاوی لە پووزێکەوە بۆ پووزێکی تر گوازتەوە. منیش کاکڵەی مەبەستم نایە مستی.

– ئێمە مرۆڤین. لە چەقی گێژەنگە و چاوی گڕکاندا بین، هەر دەجمێین. دەنا.. دەبینە تاوێری لاڵ.

پاڵەپەستۆی سەر شۆستەکە، من و حەمە بڕێك لە یەکتری دابڕی. لە چوار ڕێیانی پۆلیسخانە کۆنەکەی (قۆریە) کەوتینەوە هاوشانی یەکدی.

– حەمە، ئاواتم ئەوەیە تۆپەڵی قوڕ بگرمە دەم و قەپۆزی هەرزە گۆیان.

حەمە بەپێکەنینەوە: دەزانی ئەوسا گشت قوڕی زێویە و ڕەحیماوا بەشت ناکات!

منیش بەبزەوە گوتم: پەنجەشم لە چاڵی خێوی کرێتا گیربوو، دەیقرتێنم. حەمە، ئێمە هەردەم بەرەنگاری مەرگەسات دەبین، ژیانمان زنجیرە مردنێکی وردیلەیە، جا بۆ پێکەوە گرێیان نەدەین و نەیانکەینە مردنێکی مەزن و.. پیرۆز بۆ تۆقاندنی مێمڵ و نەیاران.

مەگەر بەقەڵەنگ بەدەرتەنگی کتێبخانەی ئاسۆوە بچوومایەتە ژوورەوە، بۆیە پاش ئەوەی حەمە شۆڕ بۆوە بۆ بازاڕی ئەحمەد ئاغا، من یەکڕاست جادەکەم سەربڕی و هەوراز بوومەوە؛ بۆ دیتنی پیشانگای لاوێکی خوێن گەرمی شارەکەم.

پەیك

# چاوەڕوانی

سالار کە سەری نایە سەر سەرینەکەی، چەند جارێك ئەم لاو ئەو لای کرد. پەڕێکی لاساریش لە متیلی قوشتگیە شڕەکەوە بەلاملیا خزا. ئەمە بۆ ماوەیەك خەوی تاراند و هۆشی بووە باڵندەیەکی سەوز و هەڵفڕی بەرەو شار. پرتە پرتی لالە کزەکەی بان سنووقە (بوراقە) دارینەکە، بەئاستەم ژوورەکەی ڕووناك کردبوو. نەیزانی کەی پەنجەی خەو پێڵووەکانی خاو کردەوە، بەڵام لە ناو پەڵکەڕەنگینەی خەونێکدا باوکی دی و ئاواتەکەی بەجێ هێنابوو. ئەمیش بەدڵێکی شادەوە، سەرنجی جانتا سوورەکەی دەدا و هاواری کرد: ئۆخەی، ئۆخەی.

دایکی وەك کێچ ڕاپەڕی و چەند بسمیللایەکی بەفوو پەخش کردەوە و هانای بۆ پیاوچاکان برد. لە پاشان بەپەنجەی سوز، قژە ئاوریشمینەکەی شانە کرد و ناوچەوانی سڕی. لە درزی دەرگاکەشەوە ڕۆشنایییەك لە لا ڕوومەتی سالاری دەدا. دایکی بەدڵنیایییەوە ڕاکشایەوە. شووشەی چراکە، دوو بەشی هیس گرتبووی کە لەناکاو دیسانەوە هاواری لێ هەستایەوە.

– دایە... دایە. کەی باوکم دێتەوە؟

– بەم زووانە.

– تۆ بڵێی جانتا سوورەکەم بۆ بێنێ!!

– دڵ لە دڵ مەدە، هەر بۆتی دێنێ. بخەوە. شەو درەنگە.

– ئەی ئەگەر نەیهێنا!

– کوڕی شیرینم، ئەویش بۆت نەهێنێ، من خۆت بۆ شار دەبەم و بەگوێرەی دڵت جانتایەکت بۆ دەکڕم.

سالار هەندێك بێ دەنگ بوو، پاشان وتیەوە:

– ئاخر دایە، زۆر حەزم لەو جانتایەیە... زۆر.

ئەو شەوە ئەستێرەیەکی زۆر بێدار بوون و سالاریان پاس دەکرد. لە چێشتەنگاوێکی درەنگدا، سالار چاوی کردەوە. باوکی نەدی. وەك بڵێت: کوا نەگەڕایەوە؟ چاوی لە دایکی

بڕی. دایکی هەستی پێ کرد و گوتی:

– هەر دێتەوە... بۆتیش دێنێ.

ئەو ڕۆژە، سالار لە خۆشیدا، چۆلەکەیەکی ئاسمان بوو... پەپوولەیەکی ناو بێشەڵان بوو... کۆترێکی سپی بوو چاوەڕوانی باوکی دەکرد، بۆیە هەرگیز پای نەدەکەوتە سەر زەوی.

شوباتی ١٩٧٤

# ئۆتۆمبیل

سالار بەمرادخانییە شڕەکەیەوە، لاسایی شوفێرێکی ڕەوەکی دەکردەوە. ئۆتۆمبیلە نەبیندراوەکەی لێدەخوڕی، ڤڕڕڕڕڕڕ. «ئەگەر لە ماڵەوە بوومایە، سەرمەقولات دەوەستام و لە پاشان دەبوومە دووپشکە و شیلانی خوشکم ڕاودەنا. ئەی بۆ بووکۆکەکەی ناداتە دەستم. ئای کە جوانە، چاویش دەترووکێنێت».

گەیشتە شۆستەی شەقامەکە و... هۆپ. برێکی گرت و قورسایی خۆی هەڵدایە دواوە و پاشەوپاش کشایەوە. لەگەڵ ئاوڕدانەوەشدا، نووکی زمانی بەگوێرەی پێویست، کاری خۆی بینی. ئەوسا، بیب، بیب، بیب. هۆڕنی لێدا وەك ئەوەی کەسێك دابگرێ و کەسێکی دیکە سوار بکات. دوایی لە سێبەری دار(بی)یەکدا بەتەوژم، لە چەقی ئافرەتێکی ڕازاوەی بەژن زراو خولی خواردەوە. سەرنجی هەژکی دەرەکەی دا.

«شیلان لە منیش بچووکترە کەچی بووکۆکەی هەیە. دەڵێم:

دایە، ئەی ئۆتۆمبیل بۆ من؟! بێ دەنگ دەبێ یان دەسبەجێ دەمکوتم دەکات: ئۆی! بۆ ئەوەندە

ئەندێشی لێ دەکەیت؟!

ئاخر، دایە... وەختە دیق بکەم.

ڕۆڵە هەر بۆت دەکڕم».

لەوێ ستاری گرت. مەلی چاوی چەند جارێك بۆ ئەو بەرەوە هەڵفڕی. دوو هەرزەکاری قژ درێژ، شەقامەکەیان سەر بڕی و لێویان بزواند. یەکێکی تریش لەولاوە هاتە ناو گۆشەی بینینی و دەستی بەکاکۆڵیا هێنا. ئۆتۆمبیلێکی قەزوانی لە دامێنی شۆستەکەدا وەستا و ئافرەتە خەرامانەکەی هەڵگرت.

– دایە، با ئێمەش سواری ئەو ئۆتۆمبیلانە بین.

– ڕۆڵەکەم... گرانە...

– ئاخر، پام ژان دەکات.

– ئێستا پاسە سوورەکە دێت.

هەمدیسانەوە، سالار ئۆتۆمبیلە نەبینراوەکەی لێخوڕیەوە. لە ناو پاسەکەدا، خۆی خزاندە هامێزی دایکی.

– ئا، یەك بلیت.

– دایکم خۆ شوکر گەورەیە.

– مشتومڕی ناوێ. خۆ نەچۆتە قوتابخانە!!

سالار کەوتە ژماردنی دار تەلەکان.

«دایکم، جلوبەرگی جوانی بۆ بووکۆکەکەی شیلان کردووە. کەواتە منیش داوای زەنگیانەی لێ دەکەم بۆ قەد ئۆتۆمبیلەکەم. نایدەمە دەست منداڵانی گەڕەك. ئەی ئەوان بۆ...».

لە سەرگەی کۆڵانێکدا هاتنە خوار. بەگورجی خۆیان کوتایە درزی دەرگایەکەوە. یەکێکی دی سەراسوێی کرد و بێ سرکە دەرگاکەی سەر کلۆم کرد.

– دایە گیان، کەسێکی تر نابێت بەباوکم؟

– ...!

–کێ شتومەکمان بۆ دەکڕێت؟

– ...

–خاوەنی ئەم ماڵە چیمان دەبێ؟!

– هیچ. دە بچۆرە ئەو ژوورەوە، با جلەکان بشۆرم.

– ناچم.

– کەوابوو ئۆتۆمبیلەکەت بۆ ناکڕم.

سالار بەملکەچی ڕووی لە ژوورەکە نا.

«شەوان شیلان، بووکۆکەکەی لە باخەڵی خۆی دەنوێنێت و دەس بەسەر قژیا دێنێت و منیش ئۆتۆمبیلەکە لە ژێر سەرینەکەی خۆم دەشارمەوە. بەیانیش زوو بەئاو و سابوون دەیشۆم. خۆزگە ئۆتۆمبیلە زەردەکەی بۆ دەکڕیم. ئای کە جوانە...».

کاتی ناو ژوورەکە کیسەلێکی شەل بوو. وەڕس بوو. جاران وا ڕاهاتبوو کە باوکە گەچ شێلەکەی پاش ئەوەی جەمامی ماندوویەتیی دەشکا، حەقایەتێکی بۆ دەگێڕایەوە.

«هەبوو، نەبوو. لە دار و دونیا کەس لە خوا گەورەتر نەبوو، لە مراویش درۆزنتر نەبوو».

بیری لە خوا دەکردەوە. «دەبێ چەند گەورە بێ!» مەگەر بەدەگمەن ئەنجامی حەقایەتەکەی ببیستایە. هەر ئەوەندەی نیسکێکی کلۆك بێتە کوڵ، هەر دوو پێڵووی سست دەبوون. بەسۆزەوە، دایکی بەمەوجە شڕەکە دایدەپۆشی. ئەگەر شیلانی خوشکیشی بۆ گوێگرتن لەوێ کروشکەی ببەستایە، ددانەکانی جیڕ دەکردەوە هەر وەکو برێشکە بکرمێنێ:

«با دایەش حەقایەت بۆ تۆ بڵێ. حەقایەتی بستە بالای چل گەز ڕیشە».

شیلان مانی دەگرت و پتر دەهاتە پێشەوە.

«زۆر گوێم لەوە بووە. دیارە حەقایەتی دی نازانێ!»

دایکی دەیدایە قاقای پێکەنین.

«ئەرەوەڵلا کچم، تەنیا ئەوە فێر بووم».

دزەخەندەیەك لە ڕووی باوکیا دەدرەوشایەوە.

«ئێ کوڕی شیرینم. کە گورگەکە خۆی لە قوڕە سوور وەردا و دەرکەی تیتلە و بیبلەکانی کوتا. گوتیان: کێیە؟! گوتی: دەرگا لە دایەی خۆتان بکەنەوە. ئەوەتانێ، پڕ ددانەکانم لە گیایە و پڕ گوانیشم لە شیرە. ئەوان گوتیان: برۆ، دایکی ئێمە سەوزە».

بەیانی بەتاسووقەوە، دەمی پرسیاری لە دایکی نا.

«تیتلە و بیبلەکان چییان بەسەرهات؟!»

دایکی بەمیهرەوە هاتە وەڵام.

«ڕۆڵە، ئێوارە لە باوکت بپرسە».

هەتاکو ئێوارە چاوەڕوانی باوکی بوو. بۆیە زوو پەلاماری جلە گەچاوییەکانی دا و مەسینەشی بۆ خستە بەر دەست.

«بابە لە چاو بزەکانەوە دەست پێ بکە».

«ئا... دایکی تیتلە و بیبلەکان چووە سەربانی مام گورگ و ڕمبازیی کرد. گورگە هاواری کرد: ئەوە کێیە تەپ و تۆز دەکا، کاسە و کەویلم پڕ لە تۆز دەکا؟

گوتی؟ منم منمنۆکێ... دوو چاوم هەیە بزبزۆکێ... کێ خواردوویە بیبلەی من، کێ خواردوویە تیتلەی من، بێتە شەڕە جەنگی من...».

ئێستاش ئەو ڕۆژەی لە یادە کە ماڵیان دەنگاشە و خڕتۆڵ و چەمەرەی تێ کەوت، بەڵام

نەیزانی لە ئەسکەلە کەوتن چ دەگەیێنێ و... مردن چییە. کە چەند ڕۆژێك باوکی بەدی نەکرد، خوویەکی خراپی گرت و لە هەر شتێك وڕکی دەگرت و خۆی لە خاك و خاشاك دەپلیکاندەوە.

لە دەرگای باخچەی پشت ماڵەوە، چەشنی دوو تارمایی دەرباز بوون. سالار زویر و چاوی هەتەر بوو. دایکی بێ ڕەنگ و شەکەت بوو. ناو لەپ و پەنجەکانی پاشماوەی سابوونی پێوە دیار بوو. دەسەوا، ئاژووان و هەنگاویان هەڵنا.

«پێکەوە لەگەڵ شیلان یاری دەکەین. ئۆتۆمبیلەکەم بەپەتێکەوە ڕادەکێشم و ئەویش با بووکۆکەکەی بخاتە سەری. تووت، تووت، تووت. شیلان وریا بە، نەکەویت...».

لای کۆگایەك لەنگەریان بەست. سالار هاتە خۆی و گەشکە لە چاویا زاو بووە بژوێنێکی پاراو. دەنگی تێکەڵ بەمەلێکی نەواخۆش بوو.

– دایکە، ئۆتۆمبیلە زەردەکەم بۆ دەکڕیت؟

– بەسەر چاوان. هەر ئێستاکە.

ڕووی وەکو دراوێکی نوێ گەشایەوە. پاش ئێستێك پرسیی.

– ئەی بۆ لەگەڵ بووکۆکەکەی شیلان بۆمت نەکڕی؟

– کورم، تۆ لەو گەورەتری و... دەسڕۆش نین، نیمانە. باوکی ڕەحمەتیت هیچی بۆمان بەجێ نەهێشت.

ژانی دایکی پەرەی سەند و گزارەی کێشا، هەر وەك لەگەڵ گەورەیەکدا بدوێ:

– کوڕی شیرینم، پارە لە کوێ بێنم؟ خۆ ژیان بۆتە مەرگەمووش. گرانیش لە برەو دایە و... وەك گورگی هار قەپۆزی لێمان دابچڕیوە! ئاسمانیش پیرخەنیمان بۆ نابارێنێت!!

سالار هەر چەندەش متەقی نەکرد، وەلێ لە ژوورەوەیدا گوتەکانی دایکی لە شێوەی ئەرژەنگ و ئەژدیهای ڕمووزن هاتنە بەر چاوی و تاسە و ئاواتەکانی، لە ناو شووشەبەندی کۆگاکەدا کۆکردەوە.

«شەوان، پەتی ئۆتۆمبیلەکە بەم پەنجەیەمەوە دەبەستم، کە دز هات، بەشێنەیی بەئاگا دێم و دایکم و شیلان وریا دەکەمەوە».

ئاسمانی چویتی چەند پەڵە هەورێکی چڵکنی پێوە لکابوو. دارەکانی شەقامەکە سەوز و ورشەدار بوون.

«جا بۆ ئۆتۆمبیلەکەی من و بووکۆکەکەی شیلان دەدزن!؟»

کچێنەی چاوی سپی هەڵگەڕا.

«بۆچی شتومەکی قشتیلانە بۆ منداڵەکانیان ناکڕن!»

دەرگاکەیان لەسەر پشت بوو، بەڵام سالار دەرگای بەگوڕ کوتا بۆ ئەوەی شیلان، بەهەڵەداوان بێت و لە دیدەنیی ئۆتۆمبیلەکەی سەرسام بێت. نا ئومێد بوو. تەکانی بۆ ژوورەوە دا. دایکی ئەو ڕواڵەتەی ڕەچاو نەکرد.

– ئەوە بۆ وا هەنسك دەدەیت، کچم؟!

– دایکە، کوڕە... کوڕە سەر زلەکەی ئەو لامانەوە...

– ئیٚ!!

– بووکۆکەکەی لێم ڕفاند.

سالار بەکاوەخۆ چووە لای. ئۆتۆمبیلەکەی نایە پێش چاوی. شیلان لە پوکە پوك کەوت.

– قەیناکات... شیلان هەردووکمان پێکەوە بەمەی من گەمە دەکەین.

شیلان گەشایەوە و بەچمکی کراسەکەی، چاوی سڕی. دایکیان دەست و پلی بەڕۆنی چێشت چەور کرد و لە ناو ئاوێنە تەڵخەکەدا، جووتێ فرمێسکی قەتیسماوی لە چاوەکانی سڕی. ئەو شەوە مانگ درەنگ خەرمانەی دا. شەو دانتێلێکی ڕەشباو بوو کە سالار لە خەو داترووسکا. گوێچکەی بۆ دز و پیاو خراپ هەڵخست، بەڵام لە هەناسەی دایکی و ناو بەناو لە هەنسکی شیلان بترازێ، هیچی نەهاتە بەر گوێ. چاوی نووقاند و توند توند ئۆتۆمبیلەکەی لە ئامێز گرت.

مایس ١٩٧٧

# (١٣) چیرۆکی زۆر کورت

## ١- پیاو

که دەیگرێ، لالغاوەی کەف دەچرێنێ و دەنەڕێنێ.

«خۆتان لە قەرەم نەدەن. نزیك نەکەونەوە. دوایی شێتیکە دەپەڕێتە سەرم و...»

دوای تاوێکی دیکە، هێمن دەبێتەوە.

«کەی شێت بووم و بۆ؟ ئەوە باسێکی ترە. بەڵێ دەمارێکی شێتیم هەیە و هیچ بەلامەوە نەنگ نییە بڵێم کە پەرکەمەکە دەمگرێ و لە توانستی خۆمدا نامێنێ. بەرد و دار دەکرۆژم. دژوێنی بێ پەردە چەشنی گلێرە لە زارم بەر دەبێتەوە، بەڵام کە دەمارەکانم شل بوونەوە، ئەوسا، تۆ ئاسایی دەم لە سفری موتڵەق و سێکس و مردن و ژیاری دەسووم. دڵگیریش نابم گەر دەم لەو بارە نائاساییەی من وەردەیت. من لە سەدا ئەوەندە. تۆ لە سەدا ئەوەندە و ئەو و ئەویش لە سەدا بەشی خۆیان هەیە. وەلێ ڕاست بکەین و لە وێوە هەنگاو هەڵبگرین.

## ٢- پیاو و ژن

مێژووەکە کۆنە. پەنجا و هەشت ساڵی خشت دەبێت کە دایکمیان بەزۆرە ملێ لە باوکم مارە کرد. داب و نەریتی ئەوسا وای دەویست! جا هەر هۆیەك هەبووبێت، دەسرۆیی، دارایی، پیلانگێڕی یان شتی دی، ئەوە باسێکی دیکەی دەوێ. باوکم گەنم ڕەنگێکی تۆخە. دەشتوانی بڵێی دڵڕەش و بێ مروەتە چونکە لە کاتی تورەیی و دەمار گیرییدا، ڕەشتاڵە هەڵدەگەڕێ. دایکم سپی ڕەنگە. وەك چوڕی شیر. دانوولەیان پێکەوە نەکولاوە و ناشکولێت و دەمە قاڵییان زۆر جار گەیشتۆتە بارەگای قازی، بەڵام بەهەر جۆرێك بووبێت، پێکەوە لێکدراون و ژیانیان پینە و پەڕۆ کراوەتەوە. ئەوەی ڕاستی بێت، دایکم لەم دواییەدا، وەرەسییەکەی پەرەی سەند و ویستی دەنگی خۆی بەدادگایەکی باڵا بگەیەنێ. باوکم هەزار و یەك تەڵە و بیانووی بۆ ڕەخساند. ئەوەشم لە یاد بێت کە من لەگەڵ دایکما ژوورێکی بچووکمان لە گەڕەکی دۆمەکان بەکرێ گرتووە و باوکم سوورە لەسەر داگیرکردنی دایکم. جا پێکەنینت بەم کێشە و چورتمەی من بێتەوە، دیارە یان لە تەلدرەکە

دووره و پەرێز دەوەستی یان لۆتیت... ئا زۆر جار دەمەقاڵەکەیان لە شتی بچووکەوە سەری هەڵدەداوە. باوکم حەزی لە قاوەی تاڵ بوو کەچی دایکم هەمیشە خۆشاوی مێوژی لەبەر دادەنا!

ئەم جیاوازیە، لەلای دوو کەسی ئاسایی نابێتەوە هۆی مشتومڕو تیرو شیر سوین، کەچی ئەو دووانە سیر و ماستیانیش پێوە دەخوارد! دەتۆران، منیان پێوە دەگلاند و کوتوپڕ ئاشت دەبوونەوە. ڕاستتر وایە بڵێم ئاشت دەکرانەوە. ئێستا پرسیارێك بۆتە هەوێنی دڵەڕاوکێ و خوت خوتە و ئەندۆم، ئەویش: ئەنجامی ئەم زۆران و گەرمەسێرەیان بە چی دەگات؟

## ٣- ژن

کاکی خۆم، هەر دوو دەستەکانت ماچ دەکەم. من چیت پێ دەڵێم، تۆ ئەوەم بۆ بخەرە ناو ئەرز و حاڵەکەوە. دە بنووسە. دایکی پێنج کچم و مانگی خۆمە... تووڕە بوونی بۆ چییە!! خۆ بەخۆڕایی بۆم نانووسیت! دە باشە دەی، لەسەرخۆ دەبم و تۆش باوکەکەمی جوانی بهۆنەوە. بنووسە: هەڕەشەی لێ کردووم کە ئەمجارەش کچم بوو، سێ بەردە بخاتە مشتمەوە! ئەوەش بە قازییە فەنی بڵێ: ئەمە کەی ڕەوایە و لە کوێ ئەتك و ڕیسوایی وا بە ژن کراوە؟!

## ٤- پیاو و پیاو

حەزی بەبێ دەنگی و سروشت و جگەرە کێشان دەکرد. لە ناکاو... نەمانزانی ئاخۆ زەوی قووتی دا یان ئاسمان هەڵیگۆزت!! کە دیمانەوە، بۆمانی گێڕایەوە:

«کە یەکێکمان خوهی شین و مۆری دەردەدا، ئەوی دیکە جێگای دەگرتەوە. دوای چل ڕۆژی دارکاری و خۆ ڕاگرتن و نوخان هەڵکێشان، ڕایانگەیاندم کە بەهەڵە گیراوم!! شەوێك چەتەوڵێکی چوارشانە لە جیاتی من ناونووس کرا!! بەیانییەکەی چوارشانە دەرکەی لێم کردەوە».

تفێکی قووتدا. من هەڵوەستەیەکم کرد. ئەو دەستی بەتەوێڵییەوە گرت.

«ئەفسەرەکە وەڵامی پرسیارێکی دایەوە کە لە ڕوومدا دەخوێندرایەوە. گوتی: شەوی رابردوو دانی بەهەمووو شتێکا نا و...».

## ٥- سەوز

نیگارەکەی نایە بەردەستم. چەند ئەستێرۆکەیەك، هەر وەکو لە کونی کراسە شڕێکی خامەکەوە سەرەتاتکێ بکەن. چوار داری شین بەدار بەڕوو دەچوون. زەوییەکی بەیار وەك زەردێنەی هێلکە.

– مامۆستا، بەدڵتە.

– بەڵام بۆ درەختەکانت سەوز نەکردووە؟!

ڕەنگی گۆڕاو دەنگێکی مزری لێنام.

– مامۆستا ڕاستییەکەی ڕەنگی سەوزم نەبوو.

ویستم بڵێم: «ئەی بۆ ڕەنگی سەوزت لە هاوڕێیەك وەرنەگرت» کەچی لە بری ئەوە خەندەیەکی کەسکم بەڕوویا هەڵوەراند.

– شێرکۆ، دەڵێی چی ئەگەر فێرت بکەم چۆن ڕەنگی سەوز دروست دەکەیت!

سەرسوڕمانێکی پەمەیی بووە خونچە و لە کوڵمەکانیەوە پشکووت.

– هانێ. ئەم ڕەنگە زەردە بێنە بەسەر درەختە شینەکانا.

چۆنم گوت وای کرد. سەری هەڵبڕی. لە چاوەکانییەوە جووتێ چرۆی تازە ڕسکاوم دیت.

– خۆ وایە!!

دەنگی ئاوێتەی حەپەسان و گەشکە بوو. کەوتە سەوز کردنی درەختەکانی دیکە.

– مامۆستا، خۆ لە گشت سەوزێك پاراوترە!!

## ٦- شلکێن

دوو کەنیشکە شلکێنیان دەکرد. خانە خانەکانیان لەسەر زەوی بەکۆزەری گەچ، لە شێوەی فرۆکەیەکی کۆن، کێشابوو. لە ناو هەر خانەیەکدا ژمارەیەکی سپی پێدەکەنی. پێشتریش تویکڵی نارنج و پرتەقاڵیان بەقەیچی خڕ بڕیبوو، پاشان لە دەزوویەکی مۆریان هەڵکێشابوو. ئەوەیان لە باتی بەردی پان دەهاویشت لەمدیو ئەودیوی خانەکانەوە، پێڵاوە پلاستیکەکان. کە شینی کوژەکەیی و سەوزی قەرسیلی بوون. سەرنجی هامشۆ

کەرانیان گل دەدایەوە.

– خەجە چاوت لێ بێ. نۆرەی منە. بە قاچ یان بە دەست؟

– بە قاچ.

نەرمین ڕستە تویکڵەکانی فڕێدایە ناو خانەی ژمارە یەك و کراسە پوولەکە چنەکەی هەڵمانی. لەسەر پێیەك بەشەلە شەل ئالاّیە گوازتنەوەی بۆ ناو خانەکانی دیکە، کە گەیشتە ژمارە هەشت، هاوار لە خەجەوە بەرز بۆوە.

– خورچایت.

– بۆ؟!

– لە خانەی شەشەوە یەکسەر چوویتە خانەی هەشت!

– ئای لەم حەوتە! خۆ حەجەکەی پێم دۆڕاند.

خەجە بەچاو نووقاوی، بەبان خانەکاندا بازی دا و نەخورچا، لە پڕ دەنگی دایکی نەرمین بێ دەنگییەکەی کون کرد.

–کچێ... تیتکت بڕن... وەرەوە ئەو پڕپۆلاّنە هەڵخە.

## ٧- خاڵخاڵۆکە

ئاسمان بڕێ هەوری بێ شێوەی بەخۆیەوە هەڵواسیبوو. لە خوارەوەش، خرینگەی پاوەنەکانی (کەژاڵ) چەند شەقاوێك پێش خۆی کەوتبوو. بەرەو کانی ژنان لێژ دەبووەوە. گۆزەکەی ئەم شان و ئەو شان دەکرد. لە ناکاو خاڵخاڵۆکەیەك، سوخمە کەسکەکەی کردە ئارامگای خۆی! خوێن زایە ڕووی کەژاڵ و دەستێکی سۆزناکی بۆ مێخەك بەندەکەی سەر سوخمەکەی درێژ کرد و بەئاسپایی خاڵخاڵۆکەکەی لە ناو مستیدا شاردەوە. ئەوجا، هەڵپەی کرد و هەنگاوێکی بەرینی نا هەتا گەیشتە سەر تاشە بەردەکە. خاڵخاڵۆکەکە گەیشتە بان پشتی دەستی... فوویەکی نەرمی لێ کرد... نیگای ڕژاندە بان دەستی. خاڵخاڵۆکەکە کەمۆکەیەك ڕۆیشت. ختووکەیەك بەلەشیا هات: خاڵخاڵۆکەکە سووڕایەوە و وەستا. کەژاڵ چاوی بڕییە خاڵە ڕەشەکانی سەر دوو توێکڵە سوورەکەی باڵەکانی. لە پڕ، دوو توێکڵەکە لێك ترازان و... بڵند بۆوە. کەژاڵ چاوی لە خاڵخاڵۆکەکە نەترووکاند هەتا وەك خاڵێکی لێهات و خاڵەکەش توایەوە. دڵی تەژی بوو بەوەی کە بەو زووانە داخوازیکەری لە دێیەکەی خوارووییانەوە بۆ دێ، هەر بۆیە بەهەوەسەوە، لە کەرتە

ئاوێنەکەیەوە، تۆزێك چاوە بە کلەکانی بەسەرکردنەوە. دەمی وەکو گولیلکە نازنازێکی تێراو خۆی نواند. گورج گۆزەی تێنووی پڕ کرد و خڕینگە خڕینگ، ناز و لەنجە و فیزی، هەر سێ پێکەوە گرێ دان و بەرەو گوند هەورازیانی کردەوە.

## ٨- خەناوکە

هەرەتی بەهار ئەژنۆیەك بالای بەخشیبووە قەرسیلە پاراوەکەی گوێی جۆگاکە. قەرسیلەکە وێنەی خۆی لە ڕووی ئاوەکەدا دەبینی. ئاوەکەش بەستێکی دەبڕی و لێرە و لەوێ، بەرد و چەوی ڕەنگینی بەڕووی وردە ماسییەکاندا دەخەناندەوە. وردە ماسی کاتێ کە چوار سمی ڕەشیان دەدیت، بەهەڵەداوان خۆیان لە ژێر سایەی ترشۆکە و پوونگەکاندا مەڵاس دەدا. ترشۆکە و پوونگەش دەبوونە بابۆڵەی قەپۆزی کەرە دێزەی بەڕەڵڵا. کەرە دێزەش هەتا بۆی لوا، خۆش گوزەرانیی خۆی بە کلك ڕەپ کردن و زەڕین دەربڕی. دەزەڕی و قەپی لە قەرسیلی ئەم لا گیر دەکرد. کلکی ڕەپ دەکرد و لایەکەی تری کەل دەکرد. لەم لاو ئەو لای جۆگاکەش، برێ هەرزەکار گرد بوونەوە. خەناوکەکەیان بەملی کەرە دێزەدا هەڵواسی. هەچە دەی. ڕووەو شار نەقیزەیان لێ ژەند.

لە شار، چاوەکان کرانەوە و دەمەکان چرپاندیانە گوێیەکان، هەر بۆ ئێوارەکەی، تراکتۆرێکی ژەنگن کەلاکی کەرە دێزەی ڕاکێشایە قەراغ شار. ئیتر بووە ئاهەنگی گەنە و مێشەکەرانە و داڵ و سەرگەڕ.

## ٩- ڕاو

گورگەزێ بوو. نمنمەی باران و دەزوولەی خۆر ڕمبازی و پێشبڕکێیان دەکرد. تۆ سەبەتە و دار و دەزووەکەت هێنا. سەبەتەکە، دایکت برنجی پێ دەپالاوت. دەزووەکە پاشماوەی دەسرازەکەی خۆت بوو. دارەکەش جاران تیرۆکی داپیرەت بوو. دارەکەت بەسەرێکی دەزووەکەوە بەست و لێواری سەبەتەکەت پێ بڵند کردەوە. ئەمجا لە گیرفانتەوە قەمچێ دانە خۆرەت ڕۆکردە ژێری. بەئاسپایی سەرەکەی تری دەزووەکەت ڕاکێشایە پەنایەکی دالانەکە. خۆت مەڵاس دا. لەوێ بەخۆتت گوت:

«هەر ئێستاکە ئەو ڕیشۆڵە هەڵکورماوانەی بان تەلی ئەلکتریکەکە ڕاو دەکەم».

چاوت بوونە کانیلەی خەندە و ئاوات. بەکاوەخۆ، پۆلێ ڕیشۆڵەی برسی خۆیان کوتایە بن سەبەتەکە و تۆ دەزووەکەت بەپەلە راکێشا. بەدوو شەقاویش خۆت هاویشتە سەر

سەبەتەکە و دەستێکت ڕەوانە کردە ژێری. لە دوو ڕیشۆڵە پترت بۆ دەسگیر نەبوون. بۆیە چەندانێکی دی دەرفەتی گیان قوتار کردنیان بۆ ڕەخسا. هاتیتە ژێر دالآنەکە و هەر ڕیشۆڵەیەکت بەدەستێکەوە بوو. لە ژوورەوەتدا، کەسێك هاتە گوتن: «خۆ چاویان بەزەنگیانە دەکەن! قەدەرێك بەزم و گەمەیان لەگەڵدا بکە. کەی بێزاریش بووی با دایکت ئاوەڕووتیان بکات و بۆ بان پڵاو ساوەرێك». کەسێکی دیکەی ناخت بەرپەرچی دایەوە: «ڕیشۆڵە، خۆی چی بێ و گۆشتاوی چی بێ! ڕەهایان بکە بەشکو ئەمساڵ بەیەکەم دەردەچی».

تۆ هەمان قسەت لە داپیرەتەوە بیستبوو، بۆیە چاوت بووە هێلانەی بەزەیی و... پەنجەکانت شل بوونەوە و... هەر دوو ڕیشۆڵەکە هەڵفڕین و لەتەك هاو ڕەگەزەکانیان نیشتنەوە.

– چالاك کوڕم، من چاوێکی باوکانەم لێت بوو.

تۆش ئەو دەمە بەگوێرەی چڵەپۆپەی درەختەکان، سەرنجت بەرز و نزم کردەوە و ڕوانیتە گەڵا شۆڕدراوەکان. ئەو دیمەنە گشت ماندوو بوونەکەتی هەڵمژی.

## ١٠- لێکدابڕان

لە کۆڵانە خۆڵە پەتانەکەی «ڕەحیماوا»ی لێواری «خاسە»ی تێنوودا، کیوبیدی ئەوین زوو بەتیرێکی تەلیسماوی دڵیانی پێکا، بۆیە لە چاوی یەکدیدا خەزانیان بەبەهار دەدی و ڕەنگی خاکیان لێ بووە کەوانەی پەلکە زێڕینەی چواردە ڕەنگی. چنارەکەی دامێن تەپۆلکە خنجەکەیان کردبووە جێ ژوانی هەفتانەیان. لە دوا ژواندا «ڕۆشنە» بە «ئاسان»ی گوت:

– ئیدی وا زوو بەدیداری یەکتری شاد نابینەوە.

بە سەرسامییەوە ئاسان پرسیارێکی بە وشەکەم و بە هەست گەورە و ژاندار دەرپەڕاند، پڕ قوڕگیشی لە شەپۆلی تاسە و پەژارە بوو.

– بۆ؟!

ڕۆشنەش هەر بەهەمان خەستی وەرامی دایەوە.

– دەڕۆین.

– بەئارەزووی؟!

– نا.

– ئەی؟!

– ...

دواتان دەکەوم.

– ئیتر... لەویّ بێت یان لێرە بەیەك دەگەینەوە.

ئاسان لە دڵی خۆیدا گوتی: «چونکە زەوی خڕە و دەسووڕێتەوە». باوەشیان لە یەکتری دا و بەئومێدی دیداری وەرزێکی نویّ لێك دابڕان.

## ١١- بوغرایی

چۆلەکەیەکی بوغراو لەخۆبایی لای ناڵبەندی شار باڵەکانی فش کردەوە پاش ئەوەی لە نێوان دەست و باشووری هێستر و بارگیر و کەرەکانەوە چووە پێش.

– منیش وەك ئەمانە ناڵکە.

ناڵبەندەکە بەتەوس ئامێزەوە داخاوت.

– ئەمانە بەر لە تۆ ڕیزیان گرتووە و تۆیش...

چۆلەکەکە ئیستەرم سوور بوو لەسەر گوتەی خۆی:

– پەلەمە و کاتی هەڵشەیی نییە.

ئەوەی گوت و خێرا قاچە چیلکەییەکەی بەرز کردەوە بۆ بەر لووتی ناڵبەندەکە. ئەویش قاچی گرت و گەوزی بەچەقۆی سم تاشینەکەی دا. چۆلەکەکە هاواری لیّ هەستا.

– ئای! نیوەی قاچمت قرتاند.

ناڵبەندەکە ڕووی گوازتەوە بۆ لای ولاخەکان و دەنگی گوتی:

– قوربان، چۆلەکە هەر وا ناڵ دەکرێت.

## ١٢- نەورۆز

«زمناکۆ» تازە پێی نابووە ئاستانەی دە ساڵییەوە. لە ریزی ناوەندی پۆلی سێیەمدا بوو. نیگارەکەی خستە چەقی گۆشە نیگامەوە. ئاسمانێکی دوکەڵاوی. ئاگرێکی سوور. دوو بنجە گیای سەوزی تێر. ترومبێلێکی ڕەش. سیّ پێچکەی کەڵەکە کراو. ریزیّ خانووی قاوە ڕەنگی خوار و خێچ. چوار باڵندەی شین لە شێوەی ژمارە حەوت.

– «ئافەرین»

دەنگم دەق وەکو کەوانەی پەلکە ڕەنگینە، ناو پۆلەکەی ڕەنگاند. کوڵمەکانی زمناکۆ بوونە گوڵاڵەی پاراوی گوێی ئاو. پرسیم:

«کا! کەس بەدیار ئاگرکەوە نییە؟»

زمناکۆ ئاوڕی لە پاش خۆی دایەوە و بەنەرمی گوتی:

«مامۆستا، ئاگرمان دا و...»

پتر لە نیگارەکە ورد بوومەوە. دیم لە خولی ئاگرەکەدا یەك دوو پەڵەی کاڵ دیارن. سەرسوڕمانەکەی خۆم گواستەوە بۆ زمناکۆ، ئەویش بەخاوییەوە گوتی:

«پەنجەم لەم بزمارە بەخوێن هات و ئاگرەکەم پێ ڕەنگ کرد. مامۆستا، بۆ بەفیڕۆ بچێت!»

دووپاتم کردەوە.

«ئافەرین»

لە دەرکەی پۆلەکەوە گازی ڕەشیدم کرد.

«ئەوە گازە بێنە با ئەم بزمارە ژەنگنە هەڵکێشین».

## ١٣- پشکنین

سمکۆ بەکەژاڵی هاوسەری گوت:

– زۆر کەم باوەڕم بوویتە! بۆ دوکاندار ماوە هەمان پرسیاری لێ نەکەم!!

سێبەری تووڕە بوونێك بەڕوخساری کەژاڵەوە چەسپا.

– هەر دەبێ بیدۆزیتەوە. دەنا...

چاوە سوورەکانی سمکۆش وەرامی سێبەری تووڕەبوونەکەی کەژاڵیان دایەوە.

– دەنا، چی!!

– دەنا مێش دەمانخوات.

– ها... ها... ها... ئەرێ تۆ بۆ تێناگەیت! مانای نییە... چییە؟!

جارێکی دیکەش بازاڕی پشکنی. سەر و ژوور گەڕاو دیسانەوە بەدەست بەتاڵی

گەڕایەوە، وەلێ دوکانداریکی دەم نووقاو دەمی کردەوە.

– ئا... لەوێ دەسدەکەوێ.

ناوی جێگایەکی درکاند و زاری کڵۆم دایەوە. سمکۆ ملی لەویش نا. لەوێندەرێ کەسێکی نەدی کە پرسیاری لێ بکات بۆیە بەخۆی گوت:

«مێش دەمانخوات و نامانخوات بە جەحەندەم».

# هەبوو نەبوو

لە بەتڵی یەکەمی شەودا بووین. تاریکی، لە دەرەوە هێڵەی بە سەوزایی درەخت و ڕەنگی کۆشك و شینایی ئاسمان دەکرد و ڕەشایی خۆی وەکو کل دەڕشت. «کارا» وەکو کردبووی بە خوو، ئەلف و بێیەکەی خستە ناو جانتاکەی و... ڕووی لەمن کرد. دەسبەجێ زانیم داوای مووچە حەکایەتی شەوانی دەکات. هێنامە بن باڵی خۆم و دەمم کردەوە:

– ئحم، ئحم. هەبوو نەبوو، لە سەردەمی زوو، کابرایەکی زۆر دەوڵەمەند هەبوو. خوا بەو پیاوە تاکە کوڕێکی بەخشیبوو.

– بابە، ناوی چی بوو؟

– کوڕە ناوی فەرەیدون بوو. مەتەڵەکەمان لەوێوە دەست پێ دەکات کە فەرەیدون دەست بە سمێڵە و هەتا بڵێی بەژندار و چوارشانەیە. بەگوڕ و دلێر.

دەنگی کارا ڕێسی مەتەڵەکەی قرتاند. «دلێر یانی چی؟!»

وتم: واتە، ئازار و چاو نەترس. ئێ کارا، هەندە دلێر بوو، لە شێر و پڵنگ ناگەڕایەوە و لە دێو و درنجیش سڵی ناکردەوە.

«بابە، حەزم بە مەتەڵی دێو و درنج و حەزیایە».

چاکە کوڕم. باوکی فەرەیدون حەوت ژووری بۆ ڕازاندبۆوە و هەر ژوورەی لە تەرحێك و بەڕەنگێك. جا شەش کلیلی دابوویێ و کلیلی حەوتەمینی لەکن خۆی گل دابۆوە. ئەو دەمەی کە دەخەوتیش دەینایە ژێر سەری.

– بابە بۆچی؟!

– پەلە مەکە.

فەرەیدون کەوتە مەراقەوە، باوکی دەبێ بۆ ئەو کلیلەی لێ شاردبێتەوە!! خولیا و مەراقەکەی وا پەرەی سەند هەتا نیوەڕۆیانێك بەئاسپایی کلیلەکەی لەژێر سەری باوکی دەرهێنا و ڕووەو ژوورەکە چوو. بەشێنەیی دەرگاکەی وەلاخست و سەری سوڕما چونکە هیچی ئەوتۆی لەو ژوورە ڕەق و تەقەدا نەدیت! بە حەپەساوی چاوی گرداو لەپشت لاشیپانەی دەرگاکەوە، وێنەیەکی دی. کارا، نە بکەی و نە بخۆی هەر سەیری سای گەردنی بکەیت. هەندە جوان دەبێ، هەندە جوان دەبێ هەر وەکو پەری. فەرەیدون کە ئەوەی دی بە

تیری ئەشقی گرفتار دەبێ و لە هۆش دەچێ. ئێستا نەمردووە، حەوت شەو و ڕۆژە گیانی دەرچووە. کارا، ئەمجا با بێینەوە سەر باوکی. کە لە خەو دەبێتەوە؛ دەست بۆ ژێر سەرینەکەی دەبات. کلیلەکەی لێ نابێ! دەزانی چ قەوماوە. ڕاستە و ڕاست بۆ لای دەرگاکە تەکان دەدات. ئاوی سارد دەپرژێنێتە ڕووی فەرەیدون و بۆن سۆ بە لووتیا دێنێ. کوڕە دێتەوە خۆی. باوکی دەڵێ: من لەمە دەترسام. فەرەیدون دەڵێ: ئیتر من لێرە حەوانەوەم نەما. هەر دەبێ خاوەندی ئەو وێنەیە بدۆزمەوە، ئەگەر لە کەشکەلانی فەلەکدا بێت یان لە ژێر حەوت نهۆمی زەوی. باوکە، دەستێکی کەوتە ئەم لاو دەستێکی کەوتە ئەو لاو زانی کار لە کار ترازاوە و هەر ڕەنجێکیش بدات، بۆ سارد کردنەوەی؛ بە بادی هەوا دەچێت. بۆیە دەستی بە سەریا هێنا و گوتی: «کوڕی شیرینم، چیت لێ بشارمەوە، ئەوەی دیت کچی شای پەرییانە. وا لە قەڵای گەوهەریندا کە ڕێگای هات و نەهاتە. لێرەوە بۆ ئەوێ ڕێگای حەوت ساڵ و حەوت مانگ و حەوت ڕۆژە».

کارا، بە نەرمییەوە دەنگی هات «خۆ بابە، هەمووی هەر حەوتە! ئەمڕۆکە منیش دگانی حەوت ساڵەم کەوت!»

– کارا ئەوە دگانی ئاقڵییە. با سووڕدەینەوە بۆ لای مەتەڵەکان. فەرەیدون هەر دوو پای لە زەوی توند کرد و ڕووی لە باوکی نا. «ئەگەر سەریشم لەم ڕێگایەدا دانابێت پەشیمان نابمەوە». باوکی هەستا جووتێ کەوشی پۆڵایین و گۆچانێکی مسی بۆ هاورد و حەوت پیاوی یەکە یەکەی خستە پاڵی و گشتیانی بە ڕم و کەمەند و تیر و کەوان پڕ چەك کرد.

– بابە، لە تەلەفزیۆندا، قولە ڕەشەکانی نیشان دا کە بەو چەکانە شەڕیان دەکرد.

– چونکە ئەوساکە هێشتا تفەنگ و دەمانچە و تۆپ و تەیارە نەبووە. هەر هەشتیان، بەرەبەیانێکی زوو ناوی خوا دێنن و خۆت بگرە دۆڵ و نوالان. خۆت بگرە کێو و چەم و بێشەلان. ها لێرەو ها لەوێ هەتا ڕۆژێك لە ڕۆژان، لە دامێنی جەنگەڵێکی چڕدا، کۆڵ دەخەن بۆ نیوەڕۆژە کردن و پشوو ساندن. خەریکی ئاگر کردنەوە دەبن، لەپڕ...

– بابە، ئەوسا بە چی ئاگریان کردۆتەوە؟

– کارا گیان، لە مەتەڵدا، چۆن و بۆ... نییە. دیارە ڕێگایەکیان دۆزیوەتەوە بۆ ئاگر هەڵایساندن. دواجار کە گەورە بوویت لە قوتابخانە فێر دەبیت... لە کوێ وەستاین؟

– لەوێ ماینەوە کە خەریك بوون ئاگریان دەکردەوە و...

– ئا. لە پڕ گوێیان لە ناڵە و نرکەیەك بوو! بەڵام چ ناڵە و نرکەیەك! دەتوت هەورە تریشقەیە و دەگرمێنێ یان گشت ڕنووە بەفری قەندیلە و هەرەس دەبات!! ئەو حەوت کەسەی کە لەگەڵ فەرەیدونا بوون، زراویان چوو، هەر بۆیە دەمودەست پایان پێوە نا و هەڵاتن.

– فەرەیدون تاك و تەنیا مایەوە؟

– ئا. وەلێ وەکو وتم زۆر دلێر و جەربەزە بوو، بۆیە هەنگاوی بۆ لای ناڵە و نرکەکە برد. چی ببینێ چاکە؟ دیتی وا لقە دارێك چەقیوە لە ورگی دێوێك کە هەندەی شاخێك دەبێت! باشە کارا، تۆ بوویتایە چیت دەکرد؟!

– من! من... ڕاستییەکەی، ئەترەشەم دەچوو. چاوم دەنووقاند.

– فەرەیدون لاوێکی چاکە خواز و میهرەبان بوو. کۆششێکی زۆری دا و دێوەکەی لەو گرفتە ڕزگار کرد. دێوەکەش کە ئەو چاکییەی لێوە دی، ماچی کرد و حەوت مووی دایێ بۆ ئەوەی لە تەنگانەدا بیانسووتێنێ.

– دیسان حەوت مووە؟!

– کوڕم چونکە دێوەکان حەوت برا بوونە. فەرەیدون لەگەڵ دێوەکەدا دوعا حافیزی کرد و عەیامە ڕێیەك ڕۆیشت، هەتاکو، چێشتەنگاوێکی زوو گەیشتە سەر جۆگایەکی خوڕ و بەرین. لەڕۆخی جۆگاکەشدا، مێرووولەیەکی بێ شومار گیریان خوارد بوو. چوو لقە دارێکی لەو نزیکە بڕیەوە و لەبان جۆگاکەدا ڕایەڵی کرد. دەزانی بۆ؟

– بۆ ئەوەی بپەڕێتەوە.

– نەك بۆ ئەوە و بەس، بەڵکو بۆ ئەوەی مێرووولەکانیش بەسەردا بکەن. شالاوی برد و لەکەناری ئەو دیو، شای مێرووولەکان لاقێکی خۆی بچڕاند و بە فەرەیدونی گوت: «هەر کاتێك کەوتیتە تەنگانەوە ئەم لاقەی من بشکێنە». لەوێشەوە، فەرەیدون بەرەو ڕۆژهەڵات ملی نا. چەند شەو و چەند ڕۆژ ڕێگای بڕی؟ مەگەر ئەوە خوا خۆی بیزانێ، بەڵام ئێوارانێکی درەنگ، تووشی بوو بە تووشی ئەشکەوتێکەوە. لەدڵی خۆیدا گوتی: با ئەمشەو لێرانە لابدەم، هیچ نەبێ لە مار و حەزیای ئەو بن دار و دەوەنانە بە دوور بم. کارا گیان، ویستی کەوشە پۆڵایینەکەی داماڵێت، لە ناکاو نەڕەی ورچێك هاتە بەر گوێی. تیرێکی لە کەوانەکەی هەڵکێشاو لەسەر نووکی پێ بۆ لای نەڕەکەوە چوو.

– بابە گیان، کە تۆ دەیگێڕیتەوە، من سەرتاپام دەلەرزێتەوە.

– زەلامی پێشوو ترسنۆك نەبوونە. ئەوان پەنجەیان بە چاوی مارا کردووە. دەی با لەوە گەڕێین. فەرەیدون دیتی وا ورچە پیرێك کابرایەکی پەستانۆتە کوندڕێکەوە و هەیتا هەیتا چڕنووکی بۆ دەبات. ئەمیش نەیکردە نامەردی، تیرەکەی لێ گرت و چەقی دڵی پێکا. کابرای ناو کوندڕەکە بە پەلە پرووزێ هاتە دەر و ناوچەوانی فەرەیدونی ماچ کرد. ئەمجا ئەنگوستیلەیەکی پێشکەش کرد.

– دیارە ئەنگوستیلەکە لە زێڕ بووە.

– نەخێر، لە زیو بوو، بەڵام نقێمەکەی کوژەکەیەکی تەلیسمدار بوو.

– تێناگەم.

– واتە، شتی وا دەکات کە بنیادەم بۆی ناکرێت. ئەو ئەنگوستیلەیە، ئەگەر پەنجەت بە نقێمەکەیدا بهێنابایە دەسبەجێ هەر چی ئاوێك لەوێ بووایە دەیمەیاند.

– ئەگەر جۆگاش بووایە؟!

– کوڕە جۆگای چی! ئەگەر زێ و ڕووبار و دەریاش بووایە، دەیمەیاند. پاش ئەوە کەوتەوە ڕێگا بڕین. دەیان هەوراز سەرکەوت و لە دەیان نشێودا شۆڕ بۆوە. دەیان چەم و زێ و گێژەنگەی بڕی. سەرت نەیەشێنم، ئەوەندە ڕۆیشت، ئەوەندە ڕۆیشت هەتا ڕۆژێك هەستی کرد دڕك لە پای دەچەقێ!

– ئەی کەوشەکەی لە پۆڵا نەبوو؟!

– بەڵێ، بەڵام ڕۆژێك دێ پۆڵاش تەنك بێ و کونی تێ کەوێ. فەرەیدون بیری کەوتەوە کەوا نزیکەی حەوتساڵێکە وا بەڕێوەیە.

– ئەی گۆپاڵە مسەکەی؟!

– ئەویش کورت ببوو. شەوێك لەبەر تاشە بەردی کن مێرگێك هەڵاژیا بۆ ئەوەی شەبەقی دڕ بە ڕێگاکە بداتەوە. ئەو شەوە لەبەر ماندوویێتی، زوو چاوی لێك نا. لەگەڵ گزنگدا ڕاپەڕی. چاوەکانی هەڵپرواند. چی بدینێ باشە! بریسك و باسکی قەڵاتێکە ئاوی چاو دەبات! لە خۆشیا هەندە نەما گەشکە بێت. گورج کەوتە خۆی و هەر دوو هەنگاوی کرد بەیەك هەتا گەیشتە بن قەڵاتەکە. دەرگای قەڵا وازەکراو یەکسەر بردیان بۆ کن شای شار. لەوێ، سێ شەو و سێ ڕۆژ میوان بوو. بۆ ڕۆژی چوارەم، لەبەردەمی پاشادا وەستاندیان. گوتی: «تۆ چۆن ڕێگای ئێرەت دۆزییەوە؟» فەرەیدون گوتی: «حاڵ و مەسەلە

واو وا» سەر گورشتەی خۆی بۆ گێڕایەوە. پاشان گوتیەوە: «من پاشای پەرییانم. دەبێ داخوازیکەری کچەکەم سێ مەرج بەجێ بێنێ».

– بابە مەرج چییە؟

– مەرج واتە گرەو. فەرەیدون بە هەر شتێك قایل بوو. ناردیانە ژوورەکەی خۆی و بۆ ئێوارەکەی، حەوت مەنجەڵی گەورەی زنجیردار چێشتیان هێنا. گوتیان: «ئەمە مەرجی یەکەمی شایە. دەبێ ئەم شەو گشتی بخۆیت».

ڕۆیشتن و لەو دیوەوە دەرگایان خڕ داخست. کارا، مەنجەڵەکان هەندە گەورە بوون هەریەکەیان دوو زەلام باوەشیان لێ بدایە، دەستیان ناگەیشتەوە یەك. فەرەیدون داما و نەیزانی چی بکات. کتوپڕ، فرمێسکی زۆر بە چاویا هات. دەستی برد بۆ پشتێنەکەی بۆ ئەوەی چاوەکانی وشك بکاتەوە. مووی دێوەکانی لە توێی پشتێنەکەوە کەوتنە سەر زەوی. هەر حەوت مووی سووتاند و لەچاو تروووکانێکدا، حەوت دێوە براکان ئامادە بوون و چێشتی ناو مەنجەڵەکانیان لەبن هێنا. بۆ شەوی دووەم، حەوت بار دانەوێڵەیان تێکەڵ کرد بۆ ئەوەی فەرەیدون، هەتاکو بەیانی، گەنم بخاتە جەواڵی گەنمەوە. جۆش بخاتە جەواڵی جۆوە، برنج بۆ ناو جەواڵی برنج، نیسك بۆ جەواڵی نیسك. هەروەها ساوەر و ماش و هەرزن. کارا، تۆ بیت چی دەکەیت؟

– بیرم کەوتەوە، مێروولە برادەرەکانی...

– ئافەرین. فەرەیدون لاقی شای مێرووڵەکانی لە پێچی میزەرەکەی دەرهێنا و دوو کوتی کرد. کارا، ئەوەی مێرووڵە وەکو لەشکر، وەکو لافاو ڕژانە ئەوێ. هەتا تۆ لەیەکەوە بۆ دە بژمێری، ئەوان دانەوێڵەکانیان خستە ناو جەواڵەکان و بڵاویان کرد. بەیانی کە یاساوڵەکان دەرگایان لێ کردەوە، واقیان وڕما! بۆ شەوی سێیەم دەرگاوانی کۆشکی پاشا گوتی: «ئەم شەو پشوو بدە. سبەینێ لە ژێر چاودێری خاوەند شکۆ و وەزیری دەستی ڕاست و پیاو ماقووڵان و ڕیش چەرمووواندا، مەرجی سێیەم ئەنجام دەدرێت.

– بۆ ئەوسا وەزیری دەستی ڕاست و دەستی چەپ هەبوو؟ ئەی وەزیری دەستی چەپ لە کوێ بوو؟

– سرەوتت بێ. تۆ دەتەوێ بە زوویی هەموو شتێ بزانیت! لەوانەیە وەزیری دەستی چەپ بەفەرمانێك ڕەوانەی لایەك کرابێت یان بزانە چیی بەسەر هاتووە. لە بەندیخانە توند کراوە!

– بۆ بابە، لە شاری پەرییانیش بەندیخانە هەیە؟

– لە هەر جێگایەك بەندیخانە دەبێت چونکە تۆوی خراپە هەر دەمێنێ. شاهەکان پایتەختیان دەبێ، پۆلیسیان دەبێ. دۆستیان دەبێ و دوژمنیانیش دەبێ. با بگەڕێینەوە سەر مەتەڵەکەمان. فەرەیدون گاز دەکەن. پاشا دەڵێ: «دەبێ سەرکەویتە سەر ئەم دار سەرووە و ئەم جامە ئاوەت بە دەستەوە بێت بێ ئەوەی دڵۆپێکی لێ بتکێ. فەرەیدون ملکەچ، بەیەك دەست هەڵدەگژێتە قەد سەرووەکە. لە ناو قەدی سەرووەکەدا، شەکەت دەبێ و لە قاریشا تنۆکێك فرمێسك لە چاویەوە بەردەبێتەوە. پاشا هاوار دەکات: «مەرجەکەی دۆڕاند». وەزیری دەستە ڕاست دەڵێ: «نەیدۆڕاند. چونکە ئەوەی کەوتە سەر بەردەکە فرمێسکە و ئاو نییە»».

یەکێك زمان لەو بەردە دەسوێ و قسەی وەزیر دەسەلمێنێ. لەم کەین و بەینەدا، فەرەیدون سەرانسەری ژیانی خۆی وەبیر دێ هەتا دەگاتە ئەو جێگایەی کابراکە ئەنگوستیلەکەی دەداتێ. دەسبەجێ پەنجە بە بان نقێمەکەدا دێنێ و ئاوی ناو بادەکە دەمەیێ، گورج هەتا چڵە پۆپەی دار سەرووەکە دەڕوات و دێتە خوارەوە. جامە ئاوەکە دەداتە دەستی شای پەرییان و ئەویش بڕیار دەدات هەر لەوێ مارەیی کچەکەی لێ دەبڕن. کارا، ئەوجا حەوت شەو و حەوت ڕۆژ دەهۆڵ دەکوتن و زوڕنا دەژەنن و ڕەشبەڵەك دەگێڕن. تەنانەت ناپەرژێنە سەر جەمە خواردنەکانیان. فەرەیدون لە قەڵای گەوهەریندا دەمێنێتەوە هەتاکو خوا پاش نۆ مانگ و نۆ ڕۆژ و نۆ سەعات، کوڕێکیان دەداتێ. سپی سپی وەکو کاغز. گلێنەی چاوەکانی ڕەش ڕەش وەکو قلە ترێ.

– بابە، ناوی دەنێن چی؟

– مەتەڵەکە ناوی نەبردووە. باشە تۆ حەز دەکەیت ناوی چی بووایە؟

– حەزم دەکرد ناوی وەکو ناوی من بووایە.

–دەی ناوی دەنێین کارا. ڕۆژ دێ و ڕۆژ دەڕوا. هەر ڕۆژەی هەندەی دەنکە جۆیەك باڵا دەکات، هەتاکو وەك تۆ دەگاتە حەوت ساڵی و دگانی ئاقڵیی دەکەوێ.

– بابە، دگانەکەم لەسەر بان ناشت. دایکم گوتی لەوێ بینێژە.

– چاکە. ڕۆژێ لە ڕۆژان، فەرەیدون غەمگین و مەلوول دادەنیشێ. خەزوورەکەی دێتە کنی بۆ ئەوەی مزگێنیی بداتێ کە دەیەوێ لە شوێنی خۆی لەسەر تەختی شای پەرییان داینیشێنێت. کە بەو ماتییە دەیبینێ، دەڵێ: «ئەوە بۆ وا ماتی؟» باوکی کارا دەڵێ: «ڕاست

دەکەی. هیچ شتێك لە نیشتمان خۆشەویستتر و لە باوکیش بە پەرۆشتر نییە». فەرمان دەدا حەوت باری دێو گەنجینە و سامان ئامادە بکەن لە زێڕ و زیو و مرواری و کارەب و شیلان و ئاقیق و پیرۆزە. پاشان هەرسێکیان دەگرێتە ئامێز و سیمرخەکەی خۆی پێیان دەبەخشێ. «گوێ بگرە، کوڕم فەرەیدون، کە چوونە سەر شانی سیمرخەکە، حەوت جار چاو بنووقێنە و چاو بکەوە، کتوپڕ دەگەیتە نیشتمانەکەت». چۆنی گوت وای کرد. لە پێش ماڵی خۆیان، لە سیمرخە دڵسۆزەکە دابەزین. دیارییەکانیان گواستەوە بەڵام باوکەکەی لە سوێی فەرەیدونی کوڕی، بینایی کوێر ببوو. دەرحاڵ، سیمرخەکە پەڕێکی لە نووکی باڵی خۆی هەڵکێشاو بە چاوی باوکی فەرەیدونا هێنای. هەردوو چاوی گەش وەکو نێرگز کرانەوە. باوەشیان لە یەکتری توند کرد و شاد و شوکر بوونەوە. منیش هاتمەوە و هیچم بۆ نەمایەوە. کارا گیان، ئەنجام هیچ نامێنێتەوە. شا نامێنێ. کۆشك و تەلار دەڕووخێ. ئەوەی بمێنێتەوە ئەم مەتەڵەیە... چاکەیە... وشەیە... جوانییە... ڕاستییە. ئیتر چەپکێ گوڵ و چەپکێ نێرگز، کارا مەرگت نەبینم هەرگیزاو هەرگیز.

ئایار ١٩٨٥

# بڕیار

«گریمان ئەوا ملکەچ بووم و ئەو چاو ماسییە، پەیژەیەك بڵند بۆوە. ئەوسا چلۆن چاو هەڵبڕم لەعاست ئەوانەی خۆم سەرزەنشتم دەکردن لە هەمان هەڵویستی وادا! لە چ قوژبن و پەڕگەیەکی ئەو کەونەدا ڕووی داوە!!»

نا، وڕێنە ناکەیت و ئاوەزت وا لە ناو کالانی خۆی دایە. وەلێ گوێ لە زمانی ناخ دەگریت.

«چەشنی تووکی قوو، کەوڵی پشیلە سیامی، وشەی نەرم و نۆڵ هەیە ختووکەی ژێرپا دەداتـەوە. وشەش هـەن بـێگـەرد وەك نـووکـی درەوش، پـاکـیـز وەك بـاڵـی کـۆتـر، گـیـان دەبزوێنن».

ئەوەتا، پاییزە ئاسمانێکە لێوە دیارە. شیپانەی پەنجەرەکە بۆتە چوار چێوەی ئەو ئاسمانە مڕو مۆچە. ئەویش کودووە زەردەکەیە، دوێنێ شەو بلبلە زەرنەقوتەکەت لە ناو دانا بوو، کەچی پشیلەیەکی منجڕ دەرفەتی سەندو ڕفاندی. ئیستاکە، بەرانبەر بە بێ دەنگی دانیشتووی و چەند وشەیەکی گەش و گوڕدار، لە بێشکەی ناوەوەتدا هەڵمەقۆیانە و دەیانەوێ ورگی تاریکی و درۆ هەڵدڕن. دیمەنی بازاڕت لەپێش چاوە، دەمێك دەچرپێنێ و گوێیەك بە دەمێکدا هەڵدەشاخێ. مێشك پڕ دەبێ لە وێنەی خەڵکی. لە دەرەوەی ڕاست پەنجەرەکەدا چڵە هەنارێك بوونی خۆی لە کنت دەسەلمێنێ. لەرینەوە و لەنجەی ئەو چڵە هەنارە نیوە ڕووتە، تابلۆی ئاسمانی ناو شیپانەی پەنجەرەکە دەلەرزێنێ و هەم شەپۆلی ئـاگـایـی تـۆش دەپـەنگێنێتـەوە، ڕایدەژەنێ. لـەش گـەڵا هـەڵـنـەوەریـوەکـان، تیشکی خۆر کردوونی بە زەردێکی ئیسقادار. چەند گەڵایەکی تریش وەکو پەژموردانی بەر مزگەوتان سیس و هەڵکورماون، ها ئێستا ها دەمێکی دیکە دەکەونە خوارەوە، دەمرن و دەبن بە پەیین. ئەو گەڵایانە بۆ ماوەیەك باوەشیان لە وەنەوزی نیگاتدا. تۆ لێل خۆتا ئاخاوتی:

«کە مردن برا گەورەی گشت بوونەوەرێکە، ئیتر بۆچ ئەو مردنە نەکەینە بنەمای ژیانەوەیەکی نوێباو. دیارە برێ کەس هەندەی ئەو گەڵا وەرزیانەشیان لەدەست نایێ! هەی داوەشێن. دەخۆن بۆ ئەوەی ڕۆژگار بژمێرن! ئا ئەمەیە مردنی ڕاستەقینە. هەشە لە لووتکەی سەرکەشەوە وەکو ڕنووی بەفر هەرەس دێنێ بەرەو دۆڵی نسرم و گۆداڵی قەوزە گرتوو».

چەند مانگێك لەمەوبەر، هەر لەم شوێنەدا چاوت لە تۆوی شەكرۆكێك بڕی كە منداڵە وردكە بە (گەنمە پشیلە)ی ناو دەبەن. ئەوەندەت زانی ئەو گەنمە پشیلەیە. وەكو ئەوەی هۆشی هەبێت. بە ژوورەكەدا گڕ دەدەیت. وێنەكانی ناخت دەلاوێننەوە. لای ڕاستەوە، سێ قوڵنگی گەچینت هەڵواسیوە، گەورە و ناوەنجی و گچكە بۆ ئەوەی كۆچی دوور و نزیكی ئەو باڵندە مل درێژانە لە چاودا بەر جەستە بكەیت. لە دیواری لای چەپەوە گێرنیكای پیكاسۆ. تۆ لە ترسی شێ و گوو مێش، وێنەكەت لە كیسەی نایلۆن هەڵكێشاو بە چوار كلپسی سەوز، چەسپت كرد بەدیوارەكەوە. دیواری پشتەوەش، بێ ئاوڕدانەوە، دەزانی كاتژمێرێكی لێیە و بەس. گشت جارێك كە كارەبا چاو بنووقێنێ تۆ دەچیتە سەر تەپڵەكێك و میلی خولەكی كاتژمێرەكە دەسووڕێنیتەوە. هەفتەش نییە دووسێ جار ئەوە پیشەت نەبێت. ئای، چەند حەز دەكەیت لە یادی خەڵكدا زیندوو بیت و هاوڕێكانت بەلەز لە بیرت نەكەن. نەختۆكەیەك مات دەبی و هەمدیسانەوە «باوكم بە عەلی ناوی نام. منیش هۆشیارم خستە پاڵی و بووم بە عەلی هۆشیار. ئای ئەم هۆشیارییە چەندە بەگران لەسەرم كەوتەوە. ئای، پشكۆی وشەی دانسقە! ئای! دەستەواژەی هەژێن چەند لە قووڵاییەوە ئەشكەنجەم دەدەن! وای! ئەم خڕۆكەی زەوییە چ ئێش و بژواڵەی و پەژارەی پێوە لكاوە، بارتەقای ژمارەی سكی برسی خەم كەڵەكەیە. وا دیسانەوە ئامبازی هەڵبژاردنەكە هاتم! كورم دەوێ بەرگە بگرێت».

خۆت بە تاتەشۆر نازانی. ناتەوێ داڕێژراوێكی لەمین بیت، بۆیە لە گەرووی گێژنگەكەشدا هەر بۆ نوا باسكە مەلە دەكەیت. هەڕەشەكەی «ئاخاب»ت وەبیر دێت كە دەیگوت: «گەر خۆریش زللەم لێ بدات، من شەپازللەی تێ دەسرەوێنم».

بەلانكی، سەرتۆپی شەپازللەی تۆ، قۆچەقانیی گیان و ڕمبی ڕاستگۆییە. گەر قەڵخانیشت هەبێت، تەنیا بێگەردیی خۆتە كە كانیلەیەكی چاوی قرژانگە.

«هەر كەس پاگای خۆی ئاراستەی بكردبایە، بێ گومان ڕەوتی ژیانمان بە جۆرێكی جیاواز وەردەسووڕا».

هەڵدەستی. ڕوو لە دەرگای دەرەوە دەنێیت. بە دەم ڕێگاوە یادگارت وەكو پەڵەی ڕەنگاوڕەنگ دێتە بەر چاوت. مێرد منداڵ بوویت و تازە دەچوویتە پۆلی شەشەمی سەرەتایی، كۆچبارتان كرد و لەم «ئیمام قاسمە»دا گیرسانەوە. لە جۆگایەكی ئاش گلێنێك باز دەدرێت و «خاسە»ت لێوە دەردەكەوێ. دە ماڵێك بوون لە كۆشی «بەرانە ملە»دا. بەستێك وەكو بازنەی شكاو گەردنی گوندەكەتانی گوشیبوو. نەو بەهاران، ئاسمان بە كوڵ دەگریا،

سێل و ئاوڕۆگەی ئەو یاڵ و ملانە قسەیان دەکردە یەك و ساڵ نەبوو تەیمان و چیلکە و پەچە ڕانەماڵی. دەفر و هیبار و میبار گلۆر نەکاتەوە. پڕپۆڵ و بوزگوڕی پیرەژنان زیواڵ زیواڵ و پەتوور نەکات. تۆ ئاواییت ئامۆژ کرد کە ڕێڕەوی ئەو بەستە بگوێزنە خوارووی گوند. ئەوساکەش با شالاو خۆی ڕێڕەوێکی دیکە بۆ خۆی بدۆزیتەوە. کۆسپ و تەمار و لەمپەری هاتە پێش، با پێچ بداتەوە. یان کە ماندوو بوو، با پەنگ بخواتەوە. هەڵبەتە هەر دەگاتە «شیوە سوور». خەڵکی، تۆیان بە فرەزان و مامۆتکی پاشەڕۆژ پەنجە نۆما کرد، بۆیە نوێژیانێك هێشتاکە مەچیرە ڕەش و سپییەکەی ئاسۆ تازە لێك ترازا بوون، ئێوە ورووکانە گیان پیرە بەست و پاش چەند حەوتەیەك هەناسەی ئۆخەیتان هەڵکێشا. لەوساوە تۆ هەستت بە بوونێکی نوێ کرد. ساڵی کوللەکەشت چاك لە بیرە چونکی لات بۆتە پەڵەی سەر کەوای سپی. چێشتەنگاوێك سەرتان سوڕما لەوەی بان و ژوور، دەشت و دەر؛ لافاوی کوللە دایپۆشیوە! شەپۆڵ ئاسایی لەم سەری شیناوەردەکانەوە دەجمان و لە پاش خۆیان زەوییەکی ڕووتەنیان بەجێ دەهێشت! دیمەنەکەت بەلاوە دڵتەزێن و سەرنجکێش بوو. ئاگر و چڕە دووکەڵ دەماندن بۆڕی بە شەبەیخوونی کوللە نەدا. هەر ئەوەندەت زانی بەرد هاوێژێك شینایی، لە پڕ ڕەنگی قاوەیی کاڵی لێ دەنیشت. ڕەگی ڕووەك وەکو سەدان پوازی باریکەلە دەهاتنە پێش چاوت کە لە دڵی عەرد چەقی بن، بەڵام ئەو ڕۆژەی کە بەرەو شار بوونەوە، ئاوڕت لە قەدپاڵە هێمنەکان دایەوە. ڕانێك ـ بزنی لە مەڕ زۆرتر بوو. گردۆڵکەی خۆرەلاتی بەرانە ملەیان؛ دڵدوێن کردبوو. تۆ ئەو دەمە بە خڕە چەوی ڕەش و سپیت چواندن. ئەو دیمەنە، ناخە ناسکەکەتی دەرزی ژەن کرد چونکە لە ڕادە بەدەر هۆگری زایندەکەت بوویت. بە جەخت، بن دەستیی جۆماڵ و قرشە کێشان و باگردێنت دەکردن. لە قرچەی نیوەڕۆ و شەوی نووتەکدا، مردووت لەگەڵیان شاردبووەوە. کێڵگەکانت قولانج بە قولانج دەناسی. ئاشنای هێلانەی کلاو کوڕە و سوێسکە و قەتێ بوویت. لە تخووبی بژوێن و پاوەنەکاندا، شوانێکی بەڵەد بوویت. لەگەڵ خوڕەی قەڵبەز و بلوسکە دارینددا خەملی بوویت. پێکەوە لەگەڵ پەلکی هەنجیرە وەزیری و شاتوودا هەناسەت تێکەلاو بوو. هۆگری کناچەی پۆڕ و گمەی شینە کۆتر بوویت. پەروەردەی چزی مێشهەنگ و تەزووی زوقم و شەختە، بۆیە ئێستاش دەتەوێ هەمان شوانی کارامە بیت و مێگەلی وشەکانت بە کامی دڵ بلەوەڕێن. کاوێژ بکەن و... گوانی بە فەڕیان چك نەکات. وا بەدەم ڕێگاوەیت. دەزوولەیەکی ڕووناکی لە پێش چاوتا لوول دەخواتەوە و شێوەی سەیر و سەمەرە دەکێشێ. ڕوخساری تۆش، دەربڕینێك وەردەگرێ کە بە چەندین دەستەواژەی کلۆڵ ڕاو ناکرێت. هەنگاوی دڵنیایی هەڵدەگری. هەر هەنگاوێکت خشتێکە لە بناغەی داهاتووت. داهاتووت وا ڕەگ و

دەماری ئالآوەتە ڕیشە و ڕەچەڵەکی ریزە «بی»یەکانی تیماری بەستەکەی بەرانە ملە. بە خۆت دەڵێیت:

«ئەوسا و ئێستاش هەر نەدارایین. کونجێکی سێ چاوە. هەشت سەر بزن. یانزە بنج هەنجیر و بەردەڵانێکی دێم. نەۆ، کونجێکی دوو چاوەیی لە ئیمام قاسم لەگەڵ کۆشی خێزان کە چاویان زیت لە دەستی منە».

وێڕای ئەوەش، تۆ خۆت لە قەرەی دوو ڕێیانەکە دەدەیت و هەنگاوی بێ سام دەنێیت. ئەمڕۆکە پاش سێ ڕۆژی مۆڵەت، قسەی بەڕێوەبەری قوتابخانەکە بە «نا» دەبڕێنیتەوە.

– ها! گوتت چی؟

– مامۆستا، ئەوەی ڕاستی بێت، ئەوە بە من هەڵناسووڕێت.

– ئەی ئەوە نییە ئەوانی دیکە قایل بوون!!

– من جیا و ئەوان جیا.

– بۆ تۆ خۆت بە چی دەزانی؟!

– ئینجا ئەو شێر و ڕێوییەی پێ ناوێ. وتم نا، واتە ناو هیچی تر.

وات هەست کرد کە لەناو دۆڵچەیەکەدا شۆڕت دەکەنەوە ناو بیرێکی پڕ لە زاروو و ڕەشەمار. ڕووی بەڕێوەبەرەکەش بووە ڕووی کەسێك سێ ڕۆژ بێت گیانی سپاردبێت. تۆ بێ پەروایت چونکە نە زنەکانی بوویتە و نە دەبیتە پواز. دەچیتە ناو پۆلەوە. چاوی قوتابیان هانت دەدەن کە بەتاسەوە وتنەکە بچۆڕێنیتە مێشکیانەوە. ئەوانیش وتەی دەمت دەقۆزنەوە هەر وەکو چۆن ڕووبار دڵۆپەی شیرینی باران هەڵدەمژێت.

لە گەڕانەوەدا، چاو هەڵدەبڕی. هەورێکی باریکەلەی بێ شێوە، بەشێکی ئاسمانی شاردۆتەوە. تاو نا تاوێك، وژەی بایەك وەك لوورەی ڕەوە گورگی دوور، پەردەی گوێت دەسمێ و... بە بەر چاوتەوە، پێشەنگی گەردەلوولێك گشت گەڵا وەریوەکانی ئەو گوزەرە دەپێچێتەوە و تەپ و تۆز لە چەشنی تەمێکی پەمەیی، بینایت کورت دەکاتەوە، کەچی تۆ سووریت لەسەر ئەوەی ڕستە نانە گەرمی خۆت بەریتەوە. چارەکە دینارێك لەسەر خانەی یانزەمینی نانەواخانەکە دادەنێیت و دڵنیا دەبیت کەوا دە کەس وان لە پێشتەوە. ئارام دەگری و چاو دەنووقێنی.

تەمموز ١٩٨٥

# دەنکە هەنار

بە هاوڕێکەم وت: مێژوو چەند (شێوە)یەکی جیا جیای (کردار)ی مرۆڤە لە (کات)ی جیا جیادا، چونکە (گۆشە) لە چەند (گۆشە)یەکەوە دەیبینین. واتە، توێژینەوە لە مەڕ بنیادەمێك یان کۆمەڵێك لە کاتێکی دیاریکراودا بۆ ئەوەی پاشە ڕۆژی وەدی بکەین.

– باشە، دەتواندرێ مرۆڤ لە کردەوەکان و هەڵوێستی جیابکەینەوە؟

ئەو گوتی. منیش وەڵامم دایەوە:

– دە گوێ لەم چیرۆکە بگرە.

دەروێش کاکەدین مشکی و جامانەی تێکەڵ دەکرد. سەر و پێچەکەی هەر بە پێچراوەیی گوازتە سەر کەشکەژنۆی خۆی و بە سێ نوخان پشت گوێچکە گۆشتنە درێژ کۆڵانەکەی خوراند. ئەمجا دەستی بۆ هەنارەکە برد و دیمەنێکی لە مێژی هاتەوە یاد.

«بە نەمامی لە شارەبانەوە هاوردم» نیگای بە گەڵا و چڵە سەوزەکانیا هەڵشاخا. کە جێگایەکی فراوانیان لە حەوشەکە زەوت کردبوو. «ئای کە هەنارێکی دانسقە و ئاودارە! توێکڵەکەی چۆن دەبریقێتەوە. دەڵێن گوایە هەر هەنارە و دەنکێکی لە بەهەشتەوە، تێ هاوێژراوە! کەچی بە نەسیبی هەر کەسێك نابێت!»

هەنارە مێخۆشەکەی بەتەرحێکی ئەوتۆ قڵەشاند کە دەنکێکی چییە نەتەقێ یان بکەوێتە دەرەوەی سنووری ئەو چەورەیەی بۆ ئەم مەبەستە ڕایخستبوو هەتاکو خۆی گوتەنی: «کاڵ و کوڵیوی دەخۆم، بەڵام دەنکە هەناری بەهەشت بۆگەن نابێ یان...» هەندە بەتاسەوە قەپاڵی لێ دا هەر وەك ئەوەی دانیشتووی کیشوەرێکی ئاسمان بێت و بۆ یەکەمین جار چاوی بە هەنار کەوتبێ! هەستەکانی گشت لە ناو زاریدا کۆببوونەوە. مشەی دەهات. لیکاوێك بەلا لغاوەیدا، هێڵێکی ئاڵی بۆ ژێر چەناگەی ڕەوانە کرد و لەوێوەش لە سنگە تووکنەکەی ژێر ستارخانییەکەیدا ون بوو، بە جۆرێك وا خەریکی خواردن بوو کە بازنەی ڕوانینی یەکجار تەنگ بوو. هەر تۆزێك لە چوار چێوەی چەورە ئاورشمینەکەی بەرینتر بوو! لەپڕ، هەر وەکو بکەوێتە ناو بۆسەی ڕاوکەرێکی کارامەوە، ڕاچڵەکاو هەر چی دژوێنی دەزانی و هەندێکی تریشی داهێناو دژ بەو کەسەی کە دەرفەت بێنی بۆ قۆزینەوەی دەنکە هەنارێك!

«سندانم لێتدا. دەق بە پەلەوەری دۆزەخ دەکەیت. هەبێ و نەبێ، ئەو دەنکە هەنارەی قوزەڵقورت کرد کە هی بەهەشتە. هەر واشە. ئەگەر واش بێ، بۆ لێم کەوتە دزەوە! مەلا محێدین دەڵێ: بانگمان بۆ دەدات! ترحێو، دەك تۆوی ببڕێتەوە. ئەی دەنووك لە پیسی وەر نادەن؟! با... هەی بە نەحلەتی دوا ڕۆژ بیت هەی. تفوو لە خۆت و کار و کردەوەت. هیچ مەمنوون نیم لەوەی کە مەلا بانگدان، ڕامدەپەڕێنێت».

بەتووڕەیی هەستا.

– خەجە، هۆ خەجیج. ئەو کەڵەشێرە بەد فەساڵە هی کێیە؟

بەو پرسیارە، خەجەی هاوسەری لە گۆمی حەپەسان هەڵکێشا.

– بۆ پیاوەکە؟! خوا نەخواستە کارێکی گەنی کردووە؟

– کچێ هەی گەمژەی گەمحێل، ئەوەی ئەو کەڵەشێرە کردوویەتی مەگەر حەوینجە جوولەکە کردبێتی.

خەجە دەبوایە پێکەنێ و گاڵتە بە ئاوەزی مێردەکەی بکات، بەڵام کە چاوە سوورەکانی دیت، دانی بەخۆیا گرت و بەکاوەخۆ دەمی هەڵهێنا:

– کەڵەشێری ماڵ سۆفی ئۆمەرە.

– من سۆفی و مۆفی نازانم. دەمەوێ، لە ئێستا زووتر نییە، بچی بە خۆشی و ترشی بێت، بەقیمەت بێ یان بەهیمەت ئەو کەڵەشێرەم بۆ بهێنی... هەر ئیستاکە... دەی، زوو.

خەجە وەکو کێچێکی لاق شکاو فرتەی کرد بۆ دەرەوە. پاش جگەرەکێشانێك بە خۆی و بەکەڵەشێرەوە لە نوای دەروێش کاکەدین وەستان.

– سۆفی سڵاوی هەبوو. گوتی: هەر دەروێش و کەڵەشێر. خۆشم لە ئۆغری دام.

دەروێش ژێر دگانەوە دەنگی دەرچوو.

– ئەمێستا کارەکەم سازە. بێنە بمدەرێ. تویش برۆ مەنجەڵێ ئاو بخەرە سەر ئاگر.

کەڵەشێرەکەی لە هەردوو باڵەوە هەڵگرت و گورج قەڵەمتراشەکەی باخەڵی دەرهێنا. ڕووی لە قیبلە کرد و زمانی لە نێوان دەنووکیدا پەستا. ئەمجا چەند پەڕێکی لە ملی هەڵکێشا و ئەوسا تیغەکەی بە ملە ڕووتەکەیدا هێنا، کە لە هەڵەشەیی خۆی و لە ڕکی دڵی، ناوی خوای لە بیر چوو، بۆیە لەبەر خۆیەوە گوتی: «بەو خوایەی بان سەر گەر بەرازیش بیت، سەر تا پات دەخۆم». خەجە هەر لە گۆمی سەر سوڕماندا بوو کە دەروێش

پاش هێور بوونەوە، کەللە شەکرێکی شکاند کە وەك پینەی کەوا زەق و دیار بوو.

– ئافرەت خەوم دیوە، دەبێ بە تەنیا بتوونی گۆشت و گۆشتاوی بخۆم. پاش نوێژی ئێوارە، کەڵەشێری لەت و پەت کراوی خرایە بەر دەست. دەروێش کاکەدین، بە وردی یەك بە یەکی پارچەکانی لە مێشکی خۆیدا لێك دایەوە، ئەوجا دەستی کرد بە ماشینەوەیان. پێشان لە سەر و قاچە ڕووتەکانەوە دەستی پێ کرد.

«منداڵ بووین سەلکی مریشك و کەڵەبابیان نەدەداینێ نەبادا سەری باوکمان بخۆین!»

ئەمجا پەلاماری ملە قۆتی و سیقەتۆرە و جەرگ و دڵەکەی دا. دوایی نیشتە سەر سمتەجۆرە و سینگ و ڕانەکان. ناو بە ناویش لە گۆشتاوەکەی هەڵدەقوڕاند. «ئۆخەی» بە خۆی وت: «دەنکە هەناری بەهەشتی من دەخۆی! منیش وا سەرتاپات دەخۆم. با بزانین، تۆ نەبیت من بۆ نوێژی بەیانییان هەڵناستم! ئیتر سوێند بێت کە لە گۆشتی کەڵەشێر بەولاوە، گۆشتی دیکە نەخۆم هەتا قڕتان تێ دەکەوێ».

مەست و مڕ بوو. هەر زووش خەو بردیەوە. شەویش چەند گلەتێك ڕاچڵەکی و چاوی لە شەوە نووتەکەکە بڕی. «زۆرم خوارد» چێشتەنگاو، خۆر ڕمێك بڵند بوو کە خەجە ڕایوەشاند.

– ڕاست بەرەوە، دەڵێی بەردت شکاندووە! بە ئانقەست هەڵتم نەساند.

دەروێش کاکەدین چاوەکانی هەڵپرواند و...

– خۆ گۆشتی ئەو نەحلەت بووە لە نوێژی کردم!

– پیاوەکە، خەتای کەڵەشێرەکە نییە، خەتای...

– جا ئافرەت، پێم ناوشی لە چ سووچێکەوە گوناحی منی تێدایە؟!

خەجە گشت ئازایەتیی خۆی گردکردەوە و گوتی:

– بەساڵاچوویەکی وەك تۆ دەبێ پێوانەی خۆی بزانێ و... بەتەنگی ورگی خۆیەوە بێت.

– ئەی نەمگوت خەونم پێوە دیوە و... هەی گەمژەی ورو کاس! های لەوە!!!

– کەواتە... دە بیخۆ.

ئیتر لەوە بەولاوە، دەروێش کاکەدین بووە مێملی ڕەگەزی کەڵەشێر و کەف و کوڵی ناوەوەی خۆی بەتەوسە پێکەنینێك دەرخست کە کتومت بە حیلکەی ئەسپێکی زامدار دەچوو.

– خەجە، دەی ئەو پاچەی پشت دەرگاکەم بۆ بێرە.

دیسانەوە خەجەی هاویشتە گۆمی حەپەسانەوە.

– لە... بەر... چی؟!

– دەمت داخە. بێ چەن و چوون. ئەم هەنارە لە بێخەوە دەبڕمەوە.

خەجە دەنگی ناڕەزایی هەڵبڕی.

– پیاوەکە، پێم نایەژی ئەمەیان لە پای چی؟

– پا و مای ناوێ. حەوشەکەمانی تەسك کردووە و...

خەجە پاژنەی بە دڵی خۆیەوە ناو دەمی یاخیبوونی کردەوە.

– دەی، دەی تەواوی بکە هەی ناڕەسەن. دەبڵێ وەك ئەوەی جنۆکە و منۆکە چوونەتە کەوڵمەوە.

– ئەرەوەڵلا.

– زۆر زۆر جوان و پوختەیە! هەر ئەمەم مابوو! ڕاوەستە با لەمە ببمەوە، ئەوساکە دوو قسەش لەگەڵ تۆدا دەکەم و قەرەبووی ئەم چەنەبازییەت دەدەمەوە.

دەروێش کاکەدین وا بەرکەوە تەکانی دا، هەرچی کێشکەی زۆر بڵێ لەوێ بوون، دەنگیان بردە ژوورەوە. جووتە «یا کەریم»ەکەی سەر دار هەنارەکەش فڕکەیان بۆ کرد و لەسەر لێوارێکەوە، چاویان لە سێبەرە ڕەشەکەی دەروێش کاکەدین بوو کە پاچەکەی دەوەشاند و تفی لەناو لەپی خۆی دەکرد.

# پەیك

## ١

ئەو دەمەی ئاسمان هەزاران بزەی دەباراند لە شێوەی تنۆکی زل زل، لە «یاروەلی»دا گەنم گرد بوو، گشت ئاوایی دەمی نەسرەوتیان لە مچە ژەند:

– ئەم ئەرکە مەگەر بە تۆ بکرێت.

مچە ویستی دەم بکاتەوە، کەچی نۆرەیان لێ بڕی.

– لە کۆڵانی مزگەوتەکەی مەلا ڕەفیق نیشتەجێن.

کاتێ خۆی، بەمام ڕەحمانی گوتبوو: دەرگایەکی چینکۆی نزمە و ناڵێکی ژەنگنی پێدا کوتراوە.

– ئاخر...

– مچە، مەیکە بەبەزمی ڕاوە ژیژك. ئا لەم «یاروەلی»یەدا کەس هەندەی تۆ هامشۆی شار ناکاو لە تۆش بەڵەدتر شك نابەین.

– ئێوە هەندێك...

– کۆشێ خێریشت دەگات.

مچە لە بێ وەڵامیدا کیسە تووتنەکەی دەرهێناو بەئاسودەیی جگەرەیەکی «فەلەمە»ی پێچایەوە، ئەمجا دەست بۆ گیرفانی برد.

عەلاوی پوورە شاناز.

تیرو پلاری خۆی وەشاند.

– جا، کەی تۆ چەرخ و شقارتەت هەبووە! مەگەر خۆم بەهاناتەوە بێم. بگرە... ئەمە بەرد و ئەمەیش قاو و ئەستێ.

مچە ویستی وەك هەموو جارێك، دەم بکاتەوە:«فڵتە فڵت! عەبە دەمخواری قێزەونی قرچۆك، بزانە دڵت دێت پارەی بارۆکەیەك بدەیتە چەرخێك!» وەلێ، بار و دۆخەکە ئەوەی

هەڵناگریت، بۆیە دانی بەخۆیاگرت. لەولایشەوە، پرمەی گریانی ژنان و نووکە نووکی منداڵان و دەنگی خیزەی سینگی پیرەمێردان تێکەڵ دەبووە ناو دەنگە هەمە چەشنەکەی گوند. تاریکاییش، هەر دەهات ڕێگای خۆش دەکرد بۆ چۆلەکەکان، بۆ ئەوەی زوو بخەون.

– ئێستا خەبەر لە دڵی دایکی بگێڕەوە.

– مردن لە غەریبی و بێ کەسیدا...

– نا، ئێمە هەموو کەسێکی (دلاوەر) بووین.

– مچە، ئیتر هیچ قسەو بیانوویەکت نەما.

مچە دوایین مژی لە جگەرەکەی دا و قونکەکەی سپاردە ژێر کڵاشە ژێر لاستیکەکەی، کە دەسچنی «خونچە»ی ژنی بوو. لە ژێر لێوەوەش، لەگەڵ خۆیا وتی: «من دەڵێم قیر، ئەوان دەڵێن جاو!»

دەنگی کوکوختییەك، لەبان پیرە هەنجیرەکەوە دەرفەتی لە بێ دەنگیی ئەو خەڵکە سەند و بەکامی دڵی خۆی، بانگی هاوڕێکەی کرد. لە قەدی ئەو دارهەنجیرەوە، لەسەر بڕیاری «مام ڕەحمان» کەندرێك شەتەك دراو بە سنگێکەوە لە دیواری ئەوبەر چەسپ کراو... سێ جاجمیان کردە سنووری نێوان ژنان و تەنەشۆرەکە. جاجمێکیان، میلەکانی سوور و سەوز بوون، سەوزەکەی بە گەڵا گەرداوییەکانی پیرە هەنجیرەکە دەچوو، سورەکەش کەمێ ئاڵتر بوو لەو چۆڕاوگە خوێنەی، کە تك تك تێکەڵ دەبووە ناو ئەو کەمە ئاوەی ڕۆ دەچووە بن ڕەگ و ڕیشەی ئەو هەنجیرە بەختەوەرەوە. جاجمەکەی ناوەند، تانوپۆی لە سەدان چوارگۆشەی ڕەش و سپی پێکهاتبوو، بەڵام کە هەر چوارگۆشەیەکی ڕەنگ خۆڵەمێشییان دروست دەکرد و ئەو چوارگۆشە خۆڵەمێشییانە پتر ئارامیان بە چاوان دەبەخشی. جاجمەکەی ئەولاوەش، میلێکی قاوەیی کاڵ و میلەکەی تری زەردێکی ئاودار بوو، بەڵام دەزوولەیەکی شینی نیلی، بوونی خۆی لە نێوان زەرد و قاوەییەکەدا دەسەپاند.

هەر سێ جاجمەکەیان، بە خرێنە و سوژن، پێکەوە، بە کەندرەکەدا لکێندرابوون.

– مچە، خۆ لە بیرتە... ئەو شەوەی کە لە «کلاوێن» بووینەوە، خوا لێخۆشبوو هەژدە چیلکە شقارتەی دانا بە شێوەیەك بوونە شەش خانە!

– ئەی چۆن! کە پرسیارمان کرد: «کاك دلاوەر، ئەمانە چین؟» گوتی:

«ئەم چوار خانەیەتان دیوە لە ریزێکدا دوو خانەی تریشیان لە بانەوەیە» وتمان «ئا». وتی: «ئەمانە شەش ژوورن». عەولا داخم ناچێ، ئێستا ئەو مرۆیە وا لەبان ئەو تەختە رەقەدا.

– دلاوەر وتی: «دەبزانم دەی. سێ چیلکە لە دیواری ئەم شەش ژوورە هەڵگرن و بمێنێتەوە چوار ژووری بێ زیاد و نوقستان؟ گشتمان و رووکاینە چیلکەکان و کەسیش بۆی نەکرا!

مەلای دێ گەیشت و داوای کرد مەنجەڵە ئاوە گەرمەکە لەسەر سێ قوچکەکە داگرن و دووسێ مەنجەڵ و پەقرەجی ئاوی سارد بخەنە ژێر دەست. مام ڕەحمان ئەوەی ئەنجام داو... دەستی دایە قۆڵتاسێك بۆ ئەوەی ئاوی شڵەتێن بڕێژێتە ئەو جێگایانەی مەلا دەیشوات. پاشان مام ڕەحمان گێڕایەوە و گوتی: «تەنیا کونێك هەندەی پەنجە تووتە بەژێر مەمکی چەپیەوە بوو، کەچی ئەنگوستێك لەولای بڕبڕەی پشتیەوە. هەمان کون، گوڵهەنار ئاسایی دەمی کردبۆوە. سەرەڕای ئەوەش، روخساری وەك نوستوو وابوو!»

– مام ڕەحمان، ئەمجارە چەند سەتڵێك، لەسەریەوە بەرەو پایەکانی هەڵڕێژە با بسمیلی دەین.

– مامۆستا، بریا ئەم مردنە نابوو!

دەنگی مام ڕەحمان بە لاگوێی مەلادا هات، کە ئەوسا سەرقاڵی شۆردنەکەی بوو پاش ئەوەی کەرتە خەندەیەکی لە گۆشەی دەمیەوە دەرپەڕاند. گوتی:

– مامە ڕەحمان، فەرمووت مردن نەبایە! دەزانی ئەگەر ئەم جێگایە نەبوایە، پڕ بەدڵ دەخەنامەوە! کورە هەی گەوجە، کوناحت دەگات، چونکە مردن برا گەورەمانە و کەسی لێ قوتار نابێت.

– مامۆستا... ئاخر...

– بەڵام مرۆی هۆشمەند بە کردەوەی چاك دەتوانێ ناوی خۆی زیندوو بهێڵێتەوە.

لەو دیوی تەنە شۆرەکەشدا، عەولا و مچە، نەرم نەرم، بەچپەدوو، خەرمانی یادگاریان شەن دەکرد.

– هیچ کامێکمان هەڵهێنەکەی دلاوەرمان بۆ ئەنجام نەدرا.

– من جارێك چوار ژوورم هێشتەوە، بەڵام دیوارێك لەولاوە زیاد مایەوە!

– ئێمە خەریکی چیلکەکان بووین. دلاوەریش بە کاوەخۆ گوتی: «خانی دەبێت خەڵکی تێدابێت. واتە، کەسانێك ئاشیانە و ئارامگای خودی خۆیان هەبێت کە لە سەرما و گەرما و ڕەشەبا و لەنگێزە و تەزرە و جانەوەر بیانپارێزێت».

– ئێمە گوێڕایەڵی قسەکانی بووین و ئەویش گزارەی کێشا: «خەڵك و کۆمەڵ و گەلانیش بەخاك و نیشتمانەکانیانەوە بوونیان هەیە».

مامۆستا، پاش کفن کردنی تەرمەکە، نوێژی لەسەر دابەستا و ئەمجا نرایە ناو تابووت و بە «الله اكبر» سێ جاران تابووتەکەیان لە زەوی بەرز کردەوە و دایان نایەوە. ئەوسا،

یەکڕاست بەرەو گۆڕستانی دێ چوون. بارانەکە ڕاوەستا بوو، نیوە مانگێك بە ئاسمانەوە بوو، کە بایەخی جووتە فانۆسەکە کەم کردبوو، کەچی هەر لەگەڵ خۆیان بردیان. پڕتەپرتە فتیلەی فانۆسەکان، کاری خۆیان دەبینی لە جۆراوجۆر کردنی سێبەرەکان. ئەو دوو کەسەی، کە فانۆسەکەیان بە دەستەوە ئاوێزان بوو، سێبەرەکانیان بە جەخت ڕەدوویان کەوتبوون، بەڵام کەسانی پێشەوەیان، سێبەرەکانیان دوو هەندەی خۆیان، لە نوایانەوە تەکانیان دەدا.

پاش شاردنەوەی تەرمەکە وەکو گۆڕیکی ئاسایی گوند لەو بەردەڵانە قوت بۆوە. لە گەڕانەوەشیاندا، لەسەرە نوێلکی ئاوایيدا، گوێیان لە سەگوەڕێکی دوور بوو.

## II

گەیاندنی پەیامی مەرگی دلاوەر خرایە ئەستۆی من. هەروەها، وێنەی ئەو کیژۆڵەیەی کە لەبەر باخەڵی بوو، دەبوایە بیدەمە دایکی. بەدەم ڕێگاوە، هەر دەمهێنا و دەمبرد. ترومبێلەکە لە زوورگ و هەڵەتە چەپەکەکانی «تیماری خاسە»دا لەتری دەدا پاش ئەوەی سیمبەندی «باروتخانەکە» ڕێگا ئاسایییەکەی جارانی قووت دابوو، من ئەوەم تاوتۆ کرد: چۆن چۆنی پریاسکەی ئەو هەواڵە جەرگبڕەی لەکن بکەمەوە. مردن شتێکی وا سووك و ئاسان نییە ببێتە برێشکەی ژێر دگان. مردن – وەکو دلاوەر لە پاڵ مزگەوتدا گوتی – «قۆناخێکە لە ژیان». بیرم نەماوە کێ بوو پرسیاری لێ کرد «ئەوە چۆنە؟» دەرحاڵ گوتییەوە: «چونکە کۆتایی سەرەتامانە و... سەرەتای کۆتاییمانە» وا منیش لەناو ئەم ترومبێلەدا، بیرم لە مردن دەئاڵۆسکێ و سەرەتا و کۆتام لێ بزر بووە. دەبێ ئازاری ئەو کەسەی دەمریت چەند بێت؟ دەبێ بەو حاڵەی شادبێت یان... نا، نا... بەهیچ کلۆجێك مردن خۆشی نییە لەبەر ئەوەی کە مریشکێك سەر دەبڕین، خۆی لە ناو خوێنی خۆیدا دەپلکێنێتەوە و... ئای! خۆزگە هەستم بەو ئازارە دەکرد. خۆ کەس لە مردن نەگەڕاوەتەوە هەتاکو «ڕاستی»یەکەمان بخاتە مشتەوە. دەی، مردن براگەورەی هەمووانە، بەڵام بە کەڵی نەك... کاك ڕەشید لە سەرگەی ئەو کوڵانە دامگرە. خواتان لەگەڵ.

## III

– مچە، کوێرا وا زوو گەڕایتەوە؟

– ئێوە واز لە گەڕانەوەکەم بێنن. کوڕینە هەر کە دەرفەتێکم بۆ دەرەخسا و دەمم

دەکردەوە: «کورەکەت...» دایکی دەیگوت: «کوڕی من کوڕە نەك...» ئەوجا قسەکە، بە بارێکی دیکەدا دەڕۆیشت، هەتا هەلێکی دیکەم بۆ دەلواو دەمم دەکردەوە: «کوڕەکەی تۆ کە...» یەکسەر جڵەوی وتنی لێم دەسەند و بە تاسەوە دەیگوت: «کوڕەکەی من بەچکە پڵنگی ناو بێشەیە» بەو جۆرە، هەتاکو کەلێنێکی لەبارم چنگ دەکەوت و زمانم دەگەڕا: «دلاوەری تۆ کە...» هەمدیسانەوە نۆرە بڕێی لێم دەکرد و دەنگی زاڵ دەبووە سەر دەنگم. «خۆم دەزانم چ مەردێکم بەشیری ئەم مەمکانەم گۆش داوە» سەرتان نەیەشێنم، هەرچەندەم کرد و کۆشام، هیچ بوارێکی نەدام کە هەواڵە سامناکەکەی، بە شێنەیی پێ ڕاگەیەنم! ئیتر خۆتان و بڕیارتان. خزمینە لە هەمووی دڵ تەزێنتر ئەوەیە، شاڵینەیەکی بۆ ناردووە، کە چەند دینار و هەندێ کولیچە و دەستێ کورتەك و شەڕواڵی هاوینەی تێدایە! بەهەرحاڵ، ئەم کارە سەختە لە وزەی مندا نییە، نەخوازە بەرەنگاری دوو چاوی ئاگرینی دایکێك ببمەوە.

# پەیکەر

بێ گومان پەپوولەت دیوە. پەپوولەی هەمەڕەنگ، خاڵخاڵ... سپی... سەوز بە تەرحێك لە گەڵاداری جیا نەکەیتەوە. خۆ دەشزانی کاری پەپوولە چییە لە سروشتدا. ئێستاکە ئامادەبە بۆ پرسیارێك. ئا لەگەڵ تۆمە خوێنەری هاوڕێم. ئامادەیت. باشە. ئایا تۆ پەپوولەی دارینت دیوە؟ جا، بۆ پێدەکەنی! پەپوولەیەکە لە دار دروست کرابێت. سەر مەلەقێنە. پاش نەختێکی دیکە بڕوام پێ دەکەیت. فەرموو دوو چیلکەدار بێنە و بەتەلە نەرمە پێکەوە گرێیان بدە هەر وەکو خاچێکی کلك کورت.

ئا... بەو خاچە دارینە دەگوترێت «پەپوولە». نا... نا، نافرێت. هەر ناوی پەپوولەیە بەڵام دەزانی بۆچی بەکار دێ و لە کوێ؟ ئەمەشت پێ دەڵێم. ئا، چەند پەپوولەیەکی گەورە و گچکە لە دار و سیمی کەمێك ئەستوور پێکەوە دەبنە ڕاگری کەللە سەری پەیکەرێك وەك چۆن جومجومەی سەریان ئێسکبەندی لەش گۆشت و ماسولکە و پێست ڕادەگرێ، ئا بەو چەشنەش، ئەو پەپوولە و تەلە نەرم و سەرتانە، جێگای جومجومە و ئێسکبەندی پەیکەرەکە دەگرنەوە.

با لە نووکەوە پیا بچمەوە. خۆ دەزانی(.) خاڵ چییە. بێ گومان دیوتە. خاڵ هەیە بە چاو نابیندرێت. خاڵیش هەیە گەورەترە. تۆ لەمانە گەڕێ. گوتم خاڵی وردی وا هەن مەگەر بەمایکرۆسکۆپ ببیندرێن، جا ملیۆنان لەو خاڵانە کە پێکەوە لکێندران ئەوا هێڵێك پێکدێنن.

ئا... ئا، دەزانم چەند جۆرێك هێڵ هەیە؛ ڕاست و چەماوە و شکاوە و...و...و. دەمەوێ بڵێم: ئەو هێڵانە بازنە و چوارگۆشە و شێوەکانی تر دروست دەکەن. واتە: لە حاڵەتی یەك مەوداییەوە دەچنە حاڵەتی (ڕوو) ئێستاش باش وریابە. ئا ئەم ڕووانەش کە یەکیان گرت (قەبارە) دروست دەکەن، ئەندازەیی بێت یان نارێك. جا ئەم قەبارانە، (جیاکۆمیتی) و (هەنری مۆر) و (ڕۆدان)م دەخەنەوە یاد. لێرەوە دەگەڕێمەوە سەر نیازی سەرەکیم. کەواتە: کۆتایی خاڵ هێڵە. کۆتایی ڕووش قەبارەیە. بێ گومان دەزانی کە ڕوو دوو مەودای هەیە و قەبارەش مەودایەکی سێهەمی هەیە ئەویش بەرزییە یان قووڵایی. بە واتایەکی دیکە، پەیکەر و کۆتەڵم مەبەستە. ئەوە بوو هیتلەر و مۆسۆلینی و هاوبیرەکانیان چەندین پەیکەری برۆنزییان تواندەوە بۆ داڕژتنی تۆپ و تانك و کوشتەمەنییەکانیان.

ئەم ئێوارەیە بە تاقیکردنەوەیەکی نوێدا تێپەڕیم. ئەزموون و تاقیکردنەوە پێویستن وەك پێداویستیی نان و ئاو و سەرفرازی. (ئاشتی) بڕیاری دابوو پەیکەرێك بۆ سەر و ڕوخسارم دروست بکات. پێشتر قوڕە خۆشەکراوەکەی هێنابوو. لەگەڵ سێپایەکی ئاسنین، جووتێ دەسکێش، چەقۆ و ماشە و ملچێوك، پارچە تەختەیەکیش بۆ کوتانی قوڕە بۆرەکە.

شەوی یەکەم تێپەڕی، شەوی دووەم هەروەها. تۆپەڵە قوڕەکە بەهۆی پەنجەکانی ئاشتییەوە بەدەوروبەری پەپوولە و تەلەکاندا دەچەسپان. دەیدانە بەر کوتەك بۆ ئەوەی یەك بگرن و دڕ بەبۆشایی بدەن. لە شەوی سێیەمدا، کەللە سەرێك قیت بۆوە کە بە هیچ کلۆجێك بە من ناچوو. سەرەڕای ئەوەش دەبوایە باجی موچڕکە و ڕاچڵەکاندنی ماشەی پێوانەکەی بدەم! کاتێك دەیویست تەوێڵم، لووتم، چەناگەم، لێوم بەو ماشە ساردە بپێوێ، تەزوویەك بە گیانمدا دەهات. خۆم دەگرت و دگانم جیڕ دەکردەوە. ئاشتی پەیتا پەیتا دەیگوت: «جێگاکەی بخورێنە» منیش دەمگوت: «بۆ؟» دەیگوتەوە: «حەز دەکەم!». دەبووە گاڵتە و پێکەنین. باسمان لە هونەر دەکرد، لە کرۆکی جوانکاری، بۆ دەنووسین و بۆ دەتاشین و بۆ دەنوێنین و بۆ دەڕەنگێنین و بۆ و بۆ؟ لە پاڵ وەڵامەکاندا کەللە سەرەکە بەرەو ئاسایی دەچوو. دەیویست خۆی بکاتە هاوتای سەرم. من و ئاشتی بە جووتە دەمانگوت:

– کارا گیان، لە باوکت دەکات؟

دەیگوت: نا.

شەوێکی تریش گوتی: نا، بە باوکم ناکات. با... با... لەم سووچەوە بە باوکم دەچێت. ئاشتی گوتی: کارا، چونکە ئەم باوکە قوڕینەت چاویلکەی لە چاو نەکردووە! هەستام و چاویلکە کۆنێکم هێنا و بە زۆرە ملێ لەسەر لووتی پەیکەرەکە جێگیرم کرد. چواندنەکە لە پێش چاوی هەرسێکماندا پەرەی ساند و گەشەیەك وەکو نێرگز لە گۆنای کارادا ڕوا. پنتکی قوڕ هەتا دەهات بچووکتر و باریکتر دەبوو. ئاشتی هەر وەکو دەزوولە با بدات وای لە بنتکە قوڕەکان دەکرد بۆ دیاریکردنی چاڵ و چۆڵ و لۆچی پێستی ڕووم. بە دەم کردنەوەشدا دەیگوت: «ئەم پەنجا ساڵەی ڕووت لە پەیکەرەکەدا تۆمار دەکەم.» ئەڵبەتە کە دەمارێك یان لە ناکاو سێبەرێك دەگۆڕا لە چاوی ئاشتیدا دەیگوت:

– سەرنجی خوارەوە بدە. گلێنەی چاوەکانت بسووڕێنە.

یانیش داوای نوکتەیەکی لێم دەکرد. «دەتوانی شەپێ ئاو بە ڕووتا بدەیت.» ئەو پشوویەکی دەدا و منیش دەگەڕامەوە.

– ئێستاکە ڕووت ئاساییە. تکایە مەجووڵێ...

ئاشتی دەهاتە پێشەوە و لە ڕووم ورد دەبووەوە بەجۆرێك لووتی لە ڕووم دەكەوت. دەیویست بچێتە ژێر پێستی ڕوومەوە!! من لەو كاتانەدا، بیرم لە خوا و خوڵقاندن دەكردەوە. چۆن ئادەمی دروست كرد! ئەی حەوای چۆن لە پەراسووی ئادەمەوە دەرهێنا! چۆن و چۆن!! ئەم قسانەم لەم و لەو بیستبوو، لە دەورو بەر، لە نەنكم. منداڵ بووم مەراقی نیگاركێشانم هەبوو. ئەو نەنكەم هەندە لە خوا ترسی و خاكی بوو، گوێچكەی با دەدام و دەیگوت: «عەبە گاور، بزانە خوا چۆن لە تۆڵەی ئەم ڕەسمانەت وەكو گاوران لە جەحەندەمدا، دەتبرژێنێ.» ئەوی ڕاستی بێت سام دەیگرتم و نەمدەزانی چی بكەم. نەنكم گورج دەیگوت: «قوڕ بەسەرت، لەو دونیا، گشتیان داوای ڕۆحت لێ دەكەن.» پتر زەندەقم دەچوو. «دەی، هەتا زووە سەر و خەتێك بە ملی ئەم ڕەسمانەت بێنە.» منیش ناچار هێڵم بە ملی گیانەوەر و مرۆڤەكاندا دەهێنا. ئەوە بوو، ساڵ وەكو خەرەك سووڕایەوە. لەم چەندانەدا هەمان شتم لە تابلۆكانی (واسطی)دا دی! تومەز ئەویش هێڵی بە ملی كەسەكانی هێناوە! دیارە ئەویشیان وەك من بە ئاگری دۆزەخ ترساندووە!! ئەمڕۆكەش هەندێك لە مەڕ ئادەم و حەواوە دەڵێن: «شێوەی لەشی ئافرەت جوانترە لە شێوەی لەشی پیاو.» من ئەو بۆچوونە بە ڕاست نازانم و جووتێ بەڵگەشم بە دەستەوەیە. یەكەمیان: تۆ سەرنج لە گشت زیندەوەر و پەلەوەر و گازندەو پەرندە بدە، بزانە نێرەكانیان جوانتر نین. بە نموونە: بەرانە كێوی جوانترە لە مەڕە كێوی. كەڵەباب قەشەنگترە لە مریشك. بەق ڕەندەترە لە ماكەو. با سەرت نەیەشێنم. بەڵگەی دووەمم: مادامەكی حەوا لە پراسووی ئادەمەوە دەرهێندراوە ـ وەك دەڵێن! ـ كەواتە بەشێكە لە گشت، بێ گومان بەشێكی ناتەواو، جوانتر نابێت لە گشتیكی كامڵ.

تۆ دەزانی ئەم هەموو بیرانە لە ماوەی ترووسكەیەكدا، لە مێشكمدا بڵاچەیان دایەوە! پەنجەی ئاشتی وەكو جاڵجاڵۆكەیەكی پرۆز لە كاردا بوو. جاڵجاڵۆكە... جۆلایكەرە... بەڕاستی جۆلایە! دروستكەر و هونەرمەندە كە بە لیكاوەكەی ئەو تەونە نایابە دەچنێ بۆ نێچیرەكانی و ئێمەش لە پەخشە و مێش و زیانبەخشەكان دەپارێزێ. ئا، ئەمەیە جوانكاری و ئەفراندن. جوانكاری لە هێڵ و قەبارەدا! كاتێك ئەمەت بۆ ڕوون دەبێتەوە كە زوومی كامیرایەك ئەو دیمەنە بهاوێتە سەر تۆڕی چاوتەوە. تۆ دەزانی تۆڕی چاوی ڕاستم تەقی و ڕەشایی جێگەی گرتەوە وەك شەوێكی نوتەك. تاریك. ئەنگوستە چاو. زوڵمات. نازانم چۆن باسی بكەم. ئاشتی لە ناكاو گوتی: «چاویلكەكەت لابە» یەكسەر دیمەنی پێش چاوی چەپم شێلوو بوو. بووە تەم و مژ. قەبارەكانم دەدی بەڵام هێڵی دەرەوەی شتەكان هەمیشە وەكو

لە جیوە بن هەڵدەپەڕان، دەجمان؛ لە یەکتر دەترازان. چاوم هەڵدەگلۆفت. دەمپرواندن. فرمێسك بە دیدەکانمەوە قەتیس دەمان چونکە بیرم لە خۆم دەکردەوە. «دەبێ ئەم کوتە چاوە کە نوژداران بە هەشت یەکیش کەمتری دادەنێن ـ دەرفەتم بدات چەند ساڵێکی دی بدینم. بخوێنمەوە. جوانیی ژیان بقۆزمەوە و درێوی نا یارەکانم بدینم.» شەکسپیر وتەنی: «ژیان بەبێ ناپاکەکان هیچ بایەخێکی نییە!» ڕاستە و بە دە پەنجە مۆری دەکەم. دان نان بە ڕاستیدا، خۆی لە خۆیدا (جوانی)یە. (ڕاستی)یە سوور بوونیش لەسەر هەڵە، (درێوی)یە.

گوتم: ئاشتی، دوو کابرا بەڕێگایەکەوە دەبن و لە دوور ڕا ڕەشاییەك... تاپۆیەك دەبینن. (ئەلیف) دەڵێ: بزنە. (بێ) دەڵێ: قەلەڕەشە. دەستە و یەخە دەبن و سەر و گوێلاکی یەکتری دەکوتن. لەولاوە کابرایەك دێ. (ها ئەم شەڕەتان لە پای چییە!؟) ئەلیف و بێ هەر یەکەیان گوتەکەی خۆی دووپات دەکاتەوە. کابراش دەڵێ: «چاکە. من بکەنە سەرپشك. بەردێك بۆ ئەو تاپۆیە دەهاوم. ئەگەر فڕی ئەوە قەلەڕەشە، خۆ ئەگەر نەفڕی؛ با بزن بێت.» کەچی (بێ) پەنچەی ڕاوەشاند و قیڕاندی: (بەخوا ئەگەر بشفڕێت هەر بزنە و بزن.)

ئاشتی وا خەریکە قوڕ دەخاتە ئەم لاو ئەو لای پەیکەرەکەم و منیش قوڕ دەپێوم بۆ خۆم و تابلۆکانی پێش چاوی ناخم... خانووی قوڕ... کەلاوەی کۆن... پەپوو. ئای، خۆ وشە و یادگار و وێنەکان وا پاڵەپەستۆ دەکەن و تۆی خوێنەرم لێ زیز دەکەن! لەوانەیشە لە پشتمەوە، تاوانی تەم و مژ و نازانم چیم پێوە بلکێنێ. لەوانەیشە بە نیمچە شێتم بزانی! بڕوا بکە، نە شێتم و نە حەزم لە تەم و مژ و پێچ و پەنایە. دەمم بە قەد زارکی ئەشکەوتی هەزارمێرد دەکەمەوە و دەڵێم:

«حەزم لە سامانە... لە ساکاری... لە ڕاستگۆیی. دژی سیخناخی و دوکەڵ و تەڵە و تووتن بکەم کەچی باڵندەکانی مێشکم بۆ لایەکی دیکە هەڵدەفڕن!! نەهۆ، دەمویست باس لە پەیکەر بکەم کەچی بۆ کوێ بردمی! باشە ئەم پەیکەرە کەی تەواو دەبێ؟ کەی قالبی دەگیرێ و دەشۆردرێ و چەور دەکرێ و بە بۆرەك پڕ دەکرێتەوە؟ هەمدیسانەوە، قاڵبەکە دەشکێندرێت!»

کاتێك ئاشتی قاڵبەکەی دەشکاند، من پەیکەری داوودم هاتە بەر چاو. بەژنێکی پێنج مەتری مەرمەڕ! ئەندازەی دەست و پا، چاو و برۆ، قژ، ماسولکەکانی گشت نموونەیین. یەکێك ڕەخنەی لەو پەیکەرە گرت گوایە لووتی درێژە و چەماوەیش...

– لووتی منیش درێژە و چەماوەیش...

پێکەنین. چایمان فڕ کرد. پشوومان خواردەوە و کەوتینەوە کارکردن. ماندوو بوونەکەی

من وەکو مۆدێلێك هیچ نەبوو بەرانبەر بەشەکەتیی ئاشتی. ئەو لە سەر چۆك ئاڵا بووە پەیکەرەکە. دەچەمایەوە. هەڵدەستاو بای باڵی خۆی دەدایەوە. جار و باریش باوێشکی دەدا. پاش چوار پێنج سەعات ئیشکردن، ئەمجا سەعاتێك و دووان لە ناو جێگادا، باسمان لە هونەر و وێژە دەکرد. مێشك بۆ ناتەقێی! چاو چۆن کول نابیت! گوێ کو کاس نابیت! زمان لۆ ناسوێیت! هەستەکان لەبەر چی دانامرکێن؟! گوایە من دەمەوێ چیرۆك بنووسم کەچی بوو بە... نازانم ناوی بە چی دانامرکێن؟! گوایە من دەمەوێ چیرۆك بنووسم کەچی بوو بە... نازانم ناوی بە چی دابنێم! مەسەلەکەیە. ئەفراندنەکەیە. وشە دەیەوێ باوەش بۆ هێڵ و قەبارە بکاتەوە. قوڕ دەیەوێ بگاتە ئاستی گۆشت و ئێسك و خوێن! دەستەواژەکان دەیانەوێ تابلۆ بڕەنگێنن! تابلۆکانیش دەیانەوێ یاخی بن لە چوار چێوەکانیان!! ئا، ئەمەیە کۆشش بەرەو بەرینایەتی و سەرفرازییەکە. هەڵفڕینەکەیە... هینەکەیە کە هەتا ئێستاکە، ناوێکی پڕ پێستی بۆ نەدۆزراوەتەوە. (کارا) لە شەوی چوارەمدا هاواری کرد:

– تەواو بە باوکم دەکات!

گورج تاوی دایە پێنووس و ڕەنگەکانی. لاپەڕەیەکی کردەوە. چاوی نووساندە پەڕاوەکەی و پاشەڵی بڵند کردەوە. ناو بە ناویش، تیلی چاوی لە ئاشتی دەگرت، لە من، لە پەیکەرەکە. تومەز ئەویش لەلای خۆیەوە سروشاوە و دەیەوێ بە زمانە ساکارەکەی خۆی؛ بدوێ. ئەوەشی لە یاد نەچوو کە لە تابلۆکەیدا، وێنەیەکی ڕەنگینی (سوکرات)ی یاریکەری تۆپی پێ، بە کۆلاج هەڵواسێ. نیگاری ئاشتی و پەیکەرەکەی کردبوو. لە گۆشەی چەپیشدا، وێنەکەی ئەو یاریزانە! من و ئاشتی هەر ئەوەندەمان بۆ کرا، بڵێین:

– ئافەرین. دەی ناوی خۆت لەم سووچە بنووسە بەڵکو لە پێشانگای منداڵاندا هەڵیدەواسن.

کارا گورج وەکو هونەرمەندێکی تەواو، ناوی خۆی بە پیتی لاتینی نووسی. بە هەر حاڵ، وا پەیکەرەکە ڕووی لە منە. منیش ڕووم لەوە. وا دەیکەم بە چەقی نیگام و لە شێوەی بازنەیەك بە دەوریدا دەخولێمەوە. ئەوەتا جیاوازییەك لە نێوانماندا زەق و دیارە. من دەخولێمەوە. دەخولێمەوە بەڵام ئەو بەندی کات و جێگایە. لە جێگاتدا مەییوە. وەستاوە. ئا ئەم ئاکامەش ئەوەم بۆ دەسەلمێنێ کە جووڵانەوە ژیانە، جوانکارییە، گۆڕانە، بێڵ تەپ کردنی بان و بنەکانی کێڵگەی کۆمەڵە، ئاییندەیە، هەڵکشانە بەرەو لووتکە... هینەکەیە، هینەکەیە.

ئادار ١٩٨٧

# چیرۆکنووس

## ١

جاران وا دەست پێ دەکرا: هەبوو نەبوو، لە چاوی هەڵۆ تیژتر نەبوو. لە کەمتیاریش دزێوتر و گەندە خۆرتر نەبوو. هەبوو بە پیاوێك. سەر سپی. دڵ و دەروون سپی وەکو چوڕی شیر، بەڵام نا... با لە نووکەوە دەست پێ بکەین.

تۆ چیت داوە لە سوپەر و ڤالڤۆ و... تاکسیش ڕامەگرە. تەنیا بەپەنجا فلسێك خۆت بهاوە گەڕێنێکی ترحێوەوە. لە (ئەحمەد ئاغا)ی کۆنەوە وەردەچەرخێ بۆ شەقامی (ئەتلەس). لە چوار ڕێیانەکەی کن پردی دووەمدا ترافیکەکە ڕێگا بەهەندێ شوفێر دەدات و برێکی دیکەش پێ بەبرێکەوە دەنێن، یان دەیدەنە بۆش. وێجا سوور دەبێتە سەوز، ترحێوە شلۆقەکەی تۆ تەکان دەدات. بەلای چەپدا دەسووڕێتەوە ڕاست بەرەو (ڕەحیماوا). ئەوسا باخچەی (مەجیدیە) دەدینی کە ڕوو بەڕووی (تۆپی قەڵا)یە. دیوارەکانی قەڵا، سپیکاریی کراون وەك ئەوەی پێ بکەنن بەڕووی (خاسە) و کۆرنیشەوە. ئەمجا، مایکرۆف و کتێبخانەی گشتی. ترافیك و پردی یەکەم. ترافیکێکی دی و قەرە باڵغەکەی بەر (سوق المرکزی) و هەورازەکەی تەك ماڵی قازی. لای بەنزینخانەکە هەندێك دادەبەزن و لەوانەیشە یەکێك و دووان سەرکەون. کارگەی کۆلا پاش نەختۆکەیەك، دابەزە و ڕوو لە بازاڕەکە بکە. بەهاوشانی ڕاستدا، دیوارێکی بلۆکی بڵند، دیوارەکە نووسراوی جۆراو جۆری پێوەیە. پیتەکانیان کاڵ بوونەتەوە. نووسراویش هەن کە بە بۆیاخی ڕەش؛ کوێر کراونەتەوە، کەچی چەندین وشەی سرك و بزێو سەرەتاتکێ دەکەن! لەو لاشەوە، بەبۆیاخی سوور، تیرێك دڵێکی ناڕێکی پێکاوە. سێ چوار وێنە بەدیوارەکەوە، باران ڕوخساریانی شێواندووە. تۆ دەڕۆیت. چەند تیرێکی سەوز بەدیوارەکەوە ئاماژە بۆ دوکانێك دەکات. کۆڵانێك. بێ ترس تێپەڕە چونکە ئەگەر باران بوایە ئەوا پێویستیت بەبەردەباز دەبوو. دەی، تفی خۆت لە چڵکاوە ڕەشەکە بگرەو... ڕاست برۆ. ڕیزێ دوکان. قەیسەری یەکەم و دەرمانخانەیەك. چەند دوکانێکی دیکە و قەیسەریی دووەم. لەوێ بەتەك سەوزە فرۆشەکەوە، جامخانەیەکی زەرد دەبینی هەر وەك زەردێنەی هێلکە. نیگات ڕەوانەی ژوورەوە بکە. لەوێ، لە ناو دوکانێکی تەنگدا، کابرایەکی سەر چەرموو،

قورسایی ئانشکی خستۆتە سەر مێزێکی ئاسنین و چاوە کزەکانی لە دیواری بەرامبەر گرتووە. سەرنج بدە. ڕۆژگار و ناهەمواری ئەشکەنجەی خۆیان لێ بار کردووە و شێوەی شەست ساڵانییان پێ بەخشیوە. ئەم زەلامە دەیەوێ چیرۆك بنووسێت، نە ئاسایی بێت و نە سواو. بۆیە بەسانایی، کامی دڵی خۆی بۆ ناهاوێژرێتە ڕووباری وشەوە. وشەکانی لێ دەبنە بەردی هەڵمەقۆ و بەهانایەوە ناچن. جار و باریش خۆی لە شەپۆڵی وشەکان یاخی دەبێ لەبەر ئەوەی ناگاتە ئاستی نیازە پیرۆزەکەی. بەهەرحاڵ، من بەتۆم ناساند و خۆت گوێی بۆ شل کە. ئیتر، لە پاش ئەم دێڕەوە، ڕاستەوخۆ کابرای سەرچەرموو دەدوێ... ناویش... نا، چ پێویست بەناو دەکات.

٢

ئەو سەر چەرمووەی دەیەوێ (چیرۆك) بنووسێت منم کە لە حەڤدەی مانگی یەکەمی ئەم ساڵەدا، بەندەی بەئێوە ئاشنا کرد. وەلێ ئەوەی نووسیومە، چیرۆکە و چیرۆك نییە. بێگومان گەوهەری چیرۆك هەڵوێستەکەیەتی بۆیە لاوەکییانە گوێم داوەتە شیرازەی سەرەتا و گرێ، یان ترۆپك و کۆتایی. گرێ ئاوێزانی ڕستە و وێنەکانە. ترۆپکیش بەپەنهانی وا لە ناو گشت هەستەکاندا. قسەکردن و دیالۆگ نییە لەبەر ئەوەی کەس متەقی بۆ نەکرا هەر وەکو مۆمیای فیرعەونێك. لە ساتی وادا، سەرەتا و کۆتایی لە شێوەی بازنگی مەچەکی خرپنێك؛ یەکدگیر دەبن... ئامباڵای یەك دەبن. ڕەنگە ئەمەت بەلاوە سەیر بێت. منیش دەڵێم: ئۆباڵی ئەم چواندنە لە ئەستۆی سەردەمەکەیە و هەر ئەم بەڵگەیەش پەنای پێ بردوومەتە بەر زمانی دراما و هونەری شێوەکاری... هێڵکاری و بێدەنگی... بۆشایی و ڕەنگ... وێنە و مۆنتاج... تاشین و کۆلاج. کەڵکیش لە سۆسیۆلۆجی و سایکۆلۆجی و ڕاستگۆلۆجی و... لۆجی و لۆجی وەردەگرم بۆ بتەوکردنی دەبڕینەکانم. پێم دەڵێن: «زمانەکەت جەنگەڵێکی چڕ و سامناکە!» بەرگوێم کەوتووە گوایە: «وشەکانی بەرداشن و وێنەکانی ڕك و سەختن... هتد.» منیش وەڵامم هەر ئەمە بووە: بۆچ زمان تەنیا زمانی وشە و قورگە!؟ ئەی زمانی ڕەنگ و هێڵ و هین! ئەی زمانی پەتی و پاراوی بێدەنگی! ئەوەی دەمەوێ بیدرکێنم ئاشکراو دیارە وەکو کۆترێکی سپی بێ لە ناو سەوزەلانێکدا. گوناحی من چییە ئەگەر ئەو کۆترە باڵی پێکرا بێت و لە پێش چاوی ڕاوکەر خۆی مەڵاس دابێت. ئەز پڕ بەدڵ حەز دەکەم خامەکەم ژیانی لێ بتکێ و قوزاخەی ئەوین و جوانی برەنگێنێ، کەچی ملۆزمی مەرگچێن بۆسە و مێن و کوڵەوەیباب دەخاتە چەقی ڕووگای! گومانم هەیە لەوەی کە وشە بتوانێت ئەو دیمەنەم بۆ تۆمار بکات کە دیتم!

دیـمـەنـەکـەش پـێش چـاوی و زیـنـدوو بـوو! ئـەوەی بـیـنـیـم نـەك بـە سەرجـەمـی وشەی فەرهـەنگێك بەڵکو گشت ڕەنگەکانی هونەرمەندانیشی بچێتە پاڵ، هـەمدیسانەوە ئاستی نـاگـاتـە پـلـەی ئـەو دیـمـەنـەی کـە بـەم چـاوانـەی خـۆم دەمقۆزتـەوە... دەمـخـواردەوە... هـەڵمدەمژی.

کات: مەیی بوو. سست دەڕۆیی. ئەمیش بۆچوونەکەی ئانشتاینی لە لام سەلماند. هـەر چرکەیەك هـەڵماتێکی قورقۆشمین بوو، شەست دەبارییە سەر حەشاماتە حەپەساوە دەم داچەقاوەکە.

جێگا: دیوارێکی بڵند و لاڵ بوو.

لـە نـاخـمـدا کـات و جـێ بـاوەشیـان لـە یـەکدی دا و تـابـلـۆکـەی «گـۆیـا»ی لـە مـێشکمدا هـەڵواسی (٣ی مـارتی ١٨٠٨ لە مـەدرید). ئانشتاین هـەودای بیرەکەمی پساند و داوای بوردن دەخوازم. ئێستاکونێ، بیرم ئاودیو دەبێتەوە بۆ هـەزاران ساڵی پێشوو بەڵکو بۆ ملیۆنـان ساڵی دێرین کە بنیادەمی (شانەدەر)ی لە ئەشکەوت و لێڕەواراند ڕێزی لە ڕواڵـەتـەکـانـی سروشت دەگرت. کـرنـووشی بـۆ سـتـارەکـان دەبـرد، لـێـیـان دەتـۆقـا. سام دایدەگرت. لە لێشاو دەترسا. لە بوومەلەرزە زراوی دەتەقی. لە شەیتان ئەترەشی دەچوو. لە پێش هـەر بەدکارێك چۆکە لەرزە دەیگرت. ترس... ترس... ترس... هـەتا ئەو ترسە لە ناخیدا بووە ئایینێك. ڕێز و شکۆ و پایە لە قەمچی و زەبر تـاپۆکرا. بۆ ئەوانەی چرنووکیان هـەبـوو، ئـەوانـەی چـاویـان سوور بـوو، کـەڵـبـە درێژەکـان. ئـا بـەم پـێوانـەیـە مـێژوو بـووە مـێژووی کـۆشك و دەربـار. ژمـارەی شەڕەنـگـێزان بـوونـە چـەند هـەنـدەی چـاکـە خـوازان. ئەوانەی بەچاکی یەزدان پەرست بوون - بەبێ نیاز و ترس و قەرەبوو. زۆر زۆر زۆر دەگمەن بوون، بەڵام لە هـەر کات و لە هـەر قوژبنێکدا هـەر هـەبوونە و هـەر دەشبن.

ئەمڕۆ گلێنەی چاوان دیانویست وەکو خەنجەری دەبان لە کالانەکانیان دەرپەڕن بۆ ئەوەی سپلە ئاوساکان هـەڵڕێژن. دیوارەکە، دیرەکێکی ئەستووری خوار و خێچی پێوە وەستـێنـدرا. سەدان پشکۆی چـاو، بـێدەنـگـانـە یـاخـی بـوون لـە گـریـان و ئـەشك ڕژتن. قوڕگەکان وەك ئەوەی کەتیرەیان پێوە لکابێت، تفیان بۆ قووت نەدەدرا. چوار مـەچەك بوونە میوانی دیرەکە چەوتەکە. چوار چاویش بەتیلمە پەڕۆیەکی ڕەش، شینایی ئاسمانی بەرینیان لێ زەوت کرا. جووتێ دەمیش سروودی بێ دەنگیان دەچڕی. دیدەم گێڕا. دەتگوت خەڵکەکە هـەناسە نادەن!! جاران بڕوام ناکرد کە خۆڵی مردوو هـەبێت، ئێستا دەڵێم: بەڵێ هـەیە و حەشاماتەکە خۆڵی مردووی بەسەردا کرابوو. گیان و ناخ سرروودی

هەژینیان دەچڕی و... لە کوڵبێنەی چاوانەوە، تۆپەڵی گڕ و قینیان لە نێو چاوانی زەبر و درێوی دەگرت. تۆ قەت وشەت دیوە گڕ بگرێت! قەت نیگات دیوە تیر وەشێن بێت. قەت بێدەنگیت دیوە لە زمانێکی هەڵەوەر کاریگەرتر و ساکار بێت!! نەمگوت ساتی ناسکی وا هەرگیز بەتۆڕی وشە و دەستەواژە ڕاو ناکرێت هەروەکو بتەوێ پەیکەر بۆ سێبەر بتاشیت!! تۆ لەشی مرۆیەکت دیوە، لە چرکەیەکدا وەکو سیپاڵی سەر تەناف شۆڕ بێتەوە!! ئای، کاتژمێرە هەڵواسراوەکەی سلفادۆر دالی! نەکراوە!! ئای، فوارەی خوێن لە لەشیانەوە دیوارە لاڵەکەی ئاڵ کرد و بگرە چەندین پەڵەش لەو خوێنەوە ڕێچکەیان بەست و هێڵی ستوونییان کێشا بەرەو شۆستەکە. دە بزانە وشە ـ بەو کولییەی خۆشی ـ چۆن موچڕکە بە گیان و لەش دەبەخشی و دەیهەژێنێ!

ئیتر لەوەپاش، هەر چی دەبێت بابێت. چش. با تەرمە ساردەکانیان بکرێن بەبێژنگ. با کوڵەبنەیەك تاو بداو هەر دوو کاسەی سەرەکان بپژێنێ. ئەوان تازە بوون بەدوو باڵداری سەوزی دەنووك سوور. لە دڵی جووتێ دایکدا بوونە هەڵۆی زێڕینی تۆڵەسێن. ئەمەبوو شایەتیی خامە کۆڵەوارەکەم و بەدە پەنجەش مۆری دەکەم، چونکە ئەوەی هەمبێت تەنیا خەرمانی وشەیە. ئەوەشی بمێنێتەوە هەر وشەیە. ئەوانەی هیچیان لە دەست نایەت شێتییە ئەگەر چاوەڕوانی موعجیزە و پەرچوو بن. چەپکێ گوڵ و چەپکێ نێرگز، مەرگتان نەبینم هەرگیزا و هەرگیز.

١٩٨٧/١/١٧

# ئەو پیاوەی زوو سەری سپی بوو

بار و زرووفی وا هەن مرۆڤ ناچار دەکەن کە دەیان ڕۆژ بگرە پتریش نە بخوا و نە بخواتەوە. هیچیش هەست بەبرسێتی و تینووتی نەکات. سەرت سوڕ نەمێنێ لەوەی دەیژنەویت. نە دەم دابچەقێنە، نە بحەپەسێ. پێشەکی دەزانم تۆ بیر لە شتی ئەندامناسی دەکەیتەوە کە زیندەوەر بەخواردن دەژێ. منیش دەمێکە گوتوومە: خۆراك تەنیا هی گەدە نییە و بەس. جیاوازیمان ئا لێرەدایە. ئەمن دەق بەپێچەوانەی تۆوە ئاماژە بۆ بارێکی دیکە دەکەم و بەهەڵەشەیی ناوی لێ نانێم و گێلانەش زاراوەی بۆ ناتاشم. جا با لە نووکەوە بۆی بچم. قسەی خۆمان بێت، جارێك و دووان پیا دەچمەوە و تێکەڵاوی هەیە لە نێوان کەسی سەرەکیی چیرۆکەکە و مندا. چونکە خۆم لەودا دەبینم و ئەویش لەسەردەمێکدا، منێکی بەد بەخت بووە. سەرەتای چیرۆکەکە لەوەوە سەری هەڵدا کە جارێك لە جارانی نامۆیی و سەرگەردانیم، ڕێم کەوتە کوێرە گوندێك. بەڕێکەوت خانە خوێیەکەم جۆلا بوو - وا بزانم ئەمەت بەلاوە ئاساییە - چاکە. جۆلاکە کوڕێکی ژنداری هەبوو - ئەمەیش باو و سروشتی و بەجێیە - ئێستاکە چییە. نا هۆشت بۆ دوور نەچێت کە نیازم وایە لە شەو و ڕۆژ بدوێم یان لە چاکە و بەدفەڕی... جوانی و دزێوی و چی و چی...! قسە بکەم. نەخێر، مەبەستم (ڕەش و سپی)یە سادەکەیە و بەس. ڕەنگن، چونکە ڕەنگ و تۆنەکانی لەم چیرۆکەدا کاریگەرانە ڕەنگ دەدەنەوە. بەهەرحاڵ، شامم بۆ دانرا. سەرنجم لە خۆراکەکە دا و هیچم بۆ نەخورا. جۆلاکە دەمی پرسیاری لێم نا:

«میوان ئەوە بۆ دەست درێژ ناکەیت؟»

گوتم: «ناخۆم... ئەگەر...»

گوتیەوە: «ئەگەر چی! میوان میوانی خودایە.»

بەشێنەیی وشەکانم دەرخست: «ئەگەر لەم عاجباتییە ئاگادارم نەکەیت.»

تارمایی خەندەیەکی ئەفسووناوی لێوەکانی داپۆشی. گوتی:

«بخۆ... بخۆ. دڵنیابە و سەر چاوان.»

ئەمن لە دڵی خۆمدا گوتم: دەشێ بەهەڵەدا چووبێت و لەوانەیە ئاسمان و ڕێسمانمان نێوان بێت، بۆیە...

– ئاپۆ، دەستم دامێنت. تۆ باوکی ئەم نیت؟

– با.

– ئەی بۆچی ئەو سی ساڵێك لە تۆ کەم تەمەنترە و سەر و ڕیشی چەرمووە!؟

– ئەویشت بۆ ڕوون دەکەمەوە. پەلە مەکە. ئەوەی بەشوێن ڕاستیدا بگەڕێت، دەبێ ئارامی ئەیووبی هەبێ و لە بنی کولەکان بدات نەك گەوجانە بەخولیدا بسووڕێتەوە.

ئەمن حەپەساوەکەی پێشوو بووم. ئەو لە سەری ڕۆیشت.

– گوتم بۆت ڕوون دەکەمەوە، وەلێ ئەوە تۆ و ئەوە ئەو. خۆی با بەسەرهاتی خۆی بگێڕێتەوە.

گوتم: مردوو لەمە چاکتر نەشۆردراوەتەوە. دەی کاکی برا، تەقم کرد.

کوڕەکەی، ئاخاوتنەکەی لێم وەرگرت و دەمی کردەوە.

لالۆ، دەزانی کە چەند ساڵێك لەمەوبەر مردم، ئێستاش لە تەکت دانیشتووم؟! «چرکەم لە خۆم بڕی و ئیتر نازانم ڕوخسارم لە چاوی ئەودا چۆن دەبیندرا.» گوێ بگرە. چووم بۆ ڕاو، خۆم بووم بەتۆڕەوە! دیارە حاڵی دونیا وایە! لە گوند دوور کەوتمەوە. شوێن پێم ڕاستە ڕێ بوو. گەز بەگەزی ئەو هەرێمە شارەزا بووم. قولانج بەقولانجی پێدەشتەکە بەڵەد بووم. «ڕاست دەکات. گوندنشین پێ بەندییەکی گیانی بەگیانییان لەگەڵ خاك و سروشتدا هەیە. شوێن پێ هەڵدەگرن. جێ ئاوی ژێر زەوی پەنجە نۆما دەکەن و کارێز و بیر لێدەدەن. پێشبینیی باران و ڕەشەبا و زریان دەکەن. لاپەڕەی ئاسمان دەخوێننەوە وەك ئەوەی مانگ و ئەستێرە و کلکدارەکان، پیتی ورد و درشتی چاپ بن. با بزانین چی دەڵێت.»

لە پڕێکدا، هەڵنووتام و... کەوتمە چاڵێکەوە. چاوم کردەوە و چاوم نووقاند. هەتا بەر دیدەم تۆزۆکەیەك ڕووناك بۆوە. نیگام بەزارکی چاڵەکەدا هەڵزنا. ئاسمان هەندەی بێژنگێك دیاربوو. دەی قەیناکات بەڵکو ڕێبوارێك دەنگ و هاوارم دەژنەوێت، وەلێ هاوارم نەکرد. خۆزێ چاوم نەکردایەتەوە. گلێنەی چاوانم سووڕدا و لە جێگەی خۆم وشك بووم. ئەترەشم چوو. زراوم تەقی. سامێکی نەگریس تۆقاندمی. بوورامەوە و لە هۆش خۆم چووم. «ترس و سام و تۆقانی وا هەیە، هەستی مرۆڤ دەمژێ لەمەڕ کات و جێ! بەواتایەکی دی، ئەو تۆقاوە لە دەرەوەی جێکاتدا دەمێنێتەوە.» زۆری نەخایاند و زۆری خایەند، لە ڕۆژگار و شەوگار بێ ئاگا بووم. چەندین جار هاتمەوە خۆم و

بوورامەوە، ئەویش بەژمارە نازانم. هەست بەبرسێتی ناکەم. هەست بەتینوویەتی ناکەم و زەق زەق دەنوارمە دیمەنەکەی پێش چاوم. بەخۆم دەڵێم: دەبێ تەلیسمم لێ کرابێت یان لە خەوندا بم! ئەوە چاوم. ئەوە دەستم. ئەوە گوێم. لووتم. گشت دەیسەلمێنن کە بێدارم و... ئەویش دیمەنە بەسامەکەی... «لەوانەشە هەستێکی حەوتەمیش بێتە هانای کەسەکەوە».

دەبێ چی بدینم لەو چاڵەدا؟ «پرسیارەکەی لە من کرد نەك لە تۆی خوێنەر. لێوم بزواند: مەگەر خۆت بزانی! وەرامم دایەوە.» کاکی برا، من دەڵێم: مار تۆ بڵێ حەزیا بەڵام چلۆن حەزیایەك! لە ناو قەدی من ئەستوورتر. بڕوا بکە. ئا، کە دەبوورامەوە، حەزیاکە بە کلکی بەهۆشی دەهێنامەوە. من نیگام لەو دەعبایە ناترووکێنم و ئەویش جووتێ چاوی زیتی لە دوڕ چاوم بڕیوە. چاوەکانی بەچاوی سەگ دەچوون... سەوز، سەوزێکی تێر. یان ڕەش بوون و تیشکی سەوزیان دەدایەوە. زمانم پەڵپ بووە. بەخۆم دەڵێم: ها، ئێستاکە... ها تاوێکی دیکە دەمکات بەتنۆکێك ئاو. قووتم دەدات وەك بابۆڵەیەکی ئاسایی خۆی هەڵمدەلووشێت. شەو و ڕۆژ لە لام بوونەتە ژن و مێردێکی یەك نەدیتەی چلساڵی. «بەزمانە ساکارەکەی خۆی، کاتی ڕاستەقینەی ژیاوی مەبەستە نەك چرکەی کاتژمێر و خولانەوەی وەرزەکان.» ناو زگی ئەم چاڵەم وا لێ تەنگ ببوو لە من وا بوو چاوی دەرزیلەیەکی موو ئاساییە. «ئەمیش گرژ بوون و ڕاکشانی جێگایە.» سەرت نەیەشێنم، مردن یەك مردنە. لە دڵی خۆمدا گوتم. ورەم خستە بەر خۆم. باشە بۆ نامخوات؟ ئەی کە نامخوات و هیچ هەڵوێستێکی بەدکارانەی نییە، بۆ من بیرم بۆ ئەوە بچێت کە هێرشی بکەمە سەر و توند پەلاماری قوڕقوڕاگەی بدەم؟! ئەوا گیرام وام کرد. کەی هەردوو دەستم دەگەنەوە ئەستوورایی ملی؟! بەخەستی مێشکم خستە کارەوە بۆ ئەوەی دەرباز بم لە هاوسەرێتیی ئەو حەزیانە. سەرسام مەبە کە دەڵێم هاوسەر، چونکە کاتێك شل و کەچ دەبووم و شەونخوونیم دەگەیشتە ئەوەی لە وزەم دەرچێت، لار دەبوومەوە و ئاگام لە خۆم نەدەما، کە ڕادەپەڕیم دەمدی حەزیایە کلکی وەکو سەرین ناوەتە ژێر سەرە کاسەکەم! ترسەکەم ڕەوییەوە و تۆوی ئاشنایەتی و هیوایەك لە ناخمدا شین بوو. «مرۆڤ زۆر جار بەترووسکەی هیوا دەژێت. تابلۆی نیگارکێشێکم لەبەر چاوە کە بۆ هیوا کێشاویە. مرۆیەکی هەژاری چاو بەستراو، کەمانجەیەکی بەدەستەوەیە کە تاکە (ژێ)یەکی نەبێت، گشت ئەوانەی دیکە پساون. بەپەنجەی لەرزۆك، ئاوازێکی بەجۆش بەدوا ڕۆژی خۆی دەسپێرێ.» ڕۆژێك، دوان، سییان. دە و سەد. وای چەکەرەم لە حەزیاکە ناکرد و کاو ناکاوێکیش، دەستم بەژێر زگیا دەهێنا. موچڕکێکی سارد سەرتاپامی دەهەژاند. گوتم:

ئەمە چارەنووسمە. با ورە بەر نەدەم. ژیان هەندە کورتە چ جای ئەوە کە درێوی و نامەردێتیی پێوە بلکێنین. «بەختەوەر ئەو کەسەیە کە مردنێکی پیرۆزی چنگ بکەوێت.»

ڕۆژێك لە تریەی شتێك ڕاچڵەکیم. تومەز هەموو ڕۆژێك ئەو شتە کەوتۆتە خوارەوە. تەماشای بەر پێم کرد. پانکۆڵەیەك سپیم دیت وەکو سەلکە پەنیر. نەموێرا دەستی بۆ درێژ بکەم. کەچی لیکم هات و گشت تووڵە و تاژیی نەوسم بەرەڵڵا بوون. هەستم بەژانێکی ناکاویی گەدە و ڕیخۆڵەکانم کرد. دەست بەرم... نەبەم... «دوو ڕێیانە دژ بە یەکەکەی ناوەوەی مرۆڤە... هەڵبژاردنەکەیە... هینەکەیە.» حەزیاکە لە ناکاو کلکی ڕاوەشاند و دوو لەتی کرد. بەشێکی خوارد. تێگەیشتم کە بەشەکەی دیکە بۆ منە. دانەویم و نەختێك لە شتەکەم جوی. تامێکی سەیری هەبوو، نە تاڵ، نە سوێر، نە شیرین و نە تفت! خواردم. تۆش بوویتایە دەتخوارد. «بێگومان دەمخوارد. گیانلەبەری برسی بەتەنگی چێژ و بۆن و بەرامەوە نایە. دەیەوێ لە مەرگ بەدوور بێت. دەیەوێ هەبێت.» بەو تەرحە گشت ڕۆژێك خۆراکەکەمان برا بەش دەخوارد، هەتا ڕۆژێك زۆر کەیفساز بووم و فیکەم کێشا. حەزیاکەش ناو قەدی لەنجاند و دەنگێ لە پەراسۆکانیەوە هات! بەدەنگی زەنگوڵەی ملی نێری دەچوو!! بووینە هاوڕێ. ئەو بە کلکی ختوکەی دەدام و منیش ناو لەپم بەپووڵەی ناو قەدی دەهێنا. ئەمەی بۆت دەگێڕمەوە مەگەر بەدەم ئاسان بێت. وەرە سێ ساڵی تەواو لەگەڵ حەزیادا بگوزەرێنە!

گوتم: چۆن زانیت سێ ساڵ لەوێ مایتەوە؟!

گوتی: باوکم، ژنەکەم، کوڕەکەم و کەس و کارم ڕایانگەیاندم. ڕۆژێك چاوم لێ بوو، زنجیرێك شۆڕ بۆوە! شۆڕ بۆوە و گەیشتە زەمینەی چاڵەکە. منیش دەمم داچەقاندووە. حەزیا جووڵا و ناو قەدی خۆی لە زنجیرەکە ئاڵاند و کلکی بۆ من ڕاوەشاند. هەنگاوێك چوومە نواوە. ئەو سێ جار کلکی لە ناو قەدم ئاڵاند و هەر ئەوەندەم زانی بڵند دەبینەوە! پێڵووم داخست و ترسەکەی یەکەم جارم هاتەوە لەش. چاوم کردەوە. دیم وا لە چاڵەکەوە دەرچووین. ئاسمانێکی بەرینم لێ دەرکەوت. لە بەرزایی بالایەکەوە، حەزیاکە کوێوە چوو! سەرنج دەدەم وەرز ئەو وەرزە نییە کە هاتم بۆ ڕاو! هەتاو دوو سێ ڕمب بەرزە. لە پالەوە، میرووستانێك گۆشەی نیگامی ڕاکێشا. مێرووولەکان بەهاوکاری و تەبایی دانەوێڵەکان هەڵدەخست. بڕوایم بەچاوی خۆم نەهات. نەبادا لە خەونێکی قورسدا بم. خۆم بەڵگەم لە خۆمدا دۆزییەوە کە خەون نەبووە. وا ڕدێنم هەتا سەر چۆکم هاتووە... سپی، سپی وەکو لۆکەی بێگەردا ! دەستم بۆ سەرم برد و چەند تاڵێکم بەچاوەکانم نیشان

دا. سەریشم وەکو چوڕی شیر سپی ببوو! وێجا چاوم گەشایەوە، وەك چۆن تیشکی خۆر تەمی بەیانی دەڕەوێنێتەوە؛ ئاوها عارد و بانم بەڕوونی دەدیت. بەخۆمم گوت: هەستە، ڕابە، زووکە. ئەوە تۆ و ئەوەش گوند. هەستام. لەگەڵ هەنگاوەکانمدا، پرسیارەکان لە دایك دەبوون و پێشبڕکێیان لە مێشکمدا دەکرد. دەبێ بمناسن؟ دەبێ بڕوام پێ بکەن؟ دەبێ بە شێتم نەزانن؟ دەبێ مابن؟ باوکم، ژنەکەم، کوڕەکەم، ئەوانی دیکە، دەبێ...؟ دەبێ...؟ دەبێ؟

«ئەم ئەفسانەیە لە مێشك و ناخ و گیانی پێشینانماندا، ڕاستییەك بووە هاوشانی گشت ڕاستییەکان.»

لەبەر دەرگاکەماندا ڕاوەستام و چاوم ڕەوانەی ژوورەوە کرد. هیوای کوڕم بە دەست بانگ کرد. هاتە پێش و گوتی: «ها! ئاپۆ چیت دەوێ؟»

گوتم: «من باوکی تۆم. ناوت هیوا نییە؟»

گوتی: «با. بەڵام تۆ باوکی من نیت!»

رایکردە ژوورەوە. تاوێکی دیکە خونچەی ژنم هاتە دەرەوە. گوتی:

«فەرموو، مامەکە چیت لێمان دەوێ؟! نان... ڕۆن... پارە.»

بەهێمنی گوتم: « دەرۆزەکەر نیم! من مێردی تۆم. تۆ خونچە نیت؟»

سەری سوڕما و نیوە تووڕە بوونێکی هاویژتە ناو دەم و دووی.

«هایهوووو... هایهوووو! خاڵە گێچەڵمان پێ مەکە و سەریشمان سووك نییە. بڕۆ بەڕێگەی خۆتەوە.»

گوتم: «دە بچۆ باوکم گازکە. محە جۆلای ناوە.»

خونچەی ژنم پەستیی نواند.

«ئەمە چ گۆبەندێکە! بێنە دەستت ماچ بکەم و واز لەم قسە حەلەق و بەلەقانە بێنە و زامی کۆنم مەکولێنەرەوە.»

منیش کەمۆکەیەك تووڕە بووم. «کچێ ڕاست دەکەم. دەی بچۆرە ناوەندی ئاوایی و گشت گوندییانم لێ خڕ کەرەوە.»

خونچە هەراسان بوو. دەنگی بەرز کردەوە. «کابرای کەنەفت و سەر لێشێواو و خرەفا و، نیازی کەتنت هەیە!؟»

ئەوەی گوت و دایە هاوار و فیزاح و گریانێکی بە کوڵ. هاوسێ و خاو و خێزانی گوندەکەمان گرد بوونەوە. گوتم:

«برایان خوشکان. ئیش بە فام و ئاوەز دەکرێت. ئێوە گوێ بۆ برا بچووکی خۆتان شل کەن. تۆ وەیسە نیت شوانی مام عەزیز؟ تۆ هەمینی مام ڕەسووڵ نیت؟ ئەم هەرزەکارە برزۆری ڕەشە گاوان نییە؟ ئەم فلان و ئەو فیسار کەس نییە؟» سەر لە بەریانم ناو برد. باوکم لێم نزیك بۆوە. سەرنجی لە سەر و گوێلاکم دا.

من گوتمەوە: «خونچە، ئەی بایز مێردی تۆ نەبوو کە چووە ڕاو و نەگەڕایەوە؟ باوەڕ بکەن من ئەو بایزەم. هەقیشتانە بڕوا بەمن نەکەن و چاوتان بەدرۆ بخەنەوە.»

ئیتر لەوە پاش، بەوردی سەربردەی ونبوونەکەم بۆیان باس کرد. باوکم پتر هاتە پێش و چاوی لە چاوم بڕی و یەکسەر باوەشی بۆم کردەوە. فرمێسك تك تك بەچاومەوە هاتە خوار و توند بەخۆمەوە. گوشیم «بابە... بابە» هەر ئەوەندەم بۆ گوترا و قوڕگم پڕ بوو لە گریان.

لێرەدا، بەسەرهاتی بایز کۆتایی هات. ئەمنیش دوایی بە چیرۆکەکەم دێنم. تکایەکم هەیە لە تۆی خوێنەر، لە پاشە ملمدا، نەڵێی: کاکی نووسەر بەڕۆژی نیوەڕۆ چەواشەم دەکات و بە وشە دەیەوێ بمانهاوێتە ناو تەونی جاڵجاڵۆکەوە، چونکە سەری خۆی سپی بووە و داکۆکی لە سەر چەرمووان دەکات. لەوانەیشە بفەرموویت: ئەمە کەی چیرۆك بوو؟ ساکارانە بۆ حەزیاکە مەچۆ، گوایە حەزیایەکی ڕاستەقینەیە و لە خۆتەوە بستێ شاخی بۆ قوت مەکە و باڵی لێ مەڕوێنە. نا، تۆش وەکو من بەو شمشاڵەی بزانە کە شوان مێگەلە پەرت و بڵاوەکەی پێ کۆ دەکاتەوە. یان بە ئەو تەپڵ ئەنگێوەی دابنێ کە خێزان و هۆزی قولە ڕەشەکان دەخاتە هەلەکە سەما و خوێنیان دەجۆشێنی.

شوبات ١٩٨٨

# سووڕی ژیان

ئافرەتێکی نیمچە ڕووت، قەپی لە سێوێکی لا سوورە گیر کرد و ئەو دواکەی توڕ هەڵدا. ئیتر بەهۆی ڕەشەباوە بێت یان لافاوەوە، ئەو سێوە کرمۆڵەیە گەیشتە تەك تەرمی مەردمێکی دلێرەوە. دوکەڵێکی کەوەیی هێڵی ئاسۆی شاردبۆوە.

دەتگوت ئاسمان داکەوتووە و پاڵە پەستۆی خستۆتە سەر زەوی. ئەو گوزەرە، کپ و هێمن بوو. کرمێکی نەوسن گلێنەی چاوێکی ئەو دلێرەی خوارد و دوایی بەشێنەیی ویستی بگوازێتەوە بۆ چاوەکەی دیکە، پاش ئەوەی پێشەوەی لەشی بەرزکردەوە ڕووەو ئاسمانە تەڵخەکە. پۆڕێکی چڵێسیش تیر ئاسایی، نەوی بۆوە و لە چرکەیەکدا کرمەکەی قووت دا و هەڵفڕی. ڕاوچییەکی دڵداریش لە بۆسەکەیدا خۆی پەنا دابوو. هەمان پۆڕ لە دانە خۆرەکە چووە پێش و... ها کا بوو بەتۆڕەکەوە. ڕاوچییەکە بەو ئاکامە گەلێك بەختەوەر و کەیفساز بوو، بۆیە هەر وەکو لە قرچەی تاوستاندا تینوو بێت و گۆزەیەکی ئاوی ساردی دیبێت، ئاوها تەکانی دا و بەزوویی گەڕایەوە.

پۆڕە باڵ بەستراوەکەی لە نوای ئەو شۆخە دانا کە گیرۆودەی داوی ئەوینی بوو. یارە خۆشەویستەکەی، پۆڕەکەی برژاند و پلێکی بۆ دەمی برد. سەرسام بوو! چاوی کرایەوە! دەمی داچەقاند، وێجا بەدەنگێکی گرژ و لەرزۆکەوە گوتی: سیامەند! هەرگیز تامی گۆشتی وام نەکردووە! هانێ ئەم ڕانە... بزانە...

خورپەیەکی ڕاگوزەر بەدڵی سیامەنددا هات و برەك شێواندی.

«نەبادا دیارییەکەم بەجۆرێکی دیکە کەوتبێتەوە و ڕەنج بەبای کردبم!» بۆیە دوو ئارەزوو لە ناخیدا پەنگیاوە: بیخوات یان نەیخوات. هەڵوێستی یەکەمی هەڵبژراد و کەمۆکەیەکی جوی. ڕاما و هەستێکی لە خۆی ڕاگرت پاشان بەدەنگێکی زولاڵەوە، دەمی وەکو چرۆی گوڵ پشکووت.

– خەجە نازدارەکەم، چێژی بزەی لێوت، ورشەی چاوت، درەخشانی کوڵمت دەدات.

خەجیش بەنازەوە هاتە گۆ:

– هایهووو! تۆ بۆ کوێ بردت! لە داخی تۆ دەمردم و لێم ناگەیت!!

سیامەندیش بەدڵنیاییەوە گوتی:

– چاك لێت دەگەم و لەو سەری دێمەوە. بریا ئەوەندەی لە تۆ دەگەم و هەزار دەگات، سەنگ دڵانیش لە یەکتری بگەیشتنایە. ئەوسا ئەم ململانێ و کوشتن و بڕینەی نێوانیان زۆر کەم دەبۆوە.

خەج متەقی نەکرد. سیامەند لە سەری ڕۆیشت.

– گیانەکەم، ژیان شایستەی ئەوەیە بۆی بمرین.

دوای هەڵوەستەیەك سیامەند گوتیەوە:

– ژیان خۆشەویستییە. عەشقێکی پیرۆزە. ئەوینەکەی من و تۆیە، هەر وەك چۆن سۆز و دڵداریی باران و کێڵگە و... تاسە و تامەزۆریی ئاونگ و گەڵایە؛ ئاوهاش حەز و شەیدایی نێوان تاڤگە و چەوە.

ئەمجارە، خەج بەگەشکەوە گوتی:

– ئەوە چیتە! خەون دەبینی!!

سیامەند: مرۆڤ کەسێکی هەمیشە خەون بین و دەم بەگۆرانییە.

خەج: ئەی کە خەونی نەدی و گۆرانیی نەچڕی!

سیامەند: سووڕی ژیان دەوەستێ.

– واتا...

– مردن.

– ئای مردن! چەند تاڵ و سامناك و بەسوێی.

– تاڵ و سامناك! بەدڵنیاییەوە لە مەرگ دەدوێیت وەك ئەوەی لە کۆچی مردنەوە گەڕابێتەوە!!

– نا، بەڵام...

– ئەندێشی لێ مەکە. ئەوەی دەمرێت هەست بەمەرگەکە ناکات. زۆر بەئاسانی و بەبێ ئێش لە ژیان دادەبڕێ وەك ئەوەی چرایەك بکوژێتەوە؛ ئاوهایە.

خەجی خەرامان بەخەندەوە، جڵەوی وتنەکەی لێ ساند.

– دیارە تۆ جارێك و دوان مردوویتە! وا بەساکاری بۆی دەچیت!!

– ئەو سوێ و تاڵی و سامناکییەی باست لێوە کرد؛ کۆستەکەیە. ئەڵبەتە بۆ کەس و خۆشەویست و خوێشەکانی جێدێڵی.

– ...

خەج نەیزانی بۆچ دڵدارە کەمدووەکەی وا هەژاوە و بەرەوانی و بنبڕ، کولەکەکان دەشڵەقێنێ و گلێنە نەسرەوتەکانیشی بوونەتە جووتێ سکڵی گەشاوە.

هەستانە سەر پێ. دەست لە ناو دەست چەند هەنگاوێکیان نا. ڕوو بەڕوو ڕاوەستان. سەرنجیان ئاڵو گۆڕ کرد. چاوە خەواڵووەکانی خەج وەك جووتێ باڵندەی هۆگری خۆڵەمێشی، نیشتنەوە لە هێلانەی گیانی سیامەند. لە پڕ، چاویان نووقاند و بەجۆشەوە باوەشیان لە یەکدی توند کرد. وەك داڕێژراوێك بوونە جەستەیەك... بوونە پەیکەری ژیان.

لەم کاتەدا، هەورێکی توند بەری ئاسمانی گرت، وەك ئەوەی لاسایی شەو بکاتەوە؛ ڕەنگی ئەو گوزەرەی خنکاند. ئەوان بێ ئاگا بوون لە دەوربەر. دەسبەجێ، گەواڵەکە گرماندی. بەکوڵ گریا و شێتانە دایکرد. ئەوان هەر بەیەکەوە نووسا بوون، بەڵکو لەگەڵ شەستەی دابارینەکە و پتر خوسانی جل و بەرگیان تێك ئالانە سۆفیانەکەیان لە بارتر و، تێکەڵاوییە گیانییەکەیان سازاوتر دەبوو. هەر چەندەش لەو دەمەدا، هاژەی (با) بەلوورەی گورگی برسی دەچوو. خەج و سیامەند، ڕەگیان بە ناخی زەویدا چەقیبوو. هەرگیز نە بزوان و بوونە پەرژینی یەکتری.

مایس ١٩٨٨

# چیرۆکی ئاسیاوێك

## تابلۆی یەکەم

پشتێنە شاڵەکەی بستێك زیاتری لە ناو قەدی گرتبوو. شاڵێکی تەختە ڕەشی، گوڵ سەوزی، نیتك نیتك. تەزبیحە نەرجیلەکەی باوکی بەدەستییەوە بوو، خۆی وتەنی کە باس لە تەزبیح بکرایە، ئەوەی دوو پات دەکردەوە کە گوایە باوکی ڕەحمەتی، بەکاوڕێك لە فەرمانبەرێکی گەورە دەستی کەوتبوو. دەستی خستە نێوان پشتێن و ستارخانییە فاسۆنەکەی. ئەو دەستەکەی تری کردە چەترۆکەیەك بۆ چاوە شینە بزەکانی. ڕوانییە مەرەزەی داوێن زێیەکە. شەماڵێکی ناکاوی گیانی خستە بەر گەڵا و لاسکەکان، هەر لە چەشنی شەپۆڵ سەرانسەری مەرزەکە کەروێشکەی کرد. مستەفا ئاغای (کانی هەنجیر) پاژنەی لە زەوی توند کرد و نەڕاندییە سەر خولەی ئاودێر و سالەی ئاشەوان کە ئەو دەمە وەکو جووتێ تاژیی پیر لەو گوزەرەدا مڵومۆشیان بوو.

– ئەو پارەیەی وەری دەگریت یاخوا بەزەقنە بووتت دەبوو. تۆش سالە بەزەهری مارت دەبوو. قوڕمساغانە... دیارە لە گوێی گادا خەوتبوون کە ئاوی کارێزەکەیان بۆ لای خۆیان دابڕی! دیارە ئەوسا دەستت لە مل فاتە دەرلنگ ڕیخاویی ژنتا بووە... ها!

– قوربان...

خولە دەرفەتی ئاخاوتنی نەبوو.

– هەی سفڵەی بێ فەڕ. نەك گۆشتی شانی خۆت بگرە هی باوکیشت لە خێر و بێری من و باو و باپیرانمە، کەچی وا خوێڕی و ناکەس بەچە دەرچووی! باشە سالەی سەر سەگ، ئەی تۆ بۆ وا ئاسیاوەکەت بەتالان دا؟

– قوربان...

مستێ قوڕی بەدەم سالەش دا.

– فڵتە فڵت. دەڵێی بەڵمە برنجتان لە دەمە. تەریق نابنەوە. دیارە، لە قوربان بترازێ هیچی ترتان لە بارا نەماوە! هەی هەردووکتانم دەکردە قوربانی قولە پای حەمەشین کە بەڕۆژی نیوەڕۆ، ئەو سەگ و سوالانەی بەر شەق و قۆناخە تفەنگ دەدا. دەوەرە ئێوەی لە برسان مردوو، ئێستاکە جێگەی ئەو بگرنەوە!!

ئەمجارە بەجووتە و بەدەنگی لەرزۆکەوە، نۆرە بڕێیان لە ئاغای غەزریویان کرد.

– قوربان... دەتۆ...

– دەمتان سواق نەدەن، پاژنەی ئەم پێڵاوانەم لە دەمتان دەپەستم. هەی لە ژن کەمترانە. کورە ئەم ڕەش و ڕووتە دایك واو وا لێکراوانە، کەی بەقسەی خۆش هاتوونەتە ژێر بارەوە! هەی خولەی دەویت. هەی سالەی تەرەس. منێك وا سووك بم، بەمچە لووت بەران، لێرە و لەوێ، تانە و تەشەرم لێ بگرن! قەیناکات! با لە بەرانیش کەمتر بم مێخسکەیانم لە بێخەوە هەڵنەکێشا.

هەناسەی سوار بوو. بەچاوە سەگڵاوییەکانی، هەڵیرِوانیە ناو دێ و دەستێکی بۆ مشکی و جامادانییە چویتکراوەکەی برد؛ نەبادا لەو هەڵچوونەیدا لە یەکتر ترازابن. سالە و خولەیش لە شێوەی کلکە گا، خێرا خێرا، بەپشتیەوە دەلەقانەوە! مستەفا ئاغا دگانی جیرِکردەوە.

– ئەم گەڕ و گول و هەنگڵ بۆگەنانە، هەر دەبێ بەدژوێن و تف و نەقیزە لێیان خورِیت... ئەگینا...

هەتا ماوەیەکیش، پاشماوەی جنێو و هەرِەشە بەرِوویەوە دیار بوو.

**وردبوونەوە لەگەڵ خۆمدا**

بەسەرهاتی پێشوو، چیایەکی قورقۆشمینە وا لە هەست و نەستمدا، بەڵکو لە هەست و نەستی زۆر کەسدان. مرۆ نییە ڕابردووی نەبێ. ئەگەر نا، دیارە ئەو کەسە دەمێکە مردووە. من کە ڕێبوارم ناوە، ئێستاکە دەمەوێ بیر بکەمەوە بەڵام بۆشاییەك لە ژوورەوەمدا وەکو توونێکی هەزار بەهەزار، قور قوراگەی ئەو بیرەوەرییانەم دەگرێت و دەیەوێ بیتاسێنێ. هەستم دەبێتە هەستی نامۆیەکی نابەڵەدی ماندووی دەشتەلانێك.

وا مێشك دەگوشم و جڵەوی هۆشم دەسگیر دەبێ، بەڵام بیر لە چی بکەمەوە؟ هەر خۆم وەڵامی پرسیارە بێ دەنگەکەی خۆم دەدەمەوە: بیر لە هەر چی دەکەیتەوە، بکەرەوە بەمەرجێ بۆت ڕاو بکرێت لەو چیا قورقۆشمینەی رابردوت، بۆ ئەوەی ئێستات هەڵسەنگێنی و داهاتووت بەدی کەیت. هەڵوەستێك دەکەم و یەکسەر ڕوو لە ناوەوەی خۆم دەکەم. شۆڕ دەبمەوە... شۆڕ دەبمەوە بەو ئاواتەی کە چنگ لە ڕەنگ و ڕیشەکان بگرم و بگەمە هۆ و ئەنجام و... ناخی شتەکان.

**تابلۆی دووەم**

سالەی ئاشەوان لە مستەفا ئاغا چووە پێش.

– دە دوانزە کەڵە پیاو هاتن و ئاسیاویان ئاشبگیر کرد. ئیتر منێکی پەککەفتەی

بەساڵاچوو چیمپێ دەکرا!

خولەی ئاودێر چاوێکی لاسەنگی لە دەم سالە بڕیبوو. ئەو چاوە کزەکەی دیکەی لەبەر تیشکی خۆر چوقاند بوو بەڵام کە هەلی بۆ هات، بووژایەوە و وێرا دەم بکاتەوە:

– ئاغام، دیارە هەر ئەوانیش بوونە کە ئاوی کارێزەکەیان شکاندبوو. ئەگینا کێی تر دەسدرێژیی بەر فراوانی وا دەکات!!

– ئیتر...

مستەفا ئاغا، بەو وشەیە قار و کەف و کوڵی دڵی خۆی دەرپەڕاند. چاوێکی سووری کەمتەرخەمی هەڵدایە ناو گوند، هەر وەکو لە جامی جەمەوە بڕوانێت، کەس بەکەس و پێ بەپێی دی بەڵام لە مێشکیدا کەتن و نەخشەیەکی بۆ تاوتۆ دەکردن.

– باوکم خوا عافووی کات چاك... زۆر چاك لە زمانی ئەمانەی دەزانی. خۆ کەس نەزانێ، سالە خۆ تۆ چاك لەوە ئاگاداری کە باوکی ڕەحمەتیم چۆن لە ژێر کۆشکەکەی دەیپەستاندن و بەفەلاقە جەزرەبەیانی دەدا. ئاخ، لەم بارەدا دەستم بڕڕاوەتەوە.

**گەڕانەوە**

دیوارێکی وشکە کەڵەکم لێوە دیارە. گلێنەی هەر دوو چاوم لە بەردێکی ڕەش داگەڕاوی ئەو توند دەکەم. چاو ناترووکێنم. دەمەوێ لە ڕابردوودا بم. پێش چاوم لێڵ دەبێ. ئاگاشم لە خۆم دەبڕێ و دوایی کەمە کەمە، هێدی هێدی هێڵەکان ڕوونتر دەبنەوە. دەرگای مزگەوتی دێیەکە بەچاکی دەناسمەوە. سێ ڕێز بزماری زل زل. تەختەکەشی سەوز بۆیە کرابوو. ئەی چۆن نایناسمەوە! ئەو درەختەی پێش دەرگاکە، حەشارگەی چەندین نهێنییە. خۆ بەدوو زەلامی چوار پەل قەوی، ناوقەدیان بۆ ناهاتە باوەش، بۆیە هەڵگری مێژوویەك بوو لە کێشە و هایت و هووت و بەربەرەکانیێ ئەو دێیە. ئەمیش ئاسیاوەکەی خوار ئاواییە کە لەبەر شانۆی چاوما، ئاوی لێ بڕڕاوە. ئەمیش کۆشکەکەی مستەفا ئاغایە. ئەوانەیش کونجە گڵینە داڕووخاوەکانن بەڵام ئاسمان بۆ وا ڕەش دەکاتەوە! هەر وەکو گشت قەلەڕەشی گێتی ئاسمانی کانی هەنجیریان گرتبێ! ئێستاکانێ بەتەواوی لە ئێستام دابڕاوم و مەلی هۆشم بەرەو بیست ساڵی پێشووم هەڵفڕیوە. وا لە کاتێکی تردا خۆم دەبینم! لە جێگایەکی دیکەدا چاوم دەکەمەوە! واقم وڕدەمێنێ! سەرسام دەبم. ئەوە منم لەگەڵ دوو کەسی دیکەدا، ڕوو لە مزگەوت دەکەین. خەڵکی گوند کە ئێمە دەبینن، لە خۆشیانا چاویان دەبریسکێتەوە. مستەفا ئاغاش زۆر کۆشش دەکات بۆ ئەوەی دامان

برێت و بچینە دیوەخانەکەی. ئێمەش بۆ ئەوەی بێ لایەنیی خۆمان بچەسپێنین، هیچ ماڵێکمان پەسند نەکرد لە مزگەوت بەولاوە.

وا سەرنجی ڕێگاکە دەدەم. دایکێك ساواکەی بەسنگەوەیە. ساواکە دەداتە پرمەی گریان. دایکی چەند جارێك لێی دەخوڕێت و دواجار بەلەپی دەست دەمە بچکۆلانەکەی دادەپۆشێ! ساواکە بەجارێك هەنسکی بەرەو خوار دەچێ و پاشان کپ دەبێت. من هەست بەدڵگرانییەك دەکەم. مانگایەك پەراسووەکانی بەدەرەوەن، بەکلك ڕاوەشاندن خۆی لە مێش و مەگەز پاس دەکات و جار و باریش ئاوڕ لە حەشاماتەکە دەداتەوە. بارەی مەڕ و بزن... کۆزێك بە تەیمان تەنراوە... دار هەنجیرێك... کێژۆڵەیەکی باریکەلەی چاو مامزی لەچەك زەرد، بەلەنجەوە تێپەڕ دەبێت بەرەو کانیاوی ژنان، پاموورەکەی سەرنجم ڕادەکێشێ... ئەمیش تەندوورێکی نزم... لاکەون... لاکەون... باع... باع... ڕێ بۆ مامۆستاکان چۆڵ کەن... کەڵەکەی شیاکەی وشکەوە کراو... گار، گار... فەرموون، فەرموون... قوو ققوو قووو. واق... واق... واق. فەرموون، فەرموون... هەپشم، هەپشم. دەی، مام ئەحمەد، سەبری هێنا. ئینشاڵلا ساڵەکەی خۆش دەبێ. حەپ... حەپ... مڕ... مڕ... چغە بەولاوە. مامۆستاکان فەرموون. لاکەون... منداڵێك تازە خەتی داوە، دووزەلەیەکی بەمەچەکەوەیە... بڕێ باڕۆکەی هەمە ڕەنگ چینە دەکەن. دایکانە چین چینەکەیان خۆڵەمێشی زبڵدانەکە بەسەر خۆیا دەکات. بەخێر بێن... یاخوا بەخێر بێن. دوو کابرای شان خوار واز لە سێ ریزەکانەکەیان دێنن... لاکەون... یاخوا پاو قەدەمتان خێر دەبوو... ڕیش سپی و مەلای دێ بەدوامانەوە بوون. بڵند کرا بۆوە بۆ نوێژی ئێواران و تەراویحی ڕەمەزانان. باگردێنێکی دارین لە خوار سەکۆکەوە سەرنجی حەشاماتەکەی دەدا. یەکێك ئانیشکی دایە باگردێنەکە. یەکسەر ناسیمەوە کە برزۆیە بەوەی کە چاوەکانی ڕەش بوون وەك قلە ترێ و دەجووڵانەوە وەکو هەڵماتی جیوە. برزۆ لە کاتی درەودا، گشت ساڵێك ئەو مەڵبەند و ناوچانەی هەر دوو دیوی زێی تەی دەکرد بۆ تیژ کردنی کێرد و چەقۆ و داسی خەڵکی. پاش تیژ کردن باش لە هەسانی دەدان. بێجگە لەوەش، قۆناخە تفەنگی شکاوی بزمار ڕێژ دەکرد.

ڕایەخ و لباد و بەڕە، بان سەکۆکەیان ڕازاندەوە. سەر تۆپێ ئاوایی هاتبوون. قوژبن نەبوو لەو مزگەوتە نەبووبێتە تەتەڵە میرانێك بۆ خۆی! دەستمان کردە لێکۆڵینەوە و شایەت بانگ کردن. بۆمان ساغ بۆوە، هەر وەکو حاجی ڕەشید ناوێك و دوو سێ ڕیش چەرموو دانیان پێدا نا، کە ئاسیاوەکە لە باو و باپیرەوە بەدەست سۆفی مارف ناوێکەوە بووە، ئەویش لەبەر ئۆجاغ کوێری و بەشایەتی مەلای دێ و چەند ئایین پەروەرێك،

ئـاسیـاوەکـەی کـردووە بـەوەقـفـی مـزگـەوتـەکـە. ئـیـتر لـەوە دوا دەچێتە سەفـەر بـەلك و ناگەڕێتەوە. حەمەمین ئاغای باوکی مستەفا ئاغاش تومەز ئەو دەمە چاوی دەپەڕێتە تەوقی سەری و بەسەد بەند و باو و پۆلەتیقە، دەس بەسەر ئاسیاوەکەدا دەگرێ و مفت بۆ خۆی زەوتی دەکات.

کێشەکە بەلامانەوە ئەوتۆ بوو کە لە بار و دۆخی وا پەلەدا بە سانایی و گورج بەلایەکدا نەشکێتەوە بۆیە وەکو چار کردنێکی کاتی، بڕیارمان دا کە ئاوی کارێزەکە، تاقە و تاق برا بەش بێت لە نێوان خەڵکی دێ. مستەفا ئاغاش وەك ئەوان. چونکە نەیتوانی قەواڵەی خۆی نیشان بدات، لە کاتێکدا جووتیاران مافی خۆیان چەسپاند بەوەی کە ئارەقی ڕەش و مۆریان دەرداوە لە کاتی بێگار و کارێز کەندن و کۆزمال و جۆگا هەڵبەستندا، بەڵام لەمەڕ ئاسیاوەکە، بڕیار وا بوو کە ئاوایی بێ جیاوازی، باراشیان بەمزەیەکی کەم بهاڕن و مزە ئاشی گوندە نزیکەکانیش چوون یەك بێت لە نێوان مزگەوت و دانیشتوواندا. بڕیارەکانمان پەنجە مۆر کرد و مشتومڕی خەڵکی و خێسەی ئاغامان جێهێشت.

**وردکردنەوە و گەڕانەوە**

ئەم ماتییەی پێش چاوم چییە؟ بشێ شەماڵ وازی لە دەسبازیی زەل و ترشۆکە و گەڵا تازە ڕسکاوەکان هێنابێت!؟ یان خوڕەی ئاوی قەڵبەزەکان تاسا بن!؟ ئەی زەوی! دەبێ ئەویش لە خولانەوەی خۆی بووبێت؟ هەست بەوە دەکەم کە وەك ئەوەی بێ بەنج، کێردێك لە لەشمدا گێرە بکات، یان وەك ئەوەی زامێکی زۆر چاڵ لە سنگمەوە بکرێتەوە. تەکان دەدەم. یەك هەنگاو دەنێم. هەنگاوێکی دیکە. دەوەستم. هەنگاوێکی تر و بەرێك بەولاوە دەکەمەوە. گوێم لە ترپەی دڵمە. ئەمجا، ڕاست و چەپ، کووچە و کۆڵانەکانی دێیەکە دەپشکنم. گیاندارێك نابینم. زمانم پارچەیەك تەختەیە و نابزوێ. خانووبەرەکان خۆڵەمێشین. ئەمیش کەلاکی ولاخێکی بەرزەیە. ئەویش تەیمان و چیلەکان بەسەریەکدا هەڵشێلدراون! بەخۆم دەڵێم: ئەم دیمەنە بەمەندیی ژنێکی سکپڕی ژانگرتوو دەچێت! خۆ جۆگا ئاوەکان وشك و برینگن! قەوزە کەنار بەرد و چەوەکانی هەڵگەڕاندۆتە سەوزێکی مردوو. ئەوەتا مەزرا و کارێز و قامیشەڵانەکە، کە پێشتر مرۆ لەبەر قیڕەی بۆق کاس و هەراسان دەبوو، وەك ئەوەی خۆڵی مردوویان بەسەردا کرابێت وایە! ئەی ئاسەواری ئاسیاوە ئاو لێ بڕاوەکە! هەر مەڵێ. ئا، پاش بڕیارەکان، هەفتەیەکی نەخایاند تەتەر هاواری ڕاگەیاند کە ئاشووبەکە سەری هەڵداوەتەوە. ڕایانگەیاند کە هەندێك لە ژێر

پاڵدمی تاریکیدا، چنگ لەسەر شان هەڵیانکوتاوەتە سەر ماڵی برزۆی دەمڕاستی دێ و گوللەبارانیان کردووە. تۆفەی پیاوی ئاغاش بریندار بووە و کوڕی ئاغاش دەستی لە جێ چووە. ئیتر سەر و قۆڵ و شان شکاو لە هەردوو بەرەدا زۆرن.

بێ سێ و دوو، مستەفا ئاغامان سەر بەگوڵمەز و گۆبەندەکە زانی. بڕیار درا کە ئامادە بێت بۆ لێپرسنەوەی چورتم و گاشەکە. خۆ لە ڕاستیدا، بڕیاری پێشوومان هەتوانی برینەکە نەبوو چونکە دەبوایە مستەفا ئاغا زوو قەمتەر بکرایە بەڵام ئەوسا وای دەویست، ئەوەشی بچێتە پاڵ کە مستەفا ئاغا کەپرێکی لە سەرووی کانی ژنانەوە قوت کردبووەوە. گوایە لەوێ مێشوولە کەمترە و بەنیوەڕۆیان سەر خەوێکی لێ دەشکێنێ!!

**تابلۆی سێیەم**

چاو دەکەمەوە. چاو دەپروێنم. شتەکان لە تاڤگەیەکی ڕووناکیدا مەلە دەکەن. نە دێ دەبینم، نە ئاغا و نە خەڵکی دێ! تەنیا هامشۆکەران نەبێ کە بەپرتا و بەگشت سووچ و لایەکدا شان دەکوتن وەك ئەوەی لە پێشبڕکێ دابن بۆ دەسگیرکردنی گرۆڵەی داهاتوویان! منیش کە ڕێبوارم ناوە، ئەو گرۆڵەیە بەماسییەکی لووسی ڕەنگاوڕەنگ دەچوێنم کە هەزاران دەست پەلاماری گرتنی دەدەن! بۆیە... ڕوو لە خۆم دەکەمەوە و شۆڕ دەبمەوە بەرەو ناخی خۆم و بەکەسێکی نادیار دەڵێم:

– دەی، گیا و گژ لە پەیین و خۆڵەمێشەوە دەڕوێن.

تەمموز ١٩٨١

# ئەڤین

کۆترە سپییەکانی زەردەی ئێوارەکە بەوردە کاغەز دەچوون کە مێردمنداڵێکی چەتوون لە سەربانی ماڵەوەیان هەڵیانداتە خوارەوە. دوایین تیشکی ڕۆژ وەك ئەوەی پەلەی بێ، کەشەکەی شێدار کردبوو. کەناری دیوارە خوساو و تلۆفکی درەختە هەڵلەرزیوەکان زیوەر ببوون. ئاسۆی خۆراواش شەلاڵ و خەڵتانی خوێن بوو. ئا لەم کاتەدا، ئاسمانی ئێوارەکە زەریاچەی جیوە بوو، ئەز بەدیمانەی ئەو شۆخە سەرسام بووم. چاوە ڕەشەکانی ئەو خەرامانە وەکو تەزووی کارەبا ڕایوەشاندم. بەژنێکی ڕێك و پاراو. گەردەنی قازیقولینگانەی سفت و بێ گرێ. کراسەکەی دەق وەك تابلۆیەکی نوێ تاوتۆی لەگەڵ چاو و ڕۆحدا دەکرد. ئەوەی کەمەندکێشی کردم و گۆشە نیگامی وەرگەڕاندە کن خۆی، بزەیەك بوو لەو بزە نهێن و داخراوانەی کە چەندان بۆچوون و لێکدانەوە لە هەمێز دەگرن. دەرحاڵ ئەو شۆخەم بەمۆنالیزایەك هاتە پێش چاو و لە عاست خۆم سست بووم. بەڵکو سڕ بووم و دیدەکانم لە مولەق وەستان. پاش چەند هەنگاوێك، ئاوڕم لێ دایەوە و بەخۆم گوت: «ڕێکەوتە، ڕەنگە ئیدی وەکو دوو هێڵی هاوشان نەگەین بەیەك. ئینجا با ڕوخساری نەبینم. چ دەبێ!» هەر خۆم بەخۆم گوتەوە: «چۆن! ئەی...» نەمزانی کە سۆزمەندەکەی ناخم دەیەوێ چی بڵێ بەکەسە هۆشمەندەکەی هاو تەریبی خۆی، بۆیە لەخۆیەوە وێنەیەکی ڕەندتر و ڕاکێشەر و ئەفسووناویی بۆ دەنەخشاند وەك ئەوەی ئەو نازدارە بەچاو خەندە بارانم بکات و بەمرواریی دگانەکانی قەپی حەز لە گیانم بگرێت. ئیتر نیگاری زۆری لەو بابەتانە کێشا لەمەڕ ڕەوت و لەنجە و کریشمە و نازی. خۆ لەمەڕ پەیکانی مژۆڵە و هەودای قژە ڕەشمارە تێك ئالاوەکەی هەر مەڵێ. مەمکانی وەکو جووتێ بارە کەوی بزێو و نەسرەوت کە تووشی داوی سینەی بووبن بۆیە هەر دەم فڕکەیان بوو، بێ ئارام بوون لەو بەندایەتییە و لە قەبۆ قەبۆی خۆیان ناکەوتن.

لایەنە هۆشمەندەکە بیری ئالۆسکایە ئەو قژ و بسکانەوە و بە (میدۆزا)ی زانی کە تاڵە مووی سەری ئەو ئافرەتە نەگریسە، تووڵە مار بوون بەچوار لادا زمانیان درێژ دەکرد، ئێستاکە، هەردوو لایەنەکە هاوسەنگ و دوڕدونگ وەستاون. خۆ ئەگەر بەپاشقولیش بێت هەریەکەیان دەیەوێ نەیارەکەی خۆی بخاتە ڕکێفی. «کە نیگای تێ گرتی، تۆ کەوتیتە هەناسە بڕکێ و ...»

«تۆش دڵە کوتێت بوو!»

«دارەبەنی بەژنی چۆن بژوێن و چەراگایەکن بۆ چەلاندنی هەستە تامەزرۆ و تێنووەکانت!»

«هەردوو چاوی زلەکانین، ئاوی لەش و گیان دەمژن»

«دەبزانە هۆردووکمان بووینەتە یەك جەمسەر بۆ ئازاردانی ئەم بەسەزمانەی کە پێشتر ئارام و گۆشەگیر و بێ خورتە بوو.»

«وایە، بەڵام بۆ کەسێکی وەك ئەو...»

«تۆ ئاماژە بۆ تەمەن دەکەیت! بەنەشتەری داب و نەریت و ئایین دەتەوێ...»

«دەبزانە، تۆش دەبیتە ئاستەنگ و کۆسپ لە بزواتی ژیانیدا!»

«ئەو بەدزە چرایەك گەرمایی تێ دەگەڕێ و تۆش نیازت وایە بیکەیتە کرمی بەفر و لە ناو بەستەڵەکی نسارانددا بمێنێتەوە!»

هەتاکو ئێروکانە دەنگم لەخۆم بڕیبوو، وەلێ کە بە کرم دانرام و تەنانەت کرمی بەفری دەیان ساڵی خۆر نەدیو! یەکسەر ڕاچڵەکام و بەدەنگی بەرز گوتم: «ئافرەت لە گشت کات و شوێنێکدا پەرستگای خۆشەویستی و ڕووگەی دڵە شەیداکانە. دڵێك کانگای ئەڤین نەبوو بێ گومان نە سروشان دەگرێتە خۆی و نە ئەفراندنی تێدا جێ دەبێتەوە، با بەباڵی ئەندێش و خەیاڵیش بووبێت، ئەڵبەتە ئەو عیشقە دەبێتە ماکی زایینی مستێ پەیڤی گڕ گرتوو، یان پەخشانێکی هەژێنەر. هیچ نەبێ یاداشتێکی ورشەداری لەپاش دەمێنێ. ئەوانە گشت چرکەیەکی لە بیر نەچووی ئەو مرۆیەن لە ورووژانی هەستە دانەمرکاوەکاندا.» تۆ دەزانی ئەو هەموو بیرکردنەوە و دەمە تەقێیەی ناوەوەم، کاتێکی کورتی برد. بەڵکو چەند چرکەیەك بوون. لەناکاو چریکەی مەلۆچکەیەك بوون، بێ دەنگییەکەی هەڵبزرکاند. وەئاگا هاتم. وەك بڵێی ئەو چریکەیە بە تاڵەموویەك بەئاسمانەوە گرێ درابێت، سەرم بڵند کرد. کۆترە سپییەکان ئەم سەر و ئەو سەر تەراتێنیان تێدا دەکرد و منیش بەوردەی پەڕە کاغەزێکم چواند کە فەراژییەکی چەتوون پەرت و بڵاوی کردبێتەوە. لەولاوەش هەورێکی بێ شێوەی خۆڵەمێشین سکی دابووە بان خانگ و گوێسوانەکانی دوور بەجۆرێك مینارەی گەڕەکە وا دەهاتە بەرچاو کە لە ورگی ئەو هەورە مۆنە چەقیبێت! ئەم دیمەنە گەمۆکەیەك تەسەلای دام و جۆششی ژوورەوەمی هێوراند، چۆن ئاوی کوپەڵەیەك دەپرژێنیتە سەر پەنگری گەشاوە، ئاوهەلانە خامۆش بووم و دامرکامەوە. ئێستاکە کیژەکەم لێوە دیار نییە،

دەبێ لە ڕەگەزی مار بێت! خۆ نەنکە حەوای لەگەڵ مارە دێرینەکەدا هاوبیر بوون لە تەفرەدانی ئادەم و دەرپەڕاندنی لەو بەهەشتە دلاّرایەی کە ڕووباری شیر و هەنگوین و نازانم چی؛ ڕاست و چەپ دەیبڕن!! ئا لەو ساوە تۆمی یاخیبوون چێندرا. بنیادەم کوڵێ لێوا و لێوی ئەشکەنجە و بوخچەی زامێکی گەورەی هەڵگرت و بەنیخەنیخ تاراوگاکان تەی دەکات. تاکە ویستگایەکی پشوودان و هەلێکی حەوانەوەی هەیە لە دۆزەخی ژیاندا، ئەویش سەیوانە ڕەنگاوڕەنگەکەی ئەڤینە کە وەکو جادوو. ئەو بنیادەمە کلۆڵ و داماوە دەگەڕێنێتەوە ئەو بەهەشتەی کە دەرکەیان لێ داخست. ئاوڕێکی دیکە دەدەمەوە. ئەوەتا لە جێگەی خۆیەتی. بزەیەك دەکاتە پەپوولەیەکی پەمەیی و بۆ لای منی دەنێرێ. دەی، دەی لێت داوە. دیارە لەم شارە خەرەندانە و لەم پاشا گەردانییەدا دڵان زوو بەیەکدی شاد دەبن! سەرەڕای ئەو پەتایەش کە بلاّوبۆتەوە بۆ ئاوساندنی گیرفان و تاساندنی گیانی هاوکاری و تەبایی و بەزەیی و چی و چی! منیش مێخەکی بزەیەکی تێ دەگرم. ئەو دەق وەك پڵنگێکی نیوچە ڕاهێنراو دێتە ناو ئاشیانەی دیدەکانمەوە، پڵنگێکی پەڵە پەڵەی ناوقەد باریك و نەشمیل. دەڵێن گوایە پڵنگی بێشە هەڵمەت و بازدی ئێجگار بەرین دەدات بۆ گرتنی نێچیرەکانی، باشە، ئەی بۆ ئەم پڵنگە مێیەی من لەم پاییزەدا بێ پەروا قیت ڕاوەستاوە و چاو لە من ناترووکێنێ!

«بگەڕێوە». «مەگەڕێوە»

«ئەی چی ... زوو بگەڕێوە و بەقسەی ئەو فریو نەخۆیت.»

دیسانەوە جووتە کەسە زۆربلێکەی ناخم دەرفەتیان بۆ ڕەخسا کە دیتیان من وا کەوتوومە ناو گۆمی دوودڵی و گومانەوە.

«بڕۆ... مەڕۆ...»

بڕۆکان یەك لە دوای یەك لە چەشنی دەنگدانەوەی دۆڵێکی نێوان دوو کەژی سەخت و سەرکەش، ئاوها زاڵ بوو بەسەر دەنگی نەڕۆی هۆشم. دووسێ هەنگاوم هەڵنا. دەنگی کەسە هۆشمەندەکە بەتەواوی بڕا و دەنگی کەسە سۆزمەندەکە بووە مۆسیقایەکی ڕاکێشی هەنگاوە لەرزۆکەکانم. هەنگاوێکی دیکە و لە چەقی شۆستەکەدا وەستام. چاوم نووقاند و هەستم لە خۆم گرت. خۆم لە دۆخێکی ئەوتۆ دیت کە ئەو پەرییە سەراپا شانە و دەمار و موولوولە خوێنینەکانمی گرتۆتەوە و جڵەوی کیان و هەبوونمی بەدەستەوەیە. پەیتا پەتا کیۆبیدی چاوە تیراندازەکانی دەمپێکن و نوقمی دەریایەکی سەرمەدیم دەکەن.

دەتویێمەوە لە ناو شەپۆلی زێڕی تێزابدا. بیرکردنەوەکانی ناو گەوەکانی مێشکم دەبنە تەراویلکە و زوو بەزوویی بزر دەبن. لە چەشنی زرە خەونێك بەیانی گورج تەم ئاسا لە یادم دەرەوێتەوە. هەست دەکەم لە زەوی جودا بوومەتەوە. هەست دەکەم پەرم گرتووە و بوومەتە مەلێکی سووك و بێ کێش! هەست دەکەم پابەندی جێکات نیم و لە گشت چاخەکاندا دەژیم، لە ڕابردوودا، لە ئێستادا و داهاتووش! هەست دەکەم هەم وەکو مرۆڤێکی سەرفرازی کەوشەن شکێنی دزێوی بەزێن.

لەم کەین و بەینەدا تومەز هەورە بۆرەکە بە یەکجارەکی ڕەنگی ئەو گوزەرەی هەڵمژیوە و خەریکە بە نمە بارانێکیش پتر بوونی خۆی بچەسپێنێ. ڕکم لە باران بۆوە. بەخۆم گوت: «باران لە دۆخ و جێیەك کەڵك بەخشە کە دێبەر و کێڵگەکانی تینوو بن و ڕەزەکانی هەزاران چاوی سەوزیان لە جەرگی ئاسمان بڕیبێت. نەمامە دار گوێزەکان جوانەمەرگ بووبن بەتەك دایکە کۆتەرە و کۆی زووخاڵەکانیانەوە. کە ڕەز و بێستان و شیناوەرد نەبوو بارانیش ڕەزای گران و تووك تاڵ دەبێ. ئەو هێمایەشی هەیەتی لەمەڕ فەڕییەوە هەر نەبێ لە کن یەکێکی وەك من، لە هەلومەرج و ڕەوشێکی ئاوهادا، بەپێچەوانە دەکەوێتەوە. داباریني بەخوڕ و شەست و لێزمە و ڕەهێڵە و باهۆز و زریان و کرێوە، تووڕە و تۆسن دەبم. دەئاڵۆزێم. لەوانەشە چاوی یاخیبوون لە ئاسمان بگرم و سەرگەرمانە بەڵکو شێتگیرانە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکەم. تۆ دەزانی دیمەنی ڕۆژی مۆن و شێدار و تەمومژاوی، نازانم بۆ و چۆن ڕوخساری ناقۆڵا و خەفەتخانی شەمشەمەکوێرەم دەخاتە بەر چاوان! بەتایبەت، دیمەنی باڵە تەنك و لینجەکانی! لە ساتێکی وادا، ڕووم بێ ڕەنگ و، هەست و، دەربڕینم دەبێ؛ وەك دیوارێکی بۆیاخ وەریو. دە سێرکە، ئەم هەست و دەربڕینانە لەوەوە ناخمیان داگیر کردووە کە دەبوایە لە بارودۆخێکی وادا دووکەس بەیەك دەگەن، پێداویستییان بەدابڕان و جودا بوونەوە هەیە بۆ ئەوەی هەر یەکەیان هەست و شعووری خۆی هەڵسەنگێنێ بەرامبەر بەهاوڕازەکەی. ئەوە بوو من ئەو سنوورەم پەڕاند و هەنگاوەکانم بۆ کن ئەوم دەبەن! ئەوەی لەم کاتەدا بەتوندی ڕامدەتەکێنێ، تەنیا ڕاستگۆیییەکەمە و بەس. ڕاستگۆییم لەگەڵ ویژدان و ناخمدا بەنموونەی ڕاستگۆیی دوو چاوی گەش لەگەڵ هاوێنەکەی لە کەرتە نەینۆکێکدا. چوومە بەرەوە و یەکڕاست بووینە بالاڕوانی یەکتری. من دەڕوانمە ئەو. ئەویش پشکۆی چاوەکانی لێم گرتووە. چەندی خایاند؟ نازانم. هەر هەندەم زانی، دەنگێك گوێمی سمی.

– کابرا، بۆچ وەکو داوەڵ ئەم وێنەیە سڕی کردووی!؟

هاتمە خۆم و نەمزانی چۆن وەرامی خاوەن کۆگاکە بدەمەوە. سەرم ڕاوەشاند و ملی ڕێگام گرت. تاو نا تاوێکیش ئاوڕم لە جووتە چاوی شۆخەکەی ناو شووشەبەندەکە دەدایەوە. لە من وابوو کە پشتی لێ دەکەم، خەندەگی ئەو جووتە دیدانەی، ناو شانم کون کون دەکەن. خۆزێ کەیلی ئەو ئەڤینە دەبووم و ئەو دەنگە، کەژاوەی خەیاڵمی بەرەواژە ناکرد. ئای، دیسانەوە خەم کەڵەکەی کرد و چۆنی بوەرێنم.

کانوونی یەکەم ١٩٨٨

# کۆمەڵگەی ئاسنین

# له چایخانەی مەچکۆدا

«ئەرێ چاوەکانت بۆ وا زەق زەق گومانە سەرنجم تێ دەخێوێنن!؟ لۆ ڕادەمێنی لە چەشنی ئەوەی، نامۆیەکی ڕاگوزەر بم و، ئاشنای بەژن و ڕوخسارم نەبێت!؟»

ئەوەم لە دڵی خۆمدا بەتەحسینی خاوەندی چایخانەکە گوت. ئەو، ببڕای ببڕ لێوەکانی نەترازاند بۆیە چێڕەدرێژیم کرد.

نا، نا... لەمەوپێش، ڕێبوارانە دەهاتمە ئێروکانەو، چایم هەڵدەقوڕاند لەتەك هاوژانێکمدا. لە پاڵەوەیش، بە چپەدوو، مشتێ قسۆکەی تاڵ و تفتمان خورد دەکردەوە. کەچی ئەمێستا بەیەکجارەکی ملم لێرە ناو ئیتر هەمیشە ڕووبەڕوو دەبینەوە، لەوانەیشە هۆگر و متۆی یەکدی بین. بۆ... نا... خۆ زەوی لە خولانەوەی لار نەبۆتەوەو. مەمکی کیژۆڵان خڕن و... هورژم و شەبەیخوونی (کوللە)ش بازنەیی دەڕوات. یارۆ، ئەوەی بەساڵدا چوو بێت ڕوونتر دەبینێ و خەستتر بیر دەکاتەوە. ڕەنگە تۆیش لە دڵی خۆتدا بڵێیت: داغداکی گالدی. باغداکنی قاودی کاکە گیان، ئەوانە لە کۆمەڵگا قەسرییەکاندا گشت بوونەتە دراوسێ و هاوماڵ. مازوچنی بنار چیا و، بێستانەوانی ڕۆخی زێ و، ڕەنجدەری گەرمەسێر؛ چونکە سەرانسەری باخ و بێستان و ڕەز و کێڵگەکان بەر شاڵاوی پێکوڕە و دەعبای نەگریس کەوتن و پاکۆیان دا. بڕوانە، ئێستاکە لە گشت پەنا و قوژبناندا، باس باسی کوللەیە. تۆ دەزانی لە چاوترووکاندنێکدا، ڕەنگی سەوزیان کرد بەقاوەیی!! با چاکتر لێت ئاشکرا بێت. گیا و پووشی پاوەن و چەلاندن، قەرسیلی کشت و پەلکی ڕووەك دەماشنەوە!! زەویی وشك و کێڵگەی بەیارئاسا و قەدە درەختی ڕووتەڵە، لە پاش خۆیانەوە جێ دێڵن! هەر چۆن لەناکاو، بەهارێکی ڕازاوە ببێتە خەزانێکی دڵتەزین، ئاوهەلانە تەڕی و سەوزایی هەڵدەمژن!! سەرت سووڕ نەمێنێ، کە بڵێم: تەنانەت ئەو وێرانکارانە توێکڵی نەمام و قەپیلکی گوێچکە ماسیش دەکرۆژن! ئافەن و بەڵایەکن بێ مانەند! کوڕە ئێس ئێسی چی و ئیدزی چی! دەنا بەو خوایەی، کە لامان لێ ناکاتەوە، نەهۆ پرتاوێك بکەنە ناو ئەم چایخانە ستوون ئەستوورانەی تۆوە، سام داتدەگرێ... چاوت دەپەڕێتە تەوقی سەرت... زمانت پەڵپ دەبێ و، تۆقت دەچێت. ناهەقت ناگرم. ئەمنیش ئێجگار دیمەنی ئاوهام دیتووە و بەباری وادا تێپەڕیوم کە ببمە تای تۆ و هەرگیز نەیەژم: جووتێ برۆ ها وەبان چاوانتەوە. نەخێر ئەز لەو مەردمانە نیم، کە لەسەر خوانی فلان پاروو بگلێنێ و، لە پاش فیسارەوە نوێژ

دابـەستـێ! ئـەگـەر بـڕواشم پـێ نـاکـەیت! هـانـێ ئـەوە نـاسنـامـەکـەم. ئـەوەتـا، مـۆری نـەبـوخـوزنـوسەری پـێوەیـە. ئـەمـیش پسوولـەیـەك لـە قـەڵای «ئـاراپـخـا»وە بـۆ ئـەم قـەڵاتـە خنجیلانـەیە، کە بـەسۆز و میهرەوە بـاوەشی لـێ توند کردووین و داڵدەی هـەموومـانی داوە. ئەوە بۆ چاوە گەشەکانت ناگوازیتەوە بۆ گۆشەیەکی دی! دیارە متمانەم پێ ناکەیت و، چاوەڕوانی شایەت و بەڵگەنامەی!

فـەرموو، ئـەوەتـانێ شایـەتـەکانم: مسین و ... دارین و... بـەردین و... کـاغزین. یـەکـەم: ئـەو دەفرو ئـامـان و ئـافتـاوە مسانـە شایـەتیم بـۆ دەدەن، کـە نـاڕەسـەن و هـەرچی و پـەرچی نیمـە. دووەم: ئـەو کلیلـە دارینـە، کـە دەیـان سـاڵ لـەمـەوبـەر، دەرکـەی مـاڵـە هـەژارێکی کلۆم دەدا، دەست بـەسینـەوە دەگرێ: بـەڵێ نیازی بێگـەردە و خـۆییشە. هـا چیت گـوت! خـۆ ئـەگـەر بێتـە قـایمـە، ئـەو بـاگردێنـە قورسـە دێتـە گـۆ، کـە هـەرگیز پشتم لـە کوانگی خـۆم نـەکردووە. هـای لـە تۆ!! دیارە بـەم جـۆرە شایـەتـانـە دڵت ئـاو نـاخـواتـەوە!! گـوایـە ئـەو شایـەتـانـەم گیانلـەبـەر نینـە و بوونـەتـە ئـەنتیکـەی مێژینـە! هـەر بـۆیـەش هـەڵتواسیون. چاکـە، شایـەتی بنیـادەمم هـەن وەکـو تـۆ و من بگـرە کـارامـەو بـەبڕشتیش. مرۆڤی سـەوداسـەر و شـەیدا و هـونـەروەر. ئـەوەتـان، هـەرسێکیـان بزەم بـۆ هـەڵدەڕێژن و، گـەمـەشیـان بـەدڵـەڕاوکێکـەی تـۆ دێت. هـەنـدەی نـەمـاوە لـە داخـاندا، لـە چوارچێوەکـانیـانـەوە دەرپـەڕن و... ئـای! خـۆ چوارچێوەیـان نییـە! مخـابن. دەتـۆ گلێنـەی چاوانت وەرسووڕێنـە، ئـەوا خـاڵـە تـایـەرم تـووڕە و ئـاڵـۆزە. مـامـە حـەمـە عـارفیش پـەست و پـەنگ خـواردووە. ئـەیـازی لاویش وەك پڵنگ خـۆی بـۆ هـەڵمـەت دەسازێنێ. ئـای، خـۆ بیرم هـاتـەوە. ئـەی کـوا ئـاپـۆ عـەلی؟ عـەلی مـەردانـەکـەی بـەر تـەکیـەی بـاوەگـوڕگـوڕ! من نـاڵێم، تـۆ بڵێ تـۆ ویژدانت ئـەمـە پـەشم و شـەرمـەزاری و جێی توانج نییـە!؟ دەبـوایـە ئـاپـۆش پشکداریی بکردایـە. ئـەوسـاکـە، دیوارەکـەت بڵندتر و سـەنگینتر دەبـوو. دەزانم، دەزانم بـەر لـەوەی زمـان ببزوێنی، وەڵامـی ئـامـادەت هـەیـە و، پـەنجـەی تـاوان بـۆ کـەسانێك ئـامـاژە دەکـەیت، کـە جڵـەوی چاپیـان بـەدەستـە بـووە و بـەنـاڕەوایی ئـەو بولبولـە گـەرمیـانـە و مـامـۆستـای قـەتـار و خـاوکـەر و ئـەڵـلا وەیسیـیـەکـەیـان فـەرامـۆش کـردووە! خـۆ نـە ئـاشیـانـەی پـەرەسێلـکـان دەشێوان و تـەرمـۆمـیتـری قـازانـج و دارایـی کـاسێتـەکـانیـان دادەبـەزی ئـەو کـابـرایـەی تـەکم. دیـارە دووشـەمـەکـەی نـاو لـەپی مرداربـۆتـەوە بـۆیـە وا خـەمبـار و پـەشێوە! دوو شـەش دەتـۆپی، سـەری بـەگـۆڕی بـابـە سـەگی. ئـەمڕۆ زەمـانێکـە، سـەگـەلی خـوێری و گـەڕ، گـۆڕی بێ ئـەلحـەدی کـۆریـان، لـە پێش چاوی دایکـانیـان هـەڵدەدڕن!! دۆرت جـەهـار تونـاوتون ڕەگـاژۆ چێت. چش. هـەپی بـەیـاز دەبێتـە ژێر بـەرداشـەوە؛ بـەدۆزەخ و ئـەولاوەتر. بـا لـە گـوپی خـۆ بدەن. ئـەوانـە لـە لـۆچی گـوێی حوشتر مرخـدا پرخـەیـان دێت! کـوڕینـە، خـەڵکی هـۆدار و بـەبێ هـۆ سارد دەکـەنـەوە!

زیندووان ئاواتە خوازی بەختیاری و سەرفرازین؛ کەچی ئەمانە... سەیرە لە کۆیە! پەکو لەو خەڵکەی!! خەڵکێکی زۆر بووین ڕوومان لە خوار بەغدا کرد و لە دامێن و سایەی ئەو تاقە بڵندەی ئەویێ، نەورۆزمان یاد کردەوە. ئاپۆ عەلیم بەتەکەوە بوو، بەگوێمدا چرپاندی، کە «حەزی بەڕووناکاندن و تیشك نییە. هیچ خولیا و مەراقی ڕەنگاندن و پولیش کاریی نییە. دەمامك بازیشی لە کاسەی سەردا فڕێداوە» کەواتە کاکە تەحسین، وێنەیەکی ڕەش و سپی و گچکە مەبەستەکەی دەئەنگاوت و هیچ ئامبازی سەرە ئێشە و پلار و لاقرتێ نەدەهاتین. ئەی چۆن ژانە سەر نییە! ئەوەتانێ لە جیاتی ئەوەی خوریی خۆم برێسم، تەشیی ئاپۆ دەخولێنمەوە!! قەیناکات، هیچ ڕەنجێك بۆ ئاپۆ بەفیڕۆ ناچێت. ئێستاکەش نەچووە بچێت.

بەم گەردنەم، شەوێکی ڕەبەق سەرقاڵ و تەنگەتاوی بارو بەندەڵ خڕ کردن و پێچانەوە بووین. لەگەڵ کازێوەدا، قوقووی کەڵەشێران مەلا هەڵامەتەکەی «ڕەحیماوا»یان بەزاند. گڕی هەڵایساوی باوەگوڕگوڕیش چمکێ لە ئاسمانی شارەکەمی ڕۆشنا کردبوو. بەو تاریك و ڕوونە کەوتینە خۆمان و، سێ سەعاتی خایاند بۆ ئەوەی تەیار بین. ئەوجا پەردەی گوێی دوو شوفێرەکە بەدەنگە لەرزۆکەکەم؛ لەرایەوە. «باژۆن».

ئەوساتە، من نوقمی هەستێکی ئەوتۆ بووم، کە وشە لە ئاستیدا کول و داماوە. چەند کەسانێکی کۆڵانەکەمان بەبێ دەنگی و فرمێسکی قەتیسەوە، دیدەیان بەپاشەڵی لۆرییەکانەوە چەسپا بوون. دڵان جۆشا بوون قورگان نووسابوون. لێوان؛ لێك ناترازان. ئەسرین زایە چاڵی چاوانەوە. زمان تەنیا زمانی هێما بوو. بەڵێ دوو لۆری. ئەدی چی! خۆ نوێماڵ نیم بەکێشی عارەبانەیەکی گوێدرێژ بارکەم. قەرەجی دەوارنشینیش نیم لێرە و لەوێ لادەم. ئەمن پتر لە سی ساڵە بەجەختەوە ماڵداری دەکەم. زۆران لەگەڵ کێشەکان دەگرم. سی ساڵ بەدەم ئاسانە! ماڵت وێران نەبێ؛ دەکاتە، سێ جاران دە ساڵی. هەروابێتەوە، شوکر ئۆجاخ کوێر نیم و پاش خۆم وەچم خستۆتەوە. وەرە لە چاوپرواندنێکدا بووینە کەڵەباب و مامر و باڕۆکەی بان بارە داری ڕوو لە نادیاری! بڕوات پێم هەبێت، بوزگوڕ و خاشاك و کۆنینەمان جێ هێشت و قیروسیامان لێ کردن؛ وەلێ کتێب و نووسراوە ناچڵەکانم وەك ئەوەی پەڕەی دڵم بن، پەستامنە ناو حەڤدە کارتۆنەوە. ئەوسا، دڵنەوایی خاووخێزانەکەم دایەوە: «خۆ لەسەر سووکی و سوورتکی نییە. بینادەم سەری سەلامەت بێ، ئەڵبەتە ئەو دواکەی بەسانایی پێك دێت. بەس نەبوو خڵتەی لێشاوئاسایی، لافاوە هاروهاجەکە ڕاپێچی نەکردین! ئێمە لەوانە بەدەر نین پەنایان بردە بەر دیرەکی خواروو ڕایەڵی خێچ و حەسیرە شڕو گونیەی پواو، دیارە ئەم هەویرە ئاوکێشە! دەی بەرخی

نێر...» ئەوە بۆ دیدەت لە دوڕچاوم بڕیوە! بەسەری هۆردوکمان کە شمەکەکانمان لەحەوشەیەکدا کەڵەکە کرد، گورج شەپێك ئاوم لە ڕووم دا و، یەکسەر سێبەرەکەمم ڕاکێش کردو، تاوم دایە خۆم بۆ ئێرووکانە ئەوەتا، لە نوای کەپووت، وەکو قارچك ڕواوم و، بوومەتە مورید و دێوانەی ئەم مەڵبەندە. ئەوەتا مەلۆچکەی چاوم لەسەر پرشنگێکی دەرەوە دەنیشێتەوە و... چرۆی هیڤی و شادییەك لە ژوورەوەمدا دەرسکێت.

تشرینی دووەمی ١٩٨٨

# لەناو گەدەی نەهەنگێکدا

پێشەکی خۆمت پێ بناسێنم:

ناو: شوانی کوڕی میرزا مارفی سۆفی ڕەشید.

تەمەن: بیست و یەك ساڵ.

درێژی: ١٦٨ سم.

چاو: قاوەیی کاڵ.

پێست: گەنم ڕەنگ.

پلەی خوێندەواری: قوتابی لە زانکۆی بەغدا.

باوك: جوتیار لە دێی هەناران.

دایك: تەمەنی بەتۆ بەخشی.

شتی تر: نییە.

هەتاکو لە دێیەکەی خۆمان دوورنەکەوتمەوە، هیچ زێیەکم لە زێیەکەی لای خۆمان بەرینتر نەدیبوو، بەڵکو تەنها هەر چاوم بەسووره ماسیی تەنکاوی ئەو زێیە هەڵاتبوو؛ بەڵام ئێستا وا لە پایتەختا لەگەڵ کتێبەکانمدا، لە ژوورێکی تەنگ، بووینەتە هاوسەرو جاروباریش دەبنە ماکی ژان و ئەشکەنجە و هەوێنی لانەوازیم. لە پەنجەرەکەوە وا چەپکێ ڕووناکی گەردی خۆی ئەبارێنێتە سەر کەلوپەلەکان. ئاسمانیش سامالە و بزەی بۆ (ئیریال)ی تەلەفیزۆنەکانی دراوسێ هەڵ ئەڕێژێ. منیش وەك شتێکم ون کردبێ، بێ سەرو شوێن چەشنی مێشهەنگێکی وێڵ، بێ ئارام خول ئەخۆمەوە. هەست بەئاوارەییەك ئەکەم، لەگەڵ خۆمدا، لەگەڵ سروشتدا، تەنانەت لەگەڵ ژوورەکەشدا هەروەکو ئاوارەیەك بم لەناو سوپای ئاوارەکانا. بۆیە خۆم بەژماردنەوە خەریك ئەکەم. لە یەکەوە بۆ هەزار و بگرە چەند هەزارێك و لەناکاو بەرەو (سفر) هەڵ ئەگەڕێمەوە. یان دارتەلی کارەبا، پەنجەرەکان، هاتوچۆکەران ژمارە ئەکەم. بۆ دوا جار وا ڕووبەری سەربانی ئوتێلەکە ئەپێوم، بۆ ئەم مەبەستەش، بەسەر چەند چوارگۆشە و لاکێشەدا بەش بەشم کردووە. لە وانەیە تەنیایی بێت دڵم بگوشێت و بەرەنگاری ئەو جۆرە ڕەفتار و لێکدانەوەیەی کردبم،

بۆیە لە پێوانی ڕووبەری ئوتێلەکە، سەردەمی منداڵیم وەك شەریتی سینەما هاتەوە بەرچاو لەگەڵ برێك منداڵی ئاوایی تەڵەو داومان بۆ ڕیشۆڵەو پاساری ئەنایەتەوە. یان پاش باران، لە ماڵەوە سەبەتەیەکم ئەنایەوەو سەری داوەکەم ئەگرت، لە پەنایەك خۆم مەڵاس ئەدا، باڵدارەکان چاویان لە دانەکان ئەبڕی و زاتی ئەوەیان نەبوو کە لە نزیکەوە قونە قون بکەن. ڕۆژێك تاکە چۆلەکەیەکی نەوتینە ئێجگار هاتە پێشەوە، منیش بەگوێرەی ئەوە، هەناسەم بەجارێ لە خۆم بڕی و لە دڵی خۆما هانم دا... « دی مەترسە... دانەکان بقۆزەوە... تۆ وەکو هاوڕێکانت شەرمن و بێ ورە مەبە...» هەندێك قونە قونی کرد و لە پاشان بۆی هەڵفڕی. ئەوساکە زۆر پەست بووم، بەکینەوە داوەکەم ڕاکێشا... یەکسەر هەموو پاساری و چۆلەکەکانی بان دارو گوێسەوانەکان وژەیان هات و بۆ ماوەی چاوترووکاندنێك دانەکانیان لەبن هێنا. هەر ئەوەندەم بۆ مایەوە کە لە درزی دەرگاکەوە، چاو لەو دیمەنە دڵڕفێنە بگرم و نەفرەت لە هەر داو و تەڵەو سەبەتەیەك بکەم. ئەم دیمەنانەی پێشوو وەك تەلیسم ڕام ئەماڵن و، سەری ماندووم ئەنێمە سەر دیوارە قەڵەشاوەکەی ئۆتێلەکەو، بەچاو گینگڵ ئەخۆمەوە. هەر وەك ڕەوێك بەخانووەکانی دەوروبەر بکەم، گلێنەی چاوی شەکەتم ئەگوێزمەوە، خۆشم نازانم عەوداڵی چیم! بەڵام لەوە دڵنیام کە شتێك هەیە و ڕێگای پێ نابەم! وەك لە ناوێك بگەڕێم چۆڕاوگەی هۆشم بگرێتەوە، هەست بەوە ئەکەم کە شتێك ئەتەنێتەوەو خەریکە وەك تەونی جاڵجاڵۆکە لە گەردنم بئاڵێ، یانیش کە چاو ئەدورمە کتێبەکانم، چەشنی ئەوەی پوازێك لە هەر چوارلای ژوورەکەم بکوتن، مێشکم... دەمارەکانم پڕ لە گرمە و ئاپۆرە و سرمەسرم ئەبن. دەستوبرد کەنەفتیی خۆم وام لێ ئەکات، کە ژوورەکەم لێ واڵا ببێت و، ئارەزووی دەرپەڕین بکەم. کەچی لە عاست خۆمەوە دەست ئەکەم بەگۆرانی چڕین: دڵدارەکەم... هەر چەند ئەکەم.

لە عاستت وشەم ئەتاسێ.

دەریای بێ پەیم وەك (ئەسکیمۆ) ئەماسێ.

تاکە وشەیەك لە فەرهەنگی (سانسکریت)

ئەهۆنمەوە پیت بەپیت.

بۆ ئەوەی ناوی تۆ وەك گەردانی یاقووت.

لە گەردنی ئاسۆ خۆی هەڵواسێ.

دڵدارەکەم... لە کڕنوشی ناو مزگەوتی... هەتیو ناوت ئەبەم.

لە جەرگی لاڵە بێ نەوتی، لە پایتەختی، تەم، هەنگاوت هەر بۆ ئەبەم. دڵدارەکەم... کەی هەردوو لەگەڵ (شتراوسیٚ) لەناو ڕەنگی «گۆگان» ئەبین بەدراوسێ؟! هەر بەدەم گۆرانییەوە ڕووەو ئەو دیوارە قەڵەشاوە ئەبمەوە. هەر وەکو وارگەی حەوانەوەو دالدەی خەیاڵ بازیم بێت. بەتایبەتیش کە چەند جارێك لەو ڕوانگەیەوە، ناسکۆڵەیەکم بەدی کرد لە باڵکۆنەکەی ئەو بەرەوە. بۆ ماوەیەك سەرنجمی دزی. لەو بەرزییەوە بازنەی چاوم گەمارۆی پەرلۆنە تەنکەکەی داو، سەرتاپا نەخشەی ئەندامەکانی پشکنی. خۆ چاوەکانی چێژی مێوژیان هەبوو بۆ دیدەی وێڵ و تینووم. ئەو جووتە چاوە شەریتی ڕابردوومی هەڵگەڕاندەوە، بەرەو ماڵەوەمان، دیمەنێکی منداڵیم هاتە بەرچاو، کە لەگەڵ دایکما بەرەو شوقەلەتەکەمان ئەچووین و سەرنجی مامرە کڕەکانمان ئەدا. من ئەوساکە نەم ئەزانی، کە ئەو دیمەنە چەند پیرۆزو دڵگیرە. لەسەر خۆ هێلکەکان زەدەیان ئەبردو، جوکەی جوجەڵە بەڵگەی ژیانێکی نوێی تۆمار ئەکرد، ئای چەند خۆش بوو ئەو کاتانەی، کە کروشکەم بەدیار مریشکەکانەوە ئەبەست و، چاوەڕوانی ژیانی نوێ ئەبووم، بەجۆرێك دیمەنی وا بەهیچ کلۆجێك ڕاڤە ناکرێت بۆ کەسێك خۆی بەچاو نەیدیبێت. دیمەنی ناسکۆڵەکە لە مێشکما جێگای بۆ خۆی کردەوە، بەرگ و سیپاڵی جۆراو جۆریشی پۆشی. تاوای لێ هات، کە بووە هۆیەکی سەرەکی بۆ وەستانم لە پاڵ ئەو دیوارە قەڵەشاوەدا. هەر بۆیەش خەیاڵ بازیم پەرەی سەند و زیاتر کەوتمە مەلە کردن لەو دەریایەدا. ڕۆژ بەڕۆژ ئەو کارە بووە پیشەو خووم. وەك کەشتییەوانێك بەدڵسۆزی ئێشك بگرێت، چاوی ئەو ناسکۆڵەیە بووە بواری پەڕینەوەم بۆ ئەودیوی نەناسراو. تەنانەت خۆم لە ڕۆحی دەریایەك ئەبینی لەگەڵ ئەو نازدارەدا. بەڵکو هەر وەکو نهێنیی کیشوەرێکی نەبینراوم لە لا بدرکێت، فرامۆشیم ئەهات و ئەگەشامەوە. لەیەك نزیك ئەبووینەوە، پێکەوە ئەدواین و سیپەمان ئەکرد. جارێك لەو جارانە، لەناو شەپۆلی خەیاڵدا بووم، پێکەوە ڕوومان لە کەناری دەریاچەیەك کرد بەنیازی گەشت و مەلەکردن. پێشان لەسەر لمی کەنارەکە ڕاکشاین و، سەرم نایە سەر ڕانی. ئەویش بەپەنجە نەرمەکانی قژە ئاڵۆزەکەمی شانەکرد. چاومان بڕییە خۆرئاوا، کە زێڕی ئەپرژاندە سەر شەپۆلەکان. ئەو دیمەنە بزوێنەرە، مۆخی ناسکۆڵەکەی هەژاند و باوەشی بۆ شەپۆلەکان کردەوە. منیش هەر لە جێگای خۆمەوە هاوارم لێ کرد:

– ئاگاداربە...

دوور مەڕۆ... گوێی نەدامێ و تەنها دەستێکی بڵند کردەوە.

– وریابە... نەوەك گێژەنگێك لوولت بدات.

دیسانەوە سڵی نەکردەوە. هەستامە سەر پێ و بەهەموو دەنگم هاوارم کرد:

– ... لەوێ نەهەنگ و دەعبا هەیە...

وا دیاربوو دەنگم بڕی نەکرد و لە مەودای دیدەشم چووبووە دەر. سەرمەقولات خۆم هاوێشتە دەریاچەکەوە، بەوپەڕی توانامەوە پەلم هاویشت، بەپا مەلە، بەباسکە مەلە، بەپشتە مەلە بەرەو شەپۆلە بەرزەکان تەکانم دا، لە شینایی بەولاوە هیچ ڕەنگێکی تر نەچووە ناو تۆڕی چاومەوە! ناچار خۆم نوقم کرد، چەشنی ماسییەکی تیژ بەرەوخوار بوومەوە. ئای لە قووڵایی! چ شینایییەکی هەیە! کام پەرە موچکە کێشاویە!؟ لە ناکاو ڕەشەبایەك ئاسۆی بەرچاوی گرت و، دەرگایەك وەك هەڵم لووشێ، خزامە خوار، لوولم خواردەوە. نەمزانی تووشی چی هاتم، لە تاریکی بەولاوە هیچ بەدی ناکەم. بێجگە لەوەی، کە ئازارێکی کوتوپڕی، سەرتاپامی گرتەوە، وەك لەشم هەنجن هەنجن کرابێت، ئێسکی پەراسووم هەتا ئەهات لەیەك گیرئەبوون. هاوارم کرد. دەنگم تێکەڵی تاریکایەکە بوو. ئەوسا زانیم، کە نەهەنگێك قووتی داوم و، ئێستا وام لە گەدەی گەرمیدا! هەر بۆیە بەهەموو پاشماوەی تینمەوە خۆم ڕاپسکاند و تەکانێکم دا. هەستم بەئێشێك کرد لە مەچەکی ڕاستیمدا. کە چاوم هەڵگلۆفت، خۆم لەپاڵ هەمان دیواری قەڵەشاوا دی و ناسکۆڵەکەش لەوبەرەوە خەریکی تەنافەکەیان بوو. هەمان پەرلۆنی سووری هەڵئەواسی. مەچەکم هەندێك ڕووشابوو و، هێڵێکی سووری پێوە دیاربوو، سەرم هەڵبڕی و، بەشێك لە شان و ملیم بەخۆڕایی، بەچاو لە ئامێزگرت، کاتێك ڕاست بووەوە چاوێکی تێم گرت و، گریشمەیەکی کرد و، بزەیەکی پیا هات. منیش کوتوپڕ سەرم دانەواند. لەوەوە دڵنیابووم، کە ئەو نەخنکاوە، تەنها من بووم بەخۆراکی نەهەنگەکە، بەڵگەشم ئەوەیە، کە هەر چەندە ئەچمە ناو ژوورەکەمەوە خۆم لە گەدەی ئەو نەهەنگەدا ئەبینم. بۆیە بڕیارم داوە، کە لەم ئوتێلە بگوێزمەوە، ببڕایش لە ژووری سەربانندا جێنشین نەبم. بڕیاریشم داوە ئیتر تابلۆیەکی نوێ بۆ بوونی نوێم بکێشم و شەقامەکانیش بکەمە چوار چێوەی ئەو تابلۆ ڕەنگینە و ناوەکەشی وابێت: (ڕاچڵەکینی مرۆڤێك کە ناوی...... بوو) بەڵام هیچ پێویست بەناو ناکات، چونکە تەنها وشەی مرۆڤ، هەر مرۆڤێك، نیشانەکە ئەپێکێ و، ئیتر منیش ئەو کۆترە کێویلەیە نیم، کە بێچووەکانی ون کردبێت. ئەمڕۆ ئاسۆم لێوە دیارە، ئاسۆش ئارامگایەکە ئاسمان و زەوی زاوزێی لێ ئەکەن.

# باڵندەکان بەرز دەفڕن

## ناخ

سەگێکی گەڕ بەلاتەکی سۆفییەکدا تێپەڕی، نەخۆی لێ لاداو نەدڵیشی لێ کرمێ بوو. دەمێك پرسیارێکی ئاراستەکرد.

– تۆ پیاوی پاکژی یەزدانیت، چۆن لەو سەگە گلاوە سڵت نەکردەوە! سۆفییەکە بەهێمنی و ساکاری دوا: ئەو سەگە لە دەرەوەیدا گلاوو پیس دیارە، وەلێ لە ناوەوەیدا وای نابینم، چونکە ئەوی دیاردەیەکی دەرەوەی هەبوو بێگومان لە دیوی ناوەوەیدا شاردراوەیەکی هەیە.

کابرای دەم بەپرسیار زاری داچەقاند بوو. سۆفی لەسەر قسەی خۆی ڕۆیشت.

– ... چۆن خۆم لەو سەگە هەڵاوێرم! ئەوەی لە ناخی مندایە دەق وەکو دەرەوەی سەگەکەیە، ئیتر لە پای چی خۆمی لێ لادەم! لە کاتێکدا ناتوانم لەم ناخەی خۆم دووربکەومەوە.

کابراکە حەپەسابوو. هەڵیکوتایە سەر دیوارێکی ڕووخاو و جاڕی دا.

– خەڵکینە، هاوارە، مامە سۆفی تێکچووەو بەزمانی ئەوانگەل و جنۆکان دەدوێ!!

سۆفیش زاری هەڵهێنا: هەی دەم بڵاوی زگ ڕەش. لاکەوە هەی کەتن گێڕ، تۆ ڕۆحت بریندارەو منیش دەمەوێ دەمی چەقۆبم، تیژو ڕاست. دەمەوێ ئاونگ بم پاك و بێ گەرد.

مامە سۆفی سەری خۆی هەڵگرت و ئیتر وەك منداڵێك کە پارەیەکی سپاردەی دایکی گوم کردبێ، ببڕای ببڕای نەگەڕایەوە ئەو گوزەرە.

## گەرد

هەژارێك بەگەشکەدارییەوە هەنگاوی دەنا. دەستی لەسەر خەڵاتەکەی شا دانابوو کە دابوویە لە بری چەند ساڵی ئەمەکداری و دڵسۆزیی. گەردی ڕێگا خۆڵە پەتاتەکە نیشتە ڕوخسارییەوە. دەستی بۆ چمکی خەڵاتەکە برد و تەوێڵی خۆی پێ سڕییەوە. تومەز چاو هەبوون چاودێریی ورد و درشتیان دەکرد، یەکێك لە گزیران لە دەرباری پاشادا گوتی:

– ئەی سوڵتانی کات و جێ و پەڕندەو گەزندە و گیاندارو بێ گیان، دەزانی ئەو هەتیوە

گەرد و خۆڵی ڕێگای بەخەڵاتەکەت سڕیوەتەوە! قوربان چ تاوانێك لەوە گەورەتر هەیە! دەبێ سزای چی بێت!!

بەزەیی لە دڵی شادا تارا و شێتگیر بوو. ئەو کردەوەیەی بەسەرپێچی زانی لە فەرمانی زەوی و ئاسمان، بۆیە دەسبەجێ ئەو بەسەزمانە کرایە ملوانکە و بەسێدارەکەی بەر دەرکی دەربباردا، ئاوێزان کرا.

**خۆ دۆزینەوە**

شاگرد لە مامۆستای نزیك بۆوە: ئەی هیبوکراتسی مەزن، تۆ وایت لە دوا هەناسەدا، پێم بڵێ چۆن پاکژت بکەم و لە کوێ بتشارمەوە؟

هیبوکراتسی حەکیم چاوی کردەوە لە سەرخۆ داخاوت:

– ئەگەر نیازت وایە جارێکی دیکە بمدۆزیتەوە، ئەوا لەو جێگایە بمنێژە کە خۆت دەتەوێ؛ وەلی ڕۆڵەکەم... منێك کە تەمەنی دوورو درێژم بەسەر بردو هەرگیز خۆم نەدۆزییەوە، چ جای تۆ کە لەپاش مەرگم چۆن دەمدۆزیتەوە!؟ من کە کۆچی دواییم کرد، ئەوە کاتی نەمانە، ئەوساش تاڵە موویەکی سەرم هەواڵم نازانێت.

کەمێك بێ دەنگ بوو هەتا بزانێت کاری وتەکانی چۆن دەکەوێتەوە، ئەمجا گزارەی کێشا: تۆ بڕوانە خۆت، هابیل و قابیل هەمیشە لە ناختدا زیندوون، ئیتر چۆن شەڕ نابێتە جمکانەی مرۆ! هەتا قابیل و هابیل مابن، تەلاری ورگ هەڵدەکشێ و... زنجی دەمی برسیش دادەنەوێ. ئەو قۆچ لە داوێنی هەرد دەژەنێ. ئەمیش خاك و خۆڵ ڕادەمووسێ.

**سووتان**

گەورە پیاوێك لە سۆفییەك چووە پێش و بەچپەدو گوتی:

– برا... چۆن ڕۆژگار دەگوزەرێنی؟

گوتی: لە توونی گەرماوێك دام، بەدڵەڕاوکێ و لێوبەبارەوە، وەلێ پەلم بۆ کولێرەیەك درێژ نەکرد بۆ ئەوەی ملم لە شمشێر بپارێزم.

گەورە پیاوەکە وەرامی دایەوە: دەزانی بەدزی تاوانبار کراویت!؟

– دزی چی! من بێ خەوشم وەکو ناو لەپی دەستم.

– دزینی هیس و دوو کەڵی توونی گەرماوەکە. بەڵگەشیان هەیە، ئەوەتا خەرقەکەت شایەتی دەدات.

ناخی سۆفییەکە بووە گڕکان و تەقییەوە.

– وەی چش. یەکسانە لام ڕووت بم یان پۆشتە. ئەم خەرقەیە دەسووتێنم. ئەستۆ. سۆفی برەوی بەداخاوتنەکەی دا: هەرچی دەبێ بابێ. کە من لە قەفەزی لەشم دابڕڕام ئیدی باکم لە چی بێت. با بلێسەی ئاگریان بەگژما بچێت. من خۆم هەم ئاگردانم و هەم پشکۆم، وا پەیتا پەیتا. ئاورینگم لێ دەبێتەوە.

**نرخ**

هەند سیخناخ و هەرمێن بوو، سەگ خاوەنی خۆی نەناسییەوە. هەریەکە دەیویست لەو تێکچڕژانەدا، دیدەی خۆی بەڕوخساری یوسف شاد بکات و دەروونی بەجوانییەکەی دامرکێنێ. لەسەر سەکۆیەکەوە بانگاواز درا «ئەوەی دراو و زێڕی پتر بدات یوسف بۆ ئەو دەبێت– وەرنە پێشەوە– ئەها بالای ڕاستە وەك دارخورما– پێستی سپییە وەك چۆڕی شیر– چاوی کەسکە وەکو گەڵای کاهو– دەستی نەرمۆڵەیە وەکو کلکی ڕێوی– دەی نزیك بنەوە...» لەناو ژاوەژاوەکەوە، دەنگی ڕەزامەندی و ناقایلی و تووڕەیی و سەرسامی تێك دەئالان. هەر کەللەو ئاوازێك بوو.

« چۆن پێغەمبەری خوا دەفرۆشرێت! – بەهەزار پارچە زیڕ لەسەر من– ئاخر زەمانە و کزە لە جەرگ دێنێ– ئەگەر پێغەمبەرە با پەرجوویەك بنوێنێ– دەمی بکەرەوە با دگانەکانی بدینین– ئای لەم ناڕەواییە! – دوو هەزار زێڕی تەواو – چوار هەزار– لەسەر من بە دە هەزاری زرنگەدار.» کڕیاران لە زۆریدا بوون تەنانەت لە ئاکامدا نرخی گەیشتە دە هەندەی کێشی خۆی – لەم کاتەدا پیرەژنێکی بێ پرزەی ئارام هەڵگیراو دڕی بەخەڵکەکە دا و بەتاڵووکەوە خۆی کوتایە ناوەندی هەرمێنەکەوە. دەمی نایە دەلاڵە کەنعانییەکە: « دەبێ بۆ من بێت، چونکە لە تاسەی ئەم یوسفەدا ئۆقرەم نەماوە گلاراوم. سەبری ئەیووبم سواوە. هانێ ئەوا دە گوریسم بەم دەستە لەرزۆکانەی خۆم ڕێستوە، دەیدەم لە نرخی یوسفی نازداردا. ها لێمی وەرگرە.» تریقانەوەی تەوس و پێکەنین وای لە هەندێك کرد بەپشتا بشکێنەوەو، بڕێکی دیکەش دەست بەورگیانەوە بگرن نەبادا ڕیخۆڵەکانیان بێتە خوارەوە. ئەمجا دەلاڵەکە بەتیزەوە بەپیرەژنەکەی گوت:

– ئەوی دەیفرۆشم گەوهەری بێ هاوتایە هەی خرەفاوی پرچ خوری. ئەوە وڕێنەی چی دەکەیت! بۆ لە تۆ وایە بازاڕی تۆڵەکە فرۆتنە!! ئەم یوسفە چەردەو بەهای سەدان گەنجینەی ئەم حەمکە ڕاوستاوانە دێنێ: تۆ کێیت و ئەم گوریسانەت چین!؟

پیرەژنەکە هاتە گۆ: دڵنیام لەوەی کەسێك هەندەی من نرخی نەداوە. هەر چۆنێك بێت من شانازی بەوە دەکەم کە دۆست و دوژمن بڵێن پیرەژنێك یەکێك بووە لە کڕیارانی یوسف. ئەم گوریسانەی من لە زێڕی تیزابی ئەوان کەڵکدارتر و سوودبەخشترە. دەبزانم دەی دەتوانن بەپارەو خشڵ و زێڕیان جل هەڵخەن... ئاو هەڵبگۆزن... بار شەتەك بدەن... خۆیان بخنکێنن!! هەمدیسان قاقای پێکەنین دەنگی پیرەژنەکەی هەڵمژی.

**ئاو**

خلە سەقا لەناو بازاڕی شاردا بە ڕاویە ئاوی دەفرۆشت. لەولاوەش بلە کوندە ئاوێکی بەکۆڵەوە بوو هێدی هێدی ئاوی دەبەشاندەوە. خولە پێشوازیی لێ کردو داوای جامۆلکەیەکی ئاوی لێ کرد. بلە بەگەمژەی دانا و گوتی:

– خۆت سەقایت، بۆ ئاوی خۆت نۆش ناکەیت! هەی نەزان. خلە بەدڵێکی حەسرەتناکەوە هاتە وەڵام:

– هەی زانا، وریا بە و جامێکی تژیم بدەرێ چونکە دڵم لە ئاوی خۆم تۆراوە.

بلە سەرێکی بادا و جامێ ئاوی لێواولێوی لە کوندەکەی بۆ تێ کرد. ئەویش بینی پێوە نا و پاشان بە (ئۆخەی) سوپاسگوزاری خۆی دەربڕی. ئەمجا بەزەردەخەنەیەك لە هاواڵەکەی جیابۆوە. دەنگی بەئاسپایی هات.

– هەی پشووتەنگ، نەتزانیوە ئاو هەیە و ئاویش هەیە. کوندەو ڕاویە هاوتای فریشتە و هەریشتەن، هەی نێرەمووکی مێشك کادێن.

**خۆشەویستی**

ئایین پەروەرە لە خواترسەکە لە خەونیدا فاسقێکی دی وا لە گوڵشەنێکی شکۆداری بەهەشت دایە. دەوەنە جارێکی دلآرای لە باوەشی گرتووە. بۆیە بڕۆی سەرسامی هەڵبڕی و دەمی حەپەسانی لێنا:

– ڕوخسارت وەکو ڕۆژ دەدرەوشێتەوە! پێم بڵێ چۆن بوویتە خاوەندی ئەم پایەو مەقامە؟ تۆ ئەوەندە چەشەی ژیان بوویت، لە سەرتەوە هەتا کەڵەموستی پێت نوقمی گوناه و تاوان و سەرکێشی بوویت!

ئەویش بەدڵنیاییەوە وەڵامی دایەوە:

– لە بیرتە کە تەرمەکەی منیان فڕێدایە لاڕێیەکەوە، تۆ وەك ئەوەی گڵاوبم خۆت لاگرت، نەبادا ناچار بیت نوێژی مردووانم بۆ دابەستیت!

– هەی باڵا گەردانت بم. بەڵێ وابوو.

– سەبارەت بەسەنگ دڵیی تۆ، خودای دڵۆڤان پاداشتی دام و لەسەر تۆپی گوناهەکانم بورد. جا بنۆڕە ئەو حیکمەتەی کە لە خۆشەویستییەوە هەڵدەقوڵێ.

دیندارەکە دایە پرمەی گریان و وەکو پەرکەم دارێکیش لە خەوبێدار بۆوە. هەمدیسان بەکوڵ ڕۆندکی هاتە خوار و هەتا ژیاش کەیلی خەم بوو لەمەڕ ئەو نسکۆیەی دای.

**کەوڵ**

گوتم: کارا، ئەمشەو حەکایەتی دوو ڕێویت بۆ دەگێڕمەوە. دوو ڕێوییەکە هاوسەری یەکدی بوون لەو بیروونە وڕاقەدا. پاشایەکیش مەراقی شکاری نیشتە سەر و پڵنگ و شاهۆی برد و لەو بیابانەدا تەڵەی خۆی نایەوە. هاکا جووتە ڕێوی بوون بەتەڵەزگەکەوە. کارا پرسیارێکی قوت کردەوە: ئەی کە پڵنگ و شاهۆی ڕاوی لە تەکدا بوو، بۆچی تەڵەی نایەوە؟ ها!! ئەمنیش بۆ ئەوەی لە تۆڕو تەڵەی پرسیارەکە خۆم لادەم بەپەلە هەڵمدایێ:

– ئیتر... مام عەتار وای گێڕاوەتەوە. ویستی بڵێ ئەو مام عەتارە کێیە؟ من زوو سەربردەی ڕێوییەکانم تەواوکرد.

– ڕێوییە مێیەکە بەمێردەکەی گوت: هەی وێڵ و سەرگەردانی پەسارگە و کون و کەلەبەران، دە پێم بڵێ ئاکام دەگاتە کوێندەرێ؟!

ئەویش بێ پەروا گوتی: ئەگەر پاشماوەیەك لە تەمەنمان مابێت ئەوا لە دوکانی کەوڵ فرۆشێکی شاردا خۆمان دەبینینەوە.

ئەمجا ڕێوییەکە گوتیەوە: بۆ وامت بوویتە! بۆ هاوار ناکەیت؟ خۆ کڕکردن دادمان نادات.

مێردەکەی وەرامی دایەوە: ئێستاکە وا هاوار دەکەم بەڵام کەس گوێی لە هاوارم نییە. سەرەڕای ئەوەش هاوار بۆ کێ بەرم؟ بۆ ڕاوکەر کە مرخی لە کەوڵمان خۆش کردووە!! کارا سەرنجی بڵند کردو سەرنجی لە کەوڵە هەڵواسراوەکەی بان سەری دا.

– کێ دەڵێ ئەم کەوڵە یەکێکیان نییە. منیش بەدەنگی نزم گوتم: یەکێکیان نەبێ خۆ لە هاوڕەگەزی ئەوانە.

**مەرگ**

شمشاڵ ژەن لە دوا هەناسەی مەرگدا بوو. کەسێك پرسیاری لێ کرد.

– تۆ ئێستاکە وایت لەناو چاوگەی نهێنی و خولگەی ئەزموونداو پێم بڵێ حاڵت چۆنە

لەم ئاسیو و تەنگانەیەدا؟ شمشاڵ ژەن هەناسەیەکی پڕخەداری هەڵکێشا و وشەی ناخی خۆی دەرپەڕاند.

– هەرگیز پەیڤی زار ناتوانێ لە بارەی ناوەوەم بدوێت. ئەز لە سەرانسەری ژیانمدا توند و تیژ بووم وەکو ڕەشەبا و لە ئەنجامیشدا ڕووەو خاك بوومەوە.

– ئەی مرۆڤت چۆن بینی؟

گوتی: جێی سەرسوڕمان نییە چۆن مرۆڤ لە دایك دەبێ و دەمرێ، بەڵکو لەوە دایە چۆن ئەو مرۆڤە ڕنووی بەفر ئاسا هەرەس دێنێ و دەڕمێتە ناو گۆمی لێخن و شەوە زەنگەوە. کەسەکە دامابوو. کە ئەو لەسەری ڕۆیشت.

– ئێستا تامەزرۆی هامێزی مەرگێکی خاوێنم. ئەڵبەتە لەناو کڵپەی دەروونمدا ڕووی پاراوم وشك هەڵدەگەڕێ... دەپیشی. ئەمجا وەك ئەوەی لەگەڵ خۆی قسە بکات.

–... ئای مردن، وامدەزانی دژو پێچەوانەی ژیانی، خۆم لێت دەپاراست بەڵام نا، تۆ تەواوکەری ژیانی. بێ تۆ ژیان تام و بۆی نامێنێ. تۆ و ژیان بازنەیەکن. سەرەتاو کۆتای یەکدین هەر وەکو مارێك کلکی خۆی گرتبێ بۆیە ئێستاکە دەبینە هاودەمی یەکجارەکی و سەلماندت کە ڕاستییەکی پاکژ و نەم... نەم... نەمر... نە... م... ری. ی. ی ی ی. پیتەکان لە چەشنی دانەی تەزبیحێکی پساو لێك ترازان.

شوباتی ١٩٨٩

# کۆمەڵگەی ئاسنین

کە ئەرکی ڕۆژانە ماندووم دەکات، لە قوژبنێك دەگەڕێم بۆ ئەوەی تاوێك سواری کەشتیی هێمنی ببم و گوێ لە بێدەنگی بگرم. ئەو کاتە دەستبەجێ نوقمی جۆرە شەپۆلێکی خەیاڵ دەبم و، دیمەنی جۆر بەجۆرم دێتە بەر چاو. جارێك لەو جارانە، کە لە گازینۆیەکی تەریك کروشکەم بەستبوو، لە پی دەستم وەك چەنگاڵ قورسایی کاسەی سەرمی ڕاگرتبوو، بێ هۆ ئەمڕوانییە بەرپێم. کاتێکم زانی وەك جادووم لێ کرابێت، دەرگایەکی فراوان لەبەر بازنەی چاوم هەڵدرایەوە! خۆم لە شارێك بەدی کرد گشت شانشین و کۆشك و دیوارەکانی لە ئاسن و مس و زەرد کرابوون، بەڵام لەوەش سەرسوڕێنتر، دانیشتوانی شارەکە بوو، لەوانەیە بڕواشم پێ نەکەیت، هەر چۆنێك بێت لەسەرمە بیگێڕمەوە، بەڵێ کەسانی ئەو شارە سەرتاپایان لە ئاسن و مس و پۆڵا بوو، بۆ ئەوەی لە ڕاستی بگەم و شارەزابم، ڕووم لە شەقامێك کرد، هەستم بەوە کرد، هەنگاوم وەك پێویست لە دوما نایەت! سەرنجم دا، لەباتی چەو و خشت و قیر، وردە بزمار و برغوی ژەنگن و پارچە ئاسنی بێ کەڵکی لێ داڕێژرابوو! تینم دایە خۆم و ئێشی پام لە یاد بردەوە. زۆر دیمەنی سەرنج کێشم هاتە بەرچاو، بەڵام ئەوەم لەیاد چوو، کە لە سەرەتادا بڵێم بوومە هاوڕێی پیرەمێردێك لە قەراخ شارەکەدا، هەتاکو ئیستاش نازانم چۆن وەکو من وابوو!! واتە دووگیان لەبەر لە شارێکی ئاسندا. شان بەشان ڕێمان کرد. ئەوەندەی نەخایاند یەکێکمان دی بەفیزەوە ئەڕۆیشت و جار ناجاریش وردە برغویەکی ئەهاوێشتە ئاسمان و بەقەپ وەك نۆك ئەیقۆستەوە!! هاوڕێکەم وەڵامێکی ئامادەی هەبوو بۆ پرسیارەکەم، تۆ نازانی خواردنی ئەم شارە ئاسن و مس و فافۆنە!! کە بێ وەڵام بووم، هەڵیدایەوە: هەژارو کەم دەرامەت ئاسنی ژەنگاوی و سکراپ و پارەدارو هەبووش پۆڵا و مس و جاروبارێش پلاتین دەخۆن. خۆم بەخۆمم وت: ئێ شارێکە و تووشی بووم. لە پێش کۆگایەکدا هەڵوێستمان کرد. دیم ئاخنراوە بەئەندامی لەشی ئەو جۆرە مرۆڤانە لەلایەکەوە دەست و قاچ، لەولاشەوە سەروگوێ و لووت و شتی تر!! پیرەمێردەکە دەمی کردەوە:

– ئەوەش بزانە، کۆگای گەورەتریش هەیە، کە کەرەستەی مرۆڤێکی تەواوی لاچنگ بکەوێت. لە بارەی کوتاڵ و بەرگدرووەوە پرسیارم لێ کرد وتی، «لێرەدا تەنها بۆیاخ خانە هەیە، دیسان مرۆڤی دەست کورت بەدەست بۆیە ئەکرێت و دەوڵەمەندیش بەترومپا و ئامێر»

جا شارەکە دیمەنێکی ڕەنگینی هەبوو. زەلامێکی سەوز منداڵێکی سووری بەدواوە! مرۆڤێکی ڕەنگاو ڕەنگ ژنێکی ژەنگاویی لە پێش!! زۆری واشم دی دەستێك، یا پایەکی ناتەواو بوو، یان لەوی تر زلتر بوو! یاخود بێ لاق بوو! ناچار پارچە بۆڕییەکی بۆ دامەزراند بوو!! کە هانام بردە بەر پیرەمێرد وتی: ئەو ناتەواوانە یا هەژارن یانیش دیارە ئەو سایزەی ئەوان لە بازاڕدا چنگ ناکەوێت، بەڵام لەوی ئەندامانی جیاوازە، هی خۆی نییە و، لە وانەیە هی مردوویەك بێت یانیش دزیویەتی... جاری واش هەیە هەژار ئەندامێکی خۆی ئەفرۆشێت بۆ پێداویستییەکی تر. بێ دەنگ بووم و زۆر پرسیاریش لە دەروونما پەنگی ئەخواردەوە. بەدەم ڕێگاوە بووین، لووتمان تەقییە قەرەباڵغێکەوە هەر وەکو مەزادخانەی لای خۆمان. هاوڕێکەم وتی: « ئێرە بازاڕی ئازوخەیە، هەر کەسێك بەگوێرەی پلەی خۆی خواردەمەنی ئەکرێت» پرسیم « دیارە لێرەش چینایەتی هەرماوە؟!» وەڵامیدایەوە «هەتاکو مرۆڤ ما بێت ئەو بەرەبەرەکانییە هەرگیز نابڕێتەوە لە نێواندا، جا ئەمە رای منە، تۆش ئارەزووی خۆتە» هیچ وەڵامێکم نەدایەوە بۆیە گزارەی کێشاو وتی:

« کاتێك چینایەتی نامێنێت، کە سێبەری مرۆڤ نەما، ئەوساکەش یەکسانیی تەواو ئەبێت» تەنها ئەوەم بۆ کرا بڵێم: «لە هەموویدا لە گەڵتانیم» دیسانەوە ڕێگامان گرتەوە بەر... خۆمان کرد بەکۆڵانێکی تەنگە بەردا، بەشێوەیەك دەرفەتی دوو مرۆڤی نەئەدا لە یەك کاتدا تێپەڕن. زۆر جار وەك بۆی گێڕامەوە، دووان لە چەقی کۆڵانەکەدا تووشی یەکتر ئەهاتن، ناچار ئەبوایە یەکێکیان بۆ ئەوی تر مل دانەوێنێت و بەرەو دوا بکشێتەوە، خۆ ئەگەر خزم و دراوسێ و ناچار ئەبوایە یەکێکیان بۆ ئەوی تر مل دانەوێنێت و بەرەو دوا بکشێتەوە، ئەگەر خزم و دراوسێ و دۆست بوونایە، وا باش، ئەگەر نا. ئەبوایە پەلەکەرو خاوەن ئیش نرخی بانزینەکە بۆ ئەوی تر بگەڕاندایەوە. ئەم بارە ناهەموارەش زۆر جار ئەبووە هەوێنی شەڕو گرفت، تەنانەت لە پەرلەمانیشدا باس دەکرا، بێ ئەوەی چارەسەرێکی بنەڕەتی بۆ دابنرێت. تاکو لەم دواییەدا کاربەدەستان، لە سەرەتای هەر کۆڵانێکدا زەنگیان دانابوو. دەسی پێشکەر مافی تێپەڕ بوونی ئەبوو، سەرپێچی کەریش سزا ئەدرا، بەڵام ئەوەش سەری نەگرت. سەرنجم دا خانووەکان تەنگ و نالەبارن، سەرەڕای ئەمەش لە زۆر لاوە شەڵمان و بۆڕی لێ دەرهێنراوە. کە پرسیم «بۆ» وتی: لە کاتی جەنگ و قاتیدا بەدەگمەن مرۆڤێکت لەم گوزەرەدا دەدی، کە تەواو بێ، واتە لە یەك (کان) بێت و ئەندامێکی جیاواز نەبێت لەوانەی تر. خێزانی واش هەبوو بەهەموویان دوو سێ جووت دەست و پایان هەبوو! ناچار بەنۆرە دەرئەچوون، بەڵام سەیر ئەوەبوو، کە

منداڵان ئەندامانی باوك و دایكیان بەكار ئەهێنا!! لەوە ڕۆژە ڕەشانەدا مرۆڤ ناچار ئەیدایە قاقای پێكەنین. هەروەهاش دزی و جەردەیی لەو ڕۆژانەدا باو بوو، هەر بۆیەش ڕستەی وا ئەبیسترا: تۆ كە ڕەسەن بوویتایە دەست و پای فلانت نادزی– ئەگەر مام بۆ تۆ ئەمێنم، كە ئێستا كە فیز بەسەرو گۆیلاكی باوكمەوە ئەكەیت! بەڵام گرانی و جەنگ مرۆڤ هەبوو هەر دوو پای چەپە بوون، یان ڕاستە و... لە زۆر لاشەوە برغوی نەمابوو، بۆیە لە ڕێكردنا لەتری ئەدا و، ناچار بوو خۆی بەیەكێكی ترەوە هەڵواسێت. ئەم سەرگوزەشتانە زۆر دڵگرانی كردم، لە دڵی خۆما فرامۆشی خۆم دایەوە، كە ژیان و یاساكانی ئەمەشی ئەوێ، لەماوەی سەد هەنگاوێك تووشمان بوو بەتووشی كونجێك، كە بەساڵاچوویەكی پەككەوتە خۆی لێ مەڵاس دابوو. هاوڕێكەم بەدەنگێكی نزمەوە وتی: «ئەمە خەڵوە كێشە.» وتم: باشە چی ئەخوات ، وتی: لە بارەی خۆراك و بەنزینەوە، ڕۆژی برغویەكی كاتژمێر ئەخوات و خێرخواكانیش چەند دڵۆپێ بەنزینی دەدەنێ، خۆ ئەوەندەش هاتوچۆی نییە! پرسیم: «وتت خێرخواكان، گوایە لێرەش خوا– ئەپەرستن؟ وتی: خوایان ئەو كەرەستانەیە، كە دەیخۆن بەڵام نایپەرستن» سەرێكم بادا و وتم: «با ڕووبكەینە گەڕەكی دەوڵەمەند و پارەدارەكان» وتی: «باشە» لە پڕ هەستم كرد، كە دەستێك ناوشانم ڕادەژەنیت، بەحەپەساوی چاوم كردەوە، دیم هاوڕێیەكە ئەڵێت: «ئەوە بۆ وا زەق ئەڕوانیتە نووكی پێڵاوەكانت! هیچ شتێكی سەیری تێ بەدی ئەكەیت!؟ وتم: «بەڵێ» وا دیار بوو گاڵتەی بەمن هات و، منیش بەڕاستم بوو. بەڵام زۆرم لا ناخۆشە، كە لەو جیهانەی كردم. لە هەمووشی گرانتر، دەرفەتی ئەوەی نەدام، كە لەو پیرەمێردەكە بپرسم بۆچی ئەو نەبوو بوو بە ئاسن؟

١٩٧٤

# گەڕانەوە

شەش قاچەکە لە ڕێگەی دیاریکراوی خۆیان لایان نەدا. کە گەیشتنە لای ئاوایی (...) بڕێ سەگ بۆ پێشوازی بەرەو پیریان هاتن. سەگ وەڕیان لێ ئاوابوو. بەکەلێکا شۆڕ بوونەوە. لای کانیاوەکە چۆڕێ ئاویان خواردەوە و شەپێکیشیان بەسەرو چاوا دا، دیسانەوە ملی ڕێگایان گرتەوە بەر. لای بەندەنی ژووروو هەریەکەیان لە پاڵ تاشە بەردێکدا هەڵاژا.

– وابزانم ئەوەندەمان نەماوە؟

(ع) بەسۆزێکەوە پرسیارەکەی ڕوو بەڕووی کورتەك و شەرواڵ لەبەرەکە کرد.

– ماوەی جگەرە کێشانێك ئەگەینە ئەو ئاقارەی باسمان کرد...

سێیەم هیچ ورتەیەکی لێوە نەهات و لەسەرخۆ لەباخەڵیەوە پاکەتەکەی دەرهێنا و بۆیانی درێژکرد. (ع) هەر بۆ تاقیکردنەوەی ڕێگاکە، جگەرەیەکی لە لێوی چەقاند، لە مژی دووەمدا یالّلایان لێ کرد. ڕۆشنایی هەتا دەهات پەرەی دەسەند، لە چەقی بەستەکەدا دوا مژیان لە جگەرەکانیان دا.

– هەتاکو ئێرە لەسەر من بوو، ئەو دوای لەسەر خۆتانە، خوا ئاگادارتان بێت.

دوو سێ جار باوەشیان لەیەك توند کرد و لەیەك دابڕان. (ع) و هاوڕێیەکەی پاش هەڵوێستێك ڕوویان لەشار نا. لە تەنگەبەرەکەی نێوان دوو گردۆڵکەکەدا خۆیان چەماندەوە و هەناسەیان لەخۆ بڕی. سێبەری هەریەکەیان قەیاسەی دار سەروێکی هەراش لەناو بەستەکەدا ڕائەکشا، هەردووکیان کرد بەیەك، پاش دە دوانزە هەنگاوێك کروشکەیان بەست و سەرتاپایان کرد بەچاو و گوێ. لە ڕاستەو ڕاستی دوو قوللەکەی قوتکەی گردۆڵکەکان دا لەسەر سك ڕاکشان. چاودێری مانگیان کرد هەتاکو دەرفەتیان بدات کە لە بازنەی مەترسی دەربازبن. زەوی و ئەستێرەکان وەك لە خول کەوتبن! کات ئێجگار سست و گران بەسەریانا تێپەڕی ئەکرد. کاتێ مانگەشەو خۆی کوتایە باوەش پەڵە هەورێکی ڕەشەوە، بیلبیلەی چاویان زەق ببوو. کاتیان بەفیڕۆ نەدا، زیاتر پشتیان کۆماندەوە و هەنگاوی زل و ئاراستە کراویان هەڵبری. بێ ئەوەی ئاوڕێك بدەنەوە، مەودایەکی ئەوتۆیان بڕی کە دڵنیابن لەوەی ئیتر لە دەسڕێژی وێڵ دوورەو پەرێزن. سەگ وەڕێکی پچڕ بەر گوێیان کەوت، کە ئەویش کپ بوو، لە پێشیانەوە، کڵاو کوڕەیەك فڕکەی کرد. گیانێکی ئیتریان هاتە بەر. لای کەلاوەیەکی نزیك گۆڕستانەکە، باوەشی جیابوونەوەیان لە یەك دا. بۆ یەکەم

جار دەم نووقاوەکە لە کفنی بێدەنگی هاتە دەر:

– ئەگەر شارەزا نیت لەگەڵتا دێم...

هەر چەندە (ع) شارەزاییەکی تەواویشی نەبوو، ئەوەی بەترسنۆکی و نا بەجێش زانی، بۆیە وتی:

– برۆ خوات لەگەڵ، ڕێگا ئەناسم، لەناو ئەم گۆڕانەوە ئەچمەوە، دڵت لای من نەبێت.

***

لە ئاقاری شۆڕیجە، ئەو خۆی کرد بەکۆڵانێکی گەڕەکەکەیاندا و منیش ڕووم لە کێلێك کرد بۆ ئەوەی سڕی پام بشکێ و نەخشەیەکی پوخت بخەمە پێش چاو بۆ هەر کۆسپ و ڕووداوێك. بەدەم ڕێگاوە سەرانسەری گوزەرانی خۆم هاتە پێش چاو، بەدەم ڕێگاوە گەیشتمە ڕاستییەك:

کە لە دەروونی هەر مرۆڤێکدا دوو هێز هەمیشە لە زۆرانبازیدان، مرۆڤی کامەران و شاد ئەوەیە کە شوورەیەك لە نێوان ئەو دوو هێزەدا بنیات بنێت، بەڵام کە ئەو شوورەیە نەبوو، یان هەرەسی هێنا ئەوسا هەژ بەسەر مرۆڤ، دوو چاری ونبوون و ژان و پەژارە دەبێت. لە نزیك شەقامەکەوە لە دڵی خۆما وتم:

– خۆ ژیان تەنیا ئۆکسجین نییە. خۆ هەر ئەم ڕێگایەشە بەرەو ژیانێکی ئاسوودەمان دەبات.

گورێکی نەبەزانەم بەخۆم دا و وەك تێسکەی تفەنگ خۆم گەیاندە ڕیزە گۆڕەکانی ئەوپەڕ. ئیتر لەمەولا شارەزام. چەندین جار لە نزیك دیواری تەکیەی (شێخ. چ)دا سێ بازو سنگە بازم کردووە، منداڵی ئەم گۆڕستانەم. یەکەبەیەکە کێلەکان و بستاوبست بەردو کەندەڵانی ئەناسم، کێ دەڵێ ئەوانیش من ناناسن؟! بۆیە وا مات و بێ دەنگ ڕێزم لێ دەگرن... هەتا دەهات بڕوام پتەوتر دەبوو... وزەم دەهاتە بەر. لای کێلەکانەوە پەڕیمەوە بۆ نزرگەی ئەو جوانە مەرگەی کە شوورەیان بۆ کێشا بوو، کوپەڵەیەکی ئاو و ڕستێ داریان لێ ڕواند بوو. لە ناخی خۆما ئەموت: «دەڵەوەمەند و هەبووەکان لە مردنیشا شاد و خۆش بەختن، گۆڕەکانیان لەناو هەزاران گۆڕی هەژارانا دیار و لە بەرچاون».

قوتیلکەیەك ئاوم هەڵنۆشی و بۆ دوا تەکان ئامادە بووم، گلێنەی چاوم بڕییە سەرگەی کۆڵانەکەمان، کپ و بێ دەنگ، ترپەی پێی هیچ ڕێبوار و پاسەوانێك نەهاتە بەرگوێم، تەنانەت گڵۆپەکەی دارتێلەکەش وادیار بوو منداڵانی گەڕەك بەردە بارانیان کردووە... ئەو چاتر... سووك لەسەرەو لێژەکەی باخەکە چوومە خوارەوە. لە پەنای دەرگاکەماندا

خۆم شاردەوە و پەنجەم نایە سەر زەنگەکە. ئەوەندەی نەخایاند دەنگی جووڵانەوە هات. لە ناکاو دەرگای ژوورەوە کرایەوە. پایەکی پەتی لە دەرگای دەرەوە نزیك بووەوە، بیٔ ئەوەی ماوە بدەم پرسیاری (کیٔ)یە بکرێت وتم:

– گوڵچین... بیکەرەوە خۆمم، باوکی شیلان، زووکە دەی بیٔ دەنگ... وادیار بوو سامی پشکنین و شاڵاو بردن، دانیشتووانی شارەکەی تۆقاندبوو، لەو دیوی دەرگاکەوە، هەستم بەدەسستی و ترسێك کرد:

– گوڵچین... منم من... دەنگم ناناسیتەوە؟! کلیل و کڵۆمی دەرگاکە سیرەیەکی لێوە هاتو ڕووبەڕووی گوڵچین بووم. بەدوو چاوی خەواڵوو سەری هەڵدایە سەرشانم. وەك تەلیسمی لیٔ کرابێت، زمانی بەسترا و لە جێگەی خۆی ڕاما.

– گوڵچین گیان... کاتی ئەمە نییە. دەرگاکە پێوە بدە، با کەسێك بەدیمان نەکات.

شیلان لەسەر جێگاکەی، لەسەر لا نوستبوو. زۆر ئارەزووی هەڵگوشینیم کرد.

– ئەم ئاوە بخۆرەوە، ماندوویەتیت پێوە دیارە...

– سوپاس، ئیتر چۆنن؟ سوپاس بۆ خوا بێوەی گەیشتمە جیٔ. چاوەکانی گوڵچین ترسیان لیٔ ئەباری، دەمی پرسیاری لیٔ کردم:

– باوکی شیلان زۆر ئەترسم، لە کاتێکی شوومدا هاتووی...

– چی؟ ئەڵێی چی؟ ترس هاتە وەڵام:

– هەموو ڕۆژێك هێرش و شاڵاومان ئەکەنە سەر، دەستم دامێنت، وریای خۆت بە و بەزووترین کات... قسەکەم پیٔ بڕی:

– کچی ترسی چی! کەی ئێمە گویٔ دەدەینە ترس...

کات وەك نقوڵ توایەوە، کە مەلا بانگی دا هێشتا تێر گفتوگۆمان نەکردبوو، پێشوو کە دڵم بەدیمەنی بەربەیان ئەکرایەوە ئەو ڕۆژە قینێکی زۆرم لە گزنگی خۆر هەڵگرت، تەنانەت مەلاش لە شاڵاوی تورەییم بێبەش نەبوو.

– زوو نان و چاکەت بخۆ و خۆت بشارەوە.

– وا دەکەم، بەڵام شیلانم تێر ماچ نەکرد.

– خەمت نەبیٔ، ئێستاکە نوستووە، شەوێکی درێژمان لە پێشە.

– کەوابوو، ئاگاداربە، هەر شتێك ڕووی دا بەدەنگێکی بڵند هاوار بکە: (شیلان بچۆرە لای هاوڕێکانت) ئەو دواکەی لەسەر خۆم.

لە هەورەبانی سەربانەکەمانەوە ئەمڕوانییە ناو حەوش و دەرگاکە، نیوە ڕۆژەم هەر

لەویَ کرد. لە کاتی شیو کردنا بووە غەڵبە غەڵب و دەنگی ئوتۆمبیلێکم بیست. ئامادە بووم. کەلە دەرگا درا، لە درزی گویسوانەکەوە چەند سویل لە بەرێکی ڕەشتاڵەم بەدی کرد. بۆ ئەوەی بەهەڵەدا نەچم، دانم بەخۆما گرت و لە ناکاو (شیلان بچۆرە ناو هاوڕێکانت) هاتە بەر گوێم. قەڵەمبازێکم دا و خۆم هاویشتە سەربانی ئەو دیو. دیوارە دیوار هەتا ئەوسەری کۆڵانەکە. لە ماڵێکی ناسیاوەوە چوومە خوار، بێ چەند و چوون لێکردن، بۆ ماوەیەکی کورت داڵدەم بدەن.

***

ئێوارە کە باوێشکی دا و بەرەشماڵەکەی شەو خۆی پۆشی، لە دەرفەتێکا ڕووم لە سەوزەڵانی نزرگەکە کردەوە، لە دڵی خۆما ئافەرینێکی زۆرم لەو دەستە و پەنجانە کرد کە دار و درەخت ئەڕوێنن، خۆ بەڕاستیش هەر سەوزی و ڕواندن، مایەی شانازی و شایانی ڕێز گرتنە. دووبارە ڕێگەی دوێنێ شەوم گرتەوە بەر. وشەکانی دایکی شیلان لە گوێما ئەرزنگانەوە (بچۆرە لای هاوڕێکانت). کاتێ ئاوڕێکم لای کەلاوەکە دایەوە، جیابوونەوەی هاوڕێکەم هاتە پێش چاو «ڕێگا شارەزایت؟» بەڵێ هاوڕێ ئێستاکە زۆر شارەزام و هیچ پێویستیشم بەڕابەر نییە. مرۆڤ تەنها جارێك ڕێگەی بۆ دەستنیشان دەکرێت، هیوادارم لە شیرینی خەودا بێت، بەڵام منیش جارێکی تر دەگەڕێمەوە...

***

بوونی لە ناکاوی من لە ئاواییەکەدا جێگەی سەرسوڕمان و مقۆمقۆ بوو، لەویش ئێجگار سەرسوڕێنتر ئەوە بوو کە پەلاماری شاتووەکەی بەر مزگەوتەکەم دا و پڕ بەدڵ ماچم کرد. لەوان وابوو تێك چووم، کەچی منیش لام وابوو گۆناکانی شیلان هەڵدەمژم. سێبەری کون کونی بن شاتووەکە تیشکی خۆری دەدالآند و هەتا چاویش بڕ بکات زنجیرە هەورێکی توند ناوقەدی چیاکانی ئەلستەوە. ڕووم لەو چەند کەسە کرد کە چاویان لێم بڕیبوو، زۆر لەسەرخۆ پەنجەم بۆ شاتووەکە درێژکرد:

– دار و درەخت و سەوزی نیشانەی پێشکەوتن و سەرفرازیمانە، هەر چەند ئەو داربەڕووانە بسووتێن، ئەوەندە بڵێسەی مەشخەڵەکانمان بەرزتر ئەبێت، ئێوە نەمامی خۆتان بڕوێنن، پەیوەندی خۆتان لەگەڵ زێڕدا نەپسێنن.

١٩٨٠

# ڕاوە گورگ

چەند پایزێك لەمەوبەر منداڵ بووم، ڕووداوی دەورووپشت کاری لە گیانم ناکرد، بگرە منداڵانی دراوسێ و من، لە بەرەبەیانەوە، گەڕەکەکەمان ئەکرد بەشانۆیەکی زیندووی ڕمبازی و دەنگ و هەرا (لای ڕاستمانەوە شەقامێکی قیرتاو، کۆڵانە خوڵاوییە تەنگەکەی پێش دەرگاکەمانی سەر ئەبڕی) مەگەر ئێستا هۆی ئەو پەژارەو ماتییە بزانم کە لە ڕووی پیاوانی گەڕەکدا خۆی ئەنواند... خەندە و بزە بەهیچ کلۆجێك جێگەی خۆی لە ڕووی هاتوچۆکەران ناکردەوە، بەتایبەتی دایکم بەنادیاری دەگریا... جارو باریش فرمێسك لە چاوەکانیا قەتیس دەما... هەمیشە وەك خەڵوەتکێش ڕووی خۆی بۆ خۆرهەڵات هەڵئەخست و گلێنەی چاوەکانی بەتیشکەکانییەوە هەڵئەواسی.

شەوان خۆم ئەخزاندە کۆشی گەرمی دایکم و جاروباریش پرسیارێك کە ببوو بەویردی سەر زارم، چەند جارێك ڕۆم ئەکرد:

ئەرێ دایە گیان، دە پێم بڵێ، کەی باوکم ئەگەڕێتەوە؟!

دایکم وەك (بێ دەنگی)ی قووت دابێ، ورتەی لێوە نەدەهات، بەچاوێکی پڕ سۆزەوە سەرنجی ئەدام، منیش لە جێی خۆما وەك بتێکی بچکۆلانە، مات و کڕ ئەبووم... بەو جۆرە، بێ دەنگی لە تاقە ژوورەکەمان دا، بەئارەزووی خۆی پەلوپۆی درێژ ئەکرد، لە دەلاقەکەی دەرگاکەشەوە، کزە بایەکی وەك گوێزان، هاوبەشی خۆی نیشان ئەدا. زۆر پرسیاری بەجێ لە دەروونمدا پەنگی دەخواردەوە، چاوەڕوان بووم ڕۆژێ لە ڕۆژان وەڵامەکانیانم چنگ بکەوێ. ئەم بارە نائاساییە، هەمیشە مێشکمی ئەگوشی و پەڕەی لە ڕۆژنامەی تەمەنم هەڵئەدایەوە، تا وای لێ کردم، کەمتر لە کۆڕی هاورێکانم دەرکەوم، چونکە وام ئەزانی باوك و کەس و کاری ئەوانیش وەك باوکی من، چوونەتە ڕاو– وەك دایکم مێشکمی پێ ئاخنیبوو– بۆیە منیش وەك دایکم ئەمڕوانییە ئاسۆی دوور... چاوەڕێی هاتنەوەی باوکم بووم. کە تارماییەکم بەر چاو ئەکەوت هاوارم دەکرد:

– دایە گیان... وابزانم ئەوە باوکمە... گەڕایەوە...

دایکم ژان و پەژارەی خۆی ئەوەراند و بەنەرمی و دڵنیاییەکەوە ئەیوت:

– کوڕە شیرینەکەم... ئەو نییە، باوکت بەم زووانە ناگەڕێتەوە. وشەکانی، وەك لاستیکی

ڕاکێشراو، چزەی لە بنا گوێم هەڵئەستاند و گەشکە لە ڕووما ئەتۆرا... دیسانەوە پەستی و بێ دەنگی دایان ئەگرتمەوە بگرە وەك پاژنەیەکی زل لەسەر سپڵم ڕوا بێ، هەستم بەسەر سووڕانەوەو ڕشانەوە ئەکرد... ئیتر دەرگای دەمم پێوە ئەدراو وشەکان لە مەڵاشووما، باوێشکیان ئەدایەوە... لەناکاو خەو باوەشی بۆم ئەکردەوە... بەو جۆرە لەگەڵ ڕۆژگارا، گەورە بووم و بالآم کرد. بەلآم گەڕانەوەی باوکم وەك گرێ کوێرە، لە دڵما مایەوە، هەتا جارێك لێشاوی تووڕەیی و تاسەی باوکم، وای لێم کرد، لە ڕووی دایکما ڕاست بمەوە:

– ئەرێ دایە گیان... ئەوە ماوەیەکی دوور و درێژە، بێ دەنگی و کزی تۆ دڵم هەنجن هەنجن ئەکات، توخوا پێم نالێی، باوکم بۆ کوێ چووە و چیی بەسەر هات؟؟... خۆ منداڵەکەی جاران نیم، شوکر وا پازدە ساڵانم ئەگەر هەموو شتێکم بۆ نەگێڕیتەوە، ملی ڕێگا ئەگرم، هەتا باوکم نەدۆزمەوە... ناگەڕێمەوە بۆ لات...

دایکم هەناسەیەکی ساردی بەڕووما دا، بەچاوێکی وا بالآمی یشکنی، هەستم بەبوونی خۆم کرد، لە فەرهەنگی داخراوی دایکم ئەم وشانە هەڵوەرین:

– کوڕە جگەر سۆزەکەم... (دەستی بەسەرما هێنا) من چاوەڕوانی ئەم ڕۆژە بووم، کە تۆ هەڵچیت و لە ڕاستی بگەڕێیت، شوکر وا گەیشتییە ئەو تەمەنەی کە خەمی خۆمت بۆ هەڵڕێژم... (هەستم بەپیاوەتی کرد وەك ڕێبوارێکی وێڵ، جێ پێی خۆی بدۆزێتەوە لە چۆڵێکی بەرینا، لە لێوەکانی دایکم، وەك هەڵبەستم بۆ بخوێننەوە، وەلآمی پرسیارەکانم لێ قۆزتنەوە، بێ ئەوەی گوێم بەتاکە وشەیەك بزرنگێ) بۆیە دەستبەجێ وتم:

– بەر لەوەی شتێکم لە لا بدرکێنی... خۆم زۆر شتم لا بۆ ڕوون بۆتەوە، کە خۆم گێل نەئەکرد لە عاستت، ئەمویست تۆ دەسپێشکەری بکەیت، بەلآم دیاربوو تۆش وەك من چاوەڕێی دەسپێشکەری من بوویت... دایە گیان ڕۆژگار ماوەیەکە بێشکەی خەم و ئازارەکانم ڕائەژەنێ، خۆم بەخاڵێك (.) ئەزانم لە ئەتڵەسێکی گەورەدا.

وشە لە گەرووی دایکما، کەوتە هەناسەبڕکێ، سۆزی دایکێتی و هۆیەکی نادیار وای لێ کرد، ڕاستیم لێ بپۆشێ:

– شێرکۆ، کوڕم، باوکت وەك ئەزانی چۆتە ڕاو، بەلآم نازانم بۆ هەتاکو ئێستا نەگەڕایەوە!... ویستی کەڵك لەم چیرۆکە وەربگرێت، بۆیە درێژەی پێ دا:

– تۆ منداڵ بووی، ساڵەکەی تووش بوو، بەفرێکی زۆر دەشت و دەری سواخ دابوو، برسێتی لە پێستی گەلە گورگێکی هارا، خۆی کرد بەناو کۆڵان و شەقامەکانی شارا،

پەلاماری هەموو زیندەوەرێکیان ئەدا بۆیە باوکت و چەند پیاوێکی تر، مەچەکی پیاوەتییان لێ هەڵکردو دووی گەلە گورگ کەوتن... ئیتر ئەو دوای خۆت ئەیزانی.

(ڕووی دایکم هیچ ڕەنگێکی نەنواند) لە ناخی دەروونمەوە گاڵتەم بەو چیرۆکە ساکارەی دایکم ئەکرد... لەبەر چاوما چەند تابلۆیەك کەوتنە هەڵپەڕین: بەفر – برسێتی – باوکم – گورگی هار – مەچەکی – مەردایەتی – واقم وڕما، بەڵام لە ژوورەوەم دا هەستێکی تووڕە وەك ئەتۆم ئەتەقییەوە، دایکم دەستی ڕاستی هەڵدایە سەر شانم، بە زۆرەملێ، وشەی لە دەم خۆی بچڕی:

– کوڕم نەموت هێشتا منداڵی، لەم شتانە ناگەیت، هیچ خەمبار مەبە، باوکت بەم زووانە ئەگەڕێتەوە... لووت و گوێی گورگیشمان بەدیاری بۆ دێنێ. (دەرگاکەمان بەدەست ڕەشەباوە کەوتبووە ماخۆلان) وا دیار بوو دایکم هەر بەمنداڵەکەی جارانی ئەزانیم (ڕەشەبا لە یاریی خۆی نەکەوت، جاروبار دەرگاکەی ئەخستە پشت و لە ناکاو گرمەی لێ هەڵئەستاند) هەناسەیەکی کورت و تیژم دەرپەڕاندە دەرەوە، سەرنجی دوو چاوی دایکم دا و بڕیارێك لە مێشکما، خۆی سەپاندە سەر هەموو شتێك، بۆیە وتم:

– دایە گیان، ئیتر من لای تۆ گوزەرانم نەماوە، ئەو گورگانەی ناو چیرۆکەکەت، چڕنووك لە گیانم ئەدەن و قەپاڵ بۆ بوونم دێنن، بۆیە بڕیارم داوە، شۆین پێی باوکم هەڵبگرم و دووی گورگەکان بکەوم.

سۆز لە شێوەی دایکما هاتە وەڵام:

– شێرکۆ گیان... گوێ لە دایکی خۆت بگرە، تۆ هێشتا نەبوویتە بە پیاو، بڕیاری چی...

نەمهێشت کۆتایی بەدوانەکەی بهێنێ وتم:

– نا...

وام هەست کرد (کات) لە خول کەوت، چونکە یەکەم جار بوو ئەم (نا)یەم دا بەڕووی دایکما... ویستم پەلاماری دەستی بدەم و پاشگەز بمەوە، بەڵام ئەو هەڵوێستەم بەگەڕانەوە و ترسنۆکی زانی، بۆیە وەك پەیکەر لە ڕووی دایکم وەستام و پەنجەم ڕاوەشاند:

– شت لە من مەشارەوە، لە هەموو شت ئاگادارم... باشیش بزانە، کە لەمەوبەر بێ دەنگ بووم، لەو بڕوایەدا بووم، بێ دەنگی زۆر جار لە وشە و دوان، کاریگەرتر ئەبێ...

دایکم وەك لە بەستەڵەك هەڵکێشرێ، سەرتاپای کەوتە لەرزین. کەوتە سەرچۆك... داوێنی گرتم... لە توێی چاوێکی کراوەوە، ڕوانییە چاوم وەك بڵێت: «تۆش وەك باوکت بۆ

تەنیایی، بەجێم مەهێڵە» بەڵام کار لەکار ترازابوو... ڕووباری تیژڕەوی تووڕەییم هاژەی ئەکرد و بەهیچ جۆرێك لە توانادا نەبوو، بگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەکان... بۆیە دووبارە وشەی (نا)م کرۆشت و وتم:

– نا... بڕیارەو داومە.

گورج پەلاماری دەستی دایکمم دا. دوو سێ جار ماچم کرد، لە پاشان وەك شێت ڕاپەڕیم، دەرگای ژوورەوەم داخست... دایکم بەدەم کراوی و حەپەساوی، لە جێگاکەی خۆی سڕبوو... کە هەنگاوی یەکەمم نایە ئەو دیو دەرگای دەرەوە – بۆ بەشدار – بوون لە ئاهەنگی ڕاوە گورگ – بەیانییەکی درەنگ بوو، هەتاو سێبەرمی ئەکێشا و لە دواوەوە، هەنگاوی زل و نەگۆڕی هەڵئەبڕی... هەتا ئەهات دەنگ و غەڵبە غەڵبی شار لە گۆیما ئاوا ئەبوو... ئەو ساکە هەستم بەفرامۆشییەکی وا کرد، هەموو لەشم خامۆش بوو و گیانم کەوتە باوەش ئارامییەوە... هەنگاوەکانم، گەردنی ڕێگاو بانی ماچ ئەکرد و تەوژمی ئەخستە ئەژنۆم... هەتاویش قاڵییە زێڕینەکەی خۆی لەبەر پێما، وردە وردە رائەخست... توولە ڕێگەکە خۆی شۆڕ کردەوە. بۆ ئەو دیوی کەل، ئاوڕێکم دایەوە، لە خۆم و هەتاو بەو لاوە، کەسێکی ترم بەدی نەکرد...

١٩٧٠

## ئۆمەرمەندان

هەستی تەنیایی وای لە خۆری گەرمیان کرد کە بەسەر مەمکی بەندەن و لەشی نەرم و نۆڵی ئەو پێدەشتەدا ڕاکشێ و ... خەونی پەمەیی بەهاوسەریەتی خۆرژنێکەوە بدینێ.

هەر زوو زەلامێکی چاو سوور، خەونی خۆرەکەی تاراند، کە جووتە دەستی وەکو گۆزەیەکی سەوز لە کەمەری خۆی توند کرد. یەکێك نەبێ، گشت دەنگیان کردە یەك.

– نەکەی ... ئەو زاتە ڕەقت دەکاتەوە و... بەناخی زەویدا نوغرۆت دەکات.

یەکەکە، لە دوورەوە گوتی: هەی مردوو پەرستان. مجێورەکەش، لەبەر خۆیەوە، دڵی خۆی دایەوە. (ئێستا هار و شێتی دەکات) گۆزە کەسکەکە، شیڕاندی:

– ڕایماڵە... دەی بۆ ناو شیوەکە.

وێجا، دەمی ژەنییە خەڵکە سەرسامەکە.

– بۆ ماوەی سەعاتێکیش لێرە دەمێنمەوە. هەرچیی لە دەست دێ، با درێخی نەکات.

دەمــە دابــچــڕاوەکــان چــاوەنــواڕی پــەرجــووی (ئــۆمــەرمــەنــدان) بــوون، کــەچــی مێشەکەرانەیەکیش نەبووە میوانیان. دەنگی گۆزەکە ڕایچڵەکاندن:

– ها! ؟ لە دوورەوە، دەنگی یەکەکە هات.

– گەمژانە، بت هەر خلۆر دەکرێتەوە. ئێوە مشووری خۆتان بخۆن.

ئەوەی گوت و دەسبەجێ لەوێ نەما. کاتێك، لەسەر هەڵەمووتێك ئاوڕی دایەوە، دیتی وا خۆرەکە، بەو مەرگەساتە پێدەخەنێ و ... تەنیایی خۆی لە بیر چۆتەوە، بۆیە ئەویش هەستی بەتەنیایی نەکرد، چونکە دڵنیابوو کە ئەو کەسەی دۆستی خۆر و زێ و درەخت و تاوێر بێت هەرگیز تەنیا نییە.

ئاداری ١٩٨٩

# لاڵ

سەربردەی دە ساڵی زیندانیی خۆمت بەچەند دێڕێك بۆ خەست دەكەمەوە. بڕوا بكە، هەر بۆ ئەوەی قسەم لەبیر نەچێتەوە و لاڵ نەبم، لەگەڵ خۆما دەدوام و گۆرانیم دەچڕی، لاوك و هۆرە، حەیران و قەتار و خاوكەر. چی بهاتبایەتە سەر زارم نامگێڕایەوە. بگرە لە خۆمیشەوە وشەم بۆ دەهۆندەوە و دەمهاویشتنە سەر. دە ساڵی تاریكی و نسرمی، مەگەر بەدەم ئاسان بێت. ڕۆژێك، بڕیارم دا توند مەچەكی ئەو زەلامە بگرم، كە ژەمە خواردنەكانی، لە كەلەبەری ژێر دەرگاكەوە بۆم درێژ دەكرد. دەزانی بۆ؟ تەنیا بۆ ئەوەی بیدوێنم، یان هەر نەبێ وشەیەك هەڵوەرێنێ. تەنانەت بەجنێویش قایل بووم، كەچی بڵمە بڵم و دەنگێكی لاڵە پەتێیانەی لێوە هات!!

لە مەڕ ئەو دەسدرێژییەم، بەرپرسیار كرام. دەزانم... دەزانم، هەڵوێستی ئاوها، باجدانی گەڕەكە. ئەڵبەتە بەلامەوە شایانی سەرسوڕمان نەبوو، كە سزام ئەوە بێت، سێ ژەمەكەم بكرێت بە دوو ژەم، بەڵكو لەوە سەرسام بووم، كە كابرای ژەمگێڕ بەڕاستی لاڵ بوو!! ها. ها. ها.

ئاداری ١٩٨٩

# کانییەکەی زاموا

جاران، حەقایەتخوانان ئاوها دەستیان پێدەکرد: هەبوو نەبوو لە «زاموا»دا کانییەکی سازگار هەبوو. ڕۆژێك لە ڕۆژان، پاش ئەوەی ئاپۆ «هالی»ی ڕیشدار، بەئاسەواری ئەوێدا تێپەڕبوو. ئەو کانییە دلۆڤانە لە چاوان ون بوو! سێ کەس مابوونەوە، کە بەچاوی خۆیان هەموو شتێکیان دیتبوو: گاوانێکی پشت کۆماو، شوانێکی لاو، لەگەڵ ڕێبوارێکی ڕاگوزەری داماو...

ئەمنیش، وەکو لاوە خوێن گەرمەکان، کە مەراق و ئەڵهای شتێك دەبن، گورج لە ڕۆژنامە و گۆڤاراندا، خولیاو ئارەزووەکانیان بەعالەم ڕادەگەیەنن، ئاوهالانە حەزێك لە ناخمدا گینگڵی دەخواردەوە، کەچی نەمدەوێرا بەدەوروبەری خۆمی بێژم نەبادا بەشێتۆکە و نائاسایی ناوزەد بکرێم، وەلێ بەر گوێم کەوت، کەسانی واهەن، فرمێسکی بەخوڕ دەڕێژن بۆ کەمبوونەوەی گازی ئۆزۆن پەژارە دایانی گرتووە چونکە فیلی ئەفریقایی قڕ دەکرێن! ئا... ئەو دەمە، ورەم خستەبەر خۆم و ڕازی دڵم تۆمار کرد. پێشەکی کە چوارینەیەکی سەیر هانی دام بۆ ئەوەی ناوی کانی کۆبکەمەوە، کتومت وەکو ئەوانەی پولی پۆستە کۆ دەکەنەوە، بەڵکو بەرێکەوت نهێنی ئەو پێشبینە هەڵهێنم لە مەڕ کانییەکەی زامواوە. چەندین جار بەچوارینەکە چوومەوە.

ڕۆژێ لەڕۆژان لە خاکی زاموا، هەسارەی ڕیشدار بەوێدا دەڕوا.

نەهەنگی زەردباو، لە پێش شەش چاوان، کانی و گوند و ڕەز پێکەوە دەخوا...

ناوی هەر کانییەکم بژنەوتایە، دەمودەست لە پەڕاوەکەی بەرکم دەمنووسی. کانی ماسی و کانی کرمێ و کانی ماران... کانی کوردە و کانی ئاسکان و کانی پڵنگان و کانی ڕەحمان و کانی شەیتان... کانی توو، کانی ڕێحان، کانی چنار ، کانی هەنجیر، کانی بی، کانی ژاڵە، کانی زەرد، کانی شینکە، کانی ڕەش، کانی کەوە، کانی خاکی، کانی خاتوون، کانی لان، کانی بەردینە، کانی سارد، کانی و ... کانی و...کانی... هەتا ئەو ڕۆژەی، کە لە جێگەی خۆمدا سڕبووم و چاوم پەڕییە تەوقی سەرم، چونکە ئەوەی ئەو هەواڵ و پەیامەی ببیایە، یەکسەر پەژارە نوقمی دەکرد و لە ناخەوە دەگریا، چۆن!؟ کانی چۆن ون دەبێ!؟ خۆ دەرزی نییە گوم بێت !!! منداڵێکی تولەك بووم، دەرزیلەی یەخەی کراسەکەم پەڕی و ئیتر ئێستاو ئەوسا، نەمدۆزییەوە لە ناو ئەو قرشەیەدا، کە بەجەنجەڕ گێرەم لە سەر دەکرد. «دەبێ ئاخر زەمان و ڕۆژی پەسلان بێ، دەنا کانییەك ساڵەهای ساڵە، ئاوی دەخۆینەوە و

کۆڵی لەبەر دەکەین و ئاژەڵ و ڕانمانی پێ پاراو دەکەین، ئێستا... جێگاکەی ... وەکو ناو لەپ... تەخت بێ!! هەیە بڕوا بکات! کە کانییەك بووە تنۆکێ ئاوی هەڵچووا؟» ئەوە ڕواڵەتێکی ئاشکرا و بەرچاوییە ئەگەر ببیسین لە «بانگۆلان» دا کانییەك تەقیوە یان لە «هەوارە نزمە»دا کانییەك وشکی کردووە. خۆ زنەکانیش هەیە، کە ژێراوی کانییەکی نزیکی خۆی دەدزێ. ئەمانە گشت دیاردەی سروشتین و مووی سەر ڕاناگرن، بەڵام کانییەك لە چاوتروکانێکدا ون بێ و شوێنەوارێك لە شوێن خۆی نەهێڵێ، ئەمە هەوێنی سەرسوڕمان و مەترسی و دەم داچەقاندنە. «چۆن!؟»...«بۆ!؟»...«کەی!؟»... پرسیارەکان پاڵەپەستۆیان بوو. «دەشێ دڵڕەشێك ئەو کانییەی بەتەلیسم و جادوو نوغزۆ کردبێ! یان هێرشبەرانی کۆستارەی کاکێشان، دابەزیبن و چەکی دۆزەخانەی خۆیان، لەوێ تاقی کردبێتەوە!؟»

دەنگێکی دیکە، لە ناخمەوە وەڵامی دایەوە: «بۆ شەڕەنگێزان لە سەر ئەم زەوییەماندا کە من!!» بەخۆم گوت: چار هەر ئەوەیە، چاوم بەو سێ کەسە بکەوێ کە شتەکەیان بەچاوی خۆیان دیوە. دەمی پرسیارم لە محەی گاوان نا.

– ها!! چ دەڵێ ی!؟

محە، وەك لە ئاشێکی دیکە باراش بهاڕێ، لێوی بزواند،

– ئاو و ئاوەدانییان گوتووە.

بەگاڵتەوە، بەرپەرچی ئاخافتنەکەیم دایەوە.

– ماڵ ئاوەدان! چاکتر وابوو بگوترایە «کانی و ئاوەدانی» محە گاوان، وەك بێتەوە خۆی، تێهەڵچوو.

– ئاو و کانی، یەك نین!

– وایە... بەڵام...

دیار بوو، بیری لە گاڕانەکەی دەکردەوە، کە من جڵەوی گوتنم بۆ گۆشەیەکی دیکە ڕاکێشا:

– باشە، پێم بڵێ، کە لەتەك گایەلەکەتدا بوویت، چیت بەچاوی خۆت بینی؟

ناو لەپی بەڕوویدا هێنا و چاوە زلەکانی هەڵپڕواند و گوتی:

– چی بدینم! دوژمن بەدوژمنی خۆی ئەوە نەبینێ! کاوێس، چیت لێ بشارمەوە. ئەژدیهایەکم دی، بینی بەکانییەکەوە نابوو. پووڵەکی ژێر سکی زەرد، زەرد بوو لە شێوەی مێرووی زەردووی، وەك تەزبیحی کارەب!

گوتم: ئێ!!

گوتیەوە: بڕوام پێ دەکەی یان نا، ئارەزووی خۆتە، بەڵام بەم گلێنانەی خۆم دیتم، کانییەکەی قووت دا!

لە قسەکانی محە حەپەسابووم، ئەو درێژەی پێ دا:

– ئا بەم گوێیانەی خۆم، هاوار و لالانەوەی کانییەکەم بیست. ئەژدیهاکەش دەیهووشاند و لە دەم و کە پوویەوە، بڵێزەی ئاگر دەردەچوو!!

بۆی تەواو نەکرا و دایە پرمەی گریان. محە، با لێرە بوەستێ، ماوەیەکی دیکە، ڕوو بەڕووی شوانی ئاوایی بووم. پرسیم:

– تۆ، بەو یالانەوە بوویت، بێگومان نیگات چاکتر بڕی کردووە. بێ پەروا بدوێ.

سمایل، بەری کردە دواوە وەك ئەوەی لە نادیارێك بسڵەمێتەوە.

گوتی: نەمزانی چاوم لەو دەعبایە بگرم یان ڕانە پەرت و بڵاوەکەم خڕ بکەمەوە!

پرسیمەوە: بۆ!؟ مێگەلەکەت تووشی کام بەڵای ناگەهان هاتبوو!؟

– هەر هەندەم بۆ کرا، هەڵێم. لە دوورەوە دیم، مەڕ و بزن و بەران و تەگە هەریەکەو بەلایەکدا فرتەی کرد و لەو گۆڕەدا، هەڵدەبەزین و پاشان خۆیان دەگەوزاند و بارەیان دەگەیشتە کەشکەلانی فەلەك!! چاویشم لێ بوو، کە خوری و موویان هەڵدەوەرێ و... پێستیان دادەماڵدرا!! وا بزانم کانییەکەشی سەرنگووم کرد!! وتەکانی سمایل، لە گوێمدا دەزرینگانەوە، کە ئەو ڕێبوارەم دۆزییەوە. گوێلێ ئاوی بەڕوویدا دەدا بوو پاش ئەوەی مەودای جگەرەکێشانێك دوور دەکەوێتەوە. گرمەیەك ئاوڕی پێ دەداتەوە.

– دڕندەیەك بوو مانەندی کێوێك، دزێو و ناقۆلا. بۆنێکی سەیرم هاتە لووت وەکو بۆنی سێوی کولاو بێ... وابوو!!

ئەز، لەگەڵ خۆمدا دوام. (ئەوا، بەشوان و گاوانی گوند، باوەڕم نەکرد، چونکە کێوی ئاساییین و کەم دێنە ناو کوڕ و دیوەخانان. لەوانەیشە، چاویان فریویانی دابێت. باشە، ئەدی چۆن بەم ڕێبوارە بێلایەنە، بڕواییم جێ لەق بێ!؟ بەچاو و گوێ و لووت هەستی پێ کردووە)

ئەمێستا، لە دوو ڕێیانێکدا وەستاوم. یان دەبێ گشت هەستەکانم پێشێل بکەم و کەوڵە کەروێشکێکی تۆقیو بپۆشم، یان... ڕاست و ڕەوان، جاڕی خۆم بدەم و پڕ بەدەم هاوار بکەم: گەردەلوولێکی زەرد و سامناك، بەدەستی شەیتانێکی ئەهریمەنی نەگریسەوە بوو، حەزی وێرانکاری و کوشندەیی خۆی پێ دامرکاندەوە. دەنا، لەکام قوژبنی گۆی ئەم زەمینەدا، ڕووی داوە کانییەك ون بێ!! کام تیۆری فیزیك ئەمەم بۆ دەسەلمێنێ!

تشرینی یەکەمی ١٩٨٩

## نا

«دەبێ کۆتایی ژیانم لە ناو ئەم ئاسندڕکەدا چۆن بکەوێتەوە» خۆی خودی خۆی دەدواند. «هەفتە بەهەینی کۆتایی دێ. چوار هەفتەش لە مانگێکدا تۆتکەیان گرتووە. ئەوا چوار هەفتەیە، خۆم دەئاخنمە ناو قەرەپەستانی جوگرافیای پەنهانی شارەوە، دەسڕەنجم هیچی ئەوتۆ نەبوو. ئەڵبەتە پیاوی ئەو جۆرە شوێنانە نیم. من تۆرەمەی خۆم دەناسم. خولقاوم بۆ ئەوەی، ژیانی بێنەوایان لە ملوانکەی وشەدا هەڵکێشم. ئای چ بەدبەختییەکی گیان مرێنە! کا لە پێش شێر ڕۆکراوە! ئێسك لەبەر دەم ئەسپ!!» ئێوارە بووە بووکێکی شەرمن و خۆی خزاندە ژێر ڕەشماڵی شەوەوە. میرزا، مێشکی شەکەت و ... ناخە هەژاوەکەی ڕاپێچ کرد بەرەو کۆشی خێزانەکەی. خونچەی ژنی داوای گۆشتی لێ کرد. گێلاسی کەنیشکی بلووزی زستانەی لێ ویست. ئازادیش پەرۆشی و تامەزرۆیی سێوە لاسوورەی دەربڕی. هەستا. قەڵەم و چەند پەڕە کاغەزێکی هێنا. ئەمجا لە نێوانیاندا بووە چەقی بازنەیەکی ڕەمەکی. بۆ خونچە نیگاری بەرخێکی خرپنی کێشا. دوایین مۆدیلی بلووزی بۆ گێلاس دروست کرد و دە دوازدە سێو و مۆزی سۆماڵیشی خستە بەر دیدەی ئازادەوە. دەنگی کردە خۆشاوی مێوژو گوتی: ئیتر هیچتان ناوێ؟! ڕوویان بووە کێڵگەی حەپەسان و سەرسامی. سەرنجیان تێ خێواند. بێدەنگی قورقوراگەی پرسیار و وەڵامی بەستا، بۆیە نەیانزانی پێبکەنن یان بگرین، وەلێ لە نیوە شەودا، میرزا بەشێنەیی بەخونچەی هاوسەری گوت:

– ئافرەت، پارە لە کوێ بێنم! لە کوێ!؟

– ماڵ ئازووقەی گەرەکە، خۆ زستانیشە... میرزا گوتییەوە:

– بۆ نازانم!؟ بەو مووچەخانەنشینییە کولەمەرگی دەمانگوزەراند، ئەویش چووە کۆڵەکەی ئاشەوە.

خونچە: گرانیش گورگی هارە و کەڵبەی تیژ کردووە.

میرزا: خۆ هەرەتی لاوێتیم نییە بڕەتێم و ...

خونچە: نۆ سەر خێزان، مەگەر بەدەم ئاسان بێ. مۆتەکەی بیرکردنەوەی چورتمەکانی خۆی و ڕەوشی دۆخە ڕامیارییەکە، ئەو شەوە، بەجووتە خەویان زڕاند. هێنای و بردی.

تـاريك و ڕوون، بـڕیـاری نـەگـۆڕی خـۆی دا. هــەر بـەیـانـی زووش، ڕووی کـردە شۆستـە هـەرمێنـەکـەی «شێخـەڵاو» و بـەخـۆی گـوت: «ئـەو شـەوە، لـەسـەر مێزی ئـەوەی گلۆڵـەیـەکـی بـەدەستـەوە بـوو، بـادەم پڕکـرد و بـادەم بـەتـاڵ کـرد، بـێ هـوودە سـەرە تـەژییـەکـەم هـەرگیز بـەتـاڵ نـەبـوو. لێم ڕوونـە، کـە لـە نێوان «هـەبێ و نـەبێ»یـەکـانـدا، تـەنیـا بڕیـار هـەیـە و... بێدەنگی. هـەر ئـاشتـەبـایـەك بفرۆشم، خـۆم نـافرۆشم، بـەڵێ خـۆم نـاف ف ر ۆ ۆ ۆ...شم م م .نـا...نـا... »

کانونی یەکەمی ١٩٩١

# زیندانی

لە نێوان چوار دیواری زیندانەکەدا، لە نێوان بن میچ و زەمینە چەورپێژەکەدا، هەر خۆی و ڕۆژنامەیەکی زەرد و ژاکاوی چەند مانگێك لەوەبەر بوو. دەیان جار، پەڕەکانی هەڵدابۆوە. لە ئەلفەوە بۆ یێ، تا ڕادەیەك زۆری لەبەر کردبوون. تەنانەت بۆ کات بردنە سەر، جاروبار، لە کۆتاییەوە بۆ سەرەتا، لە ناوقەدەوە، گوتار و بابەتەکانی بەسەر دەکردەوە. «ئای... ئاگایی، چەند جەزرەبەم دەدەیت!! خۆ دەستی نووسینم هەیە. بۆ چیرۆکێك نەنووسم. ئەی پێنووس و کاغەز!؟» بەخۆی گوت. مێشکی گوشی و دڕی بەو جووتە کۆسپە دا. وەڵامی خۆی دایەوە. « پێنووسم پێ ناوێ. کاغەزیش هەیە» بەچوستی کەوتە دڕینی ڕۆخە سپیەکانی ڕۆژنامەکە. ئەمجا کورتیلە چیرۆکەکەی ناومێشکی گلاڵە کرد. گەڕا بەدوای ئەو وشانەی کە دەشیان و لە ڕۆژنامەکەی دڕین. کوت بەکوت ڕستەکانی داڕژت و بەتیلمەی کاغەزە سپییەکانەوە چەسپاندنی. تف لە دەویدا نەما، بەڵام لە ناخەوە، هەستی بەسەرکەوتن و گوشادی کرد. زۆری نەخایاند، کە چیرۆکۆکەیەك لە دایك بوو. گەشکە گرتی. بەخۆی گوتەوە. «بام بەپیتی عارەبی بێت. هەر دەیگۆڕمە سەر زمانی کوردی، بەڵام ئەم پرۆژەیەم چۆن لە چاودێران بشارمەوە! ئا... ئەدی ژمارەیان بۆ داهێناوە. جاران، زیندانییان بەناوی پیاز دەیاننووسی...» لە پشتی یەکەم کوتە کاغەز، بەنووکی قلە شقارتەیەکی سووتاو، ژمارە(یەك)ی نووسی. نایە گیرفانیەوە. ئەمجا ژمارە دوو... سێ. ژمارەکان تەرەکین و چیرۆکەکەی چاوی پشکووت. ئەوسا بەڕوویەکی گەش و دەروونێکی پڕ هیواوە دەستی بەپاشماوەی ڕۆژنامەکە سڕی. ڕچە ڕێی ئەم شێوە نووسینەی دۆزییەوە، بۆیە هەر کە ژەمە خۆراکیان بۆ هێنا، دەست سڕین و سفرەی کردە هەنجەت و بیانوو بۆ ئەوەی داوای ڕۆژنامەی کۆن و بێ کەڵکی ڕژێم، لە ئۆردیانەکە بکات. لە ناکاو دەرکەی سەرفرازی کرایەوە. گشت گیرفانەکانی پڕبوون لە چیرۆك و بیرەوەری و هەست و نەستی زیندانییەکی ورە بەرز.

ئاداری ١٩٩٢

# ABSTRACT

هەمیشە عەوداڵ و متۆی جوانی بووی. هێڵە چەماوەکان، هێلە ڕاچەنیوەکان ڕایاندەکێشای. تامەزرۆی ڕەنگە ئارگۆنییە بڵێسەدارەکان بووی. سەردەمێکی چاکیش هاودەمی شێوە ئەندازەییەکان بووی. ئامێزت لە سێگۆشە و چوارگۆشە و بازنە دەدا و... خەونی قەشەنگ و سەرمەدیت پێوە دەدیتن. لە سێگۆشەدا، کۆمەڵێ هێمای هۆشی و هەستی و سەرووی هەستیت لەلا خڕ دەبۆوە، سێگۆشەی پەرموودا، سێگۆشەی ڕەنگە سەرەکییەکان، سێ ژمارەی پیرۆز، هەروەها سێ «میم»ی موسا و مەسیح و محەمەد. چوار گۆشەش، لە کن تۆ، ئاماژەی بۆ چوار ڕەگەزی مێژینەی «ئاو و با و ئاگر و گڵ» دەکرد، هەروەها چوار بەشە لەتکراوە ڕامیارییەکەی ناخت. باکوور و باشوور و... هەمیشە چوار و چوار... چوارگۆشەی سەرفرازیش خۆی لە لاکێشەیەکی زێڕیندا، یان لە چەند شێوەیەکی دیدا دۆزییەوە. خۆت دەدوێنی. «ئەوەی لە هێمای شتەکان ناگات، با بپشکنێ. ئەوەی دەگات، با خەواڵووەکان ڕاگەینێ. ئەوەیشی هەرگیز تێناگات یان ناخوازێ بگاتە ڕاستییەکان باکلك بگرێ لە ڕیزە ئاساییەکەدا» لە کوێ وەستاین؟ ئا... تۆ لەم چەندانەدا، شەیدای بازنە بووی، چونکە سەرەتا و کۆتای یەکدگیرن و دابڕانیان نییە وەك مارێك کلکی خۆی، بەچێژەوە بمژێ. ئەمێستا، لە ئایندە و پێشوودا دۆنایدۆن دەکەیت، پێچکەی ڕەوڕەوەی گاگۆلکەی ساوایان... گۆڕان و مێژوو، گەردوون، وەرزەکان، کۆستارەکان، سووڕی خوێن و گرد و شیو و جوگرافیای لەشێکی نیانی کیژە حەووایەك. هەر لەبەر ئەمە، ناوی «زۆرانبازی بازنەکان»ت لە دوایین پێشانگات نا، بەوەش بازنەیەکی ژەنگنت تێکشکاند. بینەرانی ئەو پێشانگایەت، سەریان سوڕ دەما و سەرسام دەبوون. سیحر ئامێز دەبوون. بازنەکان پێچیان پێ دەدان و سەرەگێژکەیان دەگرت و بینراوەکان لەبەر چاویاندا، دەسووڕانەوە و ڕایان دەکرد! بۆیە مێشکیان لە گێژەنەیەکدا دەخولایەوە و بەرەو قووڵایی دەیبردن. لەم کاتەدا، خۆیان لە کەونێکی سەرمەدی و ئیهلیلیجیدا دەدی و سەدەیەکیان لە چرکەیەکدا دەبینی. ئەوەی سەری لە پێشانگاکەت دا، لە کەڤاڵە ڕەش و سپییەکانەوە، دەیان پەیژەی ڕەنگی TONE ئاوس و بێناویان دیت.

هەروەکو خۆی بدینێ و دەستی ڕەشبەڵەکی گرتبێ لەگەڵ هێڵە هاروهاجەکان و ڕەنگە سرکەکاندا. وەکو ئەوەی پەڵکە ڕەنگینەیەك باوەشی لێ بدات. تۆ ئەوسا بینەرانت وەك

بازنه دەدی. تەنیا بازنەی گەورە و بازنەی ئێجگار بچووك. بازنەی تێکهەڵکێش و یەکتربڕ. بازنەی ورشەدار و بازنەی بێڕەنگ و بەقەم. بەخۆت گوت: «بۆ بازنەکان یەکتری ناگرن؟ دەبێ خواوەندانە بە مەزنی بسووڕێنەوە... دەنا...»

هیچی دیکەت هەڵنەوەراند.

ئاداری ١٩٩٢

# بچووکبوونەوە

چاوی گێڕا، بەکاغەز و پەڕۆ، کون و کەلەبەر و درزەکانی گرت بۆ ئەوەی ئیتر تیشکی خۆر نەڕژێتە ناو ژوورەکەوە. پاشان کەوتە خوێندنەوەی ویرد و تەلیسم و جەلجەلووتەکانی. لێوەکانی تەتەڵەیان دەکرد. فرامۆشییەك ناخی داپۆشی. بزەخەنەیەك بەگۆنایەوە بوو، کە دەرگاکەی کردەوە. بەخۆی گوت: «ئەزمونەکەم سەرکەوت ئەمێستا گوێ نادەمە پشکنین و پاسەوانانی سنوور، چونکە هەر لە (شۆفەڵ) و (کۆمپا) و (تانکەر) و هەر ئامێرێکی دی نزیك بوومەوە وێردەکانم خوێندەوە، دەسبەجێ بچووك دەبنەوە، بەجۆرێك دەپانپەستمە ناو پاکەتی جگەرەکەم و گومرك نادەم و...» بەدڵنیاییەوە لە شۆفەڵێکی شارەوانی چووە پێش، بەڵام درەنگ هەستی بەوە کرد کە خۆی و شۆفەڵەکە وا بچووك دەبنەوە و بچووك دەبنەوە! تا ڕادەیەك لەسەر نوخانی پەنجە کەڵە جێگەیان بۆوە، تومەز سیحربازێکی لە خۆی کارامەتر، پێش ئەو تەلیسمی خۆی خوێندبۆوە.

حوزەیرانی ١٩٩٢

# سپی

ڕەنگە بەلاتەوە سەیر بێ کە بپرسم: ئایا سپی ڕەنگە؟ خۆ تۆ و هەموو دەزانن ئەگەر کارتۆنێکی خڕمان بەحەوت ڕەنگەکەی پەلکەزێڕینە بۆیە کرد و بەتوندی سووڕاندمانەوە، ئەوا ڕەنگەکان ئاوێتە دەبن و ... لە جێگایاندا، لە سپی بەولاوە هیچی تر نابینین، ئەمە دیاردەیەکی فیزیکە و هەرگیز پێویست بەڕامان و مێشك گوشین ناکات، بەڵام... ئایا لە «سپی»یەوە دەتوانین ڕەنگ و تۆنە ڕەنگ هەڵگۆزین!؟

بەڵێ... ئەگەر... جا نهێنی و مەزنی و پیرۆزیی سپی لێرە دایە. گوتراوە و دەگوترێ:

ڕووت سپی بێت. دڵ و دەروونی وەکو چوڕی شیر سپییە، تا... د.

نوشداران و سیستەرانیش سپی دەپۆشن و ... گوایە پەری و فریشتەی ئاسمانیش وەکو پەپوولەی سپین!! ئەم ڕامانەم، هەمیشە دوو حاڵەتی جیاواز و سەرنجکێشم دەخاتەوە یاد، کە پەردەی گوێم بەوشەی دیودەری (شفاف) سپی بلەرێتەوە. یەکەمیان: لە بارەی مارکیزی سەرسوڕێنەر و، ئەوەی دیکە: لەمەڕ زەلامێکی سادە و ساکاری لای خۆمانە. ڕۆژنامە نقیسی ئەڵمانی «فیرتس راداتس» لە چاوپێکەوتنێکدا دەگەڵ مارکیز، ناوی بە«فریشتەی سپی» دەبات. دەڵێ: «پیاوێکی ناسك و دیدەکێش، وریا و بزێو، سپی پۆش، تەنانەت بەپێنووسێکی سپی، ڕۆمانێکی خۆی پێشکەشم کرد...» هەتاکو ئێروکانەم مەبەستە لەو دیدەنییەدا، کە بەڕاشکاوی باس لە پاپا و کاسترۆ و باری ڕامیاری دەکات.

لای خۆشمان، لە دامێنی قەڵا دێرین و بێ باکەکەی هەولێردا، هەمیشە کابرایەکی پاك و ڕوخسار «نورانی»م دەدی، کە سەر–تاپای سپی بوو! کڵاوو مێزەرەکەی، ڕانك و چۆخەڵ و پشتێنەکەی، گۆرەوی و پێڵاوەکەی، کەراس و ساقۆکەی! تەنانەت، تەسبیحەکەی دەستیشی هەر سپی بوو!! ئەم «سپی»یە، بەڕێکەوت، مارکیزی کۆلۆمبی و زەلامەکەی خۆمان تایینی لە مێشکمدا پێکەوە گرێ دا... بێگومان، بەرچاو گرتنی جودایی زەق و بەراوردکاری لە نێوان پێنووسە سپییەکەی یەکەم و تەسبیحە سەد و یەك دەنکەکەی دووەمدا، لێرەدا شیاو و دروستە، زۆر مەراقم بوو، ئەگەر چی دەستم ناگاتە (دەریای کاریبی) و مارکیزی ئەفسانەیی، خۆ حەوتەی چەندین جار، ئەوەکەی خۆمان بەپێش دیدو نیگامەوە گوزەر دەکات. ڕۆژێ، لەگەڵ هاوڕێیەکم وەستابوو. هەندەی

نەخیاند، جیابوونەوە. هەلم لێ قۆزت و پرسیارێکم دومەڵان ئاسایی هەڵزۆپاند: فلانی، ئەو کابرایە چ کارەیە؟ سپێنەی چاوی لە دورِ چاوم برِی و بەحەپەسانەوە فەرمووی:

– لۆ خێرە!! وەڵامی لە بەندە نەژنەوت. گوتیەوە:

– لۆ ئەمیش ناکەیتە چێرۆك؟ ئەز بێدەنگیم قووت دا. ئەو درێژەی دایێ:

– ئەوی راستی بێت، هاوین ماستاوی دەفرۆشت: کەچی ئێستا... رێسی ئاخافتنەکەیم قاچی و لە سووچێکی دیکەوە باراشم هارِی.

– براله، تۆ سپی بەرِەنگ دەزانی؟! ئەو هیچی هەڵنەوەراند، وەلێ لەوانەبوو، لە ناخە سپییەکەیدا، منی بەنیمچە شێتۆکە دانابێ. مافی رەوای خۆیەتی. ئەی ئەمرِۆکە، سەردەمی ئازادی نییە! ئەی ئەوە نییە ئەم کاغەزە سپییەی بەر دەستت، باوەشی پرِ میهری خۆی بۆ تێرِوانین و دید و وشەی دێوانەییم کردۆتەوە! ئەی تۆ دەڵێی چی؟ لەگەڵ تۆمە، خوێنەری دەروون سپی و پاکژ...

نیسانی ١٩٩٢

# ڕەنگینکەوان

ئایشە، مەچەکی پڕ لە بازنگی ڕەنگاو ڕەنگی هاویشتە سەرشانی فاتمەوە. نم نم باران دەباری. بەجووتە نیگایان یەك خست و لە چەشنی چوار مەلی تەریو هەڵیاندان بەرەو ئەو کەوانە ڕەنگینەی، کە سەیوانە نیو بازنەییەکانی خۆی ئاوساندبوو. ئایشە بەفاتمەی گوت:

– گوایە ئەو ڕەنگانە، ئەگریجە و قژی ئایشە و فاتمەن!! فاتمە وەڵامی پرسیارێکی نەکراوی دایەوە.

–دەتەوێ بڵێی: کامیان پرچی منە و کامەشیان کەزیی تۆیە! ئا؟ هەر چەندە، ئایشە دەمی هەڵنەهێنا، بەڵام ڕوخساری زۆر شتی درکاند، بۆیە فاتمە گوتیەوە:

– ڕەنگەکانی سەرەوە با بۆ من بن. ئەوانەی خوارەوەش بۆ تۆ بن. ئایشە، بەشێنەیی وەڵامی دایەوە.

– جا خوار و ژووری بۆ چییە!!

– کەواتە، ڕەنگێك لە بانەوە هەڵدەبژێرم و تۆش ڕەنگەکەی دیکە.

– یان لە خوارەوە. ڕەنگێ بۆ من و ڕەنگێ بۆ تۆ... خوشکم...

هەڵبژاردنەکەیان بەدڵ بوو. وەلێ کامیان دەستپێشکەر بن. بۆ ئەوە، تەڕو وشکیان پەسەند کرد. فاتمە چەمایەوە و بەردۆکەیەکی پانی هەڵگرت و بەکەیفسازییەوە گوتی:

– خۆ باران ڕووی دەرەوەی تەڕ کردووە. ئایشە گوتی: دیوەکەی تری وشکە. من وشکەکەم دەوێ. بەردەکە فاتمە هەڵی دا و... بەسووڕانەوە کەوتە سەر زەوی. دیوی وشکەکەی لای سەرەوە بوو، بۆیە ئایشە هاواری خۆشیی کرد:

– خۆم بردمەوە... خۆم بردمەوە... سوورەکەی بانەوە بۆ من.

– پرتەقاڵییەکەشی بۆ من.

– زەردەکە بۆ من.

– سەوزەکەشی بۆ من بێ.

– شینەکە بۆ من.

– نیلییەکەشی بۆ من.

ئایشە، بەسەرسوڕمانەوە دەنگی هەڵبڕی:

– ئای! وەنەوشەیییەکە مایەوە. با بەشی بکەین. فاتمە: ئێنجا چۆن بەش دەکریٚ! با بۆ هیچمان نەبێ.

ڕەنگی کەوانە زێڕینەکەیان، بەکامی دڵ، لە خۆیان بەش کرد. ئەوسا بەئاسوودەیی گەڕانەوە لای بووکە شووشەکانیان. ئایشە بەبووکی خۆی گوت:

– هانێ... ئەم چەپکە ڕەنگانەم بۆت هێنا. بۆ خۆت بیکە بە ملوانکە... باشە؟

فاتمەش گوتی:

– بگرە... وا دەسکێ ڕەنگم بۆ هێناوی. بیکە بەقردێلە. هەر دووکیان، پێکەوە خەندەیەکی ڕەنگاڵەییان دەربڕی، کە چاویان هەڵبڕی، ڕەنگینکەوانەکە لەویٚ نەمابوو، بەڵام سوور و پرتەقاڵییەکەی بەخشیبووە کوڵم و لێویان. ئاسمان شینەکەی پۆشیبوو. نیلی و وەنەوشەیییەکەش خۆیان بە پەڵە هەورێکی توندەوە هەڵواسیبوو.

حوزەیرانی ١٩٩٣

# نەریمان و گوڵەندام

ئەمێستا وام بەتەك مام نەریمانەوە. شانم بەدیواری خانگەکەیانەوە داوەو... چەند ڕیش چەرموویەك لە پاڵیەوەن. بەر لە نیو سەدەو بگرە پتریش، گەنجێکی کەڵەگەت و دامەزراو بووە. چاو و برۆ ڕەش. هەورییەکی ڕیشوداری جافانەی دەکردە مێزەر. ئەو مام نەریمانە بووکی بۆ گوێزرایەوە. لە کەسی پەنهان ناکرد و بەڵکو جاڕی دەدا، کەوا بەکامی دڵی خۆی گوڵەندامی دڵبەری بەهاوسەر هەڵبژاردووە، خۆ سەرەڕای ناقایلی باوکی، گوایە هەژار و نەدارا بووەو ئەوان خاوەندی بەرە جووت و ئاژەڵ و ڕەزبوونە، ئەم جیاوازییە چینایەتییە، پاژنەی پێداگرت و سوورتری کرد لە ئەوینەکەیدا، تەنانەت سەری بۆ ئەو تەرخان کرد، بۆیە جاروبار، بەیتێك، دوو بەیتی بۆ دەهات و... ڕازو کەفوکوڵی ناخی پێ دەهۆندەوە... ئیتر هامشۆی ڕێگای کانی، خۆ مەڵاسدان و دیقە دیق، دزە چاوی ناوباخ و پەنای دیواران، دیاریی شارو پەنجەگوشین، شەونخوونی و تلانەوەو... چاودێری کردنی ئەستێران، تانوپۆی ئەو ڕۆژگارەیان بۆ چنی و... مافوری ئەو دڵدارییەمان گرێ بەگرێ شەتەك دا و سروشپۆش و گوڵڕەنگتر کرد. نە کڕنووشیان بۆ پارە و خشڵ برد، نە بەتەنگی داب و نەریتەوە هاتن. پەیتا پەیتا، ڕازەکەی نەریمان پەیڤ و بەیتی دەدەراند و بەو گوزەرەدا، باڵندەی بێ ڕەنگی بەهەشت بوون، کە ڕێز و نەوازشیان لێ دەگیرا، داکۆکییان لێ دەکرا، ئەڵبەتە باڵەفڕەی ئەو مەڵۆچکە ڕۆح سووکانە، پەردەی گوێی گوڵەندامیان لەراندەوەو بەباڵەکانیان باوەشێنی گیانە گڕگرتووەکەیان دەکرد. ئەوا مۆنتاجێکی دیکەی پێویست دەکەم، هەردوو گوڵەندام و نەریمان لەودیوی پەردەی بووك و زاوایەتیدا، بەواق ورماوی دەنۆڕنە دوڕ چاوی یەکدی. نەریمان خۆی لە ئاوێنەی چاوی گوڵەندامدا دەبینێ. گوڵەندامیش ئاوها نەریمانەکەی بەدی دەکات. مرۆڤی ناو گلێنەی چاوانیان هەردێ، لە زایین دان، هەتا دەگاتە ڕادەی کاڵبوونەوە و نابینایی!! زمانی گۆکردن لاڵە. زمانێکی پاراوتر دەپەیڤێ... دەڕەنگێ... دە ئاوازێ، چونکە ئەڤینی پاك پێشی لێ ناگیرێ و ڕەگەز و ڕەنگ و بڕوا و دراو بەرهەڵستیی ئەویان پێ ناکرێ. ئەوەتانی: ساکار و سەرمەدییانە تێکەڵ بوونە. لەناکاو، دەنگی گوڵەندام تەلیسمی ئەو ئاسوودەیی و بێ دەنگییە ڕادەچەنێ!

– دە ئێستا بەیتێکم لێت دەوێ.

نـەریـمـان بـەنـاخـی زەویدا ڕۆ دەچێت. ئـاڕەقی شەرم و مـچـوڕکـەی شڵـەژان شپرزەی دەکـات، بـەشێوەیـەك، هـەرچـیـی هـۆنـدبـۆوە، ئـەوا بوونـە کۆچـوەرزی کـوڕکـوڕو دایـانـە شەققەی باڵ و... هـەوارگەی بەتـاڵیان لە هۆشیدا جێهێشت. لەبەر ئەوەی نەریمان، خۆی گوتەنی، ئەو ناو گەڵ پەرستە فێدار و خرۆشاو و بەئاڵۆشە نەبووە، کە شەرواڵەکەی، بەر لە عەشقە خۆرسکەکەی دامالی، بۆیە ئەمجارە گوڵەندام بەگەپەوە جڵەوی وتنی ڕاوەشاند!

– دیـارە، ئـەوسا بـاڵندەی تـەریك بووی! ئـاوازت هـەبوو، ئێستـاش دەوت کلۆم داوە!!

نەریمان، ڕاچڵەکی و هەر ئەوەندەی بۆ گوترا!

– گوڵەندامەکەم، چونکە... تۆ... منت کردبووە شایەر و ئێستاش...

– ئێستا چی!؟ ئازیزەکەم

– وام لە پەرستگای عەشقدا، هیچم بۆ نایەت!!

– ئـاوهـا!!

– خۆت کانگای هەموو شتێکی... سەری لەسەر گوڵەندام نزیك کردەوە بەو نیازەی زمانی ئاخافتن بتارێنێ و... ئەو جووتە پەپوولە پەمەیییەی سەر کوڵمەکانی گوڵەندام هەڵفڕێنێ، وەلێ پەنجەی دۆشاو مژەی هاورازەکەی زۆر بەنازکی بەربەستی ئەو هەست دەربڕینەی بوو، بێجگە لەوەش، دەنگی گوڵەندام هـاوبەشی ئەنگوستی کرد.

– نەریمانەکەم...

– گیانی نەریمان... گوڵەندامەکەم...

– دەڵێم، ئارەزوویەکم هەیە، خۆزگە... وشە وەکو پلوسکی ئاوێکی سازگار فریای نەریمان کەوت و بەشێنەیی و دڵسۆزانە، بەئەوکێکی پاراوەوە گوتی:

– هەر تۆ و ئارەزوو! گیانەکەم داوا بکە. پاش تۆزێ بێدەنگی و هەست ڕاگرتن، گوڵەندام تاسەی نەریمانی شکاند.

– بـەمـەرجـێ، گفت و بـەڵـێنـم بـدەیـتـێ... وەك لـە خـەونـێکی بـزرکـاودا بـێ، نـەریـمـان بەئاگایی، هەروەها سێبەری پێداگرتن و کەمێکیش تووڕەیی لکاندە دوانەکەیەوە.

– هەر پەیمان و بەڵێن!! بەو دڵدارییەی بەیەکمانی گەیاند...

– ئەم دووکەڵ ... جگەرەو... بۆنە...

– ئێ!!

– مەگەر نازانی لێیان بێزار دەبم و بەمن بیٚ...

– هەر ئەمەندە! لە من وابوو... داوای... ئیٚتر لەو شەوەوە– کە من لە منداڵدانی خونچەی دایکمدا، پیٚ لرفەم دەکرد– سویٚندی بەسەوداکەیان خوارد هەتا پیٚکەوە بن، ببڕای ببڕای توخمی کیسە تووتن و قەمیش و بەرد و ئەستیٚ نەکەویٚ. هەر لەگەڵ ئەو بڕیارەدا، گشت ئاوایی دەڤەرەکە سەریان سوڕما، کە عەشق کاری مەحاڵ دەکات! هەمدیسان، با پاش پەنجا و شەش ساڵی ڕەبەق

– کە دەکاتە پەنجاو شەش چرکە بەحیسابی ئەڤین– بگەڕێینەوە، پەنای هەمان دیوار. ئەوەتانی مام نەریمانی ئاشوفتە و قەلەندەر، لە دۆزەخی چاوەڕوانیدا دەبرژیٚ. گوێی هەڵخستووە و... تاو نا تاویٚك، بچڕ بچڕ، دیمەنیٚکی ساڵانی ڕابردووی بەپیٚش چاوی (زەین)ی دا تیٚدەپەڕیٚ، وەلیٚ سەد مخابن، وا گوڵەندام لە سەر ڕایەخی مەرگدایە و ژنگەلی هاوسیٚ لە چەقیدا خڕ بوونەتەوە. زمانی پەڵپ بووە. ئەوەی لیٚی حاڵی ببن تەنیا ناوی نەریمانە. لەم ئانو ساتەدا، ئافرەتیٚکی باریکەلە ڕوو دەکاتە مام نەریمان. ئاسمان خۆڵەمیٚشییە، دەق لە ڕەنگی لوولەی بڕنەویٚکی کۆن. بەپەشۆکاوی و تاڵووکەوە ماچی دەکات. دەنگی زاری منداڵیٚك دیٚ. مام نەریمان، دەرحاڵ تیٚدەگاو... بەقوڕگی پڕ خەمەوە دەپرسیٚ.

– ها! مرد؟

– خۆت خۆش

– ئەی هیچی نەگوت!؟

– هەر کە ناوی تۆی هیٚنا یەکسەر چاوەکانی لە مۆڵەق وەستان. هەموو سەرەخۆشیمان لیٚ کرد و بەشداری خەمە خەستەکەی بووین. کەچی ئەو لە دۆخیٚکی دیکەدا بوو. بەئاوازیٚکی دیٚوانەییانە دەمی لە یەکیٚك نا کە دووکەڵی بەبا دەدا:

– ئەریٚ... حا... تۆ جگەرەیەکم بدەریٚ بەڵکو جەرگم بەندکەم و نەیەتە دەریٚ. مژیٚکی ئیٚجگار دریٚژ و قووڵی لیٚ دا. مژی عەشقی پەنجا و شەش ساڵ. ئیٚمەیش، بە سەرسامی، چاومان بڕیبووە ڕوخساری نەبادا ئەو هەڵویٚستە و دەرچوونی دووکەڵ، هەناسەی سوار بکا و گیانی لەگەڵدا دەربچیٚ. ئەو دەستی نایە بن گویٚی و... حەیرانیٚکی لە قەفەزی دەروونەوە ئازادکرد.

ئەریٚ براینە برادەرینە

دەردەكم گەیشتیٚ

ئای لە دەردیٚ

های لە برینیٚ

دەست و پەنجەی تۆزاویان

لە هەنام گیر كردیە دەریدینیٚ

ئەورِۆ نازدار حەیرانم دەرِوانی كرد...

لۆ خۆی بردەوە.

گەلی براو برادەرینە

جغارەكم بگەییٚنیٚ

دوكەرەكەی قەتماغەی برینە

مایسی ١٩٩٣

# دانپیانان

**وەکو پێشەکی**

ئەگەر لە شوێنان «ئەسپ بکوژن» ئەوا لێرەدا، حاجی لەقلەق دەکوژن.

**دوایین دیمەن**

دەیان مل دەیانویست لە گرێژەنەی خۆیان دەرچن بۆ ئەوەی پتر نزیك ببنەوە، ڕوونتر ئەو دیمەنە بدینن، کە نیگایان بۆ هەڵواسیبوو، لە خوارەوە بۆ سەرەوە، لە زەوییەوە بۆ قوتکەی منارەکە. یەکدوانێك دەستیان بەکڵاو و مێزەرەکانیانەوە گرت نەبادا لەو چڵکاوەی بەر پێیان مەلە بکەن. پاقلە فرۆشان و بێکاران و قۆڵبڕان، هەموو چاویان بەو حاجی لەقلەقەوە بوو، کە شەهید کرابوو، ملە درێژەکەی و باڵی، بەلێواری مەنارەکەوە شۆڕ ببوونەوە. بۆڵەبۆڵ و نەفرەت و ڕقیان بۆ ئەو کەسە نارد، کە بەناڕەوا پێکابووی. دەنگێك لای پێ کردنەوە.

– خۆ فەرخەشی هەبوو!!

– دەك دەستی بشکێ ئەوەی...

پاشماوەکەی بەمەلاشوویەوە مایەوە، کە ئاوڕی دایەوە وەك ئەوان نەبادا گوێچکەیەك خۆی بۆ دەمودوی هەڵخستبێ.

– تەقەکە (پەنجەی درێژ کرد) ئا لەوێوە هات.

– ئەرێ ئەمڕۆ چەندی مانگە؟ گەنجێکی سورفلی دیدە کز، چاوێکی نووقاند و ئەوی دیکەی لە مەچەکی نزیك کردەوە پاش ئەوەی پەنجەی بەدوگمەیەك ڕاگرت.

– ئەمڕۆ... قوربان... بیست و دووی... مانگی پێنجەمە پیرێکی ددان کەڵۆز، لەولاوە بۆی سەندەوە.

– دە بڵێ مانگی خەرامانانە و... ئا.

دەنگێکی تر: دایکە پەیتا پەیتا زاخاوی دەخستە دەنووکە هەردەم داچەقاوەی بێچووەکانیەوە!

***

ئەو کەسەی سەر قەلاتەکە، چاو دەکاتەوە، چاو هەڵدەگڵۆفێ. کاسەی سەری ڕادەوەشێنێ ئەمجا گلێنەی بەرەو قوتکەی مەنارەکە دەنێرێ. ئارەقە دەڕێژێ و لەگەڵ فرمێسکیدا تێکەڵ دەبێ. شەرمەزاری دایدەگرێ. جێگاکە، نەپێویستی بەشانۆیە و نەگورزە تیشك، چونکە

شوێنەکە هەر مێنە و... ڕۆژی ڕووناکە. حاجی لەقلەقە باوکەکە، بەرز بۆوە... بەرزبۆوە... بەرزبوو، لە چاوان ون بوو. تاوا... تا... وا... یە... وە. بووە بەشێك لە ئاسمانی ئەو هەولێرە کەونە... ئاسمان... ئاس... مان. مان. مان. ن ن ن ... مان و نەمان ن ن ن...

**دیمەنی ناوەندی**

مەنارەکەی «خانەقا» بۆ شایەتی لە پێش دادگا وەستا. داوای سوێندیان لێ نەکرد، چونکە خۆی سوێندگا بوو، دەمی کردەوە:

– شێرو پڵنگانی بەڕێز. تەمەنی من لە تەمەنی ئێوە و گوێگران و قەلەڕەش و حاجی لەقلەق و تاوانباریش درێژترە. بەهەر حاڵ، شایەتیی مێژوو دەدەم و لە مەنارە دێرینەکەی تەکمەوە بیستوومە، کە ئەوەی بەدوای «ئاوی زیندگی» دا دەگەڕا، مەیی دۆزییەوە (پێکەنین) هەر چەندە قسەی ئاوها، شایستەی ئێرە و شان و شکۆی من نینە. جا ئەو کەسە لە داخانا، بەو مەیە خۆی مەست و سەرخۆش دەکات... ئەی ئەم زەلامە، لەو بەرزییەوە، چاوی لە چی دەگێڕا؟ عەوداڵی چی بووا؟ هەتا فرامۆشیی خۆی بەخوێنی ئەم حاجییە میوانە بداتەوە!! منی مەنارە سەرم لە ڕەفتاری مرۆڤ دەئاوسێ!!

– تۆ دەڵێی چی؟

– قوربان، جەنابی شێر، تاوانێکی ئەوتۆم نییە. لە من وا بوو... شێری سەرۆکی دادگا نەڕاندی:

– لە تۆ وابوو چی؟! هەی قورمساخ.

– لە من وابوو، هەو بێ...

– هەو کێیە؟! هەی دڕندە.

– ئەو... ئەوەی کە... ڕەش و سپی، قوربان دەمی کڵۆم دا. پاش تۆزێکی ئارام بوونەوە، زمانی بەپرسیارێکەوە گرێدا:

– باشە، بۆ من حەیوانم لە دادگایەکی ئاوهادا دادگایی بکرێم؟! لە هەردوو دیوی شێرەکەدا، جووتێ پڵنگی مۆن و ڕووگرژ بەهەیبەتەوە دانیشتبوون.

– تۆ لە حەیوانیش کەمتری... تۆ دڕندەی... زەردەخەنە و قاقای پێکەنینی ورچ و ڕێوی و کەمتیار و چەقەڵ و کەر و مەیموون، هۆڵەکەی پڕ کرد، تەنانەت هەر دوو پڵنگی یارمەتیدەریش بەشدارییان تێدا کرد.

– وس بن. ترپەی مێکوتی شێر، کڕوکپی کردن. ڕووی کردە زەلامەکە.

– ئەو کارە دزێوەی تۆ مەگەر لە گورگ و سیخوڕو کەمتیار بوەشێتەوە.

– جەناب... لێرەدا زاتی ئەوەم نییە هەموو شتێك بدرکێنم، چونکە... ڕەش و... سپی...

حاجی لەقلەق... وەکو... ئەو... دەمی چووە کلیلەوە. هەر چەندە ئارەقەی شین و مۆر لە تەوێڵیەوە دەچکاو لە ژێر پێیدا، پەڵەیەکی دروست کردبوو.

– بڕیارمان دا، سێ ساڵ گیرۆدەی عەزابی ویژدان بی و... هەمیشە نەفرەت لە خۆت بکەیتەوە.

**دیمەنی یەکەم**

ئەو سێ ساڵی عەزابی دەروونییەم لە ئازاری لەش زۆر دژوارترە. هەر چەندە، دان پیانانەکەم، بەلاوە لە هەر دووکیان سەختترو تاڵترە. دەمێکە نهێنییەك ناخم بنکۆڵ دەکات، هەراسانی کردووم و هەردەم ڕقم لە نزیك بوونەوەی ڕەش و سپی دەبێتەوە. مێرد منداڵ بووم، تازە باوکمیان بەزەوی سپاردبوو، بۆیە بەگوڵەبەڕۆژە فرۆشتن، هاوکاری دایکم بووم. لە خوێندن دابڕام، لە کاتی جەنگدا پسوولەی جەحفەلێکی سووکم لە بەرك نا. ڕۆژێك، هەر زوو تەبەقەکەم بەتاڵ بوو. بەرەو ماڵەوە چووم. یەکسەر ڕووم لە دەرکەی تاکە ژوورەکەمان نا. داخرابوو. ویستم پاشەوپاش بگەڕێمەوە. لە ناکاو هەناسەیەك و دەنگی دایکم، ڕایگرتم. سڕبووم. بگەڕێمەوە یان... هەڵکوتمە ناو ژوورەکەوە. نا... چاوێکم نووساندە درزی دەرگاکەوە، چرپەو وشەکان پتر گوێمیان سمی. دەنگی نێرینەی تێکەڵ بوو. چی بدینم چاکە! دایکم کراسە ڕەشپۆشەکەی هەتا بەر ناوکی هەڵماڵیوەو... زەلامێکیش پەیتا پەیتا خۆی پێدا دەژەنێ، پاش ئەوەی کراسە سپییەکەی بەگازەرەی پشتییەوە گرێ دابوو، چاوم لابرد و لە درزێکی فراوانترەوە ڕوانیم. یەکترییان هەڵدەشێلا. قوڕگم پڕ لە گریانی بێدەنگ بوو، فرمێسك بەچاومەوە قەتیس ما، بۆیە بەهەڵەداوان بەرەو دەرەوە ڕامکرد. بەرپێی خۆم نەدەدی، لەبەر ئەوەی پەڵەیەکی ڕەش وسپی جووت دەبن، یەکسەرئەو دیمەنە، دومبەڵ ئاسایی لە ناخمدا بەرز دەبێتەوە و دەموروژێنێ. زۆری نەخایاند، دایکم ڕەدووی کەوت و منیش وەکو مەلێکی تاراو لە ماڵی مامم نیشتمەوە.

لە قەڵاتەوە شارم بەچاو دەسڕییەوە. لە عاست ترۆپکی مەنارەکە، تووشی هەمان دۆخی جووتبوونی ڕەش و سپی بووم. بەر چاوم لێڵ بوو. لاپەڕەی چەند ساڵەم لێ هەڵدرایەوە. خۆم لەبەر درزی ژوورەکەمان بینی. دەسبەجێ، دەستم بۆ (قەناصە)کەم برد و پەلەپیتکەم بزواند. لە شڵپەی تەقەکە ڕاچڵەکیم. منیش چاوم شۆڕکردە خوارەوە. عالەمەکەش ملیان درێژ کردبوو، بەزەقی چاوم کردەوە. ئەوسا، زانیم... چی ڕووی داوە. ئەمەم گێڕایەوە تەنیا بۆ ئەوەی گیانم ئارام بێ و لە سزای ویژدان ڕزگاربم.

حوزەیران ١٩٩٤

# شەواره

تینی ڕۆژەکە، قیرتاوی شەقامی مانگی ئابی کردبووە بنێشتی ڕەش! تەوێڵی هامشۆکەران، کائیلەی ئارەق ڕشتن بوون. ئەوە سەرەڕای پاڵەپەستۆی دۆخە ڕامیاری و ئابوورییە ئاڵۆزەکە، برسێتی و نائارامی و بەرەڵلایشی چوونە پاڵیەوە. «کێ لەبەر ئەم فشارانە بەرگە دەگرێ؟» «ڕۆڵەی دەوێ، ڕۆڵە» ئاخگۆییت لەگەڵ خۆتدا کرد. ئەو نیشانەی پرسینە، ڕەشە مارێکی ئەوتۆ بوو، کلکی نووساندە نێو چاوانت و... سەری بەگردنتەوە شۆڕ کردەوە. «ئەم چەند مانگەی پێشوو، شوێن و کاتی لە یادم خۆشە «تحنیط» کردووە.

مەیموونساتێك دەبینم، دوو هۆزی مەیموون خۆیان بۆ قەلاچۆ و قڕکردن تەیار دەکەن. بایەکی گەرمت هەڵمژی و نەفرەتت لە کەش و درۆجاڕی و بیرتەسکی کرد. بۆیە، بلیتێکت بەپەلە بڕی و خۆت هاوێشتە ورگی سینەماکەوە. شەوارە بوویت. بەر پێڵاوی خۆت نەدەدی، هەر چەندەش، لە پێشتەوە، گورزە تیشکێکی دەستی، بۆ نمایی کردنت هەڵدەپەڕی. تۆ بەپەلە کوتێ، کورسییەکی بەتاڵت پڕکردەوە. ئیتر، گورزە تیشکەکە قەڵەمبازی کردو چووە پێشوازیی شەوارەیەکی دیکە. نەتزانی چ جۆرە فیلمێکە، تەنانەت ناوی چییە! چاوانت هێدی هێدی هۆگری تاریکی بوون. بەلای ڕاست و چەپدا، ڕیزێ کاسە سەری هەرزەکارانت دی. دەستەسرە شەڵاڵەکەت، فێنکی بەناخت دا، بۆیە ئەوجا ڕاستە ڕوانیت. لە سەر شاشەکەدا، «ڕامبۆ»ی تابوور بەزێن خەریکی کوشتن و بڕینە ئاسایەکانی بوو، کەسەکان چوون گەڵای خەزان هەڵدەوەرین. بەخۆتت گوتەوە: «ئەمە چەندی بەچەندە!! لای خۆمان، ڕۆژانە دیمەنی ڕاستەقینەی ئاوها بەخۆڕایی دەبینین! بە تەقەمەنیی زیندووشەوە!!» خۆت بۆ ڕام نەکرا. تەکانت دا. لە دەرەوە، چاوت ڕەشکەو پێشکەی کرد. جاری یەکەم لەبەر نوشەکی تاریکی و ئەمێستا، لەبەر هروژمی ڕووناکی!!

– ها بۆ دەچیتە دەرەوە!؟ دەرگاوانی سینەماکە پرسیاری سەرسوڕمانی لێت کرد.

– دیومە. لەپت کردە سەیوان و بەئاسوودەیی هەنگاوت بەرەو سێبەری دیوارەکان برد. هێز و ورەی هاتە بەرو ئیتر هەرگیز سڵت لە هیچ نەکردەوە.

ئەیلوولی ١٩٩٤

# كڵاو

چیرۆکەکە، لە سێ تەوەردا گرد دەبێتەوە. سەرەتا لە وێوە دەست پێدەکات کە «سین» خەریکی پشکنین و ئەفسوون و زانستی جەفرو خیمیایە. بۆ ئامرازێك دەگەڕێ کەوا سەرجەم ئاواتەکانی پێ دابین بکان. مرۆڤە و مافی خۆیەتی، خەونی هەمە ڕەنگ بدینێ. جا تۆ چیت داوە لە ناوەکەی! سینە یان شینە! بازرگانی شێخەڵلایە یان گومرگسێنی سنوور! درۆزەکەرە یان پەرلەمانتار! تۆ بی یان من! مەلابێ یان سۆزانی! ئاواتەخوازە و لە پێناویدا ڕەنج دەدات. لە وانەیشە، لە پاڵ تێر بوونی ئارەزووەکانیدا، خزمەتی خولگەو ئەم و ئەو بکات. هەر چۆنێ بێت، ڕۆژێك، پاش کنەو گرانییە گەورەکەی نەنکی، لە ژێر زەمینەکەیان دەبینێت. سەری هەڵدەداتەوە. لە ناو ئاردێکی زەرد هەڵگەڕاودا، کڵاوێك دەدۆزێتەوە، دەسجن و نیتك نیتك. سەری لە نەخش و پیت و هێمای لێوارەکەی سوڕدەمێنێ! بۆیە بەحەپەسانەوە، هەر زوو، لە پێش ئاوێنەیەکی هێلکەیی جیوەدا، لە سەری خۆی دەنێ. چاوی وەك ڕەشکەوپێشکە بکات، وێنەیەکی کاڵی سیمای خۆی بەدی دەکات! دەیچوێنێ بە کەڤاڵێکی «سورا». ئاخێز دەکات. پتر دەحەپەسێ. کڵاوەکە دەتەکێنێ و هەمدیس لە سەری خۆی دەنێتەوە ئەمجارە، وێنەی ڕوخساری کاڵتر دەبێ بەشێوەیەك هیچی ئەوتۆ بەدی ناکات. لە چەند خاڵێکی دوور دوور بترازێ!! بۆیە گورج کڵاوەکە دەهاوێتە ناو کەفاو و هەڵیدەگلۆفێ. پاشان وەکو شتێکی دانسقە و پیرۆزە، لەسەر چڵە دارمێوە نادات، هەتا وشکبوونەوەی کڵاوەکە، خەریکی پاکژ کردنەوەی ئاوێنەکە دەبێت. دیسانەوە، بەسەرسامی و کەمێکیش ترس و تاسەوە، کڵاوی خاوێن لەسەری توند دەکاتەوە. واقی وڕ دەمێنێت! چونکە خۆی لە ناو پیرە ئاوێنەدا نابینێ!! هەر بۆ دڵنیایی و تاقیکردنەوە، لای دەدات... وێنەی دەگەڕێتەوە ڕووی ئاوێنەکە! دوو بارەو سێ بارەی دەکاتەوە.

وێنەی دێت و بزر دەبێت.

سەرەڕای ئەویش، نەك نابیندرێت و بەس، بەڵکو وەکو بازووبەندی کاکەحمەدی نایسمێ! وەکو «بەرباشاتر» ,R B G شێخی بەستا بێت، ئاریجییش و «بەربابوو» و «بەربابراڤۆ» و «بەربا زوو» و بەرباکانی دی، چۆنی بوێ ئاوا دەسازێت و کۆسپ لە ڕوویدا نامێنێ! بەدیواردا تێپەڕ دەکات. بەسەر بەرماڵی ئاودا دەڕوات!! کاری ئەوتۆ

ئـەنـجـام دەدات، کـە لـە هـۆش بـەدەرە. ئـەوسا «سیـن» دڵنـیـا دەبێت لـە وەی کڵاوەکـەی «سەخرەجنە» یان کڵاوێکی خودی سلێمان پێغەمبەرە.

***

بەشی ناوەندی چیرۆکەکە، لەوەوە دەست پێدەکات، کە دەستەیەکی مافیا، بەنهێنییەکە دەزانن و بەجەختەوە دەخوازن داگیری بکەن بۆ پتر درێژەدان بەتاوانکارییان و هەم لە پێناو پڕکردنی گیرفان و کەڵەکەکردنی ڕەسیدی دەرەوەیان. دیسان پرسیارت کرد! ئەو مافیانە لێرە بن یان لە هەندەران، سیاسەتچی بن یان ماستاوچی و زوڕناچی... چی لە بارو کێشەکە دەگۆڕێت!؟ بەڕامبۆیانە و بەڵێنی درۆ، نیازیان وەدەست خستنی کڵاوەکەیە. ئالێرەدا، ململانێ و بەرانگژی دەگاتە چڵەپۆپە.

***

بەشی سێیەمی چیرۆکەکە، بەگەرمی دەستی پێ کردووە، بەڵام کۆتایی نەهاتووە، چونکە بەشێوەیەکی تەقلیدی، ئەنجامەکەت نادەمێ، گوایە هەر دەبێت سینی گەشبین زاڵ بێت. شین و ئەوانی تر تەفروتوونا بن. بەپێچەوانەیش، ڕێ بەخۆم نادەم – وەکو ئافریدەر– ئەو گیرفان ئاوسانە، کڵاوەکە زەوت بکەن و ڕۆژی ڕووناکمان بکەنە شەوەزەنگ و دۆزەخ. ئەدی بۆ ئیحتیمالی دیش بەر چاو نەخەم

١– لەوانە، لە مشتومڕدا، کڵاوەکە بڕزێت و ئەفسوونەکەی بەتاڵ بێت.

٢– ئەی بۆ ڕەشەبایەکی توند ڕاینەماڵێ، ئەوسا سین و شین و ئێمەمانان دوای کڵاوی بابردوو بکەوین!!

ئەگەر پرسیار لە بەندە دەکەیت، ئەوا حەز دەکەم.. دەخوازم.. دەمەوێت.. نیازمە چنگی هیچ کامێکیان نەکەوێت. گوێت ڕاتەکێنە و بیهێنە پێشەوە. ڕاستییەکەی، دەمەوێت بۆ خۆی گل بدەمەوە. ها. ها.. ها.. دە لە گەڵمدا پێکەنە. حا!!

ئەدی چی! ئەوە نییە هەر کەس و گروپ و پارتێك، قەمچی خۆی لێدەدا و... بەلای خۆیدا ڕایدەکێشێت، تەنانەت دەستە چەورەکەشی بەشانی ئێمە و ڕەش و ڕووتاندا دەساوێت!! من هیچ نەبێ، ئاواتی چەندین قەلەندەری تۆ ئاسایی و مسۆگەر دەکەم.

تۆ دیوانە شیعری گەرد گرتووت چاپ بکە، ئەویش با ڕۆمانەکەی چاو بپشکوێت و.. منیش تیکە نانێکی جاویدانە بجووم. چیت گوت؟! یان تۆش، کڵاوەکە بەمفت دەزانی و مرخت لێ خۆش کردووە.

تەمووزی ١٩٩٥

## دوو کیلۆ T.N.T یان کەرکووك کەری کوردستان

گوێ مەدەرە ئەو ناوونیشانە درێژەی سەرەوە. گوێم بۆ شل بکە. لە برادەرێکی هەندەرانەوە ئامێرێکم پێگەیشت کەوا کارمی ئاسان کردووە. بەکورتی، دووربینێکی بۆ ناردم، دوگمەیەکی پێوەیە، لە پاڵ نزیك کردنەوەدا، وتووێژیش دەکەم، بۆ تاقیکردنەوە هەڵم کوتایە هەورەبانی خانگەکەمان، چاوم بەخولگەی شاردا گێڕا. لە پێچەکانی هاوینە هەواری «سەربەن»دا کەپرۆکەیەکی شڕم بەدی کرد، وەك لێزمە و شەستەباران، ئاربیجی و کاتیۆشا هێڵەی بەسەریەوە دەکرد. دیمەنەکەم پتر هێنایە پێش و پەنجەم بەدوگمەی دەنگەوە نا. زەلامێکی شڕپۆشی ڕدێن ماش و برنج، لەسەر قوتکە بەردێك، بەناو لەپی چەناگەی ڕاگرتبوو. چاوەکانی وەکو جووتێ هەڵماتی ئاگرین، دەیڕوانییە بۆشایی دوور... دوور...

– ئەوە گلاراویت! ماڵوێران... لێرە چدەکەی؟!

وایزانی ڕۆژنامەچیم بۆیە گوێی نەدامێ، چونکە زۆر بەڵێنی بێ ئەنجامیان پێ دابوو. بەسۆزەوە گوتم:

– لە وانە نیم. هاوبیرتم و ئەرکێکی پیرۆزم لە ئەستۆ دایە. دڵ لە دڵ دەڕوانی. هەر زوو بەهانامەوە هات، هەر چەندەش گومانی لە دڵدا مابوو. بەشێنەیی گوتی:

– ڕاستییەکەی کوڕێکم هەیە کراسی زەرد لەبەر دەکات...

– ئێ!!

– بۆیە هەولێر بەدەریان کردم و... ڕووم لە «پیرمام» نا... ئەز لایەنی بێدەنگیم گرت و ئەو خۆی پێڕا نەگیرا.

– لە وێش نەحەسامەوە، چونکە کوڕەکەی دیکەم سەر بە جل سەوزەکانە...

– پەکوو لەو حەلاماتەی! واتا لە هەردوو لادا داڵدەیان نەدای؟!

– ئەوا لەم ئەرزی حەڕامەدا، لەتەك پیرەژنەکەمدا دۆش داماوین!

چاوم نووقاند و چاوم کردەوە و فرمێسك لە چاومدا قەتیس ما. گوتم:

– ئا ئەمەیە سەیرو عاجباتی. ئەوەندەی تر پەرەی بەحەپەسانەکەم دا.

– سەرەڕای ئەویش، ئاوارەی کەرکووکم...

هیچم بۆ نەگوترا، لەوە بترازێ کە بەنەرمی و لەبەر خۆوە لێوم بزواند. « سێ کافەکەی کەرکووك واتا: کەرکووك کەری کوردستانە، هەی هەشمان بەسەر...»

ئەو بێدەنگییەکەی شڵەقاند

مان پێوە لکێنراوە یان دۆم و قەرەج و...!! ناوی– T.N.T .

گریانێکی پیرۆز لە قوڕگم پەنگایەوە. لە ڕکانا، ئامێرەکەم بەتوندی کێشایە سەر زەوی، کە هەندەی کاتژمێرێکی زلی بەر باخەڵ دەبوو. چوومە خوارەوە. نەمویست قومێ ئاوی «حەمامۆك» یان گوێلێ لە ڕووباری «لیتی» بخۆمەوە، بۆیە پەلاماری قەڵەم و کاغەزم دا و ئەم چیرۆکۆکەیە وەکو کۆرپەیەکی نابەکام لە دایك بوو. ئەمنیش تەنیا مامانییەکەم بۆ مایەوە.

# منارەی چۆڵی

لە دانیشتنێکدا «هین» بە «هەرامە»ی گوت:

– دەخوازم چیرۆکێکی درێژ بنووسم. ئەوەندە درێژ بێ، مەگەر لە دە لاپەڕەی پان و پۆڕدا بحەسێتەوە. چی! چی! دە لاپەڕە و بەس! نا، چیرۆکێك دەنووسم بیست لاپەڕەی ڕەبەق بێت. نا بیست کەمە. بەشی ناخە جۆشاو و بۆچوونە سەمەرەکانم ناکەن. کەواتە سیی لاپەڕە پڕ پێستییەتی. سیی لاپەڕەی گۆڤارێك. ئای... لەم هەرێمەدا تاقە گۆڤارێکی وامان هەیە، ئەویش پاوەنکراوی چەند ناوێکە! وا دەزانن کاروانسەرای تاپۆکراوی دایکیانە!! خۆزگە گۆڤاری ئەوتۆیان دەردەچواند، کە لاپەڕەکانی چوار چەندانی «هەمبانە بۆرینە» دەبوون... ئەو دەمە تاسەم دەشکا. ئەوانە لەسەر دۆشەکی وشەی سواویان پاڵیان داوەتەوە، مەگەر خۆیان ئاجڕ و باچڕی خۆیان بخوێننەوە. بەڕاشکاوی دەڵێم: هەڵلاو هەنگامەیە. هەرگیز بێدەنگی تەحەمول ناکرێ. ئەوی شاخ نووس بوو، نەهەنگی سیاسەت قووتی دا، یان ئامێری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامە ڕاپێچا، یانیش سەرقاڵی بازرگانییە. ئەوانی تر، خوێن تاڵن. مایەوە ئەوانەی لە گشت بۆنەکاندا ڕمبازیکەر بوون، ئەمێستا هەمان جریتبازی و چوار ناڵە دەکەن. بەدەشتێکی چۆڵی وەك ناولەپی دەزانن!! تۆ لەوانە گەڕێ. خۆ منارەی چۆڵیت دیوە، دوو دەرەکییە. ئەوی سەرکەوێ، ئەو کەسە نابینێ کە نیازیەتی بێتە خوارەوە. شێوە و ناواخنی چیرۆکەکەم بەندە بەم منارەیەوە. سەد ئافەرین بیناسازی کارامە. جا لە نێوان ئەو جووتە پلیکانە دژوار و لوول پێچەدا، بەواتای هەڵکشان و هەرەس، جوانی و دزێوی، بوون و نەبووندا، ئەز سێ دەلاقەم کردۆتەوە، کەوا لە منارەکەدا نین بۆ ئەوەی دوو کەسە جیاوازەکە کورتە وتووێژێك بکەن... براله، منیش مافی خۆمە کە داهێنانی خۆم بخەمە سەر داهێنانی پێشووان، جا ئەو دووکەسە چی بەیەکدی دەڵێن. ئەوە بۆ تۆی دەهێڵمەوە. ئافریدەریی خۆت بنوێنەو... لە مێشکتدا سێ دیمانەی کورت خەست گەلاڵە بکە. دەتوانی لە جیاتی وشە، سێ هەڵوێستی بێدەنگانەی ڕوخساریان دەربڕی.

ئەوسا نۆرە هاتە سەر هەرامە و بە هینی گوت:

– لە سێ دەلاقەکەوە، ئاوها دەدوێن (لە دەلاقەی یەکەمەوە)

* لێژبوونت پیرۆز بێت.
* هەڵشاخان هەڵدێری لە پێشە
(لە دەلاقەی ناوەندەوە).
* گرەوی داهاتووم بردەوە
* لرفدانی هەنووکەم دەوێ (لە دەلاقەی بانەوە)
* تۆ قێزەونی... لەبەر چاومدا.
* تۆش کۆسپی... لە ڕێمدا.

هین هەوساری ئاخافتنی لە هەرامە وەرگرتەوە.

– باوەجوو، ناشێ دوو کەسەکە، لە هەر سێ دەلاقەکەوە چاویان بەیەکدی بکەوێ و...

هەرامە خێرا وەڵامی هینی دایەوە:

– با خوێنەر، یەکێك لەو دەلاقانە هەڵبژێرێ. دەشتوانێ ئاڵوگۆر بەوتووێژەکانیان بکات، ئەوسا نۆ وتووێژی جۆراو جۆرمان دەبێ. کامەیان شیاو و پەسەندە، با هەر کەس خۆی سەر پشك بێ. هین، ئارام ئارام بۆچوونەکەی هەرامەی تەواوکرد

– یان گفتوگۆی هەر سێ دەلاقەکە لەیەك دیمانەدا تێهەڵکێش بکات. دەزانم، دەزانم، ئەوسا خوێنەر، ئارەزووی خۆیەتی کام دەلاقە پەنجە نۆما بکات، چونکە یەکەم: ڕوو بەڕووبوونەوەکەم مەبەستە. دووەم: سەرەتای هەورازبوونی یەکەمیان، کۆتایی نشێو بوونی ئەوی ترە.

هەرامە گوتییە:

– بەپێچەوانەیش، سەرئەنجام هەر یەکە. لەم کاتەدا، دەنگێکی زوڵاڵ دەمەتەقێی هین و هەرامەی بڕی، دەنگی دەهۆڵ و زوڕنایە وا سەدای دێ لەم شارە.

ڕوویان بووە دەمامکی خەندەی تەوسامێز و... بۆیان سەندەوە: شاری قەڵا و منارە... شاری قەڵا و منارە.

# لێخنبیر

نوخانی لە شلکەی ڕانی خۆی گیر دەکرد. بە دگانە جیڕ و نەسازەکانی وشەی دەبزڕکاند

« پە پە پە... پوو پوو پوو... پەپوو...ل...لە

نەیتوانی بڵێ «پەپوولە» دەیخوازی ببێتە پەپوولەیەکی باڵنەخشین، کە چی ببڕای ببڕ، دۆنای دۆنی بۆ پەپوولەیەکی بۆ نەکرا و هەرچەندەش چۆنی بویستایە ئاوها خۆی دەگورگاند، دەکەمتیاراند و... خۆی دەپڵنگاند!! لە ئاسماندا دەبووە باشوکە و... سەرگەڕ و... پەپوو. لەناو ئاویشدا، دۆخی نەهەنگ و... مارماسی و... سەگلاوی وەردەگرت! وەلێ هەرگیز نەیتوانی خۆی بکاتە پەپوولە، بۆیە بەلێخنبیر ناسرا، چونکە بەدڵڕەشی و گەندەکارییەوە دەقی گرتبوو. پسپۆڕ بوو لە پاشقول گرتن. لە کۆڕاندا دیشلی و بورغیی ژەنگ بوو. لەسەر مێزیشدا، وا دەسازا مەگەر لە خۆی بوەشێتەوە. تاکە مەراقی، کۆکردنەوەی قاقلە جنۆکە بوو، بۆیە وەکو گۆڕهەڵکەنە لێی دەگەڕاو لە گۆڕستان و ساراندا کنەی دەکرد، لە ڕۆشنایی دەسڵەمییەوە. ڕۆژێك، لەکەلەبەری گۆڕێکی دێریندا، بەردێکی پانکۆڵەی دۆزییەوە کە وێنەی جاڵجاڵۆکەیەکی لێ هەڵکۆڵرابوو. لەگەڵ چەند نەخش و هێمای سەیردا. چاوی جاڵجاڵۆکەکە جووتێك زەنگیانەی سووربوون. قەبارەی بەردەکەش، لە ناو مشتێکی نووقاودا، دەشاردرایەوە. بەپەلە گەڕایەوە. ئەوجا چوار مشقی دانیشت و لە گشت گۆشەیەکەوە، ئەو زیندەوەرەی بەرنیگا گرت. هیچی لێ هەڵنەکراند لەوە بەولاوە کە شتێکی دانسقەی چنگ کەوتووە. نایە ژێر سەری و بەئەندێشەوە خەوت. هەندەی زانی، لە نیوە شەودا، دەنگێ دێ: «گوێ لە شای جاڵجاڵۆکان بگرە. بمخەرە ژێر زمانت. دەبی بەهەر زیندەوەرێك» دڵنیابوو لەوەی کەسی لەتەکدا نییە. زوو دەستی ناردە ژێر بالیفەکە و لە چەشنی ئەوەی پشکۆیەك بچزێ بەپەنجەکانییەوە، دەستی ڕاکێشاو سەرینەکەی لابرد. سێ جاری دیکەش هەمان قسەی پێشووی بیستەوە. گورج چووە لای ڕووناکییەکە. ئاوێنەیەك بەدیوارەوە هەڵواسرابوو. سەرنجی لە خۆی دا و بەردە ڕەشەکەی نایە ژێر زمانی. یەکسەر ڕووی ئاوێنەکە لێخن بوو. لە جیاتی خۆی، سەگسارێکی بینی. دەستی بۆ چاوی برد نەبادا فریوی خواردبێ. سەگسارەکەشی لاسایی کرد و چاوی هەڵگلۆفت «ئەمە چییە؟!»

بەخۆی گوت. خێرا بەردەکەی تفاندەوە. ڕوخساری گەڕایەوە ناو ئاوێنەکە، ئۆقرەی نەگرت و بەخۆی گوتەوە: «ئەڵبەتە هیچ زیندەوەرێکم لە مێشکدا نەبوو، بۆیە شای جاڵجاڵۆکان، بۆ سەگساری دۆنای دۆنی پێکردم.» چاوقایمانە دانوشتایەوە، بەردەکەی هەڵگرت.

«هەنووکە... دەبمە شای دارستانان.» هێشتا دوا وشەی لە دەمدا بوو، کە نەڕەشێرێکی ڕوو بەڕووی خۆی بینی. هەندەی نەما بتۆقێ. زوو بەردەکەی بەدوو پەنجە دەرهاویشت و ڕووی دەمی لە وێنەی خۆی نا، کە لە ئاوێنەکەوە چاوی سەرسامیی داچەقاندبوو، «ئێ... هێی... وا گەیشتمە ئەوەی دەمویست. ئیتر ڕۆژ ڕۆژی خۆمە.» چاوی جاڵجاڵۆکەکەی ماچ کرد و سپاردییە باخەڵی، لە سەر پێخەفەکەیدا، خۆی ژوژکاند و گرمۆڵە بوو بەو نیازەی چێشتەنگاو خۆی بگورگێنێ و... بسیخوڕێنێ و... و...

***

لەسەر چینکە بەردێك ئۆقرەی گرت. ڕەشە گیای بەهار دەگەیشتە ئەژنۆ. سروشتی بەتاپۆداری خۆی زانی. لای چەپیەوە گۆماوێکی بەرین بوو، پڕ لە ماسیی ژیکەلە. لای ڕاستی بەرخەوانێکی لاو. پەزەکانی بڵاوەیان کردبوو، نەرم نەرم فووی بەشمشاڵێکدا دەکرد. کلاو کورە و هەوێردە و ڕیشۆڵە قونە قونیان دەکرد. لە دووریش، جووتێ کەروێشکی خرپن لەبەر خۆرە تاوەکەدا ڕەگە درەختیان دەکرماند. ناو بەناو سڵیان دەکرد و گوێچکەیان دەکردە چوار-ڕادار، لێخنبیر، بەردە جاڵجاڵۆکەی بەشێنەیی لە گیرفانی هێنایە دەرو چاوێکی بەو گوزەرەدا سووڕدا. ویستی کەژی حەزیا بپۆشێ، هەر زوو نیازی هاتە دی و بەرەو کەروێشکەکان خشا. یەکێکیانی قووت داو ئەوی تر دەربازبوو، بۆیە ئەمجارە خواستی ببێتە سەروەری ئاسمانیش، هاکا بەرخەوانەکە، باشوکەیەکی دی نێچیرێکی گرت. لەو لاوە جەرگ و هەناوی بێچووە پاسارییەکەی خوارد. یەکدوو خولی خواردەوە. لە سەر بەردەکە نیشتەوە و شێوەی جارانی وەرگرتەوە. پاش وچانێك خۆی بۆ ئەزمونێکی دیکە تەیار کرد. یەکسەر بووە گورگێکی هارو برسی و... پەزگەلی دوو پەرت کرد. هەتا پەزەوان هاتە خۆی، ئەو بەرخێکی خنکاند و کەڵبەی لە بینی یەکێکی تر گیر کردو ڕفاندی. لەو دیوی هەڵەتەکە، دەم و لەوسە خوێناوییەکەی لستەوە، هەمدیسان گەڕایەوە دۆخی بنیادەمی. هەنگاوی بۆ کەرخی گۆمەکە برد و... چوارەم ئەزموونی ئەنجام دا. چاوە چنۆکەکانی لە ماسییەکان بڕی و شای جاڵجاڵۆکان لە ژێر زمانی توند کرد. لە چاو تروووکانێکدا، وردە ماسییەکانی قڕ کرد و تەنانەت سەر مێکوتەی

کەنارەکانیشی نەبوێرا، گەدەی ئاوساندو... خۆی کردە بنیادەمە لێخنبیرەکەی پێشووی. قوت لە سەر بەردەکە دانیشتەوە. نیگای لە مێرگ و نێرگزە جاڕەکە لەوەڕاند. ویستی جوانی سروشت هەڵمژێ و... ببێتە پەپوولەیەك لە ناو پەپوولاندا. میوانداریی گولیلکە ڕەنگینەکان بکات، بەڵام کە بەردەکەی نایە ژێر زمانی، نەبووە پەپوولە! بەڵکو بووە شێرە کوللەیەکی ناقۆڵای ئەوتۆ، کە بەیبوون و گوڵاڵان قێزیان لێ کردەوە. دەستی بۆ چاوی برد و چووە دۆخی پێشووی، بۆیە بەدەمار گرژییەوە چڕنووکی لە سمتی خۆی توند کردو ددانەکانی جیڕکردنەوە. بەدەنگێکی گڕو نەسازیش ویستی بشیڕێنێ. «پە پە پە...پوو پوو... پەپوو... پەپوو...پپ... پپ... لە...»

هەستی کرد زمانی لاڵ دەبێ و وشەیەکی تەواوی بۆ دەرنایەت. هاوتەریبی ئەوەش، پەیتا پەیتا لەشی دەپووکێتەوە و بەر دیدی لێڵ دەبێ. بەرخەوانەکە، سەری سوڕما، چەند زوو ئەو کابرایەی سەر بەردەکە لە چاو ون بوو! بەئاسپایی و ترسەوە چووە پێش و جاڵجاڵۆکەیەکی زلی بینی، کە دوو پەلی بەزەنگیانەی چاوە سوورەکانیەوە گرتووە و... لە چەقی خۆیدا ماخۆلیانیەتی. هەلەکەی قۆزتەوە و بەگاڵۆکەوە هەڵیکوتایە سەری، هاکا پەڵەیەکی دزێوی لینج بەسەر بەردەکە مایەوە. لەبەر خۆیەوە گوتی: «ئۆخەی»

کانوونی یەکەمی ١٩٩٥

## قومری

لە ناخی هەر یەکێکماندا ئارەزوویەکی زگماکی هەیە بۆ تێکشکاندنی یاساو سەرپێچی کردنی ڕەوشت و پێشێل کردنی داب و نەریتی باو. کراسەکەی، دارستانێك بوو ئارامگای باڵدارانی ئێسك سووك. ڕۆیشت، وامزانی دارستان و مەلەکان کۆچڕەویان کرد و لە پاش خۆیان بیابانێکیان بۆ چاوم جێهێشت. لەولاوە چەمایەوە و سەرنجە لاسارەکەمی دزی، کە گۆڕەوییە دیودەرەکەی هەڵکێشا، بووە بەشێك لە قەندی پوزی. گوێم لە جریوەی پەلەوەرێکی بەختەوەر بوو کە لە خوار کەمەریەوە، دەنووکی بۆ خوارتر درێژ کردبوو. بۆنی نسار و بنەهەنگڵ هەراسانیان کردم. لەو چرکەیەدا، بەکامی دڵە تەڕەکەمەوە خۆزگەم خواست قومرییەك بوومایە و لە سەرخڕاییەکی ئەو لەشە جیوەییەدا ئۆقرەم بگرتایە. ئەوسا خۆم دەمزانی لە کوێ دەنیشتمەوە و دەنووکی تامەزرۆم لە چی دەداو چ بەستەیەکم دەچڕی. ئەز هەمیشە شەیدای ترۆپك و بەرزیم.

– جا بەختەوەر دەبووی ئەگەر ئەو مەلە بوویتایە!؟

– چێژی گیانیم لە ئەزموون دایە. ئێستا دەخوازم، لە کۆتایی گەشتی تەمەنمدا، بگەڕێمەوە ناو منداڵدانی دایکم و... لە ناکاتدا بژیمەوە.

شوباتی ١٩٩٦

# تیتروا‌سك

خەریك بوو، هێدی هێدی سەبەتێك جلوبەرگی شۆراوی بەتەنافە پڕتەقاڵییەکەوە هەڵدەخست، دەستەسڕو پەرلۆن و سوتیان و سێگۆشە قوتەکان. سوور: خوێنی پژاوی بووکێنیی ڕەدووکەوتەیەك بوو، بەسەر ڕایەخی بەفرەوە.

شین: سینەی ئاسمانێك بوو، شەڕخوارێك لە خۆڕا، دەسڕێژی لێ کردبێ. تیترواسکی نیگام ئیکارۆسانە باڵی گرت.

زەرد: پرسەی لیمۆ ترشێك بوو، کۆکەڕەشە جوانەمەرگی کردبێ.

سەوز: بەبەغایەکی هەڵەوەڕو درۆزن بوو.

ئەو تیترواسکە بەسەزمانە کەوتە پەرەوازە.

سپی: فریشتەیەك بوو لەناو بێشکەی گزنگدا، زیندە خەونی دەبینی کە ببێتە ئادەمیزاد.

شنە با ئارام ئارام ڕەنگە تەڕەکانی دەلەنجاند.

پەمەیی: خونچەی تازە پشکووی نەرمەگازی سمتێکی شیری بوو. بۆ زەماوەند و ڕەشبەڵەکی ڕەنگ، تیترواسکی نیگام سەرچۆپیی گرت و لە حەژبەتا دەنووکی حەزو عیشوەی لە هەڵواسراوەکان دەدا و خۆی لێیان هەڵدەسوێ، بۆیە پەڕو باڵی تەڕبوون. منیش، لە خوارەوە، ئارەزووم کرد، ئەو شۆخە قژ کلکە مایینە، فاقێکی وەنەوشەیی لەو تیترواسکە سەرەڕۆیەی نیگام بداو... بەتافە پڕتەقاڵییەکەوە دیلانی بکات.

– ئەگەر بۆت نەسازا قەلەڕەشکە قەدەغە بکەیت لە فڕین بەئاسمانی سەرتەوە چی دەکەی؟ بەنیو زەردەخەنە بەناخی خۆم گوت:

– خۆ دەتوانم نەهێڵم هێلانە لە تەپڵی سەرم بکات.

# تاوس

سێوی سەوا دەکرد. لە نێوان پاراویی سێوەکان و کوڵمەکانیدا، تووشی دوودڵی هاتم، کامیان گەشترو ترووسکەدارترن! هەر چەندەش شاعیر نیم وشەکان بکەمە هێشوویەکی متفەرِك، وەلێ بێدەنگیش نابم. نەخێر خەون نابینم. کەڤاڵێکی «سیزان»یشم لە پێش چاودا نییە، کە سەراسیمە و دڵەڕاوکێ بمگرێ لە نێوان سێوی ڕووەکی و سێوی گۆشتینی گۆنای. دزە چاوێکم گرتە کۆنتراستی ڕەشێنە و سپێنەی چاوە مامزییە سرکەکانی. ئەویش دزەکەی گرت و سەرنجێکی تیراندازی دامەوە. دەسبەجێ دڵم داخورپا و چێژی سێوێکی بەهەشتی زایە ناو دەوم. زوو تفێکی مێخۆشم قووت دا و پێڵووەکانم خەواڵوو بوون. لەو حاڵەدا، خۆم بەتاوسێکی پەڕ ڕەنگین زانی، کە تاو ناتاوێك بەغەریزە خۆی پف ف ف دەدا و لە پڕ دەپووکێتەوە.

بەخۆم گوت: تێکەڵ بەخوێنمە. جارِ بۆ ڕاستی دەدەم و پەنجە لە چاوی دزێوی دەچەقێنم.

– بۆ کەسێ هەیە بەڕاستی نەزانێ!! مەگەر خۆی کەڕو لاڵ و نابینا کردبێ!!

## ناوەڕۆك

**لاكێشە ڕووناكەكان**


ماسی ... ٧
خۆراك ... ١٠
كاتژمێر ... ١٢
شەترەنج ... ١٥
بە خەڵووزیش نیگار دەكێشرێت ... ١٧
ئۆتۆمۆبیل ... ٢٣
لاكێشە ڕووناكەكان ... ٢٦
مام وسوو ... ٣٥
مانگی سەوز ... ٣٨
پەین ... ٤٢
هەشت و نیوی بەیانی–هەشت و نیوی شەو ... ٤٦
بێدەنگیش زمانی هەیە ... ٥١
ئاوێنە ... ٥٣
ڕاسپێری ... ٥٩
نیوەڕۆ ... ٦٣
شەو ... ٦٤
بەیانی ... ٦٥


**مردوو خەون نابینێ**


پارشێو ... ٦٩
دەنكە شقارتەیەكی سووتاو ... ٧٠
گەڕان بە دوای ... ٧١
بێ ژێر بێ ... ٧٨
كش ... ٨٤
مردوو خەون نابینێ ... ٨٨
هێڵەك ... ٩٣
ئەشكەوت ... ٩٧

ڕێگای بانە ........ ١٠١
ئۆقرە ........ ١٠٧
مێژووی ژمارە سفر ........ ١١٣
قەفەز ........ ١١٧
سەرگوزەشتەی ژمارە «٦٢» ........ ١٢٢
خاوەر ........ ١٢٥
باران و زۆر شتی تر ........ ١٣٠

**بارام ناوێك هەبوو**

مەنجەڵ ........ ١٣٧
کلیل ........ ١٤٠
پەیکەر ........ ١٤٢
سەیران ........ ١٤٧
سالە شێت ........ ١٥٣
لە گازینۆی پەرلەماندا ........ ١٥٦
لە چاوەڕوانیی منداڵدا ........ ١٦١
بارام ناوێك هەبوو ........ ١٦٣
س ........ ١٧٠
ئاپۆ جوامێر لە پێشانگای چاواندا ........ ١٧٨
ئیڤانکام چۆن ناسی؟ ........ ١٨٤
بەرکوڵێك لە ئازارەکانی هەیاسی خاس ........ ١٨٨
پاسکیل ........ ١٩٢
پەڵەیەکی چڵکن ........ ١٩٣

**پەڕەنگ**

کەشتییەوانێکی چکۆلانە ........ ١٩٧
شیو ژاڵە ........ ٢٠٠
برایم شۆراوی ........ ٢٠٤
ژووری ژمارە یانزە ........ ٢٠٩
مەلۆتکە ........ ٢١٤
جوانووێکی سپی ........ ٢٢٠
بازنەکان ........ ٢٢٤

فانتازیا و تابلۆیەکی کێوی ........ ٢٣٠
کانی پڵینگان ........ ٢٣٤
نەمام ........ ٢٣٨
کە وشە و ڕەنگ ژوان دەگرن ........ ٢٤٣
دەمەتەقێ ........ ٢٤٨

**پەیك**

چاوەڕوانی ........ ٢٥٣
ئۆتۆمۆبیل ........ ٢٥٥
(١٣) چیرۆکی زۆر کورت ........ ٢٦٠
هەبوو نەبوو ........ ٢٦٩
بڕیار ........ ٢٧٦
دەنکە هەنار ........ ٢٨٠
پەیك ........ ٢٨٤
پەیکەر ........ ٢٨٩
چیرۆکنووس ........ ٢٩٤
ئەو پیاوەی زوو سەری سپی بوو ........ ٢٩٨
سووڕی ژیان ........ ٣٠٤
چیرۆکی ئاسیاوێك ........ ٣٠٧
ئەڤین ........ ٣١٣

**کۆمەڵگەی ئاسنین**

لە چایخانەی مەچکۆدا ........ ٣٢١
لە ناو گەدەی نەهەنگێگدا ........ ٣٢٥
باڵندەکان بەرز دەفڕن ........ ٣٢٩
کۆمەڵگەی ئاسنین ........ ٣٣٥
گەڕانەوە ........ ٣٣٨
ڕاوە گورگ ........ ٣٤٢
ئۆمەرمەندان ........ ٣٤٦
لاڵ ........ ٣٤٧
کانییەکەی زاموا ........ ٣٤٨
نا ........ ٣٥١

زیندانی ........ ٣٥٣
ABSTRACT ........ ٣٥٤
بچووکبوونەوە ........ ٣٥٦
سپی ........ ٣٥٧
ڕەنگینکەوان ........ ٣٥٩
نەریمان و گوڵەندام ........ ٣٦١
دانپیانان ........ ٣٦٥
شەوارە ........ ٣٦٨
کڵاو ........ ٣٦٩
دوو کیلۆ T.N.T یان کەرکووك کەری کوردستان ........ ٣٧١
منارەی چۆلی ........ ٣٧٣
لێخنبیر ........ ٣٧٥
قومری ........ ٣٧٨
تیترواسك ........ ٣٧٩
تاوس ........ ٣٨٠